# ئیسلام و ژیان

## کۆمەڵە وتارێکی ئیسلامیی هاوچەرخە

بابەتەکانی (فەتوا- فیکری ئیسلامی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی) لەخۆدەگرێت

بەرگی سێیەم

**نوسینی: پ. دکتۆر عەلی محێدین قەرەداغی**

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

**محمد محمد حمەمیرزا**

ناوی کتێب: **ئیسلام و ژیان**
نوسەر: **پ. د. عەلی محیّدین قەرەداغی**
وەرگێڕان و ئامادەکردن: **محمد محمد حمەمیرزا**
دیزاینی ناوەوە دەرەوە: **شێرکۆ خانزادی**
نۆبەی چاپ: **چاپی یەکەم – بەرگی سێیەم**
تیراژ: ١٠٠٠ **دانە**

**بەرهەمی نوسینگەی راگەیاندنی**
**(پ. د. عەلی قەرەداغی) - سلێمانی ٢٠٢١**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان/**
**هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩٣٦)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە**

## پێشەکی وەرگێڕ:

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درودو صەڵەوات لەسەر پێشەوامان موحەممەد و لەسەر ماڵبات و هاوڵان و شوێنکەوتووانی تا رۆژی دوایی.

کتێبی ئیسلام و ژیان بەرگی یەکەمی لە ساڵی (٢٠١٤ز) دا بە چاپ گەیشت، بەرگی دووەمی لە ساڵی (٢٠١٧ز)بەچاپ گەیشت، بەرگی سێیەمی کە ئەم کتێبەیە لە ساڵی (٢٠١٨ بۆ ٢٠٢١ز) کۆی وتارەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها بەشی کۆتایی تایبەت کراوە بە فەتواکانی جەنابی دکتۆر عەلی قەرەداغی کە بریتین لە کۆمەڵێك فەتوا لەسەر دراوی ئەلکترۆنی و قوربانی و رەمەزان و ...هتد

نوسین بە گشتی پرۆسەیەکی ئەقڵییە، ئامادەبوونێکی چڕوپڕی بیر و زانست و زیرەکی و پاشخانێکی مەعریفی گەورەی پێویستە، وشە کە تۆمارکرا و بووە موڵکی کۆمەڵگا ئیتر تا دنیا دنیایە دەبێتە ماڵ لەسەر خاوەنەکەی، ئەوەندەی نوسەر لە پرۆسەی نوسیندا ماندوو دەبێت بەوپێیە کە پێویستی بە کات و جووڵەی مێشك و بەهەندگرتنی واقیع و زەمینەی رۆشنبیریی و مەعریفی هەیە، هیچ چالاکییەکی تری مرۆڤ بەوشێوەیە پێویستی بە هەموو ئەم پێداویستییانە نیە، بەتایبەتی ئەگەر نوسین لە بوارێکدا بێت کە خاوەنەکەی بخاتە بەردەم بەرپرسێتی دنیاو قیامەت و هەست بە مەترسی وشەکانی بکات، لێرەوە دەڵێم ئەم مەیدانە مەیدانێکە خۆیەکلاکردنەوەی جیددی دەوێ.

نوسین بەهرەیەکی خواییە، چونکە مەعلومە کە مەرج نیە هەرکەس زانا بێت یان زمانزان بێت یان توانای ماددی هەبێت بتوانێ خۆی بدات لەم بوارە، نوسین بەهرەیەکی خواییەو بەرپرسێتی بەدوای خۆیدا دێنێ، بەگەڕخستنی ئەم بەهرەیە لای بەهرەداران هەلێکەو ئەگەر زەکاتی نەدرێ دەپوکێتەوە، هەر

لەم گۆشەنیگایەوە بووە کە گەورە نوسەران و بیرمەندان و بەرهەمەندانی ئەم بوارە توانیویانە شوکری ئەو نیعمەتە بکەن، بەدیویێکی ئەرێنیدا سود لە بەهرەکەیان وەربگرن، پێچەوانەکەشی کە بەکارهێنانیەتی لە بواری نەرێنیدا ئەوە کارەساتە بۆ تاك خۆی و بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش.

بەندە لە رووی زمانەوانی و دارشتنەوەو پێداچوونەوە -هەروەها وەرگێرانی بەشێك لە بابەتەکانی بۆ زمانی کوردی-م بۆ ئەم کتێبەی جەنابی پ. د. عەلی محیّدین قەرەداغی کرد، کە بریتییە لە کۆمەڵێك بابەتی کورت و پڕمانا و هەستیاری ئەم ساتەوەختەی ژیان و ئاین و جیهان و دانانی چارەسەر بۆیان، تیایاندا قووڵیی زانست و فەرو بەرەکەتی خوای گەورەم بەدیکرد، جەنابیان بەو هەموو سەرقاڵی و بەرپرسیێتییەوە خۆی لانەداوە لە بەرپرسیێتی و رۆژانە بەڵکو بە پێی کاتژمێرەکانی رۆژ ئاگادارە بەسەر رووداو و پرسە هەستیار و هەنووکەییەکاندا، ئینجا دەبڕینی هەڵوێست و فەتوادان و بڕیاردان کە ئەوە کارێکی زەحمەتە، بەتایبەت بۆ کەسێك وەك جەنابیان کە سەرقاڵی زۆر زۆرە، بەڵام بە پشتبەستنی بە یارمەتی خوای گەورە و بە هەگبەی پڕی زانستی و خوێندنەوەی واقیع و خەمخۆری بۆ سەراپای موسڵمانان و بە هەستی ناسکی کە لە سناخی کێشە هەستیار و مەترسیدارەکاندا دەژی تەوفیقاتی خوای گەورە بۆی لە کارەکەیدا بەدی دەکەیت، چونکە نوسین مەسەلەیەکی هەروا ئاسان نیە چۆنت بوێ قەڵەمی لێ رابکێشی، بەدیمکرد کە یەکێك لە هۆیەکانی تەوفیقی خوایی پێزانینی ئەو بەهرەیەیەو بەگەڕخستنیەتی بەر لە لەدەستدانی.

ئەم بابەتانە لێرەدا هاتوون هەر لە فەتواکانەوە، بەتایبەت لەسەر لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا -کۆفید ١٩- و بنەمادۆزی بۆ نەخۆشییەکەو فیقهی ئاسان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی، هاوکات

هاندان بۆ فریاگوزاری و یارمەتیدان تیایداو بەرزکردنەوەی هیممەتی موسڵمانان، هەروەها کێشەکانی جیهانی ئیسلامی و لێکۆڵینەوە فیکرییەکانی و و گەیاندنی پەیامەکانی ئاشتیخوازی بۆ گەلانی جیهان، بەرگری لە گەورەمان پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) بەشێك لە زانست و کەسایەتی خەمخۆرانەی مامۆستای بەڕێز دەردەخەن.

دەزگاری رابیتەی مرۆیی لە کوردستان لە خەمی گەیاندنی پەیام و فەتواو لێکۆڵینەوەکانی بەڕێزیان بوو تا بکەونە بەردیدی خوێنەری کورد، ئەمەی لەبەردەستدایە بەشی سێیەمی ئەو پەیامانەیە.

شتێك کە لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەو سیفەتانەیە کە لە نوسینەکانی مامۆستای بەڕێزدا بەدرێژایی نوسین و بابەتە جۆراو جۆرەکانی دەبینرێن، ئەوانیش بریتین لە پاراستنی هاوسەنگی لە کەسایەتی زانستیی و بانگخوازیی نوسەردا، چونکە کاتێك دڵی باوەڕدار دەدوێنی دەچێتە قووڵایی ناخی و کەسایەتی بۆ دروست دەکات و دەیبەستێتەوە بە پەروەردگاریەوە، کاتێکیش دەیەوێت هەڵوێستی ئیسلام لەسەر سەرکێشی هەندێ لە رژێمەکان و بەرپرسانیان بخاتەڕوو بە عیززەتی موسڵمان دەیاندوێنێ، بەشی حەزی نەفس نابینی تیایاندا، هاوکات لانادات لە بەرنامە رەببانی و سوننەتیەکەی ئیسلام، کاتێ دەست دەخاتە سەر برینەکان دەرگای ئومێد و ئیسلام بەڕوویاندا دەکاتەوە وەك بانگخوازێك پیشەکەی دەپارێزێ و خێری بۆ هەمووان دەوێت، ئەمەیە کە نوسین هەروەك چۆن پرۆسەیەکی ئەقڵیی و زانستییە، ئەوا ئەگەر خەمی لایەنی هیدایەتدانی لەگەڵدا بوو ئەوا بەگەڕخستنی بەهرە خواییەکەیە لە بالاترین شێوازی دەربڕین و گەیاندنی پەیامی مرۆڤدۆستانەی ئیسلامدا.

محمد محمد حمەمیرزا
سلێمانی ١٤ / ٤ / ٢٠٢١ز

# ناوەڕۆك

## بەشی یەکەم

ڕێساکانی خوای گەورەو ئەنجامەکان لە جێبەجێ بووندا ........ ١١
چاککردنی دەسەڵاتە سیاسییەکان مەرجی سەرەکی پێشکەوتنی گەلانە ........ ٢١
لە پەرتەوازەیی و دووبەرەکییەوە بۆ گەشەپێدان و چاکسازیی ........ ٢٤
عەلی عیزەت بیگۆڤیچ سیاسەتمەدارێکی گەورەو رووناکبیرێکی هاوچەرخ ........ ٣٠
حوکمی رەشید وەك باشترین جۆری فەرمانڕەواو دەسەڵاتی سیاسیی ........ ٣٥
لە خۆباییبوون و خۆ بەگەورە زانین وەك سەرچاوەی نەهامەتیەکان ........ ٣٩
حوکمڕانی چاك لە چیرۆکی پێغەمبەر سولەیماندا (علیه السلام) ........ ٤٤
سیاسەتی رەشبینی و بێهیوایی ........ ٥١
لە پێشوازی رەمەزاندا ........ ٥٦
زەکات وەك هۆکارێك بۆ چارەسەری کێشەی هەژاری لەسەر ئاستی جیهان ........ ٦١
غەزالی وەك پێشەنگی چاکسازیی و نوێگەریی ........ ٦٥
گرنگی پەروەردەی نەوەی نوێ ........ ٦٨
پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ملکەچی بۆ خوا ........ ٧٥
پلانی کۆچ بە دیدگایەکی نوێ ........ ٨٠
بەبۆنەی رۆژی عاشورا و مانگی موحەڕەم ........ ٨٦
خوێندن وەك شارێگەی پێشکەوتن و بەختەوەریی ........ ٩٠
چاکسازیی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا ........ ٩٦
کورد وەك قوربانی دەستی ستەمکاری ........ ١٠٢
جەوهەری ئیمان دڵپاکیی و چاکەکارییە ........ ١٠٧
چاکسازیی رۆح و باوەڕداری بەئیرادە ........ ١١٢
تەکفیر وەك سەرچاوەی سەرەکی دروستبوونی تیرۆر و توندڕەویی ........ ١١٧
فیقهی پێوان (میزان) ........ ١٢٣
رێگەی راست و بەردەوامبوون لەسەری ........ ١٢٧
چاکسازیی لە بواری سیستمی سیاسیدا ........ ١٣٢
رەنگدانەوەی عیبادەت لەسەر مرۆڤ ........ ١٣٩
چاکسازیی لە بواری کۆمەڵایەتیدا ........ ١٤٤
لێبوردەیی وەك بەهایەکی باڵای ئیسلام ........ ١٤٩
نەفس، پلەو جۆرەکانی ........ ١٥٥
گەشتێکی هاوخەمی بۆ نیوزلەندا ........ ١٦١

وتاری بەڕێز دکتۆر عەلی قەرەداغی لە فیستیڤاڵی ٣١ ساڵەی رابیتەی ئیسلامی کورد.... ١٧٣
بۆچوونی دکتۆر عەلی قەرەداغی لەسەر کتێبی (الاباضية)ی دکتۆر عەلی صەللابی...... ١٧٦
زەکات و وەقف دوو هۆکاری گرنگن بۆ بەدیهاتنی گەشەپێدان........................ ١٨٣
چەند جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی.............................................................. ١٨٧
گۆڕانکاریی داوایەکی شەرعییەو تاکە چارەسەرە...................................... ١٩٣
بنەماکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نزاکەی یونس پێغەمبەردا..................... ١٩٩
ئەو کەسانە کێن کە ترسیان لە داهاتوو نیە و خەمی رابردووش هەڵناگرن........ ٢٠٦
خوێندنەوە بۆ کتێبی فیقهی پێوان (فقه الميزان)ی دکتۆر عەلی قەرەداغی........... ٢٠٩
خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی فیقهی پێوان (فيقه الميزان) دکتۆر عەلی قەرەداغی.......... ٢١٦
پەیامی کۆرۆنا بۆ جیهان.. بۆچی هاتووم و چیمدەوێ؟........................... ٢٢٨
نوێترین رێنمایی جەنابی دکتۆر عەلی محیّدین قەرەداغی دەربارەی ئەم بارودۆخە نەخوازراوە... ٢٣٢
پەیامێك لە دڵەوە............................................................................. ٢٣٤
حیکمەتی ئەمڕۆ: ئومێدبەخشیی فەرزەو نائومێدیی قەدەغەیە............................ ٢٣٥
کۆرۆنا چەمك و بۆچوونەکانی گۆڕی و ئەوەی لە مەحاڵ دەچوو کردییە واقیع........... ٢٣٧
چۆن پێشوازی لە رەمەزان بکەین؟........................................................ ٢٤١
لەدایکبوونی مرۆڤ لە رەمەزاندا.............................................................. ٢٤٣
فیقهی ئاسان حوکمی شەرعی ئەنجامدانی نوێژی تەراویح لە ماڵدا.................. ٢٤٤
پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشترین پێشەنگمانە............................................ ٢٤٦
رێگای راستت هەڵبژێرە بە سەلامەتی دەگەیتە رەزامەندی پەروەردگارت............ ٢٤٧
رەمەزان رێورەسمێکی ئایینییە، مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە نەك
چارەسەرێکی سیحر ئامێزی خەڵەتێنەر.................................................. ٢٤٨
ئیسلام ئاینێکە هەر بە زگماك سروشت پاکە............................................ ٢٥١
فەرموودەی نەمامەکەو نەخۆشی کۆرۆنا، چۆنێتی پڕکردنەوەی کاتی
بێکاری، تەنانەت ئەگەر قیامەتیش بەرپابێت........................................ ٢٥٣
لە یادی رۆژی جیهانیی بۆ ئازادی رۆژنامەگەریی..................................... ٢٥٩
رەمەزان میوانێکی خۆشەویست و دانسقەیە، وا خواحافیزیتان لێدەکات............ ٢٦١
ئەی موسڵمان خەریکی کاری خۆتبە.................................................... ٢٦٢
ئایا ئیبن تەیمییە (بە رەحمەت بێت) بە تیرۆریست دادەنرێ؟........................ ٢٦٤
لێکۆڵینەوەو لێدوان لەسەر بانگەوازەکەی شێخی ئەزهەر و پاپای فاتیکان......... ٢٦٧
رۆیشتنی دڵ بەرەو خوا گەورە.......................................................... ٢٧٠
نەخۆشییەکانی سەردەم و پەندوەرگرتن لێیان........................................ ٢٧١

پەیامێك بۆ ژیرمەندانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا........٢٧٣
پەیامێكی كورت، حوكمی شەرعی لەسەر كەسێك كە پابەند نابێت بە مەرجە تەندروستییەكان........٢٧٧
خێر و چاكەكانی ڕۆژی عەرەفە، ڕۆژی بۆنخۆشیی ڕۆح و ئاسودەیی دەروون و خەڵات بەخشین و فەڕ و بەرەكەتە........٢٧٩
لەخواترسان و پارێزگاریی زانستت فێرناكات، بەڵام هانت دەدات لەسەر فێربوونی زانست و كاركردن........٢٨١
بۆ ئەوەی بە بەختەوەریی بژیت، ئەوە تۆ و چەند چارەسەرێكی تاقیكراوەو سەركەوتوو........٢٨٣
بەبۆنەی ساڵی نوێی كۆچییەوە........٢٨٤
بە بۆنەی هاتنی ڕۆژی عاشورا و مانگی موحەڕەمەوە........٢٨٥
توندوتیژیی و دادگای نیوزیلەندا........٢٨٩
ئەم شەڕە شەڕێكی فرەلایەنە، دەتۆش تێبگەو نەهێڵی ئیسلام لە سەنگەری تۆوە لاواز ببێت........٢٩١
نامەیەك بۆ سەرۆك ماكرۆن/ سەرۆكی فەرەنسا........٢٩٥
ناسنامەی من........٢٩٨
ویژدان بەخەرجدان........٢٩٩
ئەقڵی كەسی سیاسی تاكڕەو........٣٠٠
پەیامی ئاشتیخوازیی بۆ قیرغیزیای خۆشەویست........٣٠٣
چۆن پێغەمبەرمان (ﷺ) دڵخۆش بكەین؟........٣٠٥
دڵت ببەستە بە خۆشویستنی پێغەمبەرەكەتەوە (ﷺ)........٣٠٦
چەند ڕاستییەكی تاقیكراوە و پرەنسیپی هزریی لەبیركراو........٣٠٨
نامەیەك لە پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغییەوە بۆ ژیرمەندانی جیهان........٣١١
دەستەی گەورە زانایان چی دەوێت؟........٣١٩
گوتەیەك لەسەر دەوڵەتە ڕێزدارەكان........٣٢٠
با لەبیری مێژوودا بێت، لە خزمەتی ئیسرائیلدا تا كۆتا سات و كۆتا دڵۆپ........٣٢٢
نامەیەك بۆ كوڕەكەم........٣٢٤
ئێوەش بڵێن ئامین........٣٢٧
كۆمەڵە نیشانەیەكی بۆماوەیی هاوبەش لە نێوان هەموو ستەمكاراندا........٣٢٨
پەیامێك بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی.. ڕەگەزپەرستیی و جیاكاریی نەژادیی مەترسییەكی گەورەن لەسەر مرۆڤایەتی........٣٢٩

وەڵامێك بۆ ئەسقف ئیرۆنیمۆس، سەرۆكی ئەسقوفەكانی یۆنان............٣٣٤
فەرەنسا و موسڵمانان..........................................................................٣٣٧
نامەیەك بۆ سەرۆكی نوێی ئەمەریكا، بەڕێز جەنابی سەرۆك (جۆ بایدن Joe Biden) سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا.................................٣٣٩
بۆ خانمە وەزیرەكەی فەرەنسا.................................................................٣٤٣
پاككردنەوەی دەروونو فێركردن لە ئیسلامدا، دووانەی لێكدانەبڕاون..............٣٤٦

**بەشی دووەم**

(بیست) ڕازی دڵ.................................................................................٣٤٨

**بەشی سێیەم**

فەتوا

فەتوایەكی پرۆفیسۆر دكتۆر عەلی قەرەداغی دەربارەی دراوی ئەلكترۆنی.........٣٧٤
فەتوا لەسەر چەند پرس و مەسەلەیەكی تایبەت بە قوربانیكردن....................٣٧٨
فەتوای فراوان و گشتگیر دەربارەی ئەو حوكمە شەرعییانە كە پەیوەندن بەبڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی كۆرۆنای نوێ (كۆڤید – ١٩)....................٣٩٨
دكتۆر عەلی قەرەداغی داوا دەكات خوانی بەربانگی ڕۆژووەوان بكرێتە سەبەتەی خۆراك بۆ خێزانە كەمدەرامەتەكان...........................................٤١٤
فەتواو و دەستپێشخەری دەربارەی: ڕێگادان بە بەكارهێنانی حەوشە و گۆڕەپانی مزگەوتەكان و بەشێك لە حەرەمی مزگەوت بۆ چارەسەركردنی نەخۆشەكان، ئەوەش وەك زیندووكردنەوەیەك بۆ سوونەتی پێغەمبەر (ﷺ)..............................٤١٨
یەكێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان داوا دەكات ئەنجامدانی نوێژی هەینی و نوێژە بە كۆمەڵەكان لە هەر وڵاتێكدا كە پەتای كۆرۆنا بڵاوبووەتەوە تیایدا رابگیرێن.............٤٢٦
حوكمی شەرعی نوێژی جەژن لە حاڵەتی هەبوونی بەڵای كۆرۆنا (كۆڤید -١٩).........٤٢٩
فەتوایەك دەربارەی زەكاتی پرۆژەكانی وەبەرهێنان........................................٤٣٢
فەتوا: ئەو پێشمەرگانەی لەپێناو پاراستنی خاكی كوردستاندا دەكوژرێن شەهیدن.......٤٣٦
دەستەیەكی باڵا لە زانایانی (یەكێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان) فەتوای حەرامكردنی فیدراڵیەت پووچەڵدەكەنەوە............................................٤٤١
فەتوای پیرۆزبایی كردن لە غەیری موسڵمانان بەبۆنەی جەژنەكانیانەوە............٤٤٧
فتوایەك سەبارەت بەخەتەنەكردنی مێینە......................................................٤٥٣

# بەشی یەکەم
# وتارەکان

## ڕێساکانی خوای گەورەو ئەنجامەکان لە جێبەجێ بووندا

خوای گەورە ویستویەتی ئەم ئیسلامە ببێتە کۆتا پەیام، پێغەمبەریش بەو ڕەوشتە بەرزانەی کە هەیەتی ببێتە دوایەمین پێغەمبەر، ئەم ئاینەش ببێتە کۆتا ئاینی ئاسمانی کە تا ڕۆژی دوایی بەردەوام دەبێت و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، خوای گەورە لە قورئاندا ئاینەکەی بە تەواو وەسف دەکات و دەفەرمووێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾، ئەم قورئانە هەموو پێداویستییەکی ئوممەتی ئیسلامی و مرۆڤایەتی تێدایە، لەو ڕۆژەوە کە خوای گەورە پێغەمبەری ناردووە، مەبەست تێیدا ئاوەدانکردنەوەی زەوی و ڕوونکردنەوەی شتە نادیارەکان و ڕێنمایی و سۆز و بەزەیی و خێر و بەرەکەتە بۆ هەموو جیهانیان، لێرەدا خوای گەورە دوو جۆر کاروبارمان بۆ ڕوندەکاتەوە.

**یەکەم: هەموو ئەوەی کە پێویستمانە لە ئەحکامەکانی تایبەت بە حەرام و حەلاڵ**

دووەم: هەموو ئەوانەی کە پێویستمانە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکان کە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە بۆ ئەم ئوممەتە، ڕێی لەوانەش گرتووە کە دەبێتە هۆی گەندەڵی و خراپەکاری بۆئەوەی ئەم

> **خوای گەورە کۆمەڵێك ڕێسای گەردوونی داناوە، هەرکەسێك دەست بەو ڕێسایانەوە بگرێت بەرەو سەرکەوتنی دەبات، ئەوانە باوەڕداربن یان بێباوەڕ، هەرکەسێکیش دەستیان پێوە نەگرێت لە دنیادا ئەوا زەرەرمەند دەبێت**

ئوممەتـە خۆشـبەخت بێـت لـە دنیـاو دواڕۆژدا.
خـوای گـەورە جەخـت لەسـەر ئـەم مانایـە دەکاتـەوە، بـە پێویسـتی دەزانێـت بـۆ ئوممەتەکـەی لـەو کاروانـەی لەسـەریەتی هەتـا هێـز و شارسـتانیەت بەدەسـت بهێنێـت.
خـوای گـەورە کۆمەڵێك ڕێسای گەردوونـی داناوە، هەرکەسێك دەست بـەو ڕێسـایانەوە بگرێـت بـەرەو سـەرکەوتنی دەبـات، ئەوانـە باوەڕداربـن یـان بێبـاوەڕ، هەرکەسـێکیش دەسـتیان پێـوە نەگرێـت لـە دنیـادا ئـەوا زەرەرمەنـد دەبێـت. بـەڵام پێوەرەکانـی ڕۆژی دوایـی شـتێکی تـرەو لەسـەر بنەمای عەقیـدەی ڕاسـت و عیبادەتـەکان ئەنجـام دەدرێت، خـوای گەورەش جەخـت لـەم دوو جـۆرە دەکاتـەوە.
بۆئـەوەی هەمـوو شـەریعەت و عەقیـدە و ئەحکامـەکان ڕوونبکاتـەوە ﴿يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ﴾، خـوای گـەورە بـاس لە کۆمەڵێك ڕێسای گشـتی دەکات، کـە موسـڵمان و نـا موسـڵمان دەگرێتـەوە، ئـەم ئەحـکام و ڕێسـا بنەڕەتیانـە ئەگـەر بگیرێنەبـەر دەبنـە هـۆی سـەرکەوتن، خـوای گـەورە لـە قورئانـدا ئـەم ڕێسـایانەی بەروونـی باسـکردووە، ئێمـەش پێویسـتە باسـیان بکەیـن و فێریـان ببیـن لـە ڕێگـەی توێژینـەوەی مێـژوو و زانسـتی کۆمەڵناسـی، خـوای گـەورە دەیەوێـت ئـەم ئوممەتـە ئیسـلامییە لەسـەر ئـەم دوو ڕێگایـە بێـت: ڕێـگای ئەحـکام و کێشـەکان، ڕێـگای ڕێسـا گەردوونیـەکان، وەك خـوای گـەورە دەفەرموویـت ﴿يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ﴾ النساء (٢٦)، خـوای گـەورە دەیەوێـت ئـەم ئوممەتـە دادپـەروەر بێـت، ببێـت بـە شـایەت بەسـەر گەلەکانـی تـرەوە، گەلێکـی چـالاك و کاریگـەر بێـت لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا، بـەڵام بەداخـەوە لـەم ڕۆژگارەدا بەهـۆی زۆربوونـی خراپـە و تاوانکاریـی لـە سـەرزەوی دا بۆتـە یەکێـك لـە دواکەوتووتریـن ئوممەتەکانـی دنیـا، کاری بۆتـە تەنهـا ڕێپێـوان و دەنـگ بەرزکردنـەوەو هەڕەشـەکردن، بـەڵام لـە واقیعـی حاڵـدا ناتوانێـت هیـچ گۆڕانکارییـەك دروسـت بـکات.
ئەوانـەی کـە دەیانەوێـت بکەونـە شـوێن شـەهوەت و کورسـی و

کۆکردنـەوەی سـامان و بەدەسـتهێنانی ناوبانـگ، لەپێنـاو بەرژەوەندییـە تایبەتیەکانـی خۆیانـدا ئوممەتەکەیـان تووشـی لادانـی عەقیـدە و ئەخـلاق و عیبـادەت کـردووە، ئـەم جـۆرە کەسانەش کـە کەوتوونـە شـوێن ئارەزووەکانـی خۆیـان تەنهـا بێدەنـگ بـوون هەڵنابژێـرن لـە ئاسـت کێشـە گەورەکانـی ئوممەتـی ئیسـلامی دا بەڵکـو دەیانەوێـت خـاك و گـەل و هەمـوو شـتە پیرۆزەکانـی بفرۆشـن و سـوکی بکـەن.

بەدڵنیایـی هیـچ کەسـێك رازی نابێـت خاکـی داگیـر بکرێـت، تەنانـەت گیاندارەکانیـش بەرگـری لـە خۆیـان دەکـەن، لـە جەسـتەی مرۆڤیشـدا تۆڕێکـی بەرگـری هەیـە رێگـە نـادات تەنـی نامـۆ بچێتـە نـاو جەسـتەوە، لەبەرئـەوە پێویسـتە ئوممەتی ئیسـلامی پارێزگاری لـە زەوی و پیرۆزیەکانی بـکات و هیـچ کەسـێك بـۆی نیـە بەنـاوی هیـچ شـتێکەوە بیفرۆشـێت یـان بیداتـە دەسـت کەسـانی بێگانـە و داگیرکـەر.

قورئانـی پیـرۆز هیـچ شـتێکی جێنەهێشـتووەو لەسـەر هەمـوو شـتەکان روونکردنـەوەی بـە ئێمـە داوە، تەنانـەت بـوارە زانسـتیەکانیش لـە ئێسـتاو ئاینـدەدا هـەر داهێنانێکـی نـوێ بکـەن بنەمایەکـی قورئانـی هەیـە.

خـوای گـەورە لەقورئانـدا بۆمـان روونـدەکاتـەوە کـە خاوەنـی چەنـد جـۆرە رێسـایەکە، لەوانەش:

جـۆری یەکـەم: ئـەو جـۆرە رێسـایانەیە کـە تایبەتـە بـە خـوای گـەورەو سـزای هەرکەسـێك دەدات کـە لـە دنیـادا یـان لـە دوارۆژدا بیـکات، هەروەهـا پاداشـتی کەسـی چاکەکاریـش دەداتـەوە وەك دەفەرموێـت ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ النساء (١٢٣)، ئـەوەش کـە پەیوەنـدی بـەم پاداشـتەوە هەیـە ئەوەیـە کـە چاکـەکان چەنـد هێنـد دەکاتـەوە، وەك دەفەرموێـت ﴿لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلَا يَجِدْ لَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا﴾ الانعام (١٦٠)، ئەمانـە کۆمەڵـە ئایەتێکـی زۆرن کـە بـاس لـە سـزای سـتەمکار دەکات، سـزاکەی پێـش دەخـات بـۆ دنیـا لەپێـش دوارۆژدا، واتـە لەدنیـادا تووشـی ریسـوایی دەبـن و لـە دوارۆژیشـدا سـزای تونـد دەچێـژن.

ئەمـە ئـەو رێسـایانەی خـوای گـەورەن کـە گۆڕانکاریـان بەسـەردا نایـەت،

لە دنیای خۆشماندا چارەنووسی ئەو ستەمکارانەمان بینی کە خوای گەورە سەرشۆڕی کردن، تووشی گەورەترین سزایان دەکات لە رۆژی دواییشدا.

**جۆری دووەم: رێساکانی زانستی کۆمەڵناسیی:**

خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات بەوەی کە بەسەر زەویدا بگەڕێین و وانە لە رابردووەکان فێربین، دەفەرمووێ: ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ ثُمَّ انْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ الانعام (١١)، خوای گەورە کاروانی گەلانی پێشوو وەك بەشێك لە رێساکانی خوای گەورە لە زانستی کۆمەڵناسی دا باس دەکات، خوای گەورە دەیەوێت ئێمە کەڵك لە شارستانیەتەکانیان وەربگرین لەو رووەوە کە لەگەڵ شەرعدا گونجاوە، هەروەها واز لە هەندێك خوو و سیفەتی خراپ بێنین کە بۆتە هۆی لەناوچوونیان ﴿سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا ۖ وَلَا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا﴾ الإسراء(٧٧)، هەروەها پێویستە رێساکانی پێغەمبەریش (ﷺ) لەبەرچاو بگرین، کەواتە با بپرسین ئەو رێسایانە چین؟

ئەو رێسایانە تایبەتن بە زانایان و رووناکبیران و ئەوانەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی (فێربوون) تەعالیمەکانی ئیسلام دەدەن ﴿وَإِن كَادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنَا غَيْرَهُ ۖ وَإِذًا لَّاتَّخَذُوكَ خَلِيلًا﴾ الإسراء(٧٣)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیەوێت رێبەرایەتی زانایان و دەسەڵاتداران بکات بۆ پابەندبوون بە پرۆگرام و تەعالیمەکانی شەریعەت و لانەدان لێیان، جەخت دەکاتەوە لەسەر پابەند بوون بە جێبەجێکردنی شەریعەتەوە ﴿وَلَوْلَا أَن ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا﴾ الإسراء (٧٤)، قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات کە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەم چارەسەرەش بەڕوونی لە نوێژدا دەبینین ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا﴾ الإسراء(٨٢)، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی بانگداندا بە بیلالی دەفەرموو هەستەو دڵخۆشمان بکە، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی رێساکانی پێغەمبەرە (ﷺ) بۆ چارەسەری کێشەکان.

## بەرگری لە ململانێدا وەك ڕێسایەکی گەردوونی

خـوای گـەورە لـە گەردوونـدا کۆمەڵێـك ڕێسـای هەیـە، یەکێـك لـەو ڕێسـایانە ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە نـاوی دەبـات بـە ململانـێ لـە نێـوان چیـن و توێـژە جۆربەجۆرەکانـی خەڵکـدا، بەدەسـتەواژەی تـازەش ناودەبرێـت بـە ڕێسـای ململانـێ لـە نێـوان راسـتیی و هیـچ دا، خێـر و شـەڕ، دادپەروەرییـی و سـتەمکارییی، سـتەمکارە خۆسـەپێنەرەکان و هەژارە بێ نەواکانـدا. ئـەم ململانێیـە قورئـان بـە (تدافـع) نـاوی دەبـات، کـرداری ململانـێ وادەکەوێتـە بەرچـاو کـە لـە دەرەوەی ویسـتی خـوا بێـت، بـەڵام ڕێسـای ململانـێ بـە سـیمای بەرگریکـردن ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە ئـەم کێشـانە هەمـووی بەپێـی ویسـتی خـوان، بـەڵام لەڕێگـەی کردارەکانـی خەڵـك و هەڵسـوکەوت و مامەڵەیـان لـە ڕووی خێـر و شـەڕەوە جێبەجـێ دەبـن، خـوای گـەورە ئەوەمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە کـە ئـەم ململانێیانـە لـە نێـوان خێـر و شـەڕ بـەردەوام دەبێـت، هەرجـارەی لایەنێـك لـە سـتەمکارییی و شـەڕ یـان چاکەخوازیـی و عەدالـەت تیایـدا سـەردەکەوێت.

**بەڵاکانـی بەهێزبوون (تمکین):**

هـەر یەکێـك لـەو بەڵایانـە، ئـەو گرفتانـە کـە تووشـی حەزرەتـی یوسـف (علیـە السـلام) هاتـن هۆکارێـك بـوون بۆئـەوەی بگاتـە دەسـەڵات، چونکـە ئەگـەر ئـەو پیلانانـە نەبوایـە لەلایـەن براکانیـەوە یوسـف نەدەگەیشـتە میسـر و نەدەبـووە سـەرۆك وەزیـران، ئەگـەر ئـەو کاروانـەی کـە ئەویـان هەڵگـرت خەڵکـی چـاك بوونایـە نەیاندەفرۆشـت و نەیاندەشـاردەوە، ئەوکاتـەش نەدەگەیشـتە میسـر، لەکاتێکـدا کـە یوسـف منداڵێکـی بچـووك بـوو تەمەنـی لـە نێـوان ٧ بـۆ ١٠ سـاڵدا بـوو، ئەگـەر بگەڕایەتـەوە بـۆ وڵاتـی خـۆی نەدەگەیشـتە ئـەم ئاسـتە، ئەگـەر ژنەکـەی عەزیـزی میسـر کەسـێکی داوێنپـاك بوایـە تووشـی زیندانـی نەدەکـرد، ئەوکاتـەش خـوا ئـەوەی لـە چـارەی نەدەنووسـی کـە دوو کـەس

لە زینداندا بچنە بەردەمی و باسی خەونەکانی خۆیانی بۆ بکەن، کە وتی یەکێکتان لە سێدارە دەدرێت و یەکێکیشتان دەگەڕێتەوە بۆ ناو کۆشك و مەی دەگێڕێ، داواشی لەو کەسە کرد کە لەبیریی بێت، بەڵام خوای گەورە ویستی وابوو کە لە بیری بچێتەوە، چونکە ئەگەر پێش بینینی خەوەکەی پادشای میسر بیری بکەوتایەتەوە ئەوا پادشای میسر بۆ راڤەی خەوەکەی نەیدەنارد بە شوێنی دا، کەواتە هەموو ئەو گرفت و ناخۆشیانە دواجار بووە دەستکەوتێکی گەورە بۆی.

## پێویستی پادشا:

دوای ئەوەی پادشای میسر بۆ راڤەکردنی خەونەکەی پێویستی پێی بوو ﴿يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَّعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ یوسف(٤٦)، پاش ئەوەی هیچ یەکێك لە راڤەکارانی خەون نەیانتوانی راڤەی خەونەکەی پادشا بکەن، بە ناچاری داوای کرد کەسێکی بۆ بدۆزنەوە، لەم کاتەدا ئەو کەسەی کە لە زینداندا لەگەڵ یوسف بوو بیری یوسفی کەوتەوە، لەو کاتەدا وتی من پیاوێك دەناسم لە زینداندایە، پیاوێکی زۆر راستگۆ و چاکەکارە، بەڵام من هەتا ئێستا لەبیرم چۆتەوە، لەم کاتەدا پادشا ناردی بە شوێنی یوسفداو بڕیاریدا بیکات بە راوێژکاری خۆی، بەڵام بەپێی یاسا نەیدەتوانی ئەو ئەرکە وەربگرێت چونکە بەهۆکارێك خرابووە زیندان. هەرچەند ئەو کەسێکی زۆر پاك و بێتاوان بوو، بەڵام دەبوایە لە رێگەی دادگاوە ئەو کارە بکرێت، یوسف رەتیکردەوە کە لە زیندان بهێنرێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی پاکی و بێتاوانی بسەلمێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە پادشا هەموو ژنەکانی کۆشکی کۆکردنەوە بە بەرچاوی هەموویانەوە ژنەکانی کۆشك شایەتیان بۆ پاکی و بێتاوانی یوسف دا ﴿قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ أَنَا رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ﴾ یوسف (٥١)، بەم هۆیەوە یوسف پاکی دەرکەوت و وەك کەسێکی جوان و بەڕەوشت ناسێنرا،

بۆ ئەم مەبەستەش ریّز و سوپاسی خۆی بۆ عەزیزی میسر دەربڕی و وتی: كەسیّك كە منی پەروەردە كردبیّت و ریّزی لیّ گرتبیّتم چۆن خیانەت بەرامبەر ژنەكەی دەكەم؟ سەرەڕای ئەوەش ترسان لە خوا ریّگەی ئەنجامدانی ئەو كارەم پیّنادات.

**زنجیرەی ناخۆشییەكان:**

بەمشیّوەیە ئارامگرتن لەسەر زنجیرەی ناخۆشییەكان دەبیّتە مایەی پیّدانی خەلات و بەخشش لەلایەن خوای گەورەوە، چونكە لە چیرۆكی یوسف دا ئەگەر هەر ئەلّقەیەك لەوانە ون ببوایە، یوسف نەیدەتوانی بگاتە پادشای میسر، ئەم سورەتە ئەزموونیّكە بۆ هەمووان و بۆ پیّغەمبەری خوا (ﷺ) دابەزیوە، پیّغەمبەر (ﷺ) دوای ئەوەی خەدیجەی خیّزانی و ئەبوتالّیبی مامی وەفاتیان كرد و لە تائیف دەركرا، لەدوای ئەمە خوای گەورە ئەم سورەتە دەنیّریّتە خوارەوە بە پیّغەمبەرەكەی دەلّیّت: هەموو ئەو نارەحەتی و ناخۆشیانەی كە تووشی حەزرەتی یوسف (علیە السلام) هات بەهۆی بانگەوازەكەیەوە بوو بۆ لای خوا، بەلاّم هەر ئەمانەش بوون كە بوونە هۆی بەرزبوونەوەو گەورەبوونی، تۆش ئەی (موحەممەد) شەو و رۆژ كار بكە لەپیّناو بانگەوازەكەتدا، هەموو ئەو ناخۆشیانەش كە تووشت دیّن دەبنە بنەمای گەیشتنت بە دەسەلاّتیّكی گەورە ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ﴾ النور(٥٥).

## ئیسلام بێبەرییە لە کوشتنی خەڵك بەناوی ئاینەوە

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا چەندەها گروپی جۆربەجۆر دروست بوون کە بەناوی ئیسلامەوە کاری توندڕەویی ئەنجام دەدەن، هەموو جۆرە هۆکارێك بەکاردێنن بۆ کوشتن و ترساندن و وێرانکاریی، ئەمە لەکاتێکدایە گەورەترین دروشمی ئیسلام کە گوزارشت لە سۆز و دادپەروەریی دەکات بریتیە لە ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء(١٠٧)، کەچی لە ئێستادا ئەم گروپانە گەنجان دەخەنە نێو ریزەکانی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، لەلایەك بەفیڕۆدانی ژیان و تەمەنی گەنجەکانە لەکاری بێسود و نامرۆڤانەدا، لەلایەکی تریشەوە بوونەتە گەورەترین هۆکار بۆ ناشیرنکردنی ئیسلام و بەڵگەیان داوەتە دەست دوژمنان کە شەڕێکی نەگریس دژ بە ئیسلام بەناوی (ئیسلامۆفۆبیا) بەرپا بکەن.

سەرهەڵدانی ئەم گروپە توندڕەوانە لەم سالأنەی دواییدا بۆتە جێگەی گومانی زۆر لە توێژەران و رووناکبیران و ئەکادیمیەکان، چونکە ئیسلام دوورە لەو جۆرە ئەخلاق و هەڵسوکەوتانە، بە پێچەوانەی ئەمەوە داوای پێکەوە ژیان و ئازادی و رێزگرتن لە رای بەرامبەر و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکات.

> سەرهەڵدانی ئەم گروپە توندڕەوانە لەم سالأنەی دواییدا بۆتە جێگەی گومانی زۆر لە توێژەران و رووناکبیران و ئەکادیمیەکان، چونکە ئیسلام دوورە لەو جۆرە ئەخلاق و هەڵسوکەوتانە

دەبێت موسڵمانان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە دیاردانەدا بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵێك ڕێسا کە خوای گەورە لە سەر زەویدا پیادەیان دەکات لەوانەش: ڕێسای جیاوازی و ڕێزگرتن لە رای بەرامبەر، چونکە بەشێکی زۆر لە جیاوازییەکان خوای گەورە خۆی لە بونەوەردا دروستی کردوون لەنێوان مرۆڤەکانیدا شتێکی سروشتیە کە هەریەکەیان لەویتریان جیاواز بێت، دورکەوتنەوەی موسڵمانان لە تێگەیشتنی قووڵ لە ئیسلام و بنەما سەرەکییەکانی، بۆتە هۆی ئەوەی کە مامەڵەیەکی رووکەش لەگەڵ دەقەکانی قورئان و فەرمووودەدا بکرێت، بەمەش تێگەیشتنێکی سادە بۆ ئیسلام دەخرێتەڕوو کە لە ئەنجامیشدا کوشتن و وێرانکاریی و توندڕەویی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئامانجەکانی ئیسلام ئامانجی گەردوونین و سنورەکانی مرۆڤیش تێدەپەڕێنن و دەگاتە پاراستنی مافەکانی زیندەوەران و تەنانەت بێگیانەکانیش.

خوای گەورە لەم بوونەوەرەدا جۆرەها شێواز، رەنگ، دەنگ، نەتەوە، نیشتمان و زمانی جیاوازی دروستکردووە، لە هەمانکاتدا لە کۆمەڵێك خاڵی زۆر جەوهەریشدا هاوبەشن، کەواتە جیاواز بوون یەکێکە لە ڕێساکانی خوای گەورە و خۆی دروستکەریەتی، لەبەرئەوە هەر خۆیشی فەرمان دەکات بە ڕێزگرتن لەو جیاوازیانەو کارکردن بۆ سود وەرگرتن لێیان لەپێناوی گەشەپێدانیدا.

ئەگەر سەیری ئەو ملیارەها مرۆڤە بکەین کە لەسەر زەویدا هەن، نابینین لە رووی رەوشت و سیفاتە بۆماوەییەکان و سایکۆلۆژیاو هەڵسوکەوت و مامەڵە و رەنگ و شێوازەوە بەتەواوی لەیەکتر بچن، لەمەوە دەگەینە ئەو راستیە کە بوونی جیاوازی شتێکی سروشتیە و بە درێژایی مێژوو لە مرۆڤدا هەبووە، زۆر ئایەت و فەرموودەش هەیە باسی ڕێزگرتن لەم جیاوازیانە دەکات، ئەگەر سەیربکەین لە ئێستادا نزیکەی (١٥٠٠) زمانی جۆراوجۆر هەیە، هەریەك لەم زمانانە پیت و دەنگ و جوڵەی تایبەتی خۆی هەیە، بە شێوازێکی جیاواز

لەویتر خۆی نمایش دەكات، ئەگەر سەیری مرۆڤەكانیش بكەین لە رووی زیرەكی و داهێنان و هەژاریی و دەوڵەمەندیی و بیركردنەوەو.. هتد لەیەكتر جیاوازن.

خوای گەورە كە ئەم جیاوازیانەمان بۆ باس دەكات بۆ ئەوەیە دان بنێین پیایانداو رێزیان لێبگرین و هەوڵی سڕینەوەیان نەدەین بە بیانووی جۆراوجۆر، تەنانەت خوای گەورە لە رووی جیاوازی ئاینیشەوە دەفەرموویێت ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ الكافرون (٦)، لە ئایەتێكی تریشدا دەفەرموویێت ﴿وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ﴾ الرحمن (١٠)، كەواتە خوای گەورە ئەم زەویەی بۆ هەموو زیندەوەران دروستكردووە، بۆ هەموو مرۆڤایەتی نەك بۆ چین و توێژێكی تایبەت یان ئاینێكی تایبەت لە موسڵمان و جولەكە و مەسیحی یان دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیایەكی تایبەت.

خوای گەورە زەوی دروستكردووە بۆئەوەی هەموو مرۆڤایەتی بە ئاشتی و خۆشگوزەرانی بژین تیایدا، هەروەها جیاوازیەكانیش ببنە سەرچاوەی سود و گەشەپێدان، چونكە ئەگەر بوونی جیاوازی كارێكی خراپ بوایە ئەوا خوای گەورە هەر لە بنچینەدا دروستی نەدەكرد، بەڵكو هەموو مرۆڤەكانی لەسەر یەك شێوەو رەنگ و نەتەوە دروست دەكرد.

# چاككردنی دەسەڵاتە سیاسییەكان
# مەرجی سەرەكی پێشكەوتنی گەلانە

ئەگەر سەیری بارودۆخی گەلانی موسڵمان بكەین رۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی و شەڕو نەهامەتی دەچن، ئەمە لە كاتێكدایە خوای گەورە ئەم ئوممەتی ئیسلامییە بەباشترین ئوممەت ناودەبات، هۆكاری سەرەكی ئەم نەهامەتیانەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك سەركردەی سیاسی ستەمكار و گەندەڵ كە خۆیان سەپاندووە بەسەر ئەم گەلانەدا و لە هیچ رێگەیەكیشەوە واز لە دەسەڵات ناهێنن، لە لایەكی تریشەوە ئاستی هۆشیاری ئەو گەلانە ئەوەندە نیە كە هەست بە مەترسی ئەم نوخبە دەسەڵاتدارە بكەن لەسەر وێرانكردنی دنیاو دواڕۆژیان، ئەم دەسەڵاتدارانە لەپێناو مانەوەیاندا هەموو جۆرە هۆكارێك بەكاردەهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەن ئایندەو چارەنووسی گەلەكانیان تووشی جۆرەها نەهامەتی بكەن، چونكە ئەمانە تەنها یەك رەنگ دەبینن و بڕوایان بە فرەیی و جیاوازی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نیە.

**جیاوازیی گەردوونی جۆرێكە لە دەوڵەمەندیی:**

ئەو جیاوازییە گەورەیەی كە لە گەردووندا هەست پێدەكرێت لە ئاسمان و زەوی و رووەك و هەموو زیندەوەران كە تیایدا دەژین، جۆرێك لە جوانی بەگەردوون بەخشیوە، لەم رێگەیەوە خوای گەورە دەیەوێت ئەوەمان فێربكات كە لەو جیاوازیانە جوانیەكانی ژیان دروستبكەین، هەموو ئەوانەش بۆ ئەو مرۆڤەیە كە لەسەر زەویدا دەژی و دەیەوێت وانەیەكی فێربكات، كە لە پەیوەندیان لەگەڵ یەكتردا جیاوازی قبوڵ بكەن، ئەو جیاوازیانەش ببێتە مایەی گەشەپێدان و پێشكەوتن و جوانی لە سەر زەویدا، بەتایبەتی تریش وانەیەكە بۆ موسڵمانان كە دان بە جیاوازیدا بنێن و شتەكان بەیەك رەنگ نەبینن، بە مەرجەعیەتێكی گەردوونیەوە سەیری ئەو جیاوازیانە بكەن و دانی پێدابنێن و وەك ئایەتێكی خوا سەیری بكەین.

**ئاژاوەنانەوە بێباوەڕییە:**

پەرستنی خوا بە پاکی و پارێزگاری لە سنورەکانی، دوو پێوەرن لەپێناو مانەوەی ئەم گەلە موسڵمانانەدا، لەبەرئەوە لە روویەکی ترەوە پێویستە لەسەریان کە یەك پارچەیی ئەم ئوممەتە بپارێزن، گەلەکانیان بە دووربگرن لە شەڕ و ئاژاوەو ناکۆکی.واتە نابێت بوونی جیاوازیەکان ببێتە مایەی ناکۆکی و دوورکەوتنەوەو لێکترازان، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿يأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا الَّذِينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ﴾ آل عمران (١٤٩)، خوای گەورە لێرەدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەبێت چوارچێوەیەك هەبێت بۆ پاراستنی یەك ڕیزی، چونکە دەرچوون لەو یەکڕیزیە دەچێتە بازنەی بێباوەڕییەوە، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە حەجی ماڵئاواییدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، لە کاتێکدا کە فەرمووی «شەیتان بێهیوا بووە کە لەدوایی ئەمڕۆوە بپەرسترێت، بەڵام بەردەوام لە هەوڵدا دەبێت بۆ نانەوەی ئاژاوە دووبەرەکی لە نێوانتاندا».

**چاکسازیی سیاسی وەك پێویستیەکی هەنوکەیی:**

چاکسازی لە سیستەمی سیاسی دا مەرجێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی گەلانی موسڵمان، بەبێ بوونی ئەم چاکسازیەش رۆژ بەڕۆژ گەلانی موسڵمان بەرەو ئاژاوەو دووبەرەکی و سەرگەردانی دەچن، پێویستە گەلانی موسڵمان بە خوێندنەوەیەکی نوێ ئیسلام بخوێننەوە لە

چاکسازی لە سیستەمی سیاسیدا مەرجێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی گەلانی موسڵمان، بەبێ بوونی ئەم چاکسازییەش رۆژ بەڕۆژ گەلانی موسڵمان بەرەو ئاژاوەو دووبەرەکی و سەرگەردانی دەچن

راستییە تێبگەن، كە ئەم پەیامە سەرچاوەی دادپەروەرییی و ئازادیی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤە، لەبەرئەوە دەبێت وەك مەرجەعیەتێكی گەردوونی بۆی بگەڕێنەوە، وەك سەرچاوەیەكی مرۆیی مامەڵەی لەگەڵدا بكەن، بیكەن بە مەرجەعیەتی دەسەڵاتی سیاسی لەپێناو خۆشبەختی مرۆڤدا، نەك بەهۆی مەرجەعیەتی بچووكەوە بیكەن بە مایەی ئاژاوەو دووبەرەكی و توندڕەویی و پێكدادان لەنێوان گەلە موسڵمانەكاندا لەلایەك و گەلان و خاوەن ئاین و شارستانیەكانی تر لەلایەكی ترەوە.

## یەكڕیزی فەرزێكی شەرعییە:

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا گەلانی موسڵمان، بەتایبەتیش گەلی كوردمان زۆر پێویستی بەپاراستنی یەكڕیزیو لەیەكتر تێگەیشتنو لێبوردەیی هەیە بەرامبەر بە یەكتر، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پلانێكی ستراتیجی هەبێت كە تیایدا كۆمەڵێك ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەیی دیاری بكات، بۆئەوەی گەلی كوردمان لەم بارە ناهەموارەی ئێستا رزگار بكات و بیگەیەنێتە كەناری رزگاری، چونكە ئەو بارودۆخەی ئێستا تیایدا دەژی لەناوخۆدا زۆر ناهەموارە، گروپەكانو پارتە سیاسییەكانو میدیاكانو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیش خاوەنی ئامانجێكی یەكگرتوو نینو هەریەكەیان لە روانگەی بەرژەوەندیەكانی خۆیەوە سەیری ئایندەی گەلەكەیان دەكەنو ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی كە بەردەوام پێكدادانو رووبەڕووبوونەوە لەنێوان هێزەكاندا رووبدات، سەرئەنجامیش گەلی كوردمان زیانێكی زۆری پێبگات، لەبەرئەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە پێویستمان بەوەیە هەموو هێزەكان لەسەر كۆمەڵێك خاڵی گرنگ رێكبكەون كە سەرەتاكەی دەبێت لەچاكسازی سیاسییەوە دەستپێبكەن، حكومەتێك بنیاتبنێن كە جێگەی رەزامەندی خەڵك بێت، خاوەنی پلانی گەشەپێدان بێت بۆ خزمەتكردن بە ئایندەی گەلو نەوەكانی داهاتوو، ئەوكاتەش هاوڵاتیان ئینتیمایان بۆ ئەم دەسەڵاتە زیاد دەبێت و شانازی بەشوناسی كوردبوونی خۆیانەوە دەكەن.

## لە پەرتەوازەیی و دووبەرەكییەوە بۆ گەشەپێدان و چاكسازیی

لە دوای یەكێك لە وتارەكانی رۆژی هەینی، گەنجێك هات و لێی پرسیم ئایا هۆكاری ئەم جیاوازی و دووبەرەكییە چیە كە لە نێوان گەلانی موسڵماناندا هەیە؟ لە كاتێكدا كە خوای گەورە ئەم ئوممەتە بە باشترین ئوممەت ناو دەبات، هەموویان یەك پەرتوك و یەك قیبلە و یەك چارەنووسی هاوبەشیان هەیە، منیش لە وەڵامدا پێمووت ئەم جیاوازی و دووبەرەكییە دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆكاری بنەڕەتی:

هۆكاری یەكەم: دەرەكییەو پەیوەندی بە دوژمنانی ئیسلامەوە هەیە، هەموو گروپ و ئاین و نەژاد و دامەزراوەكان دەگرێتەوە كە دژ بە ئیسلامن و چاویان بە گەشەكردنی هەڵنایەت، بەهۆی چاوتێبڕینی ئەو دەوڵەتانە لەو سەروەت و سامانە زۆرەی كە خوای گەورە بەخشیویەتی بەم گەلە موسڵمانانە، زۆر بەداخەوە كەڵكی لێ وەرناگیرێت و بەشی زۆری لەلایەن كۆمەڵێك سەركردەی گەندەڵەوە بەفیڕۆ دەدرێت، ئەوەشی كە دەمێنێتەوە دوژمنان لە رێگەی دروستكردنی جەنگ و ناكۆكیەوە سوودی لێدەبینن، هەروەك كەلە شەڕی عێراق و ئێراندا بینیمان كە شەڕێكی بێ ئامانج و بێ پلان بوو، گەلانی موسڵمان كەسانێكی دواكەوتوو ناهۆشیارن هەروەك فەیلەسوفی موسڵمانی فەرەنسی (رۆجیە گارودی) دەڵێت: داگیركەران هەتا ئێستاش لەسەر سەروەت و سامانی سێ كیشوەر دەژین و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاری دێنن، لەوانەش ئاسیا (بێجگە لە یابان) و ئەفەریقیا و ئەمەریكای باشور، ئەم سێ كیشوەرە بەكاردێنن، لەپێناو بنیاتنانی شارستانێتیە مادییەكەی خۆیان و خۆشگوزەرانی خۆیان وەبەرهێنانیان تێدا دەكەن. جا هەرچەندە هۆكاری دەرەكی رۆڵی گرنگی هەیە، بەڵام قورئان فێرمان دەكات كە ناكرێت هەموو گرفتەكانی خۆمان بەم هۆكارەوە هەڵواسین، چونكە ئەوان دوژمنن و بەپێی بەرژەوەندی ئاین و فیكرو عەقیدەو پلانی خۆیان كاردەكەن، دەیانەوێت سەروەت و سامانی ئێمە بۆ

بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی خۆیان بەکاربێنن.

هۆکاری دووەم: ناوخۆییە کە پەیوەندی هەیە بە سەرکردە و زاناکان و گەلان و بزوتنەوەکان و کۆمەڵە و رووناکبیرەکان و هەمو پێکهاتەکانی تری گەلانی موسڵمانەوە، ئەمەش ئەوەیە کە قورئان باسی دەکات دەربارەی شەڕی ئوحود کە تیایدا حەفتا کەس لە گەورە هاوەڵان تیایدا شەهید بوون، خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَٰذَا ۖ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ﴾ آل عمران (١٦٥).

تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەریشدا (ﷺ) ئەم هۆکارە لە ئارادا هەبووەو ئەو شکستەش کە لە شەڕەکەدا روویدا، بەهۆی ئەوەوە بووە کە پەنجا کەس لە هاوەڵان شوێنەکانی خۆیان لەسەر شاخەکە جێهێشتوە کە خاڵێکی گرنگ بووە بۆ ڕێگرتن لە هێرشی موشریکەکان، سەرەنجامیش بە چۆڵکردنی سەنگەرەکانیان ئەوە روویدا کە روویدا ئێمە لێرەدا هۆکاری ئەم بارودۆخە ناهەموارەی گەلانی موسڵمان دەگێڕینەوە بۆ ﴿هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ﴾، واتە: هەموو هۆکارە سەرەکیەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ تاك بە تاکی هاوڵاتیانی کۆمەڵگاکانی خۆمان، زۆر هۆکاریش هەیە کە دەتوانرێت بکرێتە سونبولێك بۆ یەکبوون و کۆکردنەوەی هێز، کە دواجار دەبێتە مایەی سەرکەوتن، بۆ نمونە کاتێك (قطز) لە شەڕی عەین جالوتدا هاواری کردوو ووتی: (ئای بۆ ئیسلام) لە دوای ئەم دروشمەوە گروپ و خەڵکانێکی زۆر لە دەوری کۆبونەوەو دواجار توانیان دوای دوو ساڵ لە کەوتنی بەغداد بە دەستی تەتارەکان تەتار لە وڵاتی میسردا توشی شکست بکات و بەسەریاندا سەربکەوێت، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی نەبوونی ئەو جۆرە سەرکردانەوە دەبینین میسر و عێراق و سوریا و یەمەن... هتد بەهۆی پیلانی دوژمنانەوە هەموویان کەوتوونە ناو گێژاوی ئەم شەڕ و فیتنەیە کە بەدەستی خۆمان جێبەجێ دەکرێت، تووشی خراپترین چارەنووسی خۆمان بووین، وەك خوای گەورە دەفەرموویّت ﴿قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ﴾. لەبەرئەوە پێویستە موسڵمانان بە باشی بیر لەم کێشەیە بکەنەوە پێش ئەوەی بڕۆن بۆ شتی تر، هەروەك پێشەوامان (عومەری کوڕی خەتاب) ڕەزای خوای لێ بێت، کە خاوەنی عەقڵێکی

ستراتیجی بوو، لەسەر دەستی پێغەمبەر (ﷺ) گەورە بوو بوو لە کاتێکدا کە شەڕی هەڵگەڕاوەکان روویدا هاوەڵان هەموو سەرقاڵبوون پێوەی، لەم کاتەدا پێشەوا عومەر بیری لە شتێکی تر دەکردەوە، لە کاتێکدا دەیبینی کە بەشێکی زۆر لە گەورە هاوەڵان کە قورئانیان لەبەر بوو لە جەنگەکاندا شەهید دەبوون، لەبەرئەوە ترسی ئەوە دایگرت کە بەشێك لە قورئان لەناوبچێت بۆ ئەم مەبەستە پرسی بە پێشەوا عەلی و ئەبوبەکر کرد و بە راوێژی ئەوان دەستیان کرد بە کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئان بەو ئامرازانەی کە ئەوکاتە لەئارادابوون.

**بیرکردنەوەیەك لەپێناو رزگاریدا:**

دوژمنان بەهۆی دووبەرەکیمانەوە هاتوونەتە ناومان و هەر بەهۆی خۆمانەوە پلانەکانیان جێبەجێ دەکەین، بۆ نموونە هانی عێراقیاندا کوەیت داگیربکات، پاشان لێیانداو لەناویان برد، لە دواتردا گروپە تیرۆریستیەکانیان دروستکرد و هاوکاریان کردن و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئیسلامییان کاول و وێرانکرد، هەر لە ئەم وڵاتانە خۆیان هێزیان لە دژ دروستکردنەوەو لەناویانبردن، بەم شێوەیە ئەوان ئیدارەی یاریەکی سەرکەوتوو دەکەن، جەنگەکان دروست دەکەن و نەتەوەکانی وەك عەرەب و کورد و تورك بەگژ یەکدا دەکەن، لەم رێگەیەشەوە ئامانجەکانی خۆیان دەهێننەدی.

ئیمامی غەزالی ئەم هۆکارە دەگێڕێتەوە بۆ نەبوونی نەفسێکی چاك، بۆ بوونی نەخۆشی ناوەکی و رق و بوغز بەرامبەر یەکتر، هەروەك ئێستا دەیبینین کە زۆربەی سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە کەسانی ستەمکار و نەخۆش و بێ بەزەیی و تەماعکارن، هەموو شتێك دەکەن لەپێناو پاراستنی کورسیەکانیاندا بەهەر نرخێك بووبێت، ئەمەش ئەو دەرگایەیە کە شەیتان لێیەوە دەچێتە ناو دەروونی مرۆڤ و هەموو شتێکی پێدەکات.

قورئان باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن ئادەم پێغەمبەر لە بەهەشت دەرکرا ئەویش بەهۆی ئەم دوو هۆکارەوە بوو، ئەوانیش بەردەوامبوونە لەسەر موڵك و حوکمڕانی، خوای گەورە لەمبارەیەوە دەفەرموویت ﴿يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَى﴾ طه (١٢٠)، کەواتە سوربوونی سەرۆکێك

لەسەر مانەوە بە هەر نرخێك بێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوربانی بە هەموو شتێك بدات و لەپێناو مانەوەدا سەرشۆڕی قبول بکات، ئەمەش بە روونی لە زۆربەی سەرکردەکانی ئەم وڵاتانەدا دەبینین بەتایبەتی لە سوریا، هەموومان ئەو راستیانە دەبینین کە ئێستا لە سوریادا روودەدەن بەتایبەتیش ئەوەی لەم رۆژانەدا لە (غوتەی رۆژهەڵات) دەیبینین، کە رژێم هەڕەشەی مەرگی بەکۆمەڵ لە هاوڵاتیان دەکات و گەمارۆی هەموو شتێکی خستوونە سەر و لەگەڵیدا بۆردومانێکی بەهێزی بێ بەزەییان دەکات بە هەموو جۆرە چەکێك، ئەمەش بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە روودەدات، هیچ جۆرە رێگریەك نابینین و تەنها گوێبیستی ئیدانە دەبین، گەلێك بەتەواوی لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە دەکوژرێت تەنها لەپێناو مانەوەی سەرۆکێك لەسەر کورسیەکەی، ئەو سەرۆکەش هەموو تاوانێك دەکات و هەموو سەرشۆڕیەك تەنها لەپێناو مانەوەدا قبول دەکات.

رۆژئاواییەکان چارەسەرێکی گونجاویان بۆ ئەم کێشەیە داناوە، چونکە ئەوان لەسەر بنەمای زانستی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و حەزە ناوەکیەکاندا دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو راستیە کە مرۆڤ لەناخیدا حەز بە نەمری و موڵك و دەسەڵات دەکات و نایەوێت لەدەستی بدات، هەروەك گەورەمان ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ ئەم مەبەستە ئامادەبوو فەرمانی خوا بشکێنێت و لەبەری دارەکە بخوات.

رۆژئاواییەکان بانگەشەی دروستکردنی پەرلەمانی بەهێزیان کرد، لە زۆربەی وڵاتاندا ماوەی سەرۆکایەتیان کرد بە دوو خول و بەم هۆیەشەوە سنورێکیان دانا بۆ حەزی سەرکردەکان، ئەوەی کە ئێمە لە ئوصولی فیقهدا پێی دەڵێین (سد الذرائع یان فقه المآلات) ئەوان جێبەجێیان کرد و ئێمە پشتگوێمان خست. هەر بەم هۆیەشەوە رۆژئاواییەکان بوونە پێشەنگی پێشکەوتن لە جیهاندا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و پەروەردەیی و ئاینی دا، لەبەرئەوە بۆ هەستانەوەو گەشەپێدانی ئەم گەلانە پێویستمان بەوەیە کە هەنگاو بنێین بۆ چاکسازی، سەرەتا لە دەروونی خۆماندا، پاشان پێگەیاندنی نەوەیەکی

نوێ لەسەر چاکسازی و دەروون پاکی و دانانی پلانی ستراتیجی لەڕێگەی (فیقهی المألات) بۆ پێگەیاندنی ئەو سەرکردانەی کە توانای خوێندنەوەی داهاتوویان هەیە، بۆئەوەی سەرکردایەتی بە روانگەی بەرژەوەندیەکانی گەل بکەن لەپێش ئەوەدا کە بۆ بەرژەوەندی خۆیانی بکەن، هەروەك خەلیفەکانی راشیدین کردیان کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکیان لەپێناو سودی گشتی و گەشەپێدانی وڵات و هاوکاری هەژاران و نەداران بوو، لە هەمانکاتدا هەستکردن بوو بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە گەلەکەیان، خاڵی گرنگیش بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە رێگای گفتوگۆو لەیەکتر تێگەیشتنەوە بکرێت، خوای گەورە بۆ جێنشین کردنی ئادەم لەسەر زەوی گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکاندا دەکات ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً...﴾ البقرة (٣٠)، فریشتەکان لە وەڵامدا وتیان ﴿قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ﴾ البقرة (٣٠)، خوای گەورە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات و هۆکارەکەیان بۆ رووندەکاتەوە و پێیان دەڵێت کە بەرپرسیارێتی مرۆڤ لە ئێوە جیاوازە، مرۆڤ دەچێتە سەر زەوی بۆ ئاوەدانکردنەوەی، بەڵام ئێوە لەمە تێناگەن چونکە ئادەم لە ئێوە شارەزاتر و زاناترە، لەدوای ئەوە فریشتەکان باوەڕیان کرد و سوجدەیان بۆ ئادەم برد.

خوای گەورە لە زۆر شوێندا گفتوگۆ لەگەڵ شەیتاندا دەکات، تەنانەت لە هەندێك شوێندا شەیتان هەڕەشە دەکات ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾ سورة ص (٨٢)، لە بەرامبەردا خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە تەنانەت داواکەشی وەردەگرێت ﴿قَالَ أَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ الأعراف (١٤)، لە دنیادا ئەم مافەی پێدەدات بەڵام لە دوارۆژدا بە سزای خۆی دەگات. لەبەرئەوە کولتوری گفتوگۆ و لەیەکتر تێگەیشتن زۆر گرنگە ئەگەر ئێمە لەناخماندا بیڕوێنین، منداڵەکانی لەسەر گەورە بکەین و فێریان بکەین کە چۆن گفتوگۆ بکەن و گوێ بۆ بەرامبەرەکانیان بگرن، ئەم جیاوازیانەش بەکاربێنین بۆ گەشەپێدان و لەیەکتر گەیشتن.

یەکێك لەو هۆکارانەی بووەتە هۆی ئەوەی کەسانی داهێنەر لەناو جیهانی ئیسلامی دا کەم بن، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادی و کەش و هەوایەکی لەبار بۆ راگۆڕینەوە دەرکەوتنی جیاوازیەکان، واتە بۆ ئەوە

کولتورەی کە ئێستا لەناو گەلانی موسڵماندا هەیە، ئەمەش کولتورێکی ئیسلامی نیە بەڵکو خێڵەکی و بیابانیە کە پشت بە خۆسەپاندن و گوێ نەگرتن و خۆبەزلزانین دەبەستێت، هەروەکو پێشتر لە سەرۆك هۆزو شێخو سەرۆکەکاندا هەبوو، لەبەرئەوە ئێمە ئەگەر دەمانەوێت ئەم بارودۆخە بگۆڕین دەبێت پێداچوونەوە بکەین بە پەروەردە و کولتور و مەعریفەماندا، دەبێت بە میکانیزمی نوێ مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە تازەدا بکەین، خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات لە ئایەتەکانی ورد ببینەوە ﴿لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ﴾ واتە دید و تێڕوانینی تایبەتیمان هەبێت بۆ کارەکان و جارێکی تر قورئان بە عەقڵێکی نوێ بخوێنینەوە، تەنها خوێندنەوەی رووکەشمان نەبێت بۆ دەقەکان، ئەمەش لە ئوصولی فیقهدا پێی دەگوترێت (فیقهی مەئالات) کە رۆژئاواییەکان پێی دەڵێن (توێژینەوەی سیاسی و ئابووریی)، ئەوان بۆ گەیشتنە ئەنجامی هەر شتێك پشت بە توێژینەوەی زانستی دەبەستن، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمەش دەمانەوێت لەم دنیا تازە تێبگەین و وڵاتەکەمان روو لە گەشەکردن بکات و بگەینە ئەو ئاستی پێشکەوتنەی کە ئێستا لە جیهاندا هەیە، پێویستە جارێکی تر خوێندنەوەی تازە بۆ ئاین بکەین، پلان و بەرنامەی ستراتیجیمان هەبێت بۆ پێشکەوتن و ئاین بکەینە هۆکارێك بۆ گەشەپێدان و ژیانەوە پەروەردەکردنی مرۆڤ لەسەر چاکە و چاکەخوازیی.

> **”یەکێك لەو هۆکارانەی بووەتە هۆی ئەوەی کەسانی داهێنەر لەناو جیهانی ئیسلامی دا کەم بن، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادی و کەش و هەوایەکی لەبار بۆ راگۆڕینەوەو دەرکەوتنی جیاوازییەکان**

# عەلی عیزەت بیگۆڤیچ سیاسەتمەدارێكی گەورەو رووناكبیریێكی هاوچەرخ[1]

عەلی عیزەت بیگۆڤیچ لەخۆڕاگریدا وەك شاخێك وابوو، دەریایەكی گەورە بوو لە زانیاری، خاوەن كەلتورێكی فراوان و سیاسەتمەدارێكی ناودارو گەورە بوو، لە فیكری تازەگەریی و چاكسازیدا قوتابخانەیەك بوو، یەكێك بوو لە رووناكبیرە مۆدێرنەكانی ئەم سەردەمە، ئەمەش یەكێك بووە لە گەورەترین جیاكەرەوەكانی لە رووناكبیرانی تر، بیگۆڤیچ توانیبووی زانست و كەلتور و فیكر و فەلسەفە بەیەكەوە گرێ بدات، وێنەیەكی جوان بۆ پێكەوەبەستنی سیاسەت و جیهاد و دەوڵەت دروست بكات، توانی گەلی مسوڵمانی بۆسنە لە نەهامەتی رزگار بكات و بەرەو سەربەخۆیی و بنیاتنانی دەوڵەتیان بەرێ، وێنەی ئەم پیاوە لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر كەمەو هاوشێوەی راشید غەنوشیە.

بیگۆڤیچ سەرەڕای فشارەكانی ئەوروپا زۆر بە دڵسۆزیەوە هەوڵیدا كە بەشێوەیەكی دادپەروەرانە كۆتایی بەو ململانێیە بهێنێت كە لە سەرەتای نەوەدەكاندا رووی كردبووە وڵاتەكەی، ئەمەش زۆر تووشی ناڕەحەتی كردبوو، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ دا ئیمزای لەسەر رێكەوتننامەی (دایتۆن) بۆ ئاشتی كرد، یەكێكە لەو كەسە ناودارانەی كە توانی زۆر بە سەركەوتویی فیكرو سیاسەت بەیەكەوە گرێ بدات و رابەرایەتی گەلەكەی بكات بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، بەمەش بیگۆڤیچ بووە ئەستێرەیەكی ناودار لە نێوان هەموو گەلانی دنیادا بەتایبەتیش گەلانی موسڵمان، چالاكوانێكی سیاسی و موجاهیدێكی هاوچەرخ و رووناكبیرێكی سیاسی و زاهیدێكی موسڵمان بوو.

---

١ ئەم ووتارە لە ٢٠١٨/٢/٢٧ لە لایەن دكتۆر عەلی قەرەداغیەوە لە كۆنگرەی (٢٥ ساڵ لەگەڵ سەرایڤۆدا) كە لە ئەنقەرەی پایتەختی توركیا بەسترا خوێندراوەتەوە، بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٨٠٠ رووناكبیرو سیاسەتمەداری بۆسنەو جیهانی ئیسلامی و توركیاو دەرەوە كۆنگرەكە دوو رۆژی خایاند.

> عەلی عیزەت بیگۆڤیج لەخۆڕاگریدا وەك شاخێك وابوو، دەریایەکی گەورە بوو لە زانیاری، خاوەن کەلتورێکی فراوان و سیاسەتمەدارێکی ناودارو گەورە بوو، لە فیکری تازەگەریی و چاکسازیدا قوتابخانەیەك بوو

**وەك سەرۆك کۆمارێك:**

لە ساتەوەختی هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەتدا رابەرایەتی گەلی بۆسنەی کرد بەرەو سەربەخۆیی، بەم هۆیەشەوە خۆی و گەلەکەی تووشی جینۆساید و شەڕێکی ناهەموارببوون، بەڵام بە پشیوانی خواو خۆڕاگری گەل و بوونی سەرکردەیەکی لێهاتوو، توانی بەسەر هەموو ئەو نەهامەتیانەدا زاڵ ببێت و دوژمنەکانی ملکەچ بکات بۆ یاسا، دواجاریش هەموو سەرکردە دوژمنکارەکان لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو درانە دادگای نێودەوڵەتی و بیگۆڤیجیش لە ١٩/ئەیلولی/١٩٩٦ دا بووە سەرۆك کۆماری بۆسنەو هەتا ساڵی ٢٠٠٠ بەردەوام بوو.

**نوسراوەکانی:**

بیگۆڤیج وەك نوسەر و رووناکبیرێك خاوەنی چەندان وتارو توێژینەوەوە کتێب بووە، لەوانەش:

وردبوونەوە و سەرنجدان لە کۆچی پێغەمبەر (د.خ)، دواکەوتنی گەلانی موسڵمان، ئیسلام لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا، درۆکردن بە ناوی میدیای ئیسلامیەوە، رێگریەکانی بەردەم گەشەپێدانی ئیسلامی، راکردنم بەرەو ئازادی.

شایەنی باسە کتێبەکانی بەڵگە بوون لەسەر ئاڕاستەی فیکری و ئەو خەمانەی کە لە ژیانیدا هەیبووە، لە کتێبی: هۆکارەکانی دواکەوتنی

گەلانی موسڵماندا باس لە ئەو هۆکارانە دەکات کە بوونەتە هۆی ئەم دواکەوتنانە، کە لە دوو خاڵدا کورتی دەکاتەوە:

١- هۆکاری دەرەکی کە لەلایەن دوژمنانەوە بەسەریدا سەپێنراوە، لە هێرشی خاچپەرستەکانەوە لە سەدەی چواری کۆچییەوە دەست پێدەکات هەتا ئەمڕۆ.

٢- هۆکاری ناوخۆیی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تێگەیشتنی موسڵمانانەوە هەیە لە ئیسلام، لەو کتێبەدا دەیسەلمێنێت کە ئیسلام هۆکار نیە بۆ دواکەوتن، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتن. لەو کتێبەدا وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار دەداتەوە لەوانەش: ئایا هەژاریی و دواکەوتوویی و سەرشۆڕی ئەم گەلانە پەیوەندی بە موسڵمانبوون و ئیسلامبوونەوە هەیە؟ ئایا لەم سەردەمە پێشکەوتووەدا ئیسلام شتێکی هەیە پێشکەشمان بکات؟.

**وردبوونەوەیەك لە کۆچی پێغەمبەر (ﷺ):**

لە کتێبی دووەمیدا کە بەم ناوەوەیە لە ساڵی ١٩٧٨دا دایناوە، کۆمەڵێك دیدو بۆچوون و وردبوونەوەی خۆی لەسەر کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان بۆ مەدینە و کۆچی هەندێك لە هاوەڵان بۆ حەبەشە دەخاتەڕوو، تیایدا وێنەیەکی جوان بۆ ئەو ڕووداوانە دەکات و هۆکارو دەرەنجامەکانی ڕوون دەکاتەوە، گەورەیی ئەو ڕووداوانە دەخاتەڕوو لە ڕووی پلان و ئارامی و بەرگەکردن بەرامبەر بە تاقیکردنەوەو ناخۆشیەکان، لە هەمانکاتدا لە ئەو ناخۆشی و ناڕەحەتیانەوە ئاسۆی ڕزگاری دەردەکەوێت و دواجاریش دەوڵەتی ئیسلامی مەدینە لە دایك دەبێت.

جاڕنامەو ڕاگەیاندنی ئیسلامی کە لە ساڵی ١٩٨١دا دەرچووە، بیگۆڤیچ بەشدارییەکی باشی تێدا هەبوو، باسی لە ڕواڵەتەکانی دواکەوتنی گەلانی موسڵمان و سروشتی پرۆژەی ئیسلامی و سیستەمی ئیسلامی کرد بە هەموو بنەماو ڕەگەزەکانیەوە، تیایدا باسی لە ئیشکالیاتی سیستەمی ئیسلامی کرد، جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە ئیسلام تەنها ئاین نیە، بەڵکو ئاین و دەوڵەت و پرۆگرامی ژیانە،

هەروەها باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئاینی مەسیحی و جولەکە کرد، رای خۆشی دەربارەی سەرمایەداری و سۆشیالیزم و یەکێتی ئیسلامی کردووە.

## لە زینداندا:

بیگۆفیج دوو هەزار و حەفتاو پێنج شەوی لە زینداندا بەسەر بردووە، بەڵام زیندان نەیتوانیەوە چۆك بەم پیاوە دابدات، هەموو ئەو کاتانەی کە لەوێدا ماوەتەوە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی فیکرێکی گەورە کە پەیوەندی بە کاروانی ژیان و هەنگاونان بەرەو ئازادی هەیە، بیگۆفیج زیندانەکەی گۆڕیبوو بۆ ژوورێکی رووناك، خەم و خەفەتی کردبوو بە بیرکردنەوەو هەنگاونان بەرەو گەشبینی و ئایندەیەکی رووناك، لە جیاتی گریان بۆ خۆی بۆ ئوممەتەکەی دەگریا، فرمێسکەکانیشی ئەو وشانە بوون کە لە کتێبەکانیدا رەنگی دەدایەوە، بەم هۆیەشەوە بیگۆڤیج وەك نمونەی یەکێك لەسەرکردە گەورەکانی جیهان بەدەرکەوت، ئێستاش وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەبینرێت لە جیهانی فیکر و سیاسەتدا.

## ئاین و ئەخلاق:

دەربارەی ئاین و ئەخلاق، کتێبێکی زۆر گرنگ و ناوداری نوسیوە، تیایدا فەلسەفەو فیکرو زانست و کەلتور بەیەکەوە گرێ دەدات، بە دیدێکی فراوان و پڕ لە زانیاری توێژینەوە دەکات و باس لە جیاوازی و پەیوەندییەکانی نێوان ئاین و فیزیا، خواو سروشت، هونەر و خۆشەویستی و جوانی و یاساکانی خێرایی و میکانیك دەکات.

## ئیسلام لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا

کتێبێکی ناوازەیە کە لە لایەن رێزدار عەلی عیزەت بیگۆڤیج نوسراوە، تیایدا ئەوە روونکراوەتەوە کە ئیسلام رێگەی سێهەمە بۆ رزگار کردنی مرۆڤایەتی، ئەوەش بەهۆی ئەو نەهامەتیانەی کە بەهۆی سەرمایەداریی و سۆشیالیزمەوە تووشی بووە، ئەمەش لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی فراوانەوەیە کە ئەم روناکبیرە ئیسلامییە

دەربـارەی فیکـر و فەلسـەفە جیهانیـەکان کردوویەتـی، لـە بەشـی یەکەمـی کتێبەکـەدا هەسـت دەکەیـت کـە نوسـەر قووڵییەکـی فیکـری گـەورەی هەیـە، خاوەنـی رۆشـنبیریەکی فراوانـە، لـە پاشـاندا دەبینیـت کـە عەقڵـی فەلسـەفی نوسـەر لـە بەشـی یەکەمـدا بەسـەر هەمـوو بەشـەکانی تـرەوە دیـارە، پاشـان نوسـەر وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە کـە بۆچـی رۆژئاواییـەکان لـە ئیسـلام تێناگـەن؟، نوسـەر دەڵێـت: فیکـری رۆژئاوایـی لەسـەر بنەمـای تاکگەرایـی و تاکلایەنـە دروسـتبووە، تەنانـەت لـە رووی تێگەیشتنیشـەوە، بـەڵام ئیسـلام بە پێچەوانەوە فەلسـەفەکەی لەسـەر بنەمـای پێکـەوە گرێدانـی دوالیـزم و جیاوازییـەکان بنیاتنـراوە، هـەر ئەمەشـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە فەلسـەفەی ئیسـلام بوارێکـی فراوانتـری بـۆ ژیـان و مرۆڤایەتـی هەیـە، چونکـە ئیسـلام هەڵدەسـتێت بـە پێکـەوە گرێدانـی خـوا و دروسـتکراوەکان و زینـدەوەران، مرۆڤ و مـاددە، لـە مرۆڤیشـدا مـاددەو ژیـان، مـاددەو رۆح، دەرەوە و نـاوەوە.

## حوكمی رەشید وەك باشترین جۆری فەرمانڕەواو دەسەڵاتی سیاسیی

گرفتی گەورەی گەلی کورد و هەموو جیهانی ئیسلامی لە دەسەڵاتدارەکانیدایە، چونکە زۆرینەیان بێ پلان و ستراتیجیەت کاردەکەن، بەرژەوەندی گشتی نیشتمانیی و نەتەوەیی لەبەرچاو ناگرن، چونکە ئەگەر لە خێزانێکەوە سەیر بکەین دەبێت باوك چاوی لە ئایندەی منداڵەکانی و خێزانەکەی بێت، نابێت هەموو سامانی خێزانەکە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا خەرج بکات، یان تەنها چاوی لە منداڵەکانی خۆی بێت، دەوڵەتیش بە هەمانشێوە دەبێت خاوەنی پلان بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، نابێت دەوڵەت سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی بۆ خۆشگوزەرانی گروپێك یان نەوەیەك بەكار بهێنێت، بەڵكو نەوەکانی داهاتووش دەبێت بەشدار بن تیایداو خۆشگوزەرانی بۆ ئەوانیش دابین بکات، لەبەرئەوە چۆن ئەگەر باوکێك خراپەکاربێت ئەوا کاریگەری بۆ سەر هەموو ئەندامانی خێزانەکە هەیە، دەسەڵاتداری گەندەڵ بە هەمان شێوە کاریگەری خراپی بۆ سەر هەموو هاوڵاتیانی وڵاتەکەی دەبێت، لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە ئێمە بێین باس لە حوکمی رەشید بکەین، ئەویش جۆرە کەسانێکی تایبەت دەگرێتەوە کە خاوەنی ئەخلاقێکی سیاسیی بەرزبن، ئەو ئەخلاقە سیاسیەش لە واقیعدا بچەسپێنن، لە ئێستادا هەموو دەسەڵاتدارە گەندەڵەکان باس لە چاکسازیی و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە دەکەن، بەڵام خوای گەورە لە وەڵامی فیرعەوندا کە دەفەرموویت ﴿وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ﴾ هود (٩٧)، واتا هەموو قسەو لێدوانەکانی فیرعەون دوورن لە راستی و هیچ پەیوەندییەکیان بە چاکسازیی و بەرەوپێش چوونەوە نیە، ئەمەش لە وەڵامی ئەم ئایەتەی پێشوودا بوو کە دەیفەرموو "فیرعەون خۆی وا لە قەڵەم دەدات کە بۆچوونەکانی سەرچاوەی چاکەخوازین"، بەڵام قورئان لە وەڵامدا دەفەرموویت ﴿يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ

﴿وَبِئْسَ الْوِرْدُ الْمَوْرُودُ﴾ هود (٩٨)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دۆزەخەی کە لە دنیادا بۆ خەڵکی دروست دەکات، هۆکاری سەرەکیە بۆئەوەی لە دوارۆژدا خۆی بچێتە دۆزەخ.

**دەسەڵاتی چاکەخواز:**

باشترین جۆری حوکمی رەشید یان دەسەڵاتی چاك ئەوەیە کە دنیای خەڵك چاك بکات، لەم رێگەیەشەوە لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان بکات، چونکە ئەگەر نەتوانین دنیایەکی باش و چاك بۆ هاوڵاتیانمان دابین بکەین ئەوا ئەوکات حوکم و فەرمانڕەوایی دەشێوێت، کەسانێك دەبنە دەسەڵاتدار کە هیچ سیفەتێکی سەرکردایەتیان تێدانیە و بە هیچ جۆرێك پیاوی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی نین، لەبەرئەوە ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بەوەیە کە سیستمی سیاسی دەسەڵات بەرەو ئاقاری دیموکراسی و دەسەڵاتی گەل بەرین، هەتا لەم رێگەیەوە خەڵك بتوانێت باشترین کەسانێك هەڵبژێرێت کە فەرمانڕەواییان بکات، ئەمەش ئەو ئەزموونەیە کە ئێستا لە رۆژئاوادا پیادە دەکرێت و سەرکەوتنیشی بە دەستهێناوە، بەڵام لەم وڵاتانەی جیهانی ئیسلامیدا ئاراستەیەکی مەترسیدار دەستی پێکردووە بۆ بەرەو رووبەڕوونەوەی دیموکراسی و ئازادی گەلان و چەسپاندنی مافی هاوڵاتیبوون، لەم رێگەیەشەوە کۆمەڵە کاربەدەستێك بەشێوەیەکی عەسکەرتاری و دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆیی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

> **باشترین جۆری حوکمی رەشید یان دەسەڵاتی چاك ئەوەیە کە دنیای خەڵك چاك بکات، لەم رێگەیەشەوە لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان بکات**

## ناهۆشیاری گەل:

هەموو ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامیدا لە ئارادایە، لە نێویشیاندا کوردستان، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری هاوڵاتی کە لە رووی عەقڵیەتی سیاسیی و ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەییەوە نەگەیشتۆتە ئاستێك بتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا دروست بکات، ئەو کەسانە سەربخات کە دەتوانن لە رووی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەوە خزمەتی گەورەی گەلەکەیان بکەن، بەم هۆیەشەوە دەسەڵاتداران بێباکن لە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چاکسازی و گەشەپێدان و دیموکراسی، هەر بەم هۆیەشەوە ئاستی گەندەڵیەکانیان بەرزتر دەکەنەوە هەنگاوێك بەرەو چاکسازی نانێن.

## جۆرەکانی حوکمی رەشید:

دووجۆر حوکمی رەشید هەن یەکێکیان پەیوەندی بە دنیاوە هەیە، ئەویتریان پەیوەندی بە دوارۆژەوە هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە دنیاوە هەیە بریتیە لە چاکسازیی و بنیاتنانی سیستمێکی چاك و کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی بۆ بنیاتنانی باشترین جۆری دەسەڵات کە خزمەت بە خەڵك بکات، ئەمەش بەشێکی گەورەیە لە ئامانجەکانی ئیسلام، چونکە ئیسلام ئاینی دەوڵەت و سیاسەتە، سیاسەتەکەشی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ و گەشەپێدانیەتی لە هەموو روویەکەوە، لەم کاتەدا زۆر پێویستە ئێمە کەڵك لە دەقەکانی قورئان و فەرموودە وەربگرین، بەتایبەتی لە بواری سیاسی دا کە باس لە بنیاتنانی حکومەتێکی چاك دەکات لەژێر سایەی سەرکردە و دەسەڵاتداری چاکدا، هەروەها پێویستە ئەم چاکسازییە لە دنیادا ئاراستەمان بکات بۆ چاکبوون لە دوارۆژداو دووربوون لە سزا و لێپرسینەوەکان لەو رۆژەدا. بەهۆی گرنگی چاکەو چاکەخوازیی لە ئیسلامدا خوای گەورە منەت بەسەر ئیبراهیم پێغەمبەر (علیە السلام) دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا بِهِ عَالِمِينَ﴾ الأنبياء(٥١).

**پەندو ئامۆژگاری:**

خـوای گـەورە لـە قورئانـدا کۆمەڵێـك چیـرۆك و بەسـەرهاتمان بـۆ دەگێڕێتـەوە بەتایبەتیـش لـە بـواری دەسـەڵاتدا، نموونـەی بـەرز و بەرچاومـان بـۆ بـاس دەکات، بۆئـەوەی ئێمـەش چـاوی لێبکەیـن و بـەو ڕێچکەیـەدا بڕۆیـن، خـوای گـەورە لـە قورئانـدا چیرۆکـی حەزرەتـی موسـامان (علیـه السـلام) بـۆ بـاس دەکات کـە یەکێکـە لـە پێغەمبەرانـی (ئولـی العـزم) لەگـەڵ پیاوچاکێکـدا کـە خـوای گـەورە سـیفەتی چاکەکاریـی (روشـد)ی پێبەخشـیوە، لـە سـێ وێسـتگەدا ئەمەمـان بـۆ بـاس دەکات، کـە بریتیـن لـە: کونکردنـی کەشـتیەکە و کوشـتنی منداڵەکـەو دروسـتکردنەوەی دیوارەکـە، پـاش ئـەوەی کـە پێغەمبـەر موسـا(علیه السـلام) ئارامـی لەبـەر دەبڕێـت ناتوانێـت لـەم کارانـەی پیاوچاکەکـە تێبـگات، لـە دواییـدا مامۆسـتاکەی راسـتییەکانی بـۆ بـاس دەکات و تێیدەگەیەنێـت کـە بۆچـی ئـەو کارانـەی کـردووە، دەیەوێـت ئـەوەی تێبگەیەنێـت کـە خـوای گـەورە لـەو کارانەیـدا کـە ئەنجامیـان دەدات هەمـووی چاکەیـە بـۆ مـرۆڤ، لەبەرئـەوە باوەڕداریـش نابێـت پەلـە بـکات و دەبێـت چاوەڕێـی ئاینـدە بـکات بـۆ دەرکەوتنـی خاڵـە ئیجابیەکانـی، لـە هەمانکاتـدا موسـڵمانی پێگەیشـتوو و تێگەیشـتوو دەبێـت هەمـوو کارەکانـی دوای توێژینـەوەی ورد ئەنجـام بـدات و پەلـە نـەکات لـە کردنیانـدا و بەراوێـژ کارەکانـی بـکات، ئەمـەش بـە زمانـی سـەردەم پێـی دەوترێـت توێژینـەوە لـە بـواری سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتـی کـە پێویسـتە لـە دووتوێـی چەنـدان دۆسـیەی جیـاوازدا لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت، هـەروەك ئێسـتا لـە رۆژئـاوادا بـۆ چۆنیەتـی زاڵبـوون بەسـەر قەیرانـەکان و دۆزینـەوەی رێگەچـارە بـۆ گرفتـەکان و گەشـەپێدانی کۆمەڵگەکەیـان لـە هەمـوو روویەکـەوە ئەنجامـی دەدەن. هـەر لـەم رێگەیەشـەوە گەیشـتوونە ئـەو ئەنجامـەی کـە حوکمی رەشـید باشـترین جـۆری حوکمڕانیـەو دەبێـت بەرەنـگاری هەمـوو ئـەو رێگرییانـە ببنـەوە کـە زیانـی پێدەگەیەنێـت یـان لەمپـەری بـۆ دروسـت دەکات.

## لە خۆبايیبوون و خۆ بەگەورە زانین
## وەك سەرچاوەی نەهامەتیەكان

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادارمان دەكات كە خۆمان بە دوور بگرین لە لەخۆبايیبوون، ئەو لە خۆبايیبوونە كە بەهۆی زۆری سەروەت و سامان یان منداڵ یان هێزو دەسەڵات یان ئەوەی مرۆڤ هەیەتی لە عەقڵ و زانست، بۆی دروست دەبێت، چونكە هەموو ئەوانە لە نیعمەتەكانی خوای گەورە حساب دەكرێن كە خوا بە مرۆڤی بەخشیون.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادارمان دەكاتە كە لە هەڵسوكەوت و مامەڵەماندا لە خۆبایی بوونمان تیا بەدی نەكرێت، چونكە لەم ئایەتەدا بەرەو رووی پرسیارێكمان دەكاتەوە كە ئایا هۆی ئەوە چیە مرۆڤ تووشی لە خۆبایبوون دەكات و گوێ بۆ فەرمانەكانی خوای گەورە ناگرێت، وەك دەفەرموویت: ﴿يَا أَيُّهَا الْإِنْسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ* الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ * فِي أَيِّ صُورَةٍ مَا شَاءَ رَكَّبَكَ﴾ الإنفطار(٦-٨).

**ئایا جێگەی پرسیار نیە كە خوای گەورە ئەو هەموو نیعمەتەی پێبەخشیوین بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەر سەرپێچی دەكەین؟**

ئەگەر مرۆڤ لانی كەمی هەستكردنی تێدابێت بەرامبەر بە نەك تەنها خوا بەڵكو بەرامبەر مرۆڤێكیش كاتێك كە چاكەیەكی لەگەڵ دەكات ئەوا پێویستە سوپاسی بكات، بەڵام ئایا كاتێك خوای گەورە ئەو هەموو نیعمەتانە بە مرۆڤ دەبەخشێت كە لە ژمارە نایەن كەچی ئەو ئامادە نیە ملكەچی فەرمانەكانی بێت، ئەگەر هۆكاری ئەو لە خۆبايیبوونەی مرۆڤ ئەقڵ و لێهاتنەكانی بێت ئایا نابێ بڵێت، سەرچاوەی ئەو ئەقڵە بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی دنیا كێیەو كێ پێی بەخشیوە؟ ئەگەر سەرچاوەی ئەو لە خۆبایبوونە هێزو دەسەڵات بێت، ئەوا خوای گەورە بۆیە ئەوانەی پێبەخشیوە هەتا پێی تاقیبكرێتەوەو سەرەنجامیش بە چاكەو بەخراپە پاداشتی خۆی لەسەر وەردەگرێت.

هەتا نیعمەتەكانی خوای گەورە لەسەر مرۆڤی باوەڕدار زیاد بكات

سوپاسگوزاری و ملکەچی بۆ خوا زیاتر دەکات، بۆ ئەم مەبەستەو بۆ ئەم کارە چاکانە پێویستە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەینە پێشەنگی خۆمان دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی رزگارکردنی شاری مەککەدا، هەموو سەرکردەو گەورە پیاوانی قورەیش و مەککە کە خاوەنی ماڵ و دەسەڵاتی زۆربوون بەسەرشۆڕی هاتنە بەردەم پێغەمبەری خوا بەڵام ئەم سەرکەوتنە نەبووە مایەی ئەوە کە لە خۆیبایی ببێت و بەرامبەرەکانی سەرشۆڕ بکات بەڵکو مامەڵەیەکی مرۆڤدۆستانەی لەگەڵکردن و بە سواری حوشترەکەیەوە سەری نزمکردەوەو سوجدەی بۆ خوای گەورە بردو سوپاسگوزاری نواند لەسەر ئەو سەرکەوتنەی کە پێی بەخشیوە.

پێویستە مرۆڤی موسڵمان بگاتە ئەم حاڵەتە لە سوپاسگوزاری خاکیبوون بەردەوام لە دڵیدا هەست بە گەورەیی خوا بکات و لێی بترسێت و وا هەست نەکات کاتێك کە خوا نیعمەتێکی پێدەبەخشێت ئەوە کۆتایی شتەکانە.

لەکاتێکدا کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی چیرۆکی شەیتان و لەخۆبایی بوونەکەی دەکات چەندان وانەو ئامۆژگاری بۆ ئێمە تێدایە، ئەمە لەکاتێکدا کە شەیتان بە درێژایی ساڵانێکی زۆر عیبادەتی خوای کردووە لە هەمانکاتدا خوای گەورە رێزی لێناوەو لەگەڵ فریشتەکاندا خوایان پەرستووە، کەچی لە یەکەم تاقیکردنەوەدا شکست دەخوات و گومرایی دەیگرێت، ئەوەش کاتێك بوو کە خوای گەورە فەرمانی کرد بە فریشتەکان کڕنوش بەرن بۆ ئادەم وەك رێزێك بۆ ئەو، بەڵام کە هەموو فریشتەکان کڕنوش دەبەن شەیتان سەرپێچی دەکات و گومڕا دەبێت، ئامادە نییە کڕنوش بۆ ئادەم بەرێت بەبیانووی ئەوەی کە بنەمای پێکهاتەیان جیاوازە کە دەڵێت ﴿أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ﴾، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئاگر و قوڕ هەردووکیان لە دروستکراوەکانی خوای گەورەن، لە هەمانکاتدا زانیاریەکانی سنوردار بوون و لەو حیکمەتە تێنەگەیشت کە خوای گەورە ئادەمی بۆ دروستکردووە، لەم چیرۆکەوە کۆمەڵێك ئامۆژگاری فێردەبین کە دوورمان دەخەنەوە لە شانازیکردن بە بنەچە و نەتەوەو هۆزەوە، ئایا بۆچی شانازی

بکەین بە خۆمانەوە بەرامبەرەکانمان بە کەم سەیر بکەین لەکاتێکدا کە هەموومان لە ئادمین و ئادەمیش لە خاك دروستکراوە؟.

لە خراپترین جۆرەکانی لەخۆباییبوون و مایەی پێهەڵخلیسکانی مرۆڤ ئەوەیە بڕوا بە بەڵێنەکانی دوژمنان بکات و بچێتە سەر ڕێچکەی ئەوان لە شەیتانەکانی مرۆڤ و پەری، چونکە لە هەردوولاوە هاندەدرێت بۆ لەخۆباییبوون و خیانەت و گەندەڵییی و خۆ بە گەورە زانین، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی سەروەت و سامان و چارەنووسی گەلێك بخاتە مەترسیەوەو ناخۆشترین ژیانیان بۆ دەستەبەر بکات، بەمەش چارەنووسی خۆی و گەلەکەی بەرەو تیاچوون دەبات، چونکە ئەگەر سەیری مێژوو بکەین زۆربەی ئەو کەسانەی لە ڕێگە لایانداوەو ستەمکاربوون بەسەر گەلەکانیانەوە، لەلایەن دوژمنانی دەرەوە پشتیوانیان لێکراوەو پارێزراون، لەم ڕێگەیەشەوە گەلەکانیان سەرشۆڕ کردووە و هەستی ئازادی و سەربەخۆ بوونیان تیایاندا کپکردووەو هەموویان کردوون بە کۆیلە، لە مێژووی هاوچەرخمان دەبینین کە ئەمەریکا ڕێگەی بە فڕۆکەکەی شای ئێران نەدا کە هەرچەند بۆ چارەسەریش دەچوو لە هیچ فڕۆکەخانەیەکی ئەمەریکا بنیشێتەوە بەڵکو بە ناچاری ڕوویکردە میسر و لەوێ مایەوە هەتا مرد، ئەمە لەکاتێکدایە کە شای ئێران بە درێژایی دەیان ساڵ یەکێك بوو لە دۆستە نزیکەکانی ئەمەریکا و ملکەچی سیاسەتەکانی ئەو بوو لە ناوچەکەدا، ئەگەر سەیری شەیتانیش بکەین مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤدا هاوشێوەی ئەمەیە، سەرەتا

**لە خراپترین جۆرەکانی لەخۆباییبوون و مایەی پێهەڵخلیسکانی مرۆڤ ئەوەیە بڕوا بە بەڵێنەکانی دوژمنان بکات و بچێتە سەر ڕێچکەی ئەوان**

پەلکێشی دەکات بۆ بێباوەڕی و سەرپێچی و تاوان، پاشان بەهۆی گومان و وەسوەسەو شتی ترەوە گومانی لە بوونی خواش بۆ دروست دەکات، دوای ئەوە لە ڕێگەی حەز و خۆشیەکانیەوە دەیخاتە ناو بازنەی تاوانکاریەوەو تەسلیمی ئارەزووەکانی دەبێت، هەرچی بیەوێت دەیکات بەبێئەوەی هیچ حسابێك بۆ خواو ئاین و شەرع بکات، بەڵام دواجار کە دەگاتە مەرگ و دەمرێت شەیتان خۆی لێبەری دەکات و هیچ بەرگرییەکی لێناکات، وەك دەفەرموویت ﴿إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ الحشر(١٦).

شەیتان بە هەمانشێوە مامەڵەی لەگەڵ ئادەمدا کرد، کاتێك کە نەیتوانی بگاتە ناو دڵی و بەسەریدا زاڵ بێت لە ڕێگەیەکی ترەوە بۆی چوو، ویستی گومڕای بکات و سەرپێچی خودای پێبکات، ئەویش ئەوەبوو وتی: ئەگەر بە گوێم بکەیت لەبەری درەختەکە بخۆیت ئەوا دەبیتە خاوەنی بەهەشتێکی هەتا هەتایی، ئەم دەسەڵاتەشت بە بەردەوامی دەمێنێتەوە، ئەمەش سەرئەنجامەکەی ئەوەبوو کە خوای گەورە ئادەمی لە بەهەشت کردە دەرەوە.

کەواتە هەرکەسێك بە دنیاو خۆشییەکانی بخەڵەتێت و بە هێز و دەسەڵات و سەروەت و سامانیەوو بە عەقڵ و فیکر و لێهاتنەکانی لەخۆی بایبێت چارەنووسی وەك چارەنووسی شەیتان دەبێت، تەنها کەسێك نەبێت کە پەشیمان ببێتەوەو بگەڕێتەوە بۆلای خوا و داوای لێبوردن بکات.

خوای گەورە لە قورئاندا چیرۆکی فیرعەونمان بۆ باس دەکات کە دەسەڵاتێکی گەورەی لە میسردا هەبوو، لەکاتێکدا کە موسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) داوای باوەڕهێنانی لێکرد و وەك پێغەمبەرێك پەیامی خوای پێگەیاند بەرەوڕووی بووەوە بە گومڕابوون بەو هێز و دەسەڵاتەی کە هەیبوو کەوتە ئازاردانی موساو لایەنگرانی و لە بەرامبەردا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەگەر بڕیاربێت خوایەك هەبێت ئەوە فیرعەون خۆیەتی وەك خوای گەورە دەفەرموویت ﴿وَنَادَى فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِنْ تَحْتِي أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ الزخرف(٥١).

هەروەها قارون بەهۆی ئەو سەروەت و سامانەی کە لەژێردەستی دا بوو لەخۆی بایی بوو بوو، گەلەکەی تووشی کۆیلەبوون و سەرشۆڕی کردبوو بەهۆی ئەو دەسەڵاتە ئابوورییەی کە هەیبوو گوێی بۆ خواو فەرمانەکانی نەدەگرت، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە لەژێردەستی دا بوو، خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿لَا تَفْرَحْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ﴾ القصص(٧٦)، کەچی گوێی بۆ هیچ ئامۆژگارییەك نەگرت و بەخۆیدا نەچووەوە هەموو دەستکەوتەکانی بە موڵکی خۆی دەزانی: ﴿إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي﴾ القصص(٧٨)، سەرئەنجامیش ئەوەبوو کە خوای گەورە خۆی و سەروەت و سامانەکەی لەناوبرد، ئەو سامانەش نەیتوانی رزگاری بکات لەو چارەنووسە رەشەی کە تووشی هات.

ئیسلام داوا لە شوێنکەوتووانی دەکات دووربکەونەوە لە لەخۆباییبوون، زۆرجاریش مرۆڤ بەهۆی ئەو ئامۆژگاری و ئاگادارکردنەوانەوە شەهیدبوون بە دەست دەهێنێت، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموویّت "پێشەوای شەهیدان حەمزەیە، پیاوێکیش دەچێتە بەردەم دەسەڵاتدارێکی ستەمکار و فەرمانی پێدەکات بە چاکەکاریی و دووركەوتنەوە لە خراپی و لە ئەنجامی ئەمەشدا دەکوژرێت".

گومڕا بوونی کەسێك کە لە دەسەڵاتدایە و پۆستێکی گەورەی هەیە تاوانەکەی زۆر لە کەسێکی ئاسایی گەورەترە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی چارەنووسی گەلێك بەرەو نادیاری بڕوات، ئەمەش لە ئێستادا گرفتی گەورەی جیهانی ئیسلامییە چونکە دەسەڵاتدارەکانی بەهۆی گومڕابوون و گوێنەگرتن لە رەخنە و نەگەڕانەوە بۆ راو دەنگی خەڵك پەنا دەبەن بۆ ستەمکاری و خوێنڕێژی و نا عەدالەتی و سەرکوتکردنی ئازادی و بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی و حوکمی عەسکەرتاریی، سەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە دەیبینین وڵاتانی ئیسلامی ئێستا لەدواکەوتووترین وڵاتانی جیهانن و هەژاریی و شەڕی ناوخۆ و کوشتارێکی بێسنور باڵی بەسەردا کێشاوە، ئەو ئوممەتەی کە خوای گەورە باسی دەکات بە باشترین ئوممەت ئێستا لە ئاستی خراپترین و دواکەوتووترین گەلانی جیهانن.

# حوكمڕانی چاك له چیرۆكی پێغەمبەر سولەیماندا (علیه السلام)

هەموو ئەوەی لە قورئاندا باسکراوە دەربارەی هەواڵی گەلانی پێشوو لەلایەنی باشەو خراپەوە، وەك پەند و ئامۆژگاری وایە، هەتا هەموومان لە ژیاندا کەڵکی لێ وەربگرین، چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان لەگەڵ شاژنە بەلقیسدا، ئەم چیرۆکە پڕە لە پەند و ئامۆژگاری لەسەر چەندان ئاست، ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵ و دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات.

لەو پەندانەی کە لەم چیرۆکەدا سودی لێ وەردەگرین بریتین لە:

یەکەم: خوای گەورە لەو ئایەتەدا کە لەسەر زمانی سولەیمان پێغەمبەر خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ﴾ النمل(٢١)، دوو سود هەیە:

**سوودی یەکەم:** نابێت حوکم لەسەر کەسی نادیار بدرێت، چونکە هەموو نادیارێك بەڵگەکانی لای خۆیەتی، ئەگەر حوکمێکیش بە سەریدا بدرێت دەبێت بە شێوەی هەڵواسراو بێت هەتا ئەو کاتەی نادیارەکە ئامادە دەبێت، لەگەڵ خۆیدا باسی بەڵگەکانی دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکە و ئەگەر نەشیتوانی ئەوا ئەوکاتە حوکمەکە بەسەریدا جێبەجێ دەبێت.

ئەمەش ئەو کارە بوو کە پێغەمبەر سولەیمان بەرامبەر (پەپوسولێمانکە) کردی، مۆڵەتی تەواوی پێدا بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە باسی هۆکاری دواکەوتنەکەی بکات، نەك وەك ئەوەی کە هەندێك لە حکومەتەکانی ئەمڕۆ دەیکەن، دێن حوکمێکی نادیار دەسەپێنن بەسەر هەندێك کەسایەتی و بانگخوازدا کە تەمەنیان لە سەرو (٩٠) ساڵەوەیە بە بیانووی ئەوەی کە بەشداریان کردووە لە رووبەڕووبوونەوەی هەندێ لە سیاسەتەکانی حکومەت لەپێش دەیان ساڵ لەمەوپێش.

**سوودی دووەم:** (پەپوسولێمانکە) لێرەدا نموونەی سەربازێکی باشە، کە پابەندە بە فەرمانی گەورەکەیەوەو جێبەجێی دەکات، هەست بە بەرپرسیاریێتی دەکات و بەباشی هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی، پشت نابەستێت بە تەمبەڵی و پاڵدانەوە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان، کەمتەرخەمی ناکات لە گەڕان بەشوێن شتی چاکە و ئەو شتانە کە سود دەگەیەنن بە هاوڵاتیان و نیشتمانەکەی.

دووەم: خوای گەورە لەسەر زاری پێغەمبەر سولەیمان دەفەرمووێت: ﴿قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ النمل(٢٧)، لەمەش تێدەگەین کە :

- لێرەدا (پەپوسولێمانکە) بە درۆ تاوانبار ناکرێت، هاوکات هەواڵەکەشی بە راستی تەواو لێ وەرناگیرێت بۆ هێرشکردنە سەر (سەبەء)، پەلە ناکرێت بەڵکو بیری لێ دەکرێتەوەو مۆڵەتی دەدرێتێ، داواش لە (پەپوسولێمانکە) دەکرێت کە راستگۆیی پێشنیار و بۆچوونەکانی بسەلمێنێت: ﴿قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ النمل (٢٧)، لەبەرئەوە دروست نیە مرۆڤ پشت ببەستێت بە بەڵگەیەکی گوماناوی لە دەرکردنی حوکمێکدا، بەڵکو پێویستە وردبینی تێدا بکات و بگاتە بەڵگەی تەواو، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا﴾ الحجرات(٦)، لە چەسپاندن و بەدرۆخستنەوەی شتێکدا پشت نابەستێت بە بەڵگەی گوماناوی کە لەلایەن یەکێکەوە باس دەکرێت، بەڵکو پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری و سەلماندنی راستی هەواڵەکە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە یەکێك تاوانبار نەکرێت بە شتێك کە نەیکردووە، نابێت بۆ ئەم حوکمانەش پشت بە قسەی بێ بەڵگە و ئەم و ئەو ببەسترێت.

سێیەم: لە ئایەتی: ﴿إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ﴾ النمل(٢٣)، (پەپوسولێمانکە) هەواڵەکە بەوپەڕی

دڵنیاییەوە باسدەكات و باس لەو شتانە دەكات كە بینیویەتی، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

- سیستمی حوكمڕانی لە (سەبەء)دا پاشایەتیە و پاشاكەشیان ژنێكە ﴿إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ﴾، هەموو مێژوونووسان كۆكن لەسەر ئەوەی كە ئەم ژنە ناوی (بەلقیس)ە و لە یەمەندا ژیاوە لە باوكییەوە دەسەڵاتی بۆ ماوەتەوە، بەلقیس پاشا دەسەڵاتدارێكی بەهێز بووە توانیویەتی سەربكەوێت بەسەر هەموو نەیارەكانیدا وەك حەبەشە و ئەوانی تر، بەڵام لەكاتێكدا كە پەیامی پێغەمبەر سولەیمانی پێدەگات بە زیرەكی خۆی هەست دەكات ئەم نامەیە وەك نامەی پاشاكانی تر نیە، چونكە ناوەڕۆكەكەی هەڕەشەی تێدانیە و ئامانجیشی دزین و دەستبەسەردا گرتنی شانشینەكەی نیە، بەڵكو لە ناوەڕۆكەكەیدا پەیامێكی مرۆڤدۆستی و پێشكەوتووە، بەلقیس لەكاتێكدا كە باسی ئەم نامەیە دەكات بۆ گەلەكەی دەڵێت "نوسراوێكی بەخشندەیە".
- هەندێ كەس بەهۆی نەشارەزاییان بە زمانی عەرەبی وای باس دەكەن كە پێغەمبەر سولەیمان سەرەتای نامەكەی بەناوی خۆی دەست پێكردووە،كە ئەمەش دوورە لە راستیەوە، بەڵكو راستیەكەی ئەوەیە لەكاتێكدا كە پادشا باس لە هاتنی ئەم نامەیە دەكات بۆی، یەكێك پرسیاری لێدەكات ئەم نامەیە لەلایەن كێوە هاتووە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: لەلایەن سولەیمانەوە كە ناوبانگی گەیشتۆتە هەموو دنیا، ئەمەش رستەیەكی هەواڵیە نەك ئینشائی.

پاشان یەكێكی تر دەپرسێت: ناوەڕۆكی پەیامەكە چیە؟ ئەویش دەڵێت: ﴿إِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾ النمل(٣٠)، كەواتە هیچ كەس بۆی نیە كە ناوی خۆی بخاتە پێش ناوی خواوە، پێغەمبەری خواش (ﷺ) لەسەر هەمان رێچكە رۆیشتووەو سەرەتای نامەكانی هەمووی بەناوی خواوە دەست پێكردووە، پاشان ناوی خۆی دەهێنێت

و باس لە ناوەرۆكی نامەكەی دەكات كە ناردوویەتی بۆ پاشا و دەسەڵاتدارەكان.

چوارەم: لە ئایەتی: ﴿قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّى تَشْهَدُونِ﴾ النمل(٣٢)، ئەم پەندانە وەردەگرین:

- لە وشەی (أمرا) كە نەكیرەیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە فەرمانەكە دیكتاتۆری نیە و بە راوێژە، هیچ كاتێك فەرمانێكی دەرنەكردووە كە لەخۆیەوە بێت و نەگەڕابێتەوە بۆ ئەنجومەنی راوێژكاریی و ئەنجومەنی ئاسایشی وڵاتەكەی، ئەم ئایەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات كە حوكمی بەلقیس لەسەر بنەمای راوێژكاریی بووە.
- راوێژكردنی بەلقیس بە ئەنجومەنەكانی، بانگەشەیە بۆ ئەوە كە راوێژكردن بكرێتە بنەمایەكی بنچینەیی لە بنەماكانی حوكمی رەشید، دەوڵەت كاتێك ئارام دەبێت و بە خۆشگوزەرانی دەژی كە ئەنجومەنی راوێژكاری هەبێت و پێشنیار و ئامۆژگاری بدات بە دەسەڵاتداران، هەر بەرپرسێكیش خێر و چاكەی تێدا بێت، ئامادەیە گوێ بگرێت بۆ ئامۆژگاری باش و خۆ رزگاركردن لە سەپاندنی بۆچوونەكانی.
- بەلقیس لەنێو ئەنجومەنی راوێژكاریی دا سەرەتا باسی لە بۆچوونی خۆی نەكردووە، چونكە ئەگەر وای بكردایە ئەوە هیچ مانایەك بۆ راوێژكاریی نەدەمایەوە بۆچوونەكەی ئەو دەبووە بڕیار، بەڵكو بۆچوونەكانی

**”راوێژكردنی بەلقیس بە ئەنجومەنەكانی، بانگەشەیە بۆ ئەوە كە راوێژكردن بكرێتە بنەمایەكی بنچینەیی لە بنەماكانی حوكمی رەشید**

بەسەریەکەوە دەخستە بەردەم گفتوگۆ باشترین بۆچوونی هەڵدەبژارد، بەمەش وڵاتەکەی پێشکەوت و ئاوەدان بوویەوە دووربوو لە خوێنڕشتن.

- راوێژکاریی مەبدەئێکی ئیسلامییە و پرۆگرامێکی خواییە، پێویستە بەرپرس گوێ لە راو بۆچوونی کەسانی تر بگرێت و پاشان بڕیاری دانایانە بدات، بەمەش کۆمەڵگا پارێزگاری لە بەها بەرزەکانی خۆی دەکات و خۆشگوزەران دەژی.
- پێویستە باوک لەناو خێزاندا پشت بە راوێژکاریی ببەستێت و لە هەندێك کاروباری تایبەتی دا راوێژ بە خێزانەکەی بکات، نابێت بۆچوونەکانی خۆی بەسەر خێزاندا بسەپێنێت و تەنها لە روانگەی غەریزەوە سەیری ئافرەت بکات، چونکە قورئان گرنگیەکی زۆری بە رۆڵی ئافرەت داوە هەموو ئازادیەکی پێداوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی لە چوارچێوەی شەریعەتدا.
- یەکێك لە وێنە رۆشنەکانی شارستانیەتی ئیسلامی ئێمە ئەوەیە کە ئیرادەی بۆ ئافرەت دروست کرد و رێز و پایەی بەرزکردەوە. لەوانەش گوێ گرتنی خوای گەورە بوو لە ژنێك بەناوی (ئەوسی کچی صامت) کە خوای گەورە گوێ لە گفتوگۆکەیان دەگرێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)، خوای گەورە پشتیوانی لە بۆچوونەکانی دەکات، وەك دەفەرموویێت: ﴿قَدْ سَمِعَ اللهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾ المجادلة (١).
- بەلقیس لە سەدان لەو سەرکردانە زۆر باشترە کە بوونە هۆی وێرانکردنی وڵاتەکەیان و ئاوارەکردنیان و جینۆسایدکردنیان، لە شەڕی ساڵی (١٩٦٧) یشدا بینیمان ئەو سەرکردە سەربازیانەی کە سەرشان و سنگیان چەندەها مەدالیای گەورەی سەربازی پێوەبوو بەڵام بەخۆیان و سەربازەکانیانەوە لەبەردەم سەرۆکایەتی حکومەتی ئیسرائیل کە ژنێك بوو چۆن رایانکرد.
- ئیسلام رێزی لە ئافرەت گرتووەوە داوا دەکات کە لە زۆر

کێشـەدا راوێژیـان پێبکرێـت وەك (شـیردان و چەنـدان کێشـەی تـر کـە وەك پیـاو ئـاگادارن لـە روودانـی دا، هەروەهـا لـە بەدەسـتەوە گرتنـی پۆسـتە باڵاکانـی وەك دادگاکان و سـەرۆکی حکومـەت و سـەرۆك وەزیـران و وەزارەتـەکان و چەنـدان پۆسـتی تـری گرنـگ.

بەلقیـس ئەنجومەنێکـی راوێژکاریـی دروسـت کردبوو کـە حوکمـی وڵاتەکـەی دابـووە دەسـت ئـەوان، پاشـان بڕیاریـدا قوربانـی بەخـۆی بـدات و خـۆی بچێـت بـۆ بینینـی پێغەمبـەر سولەیمان، پێـش ئـەوەی بیگاتـێ پێغەمبـەر سـولەیمان بڕیاریـدا کـە تەختەکـەی لـە (سـەبەء) وە بـۆ بگوازێتـەوە، گفتوگۆکـەش بـەم شـێوەیەك بـوو.

پێنجـەم: خـوای گـەورە دەفەرموویـت: ﴿قَالَ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ* قَالَ عِفْرِيتٌ مِنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِنْ مَقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ* قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ فَلَمَّا رَآهُ مُسْتَقِرًّا عِنْدَهُ قَالَ هَذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَمَنْ شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ﴾ النمل(٣٨-٤٠)، لـەم ئایەتانـەدا چەنـد پەنـد و ئامۆژگاریـەك هەیـە:

- لـە ئایەتـی ﴿وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ﴾ ئێمـە بـۆ هەمـوو کارێـك و بەرپرسـیارێتیەك لـە رووی کارگێـڕی و کۆمەڵایەتیـەوە پێویسـتمان بـە دوو سـیفەت هەیـە، ئەوانیـش هێـز و ئەمانـەت پارێزیـە. هـەر کارمەندێـك لـە دەوڵەتـدا یەکێـك لەمانـەی نەبێـت فەرمانگـە و دامـەزراوە و دەوڵەتەکـەی روو لـە گەندەڵییـی و خراپەکاریـی دەکات، مافـەکان پێشـێل دەکرێـن و پشـێویی روو دەدات.
- لـە ئایەتـی ﴿قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ﴾ ئەمـە نـاوی (ئاسـیفی کـوڕی بەرخیـا) بـووە، خـوای گـەورە بـە ناوێکـی گـەورە ڕێـزی لێگرتـووە بەهـۆی چاکـە و خواپەرسـتیەوە کەرامەتێکـی داوەتـێ بۆئـەوەی ئەمـە لەسـەر دەسـتی ئـەودا بێتـەدی.
- لـە ئایەتـی ﴿هَذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ﴾ پێویسـتە چاکـە بدرێتـەوە پـاڵ کەسـانی چاکـەکار، کـەس بەهێـزی خـۆی بوغـرا

نەبێت و وانەزانێت بەهۆی زانیاری و هێزی خۆیەوەیەتی کە خاوەنی نیعمەتەکانی دنیایە، بەڵکو دەبێت ئەمە بدرێتەوە دەست خواو وەك تاقیکردنەوەیەك سەیری بکات، کە ئایا لەسەر ئەم نیعمەتانە سوپاسگوزار دەبێت یان تووشی سەرپێچی و تاوان؟

- پێویستە هەموو مرۆڤێك کە خوای گەورە نیعمەتێکی دەداتێ لەخۆی بایی نەبێت و سوپاسگوزاری ئەو کەسە بکات کە پێی بەخشیوە.

شەشەم: لە ئایەتی ﴿فَلَمَّا جَاءَتْ قِيلَ أَهَكَذَا عَرْشُكِ قَالَتْ كَأَنَّهُ هُوَ﴾ ئەم پەندانە وەردەگرین:

- تەعبیری (قیل) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گرنگی نەدراوە بە کۆشکەکەی و ئەوەی لەناویدا هەیە، ئەمەش دەستەواژەیەکە بۆ لاوازکردن، واتە نابێت دەسەڵاتدار خۆی بە وتەبێژی فەرمی دەوڵەت بزانێت و دەربارەی هەموو شتێك قسەبکات و وڵات بە موڵکی خۆی بزانێت.
- لە وەڵامی بەلقیسدا ﴿كأنه هو﴾ بەڵگەیە لەسەر زیرەکی ئەو شاژنە کە دەیەوێت بە زیرەکی لەو ئیحراجیە دەربچێت و نە دانی پێدا دەنێت و نە ڕەتیشی دەکاتەوە.

بەلقیس کە لە ڕووی حوکمڕانیەوە چاك و لێهاتوو بوو، هەروەها لە ڕووی زمانیشەوە زیرەك و شارەزا و دانا بوو، ئیسلامبوونی خۆی بۆ پێغەمبەر سولەیمان ڕاگەیاند، ئەمەش نەك لەپێناو سولەیماندا بەڵکو تەنها بۆ خوای گەورە، ئەمەش هەڵوێستێکی بەرز و گەورە بوو لەوپەڕی دەسەڵاتەوە ئیمان و خوا پەرستی خۆی ڕاگەیاند.

## سیاسەتی رەشبینی و بێهیوایی

دوو نەخۆشی زۆر مەترسیدار هەن ئەگەر لە هەر گەل و نەتەوەیەك بدەن دەبنە مایەی پەرتەوازەیی و رەشبوونی ئاییندەی، ئەوانیش بێهیوایی بوون و پاڵدانەوەیە.

مەبەست لە بێهیوایی بوون نەمانی هیوایە بە هیچ شتێك لە ئاییندەدا، لەم حاڵەتەدا مرۆڤ بە تەواوی بەرچاوڕەش دەبێت و لە ئاییندەدا هیچ شتێکی باش نابینێت، بڕوای بە هیچ هاوكاری و پشتیوانیەك نیە تەنانەت بەرامبەر بە سۆز و بەزەیی خوای گەورەش دوودڵ دەبێت، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە كە مرۆڤ بەرەو ترسناكی و لەناوچوون دەبات، دواجاریش بەرەو بێباوەڕی هەنگاو دەنێت.

بەڵام پاڵدانەوە زۆر لە بێهیوایی بوون ترسناكترە، چونكە شوێنكارەكانی لەسەر دەموچاوی دەردەكەوێت و بەهەڵسوكەوت و مامەڵەی رۆژانەیەوە دیارە، مرۆڤ لەم حاڵەتەدا تەسلیمی هەموو ئەو گرفت و ناڕەحەتیانە دەبێت كە لە ژیاندا هەیە، بەم هۆیەشەوە فیكر و عەقڵی لەكار دەكەوێت و ناتوانێت رێگە چارەیەك بۆ دەرچوون لێی بدۆزێتەوە، بەرامبەر بە هەموو شتێك لە ئاییندەدا رەشبین دەبێت، لە رووی دەروونیەوە ژیانی دەبێتە دۆزەخێكی تایبەتی.

جا بۆئەوەی مرۆڤی موسڵمان بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بكات و نەكەوێتە داوی

**جا بۆئەوەی مرۆڤی موسڵمان بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بكات و نەكەوێتە داوی بێهیوایی و پاڵدانەوەوە، پێویستە بەردەوام بە هیواوە بژی**

بێهیوایی و پاڵدانەوەوە، پێویستە بەردەوام بە هیواوە بژی، چونکە مرۆڤی باوەڕدار هەرچەند بە گرفت و ناڕەحەتی دەورەی بگیرێت هەر لەوێوە تیشکی رووناکی دەبینێت و بە باوەڕێکی گەورە بە خوای گەورەوە وادەبینێت کە ئەو گرفت و ناڕەحەتیانە کۆتاییان پێدێت، هەرکەس پشت بەخوا ببەستێت خوای گەورە پشتی تێناکات و لەگەڵی دەبێت و بەرەو کەناری رزگاری و ئاسودەیی دەیبات.

ئایا کەسی موسڵمان چۆن نائومێدی رووی تێدەکات لەکاتێکدا کە بەردەوام لەگەڵ خوادا دەژی؟ قورئان دەخوێنێتەوەو لە ئایەتەکانی ورد دەبێتەوەو سەرئەنجامی گەلانی پێشوو دەبینێت، لەمەوە پەند و ئامۆژگاری وەردەگرێت، دەگاتە ئەو راستیە کە هەموو ستەمکاران بەرەو لەناوچوون دەچن و گرفتە گەورەکان و تارماییەکانی ژیان لەگەڵ کەسەکاندا دەڕۆن، ئەوەی کە بە بەردەوامی دەمێنێتەوەو لەچاو ون نابێت تەنها خوای گەورەیە.

ئایا باوەڕدارێك کە کەوتبێتە شوێن پەیامی پێغەمبەر (ﷺ)، کە هەمووی گەشبینی و هیوایە چۆن بێهیوا دەبێت، وەك لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت ﴿لَا طِيَرَةَ وَيُعْجِبُنِي الْفَأْلُ قَالَ وَالْفَأْلُ الْكَلِمَةُ الْحَسَنَةُ الطَّيِّبَةُ﴾.

ئایا مرۆڤی باوەڕدار چۆن خۆی دەداتە دەست بێهیوایی و پاڵدانەوەوە؟ لەکاتێکدا کە ئەمە نەخۆشیەکی لەناوبەرە، قورئان زۆر بە روونی باسی دەکات و ئەوەمان بۆ روونەکاتەوە کە هەرکەسێك لە دنیادا بەو شێوەیە بژی ئەوا لە رۆژی دوایشدا هیچ پاداشتێکی نیە.

خوای گەورە لە (١٨) ئایەتدا بێباوەڕان بە کەسانی رەشبین بەرامبەر بە سۆز و بەزەیی خوای گەورە باس دەکات، بەڵام خوای گەورە کاتێك روودەکاتە باوەڕدار بە وتەیەکی زۆر ناسك و جوان باسی دەکات کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دڵی باوەڕدار هەیە: ﴿يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ الزمر(٥٣).

خوای گەورە بۆ پشتیوانیکردن و بەدەمەوەهاتنی دوو پێغەمبەری گەورەی خۆی کە (ئیبراهیم و یەعقوب)ن دڵنەواییان دەکات و داوایان لێدەکات کە

هيوايان بە ئايندە زۆر بيّت و تووشى رەشبينى نەبن، وەك دەفەرموويّت: ﴿وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ﴾ يوسف(٨٧)، هەروەها دەفەرموويّت: ﴿وَمَنْ يَقْنَطُ مِنْ رَحْمَةِ رَبِّهِ إِلَّا الضَّالُّونَ﴾ الحجر(٥٦).

مرۆڤى باوەڕدار بەهۆى عەقيدەيەكى چەسپاو بەوەى كە هەرچى لە گەردووندا روودەدات بەدەستى خواى گەورەيە، هيچ شتيّكيش نيە لە دەرەوەى ئيرادەى ئەو بيّت، خواى گەورەش هەموو رووداوەكان بە قازانجى مرۆڤى باوەڕدار ريّكدەخات، بۆ ليّكدانەوەى ئەمەش نابيّت تەنها بە چاويلكەيەكى دنيابينى سەيرى رووداوەكان بكريّت، باوەڕدار لەو بڕوايەدايە كە خواى گەورە بينايە بە ژيان و گوزەرانى هەموو كەسيّك، بەم هۆيەوە بڕواو دامەزراوى بەخوا زۆر دەبيّت و دەبيّتە خاوەن ئيرادەيەكى بەرز و خۆڕاگر و لەكاتى بەلا و نارەحەتيشدا چۆك دانادات.

بەلام مرۆڤ كائينيّكى كورتبينە و دەيەويّت لە كەمترين كاتدا ئەنجامى رووداوەكان ببينيّت ﴿خُلِقَ الْإِنْسَانُ مِنْ عَجَلٍ﴾ الأنبياء(٣٧)، مرۆڤ دەيەويّت زۆر بە زوويى لە نەهامەتيەكان رزگارى ببيّت و بە زووترين كات بگات بە هيواكانى، بەلام زۆرجار ئەوەى لەبير دەچيّت كە ئەگەر بەراوردى بكەين بە ژيانى هەميشەيى و نەبڕاوەى خوا خاوەنى تواناو تەمەنيّكى كورتە.

**هەنديّ لە هۆكارەكانى رەشبينيى:**

**يەكەم:** باوەڕ نەبوون بە خواى گەورە، ئەمەش گوزارشتە لە ژيانى بيّباوەڕان كە رەشبينن بەرامبەر بە هەموو شتيّك لە دەوروياندا هەيە لەبەرئەوە ئەوان بيّ ئامانجن لە ژيان.

**دووەم:** لاوازى ئيمان لە دلّدا، ئەمەش حالّى دووڕووەكانە، چونكە ئەمانە هەموو گرفتەكان بە چارەڕەشى و نەگبەتى لە قەلّەم دەدەن.

**سيّهەم:** پەلەكردن و نەبوونى ئاراميى، كە ئەمە هەنديّك لە باوەڕداران و موسلّمانان تيّى دەكەون، بەلام بە پەلە پەشيمان دەبنەوەو دەگەڕيّنەوە بۆلاى خواى گەورەو تەسليم نابن بە رەشبينيى و پالّدانەوە.

**چوارەم:** پەلەكردن، ئەمە سروشتى زۆربەى خەلّكە، بەلام مرۆڤى باوەڕدار دەزانيّت كە هەموو شتيّك سنوريّكى هەيە، هەموو زيندەوەريّك

كاتی مردنی بۆ دیاریكراوە، لەبەرئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تەسلیم بوون بە فەرمانەكانی خوای گەورەو قەزاو قەدەر و بەجۆرێك سەیری دنیاش دەكات كە چەند رۆژێكی كەمە و دوایی دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگار.

**چەند نموونەیەك لەسەر ئارامیی و خۆڕاگریی:**

هەركەسێك لە چیرۆكەكانی قورئان ورد بێتەوە ئەوا چەندان پەند و ئامۆژگاری و وانەی لێ فێردەبێت، هیوا دەگەڕێنێتەوە بۆ دڵی موسڵمانان، چونكە گێڕانەوەی ئەم چیرۆكانە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ ئەوەیە مرۆڤی باوەڕدار بە هیواوە بژی و پشت بە خوا ببەستێت، چاوی لە سۆز و بەزەییە بەرفراوانەكەی بێت، خوای گەورە بكاتە پشت و پەنای خۆی بۆ سەركەوتن بەسەر گرفت و ناڕەحەتیەكاندا.

چیرۆكی سەروەرمان (یوسف) (علیه السلام) وەك نموونەیەكی پێشەنگ وایە، براكانی پلانی بۆ دادەڕێژن و خیانەتی لێدەكەن و لە باوەشی سۆز و خۆشەویستی باوكی و نیشتیمان دووری دەخەنەوە و دواجار فڕێی دەدەنە بیرێكی تاریكەوە، كە ئەگەر سۆز و بەزەیی خوا نەبوایە هیچ هێزێك نەبوو بتوانێ بیگەڕێنێتەوە.

ئای چەندە دیمەنێكی ناخۆش و خەمناكە كاتێك كاروانێك بە تەنیشتی بیرێكدا تێپەڕ دەبێت و بۆ هێنانی هەندێك ئاو سەیری بیرەكە دەكەن منداڵێكی تێدایە، ئەوانیش لە جیاتی بەزەیی هاتنەوە پێیدا كەدەریدەهێنن دەیبەن لە بازاڕدا بە چەند دینارێك دەیفرۆشن، پاشان چەند جێگەی دڵتەنگیە ئەم گەنجە دەخرێتە زیندان و بەبێ تاوان زیندانی دەكرێت، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی كە وەڵامی غەریزەیەكی سەركەشی ژنەكەی عەزیزی میسر ناداتەوە، هەموو ئەم هەنگاوانە بۆ ئەوەیە تا لە ئایندەدا ئەم گەنجە ببێتە پادشای میسر و گەلی میسر رزگار بكات لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی كە تیایدا دەژی.

لە ژیاننامەی پێغەمبەرمان (محمد) (ﷺ)، چەندان دیمەنی ناڕەحەتی و ناخۆشی هەیە، بۆ رزگاربوون لەو ناڕەحەتیانە پێغەمبەر (ﷺ) پەنا دەباتە بەر كۆچكردن و جێهێشتنی نیشتمان و خزم و كەسوكار، هەر ئەمەشە

لەدواییدا دەبێتە مەشخەڵێکی گەورە بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی لەسەرتاسەری دنیا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی جیهانی و رزگارکردنی هەموو ستەملێکراوانی جیهان لەدەست ئەو ستەمکارانە.

ڕەشبینیی یەکێکە لە گەورەترینی تاوانە گەورەکان، هۆکارێکە بۆ وێرانکردنی دڵی باوەڕداران کە جێگە بە ئیمان لێژ دەکات و بێ ئیمانی جێگەی دەگرێتەوە وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویێت ﴿**أَكْبَرُ الْكَبَائِرِ: الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، وَالْأَمْنُ مِنْ مَكْرِ اللَّهِ، وَالْقُنُوطُ مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ، وَالْيَأْسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ**﴾، باوەڕدار بە ئیمانەکەیەوە بەهێزە،هەرکاتێك ئیمانی لاوازبوو خۆشی بێهێز دەبێت، بێهیوایی و پاڵدانەوە زاڵ دەبێت بە سەریدا و ژیانی تێکدەشکێنن و کەسایەتی ناهێڵن.

بۆ ژیانی تایبەتی نەتەوەیەکیش هەرکات ڕەشبینی زاڵ بوو بەسەر گەلێکدا و هیوای بە ژیان نەما و پلانی نەبوو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانێکی شایستە، ئەوکات ئەو گەلە ڕوو لە دواکەوتوویی و گەندەڵی و نەخۆشی و دواکەوتوویی دەکات، لەناو خۆیاندا دەبنە دوژمنی یەکترو لەڕووی سیاسی و شارستانیەوە هیچ ڕۆڵ و سەنگێکیان نابێت.

**چارەسەری ڕەشبینیی:**

- گەڕان بە شوێن سەرچاوەی ئەو ڕەشبینیەو دانانی چارەسەری گونجاو بۆی.
- بەهێزکردنی ئیمان بە خوای گەورە لە ڕێگەی بەردەوامبوون لەسەر زیکر و خوێندنی قورئان و خۆڕازاندنەوە بە ئەخلاقی پیاوچاکان.
- گومانی باش بردن بە خوا، ئەویش لە ڕێگەی فێربوونی پەند و ئامۆژگاری لە چیرۆکی کەسان و نەتەوەکانی ڕابردوو.
- ئارامگرتن، سەرەڕای تاڵی و ناخۆشیەکانی بەڵام لە ناوەڕۆکی دا هیوا و ڕزگاری تیا بەدی دەکرێت.
- شوێنکەوتنی پێغەمبەران و پیاوچاکان و ئاگاداربوون لە ژیان و هەڵوێستەکانیان.

## لە پێشوازی ڕەمەزاندا

پێویستە لەسەرمان هەر لەئێستاوە خۆمان ئامادە بكەین بۆ پێشوازی مانگی ڕەمەزان، پێداویستیەكانی بۆ ئامادە بكەین و زمانمان بەم نزایە پاراو بكەین و بڵێین (خوایە گیان سوپاس بۆ تۆ كە جارێكی تر گەیشتینەوە ڕەمەزان، پشتیوانیمان بكە بۆ بەئەنجامگەیاندنی، ئەو چاكە و تەقوایەشمان بە نسیب بكە كە تیایەتی).

ئەم مانگە پڕە لە خێر و بەرەكەت، مانگی سۆز و بەزەیی و لێخۆشبوون و ڕزگاربوونە لە ئاگر، مانگی چاكە و ئیحسانە، ئەمە تەنها بۆ ئەم ئوممەتی ئیسلامیەیە و هیچ ئوممەتێكی تر ئەمەی نیە.

لە گرنگترین ئەو ئامادەكاریانەی كە پێویستە، ئەوەیە كە بە بەڕۆژو بوون لە مانگی شەعباندا پێشوازی بكرێت، هەندێك فەرمووده هەیە جەخت لەوە دەكەن كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) مانگەكە هەمووی بەڕۆژوو بووە یان چەند ڕۆژێكی بەڕۆژوو بووە، ئەگەر هەركەسێكیش بە بەردەوامی ڕۆژی دوو شەممە و پێنج شەممە بەڕۆژوو بووە با بەردەوام بێت یان هەركەسێك ڕۆژووی لەسەرە دەتوانێت لەم مانگەدا قەزای بكاتەوە.

لە گرنگترین ئامادەكارییەكان بریتیە لە بوونی ئیرادەیەكی بەهێز و نیەتێكی باش بۆ بەڕۆژو بوون و ڕازیكردنی خوای گەورە، بەو ئامانجەش بەڕۆژوو بیت كە بەجێهێنانی فەرمانێكی خوای گەورەیە

**لە گرنگترین ئامادەكارییەكان بریتیە لە بوونی ئیرادەیەكی بەهێز و نیەتێكی باش بۆ بەڕۆژو بوون و ڕازیكردنی خوای گەورە**

و ئەنجامدانیشی بۆ کۆمەڵێك ئامانجی بنەڕەتیە، لە گرنگترینیان:

**یەکەم:** تەقوا ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾، وشەی (تەقوا) هەموو کارێکی خێر دەگرێتەوە واتە خۆپاراستن، دەبێت مرۆڤی باوەڕدار بە ئیرادەیەکی بەهێز و باوەڕبەخۆ بوون و راستگۆییەوە بڕیاری جێبەجێکردنی بدات، لەو رۆژەدا لە شتە حەڵاڵەکان دووربکەوێتەوە لە خواردن و خواردنەوەو ئارەزوو، بڕیار بدات لەم مانگەدا لە هەموو حەرام و خراپە و تاوان و درۆ و غەیبەت و... هتد دووربکەوێتەوە، واتە دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە خوا حەرامی کردووە، دەبێت ئەم حاڵەتە لای مرۆڤی باوەڕدار پەیوەست نەبێت تەنها بە رەمەزانەوە، بەڵکو لەدوای رەمەزانیش مرۆڤێکی خواناس و راستگۆ و چاکەکاربێت.

ئەگەر لە مانگی رەمەزاندا تووشی تاوانێك بوویت نابێت بیخەیتە ئەستۆی شەیتان، چونکە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە دەفەرمووێت ﴿إِذَا دَخَلَ رَمَضَانُ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ جَهَنَّمَ وَسُلْسِلَتْ الشَّيَاطِينُ﴾ واتە کاتێك رەمەزان هات ئیتر دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و شەیتانەکانیش لەغاو دەکرێن، کەواتە لە رەمەزاندا هەرکەسێك تاوان بکات خۆی تاوانبارە و دەبێت سەرزەنشتی خۆی بکات، چونکە لە رۆژی دواییدا شەیتان خۆی بەری دەکات لەوانەی کە تاوانەکە دەدەنەوە پاڵ ئەو، بەڵکو دەڵێت تەنها خۆت تاوانباریت چونکە من هیچ هۆکارێکم نەبوو تۆ ناچاربکەم بە تاوانکردن ئەگەر بۆخۆت ئەنجامت نەدایە: ﴿فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ابراهيم(٢٢)، بەڵام ئەوەی دەبینرێت مرۆڤە شەیتان رەفتارەکانن، کە بە بەرچاومانەوە دەبینرێن و هانی باوەڕدار دەدەن بۆ تاوان و خراپەکاریی کە لە ئێستادا هۆکاری زۆربەی راگەیاندن و تۆڕە پەیوەندییە جیاوازەکان سەرقافڵەی ئەم کارەن، چونکە لەنێویاندا بەشێکی راگەیاندنیان کردۆتە بازاڕ بۆ خستنەڕووی هونەرێکی ریسواو و بێمانا کە پڕیەتی لە تاوان و خراپەکاریی، لەم رێگەیەشەوە گەنجان و تازەپێگەیشتوان هان دەدرێن

سەرقاڵی ئەم جۆرە تاوانانە بن، سەرئەنجامیش كاریگەری خراپ پەیدا دەكات لەسەریان و كەسایەتیەكی لاواز و نابەرپرسیار و نا نیشتمانیان لێ دروست دەبێت، لەبەرئەوە ئەركی گەورەی دەزگاكانی راگەیاندن ئەوەیە كە بەرپرسیارانە مامەڵە بكەن، پڕۆژەی گەورە لە بواری راگەیاندندا جێبەجێ بكەن بۆ پێگەیاندن و پەروەردەكردنی گەنجی باش و مرۆڤی باش و چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگا و گێڕانەوەی هاوڵاتیان لە تاوان و خراپەكاریی.

بۆئەوەی لەم مانگەدا مرۆڤی موسڵمان ببێتە مرۆڤێكی چاكەخواز و دووربكەوێتەوە لە شەڕ و خراپەكاریی و گەندەڵی، واتە ئەم مانگە ببێتە هۆی زیادكردنی چاكەكان و گەڕانەوە لە خراپەكان، ئەوە دەبێت توێشوویەك كۆبكاتەوە كە لە ماوەی (١١) مانگی داهاتوودا وەك وزە كەڵكی لێ وەربگرێت، بتوانێت لەبەرامبەر تاوان و خراپەدا بوەستێت، بەرگرییەكی گەورە لە دەروونیدا دروست ببێت بۆ پاراستنی ئاستێكی بەرز لە ئیمان و خواناسیی.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆمان ڕووندەكاتەوە كە یەكێك لە فەزڵەكانی خوا لە مانگی ڕەمەزاندا ڕزگاربوونە لە ئاگر، وەك دەفەرموێت ﴿**وَلِلَّهِ عُتَقَاءُ مِنْ النَّارِ وَذَلكَ كُلُّ لَيْلَةٍ**﴾، واتە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار بگاتە ئەم ئاستە كە شایەنی ڕزگاربوون بێت لە ئاگر، ئەمەش كاتێك دەبێت كە دروشمەكەی بریتی بێت لە ﴿**يَا بَاغِيَ الْخَيْرِ أَقْبِلْ وَيَا بَاغِي الشَّرِّ ادبر**﴾ واتە "ئەی ئەو كەسەی كە ڕوو لە خێری زیادی بكە، ئەو كەسەش كە ڕووت لە خراپە و تاوانە وازی لێبێنە"، دەبێت ئەم دروشمە لە ژیانیدا جێبەجێ بكات، لەدوای ئەوەش كە دەگاتە ئەو تەقوایە كە خوا دەیەوێت.

**دووەم:** لە ڕێگەی ڕۆژوو خوای گەورە دەیەوێت بمانگەیەنێتە ئاستێكی مرۆیی بەرز ئەویش بە هەستكردن بە گرفت و ناڕەحەتیەكانی كەسانی تر، بەتایبەتی هەژاران و هەستكردن بەو بارودۆخە ناهەموارەی كە تیایدا دەژین، مانگی ڕەمەزان مانگی چاكە و خێرخوازییە، دەبێت لە زیادەمەسرەفی دووربكەوینەوە، چونكە دەبێت هەركەسە بەپێی پێویستی

خۆی خەرجیبکات و زیادەمەسرەف نەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ﴾ الإسراء(٢٧)، لیّرەدا ئەو کەسانەی کە زیادەمەسرەف دەکەن خوای گەورە بە برای شەیتان ناویان دەبات، ئەمەش سیفەتیّکە کە خوای گەورە خۆشیناویّت، وەك دەفەرموویّت: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ الأعراف(٣١)، تویّژینەوەی جۆربەجۆر لەمبارەیەوە هەن کە هەموویان جەخت لەوە دەکەن کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نیّوان ژیانی موسڵمانە دەوڵەمەندەکان و هەژارەکاندا، بەتایبەتیش ئەگەر سەیری ژیانی دانیشتوانی کەنداو بکەین و بەتایبەتی تریش لە مانگی رەمەزاندا، ئاستی بە فیڕۆدان و خەرجی لە ئاستیّکی بەرزدایە و بیّئاگاییەکی زۆری پیّوە دیارە لە ژیان و گوزەرانی خەڵکانی هەژار و نەدار، یەکیّك لە تویّژینەوەکان دەڵیّت "ئەگەر ئەو پارە زۆرەی کە لەمانگی رەمەزاندا بەزیادە مەسرەفی خەرج دەکریّت کۆی بکەینەوە تەرخانی بکەین بۆ هەژاران ئەوا (٥٠٪)ی کۆمەڵیّك وڵاتی هەژار بۆ ماوەی شەش مانگ سوودمەند دەبن" چونکە بەرۆژوو بوون بۆ دروستکردنی ئەم هەستەیە، جا ئەگەر لای دەوڵەمەندەکان ئەم هەستە دروست نەبیّت کەواتە ئامانج لە رۆژوو گرتن چیە؟.

**سیّیەم:** گەرانەوە بۆلای خواو پەشیمانبوونەوە لە تاوانەکان یەکیّکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەرۆژو بوون لە مانگی رەمەزاندا، پەشیمانبوونەوە لە تاوانیش تەنها بە وتە نابیّت بەڵکو ئەو پەشیمانبوونەوەیەی کە لای خوای گەورە وەرگیراوە دەبیّت بە سیّ مەرج بیّت..

١- دابڕان لە تاوانەکە.

٢- پەشیمانبوونەوە لە کردنی ئەو تاوانانە.

٣- بڕیاردان بە نەگەڕانەوە بۆ ئەو تاوانە بە هەتا هەتایی.

وەك خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِنْ قَرِيبٍ فَأُولَئِكَ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ النساء (١٧).

ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر مافی مرۆڤیّك بوو، ئەوە مەرجیّکی تریش

زیـاد دەبێـت کـە بریتیـە لـەوەی دەبێـت ئـەو مافـە بگەڕێنیتـەوە بـۆ ئـەو کەسـە و گەردنـی خۆتـی پـێ ئـازاد بکەیـت، ئەمـە ئەگـەر پەیوەنـدی بـە مافێکـی داراییـەوە هەبـوو، بـەڵام ئـەوەی کـە زۆر قورسـە ئەوەیـە کـە پەیوەنـدی بـە مافێکـی مەعنەوییـەوە هەبێـت وەك غەیبـەت کـردن و دووزمانـی و درۆکـردن و.. هتـد.

لەبەرئـەوە پێویسـتە خۆمـان زۆر بپارێزیـن لـە تاوانـە دەروونیـەکان، چونکـە دوایـی دەبێـت پەشـیمانی دەرببڕیـت و داوای لێبوردنـی لێبکەیـت، ئەگـەر ئـەوە نەکەیـت، ئـەوا لـە ڕۆژی دواییـدا مایەپـووچ دەبیـت و هەمـوو کـردەوە چاکەکانـت بـەو تاوانانـە دەڕوات.

پێویسـتە مرۆڤـی بـاوەڕدار بـەردەوام گەشـە بـە چاکەکاریـی بـدات، ڕۆژ بـە ڕۆژ ئـەو کارانـە بـکات کـە لەخـوا نزیکـی دەکاتـەوە، لەوانـەش خـۆی بـەدوور بگرێـت کـە دەبێتـە مایـەی سەرشـۆڕی لـە ڕۆژی دواییـدا، واتـە نابێـت لـە شـوێنی خۆیـدا وەسـتاو بێـت و بـە چەنـد عیبادەتێـك سـەرقاڵ بێـت و بەمـەش دڵـی خـۆی خۆشـبکات کـە باوەڕدارێکـی تـەواوە، وەك دەفەرموێـت: ﴿لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ﴾ المدثر(٣٧)، بەپێـی ئـەم ئایەتـە پێویسـتە لەسـەرمان کـە بـەردەوام عیبادەتـی چاکتـر و باشـتر بکەیـن و داهێنانـی زیاترمـان هەبێـت، لـە کارە دنیاییەکانمانـدا دڵسـۆزتر و چاکتربیـن و نموونـەی مرۆڤـی دڵسـۆز و بەوەفـاو هۆشـیار و بەئـاگا و چاکەخـواز بیـن.

مانگـی ڕەمـەزان مانگـی گـەورەی نزاکردنـە، خـوای گـەورەش ئامادەیـی خـۆی دەبڕیـوە بـۆ بەدەمەوەچوونـی کەسـێك کـە داوای لێبـکات وەك دەفەرموێـت: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ البقرة (١٨٦). واتـە هەرکەسـێك لـە بەندەکانـم داوام لێبـکات ئـەوا مـن نزیکـم و وەڵامـی داواکـەی دەدەمـەوە، لەبەرئـەوە وەڵامـی داواکانـم بدەنـەوەو بـاوەڕم پێبهێنـن بۆئـەوەی مرۆڤێکـی چـاك و بـاش و گـەورەبن.

ئەگـەر ئـەم بنەمـا سـەرەکییانەش لـە ڕۆژوودا هاتنـەدی ئـەوا ئـەو ڕۆژووە لای خـوا ڕۆژوویەکـی وەرگیـراوە ئـەو ئامانجـە گەورەیـەش کـە بـۆی دانـراوە دەیهێنێتـەدی کـە بەدەستخسـتنی تەقوایـە.

## زەكات وەك هۆكارێك بۆ چارەسەری كێشەی هەژاری لەسەر ئاستی جیهان

(٣,٣٧٥) تریلیۆن دۆلار زەكاتی هەموو جیهانە... ئەگەر كۆبكرێتەوە

توێژینەوەو ئامارەكان باس لەوە دەكەن كە قەبارەی دارایی شل (دراو هاوشێوەكانی) دەگاتە (٨٠,٩) تریلیۆن دۆلار، قەبارەی هەموو ئەوانی تر لە داتاشراوە داراییەكان و كانزاو كارگەو نەوت و غازو پیشەسازی مەدەنی و جەنگی و..هتد، دەگاتە( ١,٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) كادرلیۆن دۆلار، (واتە ملیارێك تریلیۆن ودوو سەد تریلیۆن دۆلار) قەبارەی دارایی بانكە جیهانیەكان لە سنوری (٧٠) تریلیۆن دۆلار دایە، كۆ گشتی هەموو ئەمانە لە سنوری (ملیارێك تریلیۆن و ٣٥٠ تریلیۆن دۆلاری ئەمەریكیە، ڕێژەی زەكات تیایدا كە دەكاتە (٢,٥٪) كەواتە ڕێژەی زەكات لەسەر ئاستی جیهان دەكاتە (٣,٣٧٥) سێ تریلیۆن ٣٧٥ ملیار دۆلار .

بەپێی راپۆرتێكی بانكی نێودەوڵەتی كە لە ٤ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٥ دا بلاوكراوەتەوە ڕێژەی هەژاریی لەجیهاندا بەكەمتر لە (١٠٪) لە قەڵەم دەدات، ژمارەی ئەو هەژارانەش كە رۆژانە كەمتر لە دۆلارو نیویێكیان دەست دەكەوێت ژمارەكەیان لە سنوری (٧٠٢) ملیۆن هەژاردایە.

**ئەگەر زەكات بەشێوەیەكی دروست بدرایە و بە دادپەروەرانە دابەش بكرایە هەژارێك لەسەر ڕووی زەویدا نەدەما**

ئەگـەر زەكات بەشـێوەیەكی دروسـت بدرایـە و بـە دادپەروەرانـە دابـەش بكرایـە هەژارێـك لەسـەر رووی زەویـدا نەدەمـا، بەتایبەتیـش ئەگـەر پلانێكـی سـتراتیژی بـۆ دابندرێـت و رێگـە لـە هەمـوو جۆرەكانـی گەندەڵییـی بگیرێـت و كاربكرێـت لەسـەر چاكسـازیی لـە سیسـتەمی ئابووریـی و سیاسـی و دارایـدا، دەزگایەكـی چاودێریـی دارایی توندیـش دابندرێـت، لەگـەڵ گرنگیـدان بـە بـواری وەبەرهێنـان و بەشـداری پێكردنـی هـەژاران لـە هۆكانـی بەرهـەم و وەبەرهێنانـدا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پرۆژەیەكـی گەشـەپێدان هەبێـت.

## دەوڵەمەندكردنی هەژاران پرسێكی مرۆیی و ئیسلامییە

هەسـتكردن بـە بەرپرسـیارێتی بەرامبـەر بـە مافـی هـەژاران بەرپرسـیارێتیەكی جیهانـی و مرۆییـە، زۆر ئایـەت لـە قورئانـدا هەیـە بـاس لـەوە دەكات كـە هەمـوو خـاوەن گیانێـك مافـی ژیانێكـی شایسـتەی هەیـە، خـوای گـەورە دەفەرموویـت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ الإسراء(٧٠)، هەروەهـا چەنـدان ئایـەت و فەرمـوودەی تـر هـەن جەخـت لـەوە دەكـەن تەنانـەت گیانـداران و ژینگـەش مافـی خـۆی هەیـە.

خـوای گـەورە ئەوەمـان بـۆ روونكردۆتـەوە كـە ئـەم گەردوونـە بـە ئاسـمانەكان و زەوییـەوە و ئـەوەش كـە لەناویانـدایە هەمـووی ملكەچكـراوە بـۆ مـرۆڤ، هەموویـان هاوبەشـن، نابێـت كـەس ستەم لەویتـر بـكات، یان مافەكانی پێشـێل بـكات، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ﴾ الرحمن(١٠)، واتـە خـوای گـەورە زەوی بـۆ هەمـوو زینـدەوەران دروسـتكردوە، نابێـت هیـچ كـەس سـتەم لەئەویتـر بـكات دەبێـت بەشـێوەیەكی دادپەروەرانـە بەرهەمەكانـی زەوی بەسـەر مرۆڤەكانـدا دابـەش بكرێـت، دەبێـت هەمـوو ئـەو مرۆڤانـەی لەسـەر زەویـدا دەژیـن بەشـداربن لـە وەرگرتنـی بەرهەمەكەیـدا و نابێـت گرووپێـك لـە هیـچ رەگـەز و هیـچ نەتـەوەو ئاینێـك دەسـتی بەسـەردا بگرێـت و بۆخـۆی قۆرخـی بـكات.

بـەڵام ئەگـەر سـەیری جیهانـی ئەمـڕۆ بكەیـن دەبینیـن كـە

گروپێکی دیاریکراو دەستیان گرتووە بەسەر زۆربەی سامانی جیهاندا، ئەمانە بە کەیفی خۆیان یاری بەم سامانە دەکەن و لە هەرشتێکدا کە بیانەوێت خەرجی دەکەن، بێئەوەی لەبەرامبەر مردنی ملیۆنان مرۆڤ بە ژن و منداڵ و کەسانی تر و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و کارەساتەکان هەستێکی مرۆڤ دۆستانەیان تێدا بێت و هەست بەهیچ بەرپرسیاریەتیەك ناکەن.

لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مرۆڤ و وەرگرتنەوەی ئەو مافە، پێویستە دەوڵەمەندەکان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەژاراندا بکەن کەهەوڵبدەن لەگرفتەکانی هەژاری و برسێتی و بێکاریی رزگاریان بکەن، ئەویش لە رێگەی دانانی سندوقێکی جیهانی بۆ ئەو رێژەی زەکاتە کە دەکاتە (٢,٥٪) بەشێوەیەکی باش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە پلان بەڕێوە ببرێت، ئەوکات هەژارێك لەسەر رووی زەویدا نەدەما.

هەر مرۆڤێك بەهۆی هەژاریی و برسێتیەوە بمرێت هەموو مرۆڤایەتی بەرپرسیارە لەبەردەم خوای گەورە و مێژوو و ویژدانی مرۆڤایەتی و نەوەکانی داهاتوودا.

**بەرپرسیارێتی مسوڵمانە دەوڵەمەندەکان**

موسڵمانە دەوڵەمەندەکان وەك هەموو مرۆڤەکانی تر لەسەر ئاستی جیهان بەرپرسیارن بەرامبەر ئەو هەژاریەی کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان بوونی هەیە، چونکە لە ئیسلامدا هەرشتێك کە رۆحی تیابێت دەبێت بەبەرپرسیارێتیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەرامبەر جولەکەکەدا فەرمووی (ئایا ئەویش مرۆڤ نیە؟) کەواتە هەموو کەسێك خاوەنی ماف و کەرامەتی خۆیەتی (ئیتر سەر بەهەر ئاین و نەتەوەو رەگەزێك بێت)، مافی ئەوەی هەیە کە ژیانێکی شایستەی هەبێت و رێز لێگیراو بێت.

مسوڵمانە دەوڵەمەندەکان سەرەڕای ئەو بەرپرسیارێتیە گشتیە،

بەرپرسیاریێتیان بەرامبەر بە خوشك و برا مسوڵمانە هەژارەکانیان دوو هێندە دەبێتەوە.

لە ڕێگەی کۆمەڵێك توێژینەوەوە بۆمان دەرکەوتووە کە زەکاتی موسڵمانان لە وڵاتانی کەنداودا دەگاتە (١٠٠) ملیار دۆلار، لە جیهانی ئیسلامیشدا لە نێوان (٣٠٠ بۆ ٤٠٠) ملیار دۆلارە، ئەگەر ئەمە بەشێوەی دروست کۆبکرێتەوەو بەپێی پلانێکی گەشەپێدان خەرجبکرێت، هیچ هەژارێك لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامیدا نامێنێت، ئەمە لەکاتێکدایە من دڵنیام کە ئەگەر دەوڵەمەندەکان ئەو ڕێژەی زەکاتە لە داراییەکانیان بدەن زۆر لەوەش زیاترە، بۆ نموونە ئەو داراییەی کە لە سندوقی سیادی چوار وڵاتی کەنداودا هەیە زیاترە لە دوو ترلیۆن و دووسەدوو پەنجاو سێ ملیار دۆلاری ئەمەریکی کە زەکاتەکەی دەکاتە (٥٦,٣٢٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پەنجاو شەش ملیار و سێ سەدو بیست و پێنج ملیۆن دۆلار، ئەمە سەرەڕای ئەو پارانەش کە لەناو بانکەکان و نرخی پشکەکان و سەنەدات دا هەیە، ئەمە سەرەڕای کانزاکان و نەوت و غازیش کە زەکاتی تایبەتی خۆی هەیە.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە ئەگەر ئەو ڕێژەی زەکاتە بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەپێی پلانێکی گەشەپێدان خەرجبکرێت ئەوا لەسەر ئاستی جیهانی و دەرەوەدا چارەسەری کێشەی هەژاریی دەکات و هەموو مرۆڤەکان لەسەر زەویدا بە بەختەوەری دەژین.

## غەزالی وەك پێشەنگی چاكسازیی و نوێگەریی

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ بەرهەمەكانی غەزالی بكرێت، بە وردی رەگەزەكانی چاكسازی و نوێگەریی تیایاندا دیاری بكرێت دەتوانین بڵێین كە لەم دە خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:

• گرنگیدانی زۆر بە پاككردنەوەی دەروون و بەهێزكردنی خواناسیی لە دڵ و لەدەروونی مرۆڤی باوەڕداردا.

• بەرگری بەهێز و وەستانەوەیەكی ئازایانە لەبەرامبەر لادانە فكرییەكان و شلگیریی و توندڕەویدا و جەختكردنەوە لەسەر پڕۆگرامی میانڕەویی.

• وەستانەوە ە رووی ستەمكارییی سیاسی و بانگەشە بۆ ئازادیی و چاكسازیی لە سیستمی سیاسی دا.

• رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییی بە هەموو جۆرەكانیەوە داواكردنی دادپەروەرییی و شەفافیەت.

• وەستانەوە دژ بە ئاینداری نادروست و داواكردن بۆ گەیاندنی دین بەشێوەی راست و دروست، لەسەر بنەمای ئەخلاق و مامەڵە و هەڵسوكەوت.

• وەستانەوە بەڕووی دواكەوتوویی و نەفامیی و داواكردنی پێشكەوتن و شارستانیەت.

• بەرگریكردنی دژ بە داگیركاری فیكری و كەلتوری، بانگەشەكردنی بۆ نوێگەریی لە بواری فیكر و كەلتوردا.

• وەستانەوە بەرەوڕووی داگیركەر و هەوڵدان بۆ رزگاری ئوممەت.

• ئازادكردنی ئافرەت لەژێر سایەی فیكرێكی ئیسلامی دروستدا و جیاكردنەوەی ئەوەی كە ئێستا لەكەلتور هەیە كە بەناوی ئاینەوە نمایش دەكرێت.

• پشتیوانیكردنی رابوونی ئیسلامی.

دەتوانین بڵێین ئەم دە خاڵە ئەو بنەما سەرەكیانەن كە غەزالی پشتی پێبەستوون بۆ چاكسازیی و نوێگەریی و گۆڕانكاریی، ئەم دە خاڵە بەشێوەیەكی گشتی پشتیان پێدەبەسترێت بۆ چاكسازیی لە هەموو لایەنەكاندا، ئێمە دەتوانین لەلایەنی ئابووریشەوە پشتی پێ ببەستین بۆ چاكسازیی.

خاڵی یەكەم كە تیایدا گرنگی زۆر دەدات بە بەهێزكردنی تەقوا لە دڵ و دەرووندا، لەم رووەوە مامۆستا دەیەوێت جەختبكاتەوە لەسەر گرنگیدان بە پێگەیاندنی نەوەی نوێ لەسەر باوەڕێكی پتەو و ئیمانێكی بەهێز بە خوای گەورەو رۆژی دوایی و هەموو بنەماكانی ئیمان و ئیسلام، رواندنی تەقوا لە دڵ و دەرووندا كە ئەویش بە چاكسازی دڵ و دەروون و گیان و عەقڵ دەبێت، ئەمەش رێخۆشكەرە بۆ ئەخلاقی باش و كردەوەی چاك و هەڵسوكەوتی دروست. غەزالی لە كتێبی (علل وأدویه) باس لە گرنگی باوەڕبوون بە خوای گەورە دەكات، ئەویش خۆی لە رواندنی ترس لەلایەك و هیوا و ئاوات لەلایەكی ترەوە دەبینێتەوە، وەك دەڵێت: "زۆر باسكردنی دوارۆژ و بەهەشت و ئاگر، بێبایەخ نیە، زۆر باسكردنی تەقواو خواناسیش لە دڵدا و رۆشنكردنەوەی بە ئیمان خەیاڵ نیە".

غەزالی گەیشتووەتە ئەو بڕوایە كە "خۆ بەگەورە زانین و شەڕەنگێزیی و خۆویستی و خۆدەرخستن و هەوڵدان بۆ دەستخستنی ماڵ و سامان و نەوەی زۆر، چارەسەر نیە، مەگەر تەنها بە ئیمانێكی زیندوو بڕوابوون بەوە نەبێت كە لەلای خوای گەورە هەیە. من زۆر كەسم بینیوە كاتێك كە دەسەڵاتیان كەوتۆتە دەست سەركەش و ستەمكار بوون یان كاتێك بوون، بە بەرپرس خیانەتیان كردووە، یان كاتێك دەوڵەمەند بوون تووشی خۆبەگەورەزانین بوون، هەندێك لەوانە بەهۆی ئەوەی كە رێگە لە بەردەمیاندا واڵ بووەو دەسەڵاتیان كەوتۆتە دەست، بۆتە هۆی گەندەڵ بوونی خۆیان و خێزان و گەلەكەیان،

> ”
>
> **غەزالی گەیشتووەتە ئەو بڕوایە كە خۆ بەگەورە زانین و شەڕەنگێزیی و خۆویستی و خۆدەرخستن و هەوڵدان بۆ دەستخستنی ماڵ و سامان و نەوەی زۆر، چارەسەر نیە**

مـن سـەرنجمداوە هـۆکاری سـەرەکی ئـەوەی کـە ئەمانـە ئـەو کارە خراپانەیـان ئەنجامـداوە ئەوەیـە کـە دڵیـان خاڵـی بـووە لـە خـواو هەسـتیان بـە چاودێـری و گەورەیـی نەکـردووە، هەرچەنـد ئەمانـە دابـڕاو نەبـوون لـە دیـن، بەردەوامیـش کۆمەڵێـك وشـەی لەبەرکراویـان وتۆتـەوە لـە دەقـەکان، مـن دەمەوێـت جەخـت لـەوە بکەمـەوە لـە کاتێکـدا کـە سروشـتی مـرۆڤ خـراپ دەبێـت و تێـك دەچێـت دیـن لـەو دڵـەدا نامێنێـت، لـە کاتـی تێکچوونـی عەقـڵ و کەموکورتیەکانیـدا ناتوانێـت لـە سـروش (وحـی) تێبـگات، کـردەوەو هەڵسـووکەوتێك کـە دوور بێـت لە رۆحێکـی پـاك ناتوانێـت ببێـت بەرەفتـار، هـەروەك چـۆن خاشـاك و پارچـە ئاسـنی کەوتـوو ناتوانرێـت ماڵـی لـێ دروسـت بکرێـت". پاشـان ئـەوە روونـدەکاتـەوە کـە "پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) شارسـتانیەتێکی بونیاتنـا، کـە لەسـەر بنەمـای مرۆڤبـوون بـوو، کەرەسـتەکانی لـە وەحـی و ئـەو شـتانە وەردەگـرت کـە بـۆ رێنمایـی مـرۆڤ بـوو، بـەم هۆیـەوە توانـی ئەزموونێکـی گـەورەی مرۆیـی پێشـکەش بـکات ئەویش لـە رێگـەی رێنمایـی ئەندامـە سـەرەکیەکانی مرۆڤـەوە بـوو" سـەرەڕای ئـەوەی غەزالـی گرنگیەکـی زۆری دەدا بـە پاککردنـەوەی دەروون، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا گرنگیەکـی زۆریشـی دابـوو بـە ژیانسـازی و گرنگیـدان بـە تێکۆشـان لـە رێگـەی خـوادا، بـەڵام بەگەڕخسـتنی ئەمـە بـۆ بونیاتنانـی ژیانێکـی بـاش و سـەرکەوتوو بـوو لـە دنیـادا، بـۆ ئـەوەی ببێتـە کێڵگەیـەك بـۆ دوارۆژ، وەك دەڵێـت "مـن پیاوێکی موسـڵمانم، ئـەوەش دەزانـم کـە خـوای گـەورە گیـان و ماڵـی لـێ کڕیویـن، بـەڵام ئـەوەش دەزانـم کـە زاڵبوونـی نەتـەوەکان بەسـەرماندا هۆکارەکەی خۆشەویسـتی دنیـا و رقبوونـە لـە مـردن". پاشـان دەڵێـت "مـن دەمەوێـت بـاوەڕداران تێبگەیەنـم کـە هـەر ژیانێـك لەپێنـاو خـوادا بێـت وەکـو جیهـاد و مـردن وایـە لەپێنـاو خـوادا، ئەمـەش جیهادێکـی وەرگیـراوە لای خـوا، شکسـت لە بەدەسـتهێنانی دنیـا دەبێتە مایـەی شکسـتیش لـە پشـتیوانی و سـەرخسـتنی دینـدا، بەنمونـە ئـەو کەسـەش کـە شـتی هەیـە و دەتوانێـت لـە بـواری خێـردا خەرجـی بـکات باشـترە لـەوەی کـە مایەپووچـە و توانـای هیچـی نیـە، سسـتی و پاڵدانـەوە پاڵەوانێتـی دروسـت ناکات، چونکـە پاڵەوانێتـی بەخشـندەییەکی فراوانـە و بەهـۆی هـەوڵ و تێکۆشـانی زۆرەوە بـەدی هاتـووە". بـەم شـێوەیە زوهـد و دەوڵەمەندیـی بەئیجابی هەڵسـەنگاندووە.

## گرنگی پەروەردەی نەوەی نوێ

گرنگترین شتێك لە بواری پەروەردەی مرۆییدا ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت منداڵەکانی خۆی بە باشترین شێوە پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی ببنە تاکێکی بەهێزو بەرپرسیار بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و سوود گەیاندن بە کۆمەڵگەکەیان، لەمبارەیەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویێت: ﴿مَا نَحَلَ وَالِدٌ وَلَدَهُ نُحْلًا أَفْضَلَ مِنْ أَدَبٍ حَسَنٍ﴾ واتە باشترین چاکەیەك کە باوك لەگەڵ منداڵەکەیدا بیکات ئەوەیە فێری رەوشتی باشی بکات، چونکە لە رێگەی پەروەردەیەکی باشەوە تاك دەتوانێت سوود بە نیشتیمان و نەتەوەکەی بگەیەنێت، ببێتە پێشەنگ و سەرکردە بۆ ئەوەی رابەرایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە بکات بەرەو چاکە خوازی، ئەو کاتەش ئەو منداڵە دەبێتە بیلبیلەی چاوی دایك و باوکی و سەرکەوتنیان بۆ بەدەست دێنێت، لە دنیا، لە دوارۆژیشدا دەیانگەیەنێتە بەهەشت، هەروەك خوای گەورە لەم دوعایەی حەزرەتی ئیبراهیمدا بۆمان روونکردۆتەوە: ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ الفرقان:٧٤، واتە: (ئەوانەش کە دەڵێن: پەروەردگارا لە هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێببەخشە کە ببنە مایەی رووناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان و بمانکە بە پێشەوا بۆ پارێزکاران و خواناسان) لێرەدا مانای ﴿قُرَّةَ أَعْيُنٍ﴾ واتە دڵخۆشبوونی دایك و باوك بە منداڵەکەیان لە رێگەی ئەخلاق و کردەوە و ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی دەکات بە گەل و ئاین و نیشتیمان، بەم هۆیەوە دایك و باوکەکە دڵشاد دەبن و نزای خێری بۆ دەکەن، هەموو هیلاکی و نارەحەتیەکیان بیردەچێتەوە، لەهەمانکاتیشدا چەندان دایك و باوك هەیە بە پێچەوانەی ئەمەوە لە خەم و خەفەتی منداڵەکانیاندا سەر دەنێنەوە و دەمرن، لەسەر ئەو هەموو هیلاکی و نارەحەتیەی بەهۆی ئەو منداڵانەوە توشیان بووە ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشن بەڵام ئەخلاق و مامەڵەو هەڵسوکەوتی

ئـەو منداڵانـە پێچەوانـەی خواسـت و ویسـتی دایـك و باوکیانـەو کەڵـك و سـودێك بـە وڵات و نیشـتیمان ناگەیەنـن.

ئـەم پەروەدەیـە شـتێکی ئاسـان نیـە، بەڵکـو پێویسـتی بـە هـەوڵ و تێکۆشـان و نارەحەتـی و بەدواداچـوون و فێرکـردن و پرسـیار هەیـە، ئـەو دایـك و باوکـەی کـە توانـای خوێندنـەوەی کتێبـی نیـە، یـان خوێنـدەواری نیـە، پێویسـتە زۆرتـر بگەڕێـت بـۆ پرسـیارکردن لـە پـەروەدەی منداڵـەکان و پێگەیاندنیـان بەشـێوەیەك کـە خزمـەت بـە کۆمەڵـگە بکـەن.

گرنگتریـن شـتێك لـە پـەروەدەی منداڵـدا بریتیـە لـە پێشـەنگی بـاش، ئەمـەش سـەرەتا لـە دایـك و باوکـەوە لەنـاو خێزانـدا دەسـت پێـدەکات، چونکـە ئەگـەر پێشـەنگەکانی نـاو خێـزان لاوازبـن یـان خـاوەن پەروەردەیەکـی بـاش نەبـن، ناتوانـن منداڵەکانیشـیان لەسـەر شـتی بـاش پـەروەدە بکـەن، لـەم کاتـەدا بەرپرسـیارێتیەکە دەکەوێـتە ئەسـتۆی دایـك و باوکەکـە.

**قۆناغەکانی پرۆسەی پەروەردە:**

یەکەمیـن قۆناغـی پلانـی پەروەدەیـی پێـش هاوسـەرگیری دەسـت پێـدەکات، دەبێـت کوڕێـك یـان کچێـك پێـش ئـەوەی شـوو بـکات یـان ژن بهێنێـت، زۆر گرنگـی بـە هەڵبژاردنـی ئـەو کەسـە بـدات، کـە هاوسـەرگیری لەگەڵـدا دەکات، چونکـە هەردووکیـان بەیەکـەوە خێـزان دروسـت دەکـەن، ئـەم خێزانـەش دەبێتـە دامـەزراوەی یەکـەم بـۆ پەروەردەکردنـی منداڵـەکان، ئـەو هەڵبژاردنـەش دەبێـت لەسـەر بنـەمای ڕێـزو خۆشەویسـتی و ئەخـلاق و کەسـایەتی بـاش بێـت.

لـە هەمانکاتـدا پشتبەسـتن بـە خـوا بـۆ ئـەوەی خێزانێکـی دامـەزرا و پـڕ بەبەرەکـەت و خێربێـت، تەنانـەت لـە کاتـی ئەنجامدانـی کاری سەرجێیشـدا پێویسـتە هـەردوو هاوسـەرەکە پەنابگـرن لـە شـەیتان، بەگوێـی ئـەم فەرموودەیـەی پێغەمبـەری (ﷺ) خـوا بکـەن کـە دەفەرموویـت: ﴿**لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ قَالَ بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا فَقُضِيَ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ لَمْ يَضُرَّهُ**﴾.

پاشان پابەندبوون بە ئادابە شەرعیەکانی منداڵبونەوە لە بانگدان بە گوێی راستیدا و خوێندنی قامەت بە گوێی چەپیدا و تاشینی سەری لە رۆژی حەوتەمدا و هەڵبژاردنی ناوێکی جوان بۆی و ئەنجامدانی حەوتەم بۆی( قوربانی کردن).

پاشان پابەندبوونی دایك و باوكەكە بە عیبادەت و سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر پێدانی ئەم منداڵەو بەردەوامیش نزاکردن بۆی، بۆئەوەی خوای گەورە لە هەموو شتێکی خراپ بیپارێزێت و بیکاتە مایەی خۆشی بۆ دایك و باوكەكەی، ئەگەر سەیری قورئان بکەین خوای گەورە بەشی زۆری نزاکانی حەزرەتی ئیبراهیمی تۆمار کردووە کە بەشێکی زۆری بۆ منداڵ و نەوەکانیەتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً لَكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ البقرة: ١٢٨، (پەروەردگارا، هەردووکمان وا لێبکە تەنها فەرمانبەردارو ملکەچی تۆبین و لە نەوەکانیشمان ئوممەتێکی موسوڵمان و فەرمانبەردار بۆ خۆت فەراهەم بهێنە، چۆنیەتی رێبازی بەندایەتیمان فێربکە و نیشانمان بدەو تەوبە و پەشیمانیمان لێ وەربگرە، بێگومان تۆ خوایەکی زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانیت)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ﴾ ابراهيم: ٤٠ (پەروەردگارا، خۆم و نەوەکانم بگێڕە لەو کەسانەی کە ئەنجامدەری نوێژ بین بە چاکی، پەروەردگارا، دوعاو نزام گیرا بکە) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەران حەزیان کردووە نەوەکانیان لە کەسە چاك و باشەکان بن و لە خواوە نزیکبن و ببنە مایەی دڵخۆشی بۆ دایك و باوکیان.

ئەگەر دایك و باوك بەم شێوەیە هەوڵیان لەگەڵدا بدەن و پەروەردەی منداڵەکان بە باشی بکەن و وەك بەرپرسیارێتیەك لە ئەستۆیاندا سەیری بکەن، خوای گەورەش هەوڵ و کۆششەکانیان بەفیرۆ نادات و بە باشترین شێوە پاداشتیان دەداتەوە بەرهەمی باشی دەبێت، بەڵام ئەگەر دایك و باوك هیچ گرنگیەك بە پەروەردەی

منداڵەکانیان نەدەن و وابزانن تەنها لەرێگەی پێدانی پارەو سامانەوە خۆشبەختیان دەکەن، ئەو تووشی کارەساتی گەورەیان دەکەن، دواجار منداڵەکانیش بەبێ بوونی پەروەردە روو لە لادان و وێرانی و لەدەستدانی کەسایەتیان دەکەن.

**چەند نمونەیەك لە پەروەردەی چاك:**

ئامۆژگارییەکانی لوقمانی حەکیم بۆ منداڵەکەی زۆر ناسك و جوان و کاریگەرن، چونکە وەك پەروەرشیارێکی دڵناسکی خۆشەویست لەگەڵ منداڵەکەیدا دەدوێت، سەرەتا بە یەکتاپەرستی و دوور کەوتنەوە لە هاوەڵدانان بۆ خوا دەست پێدەکات، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ لقمان: ١٣ (جا لوقمان بە کوڕەکەی خۆی وت لە کاتێکدا کە ئامۆژگاریی دەکرد: کوڕە شیرینەکەم؛ نەکەیت شتێك یان کەسێك بە هاوتاو هاوبەشی خوا بڕیار بدەیت، چونکە بەڕاستی هاوتاو هاوبەش بڕیاردان ستەمێکی زۆر گەورە و ناڕەوایە) لە ئیسلامدا گرنگیدان بە بیروباوەڕو پاراستنی یەکتاپەرستی لە گەورەترین ئامانجەکانەو بە هێزترین بنەمای پەروەدەکردنی مرۆڤە.

لە جوانترین ئامۆژگاریەکانی لوقمانی حەکیم بۆ کورەکەی ئەوەیە کە پەیوەندی لەگەڵ خوادا بەهێز بێت و هەست بە چاودێری خوا بکات لە ئاشکراو نهێنیدا، ئامۆژگاری کوڕەکەی کرد کە خوای گەورە زانیاری بە هەموو شتێك هەیەو هیچ شتێکی لێ ون نابێت، تاوانکردن هەرچەند بە نهێنی بێت خوای گەورە پێی ئاگادارەو لە رۆژی دوایدا دەیخاتەڕوو، هەر وەك دەفەرموویێت: ﴿يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ﴾ لقمان: ١٦ (پاشان لەسەر زاری لوقمان دەفەرموویێت: ئەی کوڕی ئازیزم: بەڕاستی ئەگەر گوناهێك بە قەدەر تۆوی خەرتەلەیەك (کە زۆر وردە) هەبێت و لەناو بەردێکدا یان لە ئاسمانەکان یان لەو زەویدا حەشاردرا بێت، (لای خوا شاراوە نیە) و دەیهێنێتە مەیدان،

چونکە بەڕاستی خوا هیچ شتێکی لێ شاراوە نیە و زۆریش بە ئاگایە)

پاشان لوقمان فەرمان بە کورەکەی دەکات کە نوێژ بکات و ئەرکانەکانی جێبەجێ بکات، فەرمان بە چاکە بکات و لە خراپە دووربکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ببێت بە پێشەنگ بۆ کەسانی ترو پارێزراو بێت لە نزای شەڕو خراپەکاری و لادانی ڕەوشتی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئامۆژگاری دەکات کە بەئارام بێت و دان بەخۆیدا بگرێت لەبەرامبەر هەموو ئەو نارەحەتیانەی کە تووشی دەبێت: ﴿يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ لقمان: ١٧ (کوڕی شیرینم نوێژەکانت بە چاکی ئەنجامبدە، فەرمان بە چاکە بکە، قەدەغە لە گوناهو خراپە بکە، بە ئارام بە لە بەرامبەر ئەو ناخۆشیانەی کە تووشت دەبێت، بەڕاستی ئەوانەی کە باسکران هەندێکن لەوانەی هەر دەبێت بکرێن)، پاشان کۆتایی بە ئامۆژگارییەکانی دێنێت لە ڕێگەی ئامۆژگاریەکی زۆر بەهێزو گەورەوە کە فەرمانی پێدەکات بە ئاکار و ڕەوشتی جوانەوە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەو تاکەکانیدا بکات، لەخراپەو کاری ریسواکەر دوور بکەوێتەوە، وەك دەفەرموویێت: ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ * وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ إِنَّ أَنْكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ﴾ لقمان: ١٨-١٩ (هەروەها ڕووت وەرمەگێڕە لە خەڵکی و (لووتبەرز مەبە و بەچاوی سوك سەیریان مەکە)، بەسەر زەویدا بەناز و فیزەوە مەڕۆ، بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆشناوێت کە خۆهەڵکێش و فەخر فرۆش و فیزاوین.

هەوڵبدە لە ڕۆیشتنتدا لەسەرخۆ بڕۆ، بەرەو ئامانجێکی چاك هەنگاوبنێ، بە دەنگی هێواش و لەبار گفتوگۆ بکە و بدوێ، چونکە بەڕاستی بێزارترین و ناخۆشترینی دەنگەکان دەنگی گوێدرێژەکانە)

### گەورەمان یەعقوب (سەلامی خوای لێبێت):

قورئانی پیرۆز باس لەو ڕەوشتە جوانانە دەکات کە پێشەوا یوسف

(عليه السلام) لە باوكى وەرى گرتبوو كە ئەويش پێغەمبەرێكى خاوەن پەيام بوو، لەكاتێكدا كە ژنى عەزيزى ميسر بە هەموو شێوەيەك خۆى دەخاتە بەردەستى و بەبێ ترس خۆى بۆ ئامادە دەكات و زەمانەتى ئەوەشى بۆ دەكات كە لە هەموو شتێك پارێزراو دەبێت، بەلام پێشەوا يوسف بەهۆى ئەخلاقى بەرز و هەستكردن بە چاودێرى خوايى بەبێ دوودلى داواكەى رەتدەكاتەوە، هەر وەك دەفەرموويت: ﴿مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ يوسف:٢٣ (جا ئەو ئافرەتەى كە يوسف لە مالّيدا بوو هەولّيدا يوسف لە خشتە ببات و دلّى رابكێشێت بۆ لاى خۆى، هەموو دەرگاكانيشى داخست و وتى: وەرە پێشەوە و خۆت ئامادە بكە، يوسف وتى: پەنا دەگرم بە خوا كارى واناكەم، چونكە پەروەردگارم دەرووى لێكردوومەتەوە، هەروەها مێردەكەشت چاك رەفتارر بووە لەگەلّمدا (چۆن خيانەتى لێدەكەم) و چونكە من دلّنيام ستەمكاران سەرفراز نابن، ئەمەش پێشەنگە بۆ هەموو گەنجان لە هەموو سەردەمێكدا كە دەتوانن چاوى لێبكەن و خۆيان لە تاوان بپارێزن.

عبداللە ى كورى زوبێر كە منداڵێكى چاونەترس و زيرەك و داهێنەربوو، لەدوايشدا بووە سەركردەيەكى ناودار لە رووبەڕووبوونەوەى ستەمكاريدا، رۆژێكيان عومەرى كوڕى خەتاب بە رێگەيەكدا دەڕۆيشت لەناو شارى مەدينەدا لەسەر رێگەكە كۆمەڵێك منداڵ ياريان دەكرد، هەر كە عومەر بەلاياندا هات هەموو منداڵەكان رێگەكەيان چۆڵكرد و رايانكرد، تەنها عبداللە نەبێت، كاتێك كە پيشەوا عومەر لێى نزيك بۆوە پرسيارى لێكرد بۆچى تۆش وەك هاورێكانت راتنەكرد؟ لە وەلامدا لەسەرخۆ بە ئەدەبەوە وتى: ئەى پێشەواى موسلمانان من هيچ تاوانێكم نەكردوە هەتا لێت بترسێم، رێگەكەش ئەوەندە بچوك نيە كەتۆ نەتوانى پێيدا تێپەڕيت، ئيمامى عومەر زۆر بە وەلامەكەى سەرى سوڕما و دەستێكى بەسەريدا هێناو نزاى خێرى بۆ كرد.

ئەمە ئەو پەروەردەیەیە کە پێی دەوترێت پەروەردەی هێرشبەر نەك بەرگری، زانایانی سایکۆلۆژی دەڵێن هەرکەسێك کاریگەری نەبێت بۆ سەر ئەوانیتر ئەوا لە بواری پەروەردەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەروەدەی ئەوانی ترەوە.

**زانایانی سایکۆلۆژی دەڵێن هەرکەسێك کاریگەری نەبێت بۆ سەر ئەوانیتر ئەوا لە بواری پەروەردەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەروەدەی ئەوانی ترەوە**

ئەخلاق بنەمای سەرەکی پەروەردەیە، لەم پێناوەشدا هەموو یاساو عیبادەتەکان دانراون، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا عیبادەت کاریگەری لەسەر ئەخلاق زۆر کەمبۆتەوە، بەرهەمێکی ئەوتۆی نەماوە، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە جارێکیتر چاو بگێڕینەوە بە عیبادەتەکانمان و بیانکەینە سەرچاوەیەك بۆ ئەخلاقی باش و چاکەکاری و پابەند بوون بە یاساو دوور کەوتنەوە لەگەندەڵی و بنیاتنانی دنیایەکی باش و خۆشگوزەران بۆ کۆمەڵگەکەمان، چونکە هەر ئەمەشە دەبێتە مایەی لێخۆشبوونی خوا و گەیشتنمان بە بەهەشت لە رۆژی دواییدا.

# پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ملکەچی بۆ خوا

بەشێکی زۆر لە گرفتەکانی ئوممەتی ئیسلامی ئەوەیە کە زۆری لە شەیتانەکان لەسەر ڕێگای جۆراوجۆر بۆی دانیشتوون، سەرقاڵیان کردووە بە کۆمەڵە شتێکی لاوەکیەوە کە هەوڵی گومڕاکردنی دەدەن و لە ڕێبازی ڕاست لایدەدەن، ناهێڵن بەرەو ئامانجە گەورەکان هەنگاو هەڵبگرێت و بەو شێوەیە مامەڵە بکات کە خوای گەورە لە پێناویدا دروستی کردووە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرمووده‌یەکدا دەفەرموویێت "خوای گەورە دەفەرموویێت: من بەندەکانم بە پاکی دروستکردوون بەڵام کۆمەڵە شەیتانێك دێن و گومڕایان دەکەن و لە ئامانجی گەورەی ئاینەکە دووریان دەخەنەوە، کۆمەڵە شتێك کە بۆیان حەڵاڵکراوە لێیان حەرام دەکەن".

هەروەها پێویستە مرۆڤی باوەڕدار بێئاگا نەبێت لە یادی خواو بەردەوام زمانی پاراو بێت بە زیکری خواو تەکبیر و سڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە زۆر لە پیاوچاکانی پێشوو دەگێڕنەوە کە ئەوان بەردەوام خوایان لەبیر بووە و بێئاگا نەبوون لە یادی خوا، تەنانەت ئەگەر بۆ سەرئاویش بچوونایە پارچە قوماشێکیان لەسەر دەمیان دادەنا هەتا لەو شوێنانەدا ناوە پیرۆزەکانیان بەسەر دەمدا نەیەت.

**مرۆڤسازی:**

ئەگەر بێت و بە وردی بیربکەینەوە لە سروش و ئەوەی کە خوای گەورە ناردوویەتی لە شەریعەت و یاسا و دروشمەکانی عیبادەت و عەقیدە بۆسەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، دەبینین کە بەشێوەیەکی گشتی جەخت کردنەوەیە لەسەر مرۆڤ سازی و پەروەردەکردنی مرۆڤ بۆئەوەی بە ئیرادەیەکی بەرزی مرۆڤدۆستیەوە بێتە مەیدان و بە دوور بێت لە ملکەچی و خۆ بەکەمزانی و سوجدەبردن بۆ

غەیری خوا، بەڵکو مرۆڤێك بێت تەنها کڕنوش بۆ خوا بەرێت و خوا بە گەورە بزانێت و لەگەڵ هەموو ئەوانی تردا یەکسان بێت کە مرۆڤن و بە هیچ هۆیەکی ترەوە ملکەچی بۆ مرۆڤ نەنوێنێت، پارێزگاری لە کەرامەت و گەورەیی مرۆڤبوونی خۆی بکات لە بەرامبەر ئەوانی تردا، ئەو دروشمەی مرۆڤی باوەڕدار لە ڕۆژانی جەژندا کە بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە دەڵێت "الله أكبر الله أكبر الله أكبر، لا إله إلا الله، الله أكبر، ولله الحمد" ئەم دروشمە بۆ ئەوەیە کە ئیرادە و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ لە ناخی مرۆڤدا بڕوێنێت، وتار و کردار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە خواوە پەیوەست بکاتەوە، لەکاتێکدا کە مرۆڤی باوەڕدار دەڵێت "الله اكبر" ئەمە مانای ئەوەیە کە خوای گەورە هەموو زیندەوەرانی لەسەر بنەما و ئەندازەیەکی بێ وێنە دروستکردووە کە مردن و ژیانی هەموویانی بەدەستە، یەکەمین و دواهەمینە و لە هەموو شتێك گەورەترە (هەموو ئەو بت و ستەمکار و تاغوتانەی کە ئێستا لەسەر زەویدا دەپەرسترێن) لە خوا بچوکترن و ژیانی هەموو ئەوانەش هەر بەدەست خوایە.

**مەبەست لە ملکەچبوون بۆ خوا چییە؟**

ئامانجی پەرستنی خوا کڕنوشبردن و ملکەچبوونە بۆ خوا، ئەمەش مرۆڤی باوەڕدار گەورە دەکات و ئیرادەیەکی گەورەی پێدەبەخشێت، چونکە بە کڕنوشبردنی بۆ خوا وای لێ دەکات مرۆڤێکی گەورە و بە ئیرادە دروست ببێت، کڕنوش و ملکەچی تەنها بۆ خوا بڕیار بدات، لە بەرامبەردا مرۆڤێکی گەورە و بەهێز دەربچێت، بڕیار بدات کە بەرامبەر ستەمکار و مرۆڤەکانی تر خۆی بە یەکسان بزانێت و ملکەچی بۆ کەس بڕیار نەدات، چونکە ئەو بڕیاریداوە کەخوای گەورە لە سەرووی هەمووانەوەیە و کەس لە خوا گەورەتر نیە، لەبەرئەوە نابێت کڕنوش بۆ هیچ کەسێکی تر بەرێت، تا ئەو لایەنە کەسێك یان دەوڵەتێك یان پارت و گروپێك بێت، لەبەرئەوە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار تەنها ڕووی لە خوا بێت، تەنها خوا بە سەرچاوەی ڕۆزی و

خۆشبەختی و مردن و ژیان بزانێت، دروشمی گەورەی پێغەمبەران و پیاوچاکان و چاکسازان (لا إله إلا الله) بووە، کە دروشمی سەرەکی خەباتیان بووە بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە پەرستنی بەندەکانەوە بۆ پەرستنی خوا.

**الله أكبر:**

ئەم چەمکە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیە لە ناخی مرۆڤ و عەقڵ و دڵی دا، مانا بەخشینە بە یەکتاپەرستی (لا إله إلا الله) کە ئامانجی گەورەی هەموو ئاینەکان و پێغەمبەران و چاکسازان بووە لە مێژوودا، بۆئەوەی لە ناخی مرۆڤی باوەڕداردا بیچەسپێنێت، ئەمەش تاکە سەرچاوەی عەقیدە و یەکتاپەرستی پێغەمبەران بووە، بۆئەوەی مرۆڤ ئاراستە بکات و بەرەو دروشمە گەورەکەی ئاین کە دەڵێت "رۆژێك دێت سامان و دارایی و دەسەڵات و نەوەو بنەچە سوود بە مرۆڤ ناگەیەنن تەنها دڵێکی پاك و روو لەخوا نەبێت" لەبەرئەوە پێویستە مرۆڤ جەختبکاتەوە لەسەر (الله اكبر، لا إله إلا الله) چونکە ئەمانە ئەو دروشمانەن کە سەرچاوەی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و رێز و گەورەین، مرۆڤ دەپارێزێت لە بچوکبوونەوەو پەرستنی هەر مرۆڤێکی تر، پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیبوون و یەکسان کردنەوەی هەموو مرۆڤ لە ئاستێکدا کە دەبێت دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات تەنها خوا بپەرستێت، ئەو دەسەڵاتەش کە دەچێتە دەست هەندێك کەس دەبێت بۆ خزمەتکردنی خەڵك بێت نەك ئیستغلالکردنی بۆ بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و هاوڵاتیان و گەندەڵیی و خیانەت و خۆ بە فیرعەونکردن.

**پاراستنی رێز و گەورەیی مرۆڤ**

ئیسلام توانیویەتی هاوسەنگی بکات لە نێوان پاراستنی رێز و کەرامەت و عیززەتی باوەڕدار و ناچار نەکردنی بۆ چەمانەوە لەبەردەم هیچ ستەمکارییکدا، مرۆڤی باوەڕدار کاتێك کە خوا دەپەرستێت و ملکەچی بۆ خوا بڕیار دەدات، بەم کارەش گەورەو بەڕێز و شکۆمەند

دەبێت، چونکە بەم کارە هاوسەنگییەک پەیدا دەکات لەنێوان بە پەرستن و بە گەورەگرتنی خوا، لە روویەکی تریشەوە خاکیبوون و بەرێزبوون و خزمەتکردنی برا (باوەڕدار و مرۆڤەکانی تر) زیاتر دەکات، هەر وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ الشعراء(٢١٥)، واتە: باڵی زیاتر دەکاتەوە بۆ براکانی و خاکیبوونی زیاتر نیشاندەدات و خزمەتی زیاتریان دەکات، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ المائدة (٥٤)، واتە: خۆی بە ملکەچ نیشاندەدات بەرامبەر باوەڕداران، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەبێت نموونەی دروستکردنی پەیوەندییەکی مرۆڤدۆستانە بێت لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەگەر هەر بەرپرسیارێتیەکی لە ئەستۆدا بێت، دەبێت نموونەی خاکیبوون و خزمەت و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بێت بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بەرپرسیارێتیەی کە لە ئەستۆیدایە، لە هەمانکاتدا دەبێت نموونەی هاوکاری و خزمەت بێت بەرامبەر بەو کەسانەی لەژێردەستیدان، تەنانەت بەرامبەر بە ئاژەڵ و ژینگەش دەبێت ئەوپەڕی نموونەی جوانی و چاکی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بێت، بۆ نموونە پێغەمبەر سولەیمان زەردەخەنەی هاتە سەرلێو و پێکەنی و دڵی خۆشبوو کاتێک گوێی لە مێروولەیەک بوو کە فەرمانی دەرکرد بە شارە مێروولەکە بگەڕێنەوە بۆ شارەکانی خۆیان، لە ترسی ئەوەی نەکەونە ژێرپێی لەشکرەکەی گەورەمان

**ئیسلام توانیویەتی هاوسەنگی بکات لە نێوان پاراستنی رێز و کەرامەت و عیززەتی باوەڕدار و ناچار نەکردنی بۆ چەمانەوە لەبەردەم هیچ ستەمکارییکدا**

سولەیمان بەهۆی بێئاگایی ئەوانەوە، واتە پێغەمبەر سولەیمان (علیه السلام) فەرمانی دەرکردبوو کە دەبێت لەشکرەکەی ئاگایان لەوە بێت تەنانەت مێرووڵەکانیش نەکەونە ژێرپێی سوپاکەیەوە.

**هاوسەنگیی سیمای ئیسلامە:**

هاوسەنگیی یەکێکە لە سیماکانی ئیسلام، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە هەموو ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕەکانی تر کە ئێستا لەسەر گۆی زەویدا هەن، بەمەش توانیویەتی هەموو خواستە مەعنەوی و ماددیەکانی مرۆڤ لە سەرەتای مێژووەوە هەتا ئێستا لەخۆ بگرێت،کە ئەمەش لەسەر کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی دامەزراوە، لە عیبادەتیشدا هەست بەمە دەکەین کە خوای گەورە داوا لەمرۆڤەکان دەکات خوا بپەرستن لە وتار و گوفتار و کردەوەو عەقیدە و دروشمەکان و هەموو هەڵسوکەوتەکاندا، بێجگە لە خوا کەس بە شایەنی پەرستن نەزانن و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەن، ئەمە ئەو ئامانجە گەورەیە کە خوا مرۆڤ و بوونەوەری لە پێناودا دروستکردووە و لە ئەم ڕێگەیەشەوە دەیەوێت هاوڵاتیەکی بە ئیرادە و بەڕێز و بە کەرامەت دروستبکات، کە کەسی تر بۆی نەبێت خۆی زاڵبکات بەسەریداو ستەمکارییی بەرپا بکات و ببێتە فیرعەون بە سەریدا، لەپێناو ژیان و پارەو دەسەڵاتدا ملکەچی بکات بۆخۆی یان بێڕێزی بکات و بە سوك سەیری بکات و مافەکانی پێشێل بکات، چونکە هەموو مرۆڤەکان لای خوا یەکسانن و کەس لە کەسی تر گەورەتر نیە مەگەر تەنها بە دڵسۆزی و لە خوا نزیکبوون و خاکیبوون و مرۆڤدۆستی نەبێت. پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەفەرموویێت "مرۆڤەکان هەموویان وەك دانی شانە وان" هیچ مرۆڤێك بە هۆی ڕەگەز و خوێن و نەتەوەوە لە کەسێکی تر بەڕێزتر نیە، بەڵکو هەمووان هاوڵاتین و دەبێت مافی هاوڵاتی بوونی خۆیان وەربگرن، سەربە هەر ئاین و نەتەوەو مەزهەبێك بن چوونیەکە.

## پلانی کۆچ بە دیدگایەکی نوێ

لەگەڵ تازەبوونەوەی هەر ساڵێکدا کۆمەڵێك یادەوەری و رووداوی رابردوومان بیردەکەوێتەوە، یەکێك لەوانەش یادی کۆچی پێغەمبەرە (ﷺ) کە رێرەوی مێژووی گۆڕی و هاوسەنگییەکانی تێکدا و مرۆڤایەتی خستە ئاستێکی تر، کە بریتی بوو لە کۆچکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککەوە بۆ مەدینەی پیرۆز، کۆچ بوو بۆ بنیاتنانی ئەزموونێکی ئیسلامی کە ئەمەش بووە رووناکی و روویکردە هەموو کیشوەرەکانی سەر زەمین و خەڵك پۆل بەپۆل هاتنەناو ئەم ئاینە تازەوە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ)و هاوەڵانی لەسەر بانگەوازکردن بۆ ئەم ئاینە نوێیە تووشی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بوون، بەتایبەتی قورەیش زۆر بەتوندی رووبەڕوویان بوویەوە، ئازارەکانی پێغەمبەر ئەو کاتە زیادیان کرد یەکێك لە پاڵپشتە گەورەکانی کە خەدیجەی خێزانی بوو کۆچی دوایی کرد لەدوای ئەویش پارێزەر و پشتیوانێکی گەورەی لەدەستدا کە ئەبو تالیبی مامی بوو، لەدوای ئەوە زۆر هەوڵیدا کە شوێنێك بدۆزێتەوە بە ئازادی بانگەوازی تێدا بکات، بڕیاریدا کۆچ بکات بۆ تائیف، لەم کۆچەدا زەیدی کوڕی حاریسە هاوڕێی بوو، بۆ ئەوەبوو کە لەلایەن هەردوو هۆزی هەوازین و سەقیف پشتیوانێك بدۆزێتەوەو لەنێویاندا بانگەواز بڵاوبکاتەوە، تائیف بکاتە پێگەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئاینە بۆ هۆزەکانی تر ئەوەش لەدوای ئەوە کە قورەیش هەموو دەرگاکانیان لەسەر داخست.

بەڵام کاردانەوەی خەڵکی تائیف لەقورەیشیەکان باشتر نەبوو، ئەوانیش بەڕوویدا وەستانەوەو پێیان وت ئەگەر تۆ خێرت تیابوایە خزم و هۆزەکەی خۆت دەریان نەدەکردی، لەبەرئەوە هانی منداڵان و گەوجەکانی خۆیاندا بکەونە شوێنی و بە بەرد و تەنەکە راویاننا، هەتا ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە دەم و چاوی پیرۆزی بریندار ببێت، زەیدیش قاچی و دەم و چاوی تووشی پێکان و ئازار بوو، لەم کاتەدا

پێغەمبەر (ﷺ) بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی ببێت بەرەو مەککە بەڕێکەوت، لەرێگەدا خوای گەورە لە ئاسمانەوە وەحی بۆ ناردو جبریلی نارده لای پێیوت ئەگەر دەتەوێت خوای گەورە ئامادەیە لەسەر تۆ کە تائیف و ئەوەی تێیدایەتی لەناوی ببات، بەلام پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویێت من داوام ئەوەیە کە واز لەو کەللە رەقیە بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنها، ئەمەش ئەوپەڕی لێبوردەیی و رێنمایی پێغەمبەرە (ﷺ) بۆ خەڵك، چونکە ئەو بە شوێن تۆڵە سەندنەوەدا نیەو دەیەوێت خەڵك رێنمایی بکات بۆ سەر رێگەی راست.

لەدوای ئەم رووداوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) رەشبین نەبوو لە گەیاندنی بانگەوازەکەی و پاشەکشەی نەکردوو متمانەی بەخوا لاواز نەبوو، لەپاش ئەوە ماوەیەك لە مەککەدا مایەوەو بەردەوامبوو لەسەر بانگەوازی خۆی، بەلام ژمارەیەکی کەم باوەڕیان پێکردوو کەوتنە شوێنی، سزاو ئەشکەنجەی موشریکەکان لە دژی خۆی و هاوەڵانی بەردەوامبوو، بەلام ئەمە نەبووە مایەی وازهێنان و پاشەکشە بەڵکو دامەزراویی و ئیرادەی بەهێزتر دەکرد و پەیامەکەی لاخۆشەویستر دەبوو، لە کاتی بۆنەی حەجدا سوربوو لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی بە هۆزەکانەوە بکات بەتایبەتی لە بازاڕی عوکاز کە لەوێدا هۆزە عەرەبیەکان کۆدەبوونەوەو شیعریان دەخوێندەوە و بە بنەچەو باب و باپیریاندا هەڵیاندەدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئایا پیاوێکم دەستناکەوێت بمبات بۆ ناو هۆزەکەی خۆی، چونکە قورەیش رێگەمنادات ئەم پەیامەی خوا بگەیەنم، پانزە خێڵ داواکەیان رەتکردەوە، بەلام خوای گەورە دڵی پشتیوانەکانی بۆ کردەوەو هەندێك لە ئەوس و خەزرەج هاتن و موسڵمان بونی خۆیان راگەیاند، وتیان (ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە جولەکەکان بەڵێنیان پێدابووین کە دێت و نابێت کەس لەباوەڕهێنان پێی پێشمان بکەوێت)، ئەم گروپەش ئەوانەبوون کە پەیمانی عەقەبەی یەکەمیان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەست،

لە ساڵی دووەمدا شاندێكی (٧٣) كەسی لە ژن و پیاو هاتن و لەسەر گوێڕایەڵی كردن لە خۆشی و ناخۆشیدا پەیمانیان بە پێغەمبەردا (ﷺ)، بڕیاریاندا كە وەك خۆیان و خێزان و كەسوكاریان بیپارێزن ئەمەش دووەم پەیمانی عەقەبەیە.

لەپاش ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) موسعەبی كوری عومەیر وەك یەكەم سەفیری ئیسلام دەنێرێت بۆ مەدینە بۆ ئەوەی فێری ئیسلامیان بكات، ئەمەش بووە هۆی بڵاوكردنەوەی رووناكی ئیسلام لەهەموو ماڵێكدا و رووناكیەكە سەرتاسەری شاری گرتەوە، ئەم كارەش بووە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و رێگەی خۆشكرد بۆ بانگەواز.

**كۆچكردن بەپلانێكی ورد داڕێژرابوو لەگەڵ بوونی ئیرادەیەكی بەهێزو ئارامیەكی گەورەدا.**

خوای گەورە رێگەیدان بە كۆچكردن، هەموو ئەو هاوەڵانەی كە توانایان هەبوو لەگەڵیدا رۆیشتن لێرەدا چیرۆكێكی خۆش هەیە، سوهەیبی رۆمی كاتێك كە ویستی كۆچبكات بێباوەڕە قورەیشیەكان پێیانوت تۆ كە هاتیە ناومان كرێكارێكی هەژار بووی، لەناو ئێمەدا دەوڵەمەند بوویت و گەیشتوویتە ئەو ئاستەی كە ئێستا هەیت، ئایا دەتەوێت ئێستا بە خۆت و ماڵەكەتەوە كۆچبكەیت و بەجێمان بێڵیت؟ وتیان سوێند بەخوا ناهێڵین ئەو كارە بكەیت، سوهەیب وتی: ئەگەر ماڵەكەم بدەم پێتان ئایا رێگەم دەدەن؟ وتیان بەڵێ، ئەویش وتی: ئەوە هەموو ماڵەكەم بۆ ئێوە، كاتێك كە هەواڵەكە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت فەرمووی: (سوهەیب مامەڵەیەكی پڕ لە قازانجی كرد).

چیرۆكی كۆچ شتێكی ئاشكرایە لاتان و پڕە لە كۆمەڵێك وانەی جوان كە بۆ ئایندەمان سودمەند دەبێت، لەوانەش كۆچ توانی پشت بەستن بەخوا لەگەڵ مافی پشتگیری كار بەیەكەوە گرێ بدات، زۆر بەوردی هەموو هۆكارەكان بگرێتەبەر، لە زۆربەی سیستەمەكانی

جیهاندا تەنها پشت بە هۆكارە ڕواڵەتیەكان دەبەستریٚت وەك لە شارستانیەتی ڕۆژئاوادا، یان هەر پشت بەلایەنی ڕۆحی دەبەستریٚت، بەڵام ئیسلام هاوسەنگیەك دەكات و هەردووكیان بەیەكەوە گریٚدەدات، لەكاتیٚكدا كە پشت بەخوا دەبەستریٚت دەبیٚت هەموو هۆكارەكانیش ئامادە بكریٚت، چونكە هەر كاتیٚك موسڵمانان ئەم هاوسەنگیەیان تیٚكدابیٚت سەركەوتوو نەبوون و نەیانتوانیەوە ئەو پیٚشكەتن و هیٚزو شارستانیەتە بەدەست بهیٚنن كە خوا دەیەویٚت.

**هەر كاتیٚك موسڵمانان ئەم هاوسەنگییەیان تیٚكدابیٚت سەركەوتوو نەبوون و نەیانتوانیەوە ئەو پیٚشكەتن و هیٚزو شارستانیەتە بەدەست بهیٚنن كە خوا دەیەویٚت**

لەدوای دانانی پلانی ستراتیجی و دابەشكردنی ڕۆڵ و تواناو وزەكان هەریەكەیان بەپیٚی پیٚویست دەبیٚت لەدوای ئەوە كە دەست بەجیٚبەجیٚ كردن دەكریٚت داوای پشتوانی لە خوا بكەیت بۆ سەرخستنی پلانەكە.

ئەگەر سەیری پلانەكەی پیٚغەمبەر (ﷺ) بكەین بۆ كۆچ پاش ئەوەی كە خوای گەورە ڕیٚگەی پیٚدەدات پیٚش دیاریكردنی ڕیٚگاكە ئەو هاوەڵە دەستنیشان دەكات كە لەگەڵیدا بیٚت، پیٚش چوار مانگ لە كۆچ حوشتریٚك ئامادە دەكات و بە باشی ئالیكی بۆ دابین دەكات، عەلی كوری ئەبو تالیب دەخاتە جیٚگەكەی خۆی بخەویٚت بۆ سەرلیٚشیٚواندنی موشریكەكان و گەڕاندنەوەی ئەو ئەمانەتانەی كە لەئەستۆیدایە.

ئینجا ڕۆڵی ژنان دیاری دەكات، بۆ ئەم مەبەستەش عائیشە باس لە خۆی و خوشكەكەی (ئەسماء) دەكات باشترین میكانیزم دەخاتە

بەردەستیان ئەویش پێویستی رێگایە واتە ئامادەكردنی خواردن بۆ كۆچبەران.

رۆڵی مندالانیش بریتی بوو لەو رۆڵەی كە عبداللەی كوری ئەبوبەكر گێڕاویەتی، وەك عائیشە دەڵێت كە بەرەو ئەشكەوتەكە بەرێكەوتوون و گەیشتوون بەپێغەمبەری خوا (ﷺ)و ئەبوبەكر، بۆ ماوەی (٣) شەو لەلایان دەمێنێتەوەو كە گەنجێگی تازە پێگەیشتوو وریا بوو، زوو لە شت تێدەگەیشت، بەیانی زوو لە ئەشكەوتەكە دەردەچوو پاشان دەگەرایەوە بۆ ناو قورەیش و گوێی لە هەموو ئەو هەوالانە دەگرت كە باسیان دەكرد، پاشان كە شەو دادەهات دەرۆشتەوە بۆ ئەشكەوتەكەو هەواڵەكەی بۆ دەگێڕانەوە، لەلایەكی ترەوە عامری كوڕی فەهیرە بە جەڵەبێك مەڕێكەوە دەكەوتە رێگە بۆ ئەشكەوتەكە بۆ ئەوەی شوێن پێی ئەوانە بسڕێتەوە كە پیایدا رۆشتوون، كە دەگەیشتە ئەشكەوتەكەش شیری مەڕەكانی پێدەدان، لەلایەكی تریشەوە پێغەمبەر (ﷺ) عبداللە ی كوڕی ئەریقتی لەگەڵ خۆیدا برد سەرەڕای ئەوەی كە موشریك بوو بەلام جێگەی متمانە بوو بۆ ئەوەی رێگەیان نیشانبدات، لە كارەكەشیدا شارەزا بوو لەبەرئەوە رێنمایكردن بەرەو رێگەیەكی زۆر باش كە قورەیش پەی پێ نەدەبرد.

لە ئەشكەوتی سەوریش لەكاتێكدا كە بێباوەڕان نزیكبوونەوە بە جۆرێك كە ئەگەر هەركەسێكیان سەیری شوێن پێكانی خۆی بكردایە ئەوانی دەبینی، بەلام پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو كاتەدا بە ئەبوبەكر دەفەرمووێ: گومانت چۆنە بە دوو كەس كە سێهەمیان خوا بێت، دڵتەنگ مەبە خوا لەگەڵمانە، ئەمەش ئەوپەڕی متمانە و ئارامیە، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم كاتەدا گەورەترین متمانەی بەخوا هەیە و پشتی پێ دەبەستێت و دڵنیایە لەوەی كە رزگاری دەكات و نایدات بە دەست دوژمنەكانیەوە.

بۆماوەی سێ رۆژ لەناو ئەشكەوتەكەدا مانەوە، دوای ئەوە قورەیشیەكان بە تەواوی بێهیوا بوون و گەڕانەوە، لەدوای ئەوە

هاتن خەڵاتێکیان دابین کرد بۆ هەرکەسێك کە موحەممەد (ﷺ) و هاوڕێکەی بگرێت و بیدات بە دەستیانەوە کە بەهاکەی (١٠٠) حوشتر بوو، لەدوای ئەوە سوراقە ویستی ئەم خەڵاتە بەدەست بێنێت بەڵام کاتێك کە کەوتەڕێ سێ جار ئەسپەکەی کەوت، لەوکاتەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) هەست دەکات سوراقە بینیونی مژدەی پێدانی تاجی کیسرای پێدەدات بەم هۆیەوە واز دەهێنێت و دەگەڕێتەوە، بەڵام کاتێ کە سوپای ئیسلام هێرش دەکاتە سەر کۆشکەکانی کیسرا عومەری کوڕی خەتاب دەچێتە سەر مینبەر و دەڵێت: "ئەی موسڵمانان ئایا سوراقەی کوڕی مالیك لەناوتانایە؟" ئەویش دەڵێت: بەڵێ ئەی ئەمیری موسڵمانان، عومەریش بانگی دەکات و تاجەکەی دەخاتە سەر و بەمەش مژدەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دێتەدی، لە ڕێگەی کۆچەکەیدا بەلای (ئوم معبد) تێدەپەڕێت داوای لێدەکات کە خواردنێکیان بداتێ، ئەویش دەڵێت هیچ شتێکمان لانیە تەنها ئەو مەڕە لاتە نەبێت، پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەستێك بەگوانیدا دەهێنێت و پڕدەبێت لەشیر، لەدوای ئەوە خۆی و ئەبوبەکرو هەموو ئەوانەی لەو دەورەدان بوون تێر شیر دەبن.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتە ( قباء) و خەڵك هاتنەدەرەوە بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنی، ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کە ئازارەکانی مەککەی بیربچێتەوەو لێرەوە وەك ڕووناکیەکی پرشنگدار ئیسلام بە جیهاندا بڵاوبکاتەوە.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت ئەو کەسەی کە پشت بەخوا ببەستێت و ئەو کۆمەڵەو دەوڵەتەی کە ڕوو لەخوا بکات و داوای کۆمەکی لێبکات و پلانی ستراتیژی هەبێت و دەست بەهۆکارەکانەوە بگرێت خوای گەورە سەری دەخات و دەیگەیەنێتە ئامانجەکانی.

## بەبۆنەی ڕۆژی عاشورا و مانگی موحەڕەم

ئەمینداری گشتی یەكێتی جیهانی زانایانی موسڵمان داوا لە هەموو ئوممەتی ئیسلامی بە سەركردەو گەلەكانیەوە دەكات كە كۆتایی بە شەڕو كوشتار و ململانێكان بێنن و بەخۆیاندا بچنەوە و ئەنجومەنی دانایان دروست بكەن بۆ ئاشتەواییەكی سەرتاسەری و كۆتایهێنان بە نەهامەتیەكان، هەروەها داوا لە موسڵمانان دەكات كە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی موحەڕەم بەڕۆژو بن و لەم مانگەدا كردەوەی چاكەی زۆرتر ئەنجامبدەن.

مانگی عاشورا مانگێكی زۆر گەورە و بەڕێزە، دوو ڕۆژی زۆر گەورەشی تێدایە كە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی ئەم مانگەیە، دادەنرێت بە ڕۆژی سەركەوتنی باوەڕدارانی ستەملێكراوی چەوساوە بەسەر دەستدرێژكاران و ستەمكاراندا، بەم بۆنەیەوە داوا لەگەلانی موسڵمان دەكەین كە:

**یەكەم:** هاتنی ئەم مانگە بكەینە هەلێك بۆ ئەوەی داوا لە ئوممەتی ئیسلامی بكەین بە سەركردەو گەلەكانیان و زانایان و ڕووناكبیران و سیاسیەكان كەبە خۆیاندا بچنەوە و بزانن ئێستا ئێمەی موسڵمانان لە چ بارودۆخێكی خراپداین لە دووبەرەكی و پارچەبوون و دواكەوتویی و هەژاریی و نەفامی، ئەمەش پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەكی گشتگیر هەیە، بۆ ئەوەی بزانین كە ناتەواویەكانمان لەكوێدان.

ئەم مانگە یەكێكە لەو چوار مانگەی كە خوای گەورە شەڕو كوشتاریی تێدا حەرام كردووە تەنانەت لەگەڵ ناموسڵمانانیشدا. خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلَا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ﴾ التوبة: ٣٦.

هەروەها ئیبن عباس دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت لەم شتانەدا ( ستەم لەخۆتان مەكەن) كە مەبەستی هەموویەتی، پاشان تایبەتمەندی دەكاتەوە بەو چوار مانگەی كە بە حەرام ناوبراوەو حەرام ئەنجامدان تیایاندا تاوانی گەورەیە، ئەنجامدانی كردەوەی چاكەش تیایاندا

پاداشتی گەورەی هەیە، قەتادە لەمبارەیەوە دەڵێت: (ستەمکردن لە مانگە حەرامەکاندا لەچاو مانگەکانی تردا گەورەترین تاوانە) هەرچەند ستەمکاری لە هەموو حاڵەتێکدا تاوانی گەورەیە.

لە کاتێك کە ئیسلام چوار مانگ دیاری دەکات کە نابێت شەڕ تیایدا ئەنجام بدرێت، ئەوە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەیەوێت لەرێگەی راگرتنی شەڕو کوشتار بوار بۆ ئاشتەوایی برەخسێنێت وەك فەرمانێکی شەرعی لە مانگەکانی (ژی القعدە وژی الحجە) موحەڕەم ( کە سێ مانگی بەدوای یەکدان) و رەجەب.

لەکاتێکدا ئەگەر وەستاندنی شەڕ واجب بێت لەم مانگانەدا تەنانەت لەگەڵ ناموسڵمانانیشدا، ئەوا وەستاندنی شەڕ لە ناوماڵی مسوڵمانانداا زۆر پێویستترەو درێژەدان بەشەڕو شکاندنی تاوانەکەی گەورەترە، چونکە پێویستە پەیوەندی نێوان موسڵمانان لەسەر برایەتی ئیمانی دابمەزرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ﴾ الحجرات: ١٠.

دەقە شەرعیەکان یەکریزی موسڵمانانیان کردووە بە فەرزێکی شەرعی و گەورەترین پێویستیە بۆ مانەوەی ئەم ئوممەتە وەك ئوممەتێکی بەرێزو شکۆدار، چونکە بەبێ یەکێتی و یەکریزی ئێمە دەبینە ئوممەتێکی شکست خواردوو بێ سەنگ و بێ ناوەرۆك، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ الانفال: ٤٦.

**دەقە شەرعیەکان یەکریزی موسڵمانانیان کردووە بە فەرزێکی شەرعی و گەورەترین پێویستیە بۆ مانەوەی ئەم ئوممەتە وەك ئوممەتێکی بەرێزو شکۆدار**

بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێویسـتمان بەوەیـە ئەنجومەنێـك لـە دانایانـی دڵسـۆز دروسـت بكـەین كە یەكسـەرو راسـتەوخۆ دەسـتبكات بەئاشـتەوایی لەنێـوان موسـڵمانانـدا.

هـەر كەسێكی دانـاو خـاوەن عـەقڵ لـە ئێسـتادا سـەیری ناكۆكیەكانـی نێـوان گـەلانـی موسـڵمان و وڵاتـانـی عـەرەبـی و كـەنـداو و دەوڵەتانـی ئیسـلامی بـكات، دەبینێـت كـە هەمـوو ناكۆكیـەكان لـە بەرژەونـدی خۆمانـدا نیـەو خزمـەت بـە دەرەوەی خۆمـان دەكات، هەندێكیـش لـەو ناكۆكیانـە هیـچ بنەمایەكیـان نیـەو بەشـێویەكی وەهمـی دروسـتكراون. لەبەرئـەوە ئێمـە داواتـان لێدەكەیـن كـە لەبەرخوا كۆببنـەوە و ئاشـتەوایی بكـەن و لەبیـری بەرژەونـدی گشـتیدا بـن، چونكـە ئێمـە هەموومـان بەرپرسـیارین لەبـەردەم خـوای گـەورەدا كەدەفەموێـت: ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ﴾ الصافات: ٢٤.

**دووەم:** ئـەم مانگـە بكەینـە هەلێك بۆ عیبادەت و نزیكبونەوە لەخوای گـەورە، ئـەویش بـە ئەنجامدانـی كـردەوەی چـاك و رۆژو، وەك پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرموویـت: "باشـترین رۆژوو لـەدوای رەمـەزان رۆژووی مانگـی موحەڕەمە"

سـێیەم: لـەم مانگـەدا رۆژی عاشـورا هەیـە كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە رۆژێكـی گـەورە نـاوی دەبـات، هـەروەك لـەو فەرموودەیـەدا كـە موسـلیم گێراویەتیـەوە، ئیمـام ئەحمەدیش باسـی دەكات: دەفەرموویێت: "ئەو رۆژەیە كـە كەشـتیەكەی نـوح لەسـەر شـاخی جـودی وەسـتاو نـوح پێغەمبەر(علیه السلام) بۆ سوپاسـكردنی خـوا ئەو رۆژە بەڕۆژوو بـوو، لەبەرئەوە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرمانـی كـردووە كـە ئێمـەش بـۆ سوپاسـگوزاری خـوا لەسـەر رزگار كردنـی باوكـە گـەورەی دووهەممـان (نـوح پێغەمبـەر) سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت، هەروەهـا رزگار بوونـی یەكێكـی تـر لـە پێغەمبـەرە مـەزن و گـەورەكان كـە پێشـەوامان موسـا و هـارون و گەلەكـەی بـوو بەڕۆژووبیـن، تەنانـەت ئیبـن و عەبـاس دەڵێت: (لـە صەحیحـی بوخـاری (١٨٦٧) دەڵێـت: نەمبینیـوە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هیـچ رۆژێـك ئەوەنـدە بـە گـەورە بـاس

بکات و ڕێزی بدات بەسەر ڕۆژەکانی تردا، وەك ئەوەی باسی بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عاشورای دەکرد.

لە کتێبەکانی ژیاننامەو فەرموودەدا باسکراوە لە کاتێك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچیکرد بۆ مەدینە بینی کە جولەکەکان ڕۆژی عاشورا بەڕۆژوو دەبوون، ئەویش پرسیاری لێکردن کە هۆی بەڕۆژوو بوونیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ وتیان ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە خوای گەورە موسا و شوێنکەووتوانی ڕزگار کردوو فیرعەون و شوێنکەوتووانیشی لە ئاودا خنکاند، ئەو ڕۆژە حەزرەتی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ سوپاسکردنی خوا بەڕۆژوو بوو، لەبەرئەوە ئێمەش بەڕۆژوو دەبین، پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی من زۆر لە موسا نزیکترم لەئێوە، بڕیاریدا خۆی بەڕۆژوو بێت و فەرمانیشی بە موسڵمانان کرد کە بەڕۆژوو بن، هەروەها عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: قورەیشیەکان لەسەردەمی نەفامیدا ڕۆژی عاشورا بەڕۆژوو دەبوون، کاتێك پێغەمبەریش (ﷺ) کۆچیکرد بۆ مەدینە خۆی بەڕۆژوو دەبوو، فەرمانیشی بە موسڵمانان دەکرد کە بەڕۆژوو بن، بەڵام کاتێك کە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان فەرزکرا ڕۆژی عاشورای واز لێهێناو هەر کەسێك حەزی بکردایە بەڕۆژوو دەبوو، هەر کەسێکیش حەزی لێنەکردایە بەڕۆژوو نەدەبوو.

بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عاشورا سوپاسگوزاریە بۆ خواو جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام شوێنگرەوەو تەواوکەری هەموو ئاینە ئاسمانیەکانی پێش خۆیەتی و پێغەمبەری خواش (ﷺ) دواهەمین پێغەمبەرەو دواهەمین شوێنگرەوەی پێغەمبەرانە لە ڕووی زانست و ڕەوانبێژی و بانگخوازیەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ آل عمران: ٦٨.

خوای گەورە ئەم ئوممەتە سەرکەتوو بکات بۆ هەر شتێك کە مایەی خێرو چاکە و گەورەبوون و یەکڕیزی و ئاشتەوای هەمەلایەنەو خۆشەویستی و دروستبونی پردی پەیوەندییە لە نێوان تاکەکان و چارەسەری هەموو گرفت و ئاڵۆزییەکانە...ئامین.

## خوێندن وەك شارێگەی پێشكەوتن و بەختەوەریی

ئەگەر سەیری هەموو كتێبەكانی پێشوو و دەستورەكانی جیهان و یاسا گشتیەكان بكەین، ئەوانەی كەلەپێش ئیسلامدا هاتبوون هیچیان هێندەی ئیسلام گرنگیان بە خوێندن و پەروەردە نەداوە، چونكە قورئانی پیرۆز كە دوا پەرتوكی خوایە بۆ مرۆڤایەتی، لە یەكەمین ئایەتدا پێش عەقیدەو عیبادەت فەرمان دەكات بە خوێندن، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ العلق(١)، مەبەست لەم ئایەتەش تەنها خوێندنەوەی قورئان نیە، چونكە قورئان لەدوای ئەوەوە دەست بە دابەزین دەكات، بەڵكو مەبەست پێی گرنگیدانە بە سیستمی خوێندن، لە زانیاری خوادایە كە لەداهاتوودا كۆمەڵگەكان تەنها لە رێگەی خوێندنەوە دەتوانن پێشبكەون و بەختەوەربن، ئیسلام رێگەی هیدایەت و خوێندن و دانایی و چاكەخوازیی بەیەكەوە گرێدەدات و پێیوایە هەموویان بەیەكەوە دەتوانن مرۆڤێكی چاك دروستبكەن خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ*إِنَّ فِي هَذَا لَبَلَاغًا لِقَوْمٍ عَابِدِينَ*وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء(١٠٥-١٠٧).

خوای گەورە مرۆڤی بۆ بەرپرسیارێتیەكی گەورە دروستكردوە ئەویش ئاوەدانكردنەوەی زەوییە، بەشێوەیەك كە ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانی سەر زەوی پەیدابكات و زەوی بەو شێوەی كە خوا دەیەوێت ئاوەدانی بكاتەوە: لەبەرئەوە خوای گەورە كاتێك فەرمان دەكات بە خوێندنەوە، هەموو زانیاریەكانی رابردوو و داهاتووی لایەو دەزانێت ئەم زەوییەی كە داویەتیە دەست مرۆڤ بە چی پێش دەكەوێت و دانیشتوانەكەی بە خۆشگوزەرانی لەسەری دەژین، لەبەرئەوە لەم روانگەیەوە داوای خوێندنەوەی گشت گەردوون دەكات بە هەموو پێكهاتەكانی و هەموو زیندەوەرو هەموو ئەوەی لەناو ژینگە جیاوازەكاندا هەیە، واتە مرۆڤ لە رێگەی زانستەوە بتوانێت پەی بە هەموو یاساكان و رێساكانی گەردوون ببات و لەم رێگەیەشەوە

گەورەیی خوا و شوێندەستی دەربخات و ئەوەش بخاتەڕوو کە خوا هەموو شتەکانی بە یاسایەو لە ڕێگەی زانستێکی تایبەتەوە کاروباری گەردوون دەبات بەڕێوەوە.

لە سەدەکانی پێشوودا شێوازەکانی خوێندنەوە دوو جۆر بوو:

جۆری یەکەم: خوێندنەوەیەکی ئاینی بووە کە تایبەت بووە بە خوا و بە ڕۆژی دوایی، سەرچاوەی زۆربەی ئەمانەش کاهین و ڕوهبان و پێشەوا ئاینیەکانی جولەکەو مەسیحی بوون.

جۆری دووەم: خوێندنەوەیەکی دنیایی بووە، کە گەڕان بووە بە شوێن توێژینەوە لە بۆچوونەکانی ئەودیوی گەردوون، کە ئەمەش زۆربەی فەیلەسوفەکان پێی هەستاون.

کاتێك کە ئیسلام هات ئەم ئاڕاستەیەی ڕاستکردەوە و داوای کرد خوێندنەوەی گەردوون لە ڕێگەی زانستەکانی گەردووناسیەوە بێت، هەروەها ئیسلام و ئاین لە ڕێگەی قورئان و فەرموودەکانەوە بخوێندرێنەوەو لایەنی ڕوحی مرۆڤیش لە ژێر سێبەری قورئان و سوننەتدا بێت و لایەنە مادییەکەشی لە ڕێگەی زانستەکانی پزیشکی و کۆمەڵناسی و ئەوانی ترەوە بێت.

ئەمە ئەو سەرەتایە بوو کە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەرەتاوە دەستیان پێکردوو توانیان لە بیابانێکی پڕ لە دواکەوتن و عەقڵی خێڵ و نەفامیەوە شارستانیەتێك، لە بواری پزیشکی و بیرکاری و زانستە جیاوازەکان دروست بکەن دواجار توانیان لە ڕووی شارستانیەتەوە پێش ڕۆمان و فارسەکان بکەون، کە هەزاران ساڵ لەپێش ئەوانەوە دروست ببوون، خوێندن و خوێندنەوە لەئیسلامدا واجبێکی شەرعیە، چونکە مرۆڤی موسڵمان و باوەڕدار ئەگەر بیەوێت بە باشی لە ئەم ئاینە تێبگات دەبێت خوێندەوارێکی باش بێت، توانای تێگەیشتنی هەبێت لە زانستە جۆربەجۆرەکان، چونکە زانست لەئیسلامدا ڕێگەی گەیشتنە بە ئیمان هەر وەك دەفەرموویّت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾ فاطر(٢٨).

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ﴾ محمد(١٩)، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیێنێت کە دەبێت عەقیدەی پاك و چاك لە ڕێگەی زانست و زانیارییەوە دابین بکرێت و ئەو کەسە توانای خوێندنەوەی گەردوون و زانستە نوێیەکانی هەبێت.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەو هەموو ژمارە زۆرەی موسڵمانان کە لە ملیارێك زۆرترن هەموویان پڕپاگەندەی ئەوە دەکەن کە شوێنکەوتەی قورئانن، بەڵام لە ئێستادا گەلانی موسڵمان لە گەلە دواکەوتووەکانی جیهانن، لە کاتێکدا کە هەزار ئایەت لە قورئاندا هەیە داوای فێربونی زانست و بیرکردنەوەو کەڵك وەرگرتن لە مێژوو دەکات، بەڵام ئەم موسڵمانانە تێگەیشتنێکی زۆر کەمیان بۆ قورئان هەیەو بەپێی ڕێنماییەکانی بەرێدا نارۆن، هەروەها بەشێکی زۆر لە موسڵمانان کە دەکاتە ڕێژەی لە (٥٠٪) بۆ (٦٠٪) تەنانەت خوێندنەوەش بە باشی نازانن و نەخوێندەوارن و توانای خوێندنەوەو نوسینیان نیە، ئەمەش هەمووی پێچەوانەی ڕێنماییەکانی قورئانە، ئەم زانیاریانەش لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی ئیسلامی بۆ پەروەردەو زانست و کەلتور هاتووە و لەوێدا زانیاری زۆرتری تێدایە.

لەلایەکی ترەوە گرفتی موسڵمانان لەرووی کەلتوریەوەیە، چونکە زانیاریەکی ئەوتۆیان دەربارەی تێگەیشتن لە بوارە جیاوازەکانی ژیان نیەو تێگەیشتنیان بۆ ئیسلامیش تەنها ئەنجامدانی چەند عیبادەتێکە، بەڵام کردەوەکانیان پێچەوانەی ئەو داوایانەیە ئەو عیبادەتانە داوایان لێدەکەن، ئەمە لەکاتێکدا کە بنەماکانی ئیمان لە نێوان (٦٠) بۆ (٧٠) لق دایە، زۆرینەی موسڵمانان تەنها بنەماکانی عەقیدەو عیبادەت وەردەگرن و بنەماکانی زانست و شارستانیەت و ئاوەدانکردنەوەو پێشەنگبوون بۆ جیهان پشتگوێ دەخەن، لەکاتێکدا کە دەستگرتن بەو بنەمایانەوە هیچی کەمتر نیە لە پەرستش و عەقیدە، لەبەرئەوە پێویستە موسڵمانان ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، چونکە ئەگەر ئەوە نەکەن هەر بە دواکەوتوویی دەمێننەوەو دوژمن

زیاتر بەسەریاندا زاڵدەبێت، دەبێت بەردەوام لە پەراوێزی شارستانیەتی جیهانیدا بن.

ئەگەر سەیرێکی مێژووی داگیرکەران بکەین بەتایبەتیش فەرەنسیەکان، دەبینن لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ کۆمەڵێك زانای بەناو ئاینی بۆ ئەوەی ڕێگەبگرن لە فێربونی زانست، کۆمەڵە فەتوایەکیان بۆ دژایەتیکردنی خوێندن پێدەرکردوون، بەتایبەتیش خوێندنی کچان، چونکە داگیرکەران بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ئەم ئوممەتە ئیسلامیە بە نەفامی بمێنێتەوە، هیچ تێگەیشتنێکی لەبواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانی نەبێت، بەم ڕێگەیەش ئەوان درێژەیاندا بە داگیرکاران بدەن و هەموو هەولێکیان بۆ ئەوەبوو گەلانی موسڵمان بەردەوام ژیان لە دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ و دواکەوتوویی و هەژاریدا بەسەربەرن.

لە ئیسلامدا خوێندن فەرزێکی شەرعیە، لەسەر هەموو موسڵمانان پێویستە بە هەموو پێکهاتەو تەمەنەکانەوە، چونکە پێشکەوتنی گەل و نیشتیمان تەنها لەڕێگەیەوە دەبێت، پێویستە ئەم کارەش لەسەر چەند بنەمایەك بێت:

**یەکەم:** مامۆستا: پێویستە لە ڕێگەی زانستەکەیەوە گرنگی بدات بە بلاوکردنەوەی زانست و مەعریفە، ئەوە ڕاستیەش بزانێت کە ئەو خاوەنی پیشەیەکی زۆر گەورە

> **لەئیسلامدا خوێندن فەرزێکی شەرعیە، لەسەر هەموو موسڵمانان پێویستە بەهەموو پێکهاتەو تەمەنەکانەوە، چونکە پێشکەوتنی گەل و نیشتیمان تەنها لەڕێگەیەوە دەبێت**

پیرۆزە کە پیشەی هەموو پێغەمبەران بووە لە سەرو هەموشیانەوە پێشەوامان محمد (ﷺ)، چونکە خۆی دەفەرموویت من وەك مامۆستا نێردراوم، یان لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموویت: من وەك باوکم بۆ ئێوەو زانیاریتان فێردەکەم، خوای گەورەش دەفەرموویت: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ﴾ الجمعة(٢)، لێرەدا مانای پەرتوك قورئان ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەستی هەموو نوسراوێکە، ئیتر دینی بێت یان دنیایی، داناییش لێرەدا واتە بەرهەمی عەقڵ، واتە ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) خەڵکی فێری وەحی و دانایی و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی پێشوو دەکات، لە ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەمە بەروونی دەبیندرێت، لەوانەش پرس و راوێژ بە سەلمانی فارسی لە کاتی هەڵکەندنی خەندەق بەدەوری مەدینەدا لە شەڕی ئەحزابدا، هەروەها وەرگرتنی بۆچوونی (حەبابی کوری مونزیر) لە گۆڕینی شوێنی سوپاکە لەجەنگی بەدردا.

پێویستە مامۆستا هەست بەو بەرپرسیارێتیە گەورەیە بکات کە لە ئەستۆیدایە، ئەویش پەروەدەکردنی نەوەیەکی نوێیە کە خاوەنی پەروەردەو زانست و ئەخلاق و شارەزایی بێت لە تەکنەلۆژیای نوێدا، پێویستە مامۆستا گەشە بە لێهاتن و داهێنانکاری لەقوتابییەکانیدا، هانیان بدات بۆ زیاتر تێگەیشتن و خوێندن، ئەو توانایەیان تێدا بچێنێت کە دەبێتە هۆی شیکاری و بیر کردنەوەو پلان دانان و رەخنە گرتن، هەروەها زانست پەیوەست بکات بەو ژینگەیەوە کە قوتابی تێیدا دەژیت بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی کە فێری دەبێت خزمەت بەچارەسەری ئەو قەیرانانە بکات کە تیایاندا دەژی.

من بۆ خۆم رۆژێکیان مامۆستایەکی زانکۆم بینی کە پسپۆر بوو لە زانستی میکانیکدا ئۆتۆمبیلەکەی لەکار کەوتبوو، ئەویش بەدیاریەوە وەستابوو، منیش لێم پرسی خێرە بۆچی بەو جۆرە وەستاویت؟ ئەویش وتی ئۆتۆمبیلەکەم لەکار کەوتووە، پێموت وامدەزانی ئەگەر ئۆتومبیلەکەی منیش لەکار بکەوێت تۆ یارمەتیم دەدەیت بۆ

چاککردنەوەی، بەڵام مامۆستاکە وتی: ئێمە تەنها وانەی تیۆریمان خوێندوەو ناتوانین لە واقیعدا هیچ شتێك بەم زانستە بکەین.

کەواتە زانستی بەسوود ئەو زانستەیە کە بەشێوەیەکی پراکتیکی لە واقیعدا بەکاردێت و لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەو بنیاتنانی شارستانیەتدا رۆڵی دەبێت، هەر لەبەر ئەمەشە لە یەکێك لەنزاکانی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە کە دەفەرمووێت: "خوایە پەنات پێدەگرم لە زانستێك کە سوودی نەبێت"

**دووەم:** کارگێڕیی سەرکەوتوو: بەڕێوەبەری قوتابخانە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەی و گەشەپێدانی توانای مامۆستا و قوتابی بەرپرسیارێتیەکی گەورەی لەئەستۆدایە.

**سێیەم:** قوتابی: پێویستە قوتابی خۆی یەکلابکاتەوە بۆ خوێندن، هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی ئایندەیەکی باش و هەست بە رۆڵی گرنگی مامۆستاو قوتابخانە بکات.

**چوارەم:** هەبوونی پرۆگرامێکی خوێندنی پێشکەوتوو: کە ئەمەش بەرپرسیارێتی حکومەت و وەزارەتە، دەبێت بەپێی واقیع و ژینگەی کۆمەڵگاکە پرۆگرامێکی پێشکەوتوو و گونجاو بڕیاربدات.

**پێنجەم:** چاودێریکردنی رەوتی پەروەدەو خوێندن لە رێگەی سەرپەرشتیار و توێژەری بەتواناوە.

**شەشەم:** خێزان: پێویستە دایك و باوك بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان بەشێکی گەورە لە بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و بە بەردەوامی چاودێریان بکەن و پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ قوتابخانەدا هەبێت.

**حەوتەم:** مزگەوت: پێویستە وتاری هەینی مامۆستایانی ئاینی خزمەت بە پێشخستنی واقعی کۆمەڵگە بکات، هانی قوتابیان و گەنجان بدات کە زیاتر بخوێنن، ئەوەش بخاتەڕوو کە تاکە چارەسەری هەموو ئەو قەیرانانە کە لەناو ئەم کۆمەڵگە موسڵمانانەدا هەن وەك گەندەڵیی و ستەمکاریی و دواکەوتوویی و نەفامی هەمووی لە رێگەی خوێندنەوە دەبێت.

## چاکسازیی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا

خوێندن وەك كلیلێك وایە بۆ چوونەناو گەردوون، هەموو شارستانیەتەكان لەو ڕێگەیەوە بنیاتنراون، ئەو زانستەش كە خوای گەورە باسی دەكات تایبەت نیە بە بوارێكەوە، بەڵكو زانستێكی گشتگیرە و لەسەر بنەمایەكی بەهێز لە توانا عەقڵی و كەلتوری و كۆمەلایەتی و جەستەییەكانی مرۆڤ دامەزراوە، هەرلە لە دایكبوونی مرۆڤەوە دەست پێدەكات هەتا كۆتا قۆناغی ژیانی. گرگترین بنەماكانی ئەم زانستە بریتیە لە پێگەیاندنی مرۆڤێك كە تواناكانی عەقڵیی و شیكاریی و وردبونەوەی فیكری تێدا بەهێز دەكات بۆ ئەوەی ببێتە هۆكارێك بۆ ئاوادانكردنەوەی زەوی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە مرۆڤێكی هاوسەنگ هەیە لە رووی مەعنەوی و جەستەییەوە، چونكە جەستەی ساغ دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی عەقڵێكی باش، لە هەمانكاتیشدا تەنها جەستەی باش ناتوانێت بە تەنها هۆكاری گەشەكردن و پێشكەوتن بێت ئەگەر خاوەنی عەقڵێكی باش و پێشكەوتو نەبێت، لە لایەكی تریشەوە گەشەكردن و پێشكەوتن پێویستی بە كاری كۆمەڵیانە و گروپ هەیە، ئەمەش پێویستە لەلایەن دامەزراوەكانی پەروەردەو فێركردنەوە گرنگی زۆری پێبدرێت، چونكە لەلایەك هۆكارە بۆ گەشەی عەقڵ و تواناكان، لەلایەكی تریشەوە پەیوەندییەكی كۆمەلایەتی باش بنیات بنێت، كە ئەمەش لە رووی زانستی كۆمەڵناسیەوە كاریگەری زۆری هەیە كە لە ڕێگەی بنیاتنانی پەیوەندییەكی مرۆیی باشەوە دەتوانرێت كۆمەڵگایەكی تەندروست بنیات بنرێت.

زانستی كۆمەڵناسی زانستێكی پراكتیكی كۆمەلایەتی مەدەنیە، لەسەر بنەمای پەیوەندییەكانی هاولاتی دروست دەبێت، سەرەتا لە پەیوەندی نێوان تاك و خێزان، پاشان ئەو كۆمەڵگەیەی كە تێیدا دەژین، هەروەها دەیبەستێتەوە بە كۆی كایەیی مرۆڤایەتیەوە

ئەویش لە ڕێگەی بنیاتنانی کۆمەڵێك بەهای ئەخلاقی و مرۆیی و ئاینی و شارستانی کە دەبێت لە سایکۆلۆژیای فێرخوازدا ڕەنگبداتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هاوڵاتیەکی مەدەنی کۆمەڵایەتی کە خاوەنی کەسایەتیەکی سەربەخۆ و مامەڵەیەکی ڕەوشتی جوان بێت.

گەشەپێدانی توانا جەستەیی و کۆمەڵایەتیەکانیش بەتەنها بەس نیە بۆ گەشەپێدانی گەلێك و پێشکەوتنی لە ڕووی ئاوەدانکردنەوەو هەنگاونان بەرەو تەواووکاری، بەڵکو پێویستە گرنگیەکی زۆریش بدرێت بە تواناکان لە بواری کەلتوردا، مەبەست لە بواری کەلتوریش ئەوەیە کە فێرخواز لە ئاستێکی فراواندا زانیاریەکانی خۆی پەرەپێبدات، واتە لە هەرشتێك شتێك بزانێت بەڵام پێویستە لە شتێکیشدا هەموو شتێك بزانێت، بەتایبەتی لە بواری زانستەکاندا تەنها لایەنی تیۆری نەگرێتەوە، بەڵکو شارەزاییەکە بچێتە بواری پراکتیکیشەوە، من بۆ خۆم لە زانکۆدا بینیومە کاتێك هەندێك ماۆستا پێی دەوترێت بۆ وتنەوەی وانەیەك کە لە پسپۆڕیەکەی خۆیدا نەبێت داوای لێبوردن دەکات لە وتنەوەی وانەکە، یان تەنانەت هەندێکیان ئەگەر بابەتێکیان بەسەردا بدرێت و لە پسپۆڕیەکەی خۆشیاندا بێت، بەڵام لە شتێکی جیاوازتردا ناتوانن

**دەبێت هەموو فێرخوازێك و مامۆستایەك لە بواری پسپۆڕیەکەی خۆیدا تەواو شارەزا بێت، بتوانێت بەشێوەی پراکتیکی لە ژیانی ڕۆژانەدا کاری لەسەر بکات و ئاگاداری هەموو ئەو پێشکەوتنانەش بێت کە ڕۆژانە لەو بوارەدا دێنە پێشەوە**

ئەم بابەتەش بڵێتەوە، کەواتە لێرەدا دەپرسین ئایا توانای فیکری و کەلتوری ئەم مامۆستایە چەندەو مامۆستای زانکۆ چۆن دەبێت بەو جۆرە بێت.

دەبێت هەموو فێرخوازێك و مامۆستایەك لە بواری پسپۆڕیەکەی خۆیدا تەواو شارەزا بێت، بتوانێت بەشێوەی پراکتیکی لە ژیانی رۆژانەدا کاری لەسەر بکات و ئاگاداری هەموو ئەو پێشکەوتنانەش بێت کە رۆژانە لەو بوارەدا دێنە پێشەوە.

مزگەوتەکان لە کۆندا سەرچاوەی هەموو زانستەکان بوون، واتە سەرەڕای زانستە شەرعیەکان زانستەکانی زمان و فیقە و زانستی رەوانبێژی و هونەر و زانستی زمان و فەلسەفەو تەنانەت زانستە تەجریبیەکانیش بوون، هەر ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی ئاین و شارستانیەت لەلای گەلانی موسڵمان پێکەوە جۆش بدرێن و دژایەتیش لە نێوان زانست و ئایندا نەبێت، لە زانکۆکانی رۆژئاوادا گرنگیەکی زۆر دەدرێت بەوەی کە فێرخواز لە بوارێکی پسپۆڕیدا زۆر پێشکەوتوو بێت، بۆ نمونە لە بواری پزیشکیدا کە من خۆم بەشێك لە پرۆگرامەکەیم بینیوە بەجۆرێکە کە لە چوارساڵی یەکەمدا قوتابی هەموو ئەو زانستانە دەخوێنێت کە پەیوەندی بەم بوارەوە هەیە، پاشان چوار ساڵی تر دەخوێنێت لە بواری زانستی پزیشکیدا، لەدوای ئەوە ئینجا پسپۆڕی لە بوارێکی تایبەتدا وەردەگرێت، ئەمەش شێوازی ئەو پرۆگرامەیە کە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا هەبووە، بەتایبەتیش لە قوتابخانەکانی (نیزامیە)دا.

بنەمای هەموو توانایەکی کەلتوری دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کە ئێمە ناخوێنینەوە تاکەکانمان خاوەنی کەلتورێکی پێشکەوتوش نین، لە ئێستاشدا ئاستی کەلتوریمان بەهۆی تەکنەلۆژیا نوێکانەوە زیاتر دابەزیوە، چونکە تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەریەکی ئەوتۆی دروست نەکردوە لەسەر زیاتر کردنی وشیاری و ئاستی کەلتوریمان، بەڵکو زۆربەی کاتەکانمان

لـە كۆمەڵـە شـتێكدا بەفیـڕۆ دەچێـت كـە تەنهـا كات بەفیڕۆدانـەو نابێتـە هـۆی گەشـەكردنمان لـە رووی هۆشـیاریەوە.

گەشـەدان بـە توانـا كەلتوریـەكان سـەرەتایەكە بـۆ بنیاتنانـی شارسـتانیەت، ئەگـەر سـەیری رۆژئـاوا بكەیـن هـەر تاكێكیـان ئـەوەی پێـوە دیارە كـە هەست بـە بەرپرسیارێتی دەكـەن، نرخـی كات دەزانـن و خۆشەویسـتیان بـۆ وڵات و نیشـتیمانەكەیان هەیـە، كاتەكانیـان بـە فیڕۆنـادەن، ئەگـەر هـەر یەكێكیـان ببینیـت لـە هەمـوو شـوێنێكدا سـەرقاڵی خوێندنـەوەن لەنـاو شـەمەندەفەرو فڕۆكـەو ئۆتۆمبێـل و تەنانـەت سەیرانگاكانیشـدا دەبینیـت هەریەكەیـان سـەرقاڵی خوێندنـەوەن و كۆمەڵـە كتێبێكیـان پێیـە.

ئەگـەر ئێمـە خۆمـان بـەراورد بكەیـن لەگـەڵ ئەوانـدا دەبینیـن چ جیاوازیەكـی گەورەمـان هەیـە، لـە كاتێكـدا نوسـەرێك لای ئێمـە كـە كتێبێـك دەنوسێت دەبێـت بزانیـت كـە چەنـد كاتـی بـۆ نوسینـی ئـەو كتێبـە تەرخانكـردوە چەنـد پێـوەی هیـلاك بـووەو چەنـد كتێـب و وتـاری بـۆ خوێندۆتـەوە، بـەڵام كاتێـك كـە چاپـی دەكات بـۆ نمونـە لـە كوردسـتاندا تەنهـا (٥٠٠) دانـە یـان هـەزار دانـەی لـێ چـاپ دەكات، دەبێـت چەنـد سـاڵێكیش ئـەو كتێبـە لـە كتێبخانەكانـدا بمێنێتـەوەو ئینجـا بینیـت زۆربەشـی نەفرۆشـراوە، بـەڵام ئەگـەر سـەیری ئـەو كتێبانـە بكەیـن كـە لـە رۆژئـاوادا چاپدەكرێـن ژمارەكەیـان بـە ملیۆنـان كتێبـەو لـە ماوەیەكـی كەمیشـدا لـە بـازاڕدا نامێنێـت، لەبەرئـەوە ئەگـەر بەراوردێـك لـە نێـوان خۆمـان و ئـەم گەلانـەدا بكەیـن بۆمـان دەردەكەوێـت كـە چ گەلێـك شـایەنی پێشـكەوتنە.

پێویسـتە سیسـتەمی خوێنـدن پلانێك بێت بۆ گەشـەپێدانی هەموو لایەنەكانـی كەلتـورو عەقـڵ لـەلای فێرخـواز، توانـا عەقڵیەكانیـش دوو جۆرن:

یەكـەم: توانایەكـی سروشـتییە كـە لـە مرۆڤـدا هەیـە و خـوای گـەورە هـەر لەسـەرەتای دروسـتبوونیەوە تیایـدا دروسـتی دەكات، ئـەو

توێژینــەوە زانســتیانەی کــە ســەنتەرەکانی توێژینــەوە لــە بەریتانیــا بڵاویــان کردۆتــەوە دەڵێــت: هەمــوو منداڵێــك بــە زیرەکــی لــە دایــك دەبێــت، ئــەوە ژینگەیــە کــە دەبێتــە هــۆی ئــەوەی زیرەکــی نەهێڵێــت و بــەرەو تەمبەڵــی ببــات.

دووەم: توانا بەدەستهاتووەکان: ئەمیــش لــە ڕێگــەی کەڵــك وەرگرتــن لــە هۆکانــی ڕاهێنــان و ئەزموونــی کەســانی تــرەوە وەردەگیرێــت، خــوای گــەورە لــە قورئانــدا یەکێــك لــە ئەرکەکانــی پێغەمبــەری دیــاری کــردووە بــەوەی کــە فێرکــردن بێــت لــە بــواری وەحــی و داناییــدا، چونکــە دانایــی بەرهەمــی کەســێکی تەندروســتە لــە ڕووی جەســتەو عەقڵــەوە، خــوای گــەورە دەفەرموویــت: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ الجمعة(٢).

ئوممەتــی ئیســلامیش لــە نێــوان دوو چاکەدایــە، چاکــەی وەحــی کــە لەلایــەن خــوای گــەورەوە بــۆی دابەزیــوە وە چاکــەی ئەزموونــە ســەرکەوتووەکان کــە بەرهەمــی سروشــت و عەقڵێکــی تەندروســتە.

دەبێــت بنیاتنانــی توانــا عەقڵیــەکان لــە سیســتەمی پــەروەردەدا بەپێــی پــلان بێــت، چونکــە ئەمە ســەرەتایەکە بــۆ بەگەڕخســتنی عەقڵ لە قورئانــدا، زیاتر لــە هــەزار ئایەت هەیــە کــە داوای بەکارهێنانی عەقڵ و بیرکردنــەوەو توێژینــەوە دەکــەن، یەکێــك لــە هۆکارەکانــی دابەزینــی قورئــان بــە زمانــی عەرەبــی لەپێنــاوی گەڕانــەوەی گەلانــی عەرەبییــە بــۆ ســەر ڕێچکــەی عەقــڵ و وازهێنانیانــە لــە نەفامــی، دەفەرموویــت: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ یوسف(٢).

یەکێك لە خراپیەکانی سیستــەمی خوێنــدن لــەم وڵاتانــەی ئێمــەدا ئەوەیــە کــە تەنهــا پشــت بــە شــێوازی لەبەرکــردن دەبەســتێت، بــەم شــێوازەش گەشــە بــە توانــا عەقڵیــەکان نادرێــت، چونکــە گەشــەدان بــە توانــای عەقڵــی، واتــە پێگەیشــتنی قوتابــی لــە ڕووی توێژینــەوەو پلاندانــان و ڕێکخســتن و شــیکار و داهێنانــکاری لــە ڕێگــەی ئــەوەوە کــە پێــی دەوترێــت (گوشــینی مێشــك)، واتــە: بەشــێوەیەك بێــت کــە

فێرخوازێك یان توێژەرێك هەموو تواناو لێهاتنەكانی خۆی لە بوارێكی تایبەتدا بەگەڕبخات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ كێشەیەك بە شێوەیەكی راست و دروست، بەڵام ئەوەی ئێستا لە سیستەمی خوێندنی ئێمەدا هەیە تەنها گرنگیدانە بە لەبەركردن، ئەویش تەنها لەپێناو دەرچوون لە تاقیكردنەوەكاندا كە پاش ماوەیەك هەموو ئەوانەشی لەبیردەچێتەوە.

ئەو زانستەی ئیسلام باسی لێكردووە مەبەست پێی زانستێكی سودبەخشە كە كاریگەری لەسەر گەشەپێدانی كۆمەڵگا هەیە، دەتوانێت گرفتەكانی چارەسەر بكات، كاری چاكەش تەنها لە عیبادەت و دروشمە ئاینیەكاندا نابێنێتەوە چونكە كاری چاكە لە ئیسلامدا كارە بۆ دنیاو دوارۆژ، كارەكانی دنیاش دەبنە بەرهەمی دوارۆژ لەبەرئەوە پێویستە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا سیستەمی خوێندن لە هەر وڵاتێكدا رەنگدانەوەی كەلتورو شارستانیەت و ئاینی ئەو وڵاتە بێت، سود لە هەموو سیستەمە هاوچەرخەكان و تەكنەلۆژیای نوێ و ئەزموونی وڵاتانی پێشكەوتوو ببینێت، ئەو كاتەش دەتوانین خاوەنی سیستەمێكی پەروەردەیی و فێركردنی پێشكەووتوو بین كە ببێتە مایەی رزگاربوونی گەلەكەمان لەو قەیرانانەی كە ئێستا تیایدا دەژین.

## کورد وەك قوربانی دەستی ستەمکاری

ئەگـەر بـە وردی سـەرنجی قورئـان و ئایەتەکانـی بدەیـن بۆمـان دەردەکەوێـت کـە هیـچ شـتێك وەك سـتەمکاریی مەترسـیدار نیـە، شـوێنکاری خراپـی لەسـەر مـرۆڤ بـە جێناهێڵێـت و زیان بـە کۆمەڵگـە ناگەیەنێـت، تەنانـەت خـوای گـەورە هاوتـای دەکات لەگـەڵ هاوەڵدانـان بـۆ زاتـی خـۆی، دەفەرموویـت: ﴿إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ لقمان(١٣).

هەروەهـا خـوای گـەورە سـتەمکاریی ئەژمـار دەکات بـە مەرجەعیەتـی گەندەڵیـی و وێرانکاریـی و لەناوچـوون بـەو هـۆکارەی دەزانێـت کـە دەبێتـە مایـەی وێرانـی و گومڕایـی و دووبەرەکـی لـە نێـوان هاوڵاتیانـی گەلێکـدا و پارچەپارچەبوونـی نیشـتیمانەکەیان، ئەمـڕۆ لـە واقیعـدا لـە ئەنجامـی ئـەو سـتەمکارییەیی کـە باڵـی کێشـاوە بەسـەر زۆربـەی گەلانـی موسـڵماندا بارودۆخێکـی ناهەمـوار لـە چەوسـانەوەو پێشـێلکاری مافەکانـی مـرۆڤ و ڕێگرتـن لـە ئـازادی تـاك و کۆمـەڵ دروسـتبووە، لەنـاو ئـەو گەلانەشـدا گەلـی کـورد یەکێکـە لـە گەلـە ستەم لێکراوەکانـی جیهانـی ئیسـلامی، کەبەهۆی دەسـەڵاتە سـتەمکارییەکانەوە هەتـا ئێسـتا ڕێگایـان نـەداوە خاوەنـی مافـی چـارەی خۆنووسـین بێـت و کیانێکـی سیاسـی هەبێـت و بـە ئـازادی بتوانێـت بیـروڕای خـۆی دەرببڕێـت.

ئەگـەر مێـژووی ئیسـلامیش بخوێنینـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە هـۆکاری سـەرەکی هەمـوو ئـەو گرفتانـەی کـە ئێسـتا لـە جیهانـی ئیسـلامیدا هەیـە لـە دواکەوتوویـی و نەفامیـی و هەژاریـی هەمـووی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە کۆمەڵێـك دەسـەڵاتی سـتەمکار کاروبـاری وڵات دەبـەن بەڕێـوەو لـە پشـتی ئەمانیشـەوە دەسـەڵاتێکی بەهێزتـری جیهانـی هەیـە کـە لـە ڕێگـەی ئەمانـەوە سـامانی نیشـتیمانی وڵاتـەکان بـۆ خۆیـان دەبـەن.

## ستەمکارییی و دەستدرێژیی و دوورکەوتنەوە لە راستی دوو جۆرە:

**جۆری یەکەم:** ستەمکردن لە بواری مافەکانی مرۆڤ، ئەمە یان پەیوەندی بە رێگرتن لە ئازادیە ئاینیەکانەوە هەیە یان پەیوەستە بە مافی ئازادی ژیان و خۆشگوزەرانی، کەسێك یان دەسەلاتێك دێت، ئەم مافەی لێوەردەگرێتەوەو وا لە هاولاتی دەکات کە ژیانێکی زۆر ناخۆشبباتە سەر، یان پەیوەندی بە رێگرتن لە ئازادی بیروڕاو ئەقڵ و بۆچوونەکانیەوە هەیە کە رێگانادات هاولاتی بە ویستی خۆی بیر بکاتەوەو بۆ چوونەکانی دەربڕێت، یان پەیوەندی بە بواری ئابورییەوە هەیە کە ناتوانێت لەم بوارەدا بە ئازادی کاربکات، وا لە خەڵك دەکەن بەشێوەیەکی گشتی بە هەژاری بمێننەوەو ئەگەر خاوەنی سەرمایەش بن بۆیان نیە بە ئازادی مامەڵەی پێوەبکەن و وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، یان پەیوەندی هەیە بە پاراستنی رێزو کەرامەت و بەهاکانی مرۆڤ، لەم روانگەیەوە مرۆڤ لەسایەی دەسەلاتی ستەمکارییدا وەك کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و سوك و بێبەها دەبێت و رێزو کەرامەتی مرۆڤبوونی لەدەست دەدا.

**جۆری دووەم:** ستەمکاریی بەرامبەر مافەکانی خوای گەورە، ئەویش بە دانانی هاوەڵ بۆی و پارێزگارینەکردن لەو سنورانەی کە بۆی داناوە، ئەمەش دەچێتە بازنەی خواو بەندەوە، چارەنووسیشی بەوە دیاری دەکرێت کە تا چەند خوای گەورە لە تاوانەکانیی خۆشدەبێت، لە قورئاندا شێوازێکی تایبەتی سیستەمی سیاسی باسنەکراوە، بەلام جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە سیستمی سیاسی دەبێت خاوەنی چەند بنەمایەك بێت لەوانەش دادپەروەریی و ئازادیی و پاراستنی رێزو کەرامەتی مرۆڤ، هەروەها خوای گەورە پشتیوانی لە دەوڵەتێك دەکات کە دادپەروەربێت ئەگەر بێباوەڕیش بێت، هەروەها دەوڵەتی ستەمکاریش لەناو دابات ئەگەر بەناوی ئیسلامیشەوە بێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئارامی و گەشەپێدان و پێشکەوتن لە ژێر

سایەی سیستەمێکی دادپەروەردا دەبێت و لە ژێر سایەی سیستەمی ستەمکاردا هەرگیز هەست بە پێشکەوتن و ئارامی و گەشەپێدان ناکرێت.

قورئانی پیرۆز زۆر دژی ستەمکاریی بە هەموو جۆرەکانیەوە وەستاوەتەوە، گرنگیەکی زۆریشی بەم بابەتە داوە، لە قورئاندا (هەشت سەد ئایەت) هەیە کە باس لە ستەمکاریی و هاوشێوەکانی دەکات ئەویش بە جۆرەها ناوهاتووە، لەوانە (ستەمکاریی، دەستدرێژی، هێرشبردن) لەبەرامبەر هەموو ئەمانەشدا سەرزەنشت و نەفرەت و دوورکەوتنەوە لە سۆزو بەزەیی خوا باسکراوە.

زۆرجار لەبەرامبەر بەردەوامبوونی ستەمکاریی بەتایبەتیش لە جیهانی ئیسلامیدا بێهیوایی روومان تێدەکات، بەڵام ئەگەر سەیری قورئان بکەین لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە ستەمکاریی و ستەمکاران لە دەستی خوای گەورە رزگاریان نابێت و با بۆ ماوەیەکیش رێگایان پێ بدات بەڵام دواجار دەیانگرێت و رزگاریان نابێت و تووشی سەرشۆڕی دنیاو دوارۆژ دەبن، لە قورئاندا وا باسدەکات کە ستەمکار ناتوانێت بە روویەکی پاکەوە دنیا جێبهێڵێت و ناوبانگی باش بۆخۆی دروستبکات، بەڵکو بەڵێنی خوایە کە دەبێت لە دنیادا ریسوا ببێت، تەنها ئەوانە نەبێت کە دەگەڕێنەوەو واز لە ستەمکاریی دەهێنن و مافەکان دەگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

ئەگەر سەیری گەلی کوردمان دەبینین بە درێژایی مێژوو لەسەر دەستی کۆمەڵێك دەسەڵاتی ستەمکار ستەمێکی زۆر لێکراوەو نیشتیمانەکەی پارچە پارچە کراوەو گەلەکەی تووشی ئەوپەڕی ستەمکاریی و چەوسانەوەو دەربەدەری وماڵوێرانی کراوە، بەڵام دەبێت لەوە دڵنیابین کە خوای گەورە بێئاگا نیە لەو ستەمکاریانەو بەردەوام لە بۆسەدا بووە بۆیان، بە چاوی خۆشمان بینیمان کە ئەو دەسەڵاتە ستەمکارانە لە دنیادا تووشی چ ریسوایی و سزایەکی سەختبوون، هەموو هێزو دەسەڵات و ناوبانگێکیان لە دەستداو بە ریسوایی دنیایان

جێهێشت، واتە ئەو بەڵێنەی خوایان بەسەردا چەسپا کە پێشگەیشتن بە رۆژی دوایی تووشی گەورەترین سزابوون، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ﴾ ابراهيم(٤٢).

بەڵام ئەوەی کە جێگەی داخە بۆ ئەو بارودۆخە نوێیە ئەوەیە ئێمە وەك گەلی کورد خاوەنی پلانی ستراتیژی نەبووین و نەمانتوانی بیکەینە هەلێك بۆ یەکخستنی تواناکان و بنیاتنانی کیانێکی سیاسی و گەشەپێدانی لە هەموو روویەکەوە.

دەبێت ئێمە لە ئێستاشدا وەك گەلێکی ستەملێکراو بڕوامان بەوە هەبێت کە لە خەباتمان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خوای گەورە پشتیوانیمان دەکات، بەڵام بەو مەرجەی کە دوور بکەوینەوە لە ستەمکردن لە خۆمان و لە گەلەکەمان، پشتیوانی هیچ هێزێك و لایەن و کەسێکی ستەمکار نەکەین، هەموومان بە پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوڵاتیانەوە خەباتمان یەکبخەین بۆ سەرخستنی عەدالەت و ئازادی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و وەستاوە دژ بە گەندەڵیی و ستەمکاریی، چونکە پشتیوانی لە ستەمکاران لەدنیاو دوارۆژدا پاشەرۆژێکی خراپی هەیە

> **دەبێت ئێمە لە ئێستاشدا وەك گەلێکی ستەملێکراو بڕوامان بەوە هەبێت کە لە خەباتمان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خوای گەورە پشتیوانیمان دەکات، بەڵام بەو مەرجەی کە دوور بکەوینەوە لە ستەمکردن لە خۆمان و لە گەلەکەمان**

کە دەبێتە مایەی ئاژاوەو دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆو گەندەڵیی و دواکەوتوویی و هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی دەبنە مایەی سزادانی ئەو گەلەی کە خۆی پشتیوانی ئەو ستەمکارانە دەکات.

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە (جەعفەری بەرمەکی) کە پیاوێکی ستەمکارو توندوتیژ بووە لەسەردەمی هارونە رەشیدو ئەبوجەعفەری مەنسوردا، پاش ئەوەی خۆی و کوڕەکەی لەلایەن هارونە رەشیدەوە دەستگیر دەکرێن، کوڕەکەی لە زینداندا لێی دەپرسێت ئایا چیمان کردووە وا ئێمەیان زیندانی کردووە؟ باوکی دەڵێت: کوڕەکەم.. ئەوە پاداشتی ستەمکارییە، ئەم زیندانە تۆڵەی فرمێسکی ستەملێکراوانە، کوڕەکەم: ئایا دەبێت چەندان فرمێسك لە چاوی ستەملێکراواندا رژابێت و ئێمەش لە کۆشکدا خەریکی ئارەزووبازی و دەسەڵات و خۆشگوزەرانی بووین، بە گومڕاییەوە لە خوا بێئاگا بوین؟

خوای گەورە هەروەها چیرۆکی عاد و سەمود و فیرعەون و قارون و هامان و..... هتد، دەگێڕێتەوە بۆمان ئێمەش دەبێت سودو پەندو ئامۆژگای لەو چیرۆکانە وەربگرین و متمانەمان بە خوای گەورە هەبێت کە خوا لە بۆسەدایە بۆ ستەمکاران و هەر لە دنیادا ریسوایان دەکات، لەبەرامبەریشدا پشتیوانی لە کەسان و گەلانی ستەملێکراو موسڵمانانی چەوساوەو دڵشکاو دەکات ئەگەر لەرووی سیاسیی و ئابوورییەوە خاوەنی پلان و دیدگای تایبەتی خۆیان بن، بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی چاك و کراوەو دادپەروەر.

## جەوهەری ئیمان دڵپاکیی و چاکەکارییە

چاکسازی دەروون لەناو ئەوانیشدا دڵ گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، خوای گەورە چاکەی دڵ دەبەستێتەوە بە سەرکەوتن و رزگاربوون لە رۆژی دواییدا، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ ولَا بَنُونَ*إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ الشعراء(٨٨-٨٩)، ئەگەر لەم دوو ئایەتە ورد ببینەوە کە باسی عەقیدەو عیبادەت و دروشم و ئەخلاق و کردەوەی تێدا دەکات، دەبینین کە چاکی دڵ بنەمای سەرەکی و یەکەمە لە تەندروستی هەموو ئەوانەی کە باسمان کردن، چونکە عەقیدە چاك نابێت تەنها بە ئیخلاس نەبێت، ئیخلاسیش سەرچاوەکەی چاکی و پاکی دڵە، هەروەها عیبادەت و دروشمە ئاینیەکان و ئەخلاق و گوفتار و کردار ئەگەر بە ئیخلاسەوە نەبێت تەنها شتێکی رۆتینیە و لەوکاتەشدا دەگۆڕێت بۆ سروتێکی ئاینی کە ئەمەش لای خوا وەرگیراو نیە، چونکە ئەو رواڵەتەی کە پێی دەردەکەوێت لەبەر خوا نیەو بە نیەتی تر ئەنجامی دەدات، وەك خۆ نزیککردنەوە لەکەسێك یان دەرکەوتن گوایا پیاوێکی ئاینی خواناسە یان بەرژەوەندیەکی تر کە تایبەتەو پەیوەندی بەخوا و رەزامەندی خواوە نیە.

ئایەتی ﴿يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ ولَا بَنُونَ*إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ الشعراء(٨٨-٨٩)، پەیوەندی هەیە بە هەموو بوارەکانی عەقیدە و عیبادەت و شەریعە و ئەحکام و ئەخلاق و ئادابەکانەوە، هەموو ئەمانەش بنەماکەی چاکی و پاکی دڵە، چونکە دڵی چاك دەبێتە هۆی تەقاندنەوەی تواناکان و هاندان بۆ جێبەجێکردنی شەعائیرەکان، سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ کاری خێرو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئیسلام، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا باسی ئەممەمان بۆ دەکات و دەفەرموویێت "لەجەستەی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر چاك بێت هەموو جەستەکە چاك

دەبێت، بەڵام ئەگەر خراپ بێت هەموو جەستەكە خراپ دەكات، ئەویش دڵە" كەواتە مانەوە لەسەر راستە شەقامی ئیمان پشت دەبەستێت بە راستی دڵ، وەك دەفەرموێت "ئیمانی بەندەیەك راست نابێت هەتا خاوەنی دڵێكی راست نەبێت" چونكە هیچ عەقیدەو كردەوەیەك ئەگەر سەرچاوەكەی دڵێكی پڕ لە ئیخلاس و دوور لە پیسی نەبێت وەرناگیرێت.

ئیسلام زۆر گرنگی دەدات بە دڵ و داوادەكات كە بەندەكان بە پاكی رایبگرن، خوای گەورە لە قورئاندا لە (١٩٤) ئایەتدا باسی دڵ و داتاشراوەكانی دەكات، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە زۆربەی نزاكانیدا داوادەكات كە دڵی پەیوەست بێت بە خواوە، چەسپاوی بكات لەسەر فەرمانبەرداریی و ئاینەكەی، لە فەرموودەیەكدا كە لە(شهر بن حوشب) دەگێڕنەوە وتویەتی: (پرسیارم كرد لە ئوم سەلەمەی دایكی باوەڕداران ئایا زۆرترین نزایەك كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیكرد كاتێ لەلای تۆ بوو چی بووە؟ ئەویش وتی زۆرترین نزای ئەوە بوو كەدەیفەرموو: "ئەی كەسێك كە دڵەكان لەژێر دەستیدایەو دەتوانیت هەڵیان بگێڕیتەوە، تۆ دڵی من لەسەر ئاینەكەت بچەسپێنە، پێموت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی تۆ زۆر ئەم نزایە دەكەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: "چونكە هەموو ئادەمیەك دڵی لە نێوان پەنجەكانی خوای گەورەدایە ئەگەر بیەوێت راست دەبێت، یان خوار"

ئایا ئەگەر حاڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا بوبێت كە لەهەموو تاوانەكانی سەرەتا و كۆتایی خۆش بووەو قورئانی بۆ ناردووە، ئایا دەبێت ئێمەی تاوانبار حاڵمان چۆن بێت و چیبكەین؟

دڵ وەك هەر ئەندامێكی تری جەستە تووشی كۆمەڵێك نەخۆشی دەبێت، یەكێك لەو نەخۆشیە ترسناكانەش كە تووشی دەبێت و پاكیەكەی ناهێڵێت بریتیە: لە دووڕوویی، جا ئەمە لەسەر ئاستی عەقید یان كردەوە یان كەسەكان بێت، كە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا

پێـی دەوترێـت زمان لوسـی و موجامەلـەو دبلۆماسـیەت.

ئیسـلام موسـڵمان پـەروەردە دەكات لەسـەر ئـەوەی كـە خاوەنـی یـەك روو و یـەك دڵ بێـت، نهێنـی و ئاشـكرای وەك یـەك بـن، لـە نهێنیـدا چـی هەیـە و چیـدەكات هەر وەك ئـەوە بێـت كە لە ئاشـكرادا دەیـكات، یـەك رووی هەیـە كـە دڵسـۆزو پەروەرشـیارو ئامۆژگاریكارێكـی راسـتگۆیە، رازی نابێـت كـە دوو رووی هەبێـت، بـە روویـەك پێشـوازیت بـكات و لـە پاشـملەش بەجۆرێكـی تـر باسـت بـكات و نهێنیەكانـت ئاشـكرا بـكات و سـوك و ریسـوات بـكات، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هۆشـداریمان پێـدەدات لەمـەو پێمان دەڵێـت كـە كەسانی دووڕوو لای خـوا زۆر سـوك و ریسـوان و هیـچ سـەنگێكیان نیـە، لای خـوا خراپتریـن كەسـن وەك لـە فەرموودەیەكـدا دەفەرموویـت: "خراپتریـن كـەس ئـەو كەسـەیە كـە دووڕووی هەیـە، دەچێتـە لای هەندێـك بەڕوویـەك و بـۆلای هەندێكـی تریـش بەڕوویەكـی تـر"، ئەمـە پێـی دەوترێـت دووڕوویـی لـە ئەخلاقـدا كـە حەرامـە و یەكێكـە لـە نەخۆشـییە مەترسـیدارەكانی دڵ.

حەسـودی و بوغزیـش مەترسـیان لـە دووڕوویـی كەمتـر نیـە، چونكـە بـەم هۆیـەوە كـە دوو كوڕەكـەی ئادەم دووبەرەكیان تێكـەوت و یەكێكیـان ئەوتریانـی كوشـت.

حەسـودی ئەخلاقێكـی خراپـە، نابێـت موسـڵمان هەڵیبگرێـت، لەراسـتیدا ئەدەبێكـی خراپـە لەگـەڵ خـوادا، چونكـە رەخنـە لـە قـەدەری خـواو دابەشـكردنی شـتەكان دەگرێـت لەنێـو بەندەكانـدا، دەبێتـە مایـەی لەناوبردنـی كـردەوەی چاكـە، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هۆشـداریمان دەداتـێ و دەفەرموویـت "نەخۆشـی ئوممەتەكانـی پێشـوو دادەبارێـت بەسـەرتاندا، كـە ئەویـش حەسـودی و بوغـزە، ئەمـە تاشـەرە، مـن ناڵێـم مـوو دەتاشـێت بەڵكـوو دیـن دەتاشـێت"

حەسـودی ئاگرێكـە دڵـی مـرۆڤ رەش دەكات و رووناكـی و پاكـی و جوانـی ناهێڵێـت، نابێـت مرۆڤـی بـاوەڕدار حەسـود بێـت تەنهـا

لەدوو شتدا نەبێت، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموویێت "نابێت حەسودی ببرێت تەنها لە دوو شتدا نەبێت: خوای گەورە ماڵێکی داوە بە کەسێك کە لەرێی چاکەدا بەکاری دەهێنێت، پیاوێکیش خوا دانایی پێداوە حوکمی پێدەکات و خەڵکی تریش فێردەکات" کەواتە حەسودی جائیزە لەبواری بەخشیندا، لە بواری کاری خێردا، هەروەها لە خوێندنی قورئان و وردبوونەوەو کارکردن پێی، ئەمەش پێی دەوترێت خۆزگە خواستن.

> **حەسودی ئاگرێکە کە خوای گەورە راستگۆیانی پاراستووە لێی، داواش دەکات کە بەهۆی ئارامگرتن و نزای خێرەوە رووبەرووی ئەو کەسانە ببنەوە**

ئەگەر سەیری باردۆخی ئوممەتی ئیسلامی و بەتایبەتیش گەلانی عەرەبی و لە ناویشیاندا گەلی کورد بکەین دەبینین کە بەهۆی حەسودیەوە هەموویان کەوتوونە دژایەتی و دانانی پیلان دژ بەیەکتر، هەموو رێگەیەکیان گرتۆتەبەر لەپێناو سووککردن و لەناوبردنی یەکتردا، بەڵام ئەگەر سەیری یەکێتی ئەوروپا بکەین کە نە هیچ ئاینێك و نە هیچ زمانێك بەیەکەوە کۆیاننا‌کاتەوە، ئەوەی کە هاوبەشە لەنێوانیاندا تەنها بەرژەوەندیە، بەم هۆیەوە یەکیانگرتووە و هەموویان لەپێناو گەشەپێدانی کیشوەرەکەیاندا کاردەکەن و نابینین یەکێکیان دروشمی لەناوبردنی ئەوی تریان بەرزبکاتەوە.

حەسودی ئاگرێکە کە خوای گەورە راستگۆیانی پاراستووە لێی، داواش دەکات کە بەهۆی ئارامگرتن و نزای خێرەوە رووبەرووی

ئـەو كـەسـانە ببنـەوە، ئيبـن موعتـەز دەڵێـت: (لەسـەر حەسـودى حەسودان ئارامبگرە، چونكـە ئارامـى تۆ بكوژيەتـى - ئەگـەر شتێكى دەسـتنەكەوت بيخـوات ئاگـر خـۆى دەخواتـەوە)

ئەمـڕۆ شـەيتانەكانى مـرۆڤ زۆر لـە شـەيتانەكانى جنۆكـە مەترسيدارترن، چونكـە شـەيتانەكانى ئادەم ئيسـتغلالى پەرتەوازەيى و خراپـى بارودۆخمـان دەكـەن، هەنديّكمـان دەكـەن بەگـژ هەنديّكـى ترمـان و رەچـاوى هيـچ مافيّكـى مـرۆڤ و كەرامـەت و سـەروەريمان ناكـەن، تەنهـا وەك بـازاڕو دارايـى مامەڵەمـان لەگەڵـدا دەكـەن و سـەروەت و سـامانمان بەتـاڵان دەبـەن و هەنديّكيـش لـە ئيّمـە زۆر بـە دڵپاكيـەوە ئەوەيـان پيّـدەدەن كـە دەيانەويّـت.

## چۆن چارەسـەرى نەخۆشييەكانى دڵ بكەين؟

پيّويسـتە لەسـەرمان دڵمـان پـڕ بكەيـن لـە يـادى خـوا: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ الرعد(٢٨)، دڵمـان پڕبكەيـن لـە تـرس و شـەرم و لەرزيـن لەبەرخـوا، چونكـە ئەگـەر دڵيّـك پڕبيّـت لـە ترسـى خـوا لـە تـاوان دووردەكەويّتـەوە هەوڵـى نزيكبوونـەوەى دەدات، ئيخـلاس دەكاتـە تاكـە هۆكاريّـك لـە كردەوەكانيـدا، بـەم هۆيەشـەوە مرۆڤـى بـاوەڕدار سـەركەوتن بەدەست دەهيّنيّـت و دەكەويّتـە ژيّربـاڵـى سـۆز و بەزەيـى و ليّـى رازى دەبيّـت و بـەرەو بەهەشـتى دەبـات، ئەمـەش پيّويسـتى بەوەيـە كـە بـەردەوام چاوديّرى خۆمـان بكەيـن و ئاگامـان لـە خەياڵـى نەفـس و حەزەكانـى دڵ و كردەوەكانمـان بيّـت.

پيّويسـتە هەريەكەمـان پيّـش خەوتـن چەنـد دەقيقەيـەك لەگـەڵ خۆيـدا دابنيشـيّت و ليّپرسـينەوە لەخـۆى بـكات، دڵـى پاكبكاتـەوە و بەخۆيـدا بچيّتـەوە، هەركەسـيّك ئەمـە بـكات خـواى گـەورە مـژدەى چوونـە بەهەشـتى پيّـدەدات.

## چاكسازیی رۆح و باوەڕداری بەئیرادە

هەموو گەلان بەپێی سوننەتێكی خوای گەورە تووشی لاوازی و شكست و دووبەرەكی دەبن، ئەگەر لەسەر ئەوحاڵەتەش بەردەوامبن ئەوە دەبێتە هۆی لەناوچوونیان و گەلێكی تر جێگەیان دەگرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ آل عمران(١٤٠)، ئەگەر سەیری مێژووی گەلانی پێشوویش بكەین بەڕوونی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەكەوێت وەك بەسەر رۆمانی و گریك و فارس و ساسانیەكاندا هات، هەموو ئەمانە خاوەنی ئیمپراتۆریەتی گەورە بوون، بەڵام بەهۆی دووبەرەكیەوە لاوازی رووی تێكردن و لە ئێستاشدا بێجگە لە ناوێك لەناو مێژوودا هیچیتریان نەماوە.

بەڵام ئوممەتی ئیسلامی كە ئوممەتی عەقیدەو فیكرو پەیامە كۆتایی نایەت، بەڵام لەنێو خۆیاندا گۆڕانكاریان بەسەردا دێت و گەلێك جێگەی گەلێكی تر دەگرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ﴾ محمد(٣٨)، چونكە خوای گەورە ئەم ئوممەتەی ئامادەكردووە بۆ ئەوەی جڵەوی زەوی بگرێتەدەست و ببێتە باشترین ئوممەت لەنێو ئوممەتەكانی تردا، ئەم ئوممەتە خاوەنی كۆمەڵێك سیفاتە كە دەبێنە مایەی مانەوە و بەردەوامبوونی، شوێنكەووتوانی ئەم ئاینە كەلەجۆرەها رەگەزی جیاوازی وەك عەرەب و تورك و كوردو... هتد پێك دێن، ئەمانە پێكهێنەری ئوممەتی ئیسلامین، هەڵگری ئەو پەیامەن كە لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە، لەبەرئەوە ئاڵای ئاینەكە هەر رۆژە بەدەست یەكێكیانەوە دەبێت و لەنێوانیاندا جێگۆڕكێ دەكات، ئەمەش هیوایەكی گەورە بۆ گەلانی موسڵمان دروست دەكات كە راستە ئەم ئوممەتە تووشی لاوازی دەبێت، بەڵام هەرگیز نامرێت، لەم حاڵەتەشدا بەرپرسیارێتیەكی گەورە دەكەوێتە

ئەستۆی زانایان و چاکسازان و رووناکبیران بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریّتی بکەن، پەیامی چاکسازیی هەڵبگرن و تەپوتۆزی سەر دەمو چاوی ئەم ئوممەتە لاببەن، چونکە دەبیّت هەموومان ئەو راستیە بزانین کە هەرگیز ئوممەتیّکی لاوازو دواکەوتوو و نەخۆش و نەزان نابیّتە چاکترین ئوممەت، کەواتە لیّرەوە دەبیّت هەمووان پەیامی چاکسازیی هەڵبگرین و هەنگاوی وردی بۆ بنیّین، چونکە ئەوە پەیامی پیّغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بیّت ) بووە، پیّشەوا شوعەیب (سەلامی خوای لێ بیّت) پەیامەکەی هەموو کورتبۆتەوە لە چاکسازیدا، خوای گەورە لەسەر زاری شوعەیبەوە دەگیّڕیّتەوە کە فەرمویەتی: ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ هود(٨٨)، مەبەست بە چاکسازیی تەواوی بوارەکانی تاك و کۆمەڵ و هەموو ئوممەت دەگریّتەوە، لەلایەکی تریشەوە مەبەست پیّی چاکسازی ناوخۆ و دەرەوەیە، هەروەها بوارەکانی فیکر و بۆچوون و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و فیّرکردن و ئابوریی و..هتد دەگریّتەوە.

چاکسازیی بریتیە لە گەیشتن بە ماکەکانی گەندەڵیی و ئەو هۆکارە خراپانەی دەبنە مایەی تیّکدانی سەرتاپای ژیانی کۆمەڵگا، هەروەها دۆزینەوەی ئاسۆیەکە بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵ، چاکسازیی یەکیّکە لە ئامانجە گەورەکانی ئیسلام، ئەویش دابەش دەبیّت بۆ (ضرورات - حاجیات - تەحسینات).

هەموو ئەوەی کە باسمان کرد دەبیّت سەرەتا لە چاکسازی تاکەوە دەست پیّبکەین، چونکە پیّکهیّنەری سەرەکی خیّزانەو ئەویش بنەمایەکە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەشەوە سەرکردەو رووناکبیرو زاناو سیاسی و چاکسازەکان دروست دەبن، هەر کاتیّکیش تاك چاك ببیّت خیّزان چاك دەبیّت و بەچاك بوونی خیّزانیش کۆمەڵگە چاك دەبیّت، کۆمەڵگەیەکی چاکیش سەرکردە چاکسازەکان و زاناو رووناکبیرە خواناسەکان رابەرایەتی دەکەن.

قورئانـی پیـرۆز گرنگیەکـی زۆریـداوە بـەم چاکسـازیانە، چونکـە ئـەوە بـە بنـەمایەکـی گـەورە دەزانێـت بـۆ وەرگرتنی دەسـەڵات لەسـەر زەوی و سـەرەتای هەمـوو ئـەو چاکەکاریەیە کـە باسـی دەکەیـن، لـەم رێگەیەشـەوە دەتوانێـت ببێتـە پێشـەنگ بـۆ گـەلانی تـر، لـەم کاتەشـدا چاکسـازیی لـە واقیعـدا دەچەسـپێت و تەنهـا خـۆی لـە گوتـار و نوسـین و ئامۆژگاریـدا نابینێتـەوە، چونکـە چاکسـازیی پێویسـتی بـە پـڕۆژەو پـلان و پـەروەردە و گۆڕینـی دیـدو تێڕوانینـی خـەڵك هەیـە.. ئەگـەر سـەیری رۆژئـاوا بکەیـن قۆناغێکـی مێژوویـی زۆری بڕیـوە لـە بـواری چاکسـازیدا هەتـا گەیشـتۆتە ئـەو بارودۆخـەی ئێسـتا، چونکـە پێشـتر لـە شـەوەزەنگی تاریکـی و نەفامیـی و نەزانیـی و سـتەمکاریی و دیکتاتۆریـدا دەژیـان، هەتـا ئـەو کاتـەی نەوەیـەك لـە زانایـان و رووناکبیـران و چاکسـازان دروسـتبوون کـە چاکسـازیان کـردە پرۆگرامێـك و نەخشـەیان کێشـا بـۆ کارکـردن لـە سـەری لـە بـواری سیاسـی و فێرکـردن و ئاینیـدا، پلانیـان هەبـوو بـۆ ئـەوەی تاکێکـی چـاك دروسـت بکـەن و ئـەوەش بـووە بنەمایـەك بـۆ چاککردنـی کۆمەڵگەکانـی ئەوروپـا لەئێسـتاشـدا دەبینیـن کـە ئـەم کیشـوەرە پێشـەنگە بۆهەمـوو جیهـان لـە رێگـەی شۆڕشـی پیشەسـازی و پاشـانیش شۆڕشـی زانیـاری و تەکنەلۆژیـا، هەمـوو ئەمانـە لەمـاوەی دووسـەد سـاڵدا روویانـدا، پاشـان هـەر بەهـۆی ئەمەشـەوە بـوو کـە ئەوروپـا دەسـتی دایـە داگیرکاری گەلانـی تـرو بەشـوێن بـازاڕی نوێـدا گـەڕان.

ئێمـە وەك گـەلانـی موسـڵمان دەتوانیـن بـۆ گەشـەپێدان و هەسـتانەوە سـود لـەم ئەزموونـە وەربگریـن، ئەویـش ئـەو کاتـە دەبێـت کـە هەمـوو تواناکانمـان بخەینـەکار لـە بـواری چاکسـازیی سیسـتمی سیاسیی و فێرکـردن و کۆمەڵایەتـی و ئاینیـدا، ئەویش بـە پەروەردەکردنـی نەوەیەکـی نـوێ لەسـەر کۆمەڵێـك دیـدو بۆچوونـی نـوێ کـە لەگـەڵ ئـەم سـەردەمەدا بگونجێـت.

پێویسـتە چاکسـازیی تـاك بکەینـە بنەمایـەك و گرنگـی پێبدەیـن،

> **پێویستە چاكسازیی تاك بكەینە بنەمایەك و گرنگی پێبدەین، پاشان روو لە چاكسازی كۆمەڵگا بكەین**

پاشان روو لە چاكسازی كۆمەڵگا بكەین، هەروەها گرنگیدان بە چاكسازی ناوخۆ كە مەبەست پێی سایكۆلۆژیای هەر تاكێكە، خوای گەورە ئەمە دەكاتە یەكەمین ئەركی پێغەمبەر (ﷺ) لەچاككردنی تاكدا، ئەمەش لە چەندەها ئایەتدا دەبینین ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ الجمعة(٢)، ئەم ئایەتەش چاكسازیی دەرەوەو ناوخۆی ولآت دەگرێتەوە.

لەناو دەروونی مرۆڤدا چوار هێزی سەرەكی هەن كە بەیەك وشە تەعبیریان لێدەكرێت، یان دەتوانین بەچوار وشە ناوی بێنین ئەویش بریتیە لە ( روح - گیان) كە بەشێكە لە رۆحی خوای گەورە كە دەفەرموویّت: ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي﴾ الحجر(٢٩)، كەواتە ئەو گیانەی لە لاشەی ئێمەدایە بەشێكە لە گیانی خوا، هەر ئەویشە هەڵگری كۆمەڵە سیفاتێكە كەلەخواوە وەرمان گرتوە وەك زانیاری، زانیاری خوا بێ سنورە بەلآم زانیاری ئێمە سنوردارەو ئەگەری كەمبوون و زیادبوونی هەیە، هەروەها سیفاتەكانی ئیرادە و هەڵبژاردن و هەموو سیفاتە ئیجابییەكان، لە رێگەی ئەو سیفاتانەشەوە مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیادەكرێتەوەو هەموو گەردوون خراوەتە ژێردەستی، لە هەمانكاتیشدا مرۆڤ خۆشی سەرپشك كراوە لە هەڵبژاردنی چاكە و خراپەدا.

لەبەرئەوە پێویستە سەرەتا گرنگی بدرێت بە چاکسازیی لە بواری روحی مرۆڤدا، هەتا ببێتە خاوەنی روحێکی بەرز، چونکە دەبێت ئەم رۆحە هاوتای ئەو رۆحە بێت کە لە خوادا هەیەو نابێت مرۆڤ سەرشۆڕی و سوکایەتی و نزمی بەهەر هۆکارێکەوە بێت قبوڵ بکات، چونکە مرۆڤ پێویستە بە سەربەرزی بژی و خاوەنی رێزو کەرامەت بێت و سەربەرزانە داوای مافەکانی بکات و دژایەتی سەرشۆڕی و زەلیلی بکات، چونکە ئەگەر مرۆڤ لەسەر رێزو کەرامەت و گەورەیی پەروەردە بکرێت ئەوە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەیە دروست دەکات و سیستمە سیاسیەکەشی نمونەی دادپەروەری و چاکەخوازی دەبێت، چونکە دەسەڵاتە ستەمکارەکان ئامانجی یەکەمیان سەرشۆڕکردنی مرۆڤە، هەروەك فیرعەون بەرامبەر بە گەلەکەی دەیکرد (فاستخف قومه)، لەبەرئەوە موسڵمان کاتێك لەسەر بنەمای (نابێت فەرمانبەرداری کەسێك بکرێت لە کارێکدا کە سەرپێچی خوا بێت) ئەو کاتە مرۆڤێکی سەربەرزو ئازاد و رێزلێگیرا و وخاوەن کەرامەت دەبێت و کەس ناتوانێت سوکایەتی پێبکات.

هەرکاتێکیش مرۆڤ خاوەنی ئەو رۆحیەتە بوو، ئیتر هیچ گروپێکی سیاسی ناتوانێت سەرشۆڕی بکەن و بیخەنە ژێر هەژموونی خۆیان، چونکە ئەو کاتە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەوکەسە خاوەن شەهامەت و روح بەرزانە دەترسێن، ئیسلام دەیەوێت تاکەکان لەناو ئەم گەلە موسڵمانانەدا خاوەنی رۆحێکی بەرزو بەهێزو مرۆڤدۆستانە بن، بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لە سەر زەویدا بنیاتی دەنێن نمونەی دەسەڵاتێکی باش و چاکەخوازبن.

## تەکفیر وەك سەرچاوەی سەرەکی دروستبوونی تیرۆر و توندڕەویی

ئەگەر سەرنج بدەینە بنەمای سەرەکی هەموو ئەو شتانەی کە لە تەقینەوەو تێڕوانینی هەڵە و بیرۆکەی لەناوبەر روودەدەن، دەگەڕێتەوە بۆ فیکری تەکفیری کە زەمەنێك پێش ئێستا سەریهەڵداوە، ئەویش تەکفیری کۆمەڵگە موسڵمانەکە و دەسەڵاتدارەکانیەتی و ناوزەدکردنیانە بە هەڵگەڕاوە، ئەمانە بەهۆی پەروەردە و فێرکردنی قوتابخانە، پەیمانگا، زانکۆکان، وانەکان، وانەی ئاینی و کتێبەکان کە دەربارەی فیکری تەکفیر و گومڕابوون و بیدعە نوسراون، زۆربەی ئوممەتی ئیسلامی لە ئەشعەری و ماتریدی پێتاوانبار دەکەن.. (کە هەتا ئێستاش ئەمانە نوێنەرایەتی زۆربەی ئوممەتی ئیسلامی دەکەن)، هەروەها فەتواکانی بەکافربوونی سۆفی و هاوشێوەکانیان لە گروپە ئیسلامیەکان. ئەویش لەسەر بنەمای فراوانکردنی بازنەی ئەو شتانەی کە ئیمان پوچ دەکەنەوەو قسەکردنیانە لە سەر چەمکی (**وەلاء و بەراء**) هەروەها بەرتەسککردنەوەی تێگەیشتنیان بۆ چەمکی (**وەلاء**) و توندڕەوی لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا، فراوانکردنی بازنەی تەکفیر بۆ ئەوانەی حوکم بەوە ناکەن کە خوا ناردوویەتی، ئەم تەکفیرە مەترسیدارە کە بڵاوبووەوە لە سەدەکانی رابردوودا کۆمەڵی (جوهەیمان عوتەیبی)ی بەرهەم هێنا، کە هەستان بە رشتنی خوێنی موسڵمانان لەناو حەرەمی مەککی لە سەرەتای سەدەی (١٥)ی کۆچی، ئایا چ تاوانێك لەوە گەورەترە کە کوشتار و کاولکاریی لەناو حەرەمی مەککیدا ئەنجامبدەین و هەوڵبدەین کودەتا بەسەر دەسەلاتی شەرعیدا ئەنجام بدەین؟

جوهەیمان عوتەیبی کۆمەڵەکەی لە کۆتایی سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا دروستکرد لەپێناو گێڕانەوەی عەقیدەی راستدا، لە سەرەتادا شێخ (بن باز) پشتیوانی لێکردن و ئەوکاتە بە (الجماعة السلفية المحتسبة) ناوی بردن، بەلام زۆر بەداخەوە، گومانەکەی راست دەرنەچوو، چونکە

هەڵگەڕانەوەو هێرشیان کردەسەر حەرەمی مەککی، لەدوای ئەمەوە بن باز رازی بوو بەوەی کە بە گروپێکی هەڵگەڕاوەی شەڕکەر لە قەڵەم بدرێن و وتی پێویستە بکوژێت[2]، هەروەها لە زیندانەکانی میسریشدا کۆمەڵێکی تەکفیری تر دروست بوون کە ناوی خۆیان نابوو (جماعة التكفير والهجرة) بە سەرکردایەتی (محمد شكری مصطفی) هەر لەوکاتەدا مامۆستا حەسەن هوزەیبی (رابەری گشتی برایان) لە زینداندا بە کتێبێك بەناوی (دعاة لاقضاة) وەڵامیدانەوە. ئەم فیکرە تەکفیریە و کتێبەکان و وتارەکان و پەیامەکانیان، بوونە بنەمایەك بۆ دروستبوونی بزوتنەوە تیرۆریستیەکان لە سەلەفیەتی جیهادی و تەکفیری و بووە هۆی دروستبوونی فیکر و بۆچوونەکانی قاعیدە و بۆکۆ حەرام و داعش.

**لە هۆکارەکانی فیکری تەکفیری:**

١- لایەنی فیکر و بۆچوون کە ئەمانە لەسەری پەروەردە دەبوون، لەوانەش بێهیوابوونی گەنجان لە جێبەجێکردن و چەسپاندنی ئاین و شەریعەت، رێگرەکان لەبەردەمیدا زۆربوون و زۆر دژایەتی دەکرێن و ناهێڵن نە بە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد (وەك سەرکەوتنی ئیسلامییەکانی جەزائیر و میسر و تونس)، نە بە شۆڕشی جەماوەری وەك (لە بەهاری عەرەبیدا بینرا لە میسر و یەمەن و سوریا و.. هتد) سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

٢- مانەوەی کێشەی فەڵەستین بە چارەسەرنەکراوی بۆ ماوەی زیاتر لە (٦٠) ساڵ، بەردەوامی زایۆنیستیەکان لە داگیرکارییی، پشتیوانی نەکردنی کێشەکە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی وەك پێویست.

٣- بەردەوامی قەیرانە ئابوریی و کۆمەڵایەتیەکان لە رووی هەژاریی و بێکاریی لەناو وڵاتە ئیسلامییەکان و نەبوونی ئاسۆیەك بۆ چارەسەرکردنیان.

دابەزاندنی ئایەت بۆ شوێنێك، کە بۆ ئەو شوێنە دانەبەزیوە

٢ جوهەیمان لە مانگی موحەرەمی ١٤٠٠ی ك هێرشیان کردە سەر کەعبەو کوشتارێکی گەورەیان ئەنجامدا

وەك دابەزاندنی ئایەتەکانی جیهاد و جەنگ راستەوخۆ بۆسەر ناموسڵمانەکان لە وڵاتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، لە کاتێکدا کە ئەم وڵاتانە باڵوێز و ڕێکەوتن و بەڵێننامەیان لەگەڵ وڵاتە ئیسلامیەکاندا هەیە، یان دابەزاندنی ئایەتەکانی دووڕووەکان بۆسەر موسڵمانان، یان دابەزاندنی ئەو ئایەتانەی کە توندییان تێدایە بۆ حاڵەتی ئاشتی و پاشان گشتگیرکردنی ئەم دید و بۆچوونە یەکێکە لەمەترسیدارترین ئەو تێگەیشتنە هەڵانەی کە گەنجانی موسڵمانی تێدەکەون و وایان لێدەکات کە نزیکیان بکاتەوەو هاوبەش بن لە کارە تیرۆریستەکاندا، ئەمانە هەڵدەستن بە راڤەکردنی هەموو ئایەتەکانی شەڕ و جیهاد لەپێناوی خوادا کە گشتین و هیچ مەرجێکیان نیە، ئەوانەش لە موسڵمانان کە روویان تێدەکات پێویستە هەموویان جێبەجێی بکەن، لەبەرئەوە هەموویان تاوانبارن ئەوان لەو بڕوایەدان تەنها خۆیان بەوکارە هەڵدەستن و بەمەش تاوانەکە لە کۆڵ ئوممەت دەکەنەوە؟

هەڵەکە لێرەدا ئەوەیە، کە هەموو واجبەکان لە ئیسلامدا (تەنانەت پێنج ئەرکانەکەش)، مەرج و پێوەر و رێگری خۆیان هەیە، بەهەمانشێوە جیهادیش مەرج و پێوەر و رێگری خۆی هەیە، بەتایبەتیش لە جیهاددا شوێنکارەکەی هەموو ئوممەتی ئیسلامی دەگرێتەوە، لەبەرئەوە جائیز نیە لەلای هیچ کەسێك یان گروپێکەوە بڕیاری لێبدرێت، بەڵکو ئەمە بڕیارێکی ترسناکە و دەبێت بەشێوەی دامەزراوەیی قسەی لێبکرێت و بدرێتەوە دەست لیژنەی باڵای زانایان و دانایان لە وڵاتدا، بەڵام لە حاڵەتی ئەوەی کە وڵات بکەوێتە بەردەم شاڵاوی داگیرکەران، ئەوا لەو کاتەدا جیهاد دەبێتە مافێکی گشتی و لە هەموو شەریعەتە ئاسمانیەکان و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکاندا هەر بەو شێوەیەیە.

لەلایەکی ترەوە هەموو ئەو ئایەتە قورئانیانەی کە باسی جیهاد لەپێناوی خوادا بە مانای (شەڕ) دەکەن پەیوەستی دەکەن بە دەستدرێژی و هێرشی دوژمنانەوە، ئەوکاتەش ئەو جیهادە بە بەرگری لە ئاین و شەرەف و دەوڵەت و نیشتمانی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت،

تەنانەت ئەو ئایەتەش کە بە ئایەتی شمشێر ناونراوە، جەنگ تیایدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی هێرشبەرە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ التوبة: ٥، ئەم ئایەتە فەرمان دەکات بە کوشتاری ئەو موشریکە عەرەبانەی کە بەڵێنیان دابوو بە دژایەتی پێغەمبەر (ﷺ) و هەموو هەوڵێکیان خستبووەگەڕ لە پێناو لە ریشەکێشکردنی ئیسلام، ئەوانە لە بەڵێن و پەیمانەکەیان پەشیمانبوونەوە، هەروەك لە سەرەتای ئایەتەکەدا باسی دەکات. ئەوانە پێغەمبەر و هاوەڵەکانیان لە نیشتمانی خۆیان دەرکرد، لەبەرئەوە لەم کاتەدا جیهاد دژ بەمانە مامەڵەی هاوشێوەیەوە دانانی سنورێکە بۆ ئەو ستەمکاری و دەستدرێژیەی کە ئەنجامی دەدەن، دەفەرموێت: ﴿وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ﴾ البقرة: ١٩١.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئایەتە (ژمارە ٥) لە پێشیەوە ئایەتی ژمارە (٤) هەیە کە تیایدا، رێگەنادات شەڕ دژی ئەو موشریکانە بکرێت کە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) رێکەوتنیان هەیە و پارێزگاریان لەو رێکەوتنە کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُوا عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ التوبة: ٤ لەدوای ئەوەش ئایەتی: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ﴾ التوبة: ٦ دێت.

پوختە: ئایەتی ژمارە (٥) لە سورەتی تەوبە و ئایەتەکانی تر، بەڵگەن لەسەر ئەو توندڕەو و تیرۆریستانە نەك بەڵگە بێت بۆ پشتیوانی ئەوان[٣].

لە هەموو بارودۆخەکاندا، جیهاد بۆ ئەوە نیە ئاین بەزۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێنیت، بەڵکو بۆ وەستانەوەیە دژ بە هێرشکاری و چەسپاندنی ئازادیە بۆ بەندەکان، پارێزگاریکردنە لە شوێنەکانی پەرستش بۆ هەموو ئاینەکان، ئەمەش لە یەکەمین ئایەتدا کە جیهاد رادەگەیەنێت باسکراوە، خوای

٣ بگەڕێرەوە بۆ: فيقە الجهاد، دکتۆر یوسف قەرزاوی ج٣: کتێبخانەی وهبە لەقاهیرە.

گـەوره دەفەرموویّـت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ الحج: ٣٩، ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە لـە سـەردەمی مەککیـدا شـەڕ ڕێگـەی پێنـەدراوە، ئەوکاتـەش کـە ڕاگەیەنـراوەو ڕێگـەی پێـدراوە، بـۆ نەهێشـتنی سـتەم و ڕێگرتـن بـووە لـە دوژمـنکاری و وەسـتانەوەبووە بەرامبەر بـە داگیـرکاری و ڕێگـە خۆشـکردنە بـۆ چەسـپاندنی ئـازادی ئاینـی، (صوامع) بـۆ دیانـەکان، (البیـع) بـۆ جولەکـەکان و (صلـوات) بـۆ هەمـوو ئەوانـەیە کـە نوێـژ دەکـەن و مزگەوتیـش بـۆ موسـڵمانان، هەروەهـا هەڵەیەکـی کوشـندەی تـر ئەوەیـە کـە جیهـاد سـنوردار بکەیـت لـە جەنگـدا، چونکـە جیهـاد چەمکێکـی گشـتگیرە و لایەنەکانـی گیـان و هەمـوو جۆرەکانـی هـەوڵا و تێکۆشـان و بەخشـین بـۆ خزمەتکردنـی ئیسـلام و نیشـتمان و هاوڵاتیـان دەگرێتـەوە، ئـەوەش لـە ڕێگـەی میدیـا یـان بانگـەواز یـان کاری ڕێکخراوەیـی و پەروەردەییەوەیـە، خـوای گـەورەش ئەمـە بـە جیهـادی گـەورە ناودەبـات وەك دەفەرموویّـت: ﴿وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا﴾ الفرقان: ٥٢، واتـە: بـە قورئـان تێبکۆشـە و هەوڵـی بڵاوکردنـەوەی بـدە یـان بـە ئیسـلام کاربکـە و هەوڵـی بڵاوکردنـەوەی بـدە، وەك ئیبن عەببـاس و کەسـانی تریـش هـەن وا دەڵێـن[٤].

> **ئایەتەکانـی جەنگ و جیهاد لەپێناوی خـوا و ئـەوەش کـە بە مانای شـەڕکردن هاتـووە، بەهیـچ جۆرێـك نابێـت دژ بـە کەسـانی مەدەنـی و ئاشـتیخواز بەکاربهێنرێـن ئیتـر خاوەنـی هـەر بیـروڕاو ئاینێـك بێـت**

قورتوبـی لەسـەر جەختکردنـەوە لـەم بۆچوونـە دەڵێـت "ئـەم سـورەتە مەکییە و پێـش فەرمانکردنـی جەنـگ هاتـووە ئـەوەش بـە جیهـادی گـەورە دانـراوە، واتـە نابێـت کەمتەرخەمـی تیـا بکرێـت"[٥].

٤ تەفسیری تەبەری (٢٨١/١٩ -٢٨٢) تەفسیری ئیبن کەسیر(١١٧/٦) تەفسیری رازی (١١٧/٦).

٥ تەفسیری قورتبی (١٣٠/٨)

**پوختە:** ئایەتەكانی جەنگ و جیهاد لەپێناوی خوا و ئەوەش كە بە مانای شەڕكردن هاتووە، بەهیچ جۆرێك نابێت دژ بە كەسانی مەدەنی و ئاشتیخواز بەكاربهێنرێن ئیتر خاوەنی هەر بیروڕاو ئاینێك بێت، ئەمە كارێكی نامەشروعە، لەجیاتی ئەمە پێویستە گرنگی بدرێت بە جیهادی بانگەواز و بڵاوكردنەوەی و هەوڵدان بۆ خزمەتكردنی نیشتمان و هاوڵاتیان بە هەموو شێوەیەك.

لەلایەكی تریشەوە دابەزاندنی ئەو ئایەتانەی دەربارەی دووڕووەكان هاتوون بەسەر كۆی گشتی موسڵماناندا هەڵەیەكی كوشندەیە و تاوانێكی گەورەشە، چونكە ئەمە تەنها لەگەڵ فیكری خەواریجەكاندا یەك دەگرێتەوە كە هەڵدەستن بە تەكفیركردنی هەر باوەڕدارێك ئەگەر تاوانێكی گەورە ئەنجام بدات[٦].

ئەو ئایەتانەش كە باس لە توندوتیژی و دڵڕەقی دەكەن، تەنها پەیوەستن بە حاڵەتی شەڕ و كوشتار و بەهیچ جۆرێك نابێت لە حاڵەتی ئاشتی و بانگەواز بۆ ڕێی خوا بەكار بهێنرێن، چونكە حاڵەتی ئاشتی و بانگەواز پێویستیان بە سۆز و بەزەیی و ئارامی و دانایی هەیە بانگەوازیش دەبێت بە فەرمی و ناسكی و ئامۆژگاری جوان ئەنجام بدرێت، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ النحل: ١٢٥، هەروەها دەفەرموێت ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ العنكبوت: ٤٦.

لە كۆتاییدا دەڵێم خوای گەورە زاناترە بە راستیەكان و هەموو شتێكیش دەگەڕێتەوە بۆلای خۆی، دوایەمین نزاشمان سوپاسگوزارییە بۆ خوای جیهانیان و ناردنی درود و سلاو بۆ سەر گیانی پاكی موحەممەد و یاران و شوێنكەوتووانی بەگشتی.

---

٦ بگەڕێرەوە بۆ فەرمودە راستەكان كە دەربارەی خەوارج هاتووە، هەروەها كتێبەكانی ژیاننامەی پێغەمبەرو مێژوو فقە.

# فیقهی پێوان (میزان)

ئاینی ئیسلام پەیڕەو و پرۆگرامێکی تایبەتەو دیدو بۆچوونێکی بەهێزی هەیە بۆ چاکسازی مرۆڤ، ئەم پرۆگرامەش لەسەر بنەمای فیقهی پێوان داریکراوە، ئیسلام خۆی لەسەر بنەمای دوالیزمی بنیاتنراوەو ئەمەش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە گەردووندا هەن: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنْفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ یس(٣٦).

تەنانەت ئەو شتانەش کە لە ئاینەدا روودەدەن تەنها خوای گەورە پێیان ئەزانێت، (ابن عباس) ڕەزای خوای لێبێت دەربارەی ئایەتی ﴿وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ﴾ دەڵێت وشەی (الشفع) بریتیە لە هەموو گەردوون بێجگە لە خوای گەورە، وشەی (الوتر) مەبەست لێی خوای گەورە خۆیەتی.

ئەم گەردوونە هەمووی لەسەر ئەو دوالیزمەیە دروستبووە، جا ئەمە لە نێوان مرۆڤ یان ئاژەڵ یان رووەك یان بێگیانەکاندا بێت، هەر ئەم پرۆگرامەشە کە شەریعەتی لەسەر دامەزراوە، کە هەڵ دەستێت بە چارەسەری هەموو کێشەکان لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامە دوالیزمیەوە کە پشت دەبەستێت بە پێوان لە تای هەردوو تەرازووەکەدا، بەڵام بە نیسبەت چاکسازی مرۆڤ بە تاك و کۆمەڵ و گەلەوە، پشت دەبەستێت بە پرۆگرامی پێویست بۆ چاکسازی لە بواری دەرەوەو ناوەوە و رواڵەت و کرۆکدا، واتە ناکرێت هیچ یەکێکیان چاك ببێت ئەگەر بەچاکبوونی ئەویتریان نەبێت، ئەگەر مەبەست لە ناوەڕۆك بریتی بێت لە دڵ و رۆح و نەفس و عەقڵێکی باش، پێویستە لە بەرامبەردا رواڵەتەکەشی باش بێت، کە ئەمەش خۆی لە کردەوەی چاکی ئەندامەکان و بەجێهێنانی روکنەکانی عیبادەت و باشی مامەڵە و گوفتاردا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمەش نیشانەی ناوەڕۆکێکی پاك و چاکە، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەییەکدا دەفەرمووێت

"پارچە گۆشتێك لە جەستەی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، ئەگەر ئەو باش بوو جەستەکە هەمووی باش دەبێت، ئەگەر خراپیش بێت جەستە هەمووی خراپ دەکات کە ئەویش دڵە" لە فەرموودەییەکی تریشدا دەفەرمووێت "ئیمانی بەندە راست نابێت هەتا دڵی راست نەبێت، دڵیشی راست نابێت هەتا زمانی راست نەبێت، هیچ کەسێکیش ناچێتە بەهەشت هەتا دراوسێکەی لێی ئەمین نەبێت و بەدوور بێت لە ئازاردانی".

ئەگەر مرۆڤ باوەڕدارێکی راستەقینە بێت لە ناوەوەو لەدەرەوەیدا، ئەوا شوێنکاری ئیمانی ئەم کەسە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەیدا لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت، پێشەوا عومەر (رەزای خوای لێبێت) پیاوێکی بینی لە نوێژدا کە یاری بە جلەکانی دەکرد، ئەویش لە وتەیەکدا بەو هاوەڵانەی کە لە دەوری بوون وتی: ئەگەر ئەم پیاوە لە دڵیدا ترسی خوا هەبوایە ئەندامەکانیشی بەو جۆرە دەبوو، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر کەس دەبینین کە لەکاتی نوێژدا خۆی رێکدەخات و جوڵە جوڵ دەکات و دەست بۆ شوێنی جۆراوجۆر دەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی نوێژەکەی و بەڵگەیە لەسەر بێئاگایی دڵی لە نوێژەکەی، لە نیشانەکانی پاکی دڵ و بەرزی ئاستی ئیمانی کەسێك ئەوەیە کە بە ئەندامەکانی کردەوەی چاکبکات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت " ئیمان بەخۆ جوان کردن و خۆزگە خواستن نیە، بەڵکو ئیمان شتێکە لە دڵدا جێگیر دەبێت و کردەوەکانیش شایەتی بۆ دەدەن".

هەندێ کەس هەیە دەڵێن پێویستمان بەوە نیە عیبادەتەکان ئەنجام بدەین و ئامادەی مزگەوت بین، خاوەنی دڵێکی پاکین، بەڵام ئەم ووتە ناڕاستەو بەڵگەی خاوەنەکەشی لە چەند روویەکەوە هیچە لەوانە:

١- لە رێگەی تێگەیشتن لە چەمکی لەخواترسان (تەقوا)، خوای گەورە بە هیچ جۆرێك لە هیچ شوێنێکدا باسی لەخوا ترسانی

دڵى بە تەنها نەكردووە، بەڵكو بە بەردەوامى پەيوەستيكردوە بە كردەوەى چاكەوە.

٢- ئەو كەسەى بانگەشەى لەخوا ترسان دەكات، باشە بۆچى ناچێت بەدەم فەرمانەكانى خواوەو جێبەجێيان بكات.

٣- ئەو عيبادەتانەى كە خواى گەورە بە دەقێك فەرزى كردوون لە دەستى مرۆڤدا نين هەر زيادەو كەم كردنێك لێى درۆكردنێكە بەدەم خواوە، دەفەرموويێت ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ﴾ النحل(١١٦)، ئەمەش بيدعەيەكى حەرامە.

٤- پرۆگرامى ئيسلام لەسەر بنەماى دووانى دامەزراوە كە ئەمەش بنەماى فيقهى پێوانە، لە بابەتێكدا هەموو ئەو ئايەتانە دەهێنێن كە باسكراوە پاشان ئەو فەرموودەو سونەنانەى تريش كە لەوبارەوە هاتوون، لە دواييدا بڕيارێك لەوبارەيەوە دەدەين، چونكە نابێت لەسەر تێڕوانين بۆ يەك لايەن بڕياربدرێت، هەر لەبەرئەوەشە ئەو ئايەتانەى كە باس لە باشى و پاكى و لە خوا ترسانى دڵ دەكەن هيچ ناكۆكيەكيان نيە لەگەڵ گرنگيدان بە چاكى كردارو گوفتارەكان، چونكە لەم كاتەدا فيقهى پێوان جێبەجێ دەبێت و پێويستە هەموو موسڵمانێكيش ئاگادارى ئەم فيقهە بێت و بيزانێت و كارى پێبكات.

خواى گەورە داوا لە هەموو موسڵمانێك دەكات

> **خواى گەورە داوا لە هەموو موسڵمانێك دەكات كە بەهێزبێت، بەهێزيش تەنها بە جەستەو زۆرى كەرەستەو هۆكارەكان نيە، بەڵكو بەشێكى گەورەى پشت دەبەستێت بە لايەنى دەروونى و مەعنەوى**

کـە بەهێزبێـت، بەهێزیـش تەنهـا بـە جەسـتەو زۆری کەرەسـتەو هۆکارەکان نیـە، بەڵکو بەشێکی گـەورەی پشت دەبەستێت بـە لایەنـی دەروونـی و مەعنـەوی، چونکـە زۆر سـوپای بەهێـز هەبـووە کـە خاوەنـی کەرەستەی سـەربازی زۆر گـەورە بـوون، بـەڵام بەهـۆی نەبوونـی ئیـرادەو هێـزی مەعنەویـەوە لـە گۆڕەپانـی جەنگـدا شکسـتیان خـواردووە، لـە ئێستاشـدا هەمـوو ئەکادیمیـا سـەربازییەکان جەخـت لـەوە دەکـەن کـە هێـزی مەعنـەوی سـوپا لـە پێـش هێـزی مادیەوەیـەو پێویسـتە گرنگـی زۆری پێبدرێـت، هەروەهـا لـە بـواری بەخشـیندا کەسـێك ناتوانێـت لـە سـەروەت و سامانەکەی ببەخشێت ئەگـەر خاوەنـی دڵێکـی پاك و چـاك و نزیـك لـە خـوا نەبێـت و بـڕوای بـە پاداشـتەکانی خـوای گـەورە نەبێت لە ڕۆژی دواییـدا، مرۆڤـی موسـڵمان هـەروەك چـۆن ناتوانێـت پێکهاتەکانـی جەسـتە لـە یەکتـر جیابکاتـەوە ناتوانێـت ڕۆاڵـەت و کرۆکـی لـە یەکتـر جیابکاتـەوە، بـۆ نمونـە ژمارەی کرۆمۆسـۆمەکانی هـەر خانەیـەك چـل و شـەش کرۆمۆسـۆمە کـە (٢٣) یان لـە مێیەکـەوە هاتـووەو (٢٣) کـەی تـری لـە نێرەکـەوە، بـەم شـێوەیە خـوای گـەورە مـرۆڤ و گـەردوون دروسـت دەکات، هـەر بـەم شـێوەیەش شـەریعەتەکەی بنیاتنـاوە، واتـە سروشـت و مـرۆڤ بەیەکـەوە گونجێنـراون، لەبەرئـەوە بۆئـەوەی زمانـی مـرۆڤ بەڕاسـتی بجوڵێـت، دەبێـت خاوەنـی دڵێکـی ڕاسـت بێـت، واتـە ڕۆاڵـەت و نـاوەوەی هەردووکـی ڕاسـت بێـت، هەندێـك لـە زانایانـی توێـژەر دەڵێـن پێـوەری وەرگیرانـی عیبـادەت و کـردەوەکان دوو شـتن:

١- دڵسـۆزیی، کـە ئەمـە شـتێکە لـە ناودڵدایـەو مەبەسـت پێـی نیەتـی چاکـە.

٢- لەگـەڵ شـەرعدا گونجـاو بێـت، واتـە دوور بێـت لـە ڕیا و دووڕوویی و هەمـوو ئـەو نەخۆشـیانەی تـر کـە دەبنـە هـۆی ڕێگرتـن لـە وەرگرتنـی کـردەوەی چـاك.

مرۆڤـی ڕاسـت و چاکیـش دروسـت نابێـت ئەگـەر خاوەنـی ڕواڵـەت و کرۆکێکـی چـاك نەبێـت.

## ڕێگەی ڕاست و بەردەوامبوون لەسەری

هەموو ئەوەی کە خوای گەورە داوای دەکات لە چاککردنی ڕواڵەت و دەروون و دڵ و عەقڵ و نەفس، بۆ گەیشتنە بە ڕێگەی ڕاست و بەردەوامبوونە لە سەری، ئەم قۆناغە بەرزترین پلەیە کە باوەڕدار پێی بگات، هەرکەسێکیش بگاتە ئەم پلەیە خوای گەورە پاداشتێکی زۆری پێدەبەخشێت و شوێنکاری گەورەش لە دنیاو دواڕۆژدا بەجێ دەهێڵێت.

خوای گەورە لە گەورەترین سورەتی قورئاندا (السبع المثاني) کە دادەنرێت بە یەکێك لە روکنە بنەڕەتیەکانی نوێژ، نوێژ وەرناگیرێت بەبێ خوێندنی ئەم سورەتە کە سورەتی (فاتحە)یە، لەم سورەتەدا خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە گەیشتن بە ڕێگای ڕاست و بەردەوامبوون لەسەری بنەمای سەرەکی باوەڕدارییە و یەکێکە لە گەورەترین پێشهات و داواکانی ئیمان، خوای گەورە فەرمان بە باوەڕداران و موسڵمانان دەکات کە لە نزاکانیاندا بەردەوام داوای هیدایەت و گەیشتن بە ڕێگای ڕاست بکەن ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ سورة الفاتحة (٦)، ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە خوای گەورە پێویستی کردووە لەسەر باوەڕداران بە بەردەوامی لەسەری بڕۆن و بەبێ وەستان ڕێتەی بکەن، بەبێدواکەوتن بەرەو ئامانجەکان بکەونە ڕێ، هەتا دەگەن بە ڕۆژی دوایی، ڕێگای ڕاست تایبەت نیە تەنها بەدواڕۆژەوە، بەڵکو لە دنیاشدا لە ڕێگەی ئاوادانکردنەوەو جێنشینی لەسەر زەویدا، لە ڕێگەی گەشتن بە ڕێگەی ڕاستەوە دەبێت، کە بریتیە لە ئاوادانکردنەوەی گەردوون بەپێی پەیامی خوای گەورە و شەریعەتەکەی، هەروەها خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتەکانی ئیسلام لەگەڵ دروستکراوەکانیدا، بەم شێوەیەش بەشێوەیەکی ئارام و بەبێ ترس دەگەینە ڕۆژی دوایی، خوای گەورە کاتێك باس لە ڕێگەی ڕاست دەکات شێوازی گەیاندنەکەی و هۆکارەکانی

ڕوونکردۆتەوە، ئەمەش لە سورەتی فاتیحەدا بەجوانی دەبینرێت کە لە ڕێگەیەوە هەموو گرفتەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر کردووە، کە بریتین لە ستەمکاریی و کەوتنە شوێن ئارەزووەکانی ماڵ و کورسی، کە ئەوانە سەرچاوەی هەموو گرفتەکانی مرۆڤایەتین لە ئێستادا، بنەماکەیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆبەدەستەوەدانی، مرۆڤ بۆ غەریزەو ئارەزووەکانی و نەبوونی عەقیدەو باوەڕ بە خواو بە ڕۆژی دوایی لە دەروونی ئەو کەسەدا.

چونکە ئەگەر ئەو عەقیدە ڕاستە لە دڵی کەسێکدا بچەسپێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانی هەبێت و لەم ڕێگەیەوە بتوانێت ڕۆح و دڵ و عەقڵی جڵەو بکات، ئەو کات بەلایەوە ئاسان نیە لە پێناو دەستکەوتێکی دنیایی کەم و لەناوچوودا قوربانی بە دواڕۆژ بدات، هەروەها قوربانی نادا بەو پاداشتە گەورەیەی کە خوای گەورە بۆی داناوە یان بۆ ئارەزوویەکی کەم و دەسەڵات و کورسییەك کە کاتیە، خوای گەورە لە قورئاندا بە گەورەمان یوسف (علیه السلام) نمونەمان بۆ دەهێنێتەوە کە کەسێك بووە سوور بووە لەسەر ڕۆشتن بە ڕێگەی ڕاستدا و حەز و خۆشیەکانی نەفس نەی توانیوە بیخلیسکێنێت، لە کاتێکدا کە فیتنە لە جوانترین شێوازدا ڕووی تێدەکات و بە ئاسانترین شێوە دەتوانێت ئارەزووەکانی جێبەجێ بکات، بەڵام ئەو وەك کەسێکی دامەزراو لەسەر ڕێگەی ڕاست دەڵێت: ﴿...مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ سورة یوسف(٢٣).

گەیشتن بە ڕێگەی ڕاست و بەردەوامبوون لەسەری، داوای سەرەکی هەموو باوەڕدارێکی ڕاستە بۆ گەیشتن بە خواو داواکردنی سۆزو بەزەیی و ترسانە لە سزاکانی، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانی بە پێغەمبەران و باوەڕداران کردووە کە لەسەر ئەم ڕێگەیە بەردەوامبن و لێی لانەدەن، خوای گەورە فەرمان بە موسا و هارون (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەکات، کە دەفەرمووێت ﴿....فَاسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَانِّ

> گەیشتن بە ڕێگەی ڕاست و بەردەوامبوون لەسەری، داوای سەرەکی هەموو باوەڕدارێکی ڕاستە بۆ گەیشتن بە خواو داواکردنی سۆزو بەزەیی و ترسانە لە سزاکانی

سَبِيلَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ سورة يونس (٨٩).

هەروەها فەرمان بە موحەممەد پێغەمبەر (ﷺ) دەکات کە سووربێت لەسەر ڕێگەی ڕاست و ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە دەبێت بەپێی فەرمانەکانی خوای گەورە بێت، کەس بۆی نیە بانگەشەی ڕاستبکات، کە شەریعەت دانی پێدانەنابێت، دەفەرمووێ: ﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ﴾ سورة هود (١١٢)، هەروەها بە باوەڕدارانیش دەفەرمووێ: ﴿فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ﴾ سورة فصلت (٦).

خوای گەورە لە چەندان ئایەتی قورئاندا جێگەو وتەکانی بەردەوامی لەسەر ڕێگای ڕاست باسدەکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ * نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ﴾ سورة فصلت (٣٠-٣١).

لەم ئایەتەدا مژدەیەکی گەورە هەیە بۆ ئەوانەی کە اللە بە پەروەردگاری خۆیان دەزانن، ئەوانە خوای گەورە لە دنیادا لە هەموو خراپی و گومڕایی و فیتنەیەك بە ئاشکراو نادیاریەوە دەیانپارێزێت، لە بەلاو لە لەناوچوون دەیانپارێزێت، فریشتەکانی خۆی دەنێرێت بۆلایان و دڵنیایان دەکاتەوەو مژدەیان پێدەدات بە نیعمەتەکانی بەهەشت، ئەوانە لەژێر سایەی لەناو گۆڕو لە کاتی بەرپابوونی ڕۆژی

دواییدا سۆزی خوادان، هەروەها لەو کاتانەی کە مرۆڤ پێویستی بە هاوڕێیەك هەیە کە داوای لێببکات بۆ چەسپاوی و سوربون لەسەر راستی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوانە خوای گەورە وەك میوانێکی رێزدار سەیریان دەکات و پاداشتێکی گەورەی بۆ داناون.

خوای گەورە ئەوەشمان بۆ رووندەکاتەوە ئەوانەی کە لەسەر رێگای راستن و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن، ترس لەدڵیاندا جێگەی نابێتەوە لەرزین نازانن و خەفەتبار نابن و دوودڵی روویان تێناکات، بەڵکو ئەوان هەموو گیان و جەستەیان پارچەیەکە لەدامەزراویی و ئارامی و بۆ ئایندەش بەهیواوە دەژین: ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ سورة الاحقاف (١٣).

خوای گەورە ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە کە هەموو نیعمەتەکانی دنیاو خۆشی و خۆشبەختی و ئەوەی تیایەتی لە بەرهەمی زەوی و ئەوەش کە لە ئاسمانەوە دەبارێت هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ رۆیشتن لە سەر رێگای راست، واتە هەموو ئەم شتانە بۆ کەسێك دەبن کە لەسەر رێگای راست بێت و فەرمانەکانی خوای گەورە جێبەجێ بکات، دەفەرموێت: ﴿وَأَن لَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُم مَّاءً غَدَقًا﴾ سورة الجن (١٦).

خوای گەورە کاتێك باسی دامەزراویی دەکات بە رێگای راست ناوی دەبات، ئەویش لە رێگەی کەسانێکەوە کە بەو سیفەتە ناسراون، لەبەرئەوە هەموو باوەڕداران دەبێت داوایان ئەوە بێت کە بڵێن ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾ سورة الفاتحة (٦)، لێرەدا لەوانەیە کەسێك هەبێت و پرسیار بکات و بڵێت، رێگای راست چییە؟

وەڵامەکەی دێت و دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت بزانیت رێگای راست و هۆکار و چۆنیەتی گەیشتن پێی چییە؟ دەبێت سەیری ژیانی پێغەمبەران بکەیت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوە کە ئەو کەسەی لەسەر رێگەی راستە وەك سەرکردەو پێشەنگێك دەردەکەوێت بۆ دەوروبەرەکەی.

لە سورەتی فاتیحەدا (١٠) بنەمای گشتی بۆ چاکسازیی هاتووە لە گرنگترینیان پەیوەستبوونی مرۆڤە بە خوای خۆیەوە، لە کاتێکدا خوای گەورە بە یەکێك لە پێویستیەکانی عەقیدەی داناوە، کە مرۆڤ ئەو نیعمەتانەی هەیەتی بیداتەوە پاڵ خاوەنەکەی، چونکە هەموو ئەو نیعمەتانەی کە مرۆڤ هەیەتی لەلایەن خوای گەورە پێیدراوە، بەمەش دڵی رۆشندەکاتەوە، مایەی سەرشۆڕی و ریسواییە بۆ مرۆڤی ئاقڵ کە چاکەکانی خواو نیعمەتەکانی لە سەرپێچیکردنیدا بەکاربهێنێت، لە هەمانکاتدا ریسواییە بۆ مرۆڤی عاقڵ کە لەبەرامبەر نیعمەتەکانی خوادا سەرپێچی بێباوەڕی نیشانبدات، چونکە ئەمە بێ وەفاییە بەرامبەر کەسێك کە چاکەت لەگەڵ دەکات و رێنماییت دەکات و ژیانت پێدەبەخشێت.

کاتێك کە هەموو نیعمەتەکان دەدەیتەوە پاڵ خوا، مرۆڤ هەست بە ئارامی دەکات و ئیمان لە دڵیدا گەشە دەکات، هەموو بنەماکانی بێباوەڕی و دڵەڕاوکێ لە ریشە دەردەهێنیت و بەهیواوە دەژی، چونکە ئەمە رێگایەکە بۆ سوپاسگوزاری خوا، لە رێگای ئیمانێکی بەهێزەوە کە دڵ پڕدەکات و بە زمان سوپاسگوزاری خوا دەکات و ئەو نیعمەتانەش کە پێیدراوە لە فەرمانبەرداری خواو چاکەکاریدا بەکاریان دەهێنێت.

## چاکسازیی لە بواری سیستمی سیاسیدا

ئەگەر لەئێستادا سەیری بارودۆخی جیهان بکەین بە گشتی و بەتایبەتیش وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، دەبینین زۆربەیان لە بارودۆخێکی ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناهەمواردا دەژین هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پرۆسەی چاکسازی هەمەلایەنە بەتایبەتیش لەبواری سیاسیدا، (سوفیانی سەوری) دەڵێت دوو جۆر لە ئوممەت ئەگەر چاك بوون ئەوا هەموو گەل چاك دەبێت، بەڵام ئەگەر خراپ بوون هەموو گەل خراپ دەبێت، ئەوانیش دەسەڵاتداران و زانایانن، لێرەدا مانای دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی هاتووە، واتە هەر کەسێك کە بەرپرسیار بێت لە بەڕێوەبردنی کارێکدا، جا ئەو کەسە هەر ناوێکی هەبێت (پاشا، سەرۆك، وەزیر، بەڕێوەبەر، یان بەرپرسی خێزانێك)، هەندێك لە زانایان دەڵێن بۆچوونێکی گشتییەو هەرکەسێك دەگرێتەوە کە گیانێکی زیندووی لەبەردەستدابێت، تەنانەت ئەگەر ئاژەڵیش بێت.

ئیسلام گرنگیەکی زۆر دەدات بە حوکمی ڕەشید (چاك)، چیرۆکە قورئانیەکان زۆر بەروونی ئەوەمان پێدەڵێن کە نیشانەکانی دەسەڵاتی چاك چین و پێویستە لە ڕووی دادپەروەریی و چاکسازیی و بەدەستهێنانی خۆشبەختی لەدنیاو دوارۆژدا بە چ جۆرێك بێت، هەروەها ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە نیشانەکانی دەسەڵاتی گەندەڵ چین و جێکەوتە خراپەکانی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان بەجێ دەهێڵێت، ئێمە بۆ ڕاستی و دروستی ئەو بۆچوونانە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەویش بکەینە پێشەنگ، ماوەی (١٣) ساڵ لە مەککەدا مایەوە و بانگەوازی کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها کەمینەیەك موسڵمان بوون، بەڵام کاتێك گەیشتە مەدینەو لەگەڵ پێغەمبەرایەتیەکەیدا دەسەڵاتی کەوتەدەست لەم ڕێگەیەوە ئارامی و ئاسایش و دەسەڵاتی ڕەشیدی چەسپاند، ئەمە بووە مایەی ئەوە کە خەڵك بە پۆل ڕووبکەنە ئیسلام و وەك چرایەك لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا بڵێسە بدات و

ببێتە سەرەتای دروستبوونی شارستانیەتێك لە ئاستی جیهاندا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو بێگومان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە چاکسازیی لە سیستەمی سیاسیدا ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێنیسانسی گەلاندا هەیە، گەلانی ئەوروپا چەندان سەدە سەرقاڵی ململانێی نەتەوەیی و ئاینی بوون، کە ئەمە بە سەدە تاریکەکان ناودەبرێن، بەڵام لەکاتێك کە نەوەیەکی نوێیان لێدروست بوو لە ڕووناکبیر و نوسەرو چاکساز، توانیان چاکسازییەکی گەورە لە سیستەمی سیاسی و ئاینی و فێرکردندا بکەن، ئەوروپایان لە سەدەکانی تاریکەکانەوە گەیاندە سەدەی ڕووناکی، لە نەفامیەوە بردیانن بەرەو زانست و مەعریفە، دواجاریش لە ڕووی شارستانی و پیشکەوتنەوە ڕابەرایەتی جیهانیان کەوتە دەست.

سیستەمی سیاسی لە وڵاتدا هەموو کاروبارێکی گەلی لە بەردەستدایەو دەتوانێت ئاراستەیان بکات بەرەو کاری خێر یان شەڕ، لە هەمانکاتدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە چاککردنی هاوڵاتیدا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بە سیاسەتێکی شەرعی کە بەرژەوەندیەکانی گەل بهێنێتەدی و ڕێگە لە گەندەڵی بگرێت، ئەگەر سیاسیەکیش نەتوانێت بەم شێوەیە بێت پێویستە گۆڕەپانەکە بەجێبهێڵێت و بیداتە دەست کەسانی لەخۆی باشتر، لەڕاستیدا ئەمەش مانای دەسەڵاتی گەل و دیموکراسیە، پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کۆمەڵە پرسیارێکی لێبکرێت، ئایا هەتا چەند سەروەت و سامانی وڵاتی بەفیڕۆداوە؟ چەند هاوڵاتی کردۆتە قوربانی؟ هەتا چەند لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا گەل بەرەوپێش چووە؟ پێویستە هەموو دەسەڵاتدارێك بە پلەی یەکەم کار لەسەر هێنانەدی بەرژەوەندییە گشتیەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە کۆمەڵێك ڕاوێژکاری باش ببەستێك بۆئەوەی هاوکاری بکەن کە سەرکردایەتی گەل بکات بەرەو پیشکەوتن و شارستانیەت، خۆیشی نمونەی سەرکردەیەکی دادەپەروەر بێت بۆئەوەی ببێتە یەکێك لەو کەسانەی کە دەخرێتە ژێر سێبەری خواوە، لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نیە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموویێت: " حەوت دەستە هەن لە ڕۆژی دواییدا خوای گەورە دەیانخاتە

ژێر سێبەری خۆی، لە رۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لەسێبەری خۆی، ئەوانیش: پێشەوای دادپەروەر، گەنجێك کە لەسەرخواپەرستی پەروەردە بوبێت، پیاوێك دڵی بە مزگەوتەوە بەسترابێت، دوو کەس کە لەبەرخوا یەکتریان خۆشبوێت و لەبەرخواش لەیەکتر جیاببنەوە، پیاوێك ژنێکی جوان و خاوەن پلەوپایە رووی تێبکات، بەڵام ئەو بڵێت من لەخوا دەترسم، یەکێکیش بەلای راستی چاکەیەك بکات و نەهێڵێت لای چەپی پێبزانێت، یەکێك یادی خوا بکات و چاوی پڕ ببێت لە فرمێسك“

راڤەکارانی ئەم فەرموودەیە دەڵێن یەکەمین کەس لەنێو ئەو گروپانەدا پێشەوای دادپەروەرە، چونکە ئەو لە رۆژی دوایدا نزیکترین کەسە لە خوا، لەسەر مینبەرێکی رووناکیە لەلای راستیەوە، ئەویش بەهۆی سەرپێچیکردنیەتی لە حەزو ئارەزووەکانی، پاداشتی ئەو ئارامگرتنەیەتی لەسەر حەزو خۆشەویستی بۆ کورسی و سامان و پاکداوێنی کە نەکەوتۆتە کاری خراپەوە.

لەبەر گرنگی شوێن و جێگەی پێشەوای دادپەروەر لە ئیسلامدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای بۆ کردووە لە هەمانکاتدا بەرامبەر دەسەڵاتداری ستەمکار زۆر تورەو ناڕازی بووەو نزای لێکردوە، دەفەرموویێت ﴿**اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَشَقَّ عَلَيْهِمْ فَاشْقُقْ عَلَيْهِ وَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَرَفَقَ بِهِمْ فَارْفُقْ بِهِ**﴾، واتە ”خوایە گیان هەرکەسێك لە ئوممەتەکەم بەرپرسیارێتیەکی کەوتە دەست و خراپ بوو لەگەڵیان تۆش خراپبە لەگەڵیدا، هەرکەسێکیش لە ئوممەتەکەم کارێکی کەوتە دەست و بەسۆزو بەزەیی بوو لەگەڵیاندا تۆش بەزەیت پێیدا بێتەوە“.

سەرەڕای ئەمەش یەکێکی تر لەو ئیمتیازانەی کە دراوە بە پێشەوای دادپەروەر، ئەوەیە کە خوای گەورە نزاکانی رەتناکاتەوەو گیرایان دەکات، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموویێت: ” سێ کەس خوای گەورە نزاکانیان رەتناکاتەوە یەکێك لەوانە پێشەوای دادپەروەرە“

ئیسلام گرنگییەکی زۆر بە پێشەوای دادپەروەر دەدات و چەند میکانیزمێکی داناوە بۆ شێوازی هەڵبژاردنی، ئەویش لە رێگەی دەستەیەکی

تایبەتەوە هەڵدەبژێردرێت کە پێیان دەوترێت (أهل الحل والعقد) کە توانای لێپێچینەوەی هەیە لەو دەسەڵاتدارەی هەڵیدەبژێریت، ئەو دەستەیە دەتوانێت لە کاتی لە دەستدانی ئەهلیەتدا دەسەڵاتەکەی لێبسەنێتەوەو بیداتە لە کەسێکی باشتر لەو، ئامانجێکی گەورەی ئیسلام لە دەسەڵاتدا ئەوەیە کە بەرپرسی یەکەم کەسێکی دادپەروەر بێت بۆئەوەی یەکێك بێت لەو کەسانە کە لە رۆژی دواییدا لەژێر سێبەری خوادا دەبێت و پارێزراو دەبێت لەناخۆشی و نەهامەتیەکانی رۆژی دوایی، ئەمەش بۆ دەسەڵاتدارێك دەبێت کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

**یەکەم:** بڵاوکردنەوەی دادپەروەریی لە نێوان هاوڵاتیاندا بەبێ جیاوازی رەنگ و نەتەوەو ئاین، خوای گەورە رووەکاتە پێشەوا داود (سەلامی خوای لەسەر بێت)و دەفەرموویێت: ﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾ سورة ص (٢٦)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەم رێسایە رۆیشتوە و ژیاننامەکەی پڕە لە چیرۆکی جۆراوجۆر کە هەمووی تەعبیرە لە چەسپاندنی دادپەروەری لە نێوان خەڵکدا بە بێئەوەی رەچاوی پلەو پایەی هیچ کەسێك بکات، بۆ نمونە لە کاتێك ژنێکی مەخزونی دزی دەکات بەبێ رەچاوکردنی

> ئیسلام گرنگییەکی زۆر بە پێشەوای دادپەروەر دەدات و چەند میکانیزمێکی داناوە بۆ شێوازی هەڵبژاردنی، ئەویش لە رێگەی دەستەیەکی تایبەتەوە هەڵدەبژێردرێت کە پێیان دەوترێت (أهل الحل والعقد) کە توانای لێپێچینەوەی هەیە لەو دەسەڵاتدارەی هەڵیدەبژێریت

هـۆزو پـلـەو پایەکـەی حوکمـی دادپەروەرانـەی بەسـەردا سـەپاند.

لـە عائیشـەوە (خـوا لێـی رازی بێـت) دەگێڕنەوە کـە وتوویەتـی "قورەیش زۆر بەلایانـەوە گرنـگ بـوو ئـەو ژنـە مەخزومیـەی کـە لەسـەر دزی گیرابـوو رزگاری بکـەن، لەبەرئـەوە گـەڕان بەشوێن کەسێکدا کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە قسـە لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) بـکات، ئەوانیـش یەکێـك لـە خۆشەویسـتانی پێغەمبەریان (ﷺ) (ئوسامەی کـوڕی زەیـد) یـان هەڵبژاردو ناردیـان بـۆ ئـەوەی قسـەی لەگەڵـدا بـکات، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە وەڵامـدا فەرمـووی ئایـا تـۆ هاتـووی بـۆ ئـەوەی شـەفاعەت لـە شـتێکدا بکەیـت کـە خـوا بڕیاری لەسـەرداوە، پاشان چـووە سـەر مینبـەرو فەرمـووی: " ئـەی خەڵکینـە نەتەوەکانـی پێـش ئێـوە بـەوە تووشـی گومڕایـی بـوون، کاتێـك کـە کەسـێکی خـاوەن پلـەو پایـە دزی بکردایـە وازیـان لێدەهێنـا، بـەڵام ئەگـەر ئـەو دزیـە کەسـێکی لاواز بیکردایـە شـەرعی خوایان بەسـەردا جێبەجـێ دەکـرد، بـەڵام مـن سـوێند بەخـوا دەخـۆم کـە ئەگـەر فاتمـەی کچـی موحەممـەد دزی بـکات دەسـتی دەبـڕم"

هەروەهـا خەلیفەکانـی لـەدوای خۆیشـی لەسـەر هەمـان ڕێگـە ڕۆیشـتوون، لـە سـەردەمی عومـەری کـوڕی خەتابـدا یەکێـك لـە پاشـاکانی عـەرەب موسـڵمان بـوو کـە نـاوی (جبلـەی کـوڕی ئەیهـەم) بـوو، عومـەر زۆر دڵـی پێـی خـۆش بـوو، بـە گەرمـی پێشـوازی لێکـرد، جارێکیـان ئـەم پیـاوە لـە حەجـدا کـە بـەدەووری کەعبـەدا دەسـوڕایەوە جلێکـی درێـژی لەبەردابـوو، دەشـتەکیەك لـە هـۆزی فـەزارە، بـە بێئـەوەی مەبەسـتی بێـت قاچـی کەوتەسـەر عەباکەیـی و لەسەرشـانی پادشـاکە کەوتـە خـوارەوە، ئەویـش ئـاوڕی لێدایـەوەو بۆکسـێکی لـە لوتیـداو شـکاندی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە فەزاریەکـە چـوو بـۆلای عومـەر و سـکاڵای خـۆی لێکـرد، عومـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە پادشـاکەی بانگکـرد و لێـی پرسـی ئایـا راسـتە ئـەوەی ئـەم فەزاریـە برینـدارە باسـی دەکات؟ لـە وەڵامـدا جبلـە وتـی: ئـەی ئەمیـری موسـڵمانان ئـەو بـە ئـارەزوو وای لـە مـن کـردووە، عومـەر لـە وەڵامـدا وتـی یـان دەبێـت ئـەو گەنجـە رازی بکەیـت یـان فەرمانـی پێدەکـەم کـە لوتـت

بشکێنێتەوە، لە وەڵامدا جبلە وتی باشە چۆن شتی وا دەبێت من پاشام و ئەویش پیاوێکی بازاڕییە؟ عومەر پێی وت: ئیسلام بەیەك چاو سەیری هەردووکتان دەکات، جبلە وتی مۆڵەتم بدە هەتا ئێوارە وەڵامت دەدەمەوە: بەڵام کە شەو هات رایکردوو لە ئیسلامیش پەشیمان بۆوە.

لە جوانترین ئەو شتانەی کە لە کتێبی زانایاندا بینیومە ئەوەیە کە دەکرێت لە هەموو حاڵەتێکدا لە شتێکدا جیاکاری بکرێت، بەڵام لە بواری دادپەروەرییدا بەهیچ جۆرێك نابێت جیاکاری هەبێت، دەبێت لە هەموو حاڵەتەکانی خۆشی و ناخۆشی و ئاشتی و جەنگدا دەبێت دادپەروەریی بە یەکسانی جێبەجێ بکرێت.

**دووەم:** هەستکردن بە بەرپرسیاریتی: ئەمە لە نەوەی یەکەم لە پێشەواو خەلیفەکاندا بەدیکراوە، مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە عومەری کوڕی خەتاب(خوا لێی رازی بێت) وتویەتی: (ئەگەر گوێرەکەیەك لە عێراق سمی بترازێت من بەرپرسیار دەبم لەبەردەم خوای گەورەدا، چونکە لێم دەپرسرێتەوە کە بۆچی رێگەم بۆ چاك نەکردووە.

هەروەها لە کاتی هاتنەوەی کاروانە بازگانیەکاندا دەچووە پیشوازیان و سەیری دەکردن ئەگەر بیبینیایە حوشترێك باری زۆری لێنراوە، خاوەنەکەی بانگ دەکردو لێی دەپرسیەوەو فەرمانی دەکرد کە بارەکەی بۆ سوك بکرێت، عومەر بۆخۆی بەدەستی خۆی تەداوی ئەو حوشترانەی دەکرد کە دەکران بە خێرو بەدەستی خۆی لە چارەسەریاندا بەشدار بووە، دەیوت ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبێت کە خوا لێپرسینەوەم لەگەڵدا دەکات لەسەر ئەم حوشترە نەخۆشانە، هەرگیز کاری وام نەدەکرد.

لەدوای ئەویش عومەری کوری عبدالعزیز (خوا لێی رازی بێت) کە دەسەڵاتی گرتە دەست ژنەکەی هات بۆلای و پیرۆزبایی لێکرد، بەڵام لەوکاتەدا عومەری بینی دەگریا و لەبەرخۆیەوە دەیوت بیردەکەمەوە لە هەژارێکی نەدارو نەخۆشێکی بێکەس و رووت و رەجاڵێکی بێ بەرگ و ستەملێکراوێك و دیلێکی غەریب و پیاوێکی پیرو خاوەن منداڵێکی زۆرو داراییەکی کەم، من دەزانم لە رۆژی دواییدا خوای گەورە لە هەموو ئەمانە

لێم دەپرسێتەوەو لەوەش دەترسێم کە بەڵگەو وەڵامی تەواوم پێ نەبێت.
دەگێڕنەوە دەڵێن رۆژێك یەکێك لە کوڕەکانی ئەڵقەیەکی کڕیبوو بە هەزار دینار، کاتێك کە لەدەستیدا بینی فەرمانی پێکرد بڕوات بیفرۆشێت و بە پارەکەی خۆراك بۆ هەژاران بکڕێت.
لەماوەی دووساڵی خەلافەتی عومەردا توانی هەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی لە هەژاریەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەمەندیی، لە ساڵی یەکەمدا توانی دروشمی ئاستی هەژاریی بگۆڕێت و لە ساڵی دووهەمدا دروشمەکەی ئاستی خۆبژێوی بوو، لە مانگەکانی کۆتایدا دورشمەکە گۆڕا بۆ تەواوی بژێوی لەم قۆناغەشدا لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا هەژارێکت دەست نەدەکەوت کە ماڵێکی خێرت لێ وەربگرێت.
**سێیەم:** گێڕانەوەی سەروەت و سامان و رێگرتن لە گەندەڵی و دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە لە ئێستادا هەناوی ئوممەتی ئیسلامی خواردووە، بەجۆرێك کە رێژەی گەندەڵیی لە هەندێك وڵاتی ئیسلامیدا گەیشتۆتە (٩٠٪) واتە دەسەڵاتداران بونە خاوەنی (٩٠٪) ی دارایی دەوڵەت و هەموو خەڵکیش تەنها(١٠٪).
زۆربەی گەلانی موسڵمان لە هێڵی هەژاریی و خوار هەژاریدا دەژین، زۆرینەی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە لە دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا دەوڵەمەندترن، چونکە رۆژئاواییەکان لەسەر رێساکەی عومەر دەڕۆن کەدەیوت (ئەمەت لەکوێ بوو؟) لە کاتێکدا کە ئەم رێسایە پێشەوایەکی موسڵمانان دایهێناوەو دەبوایە ئێمە جێبەجێی بکەین.
بارودۆخی ژیانی زۆرینەی گەلە موسڵمانەکان بریتیە لە هەژاریی و نەداریی و برسێتی و ئاڵۆزی سیاسی و نەخۆشی و دواکەوتوویی، لەبەرئەوە ئەم وڵاتانە لەم کاتەدا بە پلەی یەکەم پێویستیان بە چاکسازی سیاسی هەیە، ئەمەش دەبێت بە هاوکاری کەسانی پسپۆڕ لە زانایان و سیاسیەکان و ئەکادیمی و رووناکبیرو کەسانی خاوەن پسپۆری بێت، دەسەڵاتی سیاسیش گوێی کراوە بێت و لە پێناو پێشکەوتنی گشتی و بەرژەوەندی گەلدا ئامادەی جێبەجێکردنی بێت.

## ڕەنگدانەوەی عیبادەت لەسەر مرۆڤ

ویستی خوا وایە کە ڕواڵەتی مرۆڤ بەڵگە بێت لەسەر دەروون و بواری ناوخۆی تەنانەت لەلایەنە ماددیەکەشەوە، لەلایەنی تەندروستی و نەخۆشی و ناتەواویەوە هەر لەکۆنەوە ئەوە زانراوە کە سروشتی ڕواڵەتی مرۆڤ و ڕەنگی پێست و دەرکەوتەکانی دیوی دەرەوەی ئەگەر بەشێوەیەکی باش بێت بەڵگەیە لەسەر تەندروسی مرۆڤ و باشی ئەندامەکانی ناوەوەی، لە ڕێگەی پشکنینی ئەندامەکانی مرۆڤەوە هەموو ئەو نەخۆشیانە دەردەکەون کە مرۆڤ هەیەتی بۆ نمونە پشکنینی زمان یان چاو.

بەم شێوەیە مرۆڤیش لە ڕێگەی ئەو ڕەوشتەی کە هەیەتی و قیادەی دەکات دەتوانین ئاستی گەشەی ڕۆح و پاکی و جوانی ناوەوەی ئەو مرۆڤە پێناسە بکەین، ئەگەر ئەوکەسە خاوەنی ڕەوشت و مامەڵەیەکی سیاسی بەرز و چاك بێت، بەدوور بێت لە شەڕەنگێزی و مامەڵەی خراپ نەبێت و شتێك نەکات دژ بە کەرامەتی مرۆڤ بێت بەڵگەیە لەسەر پاکی دڵی، هەرکەسێکیش باس لە ئیمان و پاکی دڵ بکات پێویستە لە گوفتارو کرداریدا ڕەنگبداتەوەو هەموو ئەو بەهرانەش کە خوا پێیداوە لە ڕەزامەندی خوادا بەکاریان بێنێ، بەڵام هەر کەسێك هەڵسوکەوت و مامەڵەی خراپ و ئازاربەخش بێت بۆ هاوڵاتیان ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیمانی لاوازەو دڵی وێرانەو لە دەروونەوە نەخۆشە.

هەر کات لە دڵی مرۆڤی باوەڕداردا نەخۆشیەکانی دووڕوویی و ریا هەبوون ئەوا ئەم نەخۆشیانە لە مامەڵەیدا لەگەڵ خەڵك و تەنانەت لەسەر ئاستی بەجێهێنانی دروشمەکانی عیبادەتیشدا ڕەنگدەدەنەوە.

هەرکەسێك دەیەوێت خاوەنی نەفسێکی لۆمەکەر بێت لە کەمتەرخەمی لە بەجێهێنانی کاری خێرداو شلگیر بێت لە بەرامبەر فەرمانەکانی خوادا، هەرکەسێ: دەیەوێت خاوەنی نەفسێکی

ئارام و رەزامەند بێت بەرامبەر بەخودا پێویستە هەڵسوكەوتەكانی بەشێوەیەك بێت كە خوا لێی رازی بێت، دڵی ئارام بێت بەوەی كەی خوا پێیداوە، تەنها لە خوا بترسێت و بۆ غەیری خوا ملكەچ نەكات: ﴿الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ﴾ الأحزاب(٣٩).

هەركەسێك دەیەوێت لە رێگەی عەقڵیەوە خزمەتی گەل بكات دەبێت لەپێناو گەشەپێدان و داهێنان و بنیاتنانی شارستانیەت بۆ گەلەكەی بیركردنەوەی چاكی هەبێت.

لێرەوە ئەو بەراوردە كە لە نێوان لایەنی ماددی و مەعنەوی مرۆڤدا دەكرێت راست دەردەچێت، لە رووی تەندروستی و نەخۆشیەوە، دەبێت ئەم پێوەرانە بە هەند وەربگرین و بە گرنگیەوە سەیریان بكەین و لە ژیانی خۆماندا جێبەجێیان بكەین.

عیبادەتەكان هەموویان پەیوەستن بەم پێوەرانەوە، نوێژ كۆڵەكەی ئاینە هەركەسێك بە باشی جێبەجێی بكات ئەوە ئاینی خوای جێبەجێ كردووە، هەركەسێك وازی لێبهێنێت ئەوە ئاینی رووخاندوە، ئەوەی خوای گەورە لە بەندەكانی دەیەوێت تەنها جوڵەو كرداروگوفتارێك نیە كە بە تەكبیر دەست پێدەكات و بە سەلامدانەوە كۆتایی پێدێت، بەڵكو فەلسەفەی نوێژ ئەوەیە كە تۆ دووربخاتەوە لە تاوان و كاری خراپ و لێیان دووربكەویتەوە، لەوكاتەوە كە دەچیتە دەرەوەی مزگەوت كاریگەری هەبێت لەسەر رەوشت و هەڵسوكەوتی تاك: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ العنكبوت(٤٥).

هەروەها زەكات، خوای گەورە بۆ ئەوە دایناوە ببێتە مایەی پاككردنەوەی نەفس لە خڵتەو پیسیەكانی وەك حەسودی و بوغزو بەغیلی و چروكی و چاوچنۆكی، هەروەها ببێتە مایەی گەشەپێدان و پاككردنەوەی دەروەوە كە رەنگدانەوەی پاكی رۆح و دڵ و نەفس و عەقڵ و فیكر بێت، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی كە خاوەنەكەی كێبڕكێ بكات لە كاری خێرو پێشبڕكێ بكات بۆ ئەنجامدانی چاكەو خزمەتكردن بە تاكەكانی كۆمەڵگا، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً

تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾ التوبة(١٠٣)، ئەم گەشەپێدان و پاككردنەوەى روحە واى لە پێشەوا ئەبوبەكر كرد كاتێ كە پێغەمبەرى خوا (ﷺ) پرسيارى لێكرد چيت بەجێهێشتوە بۆ خێزانەكەت؟ ئەويش لە وەڵامدا وتى خوا و پێغەمبەرى خوا.

هەروەها حەج لە هەموو ئەو شتانەى كە تێيدايە خواى گەورە بێباكە لە هەموو ئەوانەى كە بۆى دەكرێت ئەمە تەنها بۆ ئەوەيە كە ئەو مرۆڤە لە خوا نزيكبخاتەوە، دەفەرموويێت: ﴿لَنْ يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا وَلَكِنْ يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنْكُمْ﴾ الحج(٣٧)، هەروەها هەموو ئەركانەكانى ترى ئيسلام و دروشمى عيبادەتەكان.

ئەم دواليزمە لەكەسايەتيدا كە تووشى موسڵمانان بووە يەكێكە لە مەترسيدارترين نەخۆشيەكان، چونكە زۆربەى موسڵمانان عيبادەتەكان تەنها وەك عادەت جێبەجێ دەكەن، بێئەوەى هيچ كاريگەريەكى هەبێت لەسەر ئەخلاق و مامەڵەو هەڵسوكەوت ئەمەش نەخۆشيەكى گەورەيە، چونكە عيبادەتەكان بۆ ئامانج و فەلسەفەيەكى تايبەت دانراون، بەڵام تێگەيشتنى زۆربەى موسڵمانان بۆ ئەو ئامانجانە لاوازە.

رەوشت لە ئيسلامدا تەنها فەلسەفەيەكى رووت نيە وەك لەلاى غەيرى موسڵمانان هەيە، بەڵكو كردەوەو مامەڵەيە لە رواڵەت و دەرووندا، لە دەروونى مرۆڤدا خۆى لە تەقوادا دەبينێتەوە بەڵام لە رواڵەتدا بريتيە لە كردەوەى چاك، لەبەر گرنگى رەوشت لە ئايندا خواى گەورە ئيسلام (لە

**رەوشت لە ئيسلامدا تەنها فەلسەفەيەكى رووت نيە وەك لەلاى غەيرى موسڵمانان هەيە، بەڵكو كردەوەو مامەڵەيە لە رواڵەت و دەرووندا**

سۆزو بەزەییدا) كورتدەكاتەوە، ئەمەش چڵەپۆپەی رەوشتە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء(١٠٧).

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە چەند سیمایەكی ئەخلاقی وەسف دەكات، وەك لە یەكێك لە سوێندەكانیدا كە خوای گەورە دەیخوات دەفەرموویێت كە پێغەمبەر (ﷺ) خاوەن رەوشتی بەرزە، دەفەرموویێت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ القلم(٤)، هەروەك لە ئایەتێكی تردا بە خاوەن رۆحێكی بەرزو ئیرادەی بە هێزو سوربوون لەسەر پیشەكەش كردنی سود و قازانج و خاوەنی كردەوەی جوان و باش و تەواو خاوەنی سۆزو بەزەیی وەسفی دەكات، وەك لەم ئایەتەدا باسی دەكات كە دەفەرمویێت: ﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ التوبة(١٢٨)، هەموو مێژووی مرۆڤایەتی كەسێكی لە پێغەمبەر باشترو چاكتر بەخۆوە نەبینیوە كە سوربووە لەسەر رزگاركردنی گەلەكەی لە لەناوچوون و گومڕابوون.

ئەخلاق لە ئیسلامدا كردەوە و ئاین و باوەڕ و ئیمان و ئیسلامە، خوای گەورە ئەمە دەكاتە هۆكارێك بۆ خێربوونی ئەم ئوممەتە، دەفەرموویێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ آل عمران(١١٠)، خێربوونی ئەم ئوممەتە بە رەوشت و باوەڕیەتی چونكە باوەڕ كاریگەری زۆری لەسەر مرۆڤ هەیەو دەبێتە هۆی پاڵنانی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی رەوشتی چاك و بەرز، هەروەك رەوشتی خراپ دەبێتە هۆی لەناوچوونی گەلێك، دەفەرموویێت: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾ الإسراء(١٦).

خوای گەورە فەرمانمان پێدەكات كە خاوەن رەوشتی بەرز بین و ببێتە مایەی رەنگدانەوەی ئیمان لە تاكی موسڵماندا، خوای گەورە وسفی (عباد الرحمن) دەكات كە خاوەن رەوشتی بەرزو باڵان ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا﴾ الفرقان(٦٣)، خاوەنی كۆمەڵێك رەوشتن، خەڵك بێزار ناكەن تەنانەت بە

دەنگیشیان دەنگی ناخۆشیان لێ نابیستی، لەناو کۆمەڵگادا ژاوەژاو نانێنەوە وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین کە بەهۆی داڕنینی رەوشت لە تاکەکان کۆمەڵگەیەکی پڕ لە دەنگەدەنگ و هاوارو ژاوەژاو دروست ببێت، تەنانەت لەسەر ئاستی شۆفێری ئوتومبێلەکانیش رێز بۆ بەرامبەرەکانی دانانێت و مافەکانی ناپارێزێت و گوێ بە ئاراميان نادات.

لە سیفاتێکی تری (عباد الرحمن) ئەوەیە کە هەڵە بە هەڵە وەڵامنادەنەوە بەڵکو لەبەرامبەر هەڵەدا کاری چاکە دەکەن، لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا ملیۆنان دۆلار خەرج دەکەن بۆ نەهێشتنی دەنگەدەنگ و هەراو ژاوەژاو بەلام لەلای ئێمە بەپێچەوانەوە ملیۆنان دۆلار خەرج دەکەن بۆ دروستکردنی مرۆڤی گێرەشێوین و  بەدوور لە هەموو رەوشتێکی مرۆڤایەتی کە هەموو کارێکی توندوتیژی دژ بە ئەندامانی کۆمەڵگەکەی جێبەجێ دەکات.

قورئانی پیرۆز فەرمانمان پێدەکات خاوەن دڵێکی پاك بین و کردەوەکانیشمان لە ئەوپەڕی چاکیدا بێت، باوەڕدار دەبێت بەجۆرێك بێت ئەگەر یەکێك خراپەیەکی لەگەڵ کرد یان سوکایەتی پێکرد دەبێت بە رەوشتێکی جوان وەڵامی بداتەوە، دەبێت دڵنیابین هەموو قەیرانەکانی ئەم کۆمەڵگایانەی ئێمە قەیرانێکن لە لاوازی رەوشتەوە سەرچاوەیان گرتووە و ئێمەی بەو دۆخە گەیاندوە، بۆ چارەسەریشیان تەنها لە رێگەی پرۆسەیەکی پەروەردەی سەرتاپاگیرەوە دەبێت کە بتوانێت تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان لەسەر رەوشتی بەرز پەروەردە بکات.

## چاکسازیی لە بواری کۆمەڵایەتیدا

لەوانەیـە یەکێك بپرسـێت، ئایا پێویسـتمان بـە چاکسـازیی کۆمەڵگـە دەبێـت ئەگـەر تاکەکانـی چـاك بـن؟ بەڵـێ، کۆمەڵگـە کەسایەتیەکی ڕەمزی هەیـە و لـە تـاك و بۆچوونەکانـی پێکدێـت، لە ڕوویەکی تـرەوە پێکهاتەکانی کۆمەڵگـە بریتیـن لـە خێـڵ و خێـزان و نەتـەوە، لەلایەکـی تریشـەوە لـە دامەزراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و ئەهلـی و خێریـی و دارایـی پێکدێـت.

کۆمەڵگـە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیە لە چاکسازی تاك و لـە گەندەڵبوونیدا، لـە ڕوویەکـی تـرەوە ئەگـەر بەرپرسـیارێتی کۆمەڵگـە بچەسـپێت ئـەوا هەتـا ئاسـتێکی زۆر دەبێتـە ڕێگـر لـە بـەردەم بڵاوبوونـەوەی خراپـە، کۆمەڵگـە دەپارێزێـت لـە لادان و وێرانبـوون.

هەمـوو ئـەو دیـاردە کۆمەڵایەتیانـە لـە ئەرێنـی و نەرێنـی کـە لـە کۆمەڵگـەدا دەردەکـەون وەك گەندەڵـی و چاکـی و هێـز و لاوازی و شکسـت و سـەرکەوتن و پێشـکەوتن و دواکەوتـن و هەروەهـا لـە دواکەوتنـی شارستانیەتیشـدا، ئەمانە هیچیان لـە خـۆوە نەهاتـوون، بەڵکـو ئەگـەر بە پێـوەری (فقه الميزان) لێکیان بدەینەوە و بگەڕێینەوە بۆسـەر هۆکارەکان، ئـەوا هەریەکەیـان بـە لادان یـان ڕۆیشـتن لەسـەر ئـەو سروشـت و نەخشـە ڕێگایـە دەبێـت کـە خـوا لـە گەردوونـدا دایناوە، لـە ڕووە ئیجابیەکەیـەوە دەسـتگرتن بـە هۆکارەکانـەوە وەلامدانـەوەی فەرمانـەکان و گوێگرتـن بـۆ ئـەو بـاوەڕەی کـە داوا لـە مرۆڤ دەکات بـۆ گرتنەبـەری هـۆکار و هەبوونـی پـلان لـە ژیانـدا، دەبێتـە مایـەی سـەرکەوتن، هـەروەك ئیبـن خەلـدون زۆر گرنگـی بـەم لایەنـە دەدات و بـە گرنگـی باسـیکردووە.

بـەڵام موسـڵمانان ئەمـڕۆ بـە تـەواوی وازیـان لـەم نەخشـەڕێگایە هێنـاوەو دەسـتی پێوەناگـرن، لـە بەرامبـەردا ڕۆژئـاوا دەسـتی پێوەگرتـووە و کۆمەڵگەکانـی لەسـەر بنیاتنـاوە، لـە بەرگێکـی ڕۆژئاواییـدا جارێکـی تـر بـۆ ئێمـەی دەنێرنـەوەو گەڵـە موسـڵمانەکانیش بـە تامـەزرۆوە باوەشـی بۆدەگرنـەوە.

گرنگـی تـاك دەتوانيّـت گرنگـی كۆمەڵگـەش بگۆڕيّـت، ئەمـەش دەتوانيـن لەبەرئەنجامـی ئـەوەوە بيلّيّيـن كاتيّـك كـە يوسـف (سـەلامی خـوای لەسـەر بيّـت) براكانـی ناسـيەوە كـە هاتـن بـۆلای بـۆ ئەم مەبەسـتە جامەكـەی خسـتە بـاری يەكيّكيانـەوە، پاشـان فەرمانـی پيّكـردن كـە كاروانەكەيـان رابگـرن و بگەريّـن بـۆ جامـی پادشـا، سـزای ئەوەشـيان كـە جامەكـە لـە بارەكەيدايـە دەبيّـت بگيريّـت لەكاتيّكـدا كـە براكانـی بانگكـران بـۆ ليّپيّچينـەوە، لەوكاتەشـدا دەسـتبەرداری ئـەو رق و بوغـزە نەبـوون كـە پيّشـتر هەيانبـوو لـە براكەيـان وتيـان ﴿قَالُوا إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ ۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ۚ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ۖ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾ يوسف(٧٧)، پيّشـەوا يوسـف ئـەم بوغـزەی گەڕانـدەوە بـۆ ئـەو ژينگەيـەی كـە براكانـی تيّيـدا دەژيـان و ئـەو كۆمەڵگەيـەش كـە ليّـوەی هاتبـوون، لەبەرئـەوە پيّـی وتـن: ﴿أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا﴾ "ئيّـوە لـە خرابتريـن شـويّنەوە هاتـوون"، ئەويـش لـە روانگـەی كاريگـەری ديـاردە كۆمەڵايەتيـەكان لەسـەريان ئـەوەی پيّوتـن.

زانسـتی دەروونناسـی، بەتايبەتيـش زانسـتی دەروونناسـی تـاوان دەڵيّـت: كەسـی تاوانبـار هەوڵـدەدات تاوانەكـەی لەبەرچـاو كۆمەڵگـە جـوان بـكات، ئەويـش لـە ريّگـەی بەشـداری پيّكردنـی زۆرتريـن ژمـارەی خەڵـك لـەو تاوانـەدا، پاشـان دژايەتيكردنـی چاكسـازان و پياوچـاكان و شـيّواندنی ناوبانگيـان، بۆئـەوەی بارودۆخيّـك دروسـتبكات كـە هەرچـی دەيەويّـت بيـكات.

پيّويسـتە زانايان و دەوڵـەت تويّژينـەوە لەسـەر كۆمەڵگـە و دياردەكانی بكـەن، بزانـن ئايـا كۆمەڵگـە بـەرەو كـویّ دەچيّـت؟ ئەگـەر بەرەوخيّـر چـوو سوپاسـی لەسـەربكەن و گەشـەی پيّبـدەن، ئەگـەر بەوشـيّوەيەش نەبـوو بيّـن چارەسـەری بـۆ دابنيّـن لـە ريّگـەی تويّژينـەوەو دانانـی پلانـی سـتراتيجی و دۆزينـەوەی چارەسـەر نـەك تەنهـا لـە ريّگـەی ئامـۆژگاری و يـان دەسـتدانە تەكفيركـردن و تەقاندنـەوە كەهيـچ خزمەتيّـك بەئيسـلام و كۆمەڵـگا ناكـەن.

چارەسەری دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی یاسا و دەستگرتن بە هۆکارەکان و نەخشە سروشتیەکانی خوای گەورە و لە ڕێگەی توێژینەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشەنگێکی زۆر چاکە بۆ هەمووان.

ئایا جێگەی سەرسوڕمان نیە کە ئیسلام توانی کۆمەڵگەیەك بگۆڕێت کە نوقم بوو بوو لە دواکەوتوویی و گەندەڵی و خاوەنی بیروباوەڕێکی نەفامی بوو، لەناو زۆنگاوی خێڵایەتی و نەتەوەپەرستیدا دەژیان، کە خوای گەورە وەسفی دەکات بە (ئەوانە لە گومڕاییدان)، بەڵام ئەم کۆمەڵگەیە گۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەکی پاك و برایەتی و هاوسۆزی و لێبوردەیی، ئەمەش بەگرتنەبەری چەند قۆناغێك بوو کە تیایدا گەندەڵی چارسەرکرا و بەرنامەی چاکسازی بۆ دانرا و بەسەریدا جێبەجێ کرا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕێگەی وەحیەوە کۆمەڵگەیەکی بنیاتنا کە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بوو، بەجۆرێك بوو کە خوای گەورە شایەتی لەسەر داو ناوی برد بە باشترین کۆمەڵگە لە نێوان هەموو کۆمەڵگەکانی دنیادا.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر هەندێك بنەمادانان، ئەوانیش:

یەکەم: گۆڕینی بیروباوەڕ لە شیرك و ئەفسانەوە بۆ یەکتاپەرستی، لە پاڵدانەوەو تەمبەڵییەوە بۆ باوەڕی کاریگەر و چالاك.

زۆرێك لە ئێمە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەین کە لەسەر باوەڕی یەکتاپەرستین، بەڵام ئەم باوەڕە چالاك و کاریگەر نیە، خوای گەورەش باوەڕێکی ناوێت کە بەرهەمدار نەبێت و کاریگەری لە دەوروبەر دروست نەکات و نەبێتەهۆی گۆڕانکاری، دەفەرمووێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا....﴾ النساء(١٣٦)، واتە: ئیمانتان بەگەڕ بخەن و بیکەنە هۆکاری بەرهەمهێنانی خێر، بیکەنە پاڵنەرێك بۆ ڕۆیشتن بەرەو چاکە، دەست بە هۆکارەکانی چاکەخوازیەوە بگرن، با بیروباوەڕەکەتان ببێتە ڕەوشت و زانست و کاری چاك.

دووەم: پەیوەستکردنی دروشمەکانی عیبادەت بەو ئاسەوارانەوە کە جێیدێڵێت، ئەویش لە ڕێگەی پاراستنی پەیوەندی نێوان خوا و بەندە و دروستکەرەکەی، زیندووکردنەوەی ئەم ئاسەوارانەش لە ڕەوشت و بەندایەتی و ئەخلاقدا، بۆ نموونە نوێژ داوات لێدەکات کە فەرمان بە چاکە بکەیت و لە خراپە دووربکەویتەوەو تەنها وەرزشێك نەبێت کە ئەنجامی دەدەیت، هەروەها زەکات دەبێت ببێتە مایەی پاککردنەوەی دەروون لە چروکی و بەخیلی و خۆشەویستی سامان و تەماعکاری، نەك ببێتە منەتێك و شکاندنی شکۆی بەرامبەرەکان، هەموو عیبادەتەکانی تریش فەلسەفەی تایبەی خۆیان هەیە کە دەبێت بەوشێوەیە جێبەجێ بکرێن، ئەم بەرهەمە ئیمانیانە بەڵگەی تەواو دەدەن بە دەستەوە لەسەر ڕاستی ئیمان و جێگیربوونی لە دڵدا، ئەمەش وەڵامە بۆ ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: ئایا ڕاستی ئیمانی تۆ چەندە!؟ بۆ هەموو شتێك ڕاستییەك هەیە دەبێت لە واقیعدا ببینرێت.

سێهەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆمەڵگەیەکی مرۆیی ئیسلامی ڕاستەقینە و بێ وێنەی دروستکرد، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی برایەتی لە نێوان کۆچبەران و پشتیوانان، وای لە تاکەکانی ئەوس و خەزرەج کرد کە لە پێناو چەسپاندنی ئەم برایەتییەدا قوربانی بە هەموو شتێکی بەرز و بەنرخ بدەن، لە بەرامبەریشدا کۆچبەرەکان بە قەناعەت و بە پاکداوێنی بوونی خۆیان سەلماند.

موسڵمانەکان لەو کاتەدا کە دروشمی برایەتیان بەرزکردبۆوە وەك ئەوەی ئێستا نەبوو، چونکە لە ئێستادا هەموو موسڵمانێك دروشمی برایەتی و یەکێتی بەرزکردۆتەوە، بەڵام کاتێك کە لە بێژنگی دەدەیت تەنها سەرابێکە و ڕاستی تێدا نیە، لە ڕێگەی ئەم بانگەشانەوە تەنها دەیانەوێت پارێزگاری لە کورسیەکانیان بکەن، هەندێکی تریش دەیانەوێت ئوممەتی ئیسلامی پارچە پارچە بکەن و هێزی نەهێڵن و ببێتە پاروویەکی ئاسان بۆ

دوژمنەکانی، بۆئەوەی ئەو کەسە لەلایەن دوژمنانەوە قبوڵ بکرێت.

بەهۆی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی ئیسلامی لە شاری مەدینەی پیرۆز چینایەتی لەم کۆمەڵگەیەدا نەما، بەتایبەتیش لە رووی دارایی و سەرمایەداری و شۆڤێنی و خێڵەکی و نەتەوەیی و خێزانییەوە، لە چوارچێوەی رێکخستنێکی ورد و نوێدا دارێژرایەوە، لە بازنەی ئینتیما بۆ خوای گەورەو پێغەمبەر و باوەڕداران، کۆمەڵگەی موسڵمانان لەو رێگەیەوە گۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەکی چالاك ئەویش لە رێگەی دامەزراوەکانی و کۆمەڵگەی مەدەنی و دارایی و راگەیاندن و خێرخوازی کە لەم رێگەیەوە کاروباری وڵات دەبرێت بەڕێوە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) پلانێکی بۆ گەشەپێدانی ئابووریی دانا، ئەویش لە رێگەی وەقف و سەرچاوەکانیەوە، هەروەها لە رێگەی سیستەمی (حسبە)وە کاروباری گشتی کۆمەڵگەی رێکخست.

ئەگەر دەمانەوێت کۆمەڵگەکانمان بەرەو چاکسازی بڕۆن ئەوا رێگەیەکی دیار و رۆشن هەیە کە پشت بە زانستی کۆمەڵناسی و عەقیدە و شەریعەت دەبەستێت، هەموو تاکێك لە ئێمە ئەم داواکاری چاکسازییە رووی تێدەکات، لەبەرئەوە پێویستە خاوەنی ئیمانێکی کاریگەر و ئاراستەپێدراو بێت، لە هەمانکاتدا ئەو برایەتییەی کە باسی دەکەین لەگەڵ باوەڕداران و سەرجەم مرۆڤایەتی دا راستەقینە بێت و تەنها شتێکی رۆتین نەبێت.

**ئەگەر دەمانەوێت کۆمەڵگەکانمان بەرەو چاکسازی بڕۆن ئەوا رێگەیەکی دیار و رۆشن هەیە کە پشت بە زانستی کۆمەڵناسی و عەقیدە و شەریعەت دەبەستێت**

## لێبوردەیی وەك بەهایەكی باڵای ئیسلام

ئیسلام ئاینی سۆز و بەزەیی و لێبوردەییە، لە هەمانكاتدا ئاینی سەربەرزیی و كەرامەتە، ئاینێكە كە توانیویەتی سەربەرزیی پەیوەست بكات بە لێخۆشبوون و لێبوردەییەوە، هەروەها ئاینێكە داوای سۆز و بەزەیی و لێخۆشبوون و لێبوردەیی دەكات لە نێوان هەموو خەڵكدا، خوای گەورە قورئانەكەی بە ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ دەست پێدەكات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەم سۆز و بەزەییە لە نێوان بەندەكاندا بچەسپێت و تەنانەت باڵبكێشێت بەسەر هەموو گەردووندا لەوانەش ئەو ژینگەیەی كە تێیدا دەژین، ئایەتەكانی سۆز و لێخۆشبوون دەیان جار دووبارە بوونەتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەم پرۆگرامە لەسەر لێبوردەیی و لێخۆشبوون دامەزراوەو داوای پێكەوە ژیانێكی ئاشتیانە دەكات.

خوای گەورە پاداشتێكی زۆر گەورەی لە بەهەشتی باڵا و فیردەوسی مەزندا بۆ ئەوانە داناوە كە لێبوردەن، خوای گەورە دەفەرموویّت: ﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ * الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ آل عمران(١٣٣-١٣٤).

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە كە خزمەتكارەكەی هارونە رەشید دەستی كەوتە لەرزین و هەندێك شلەی بەسەر جلوبەرگەكانی دا رشت، هارونە رەشیدیش لێی تورە بوو، خزمەتكارەكەش هاتە وەڵام و وتی: "ئەی خەلیفەی موسڵمانان خوای گەورە دەفەرموویّت ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ﴾ هارونە رەشید وتی: "ئەوا رقی خۆم خواردەوە" پاشان خزمەتكارەكە وتی: "خوای گەورە دەفەرموویّت ﴿وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ﴾ پاشان هارونە رەشید وتی: "ئەوا لێتخۆش بووم"، خزمەتكارەكە وتی: "خوای گەورە دەفەرموویّت ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ هارونە رەشید وتی: "ئەوە لەبەر خوا ئازادم كردیت".

ئەمە ڕەوشتی ئیسلام و پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی بووە، ژیاننامەی پێغەمبەریش (ﷺ) پڕە لەو چیرۆکانە کە هەموویان بەڵگەن لەسەر لێبوردەیی و لێخۆشبوون، لە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا (سەعدی کوڕی عوبادە) بە ئەبو سوفیانی وت "ئەمڕۆ ڕۆژی پاڵەوانێتیە، ڕۆژی حەڵاڵبوونی کەعبەیە" دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بەلای ئەبو سوفیاندا تێپەڕی، ئەبو سوفیان پێیوت "ئایا دەزانی سەعدی کوڕی عوبادە چی وتووە؟" هەموو قسەکانی سەعدی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر لە وەڵامدا فەرمووی "سەعد درۆی کردووە، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە خوای گەورە ڕێز و گەورەیی کەعبەی بەرزکردۆتەوەو ڕۆژی پۆشینی بەرگی کەعبەیە".

کاتێك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە مزگەوتی حەرام و لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کۆبووەوە کە ئازاریان دابوو و دەریان کردبوو، وا ئەمڕۆ هەموویان هاتنەوە ژێردەستی، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموون: "ئەی کۆمەڵی قورەیش چاوەڕێی چی دەکەن ئەمڕۆ لەگەڵتاندا بیکەم؟" وتیان "کاری چاکە، برایەکی چاك و برازایەکی چاك" ئەویش فەرمووی "بڕۆن هەمووتان ئازاد بن".

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، کە وتویەتی من لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بە ڕێگادا دەڕۆیشتم، پێغەمبەر (ﷺ) کراسێکی نەجرانی لەبەردابوو، کە لێوارەکەی ئەستور بوو ئەوەندەمان زانی دەشتەکیەکی عەرەب هاتوو لە ملیدا رایکێشا، کە سەیرمکرد بەهۆیەوە کە ئەوەندە بە توندی رایکێشابوو بەهۆیەوە ئازاری ملی دابوو، لەوکاتەدا دەشتەکیەکە وتی "ئەو ماڵەم بۆ بگێڕەوە کە خوا پێیداوی" پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێکەنینەوە ئاوڕێکی لێدایەوەو فەرمانی کرد کە پێی بدەن.

لە جابری کوڕی عبداللە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە وتوویەتی لە غەزای (ذات الرقاع) لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ)

بووم، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە منیش لەگەڵیدا گەڕامەوە، لاماندایە دۆڵێك کە پڕبوو لە داری دڕکاوی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵماندا دابەزی و خەڵکەکەش دەچوونە بن دارەکانەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە ژێر دارێك کە سێبەرێکی باشی هەبوو شمشێرەکەی بە دارەکەدا هەڵواسی و خەوتین، پاش کەمێك گوێمان لێبوو پیغەمبەری خوا (ﷺ) بانگ دەکات، کە سەیرمان کرد عەرەبێکی دەشتەکی لەلایەتی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم پیاوە لەو کاتەدا کە من خەوتبووم دەستی بردووە بۆ شمشێرەکەو پاشان کە خەبەرم بووەوە سەیرمکرد شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێناوەو پێی وتم ئێستا کێ لە دەستی من رزگارت دەکات؟ منیش سێ جار وتم (الله)، لەم کاتەدا شمشێرەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە پێغەمبەر (ﷺ) هەڵی دەگرێت و بە پیاوەکە دەڵێت: ئێستا کێ تۆ لە دەستی من رزگار دەکات؟ ئەویش دەڵێت چاکەی خۆت، لەم کاتەدا ئازادی دەکات و هیچ سزایەکی نادات.

لە راڤەکارانی قورئانەوە دەگێڕنەوە کە هۆی دابەزینی ئایەتی: ﴿وَلَا يَأْتَلِ أُولُو الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُولِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ النور(٢٢).

پێشەوا ئەبو بەکر (رەزای خوای لێبێت) بەهۆی خزمایەتی و هەژارییەوە هاوکاری هاوەڵێکی دەکرد بەناوی (مسطح)، بەلام بەهۆی رووداوی (بوهتان هەڵبەستن بۆ حەزرەتی عائیشە) ئەبو بەکری تورە کردوو وتی: سوێند بەخوا لە ئەمڕۆ بەدواوە هیچ هاوکاریەکی ئەم پیاوە ناکەم، بەلام خوای گەورە لە وەلامدا ئەم ئایەتەی بۆ دابەزاند: ﴿وَلَا يَأْتَلِ أُولُو الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُولِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ النور(٢٢).

لە دواییدا ئەبوبەکر داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد و وتی نامەوێت خوا لە خۆم تورەبکەم و پێم خۆشە لە تاوانەکانم خۆشبێت، لەبەرئەوە بڕیاریدا هاوکاریەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، بە لێنیشیدا هەتا مابێت نایبڕێت.

ئیسلام بۆ هەموو شتێك بنەما و ڕێسایەکی داناوە بۆ ئەوەی هیچ شتێك پێچەوانەی باوەڕ و ئاین نەبێت، خوای گەورە فەرمان بە لێخۆشبوون و لێبوردەیی دەکات، کە ئەویش لەسەر بنەمای دوو مەرجی سەرەکی دادەمەزرێت:

**یەکەم:** کارێکە کە سنوری بۆ نیە، واتە کاتێك کە یەکێك خۆشدەبێت و لێبوردە دەبێت بەرامبەر بە یەکێکی تر، خوای گەورە پاداشتیی گەورەی دەداتەوە.

**دووەم:** دروست نیەو حەرامە تەنانەت دەگاتە ئاستی بێباوەڕیش، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو لێبوردەییە بگاتە حاڵەتی بێباوەڕی و سەرشۆڕی و دووڕووی و ئینتیما بۆ غەیری خواو پێغەمبەرەکەی و باوەڕداران.

لەبەرئەوە ڕەوا نیە لە پێناو لێبوردەییدا واز لە هیچ بنەمایەکی ئاین یان هەر حوکمێکی شەریعەتی ئیسلامی بهێنیت، هەروەك نابێت لێبوردەیی کاردانەوە بێت، بەڵکو پێویستە وەك خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات کار بێت، لەلایەکی ترەوە دەبێت لێبوردەیی لە چوارچێوەی سنورەکانی ئیسلام و مەرجەکانیدا بێت، پارێزگاری لە کەرامەتی موسڵمان و شکۆی بکات، خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی زیاد بکات، ئەگەر وانەبێت لێبوردەییەکی خراپەو سەردەکێشێت بۆ سەرشۆڕی کە ئەمەش لە شەرعدا حەرامە، چونکە سۆزو لێبوردەیی و خاکیبوون بەشێکە لە باوەڕی ئیسلامی کە دەبێت لە نێوان موسڵمانان خۆیاندا بەرجەستە بکرێت، لەگەڵ ناموسڵمانانیشدا بە هەمانشێوە ئەگەر دوژمنایەتی نەکەن و دەستدرێژکەر نەبن، چونکە دەبێت لەگەڵ ئەمانەدا بە ئاشتەوایی و لێبوردەیی بژین.

لە وڵاتانی ئیسلامی ئێستادا شتی سەرسوڕهێنەر روویداوە، کۆمەڵە هەڵوێستێکی پڕ لە دووڕوویی و توندووتیژی و خۆشەویستی بۆ غەیری خواو خۆ فەرزکردن بەسەر موسڵماناندا بوونیان هەیە، لە دانیشتنێکدا بووم کە زەنگی تەلەفوون بۆ یەکێك لە ئامادەبووان هات، مۆبایلەکەی ئاوازێکی مۆسیقای لەسەر بوو، زۆربەی زانایانی ئامادەبوو دەنگیان بەرزکردەوەو ناڕەزایەتیان دەربڕی و وتیان ئەمە شتێکی حەرامە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئێستا دەستەی فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە گۆڕاوە بۆ شتێکی تر، لە پاڵ کەعبەدا ئاهەنگی سەرنجڕاکێش سازدەکرێت، کەسیان ناتوانن ڕێگری لێبکەن بەڵکو شەرعیەتیشی پێدەدەن، ئەمانە لە پێشتردا تەنانەت فەتوایان دابوو کە سڵاوکردن لە مرۆڤی بێباوەڕ دروست نیە، بەڵام لە ئەمڕۆدا دەبینیین کە پێشوازی گەرم لە پاپای ڤاتیکان دەکرێت و ئاهەنگی گەورەی بۆ دەگێڕن و زۆرترین ڕێزی لێدەگرن، بەڵام زانایانی خۆیان سزادەدەن و دەیانخەنە زیندان و ئەوپەڕی سوکایەتیان پێدەکەن، هەندێکیشیان فەتوای کوشتن و لە سێدارەدانیان بۆ دەدەن، تەنانەت ڕێکخراوی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمانیش کە نەوەد و پێنج هەزار زانا لەخۆدەگرێت تاوانباریان کردووە بە تیرۆرو توندڕەوی.

شێخی ئەزهەر دەست لە ملی پاپای فاتیکان دەکات و سەری ماچ دەکات، بەڵام لەبەرامبەر زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانی دەیان هەزار کەسی وڵاتەکەی بێدەنگە.

شێخەکانی ئەزهەر خاوەنی کەرامەت و ڕێزی گەورە بوون، مەلیك فاروق کاتێك کە چوو بۆلای (شێخ مەراغی) کە لە مزگەوتی ئەزهەردا وانەی دەوتەوە، لەو کاتەدا شێخ تەنها سلاوی لێکردوو بەخێرهاتنی کردوو گەڕایەوە بۆ وانە وتنەوەکەی خۆی، پاش چەند ڕۆژێك یەکێك لە نزیکەکانی مەلیك وتی: دەکرێت شێخ بە پارە رابکێشیت بەلای خۆتدا.

لەدوای ئەوە مەلیك فاروق برێك پارەی بۆ شێخ نارد، بەڵام شێخ بەو کەسەی وت کە پارەکەی هێنابوو: دیاریەکە ببەرەوە بۆ خاوەنەکەی، چونکە هەرکەسێك قاچی رابکێشێت دەستی راناکێشێت.

**لەسەر ئاستی تاکە تاکەی ئێمەش پێویستە کە لێبوردەیی و لێخۆشبوون و بەزەییهاتنەوە ببێتە کەلتور لە نێوانماندا، لە خێزان لە دامەزراوەکاندا**

چاکبوونی ئەم ئوممەتە وابەستەیە بە چاکبوونی زانایان و دەسەڵاتدارەکانیەوە، ئەگەر ئەم دووانە چاك نەبن خوای گەورە وازیان لێناهێنێت، مۆڵەتێکیان دەدات و پاشان زۆر بەتوندی دەیانگرێت هەر کەسێکیش خوا بیگرێت ئیتر رزگاری نابێت.

لەسەر ئاستی تاکە تاکەی ئێمەش پێویستە کە لێبوردەیی و لێخۆشبوون و بەزەییهاتنەوە ببێتە کەلتور لە نێوانماندا، لە خێزان لە دامەزراوەکاندا، فەرمانگەکان، بازار، شەقام، لە هەموو ئەمانەدا ئێمە بەندەی خوا بین و ئەم ئایەتە لە خۆماندا بەرجەستە بکەین: ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا﴾ الفرقان(٦٣).

ئەمە بۆ پەیوەندی نێوان موسڵمانان، بەڵام بۆ ئەو ناموسڵمانانەش کە دەستدرێژیکەر نین پێویستە بەم شێوەیە بین: ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ فصلت(٣٤)، بنەمای پرۆگرامی ئیسلامیش بەم شێوەیە: ﴿وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾ البقرة(٨٣).

## نەفس، پلەو جۆرەکانی

خـوای گـەورە ویسـتی وابـووە کـە مـرۆڤ لـە جوانتریـن شـێوەدا دروسـتبکات، جوانتریـن سـیفات و زۆرتریـن توانـای پێبـدات، بۆئـەوەی لەسـەر زەویـدا نیشـتەجێ ببێـت و گـەردوون ئاوەدانبکاتـەوە، خـوای گەورە لـە مرۆڤـدا چـوار ئەندامـی گرنگـی دروسـتکردووە، ئەوانیـش، گیـان و دڵ و نەفـس و عـەقڵـن، ئەوانیـش بنەمـان لـە چاکـی مرۆڤـدا لـە رووی تـاك و کۆمـەڵ و گەلـەوە، ئەمانـە ئـەو وشـانەن ئەگـەر لێکیـان جیابکەینـەوە کۆدەبنـەوە ئەگـەر کۆیـان بکەینـەوە هـەر جیادەبنـەوە. واتـە ئەگـەر بـەدوای یەکـدا بێـن هەریەکەیـان مانایەکـی جیـاوازی هەیـە لەویتریـان، بـەڵام ئەگـەر تەنهـا نـاوی یەکێکیـان بهێنیـن ئـەوا مانـای ئەوانـی تریـش لەخـۆ دەگرێـت.

خـوای گـەورە رۆڵ و نەخۆشـی و چۆنیەتـی چارەسـەر و خۆراکـی تایبـەت بـۆ هەریەکەیـان دیاریکـردووە، گیـان بریتیـە لـە ژیـان، واتـە سـەرچاوەی ئـەم ژیانـە خۆشەویسـتیە، خۆراکەکەشـی خوێندنـی قورئـان و یـادی خوایە، کاتێـك کـە بـە خـواوە پەیوەسـت بێـت ملکـەچ و سەرشـۆڕ نابێـت بـۆ غەیـری خـوا، لـەم گیانـەوە هەمـوو سـیفەتەکانی تایبـەت بـە مـرۆڤ لـە رووی ئیـرادە و هەڵبـژاردن و توانـاوە وەردەگرێـت، بـەڵام کاتێـك کـە ملکەچـی خـوا نابێـت ئـەو کات زەلیـل و سەرشـۆڕ و شـەرەنگێز دەبێـت.

دڵ، کە سـەرچاوەی رق و خۆشەویسـتی و دڵسـۆزیە بۆ خوا، لە هەمانکاتدا سـەرچاوەی بوغـز و حەسودیشـە، چاکسـازی لـە نەفسـدا پەیوەسـتە بـە چاکسـازی لـە کۆمـەڵ و گۆڕانکاریەکانـی وەك خـوای گـەورە دەفەرموویـت: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ الأنفال(٥٣)، هەروەهـا دەفەرموویـت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾، خـوای گـەورە لـە قورئانـی پیـرۆزدا (٢٩٦) جار باسـی نەفس و داتاشـراوەکانی دەکات، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە پێویسـتە گرنگـی پێبدرێـت و پـەروەردە بکرێـت و جڵـەو بکرێـت.

لەبەر گەورەیی نەفس و گرنگیەکەی، خوای گەورە لە چەندان ئایەتی قورئاندا بەناوی جۆراوجۆر سوێندی پێ دەخوات، وەك دەفەرمووێت: ﴿لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ﴾ القيامة(٢)، ئەم نەفسە سەرچاوەی کۆمەڵێك غەریزەی جیاوازە، لەوانەش غەریزەی خۆراك و جنس و دەسەڵات و هێز و پلەو پایە و کورسی، مرۆڤ دەتوانرێت ئەم غەریزانە لە خێردا بەکاربێنێت، لەکاتێکدا کە پەروەردەی نەفسی خۆی بکات و لە تاوان دووریبخاتەوەو بە ئیمان بەهێزی بکات، یان دەتوانێت لە شەڕدا بەکاریان بهێنێت ئەویش ئەو کاتە دەبێت کە پەروەردە پشتگوێ بخرێت و هیچ گرنگیەکی پێنەدرێت.

غەریزەی خۆشەویستی دەسەڵات شتێکی سروشتیە لە مرۆڤدا، لەو رۆژەوە کە خوای گەورە ئادەمی دروستکردووە لەگەڵیدا غەریزەی دەسەڵاتیشی پێداوە، چونکە بەبێ ئەم غەریزەیە زەوی ئاوەدان نابێتەوە و ئەرکی بنیاتنان بەجێ نایەت، بەڵام ئەگەر ئەم غەریزەیە سنوردار نەکرێت بە بەرژەوەندی گشتی و بەبێ سنور هەنگاو بنێت ئەوا دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئاژاوەیەکی گەورە دروستبکات و ببێتە هۆی ئەوەی کە هەموو ئوممەت نەتوانێت چارەسەرێکی بۆ دابنێت، ئەمەش ئەو دیمەنانەن کە لە جیهانی ئیسلامی و بەتایبەتی عەرەبی دا بەدی دەکرێت، چونکە هەموو بەڵاکانی ئەم ئوممەتە دەگەڕێتەوە بۆ خراپەکاریی و گەندەڵیی نەفس، ئەمەش سەرتاپای دەسەڵاتەکانی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا گرتۆتەوە.

نەفس بەرپرسیارە لەم لایەنە مەترسیدارە، هەر لەبەرئەوەیە خوای گەورە پەیوەستی دەکات بە چاکسازی و گەشەپێدانەوە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر مرۆڤ و کۆمەڵ و نەتەوە گەندەڵ بوون دەبێتە مایەی دواکەوتوویی و ستەمکاریی، ئەمەش هەمووی دەچێتە چوارچێوەی غەریزەی دەسەڵاتەوە.

لە کاتێك کە خوای گەورە لە (٢٩٦) ئایەتدا باسی نەفس و داتاشراوەکانی دەکات، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە هیچ دروشمێکی تر بەبێ پەروەردەی نەفس بەهای نیە، چونکە ئەگەر نەفس پشتگوێ بخرێت ئەوا تاك و

**لە کاتێك کە خوای گەورە لە (٢٩٦) ئایەتدا باسی نەفس و داتاشراوەکانی دەکات، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە هیچ دروشمێکی تر بەبێ پەروەردەی نەفس بەهای نیە، چونکە ئەگەر نەفس پشتگوێ بخرێت ئەوا تاك و کۆمەڵ و ئوممەت بەرەو نەهامەتی دەڕۆن**

کۆمەڵ و ئوممەت بەرەو نەهامەتی دەڕۆن.

ئەگەر سەیری جیهانی عەرەبی بکەین دەبینین کە خاوەنی سەروەت و وزە و توانایەکی زۆرە، کەسانی تر نیانە، لە رۆژێکدا توانای بەرهەمهێنانی (٣٥) ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە، ئەمە سەرەڕای سامانە سروشتیەکانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جیهانی عەرەبی نموونەیەکی بەرچاوە بۆ دواکەوتوویی و نەفامیی و هەژاریی و نەخۆشیی، رێژەی هەژاریی تیایدا گەیشتۆتە (٪٥٠)، هەندێك وڵاتی چوونە ریزی وڵاتە هەژارەکانەوە لەکاتێکدا کە پێشتر تیایدا نەبوون وەك سوریا و عێراق و یەمەن، ئەو یەمەنەی کە رۆژێك هەبوو قەرزی دەدا بە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، کاتێکیش هەبوو والیەکەی عومەر لە یەمەندا کە ئەبو موسای ئەشعەری بوو، سێ یەکی ٣/١ زەکاتەکەی یەمەنی دەهێنایەوە بۆ شاری مەککە و مەدینە، بەڵام ئەمڕۆ یەمەن دەناڵێنێت بە دەست هەژاریی و نەخۆشیی و بەدخۆراکی، بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان رێژەی هەژاریی لە یەمەندا دەگاتە نزیکەی (٪٩٠) لە هەمانکاتدا (٤٠٠) بۆ (٥٠٠) هەزار کەس هەیە کە تووشی پەتای مەترسیدار بوون، هەروەها یەك ملیۆن مندالّ تووشی بەدخۆراکی بوون.

عێراق كە لە سەردەمی هارونە رەشیددا (٣٠) ملیۆن كەس تێیدا نیشتەجێ بوون، رووبارەكانی دیجلە و فورات كە لە رێگەی (٧) لقەوە بەیەك دەگەیشتن بەناوبانگ بوون بە سەوزایی و بەرهەمهێنانی زەویە بەپیتەكان، هەتا وای لێهاتبوو كوفە و بەسرە بە (ارض السواد) ناودەبران، واتە لەبەر زۆری دار و دار خورما تیایدا، هەمووی بە شێوەی سەوز دەركەووتوە، كە لە دوورەوە بە رەشی بینراوە، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا عێراق دادەنرێت بە یەكێك لە هەژارترین و گەندەڵترین وڵاتانی دنیا.

**كەواتە هۆكارەكە چیە و ناتەواویەكە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەفسە كە فەرمان بە خراپە دەكات و حەزی لە دەسەڵاتە و كەوتۆتە شوێن ئارەزووەكانی، هەروەها دەسەڵات بەكاردەهێنێت بۆ ئامانجێك كە خۆی دەیەوێت و لە ئاراستەی خزمەتی گشتی لایدەدات.

خوای گەورە ئەوەمان بۆ روونەدەكاتەوە كە بەهەشت بە كەسانێك دەدات دوو سیفەتیان تێدابێت، یەكەمیان: ترسان لە خوا، دووەمیان: رێگریكردنی نەفس لە ئارەزووبازی و بەردەوامبوون تیایدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى* فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى﴾ النازعات(٤٠-٤١)، هەر كەسێك بەڕاستی لەخوا بترسێت و رۆژی دوایی لەبەرچاوبێت كە هیچ سامان و نەوەیەك فریای ناكەوێت و تەنها پێویستی بە دڵی پاكە، ئەوا هەوڵی ئەوە دەدات بەردەوام نەفسی خۆی لە غەریزە خراپ و شەڕەنگێزەكان پاكبكاتەوە، تا شایەنی ئەوە بێت كە خوای گەورە بیخاتە بەهەشتەوە، بەڵام هەركەسێك ئەمە پشتگوێ بخات و نەفسی هەرچی ویست ئەوە بكات و لە سەرئەنجامی كردەوەكانی نەترسێت ئەوە شایەنی دۆزەخە.

قورئانی پیرۆز نەفسی مرۆڤی دابەشكردووە بۆ دوو جۆر، یەكەم: نەفسێكی باش و وەرگیراو، دووەم: نەفسێكی سەرشۆڕ، كە خوای گەورە نەفرەتی لێدەكات.

نەفسی وەرگیراو، دابەش دەبێت بۆ سێ بەش، یەكەم: پێش هاتنی شەریعەتەكان لە سروشتی مرۆڤدا بوونی هەبووە، خوای گەورە

لە ناخی مرۆڤدا غەریزەی خۆشەویستی و خێر و رقلێبوونەوەو شەڕ و خراپەی دروستکردووە ئەمە پێی دەڵێن ویژدان، خوای گەورە ناوی ناوە نەفسی لۆمەکەر، ئەمەش یەکەم پلەی نەفسێکی وەرگێراوە لای خوا، وەك دەفەرموویّت: ﴿لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ﴾ القيامة(٢)، سوێند خواردنی پەیوەست کردووە بە رۆژی دوایی و نەفسی لۆمەکەرەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم نەفسی لۆمەکەرە شتێکی سروشتییە لە ناخی مرۆڤدا، بەڵام ئەگەر پەیوەست نەکرێت بەباوەڕ بەرۆژی دواییەوە هەتا سەر بەردەوام نابێت و بەوشێوەیە نامێنێتەوە، چونکە بەم هۆی باوەڕەوە ترسی خوا دەچێتە دڵی و درێژەی پێدەدات.

ترسان لە رۆژی دوایی و ناخۆشیەکانی هەر لە سەرەتای چوونە ناوگۆڕ پێویستمان بە ئیمانێك هەیە کە بمانگەڕێنێتەوە لەم سزایە بمانپارێزێت.

مەبەست لە نەفسی لۆمەکەر ئەوەیە کە لۆمەی خاوەنەکەی دەکات لە کاتێك کە کەمتەرخەمی دەکات لە بەجێهێنانی کاری چاکە یان ئەنجامدانی خراپەیەك، لەم رێگەیەوە کە رێگەیەکی سروشتی پاکە خاوەن عەقڵێکی بەرزە، دەتوانێت شتەکان هەڵبسەنگێنێت و راستیەکان بدۆزێتەوە خۆی لە خراپەکان بپارێزێت.

جۆری دووەم: لە نەفسی باش و قبوڵکراو، نەفسی ئارامە، ئەمەش تەنها بە یادی خوا بەدەست دێت، ئەم یادی خوایەش تەنها ئەوەیە نیە بە زمان باسی بکەیت، بەڵکو دەبێت دڵت پەیوەست بکەیت بە خواوەو بۆ چاوتروکانێکیش لێی بێئاگا نەبیت، واتە ئەگەر زمانیشت یادی خوا نەکات گرنگ ئەوەیە دڵت زیندوو بەئاگا بێت و خوای لەبیرنەچێتەوە، کاتێکیش پلە و کورسی و ئارەزوو هاتە پێشەوە ئەم نزیکیە لە یادی خوا ببێتە بەڵگە بۆ رزگاربوون و لە ترسی خوا دووربکەویتەوە لە تاوان و لە لەناوچوون، بۆ ئەم مەبەستەش گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) بکەینە پێشەنگ لەکاتێکدا کە هەموو شتەکان ئامادەبوون بۆی لە ئارەزووەکانی دنیا و پلە و دەسەلات، بەڵام ئەو فەرمووی: ﴿مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾.

جا ئەگەر نەفسی مرۆڤ لەم حاڵەتی ئارامیەدا بمێنێتەوە، دەگۆڕدرێت بۆ نەفسێکی رازی بەرامبەر بە خوا، ئەمەش گەورەترین پلەیە کە باوەڕدار دەیگاتێ و پێی دەوترێت پلەی رەزامەندی و دڵخۆشی و سوپاس گوزاری لەسەر بەڵاکان، چونکە مرۆڤ لە نێوان سێ پلەدایە، یەکەم: سوپاسکردن لەسەر نیعمەتەکان، دووەم: ئارام گرتن لەسەر ناخۆشیەکان، سێیەم: سوپاسکردن لەسەر رووداو و بەلا ناخۆشەکان، کە تیایدا بیر لە پاداشتەکەی دەکاتەوە نەك ناخۆشیەکانی، هەروەك لە (عورووەی کوڕی زوبێر) دا روویدا، قاچێکی بەهۆی نەخۆشیەوە بڕدرایەوە، لەسەر ئەمە کڕنوشی بۆ خوا برد و سوپاسیکرد، پزیشکەکەی پێیووت: "ئەمە شوێنی سوپاسکردن نیە بەڵکو ئەمە شوێنی ئارامگرتنە" بەلام عورووە وتی "ئەمە شوێنی سوپاسکردنە چونکە خوای گەورە (٦٠) ساڵ ئەم قاچەی بە مندا، بەلام ئەمڕۆ لێم وەردەگرێتەوەو تەنها قاچێکم بۆ دەهێڵێتەوە. ئایا لەسەر ئەمە سوپاسی نەکەم؟" لە کاتێك نەفسی ئارام دەگەڕێتەوە بۆلای خوا لەگەڵ دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە رازی دەبێت بەوەی کە خوا پێیداوەو لە بەرامبەردا خواش لەو رازی دەبێت، بەم هۆیەشەوە خاوەنەکەی دەچێتە پلە بالاکانی بەهەشت و لەگەڵ پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندا دەبێت، ئەوانەش باشترین هاوەڵن کە لەگەڵیاندا بیت.

بۆ ئەوەی بکەوینەسەر رێگەیەکی راست کە بمانگەیەنێت بە خوای گەورە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە خاوەنی نەفسێکی لۆمەکەر بین، سەرزەنشتمان بکات لەسەر کەمتەرخەمی لە کاری خێردا، لەسەر ئەنجامدانی تاوان و رۆچوون لە ئارەزووبازی و کردنی کاری خراپەدا، چونکە ئەگەر باوەڕدار خاوەنی ئەم نەفسە نەبێت ئەوا نابێتە خاوەنی باوەڕێکی کاریگەر، حەسەنی بەسری دەڵێت "باوەڕدار بە بەردەوامی لۆمەی نەفسی خۆی دەکات،بەلام بێباوەڕ و دووڕوو بەردەوام نەفسیان فەرامۆش دەکەن".

ئەگەر مرۆڤ نەفسی لۆمەکەر لەدەست بدات ئەوا نەفسی فەرمان بە خراپە جێگەی دەگرێتەوە، کە ئەمەش جۆری دووەمە و لای خوا وەرگیراو نیە.

# گەشتێکی هاوخەمی بۆ نیوزلەندا

## گەشتەکەمان بۆ دوورترین وڵاتی ڕۆژهەڵات بۆ نیوزلەندا
## لە پێناو سەرخۆشیکردن لە برا موسڵمانەکانمان

ئەو هەفتەیەی ڕۆیشتین بۆ سەردانی براو خوشکانمان لە شاری کرایستت شیرتش لە نیوزلەندا، بەهۆی هێرشی تیرۆریستێکەوە بووە بۆ سەر موسڵمانان لە نوێژی هەینی لە یەکی ڕەجەبی ١٤٤٠ ك كە دەكاتە ١٥-٣-٢٠١٩ کە تیایدا پەنجا کەس شەهیدبوون و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بریندار بوو کە برینی هەندێکیان سەخت بوو.

بەمەبەستی سەرخۆشیکردن و دڵدانەوەی کەمینە موسڵمانەکەی نیوزلەندا وەفدێکمان بە سەرۆکایەتی من دروستکرد، کە پێکهاتبوو لە بەڕێوەبەری لقی قەتەری یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان دکتۆر سالم یافیعی و ئەندازیار وەلید حەیدەری بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی یەکێتی زانایان. گەشتەکەمان بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ١٣ی ڕەجەبی ١٤٤٠ ك - بەرامبەر بە ١٥-٣-٢٠١٩ بوو، کاتژمێر (٨)ی بەیانی گەیشتینە شاری سیدنی پایتەختی ئوسترالیا، کاتژمێر (٦:٤٥) بە کاتی ئەوان لە فڕۆکەخانە گەیشتین بە سەعد عبداللە محمود سەفیری قەتەر کە ئەویش لە دەوحەی پایتەختەوە هاتبوو، ئەویشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ نیوزلەندا لە کاتژمێر(٨:٤٥)ی بەیانی سوار فڕۆکە بووین، پیرەمێردێك لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو کە دەگریا، پاشان لە کاتژمێر (٣:٥٥) گەیشتینە شاری کرایس شیرتش لە نیوزلەندا، کە لەلایەن وەفدێك لە زانایان پێشوازیەکی گەرممان لێکرا، پاشان گەیشتینە ئوتێلی (سودیمە)، لەدوای پشوویەکی کورت چووین بۆ شوێنی شۆردنی شەهیدەکان، هەندێك لە جەستەی شەهیدەکانمان بینی دەم و چاوێکی ڕووناکیان هەبوو و بەزەردەخەنەوە بوون، هیچ گۆڕانێك لە جەستەیاندا ڕووینەدابوو، هیچ بۆنێکی ناخۆشیان نەبوو، بەڵکو هەستمان دەکرد بۆنێکی وەك میسکیان لێدێت، بەتایبەتی ئەو

کەسەی کە بەرگری کردبوو ویستبووی رێگە بگرێت لە تیرۆریستەکە بچێتەناو مزگەوتەکەوە، بەڵام ئەو تاوانبارە چەند فیشەکێکی پێوەنابوو، سەرەڕای (٧) رۆژ بەسەر شەهیدکرنیاندا، ئەو رۆژە بینیمان هەر خوێنی لێدەتکا، ئێمە قسەمان لەگەڵ ئەو کەسەدا کرد کە تەرمەکانی دەشۆرد وتی: لە تەمەنمدا شتی بەو جۆرەم نەدیوە، چونکە پاش (٧) رۆژ جەستەیان سارد نەبوبۆوە، جومگەکانیان نەرم بوون، وەك ئەوە وابوو پێش کاتێکی زۆر کەم مردبن.

دوای ئەوە سەردانی کۆمەڵێك لەو خوشکانەمان کرد کە لەدەوری یەکێك لە شەهیدەکان کۆبووبوونەوە، منیش لەوێدا وانەیەکم لەسەر ئارامگرتن و سوپاسگوزاریی و گۆڕینی ئارام بۆ سوپاس بۆ باس کردن، باسی پاداشتی شەهیدەکانم کرد، لەگەڵ جێکەوتەی ئەوان لە داهاتووی بانگەواز لەو وڵاتەدا، پاشان رۆیشتین بۆ ئەنجامدانی نوێژی خەوتنان کە لە هۆلێکی گەورەدا بوو، ژمارەیەکی زۆر لە دۆست و کەسوکاری شەهیدەکان ئامادەبوون، لەوێدا وانەیەکی باشم لەسەر پاداشتی شەهید و جۆری شەهیدەکان لە ژیاننامەی پێغەمبەردا (ﷺ) بۆ باسکردن، پاداشتی ئارامگرتن و چۆنیەتی گۆڕینی ئارامگرتن بۆ سوپاسگوزاریی لە رێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی ژمارەیەك لە هاوەڵان و تابعین وەك عورووەی کوڕی زوبێر.

لە رۆژی هەینیدا بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی چووین بۆ ئەو باخچەیەی کە لەبەرامبەر مزگەوتی نووردا بوو کە تیایدا زۆرترین شەهید واتە جەستەی (٤٤) شەهید و (٣٥) بریندای لێکەوتبووەوە، لە مزگەوتەکەی تریش (لینود) (٧) موسڵمانی تر شەهید بوو بوون، ژمارەیەکی زۆری بریندار کردبوو، لە نوێژی هەینیدا شوێنێکی تایبەت لە ریزی سەرۆك وەزیران و گەورە بەرپرسان و سەفیرەکان بۆ ئێمە دانرابوو، ئێمە هەتا کۆتایی وتارەکە ماینەوە، وتارەکەش لەلایەن ئیمام (جەمال فۆدە) بوو کە وتارێکی زۆر جوان بوو، بەوردی رێکخرابوو، کە پەیامی زۆر گرنگی بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا تێدابوو.

لەدوای تەواوبوونی وتارەکە ئێمە چووین بۆ ریزی یەکەم کە شوێنی تایبەتمان بۆ دیاری کرابوو، دوای کۆتایی هاتنی نوێژ سڵاومان لە ئیمام (جەمال فۆدە) کرد، جمال بەهۆی ئەو رووداوەوە زۆر تێکچوو بوو، لەگەڵ ئیبراهیم موحەممەد موفتی ئوستراليا دەستیمان گرتوو بردمان بۆ لای سەرۆك وەزیران کە چاوەڕوانی دەکرد.

لە راستیدا ئەو رۆژە لە مێژووی ئیسلام و موسڵماناندا رۆژێکی مێژوویی بوو، ئەو رۆژە دەیان هەزار کەس لە نیوزلەندیەکان بە شێوەی گشتی و تایبەت لە شاری ئۆکلاند لەگەڵ هەزاران شاندی تر لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە هاتبوون، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو زۆربەی ئەو ژنە نیوزلەندیانەی کە هاتبوون بە سەرۆك وەزیرانی وڵاتەکەشیانەوە سەریان داپۆشی بوو، جل و بەرگی داپۆشراویان لەبەردابوو، رێگەش درا بە بڵندگۆی مزگەوتەکان کە بانگەکانیان بە ئاشکرا بدەن، ئەمەش لە زۆربەی کەناڵەکانی بیستراو و بینراوی نیوزلەندا بڵاوکرایەوە، دورشمی ئەو رۆژەش لە کاتی بەیەك گەیشتندا (السلام علیکم) بوو.

> **سەرۆك وەزیران وتی: ئەم شەهیدانە تەنها شەهیدی ئیسلام نین، بەڵکو شەهیدانی نیوزلەندان، هەروەها باسی فەرموودەیەکی پێغەمبەری (ﷺ) کرد کە دەفەرمووێت: "نموونەی باوەڕداران لە سۆز و بەزەییان بۆ یەکتر وەك جەستەیەك وان، ئەگەر ئەندامێکیان هەست بە ئازار بکات ئەوا هەموو جەستەکە هەستی پێدەکات" ئەمڕۆ ئێمەش لەگەڵ هاوڵاتیە موسڵمانەکانماندا وەك جەستەیەك واین**

سەرۆك وەزیران وتەیەكی كورتی پێشكەش كرد كە لە دوو رستەی سەرەكی پێكهاتبوو، رستەی یەكەم: ئەم شەهیدانە تەنها شەهیدی ئیسلام نین، بەڵكو شەهیدانی نیوزلەندان، رستەی دووەم: باسی فەرموودەیەكی پێغەمبەری (ﷺ) كرد كە دەفەرموویێت: "نمونەی باوەڕداران لە سۆز و بەزەییان بۆ یەكتر وەك جەستەیەك وان، ئەگەر ئەندامێكیان هەست بە ئازار بكات ئەوا هەموو جەستەكە هەستی پێدەكات" ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڵاتیە موسڵمانەكانماندا وەك جەستەیەك واین.

لەدوای نوێژ شتی زۆر سەرسوڕهێنەرمان لە گەلی نیوزلەندی بینی، لە سۆزێكی مرۆڤایەتی بێسنور، چەندان كەسمان دەبینی بەگریانەوە داوای لێبوردنیان دەكرد و باوەشیان پێدا دەكردین، كۆمەڵێك خۆبەخشی زۆریان هەبوو كە ئەو رۆژە كاریان دەكرد و خزمەتی ئامادەبووانیان دەكرد، چەندان نامەو چەپكە گوڵ و هەستی خرۆشاومان بینی، چەندان خێزانمان دەبینی ئۆتومبێلەكانیان كردبووە قاوەخانەو چایخانە بۆ دابەشكردنی ئاو و چاو خواردنی سوك، پیاوێكی بەرێزمان بینی كە لەگەڵ منداڵەكانیدا هاتبوو دروشمێكی بەرزكردبۆوە كە لە سەری نوسرا بوو (ئێمە یەك ئوممەتین) لەگەڵ وێنەی دڵێكدا، پیاوەكە وتی ئەوە خێزانەكەم دروستیكردووە، هەزارانمان لێ چاپ كردووەو بڵاومان كردۆتەوە.

یەكێكی تر لە دیمەنە سەرسوڕهێنەرەكان ئەوەبوو گەنجێك بەرەوڕوومان هات كە ئامێرێكی مۆسیقی پێ بوو، مۆسیقاكەی فرێداو باوەشی پیاكردم، لەسەر شانم زۆر گریا، وتی (ئێمە تاوانبار نین) ئێمە زۆر داوای لێبوردن دەكەین، هەرچەند لەناو خەڵكەكەدا بڕۆشتینایە پیشوازیان لێدەكردین و داوای لێبوردنیان دەكرد و هەندێكیان دەیانوت (السلام علیكم)، هەر بەم بۆنەیەوە بەشێكی زۆر لە رۆژنامەكانی نیوزلەندا بە مانشێتی گەورە نوسیبویان (سڵاوی ئیسلام ئاشتیە).

بەراستی ئەو رۆژە لە مێژووی ئیسلام و موسڵماناندا رۆژێكی بەناوبانگە،

هیوامان وایە ئەم کارەساتە بگۆڕدرێت بۆ بەخشش و ڕووناکی خوایی، ئەویش بۆ جێبەجێبوونی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموویێت: ﴿لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم﴾ النور(١١)، هەروەها ئایەتی ﴿وَعَسَى أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا﴾ البقرة(٢١٦).

لەدوای کۆتایی هاتنی نوێژی هەینی بەرەو گۆڕستانی شارەکە کەوتینەڕێ کە بەشێکی دیاریکراوە بۆ موسڵمانان، نوێژی مردوومان لەسەر (٣٥) تەرم کرد، کە هەزاران موسڵمان و ناموسڵمان ئامادە بوون، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ترسناک بوو، لەوێدا هەموویان بەخاك سپێردران.

دوای کۆتایی هاتنی ئەو مەراسیمە بەرەو هۆڵی گشتی کۆبوونەوەکان بەڕێکەوتین، لەوێدا چاومان کەوت بە زانای ئوسترالی بەڕێز موفتی و دکتۆر ئیبراهیم و دکتۆر شادی سەرۆکی ئەنجومەنی وتار خوێنەکان و چەندان کەسی تر، لەگەڵیاندا باسمان لە یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان و چۆنیەتی چالاککردنی کرد، پاشان هەڵبژاردنی ئەندامێکیان بۆ ئەنجومەنی ئەمیندارێتی، لەسەر ئەوەش ڕێککەوتین کە ئەو کەسە بەڕێزە دکتۆر ئیبراهیم بێت، چونکە (ئەنجومەنی وتارخوێنان بۆ فەتوا و توێژینەوە)ی دروست کردووە، پانزە کەسیان بە ئەندام وەرگیران، بڕیاریشدرا کە بەڕێز موفتی بکرێتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە، بەمەش هەموو موفتیەکان خرانە ناو ئەنجومەنەکە، پاشان ڕێککەوتین کە کۆنگرەی ڕاهێنەران بەچاودێری یەکێتی جیهانی زانایان ببەستین بۆ ئامادەکردنی زانایان و موفتیەکان.

دواتر لەوێ گەڕاینەوە بۆ ئەو ئوتێلەی کە تیایدا نیشتەجێ بووین، لەوێ شاندێکی قەتەری بە سەرۆکایەتی بەڕێز (ئەحمەدی کوری عبدالله ی کوڕی زید ئال محمود) نوێنەری شێخ تەمیم ئەمیری دەوڵەتی قەتەر سەردانی کردین.

ڕۆژی شەممە (١٧-٣-٢٠١٩) چووین بۆ کردنەوەی دوو مزگەوت، لە کاتژمێر (١١) دا بە ئامادەبوونی (ئیمام جەمال فۆدە) مزگەوتی نوورمان کردەوە، لە سەرەتادا دکتۆر مستەفا فاروق سەرۆکی یەکێتی مزگەوتەکانی نیوزلەندا وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد، پاشان وتەی

دووەم لەلایـەن مامۆسـتا ئەحـمـەد پێشـکەش کـرا، کـە لـە رێگـەیـەوە پرسـەنامەی ئەمیری قەتـەر بۆ جالیـەی موسڵمان و حکومەتـی نیوزلەنـدا خوێندرایـەوە، پاشـان منیـش وتەیەکـم پێشکەشـکردن کـە ئەمـە دەقەکەیەتـی:

بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕێز: جاسیندا ئاردین، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

بنەماڵەی شەهیدان و برینداارانی بەڕێز

بەڕێزان خوشکان و برایانی ئامادەبوو

سـلاوتان لێبێـت، بـە سـلاوی ئارامـی و ئاسـایش، کـە ئەمـە سـلاوی ئیسـلامە، سـلاوی خـوای گەورەتـان لێبێـت و سـۆزو رەحـمـەت بڕژێنێـت بەسـەرتاندا، زۆر خـۆم بەخۆشـحال دەزانـم کـە بەنـدە ئەندامـی ئـەو شـاندەم کـە بـۆ سـەرۆك وەزیرانـی بەڕێـز و شـەهیدەکان و برینـداران و گـەلی نیوزلەنـدی بەڕێـز پرسـەو سەرەخۆشـی خۆمـان و یەکێتـی جیهانـی زانایانـی موسـڵمان و هەمـوو ئوممەتـی ئیسـلامی بەهۆی ئەم کارەساتەوە رادەگەیەنیـن، کـە بـووە هـۆی شـەهیدبوونی (٥٠) کـەس و برینداربوونـی دەیانـی تـر لـەم وڵاتـە ئـارام و ئاسایشـەدا.

ئێمـە لـە قەتـەرەوە هاتوویـن هەڵگـری پرسـەنامەی گـەلی قەتـەرو زانایـان و نوێنـەری یەکێتـی جیهانـی زانایانـی موسڵمانین کە زیاتر لە (٩٥) هـەزار زانـا لـە هەمـوو کیشـوەرەکان لەخـۆ دەگرێـت، هاتوویـن بـۆ ئـەوەی پرسـەنامەو سـوپاس پێشـکەش بـە بەڕێـز سـەرۆك وەزیـران و پەرلەمـان بکەیـن بەهـۆی حیکمـەت و گرنگـی پێدانـی زۆر بەجێکەوتەکانـی ئـەم رووداوە، من لـەو بڕوایـەدام ئـەم سـەرۆك وەزیرانـە نەجاشـی نیوزلەندایە، لای ئـەو کـەس سـتەم لـە کـەس نـاکات.

مـن سوپاسـی حکومـەت و گـەلی نیوزلەنـدی دەکـەم لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتە مرۆڤدۆسـتانە و نیشـتیمانیەی کـە بەرامبـەر بـە قوربانیـەکان ئەنجامیانـدا کـە لەسەردەسـتی ئەو تیرۆریسـتە سـیفەت ئاژەڵە ئەنجامدرا، جیهانـی ئیسـلامی ئـەو هەڵوێسـتە بەرپرسـیارانەیەی سـەرۆك وەزیـران

لەگەڵ ئەو مزگەوتەو کەمایەتیە موسڵمانەکان لەیاد ناکات کە لە کاتێکی زۆر دژواردا بوو.

**ئامادەبووانی خۆشەویست:**

هەموو جیهان تووشی شۆك بوو بە رووداوە کە لەم وڵاتە ئارامەدا لە رۆژی هەینیدا لە مانگی رەجەبدا لە کاتێکدا کە خەڵك لە نوێژدا بوون ئەنجامدرا، ئەمە بووە هۆی شکاندنی شکۆی کاتەکەو شوێنەکەو عیبادەت، بەڵام لە هەمانکاتدا چەند وانەیەکی بۆ ئێمە ئاشکرا کرد، لەو وانانەش کە پێویستە سوودیان لێوەربگرین ئەمانەن:

١- تیرۆر و توندڕەویی و رەگەزپەرستی و رق مەترسیە لەسەر هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و شارستانیەت و مەدەنیەت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر هەموو سیاسیەکان و عاقڵمەندان و دانایان و رووبەڕووی ببنەوەو لەڕووی فیکری و عەقیدەیی و پاشان لەڕووی ئەمنیەوە دژایەتی بکەن.

٢- لە کۆمەڵگە نائیسلامیەکاندا بیرۆکەی رق و ئیسلامۆفۆبیا لەگەڵ رەگەزپەرستی و نازیەت و فاشیەت سەریهەڵداوە ئەم رەوتە دەستی بە گەشەکردن کردووە، ئێستا ئەمانە کۆمەڵێك پارتی سیاسی رابەرایەتیان دەکەن ئەگەر بەم شێوەیەش بڕوات ئەگەری ئەوەی هەیە دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەندێك لایەن و میدیاو تۆڕی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەمە خەڵك هاندەدەن. من لەو بڕوایەدام کە ئەم تاوانە ترسناکە و تاوانەکانی تر لە جێکەوتەی ئەو هاندانانەن، لەبەرئەوە هەمووان بەرپرسیارن.

٣- لە کاتێك داعش و قاعیدە دروستبوون جیهانی ئیسلامی بە هەموو زانایان و سیاسی و رووناکبیرەکانی لەڕووی فیکریەوە بەرەوڕووی وەستانەوە هەتا لەم رووەوە، پاشان لەڕووی سەربازیشەوە شکستی خوارد. ئێمە داوا لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکەین بەشێوەیەکی بەهێز رووبەڕووی ئەم رووداوە ببنەوە، ئەویش لە رێگەی سەرکۆنەکردنی فیکری ئاینی توندڕەوی و فیکری رەگەزپەرستی نەتەوەیی لە هەر ئاین و نەتەوەیەکەوە بێت.

٤- ئـەم هەڵمەتـە سـتەمکارانە بـۆ سـەر ئیسـلام لەژێـر نـاوی ئیسـلاموفۆبیا هیـچ پاسـاوێکی عەقڵـی و یاسـایی و مێژوویـی نیـە، بەڵکـو هۆکارەکـەی رەگەزپەرسـتیە کـە چاوەکانـی کوێـر کـردووە و دڵەکانـی رەشـکردووە کـە راسـتی نابینـن، نەفامـن بەرامبـەر راسـتیەکانی ئیسـلام، ئـەوە قورئانـی موسـڵمانەکانەو بـە (بسـم اللـه الرحمـن الرحیـم) دەسـت پێـدەکات (اللـه) ش خـوای هەمووانـە، دوایەمیـن وشـە لـە قورئانـدا (خەڵك)ە خـوای گـەورە پەیامـی موحەممـەد پێغەمبـەری (ﷺ) سـنووردار کـردوە لـە نێـوان سـۆز بـۆ هەمـوو جیهانیـان ﴿وما ارسلناك الا رحمة للعالمين﴾.

٥- وشـەی (سـۆز و بەزەیـی)و هاوشـێوەو داتاشـراوەکانی لـە قورئانـدا نزیکـەی (١٠٠٠) جـار هاتـووە، موسـڵمانەکان نوێژەکانیـان بـە (بسـم اللـە الرحمـن الرحیـم) و بـە (سـلاوی ئاشـتی) کۆتایـی پێدێنـن، بەڵێـن دەدەن ئاشـتیخوازبن لەگـەڵ ئەوانـەی لای راسـتن و ئەوانەشـی لای چەپـن، پاشان ئیسـلام (١٠) بنەمای مرۆیـی بـۆ پێکەوەژیانـی ئاشـتیانە لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا دانـاوە لەوانـەش:

١- هەمووان یەك بنەماو بنچینەمان هەیە کە ئادەم و حەوایە.

٢- هەمـوو مرۆڤایەتـی خـزم و دۆسـتی یەکتـرن، هەریەکەیـان لەسـەر بەرامبەرەکانیـان مافیـان هەیـە، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء (١).

٣- هەمـوو ئاینـە ئاسـمانیەکان لەیـەك سـەرچاوەوە هاتـوون، خـوای گـەورە بەرامبـەر بـە خـاوەن کتێبـە ئاسـمانیەکان لـە جولەکـەو مەسـیحی، زۆر داوای گرنگیپێـدان و چاودێـری و چاکەکـردن لەگەڵیانـدا دەکات.

٤- خـوای گـەورە بـۆ رووندەکاتـەوە کـە گـەردوون و زەوی بـۆ هەمـوو گیانلەبـەران دروسـت کـردووە بـە ئاژەڵەکانیشـەوە، هەموومـان لـە زەویـدا بەشـدارین، زەوی تەنها موڵکـی موسـڵمان یـان مەسـیحی یـان سـپی یـان رەش نیـە بەڵکـو موڵکـی هەمووانـە، زەوی گەورەیـەو جێگـەی هەمـووان دەبێتـەوە.

٥- ئەسڵ لە ئیسلامدا ئاشتی و چارەسەری کێشەکانە بە گفتوگۆو و بە لەیەکتر تێگەیشتن بە باشترین شێوە، ئایەتەکانی جەنگیش هەمموو بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیە، خوای گەورە دەفەموێت: ﴿لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ * إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَىٰ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ سورة الممتحنة (٨-٩)، ئەمەش مافێکی رێگە پێدراوە لە هەمموو ئاینەکان و یاساکاندا، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئەوانەی رقیان لە ئیسلامە ئەمە نازانن و نەگەیشتوونە ئەو راستیە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە هەندێك لەوانەی رقیان لە ئیسلامە لە کاتێك کە دێن دیراسەی ئیسلام بکەن بۆ هێرش کردن بەڵام دوایی موسڵمان دەبن، بۆ نمونە ئەو کەسەی ویستی فلیمێکی خراپ لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەربکات، هەروەها جێگیری سەرۆکی وڵاتێکی توندڕەو موسڵمان بوون.

٦- قورئان فەرمان دەکات کە موسڵمانان وەك پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای لێبێت) وابن، لە کاتێکدا کە لە میسر زیندانی کرابوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی پلانەکەیەوە رزگاریکردن لەو بروایەدام ئەم کارەساتە هەمموو مرۆڤە شەریفەکانی کۆکردەوە بۆ ئەوەی لەکۆتایدا پشتیوانی لە ستەملێکراوان بکەن، لەم وڵاتە ئازیزەدا، ئەم رۆژە سمبولێکە بۆ هەمموو مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی واز لە رق و رەگەزپەرستی بهێنن و کۆتایی بە ئیسلاموفۆبیا بهێنن، بۆ ئەوەی هەمموومان لەسەر ئەم زەوییە بەئاشتی وبرایەتی بەیەکەوە بژین.

لە کۆتایدا سوپاسی خۆم بۆ سەرۆك وەزیران و ئامادەبووان دووبارە دەکەمەوەو پرسەو سەرەخۆشی خۆم دەگەیەنمە هەمموو لایەك و کەمایەتیە موسڵمانەکان، داوا لەخوای گەورە دەکەم کە ئارامی و ئاسایش باڵبکێشێت بەسەر ئەم وڵاتە خۆشەویستەو هەمموو وڵاتانی جیهان... امین.

پاشان چوینە ناو مزگەوتەکە، ئیمام جەمال چووە سەر مینبەرو

وتی من لە نێوانیاندا خۆم شاردبووەوە دەمبینی چۆن موسڵمانەکان یەك بەدوای یەکدا دەکوژرێن ئەو دەیویست هەموان بکوژێت.

لەدوای ئەوە چاومان کەوت بە هاوڵاتیە نیوزلەندیەکان کە تیایاندابوو پاسەوانی لە مزگەوتەکە دەکرد، یان ئاوی دەگێرا و چاو قاوەیان دابەشدەکرد، سەندویچیان پێشکەش بەئامادەبووان دەکرد، بەراستی هاوکاری و چالاکیەکانیان نمونەیی و کەم وێنە بوون، ئێمەش بە ناوی زانایانی موسڵمان و ئوممەتی ئیسلامیەوە سوپاسمان کردن.

پاشان بەهاوڕێیەتی ئیمام شێخ عەبدول لەتیف چووین بۆ مزگەوتەکەی تر، لەوێدا چاومان کەوت بە پاڵەوانە ئەفغانیەکە کە بە پشتیوانی خوای گەورە بوبووە هۆی ڕزگار کردنی زۆر کەس لە موسڵمانان لەو کارەساتەدا، ئیمامەکە وتی (من لە ڕکاتی دووەمدا بووم) بینیم کەسێك تەقەی لە موسڵمانێك کرد کە بەرەو مزگەوت دەهات و کوشتی، پاشان لە پەنجەرەکەوە کەسێکی تری کوشت، بە نوێژخوێنانم وت هەمووتان خۆتان بدەن بەزەویدا، هەندێك بەگوێیان کردم و هەندێك بەردەوام بوون لە نوێژکردن، تیرۆریستەکە دەستیکرد بەڕشاندنی گوللە بەناو مزگەوتەکە، بەڵام ڕووبەڕوو بونەوەی برا ئەفغانیەکەمان (عبدالعزیز) ڕێگەی لەو کوشتارە گرت.

ئێمەش چووینە لای ئەفغانیەکەو پرسیارمان لێکرد چۆن ئەمەت کرد؟ ئەویش وتی من وام دانا کە کوژراوم باشە بۆچی نەبمە هۆی ڕزگارکردنی چەند کەسێك؟ سەیری دەوروبەری خۆم کرد تەنها سندوقێکی خێرخوازی لێبوو هەڵمگرت و کێشام بەدەم و چاوی تیرۆریستەکەدا ئازاری پێگەیشت و چەکەکەی لەدەست کەوتەخوار و ڕای کرد بۆ ئوتومبێلەکەی چەکێکی تر بهێنێت، ویستی بگەڕێتەوە وەك مزگەوتی نوور هەموویان بکوژێت، چەکەکەم هەڵگرتەوە، بەڵام هیچ فیشەکی تیا نەمابوو، کەوتمە شوێنی چووە ناو ئوتومبێلەکەی، منیش جامی ئوتومبێلەکەم شکاند، لەپاڵیدا ٣ چەکی تر هەبوو بەڵام سبحان اللە ترس دایگرت و بە ئوتومبێلەکەوە ڕایکرد ئەو دەیتوانی

بمکوژێت ئەو لەناو ئوتومبیلەکەیدا بوو، لەوە ترسابوو کە چەکەکەی کەوتە دەست من، وای دەزانی فیشەکی تیا ماوەو لە ترساندا هەڵهات و رایکرد. بەڕاستی ئەمە کارێکی پاڵەوانانە بوو خوای گەورە پاداشتی بداتەوە، چونکە ئەگەر ئەم پیاوە نەبوایە لەوانەبوو ژمارەیەکی زۆرتر لە مزگەوتی نوور بکوژرانایە، چونکە هەموویان لە نوێژدا بوون، مزگەوتەکەی تر لەسەرەتای وتارەکەدا چووبووە سەریان.

دوای ئەوە چووین سەردانی نەخۆشخانەمان کرد بۆ سەردانی بریندارەکان، هەریەکەیان چەپکە گوڵێکمان بۆبردن هەروەها گوڵمان دایە بەڕێوەبەرو گروپە پزیشکیەکان کە سەرپەرشتیان دەکردن، بینیمان زۆر دڵخۆشبوون پێمان، بەلاّم بۆ بریندارەکان زۆربەداخن. لەسەردانەکەماندا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە لەگەڵماندا بوو، هەندێکیان لە چاودێری ورد بوون ئەو سەردانە (٣) کاتژمێری خایاندا، پاشان گەڕاینەوە بۆ ئوتێلەکە.

لە کاتژمێر(٤)ی ئێوارە پێشوازیمان کرد لە چەند شاندێك کە لە ئەمەریکا و ئەوروپاوە هاتبوون، گفتوگۆمان کرد دەربارەی حالی موسڵمانان بەتایبەت لەم شارە کە ڕێژەیان کەمە، چەند پرۆژەیەك پێشنیارکرا پاشان داوامان کرد کە پشت ببەسترێت بە پارێزەران بۆ ئەوەی یاسایەك دەربچێت کە ڕێگری بکات لە ڕەگەزپەرستی و رقی ئاینی و ئیسلامۆفۆبیا، هەروەها گفتوگۆمان کرد کە چۆن سود لەم ڕووداوە لەسەر ئاستێکی جیهانی بۆ بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان وەربگیرێت، پاشان باسمان کرد لەوەی چۆن یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان لەسەر ئاستێکی جیهانی ڕۆڵی چالاك بگێڕێت.

دواتر لە کاتژمێر ٩:٣٠ کۆبوونەوەکە تەواو بوو، لە رۆژی یەك شەممەدا سەردانی چەند خێزانێکی قوربانیەکانمان کرد لەوانەش گەنجێکی فەلەستینی بوو زۆر شارەزا بوو لە کۆمپیوتەرو گۆلچی هەڵبژاردەی نیشتیمانی نیوزلەندا بوو، دوای ئەوە چووینە سەر شاخێك لە قەراغی شارەکە کە دەیڕوانی بەسەر زەریای ئەتڵەسی دا، حەیوانە کێویەکی زۆری تیابوو هەرکەس دەیتوانی بیان گرێت، بەلاّم بەبێ بەکارهێنانی

چەك ئەوەش ئاسان نەبوو.

ڕۆژی دووشەممە سواری فرۆکە بووین بەرەو شاری میلبۆرن لە ئوسترالیا بە (٤) کاتژمێر گەیشتین پاشان سواری فرۆکە بووین و گەراینەوە بۆ قەتەر.

## هەڵویست و بۆچوونم

گەلی نیوزلەندی گەلێکی باش و چاك و دڵناسکن، هەر لە سەرۆك وەزیرانەکەیەوە بیگرە هەتا هەموو گەل، کەمینە موسڵمانەکەشی زۆر باش و چاکن و هیچ گرفتێکیان نەبووە، وڵاتێکی زۆر جوان و سەرنجراکێشە گەلەکەی هێمنن، وڵاتەکە بە دەریا و زەریا و رووبار و چیا دەورەدراوە کە لەزستاندا بە بەفر داپۆشراوە، نیوزلەندا رووبەرەکەی (٢٦٩٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە گەشتیارێکی هۆڵەندی دۆزیویەتیەوە، لە ساڵی ١٩٤٠ز بەریتانیا داگیری کردووە، بەڵام دانیشتوانە رەسەنەکەی مۆریەکان شەریان لەگەڵ نەکردوون و رێککەوتوون بەوەی کە لەسەر ماڵ و موڵکیان بمێننەوە، بەڵام بە غەیری ئەوە بەریتانیا داگیری کردووە، لە ساڵی ١٩٤٧ز سەربەخۆییان وەرگرتوە، لەکاتێکدا کە ملکەچی تاجی بەریتانی بووە لە رووی دەستوریەوە، دوو دوورگەی گەورەی هەیە ئەوانیش ئۆکلاند و باشور کە شاری (کرایست تشیرتش)ی تێدایە کە ئەم رووداوە تێیدا روویدا.

ئیسلام لە رێگەی ئەو ئەفغانیانەوە گەیشتۆتە ئەم وڵاتە کە ئینگلیز لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی بۆ دروست کردنی هێڵی ئاسن، ئەمانە لەساڵی ١٩٠٨ز یەکەم دامەزراوەی ئیسلامیان لە ئۆکلاند دامەزراند، ئەمەش یەکەم دەستەی ئیسلامی نیوزلەندی بوو، یەکەم مزگەوت لەساڵی ١٩٥٠ لە ئۆکلاند دروستکراوە.

بە گشتی گەلێکی باشن و وڵاتەکەیان ئارامە، سەرۆك وەزیرانەکەیان لەگەڵ گەلەکەیدایە، هانیان دەدات کە تەقالیدی دانیشتوانە رەسەنەکە زیندووبکەنەوە، هەڵوێستیشی لەم کارەساتەدا زۆر جوان و مرۆڤ دۆستانەبوو.

# وتاری بەڕێز دکتۆر عەلی قەرەداغی
# لە فیستیڤاڵی ٣١ ساڵەی رابیتەی ئیسلامی کورد

**بەڕێزان..**

زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە ئێستادا و لە خزمەت ئێوەی بەڕێزدا یادی (٣١) ساڵەی دامەزراندنی رابیتەی ئیسلامی کورد دەکەینەوە، زۆر سوپاسی هەموولایەك دەکەم بۆ ئامادەبوونتان لەم فیستیڤاڵەدا، خوای گەورە پاداشتی هەموولایەك بداتەوە.

**بەڕێزان..**

زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ تەعبیرکردن لە رووداوەکان، هەندێك رووداو کە پێش چەند ساڵێك و لە مێژوودا روویانداوە لەوانەیە ئێستا ئەو گرنگیەی نەمابێت، ئەوانەی کە تەمەنێکیان بەسەر بردووە رووداوەکان و یادەوەریەکانیان لەبیرە، ئەوان دەبینن کە ساڵی (١٩٨٨ز) رۆژی ١٣ی حوزەیران کوردستان چۆن بوو، شارەکانی هەرێمی کوردستان چۆن بوون، رژێم لە(١٦/٣/ ١٩٨٨ز)کارەسات و کیمیابارانی هەڵەبجەی خوڵقاند، ئەمەش بووە هۆی شەهیدبوونی پێنج هەزار کەس و بریندابوونی زیاتر لە ١٠ هەزار کەسی تر لە ژن و منداڵ و کەسانی بێتاوان، هەروەها چەندان ناوچەی تری لە گەرمیان و شارباژێڕ و ناوچەکانی تر کیمیاباران کرد، لە دوای ئەم کارەساتە دڵتەزێنە لە (١٤/٤/١٩٨٨ز) پرۆسەی بەناو ئەنفال لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستی پێکرد و کە نزیکەی (١٨٠) هەزار کەس ئەنفالکران و شار و شارۆچکە و دێهاتەکانیشیان کە نزیکەی(٤٠٠٠) هەزار دەبوو وێرانکران.

لەگەڵ ئەم هەموو ستەم و کارە دڕندانەیەی رژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی (سەدام حوسێن) کەچی لەلایەن سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەمەریکا و روسیا و هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی پشتیوانیان لێ دەکرد، لەو کاتەشدا شۆڕشگێڕانی کورد لە شاخەکانەوە بەرگرییان دەکرد و روبەڕووی ئەم رژێمە بوونەوە لەم کاتە ناهەموارەدا کۆمەڵێك لە رۆشنبیران و دڵسۆزانی گەلەکەمان لە ئەستەنبوڵ لە ١٣/٦/١٩٨٨ کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا کە

ئایا ئێمە لەم بارودۆخە ناهەموارەدا چیمان پێدەکرێت بۆ گەلەکەمان بیکەین و چۆن بە هانایەوە بچین؟. ئەوەبوو پاش گفتوگۆیەکی زۆر بڕیارماندا کە رابیتەی ئیسلامی کورد دروستبکەین بۆ سێ مەبەستی سەرەکی:

١- گەیاندنی ستەملێکراوی و نەهامەتی گەلی کورد بە گەلانی موسڵمان و ستەمکاریی رژێمی بەعسیش بەو گەلانە بناسێنین.

٢- تأصیلی کێشەی کورد بکەین لە روانگەی ئیسلامەوە، چونکە من توێژینەوەیەکم نووسی بوو بەناوی کێشەی کورد لە روانگەی ئیسلامەوە کە لە دوایدا بووە کتێبێك و بڵاومان کردەوە، من لەو کتێبەدا باسم لەوە کردبوو کە هەموو گەلێك دەبێت خاوەنی مافی سیاسی و کەولتوری و کۆمەڵایەتی خۆی بێت و نابێت جیاوازی لە نێوان هیچیاندا بکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ﴾ الحجرات(١١)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ الحجرات(١٣).

٣- کاری خێرخوازی بۆ ئەم گەلە چەوساوەیە و گەیاندنی هاوکاری بە ئاوارەکان و ئەوانەی تووشی کارەسات بوون.

قەدەر وابوو کە هەموو ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە منیان هەڵبژارد بە سەرۆکی رابیتەی ئیسلامی کورد، کە بە پشتیوانی خوا لەگەڵ براکانی تر توانیمان هەنگاوی باش بنێین لەم بوارەدا، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٩ کۆنفرانسێکی گەورەمان لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا گرت، کە هەموو حیزبە کوردیەکان تیایدا بەشداربوون، هەروەها وەکیلی شێخی ئەزهەر و چەند رووناکبیرێکی تری عەرەبی و بزاڤە ئیسلامیەکان تیایدا بەشداربوون، سوپاس بۆ خوای گەورە ئەمە وەك سەرکەوتنێك وابوو بۆ ئێمە کە توانیمان کێشەی کورد لە روانگەی ئیسلامەوە روونبکەینەوە، هەروەها لە رێی ئەم کۆنفرانسەوە توانیمان دەنگی ستەملێکراوی گەلی کورد بگەیەنین بە زۆربەی لایەنەکان بەتایبەتی ئیسلامیەکان. بە مەبەستی گەشەدان بە کارە خێرخوازیەکانی رێکخراوەکەمان هاوکارییەکی زۆرمان کۆکردەوە، لە ساڵی (١٩٩٠ز) لەکاتی کۆڕەوەکەدا گەیاندمانە سنورەکانی تورکیا و ئێران و شوێنانی تر.

لـە سـاڵی (١٩٩٢ز) هاتینـەوە بـۆ كوردسـتان كـە كوردسـتانێكی وێـران بـوو، گوندەكانـی خاپـور كرابـوون و خەڵكەكـەی لـە ئـۆردوگا زۆرەملێكانـدا كۆكرابوونـەوەو دانیشتوانەكەشی زۆر هەژاربـوون، سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە كـە هاتینـەوە كوردسـتان لـە دهـۆك و سـولەیمانی و هەولێـر و چـەندان ناوچـەی تـر كاری زۆر گـەورەمـان كـرد، لـە رووی ئاوەدانكردنـەوەو فریاگوزاریـی و لەخۆگرتنـی منداڵانـی بێبـاوك و ئاوەدانكردنـەوە و دروسـتكردنی مزگـەوت و نەخۆشـخانە و چەندانـی تـر كاری گـەورەمـان ئەنجامـدا، ئەمەشـمان بـە ئەركـی سەرشـانی خۆمـان زانیـوە بەرامبـەر بـە گەلەكەمـان و چاوەڕوانـی سوپاسـیش لـە كـەس نەبووین جگـە لـە خـوای گـەورە.

**بەڕێزان..**

ئـەو بوارانـە كـە رابیتـەی خێرخـوازی كاری تێـدا دەكات لـە پـەروەردەی نـازداران و ئاوەدانكردنـەوە و دروسـتكردنی قوتابخانـەو مزگـەوت و لێدانـی بیـر و هـاوكاری خەڵكانـی هـەژار و نـەدار، هەمـوو ئەمانـە بنەمایەكـن بـۆ بـە مەدەنـی كـردن كۆمەڵـگا و بنیاتنانـی شارسـتانیەت و پێشـكەوتن بـۆ گەلەكەمـان، قورئانـی پیرۆزیـش گرنگـی بـەم بـوارە داوەو دەفەرموویـت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ الحج(٧٧)، مـاوەی (٣١) سـاڵە ئێمـە لـە رابیتـەی ئیسـلامی خێرخـوازی لـە دەرەوەو لـە نـاوەوە كاری خێرخـوازی ئەنجـام دەدەیـن و خزمـەت بـە گەلـی كوردسـتان دەكەیـن، وا دەزانـم ئێسـتاش كاتـی ئـەوە هاتـووە كـە خێرخوازانـی ناوخـۆش رابیتـەی ئیسـلامی وەك دامەزراوەیەكی خێرخـوازی مەدەنـی سـەیربكەن و كارە خێریەكانیـان لـە رێگـەی ئـەم رێكخـراوەوە بگەیەنـن بـە چیـن و توێـژە هـەژارەكان و هاوكاربـن لـە ئاوەدانكردنـەوەی كوردسـتان.

لـە كۆتاییـدا زۆر سوپاسـی ئامادەبوونـی بەڕێزتـان دەكەیـن، داواكارین لە خوای گـەورە كـە كوردسـتان زیاتـر ئـاوەدان بكاتـەوەو ئارامـی و ئاسایش باڵـی بەسـەردا بكێشـێ و روو لـە گەشـەپێدانی زیاتـر بـكات، سوپاسـی حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتانیش دەكەیـن كـە هەتـا ئێسـتا هاوكارمـان بـوون لـە جێبەجێكردنـی كارەكانماندا.

## بۆچوونی دکتۆر عەلی قەرەداغی
## لەسەر کتێبی (الاباضیة)ی دکتۆر عەلی صەللابی

پەیوەندی من بە توێژینەوە لەسەر مەزهەبی فیقهی (الاباضیة) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان، لەو کاتەدا کە سەرقاڵی نوسینی دکتۆراکەم بووم لە شەریعەت و یاسادا بەناوی (مبدأ الرضا في العقود) لەوێدا بۆچوونی ئیبازیەکانم لەگەڵ هەموو مەزهەبە فیقهیە ئیسلامیەکانی تردا وەرگرتبوو، بەبیرم دێت لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پلانی نامەی دکتۆراکەم لەسەر ئاستی بەش، لیژنەیەك لە پسپۆڕان پرسیاریان لێکردم وتیان: هۆی چیە کە تۆ لە نامەکەتدا بۆچوونی ئیبازی وەردەگریت لەکاتێکدا کە ئەوان خەواریج بوون؟

لەو کاتەدا وەڵامەکەم ئەوەبوو کە من چاوم گێڕاوە بە کتێبە فیقهیەکانی وەك (أبي إسحاق إبراهيم أطفيش ونور الدين عبد الله بن حميد السالمي والشيخ أحمد الخليلي) و کەسانی تر، کتێبە ئوصوڵی فقهیەکانیان بەشێوەیەکی روون ئەوە دەخەنەڕوو کە بنەمای تێگەیشتینان لە قورئان و فەرموودە و رای گشتی و پێوانگیری وەرگرتووە، لەم رووەوە هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ ئەهلی سوننەو جەماعە نیە، لە راڤەکردنی قورئان و فەرموودەدا پشت بەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەبەستن، پاشان وتم دامەزرێنەری ئەم مەزهەبە جابری کوری زەیدی ئەزدیە کە یەکێکە لە قوتابییەکانی زانای بەناوبانگ و راڤەکاری قورئان عبداللە ی کوری عەباس (خوا لێی رازی بێت). ئیمامی نەوەوی دەربارەی ئەم پیاوە دەڵێت"پێشەوا (أبو الشعثاء جابر بن زيد الأزدي) تابعیەکی خەڵکی بەسرەیە گوێی گرتووە لە (ابن عباس، وابن عمر، والحكم بن عمرو الغفاري رضی الله عنهم وروى عنه) هەروەها عومەری کوڕی دینار و قەتادەو عومەری کوڕی هەرم فەرموودەیان لێگێڕاوەتەوە و جێگەی متمانە بووە، کەسێکی ناوازە بووە لە ناو تابعین و زاناکانیدا، خاوەنی مەزهەبی تایبەتە بەخۆی، لە ئیبن

عەبباسەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی ئەگەر هەموو خەلکی بەصرە بگری جابری کوری زەید فراوانترین زانیاری لەسەر قورئان هەیە.

من لەو کاتەوە دەگەڕێم بەشوێن زانایەکی پسپۆردا کە لەسەر مەزهەبی ئیبازی بەشێوەیەکی ویژدانی و میانڕەو بنوسێت، لە ئێستادا بینیم کە برای بەرێزو خۆشەویست و زانای مێژوونووس و لێکۆڵەر دکتۆر عەلی صەللابی کتێبێکی نوسیوە دەربارەی (الإباضية...مدرسة إسلامية بعيدة عن الخوارج)، تەنها خوا دەزانێت چەند دڵخۆشبووم بە بینینی ئەم کتێبە، لەبەرئەوە سەرەرای سەرقالی زۆرم دانیشتم بۆ خوێندنەوەی، هەستام بە وردبونەوەیەکی باش بۆ گەیشتن بەو راستیانەی کە لە نامەی دکتۆراکەمدا باسم کردبوون[٧].

دکتۆر صەللابی (خوا بیپارێزێت) هەوڵێکی زۆریداوە بۆ گەیشتن بە راستیەکان یان نزیکبوونەوە لێی، ئەویش بەخوێندنەوەی زیاتر لە (٣٠٠) کتێب و سەرچاوەی باوەڕپێکراو و پەراوێزی زانستی، هەروەها چوونە ناو مەزهەبەکەوە بۆ باس کردن لە بنەماکانی و سەرچاوەکانی و پیاوەکانی، ئەوانەش کەلەدەرەوەی مەزهەبەکەن بۆ ئاشکراکردنی بۆچوونەکانیان کە بەویژدان و میانڕەوی یان بە خراپی و ستەمکاری بۆچوونەکانیانی هێناوە.

گفتوگۆی لەسەر بۆچوونەکان کردووە بەتایبەتی بۆچوونەکان لە رووی عەقیدەییەوە بەشێوەیەکی بابەتی، خۆی پاراستوە لە لایەنگری بۆ هەر بۆچوون و وتەیەك ئەگەر بەڵگەی بەهێزی پێ نەبوویێت، رازی نەبووە بەبۆچوونی هیچ کەسێك هەرچەند خاوەنەکەشی بەناوبانگ بوویێت، تەنها کاتێك نەبێت کە بۆچوونەکانی لەسەر بەڵگەو روونکردنەوە بنیاتنرابێت، موجامەلەی هیچ مەزهەبێکی نەکردووە لەسەر حسابی مەنهەجێکی تر، خۆی بەدوورگرتووە لە مەنهەجی تەکفیرو جوانکاریی و سوکایەتی و لەبۆسەدابوون بۆ هەڵەو نادیدە

٧ (١) تهذيب الأسماء واللغات للنووي (ت ٦٧٦هـ) ط. إدارة الطباعة المنيرية، ونشر دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١- ١٤٢.

گرتنی چاكەكان، لەم رووەوە پەیرەوێكی راستی هەڵبژاردووە بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیە كە دەفەرمووێت: (إذا بلغ الماء القلتين لم يحمل الخبث)[8] ئەمەش ئەوەی لێ تێدەگەین كە زۆری دەریای چاكەكان لەنێویدا هەندێك خراپە نقوم دەبن.

مامۆستا صەللابی سەرەڕای پرۆگرامە زانستیە میانڕەوەكەی پشتی بەستوە بە كۆمەلێك ئاراستەی راست لەوانەش:

عەقیدە كۆمەڵێك نەگۆڕ و گۆڕاو و بنەماو لقی هەیە، هەموو ئەوەی پەیوەندی بە باوەڕەوە هەیە دەقی حاشاهەڵنەگر نین، بەڵكو هەیانە حاشاهەڵنەگرەو هەیانە گوماناوییە، دەرگای ئیجتیهادیش كراوەیە بۆ كەسی خۆی و بە پێوەری تایبەتی، ئەم دەرگایەش داخراو نیە، لەم روانگەیەوە دكتۆر صەللابی توانیویەتی هەموو مەزهەبە ئیسلامیەكان لە چوارچێوەیەكدا وەربگرێت، ئەمەش بە هاوكاری بۆچوونی باش بە هەموو زانا خواناسەكانی ئوممەت و خۆی پاراستوە لە لەكەداركردنی كەرامەتی هەر موسڵمانێك، لەم روانگەیەوە بە جۆرێك سەیری ئەم مەزهەبەی كردوە وەك شتێك لە بازنەی لقەكاندا[9].

ئەوكاتەش دەچێتە بواری ئیجتیهاد و كە یان دەیپێكێت یان نایپێكێت، لەبەرئەوە نابێت حوكم لەسەر زانایانی موجتەهید لە لقەكانی عەقیدەدا بدرێت بە تەكفیر یان فاسق بوون یان بیدعەچی.

زۆربەی ناكۆكیەكان لە نێوان مەزهەب و گروپە ئیسلامیەكاندا دەگەڕێتەوە بۆ تەئویل، ئەمەش بەپێی سوننەتێكی خواییە كە دەكرێت دەربارەی دەقەكان بوترێت.

٨ (٢) رواه أبو داوود (٦٤)، والترمذي (٦٧) والنسائي (٣٢٨)، وابن ماجه (٥١٧) وأحمد (هـ٤٦٠)، والدار قطني (٧٣١)، والبيهقي (١٢٨٨). قال الحافظ بن حجر العسقلاني في الفتح (٤١٤/١) "حديث صحيح"، وأكده الآخرون مثل المحدث العظيم أبادي في عون المعبود (٨١هـ)، وصاحب البدر المنير (٨/١)، ورواه بن جرير الطبري عن بن عباس بسند صحيح (مسند بن عباس ٧٣٦/٢)، ورواه ابن ابى شيبه في المصنف، (٢٤٧ ٣٧

٩ (٣) فقد كتبت بحثاً مفصلاً حول: "فقه الثوابت والمتغيرات وأثره على تقريب المذاهب والجماعات"، وقد نشر في مجلة المجلس الأوربي للإفتاء والبحوث، وفي غيره ثم نشر في كتابي: "إسلام الرحمة"، طبعة دار البشائر الإسلامية، بيروت، ٢٠١٧م

ئەگەر بەشێوەیەكی ورد سەیری ئەو جیاوازییە گەورانە بكەین تەنانەت لەبارەی سیفاتەكانی خوای گەورەوە دەبینین پێوەری تەئویل هەیە، تەنانەت ئەوانەش كە فەرمووددەناسان دەڵێن: (دەست و دەم و چاوی خوای گەورە وەك دەست و دەم و چاوی ئێمە نیە).

ئەمەش هەر لە بواری تەئویلدایە، چونكە (دەم و چاو) ئەوەیە كە بە مرۆڤەوەیەو ناسراوە، دەستیش بەهەمانشێوە، لەبەرئەوە مەزهەبی زانایانی پێشوو ئەوەبووە كە خۆیان داوەتە پاڵ زانیاری خوای گەورە لەم پێكچواندنانەدا.

بەڵێ یەكێك دەتوانێت لەم تەئویلانەدا راسترو باشتر بێت لەوێكیتر، لەبەرئەوە لەم روانگەیەوە زۆربەی ئەوەی كە ئیبازیەكان لە بواری عەقیدەدا دەیڵێن لەم بازنەیە دەرناچێت كە من ناوم ناوە (فیقهی پێوەرو نەگۆڕەكان و فیقهی پێوەری گۆڕاوەكان و فیقهی دەقە حاشاهەڵنەگرەكان و دەقە گومان هەڵگرەكان)[10]

زانای پایەبەرز صەللابی ئەوەی سەلماندوە كە قوتابخانەی ئیبازی لە كۆتاییەكانیدا بەرپەرچی ئەوەیان داوەتەوە كە سەر بە خەواریجەكان بن، دامەزرێنەرەكەشیان جابری كوری زەیدی ئەزدی دژایەتی فیكری خەوارجی كردووە، لەبەرامبەردا

**زانای پایەبەرز صەللابی ئەوەی سەلماندوە كە قوتابخانەی ئیبازی لە كۆتاییەكانیدا بەرپەرچی ئەوەیان داوەتەوە كە سەر بە خەواریجەكان بن، دامەزرێنەرەكەشیان جابری كوری زەیدی ئەزدی دژایەتی فیكری خەوارجی كردووە**

[10] (٤) یراجع كتابنا: فقه المیزان، طبعة دار النداء، إستانبول، ٢٠١٨م

دژ بـە سـتەمکاریی وەسـتاوەتەوە، ئەوەشـی سـەلماندوە کـە زانایانـی ئیبـازی بەناوبانـگ لـە مەزهەبەکەیـدا لەکێشـەی خەلیفـە عوسـماندا و کەوتوەتـە شـوێن بۆچوونـی عومـەری کـوڕی عبدالعزیـز. نەکەوتوونـە شـوێن بۆچوونەکانـی (عبداللـەی کـوری ئیبـاز)، صەللابـی دەڵێـت بەرگـری لـە عوسـمان کـردووە، هەمـوو ئـەو گومانانەشـی بەدرۆخسـتۆتەوە کـە دەربـارەی وتـراون، ئەوەشـی سـەلماندوە کـە خەلیفەیەکـی سـتەم لێکـراو بـووە و درۆی بەدەمـەوە هەڵبەسـتراوە.

هەروەها پێشەوای ئیبازیەکان جابری کوری زەید دژی فیکری خەوارجەکان وەسـتاوەتەوە، هەروەها قوتابیەکانیشـی و شوێنەکەوتوانیشـی بەهەمان شـێوەن هەر لـە (عبـد اللـە بـن إبـاض وأبـي عبيـدة التميمي، وأبي إسـحاق أطفيـش رحمهـم الله إلـى العلامـة الشـيخ أحمـد الخليلـي (حفظـه اللـه)...) کەواتـە چـۆن دەتواندرێـت ئـەم قوتابخانەیە بدرێـتە پاڵ خەوارج.

صەللابـی رووناکبیـر زۆر لـەو ناڕاسـتانەی ئاشـکرا کـردووە کـە هەندێك لـە کتێـب و گـروپ و وتـار دەربـارەی بیـرو بـاوەڕی ئیبـازی وتویانـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پشـتی بەسـتوە بـە نامەیەکـی دکتـۆرای موسـلیمی کـوری سـالمی عەلـی وەهیبـی (الفكـر العقـدي عنـد الإباضيـة، طبعـة مكتبـة الضامري، سلطنة عمـان ١٤٢٧هـ/ ٢٠٠٦م) ئـەوەی روونکردۆتـەوە کە کردەوە لـە ئیمـان دانابڕێـت و مەرجێکـی سـەرەکی ئیمانـە، تـاوان و ئیمـان لـە مرۆڤێکـدا بەیەکـەوە کۆنابنـەوە، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئیبازیـەکان حوکمـی کافربـوون نـادەن بەسـەر تاوانبـاردا و نایخەنـە دەرەوەی میللـەت[11].

ئـەمـەش لەلایـەن توێـژەرەوەو جەختـی لەسـەر دەکرێتـەوە، هەروەها پشـتی بەسـتوە بـە هەندێـك زانایانـی تـری وەك شـێخ یەحیـای کـوری عەلـی[12] بـەڵام کەسـێك کـە تاوانـی گـەورە بـکات پێـی ناوترێـت بـاوەڕدار، ئەویـش لەسـەر بنەمـای ئـەوەی کـە نەبونـی ئیمـان لـە کەسـێکدا بنەماکانـی دادپـەروەری و ولایـەت و شـتەکانی تـری لەسـەر دانامەزرێت[13]

١١ مسلم الوهيبي: الفكر العقدي عند الإباضية، ص. ص ٧٨-١٨١

١٢ الشيخ علي يحيى معمر: في موكب التاريخ، ص٨٧

١٣ مسلم الوهيبي المرجع السابق، ص١٨٤

هەروەها کـە دەڵێن تاوانبار ناچێتە دەرەوەی ئوممەت، ئەمە زۆر جیاوازن لەگـەڵ خەوارجەکانـدا کـە دەڵێـن ئـەو کەسـەی تاوانـی گـەورە بـکات بەروونـی دەڵێـن کەسـێکی بێبـاوەڕە.

ئـەو جیاوازیـەی کـە لـە نێوان ئەهلی سوننەو جەماعەتدا دەربارەی زیادبـوون و کەمبوونـی ئیمـان هەیـە، ئـەمـە هەمـان شـتە کـە لەنـاو مەزهەبـی ئیبازیدا هەیـە.

بێبـاوەڕی لەلایـان دوو جـۆرە: جۆرێکـی بێبـاوەڕی هاوەڵدانان و داننەنانە بـە بوونـی خـوای گـەورەدا، جۆرێکـی تـری بێباوەڕییـە بەرامبەر بـە نیعمەت و بێبـاوەڕی دووڕوویـی، دووڕوویـش لـە عەقیـدەدا و دووڕوویـی کـردەوە، ئـەم دابەشکاریەش دیدگای ئـەم مەزهەبەمان بـۆ روونـدەکاتـەوە.

صەللابـی لـە هەڵوێسـتی ئەهلـی سوننەدا لـە بـواری ئیمان و کوفرو دووڕوویـی و تاوانـدا ئایـەت و فەرموودەیەکـی زۆر دەهێنێـتەوە، ئەمەشـی لەسـەر بنـەمای فیقهـی پێـوان داناوە.

ئیبازیـەکان لـە بـواری عەقیـدەدا پشـتیان بەسـتوە بـە (الـولاء والبـراء) و بـە بنەمایەکـی گـەورەی ئاینیـان داناوە، ئەهلـی سوننەو جەماعـەش ڕێکـن لەسـەر ئـەوەی کـە پێویسـتە پێشـەوایەتی تەنهـا بـۆ خـواو پێغەمبـەر و بـاوەڕداران بێـت، دەبێـت بێبـاوەڕان و موشـریکین ڕەتبکرێنەوە، بـەڵام جیاوازیـان لەگـەڵ خـەوارج و ئیبازیەکانـدا ئەوەیـە کـە ئەنجامدەری تاوانـی گـەورە ناکرێنـە دەرەوەی بـاوەڕداران.

لـە بـواری سـیفاتەکانی خـوای گـەورەش ئیبازیـەکان تەئویلـی ئایەتەکانـی سـیفات دەکـەن لەوەی کە بەشـێوەی لێکچـوون دەردەکەوێت، وەك دەسـت و دەم و چـاو، ئەمانیـش هەڵوێسـتیان وەك زۆربـەی ئـەو زانایانـەی کـە لەدواییـدا هاتـن لـە ئەشـعەریەکان و ماتریدیـەکان وایـە.

ئیبازیـەکان ئـەوە ڕەتدەکەنـەوە کـە مـرۆڤ بتوانێـت خـوای گـەورە ببینێـت لـە دنیـاو دوارۆژدا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هەندێـك ئایـەت و فەرمـوودە دەهێننـەوە، بـۆ هـەر بـەم مەبەسـتە دکتـۆر صەللابـی گفتوگۆیـەك دێنێـتە ئـاراو بەبەڵگـەوە راسـتی بۆچوونەکانـی ئەهلـی

سوننەو جەماعە دەسەلمێنێت، بەڵام ئیبازیەکان جیاوازن لە مەسەلەی بەدیهاتنی قورئاندا.

پوختەی قسەکان ئەوەیە کە مامۆستا صەللابی هەوڵێکی زۆری بەویژدانانەی داوە کە ئەوپەری میانڕەوی و ویژدان و وردی و ئەمانەتی تێدایەو دوورە لە ئارەزوو و ڕەگەزپەرستی، خوای گەورە پاداشتی گەورەی بداتەوەو ببێتە مایەی سود بۆ ئیسلام و موسڵمانان، لە کۆتایشدا گەیشتۆتە کۆمەڵە ئەنجامێك کە زۆر گرنگن.

بە خوێندنەوەی کتێبەکە پاش ئەو گەشتە گەورەیەم و ئاگاداربوونم لەم بوارەدا، گەیشتومە ئەوەی کە ئیبازیەکان سەر بە خەوارجەکان نین، خۆشیان لە کۆن و نوێدا ئەوەیان ڕەتکردۆتەوە، تەنانەت زانای بەناوبانگ ئەبوئیسحاق ئەتفیش دەڵێت (بەکارهێنانی وشەی خەوارج بۆ ئیبازیەکان لە دیعایە خراپەکانە)، ئەوان خۆیان زیاتر شارەزای مەزهەبەکەی خۆیانن، ئەوان قوتابخانەیەکی فیقهی باوەڕ پێکراون، پشت دەبەستن بەو سەرچاوانەی کە لەلای ئەهلی سوننەو جەماعە پشتی پێبەستراوە، هەروەها قوتابخانەیەکی فیکرین و لە چوارچێوەی قوتابخانە ئیسلامیە باوەڕپێکراوەکاندان، ئەوانیش خاوەنی ئیجتیهادی خۆیانن لە بواری عەقیدەو سیفاتەکان وشتی تردا، کە دەکرێت هاوڕابین لەگەڵیان یان جیاواز بەڵام بەپێی ئەدەبی مامەڵە کردن لەگەڵ جیاوازی و لەژێر سێبەری گەورەی ئیسلامدا.

هەروەها وای دەبینین کە دورخستنەوەی ئەم مەزهەبە قوول و دێرینەو دانی بە پاڵ خەواریجەکاندا، تەنها دەبێتە هۆی دووبەرەکی و رق و توندڕەوی و لادان لە ڕێگەی ڕاست، چونکە ئێمە هەموومان موسڵمانین و لە بواری عەقیدەو ئاییندا براین، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ﴾ سورة الأنبياء (٩٢)، هەروەها دەفەرموویت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ سورة الحجرات (١٠). هەروەها دەفەرموویت: ﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ سورة الحشر (١٠).

## زەكات و وەقف دوو هۆكاری گرنگن بۆ بەدیهاتنی گەشەپێدان

زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە زەكات و وەقف دوو هۆكاری گرنگن بۆ بەدیهاتنی گەشەپێدان.

دكتۆر عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەكێتی جیهانی زانایانی موسڵمان و هەریەك لە بەڕێز (محمد حەسەن ددو، شێخ دكتۆر نورەدین خادمی، دكتۆر یوسف حسین نەدەوی) لە دانیشتنی سێهەمی بەرنامەی ڕەمەزانی ﴿و امنهم من خوف﴾ بە ناونیشانی (زەكات و ئەوقاف و ڕۆڵیان لە بەیهێنانی كۆمەڵگەیەكی ئارامدا) بە بەشداری دەستەیەك لە زانایان، سەرپەرشتیكردنی ئەم بەرنامەیەش لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی دەوڵەتی قەتەر بەڕێوەچوو.

دكتۆر قەرەداغی باسی لەو ئامانجە گرنگانە كرد كە خوای گەورە لە زەكاتدا دایناوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی بەم ئایەتە هێنایەوە كە دەفەرموویێت ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ سورة التوبة (١٠٣). ڕوونیكردەوە كە وشەی ﴿تُطَهِّرُهُمْ﴾ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە گەشەپێدانی ناوەكی هەمەلایەنە ناودەبرێت، كە بریتییە لە پاككردنەوەی دڵی هەژاران و دەوڵەمەندەكان، هەروەها ئەوەشی ڕوونكردەوە كە وشەی ﴿تُزَكِّيهِمْ﴾ بریتییە لە گەشەی سروشتی و گەشەی ئابوریی و گەشەی كۆمەڵایەتی، جەختی لەوەش كردەوە كە زەكات لەڕاستیدا ئەو دوو جۆرە گەشەپێدانە بەدی دەهێنێت.

بەڕێزیان باسی لەوەش كرد كە زەكات لە سەردەمی خەلیفەكاندا هەر لە سەردەمی عومەری كوڕی خەتابدا كە چۆن زەكات لە یەمەندا سێیەك و نیوی گەڕاوەتەوە بۆ بەیتولمال، هەروەها لە سەردەمی عومەری كوڕی عەبدولعەزیز دا كە دوو ساڵ و شەش مانگ و ١٧ ڕۆژ و ١١ سەعات حوكمی كردووە، چۆن توانیویەتی كێشەی هەژاری لە ماوەی دوو ساڵدا چارەسەر بكات، لە ساڵی یەكەمدا بەرنامەكە بەو

شێوەیە بوو کە لە حاڵەتی هەژاریی خراپەوە بگۆڕێت بۆ خۆبژێوی، بەجۆرێك بوو کە دارایی زەکات لە شوێنی خۆی زیادبوو بەتایبەتی لە وڵاتانی یەمەن و میسر و عێراق، قۆناغی دووەمیش لە ساڵی دووەمدا بریتی بوو لە گەیشتن بە قۆناغی تەواوکاریی. قەرەداغی باسی لەوە کرد کە خەلیفە پلانێکی دانابوو پێیان دەوت بە موڵکایەتی کردنی هۆکانی بەرهەمهێنان، بەڵام لە ساڵی سێیەمدا پلانەکە بریتی بوو لە بەجێهێشتنی قۆناغی (دابینکردنی پێویستیەکان بۆ تەواو).

بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە کە زەکات بەشێوەیەکی گشتی پێویستیەکان و تەواوکاریەکان دابین دەکات، وەقفیش ڕۆڵی تەواوکاری و جوانکاری دەبینێت، وەقف و خێرە گشتیەکان دەچێنە بازنەی پاراستنی بەرەی ناوخۆ کە ئەمیش لە فەرزی کیفایەیە.

قەرەداغی باسی لەوە کرد کە لە ساڵی ٢٠٠٧ز زەکاتی جیهانی ئیسلامی گەیشتۆتە (١٠٠) ملیار دۆلار لە کەنداودا و لە جیهانی ئیسلامیشدا گەیشتۆتە ٤٠٠ ملیار دۆلار، ئەمەش بەپێی ئەو داراییەی کە لە بانکەکان و کۆمپانیاکان و بۆرسەکاندا هەیە، ئەمە بێجگە لە سندوقەکانی سیادی و وەبەرهێنان و ئەوەی کە لە کۆگاکاندا هەیە.

زانای ناودار (محمد حسن ددو) لە ڕێگای پەیوەندیەکەوە ئەوەی خستەڕوو کە ئارامیی داوایەکی گشتی مرۆڤایەتیە، ئەویش لەپێناو ژیانێکی هێمن و ئاشتەوایدا، بۆ دوارۆژیش خۆپاراستن لە تورەیی و سزای خواو

> **بەڕێزیان جەختی لەوە کردەوە کە زەکات بەشێوەیەکی گشتی پێویستیەکان و تەواوکاریەکان دابین دەکات، وەقفیش ڕۆڵی تەواوکاری و جوانکاری دەبینێت**

تاقیكردنەوەكانی دنیا، خوای گەورە دەفەرموویت ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ سورة الانعام (٨٢). ئەوەشی روونكردەوە كە تاوان و سەرپێچی هۆكارێكی گرنگە بۆ نەمانی ئارامی و ئاسایش، فەرمانبەرداری خواش هۆكارێكە بۆ چەسپاندنی ئارامی، بەڵگەی بەم ئایەتەش هێنایەوە كە دەفەرموویت ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ سورة یونس (١٠٧)، هەروەها باسی لە هاندانی پێغەمبەر (ﷺ) كرد بۆ دەوڵەمەندەكان كە سود بگەیەنن بە هەژاران، باسی لەوەش كرد كە ئەم بەرپرسیاریتیە كۆمەڵایەتیە ئەگەر دەوڵەمەندەكان بیگرنەبەر دەبێتە مایەی سۆز و چاكەكاری لەگەڵ هەژاراندا، ئەوەشی روونكردەوە كە رۆزی بەدەستی خوایە ئەویش بە سێ شێوە بەسەر خەڵكدا دابەشی كردووە، بەشێكیان ئەوەندەی پێداوە كە لە پێداویستی خۆی زیاترە، بەمەش بەرپرسیاریتی كەسانی دیكە دەكەوێتە ئەستۆی، بەشی دووەمیان خوای گەورە بەرێژەی پێویستیەكانی پێیداوە، سێیەمیان ئەوەندەی پێداوە كە بەشی پێداویستیەكانی ناكات و ئەمەش تاقیكردنەوەیەكە بۆ كەسانی تر، لەبەرئەوە دانایی مەشروعیەتی خوای گەورە لە دانانی زەكات و رۆژ و وەقف و كارە خێرخوازیەكانی تردا دەرژێتە ئەم ئاراستەیە كە باسمان كرد.

دكتۆر نورەدین خادمی، باسی لە رەهەندەكانی وەقف كرد، لەوانەش چەسپاندنی ئارامی، كە ئەویش بە بەشێك لە رەهەندەكانی ئەوقافی لە قەڵەمدا، پاشان وتی لەلایەن تاكەكانەوە وەقف سوننەتە، بەڵام فەرزی كیفایەیە بۆ ئوممەت.

خادمی ئەوەشی روونكردەوە كە ئارامیی چەمكێكی فراوانە و بواری مرۆڤ و ئاژەڵ و ئاوەدانكردنەوە دەگرێتەوە، ئەمەش بە باشی لە فەلسەفەی وەقف و ئامانجە باڵاكانی دا هەستی پێدەكرێت، هەروەها ئارامیە بۆ ئەو كەسانەی كە هەڵدەستن بە كاری وەقف،

مەرجی ئەو کەسەش بەپێی دەقەکانی شەرع ئەوەیە کە ئەو کەسە بەشێوەیەکی ئازادانە بڕیاری ئەوە بدات کە بەشێك لە سامانەکەی لە ڕێگای وەقفەوە بخاتە بواری وەبەرهێنانەوە، هەروەها باسی لەوەش کرد کە ئاسایش جۆراوجۆرە و چەندەها بوار دەگرێتەوە لەوانەش: (خۆراك، دەروونی، تەندروستی، نیشتیمانی، جیهانی)، لەم ڕێگەیەشەوە پێویستە کارەکانی وەقف بگاتە ئەم ئاستانە و گەشەی پێبدات و توانای تازەکردنەوەی هەبێت.

(دکتۆر یوسف حسین نەدەوی) یش وتی ئەوەی لای زۆربەی زانایان پەسەندە ئەوەیە کە زەکات بۆ هەموو موسڵمانان خەرج بکرێت و تایبەت نیە بە وڵاتێکەوە، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دەکرێت پارەی زەکات لە وڵاتێکەوە بگوازرێتەوە بۆ وڵاتێکی تر کە موسڵمانان تیایدا پێویستیان پێی هەبێت.

پاشان وتی: جیاوازیەکی سادە هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا جائیزەماڵی زەکات بدرێت بە نا موسڵمان؟ بۆ ئەم مەبەستەش وتی: ئیبن قودامە وتوویەتی ”کە ئیمام زوهری و ئیمام زەفەر کە لە حەنەفیەکانن و چەند زانایەکی تریش ڕێگەیانداوە لە حاڵەتی ناهەموار و پێویستدا بۆیان خەرج بکرێت“ لەلایەکی تریشەوە هەندێکی تریان دەڵێن: بەرای کۆی زانایان زەکات نادرێت بە غەیری موسڵمان.

## چەند جیاوازییەكی كۆمەڵایەتی

لەوانەیە زۆربەی زۆرمان كۆمەڵێ جیاوازی لە نێوان نەوە دێرینەكان و نەوە تازە پێگەیشتووەكاندا بەدی بكەین، من لێرەدا باس لە هەموو جیاوازییەكان ناكەم، تەنها باس لەو جیاوازییانە دەكەم كە پەیوەندن بە بواری پەروەردەیی، بە لایەنی رەفتاریی و لایەنی كۆمەڵایەتیی، چونكە لە نەوەی تازە پێگەیشتوودا كەمو كووڕیی لە هەموو ئەم لایەنانەدا بەدی دەكەین، ناڵێم لە هەموو ئەم نەوەیەدا بەڵكو لە هەندێكی زۆریاندا ئەوە دەبینین، نەوەی نوێ دەبینین كە گرنگییەكی زۆر بە شتە رواڵەتییەكان دەدات، تەنانەت ئەگەر لە تواناشیدا نەبێت هەستێ بە دەستەبەركردنی ئەو خواستەی، لێرەوە دەكەوێتە هەڵەی قەرزكردن و ناو گرفتەكانی تر‌ەوە، قەرزكردنیش ئەوەیە دەبینین كە چەندین ئاسەواری كۆمەڵایەتی و ئاینی بەدوای خۆیدا دێنێ، هەندێكی تریشیان یان زۆربەیان هەر بەهەمانشێوەن كە گرنگی بە شتە رواڵەتییەكان دەدەن وەك بەدەستهێنانی ئۆتۆمبیلی كەشخەو مۆدێل بەرز و ژمارەی جیاكار و تایبەت، هەروەها چەندین شتانیتر كە لەڕاستیدا سودێكی ئەوتۆیان تێدا نیە، بەڵكو تەنها كۆمەڵە شتانێكی رواڵەتین و نابنە مایەی پێشكەوتن و بەرزبوونەوەی مرۆڤ.

> نەوەی نوێ دەبینین كە گرنگییەكی زۆر بە شتە رواڵەتییەكان دەدات

هەر لەم میانەیەدا دەبینین كە نەوەی تازەپێگەیشتوو، یان زۆربەیان لە هەندێ كاتدا سەرقاڵن بە تەلەفۆنكردن و بەكارهێنانی هۆكارە نوێیەكانی پەیوەندیكردن لە دیوە نەرێنییەكەیەوە، ئەمەش وایان لێدەكات سەریان

نەپەرژێتە سەر سودوەرگرتن لە بوارە سودمەندە سەرەكییە كاریگەرەكان كە لە هۆكارە نوێیەكان و هۆكارە نوێیەكانی ڕاگەیاندندا ئەوەی پێی دەوترێت (سۆشیال میدیا) دا بوونیان هەیە، ئەمەش لە ئێستادا بەجۆرێكە چەندین ئاسەواری نەرێنی لەسەر نەوەكانمان و نەوەكانی داهاتووی لێدەكەوێتەوە، بەلانیكەمەوە لە ڕووی ڕەوشت و ڕەفتارە گشتییەكانەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەوەیەكی لاواز، تەنانەت لەسەر ئاستی ئامادەبوون لە نوێژی كۆمەڵیانەو نوێژی جومعەدا، چونكە ئەو كەسەی كە بەدرێژایی شەو یان نیوەی شەو سەرقاڵدەبێت بە تەلەفۆنكردنەوە ناتوانێت هەستێ و نوێژی بەیانی بكات، ئەمە لە كاتێكدا كە دەبێت نوێژی بەیانیان بە كۆمەڵ بكرێ، ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین ژمارەیەكی زۆر كەم لە گەنجەكان لە مزگەوتدا نوێژ دەكەن بەتایبەتی نوێژی بەیانی، لەڕاستیدا ئەمە دیاردەیەكی مەترسیدارە، دیاردەیەكە پێویستە چارەسەر بكرێ، بە هیچ جۆر نابێت خێزان و دایبابەكان و دەوڵەت ئەم حاڵەتە كە بووەتە دیاردە فەرامۆش بكەن، چونكە بەپێی دەقی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەر (ﷺ) هەر هەموومان بەرپرسین لەم بارە نەرێنییە، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا...﴾ التحريم (٦)، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێ: ((هەمووتان بەرپرسن و هەریەكەشتان بەرپرسە لەو كەسانە كە سەرپەرشتییان دەكات)). لە فەرموودەیەكی تریشدا هاتووە دەفەرمووێ: ((خوای بالادەست لێپێچینەوە لە هەر بەرپرسێك دەكات، تەنانەت لێپێچینەوە لە پیاو دەكات لەسەر خانەوادەكەی)). كەواتە بەرپرسێتییەكە لە گەردنماندایە، لە لایەنی زانستیشەوە ئەم گەنجانە جێگەدەستی ئێمەن، جێگەدەستی فێركردن و پەروەردەكردنی ئێمەن، ئەوان لەسەر دڵانێكی پاكوخاوێن لەدایكبوون، ئەوە ئێمەین ئەو دڵانەمان پڕكردووە بە شتانێك كە بێسودن، یان ئەركی خۆمانمان لە بەرانبەریانەوە جێبەجێ نەكردووە، زانایانی پەروەردە لەنێویشیاندا پێشەوا غەزالی لە كتێبی (الإحياء) دا دەڵێ: (لە ڕاستیدا دڵی منداڵ كاتێ لەدایك دەبێت و كاتێك گەورە دەبێت وەك دەفرێكی پاكوخاوێن وایە، پاشتر پڕدەبێت بەو شتانە كە دەیانبیستێ و

دەیانبینین)، بەم پێیەش ئەوا بۆمان نیە لۆمەیان بکەین یان سکاڵا لەدژیان بکەین، بەڵکو دەبێت لەپێش ئەوانەوە پرسیارەکە ئاراستەی خۆمان بکەین، ئاراستەی ئەو بەرپرسانەی بکەین کە سەرپەرشتی پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردن دەکەن.

پێشتر کاتێ پەروەرشکارە موسڵمانەکان کۆبوونەوە بۆ دامەزراندنی وەزارەتەکان هاتن وەزارەتێکیان ناونا وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن، پرۆسەی پەروەردەیان خستە پێش فێرکردنەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە تەنانەت ئەو مەشخەڵانەو ئەو زاراوەیەش بەلارێدا بران، چەمك و پرۆسەی پەروەردەیان تەنها لە چەند بابەتێکدا قەتیس کرد کە پێیدەوترێ وانەکانی پەروەردەی ئیسلامی، ئەمەش - کە زانایانی پەروەردە دەڵێن- لە رووی پەروەردەییەوە هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە پەروەردە لەگەڵ تەواوی پرۆسەی فێرکردندایە نەك تەنها یەك بابەت و وانەیەکی سەربەخۆ بێت، پێویستە کاتێك بۆ نمونە زانستی فیزیك و کیمیا و بیرکاری و کۆمەڵناسی و هیتریش لە زانستییە مادی و مەعنەوییە مرۆییەکان دەخوێنین، دەبێت ئەو پرۆسەی فێکردنە ببەسترێتەوە بە پەروەردەو بە رەفتارو بە شێوازی هەڵسوکەوت بە خەڵکانیترەوە، واتە بە سودوەرگرتن لە پەروەردە تا سودی خۆی بگەیەنێت بە ئوممەت و بە مرۆڤایەتی، پێش هەموو ئەمانە سود بە نیشتمان بگەیەنێت و دوای نیشتمانیش بۆ سەراپای جیهانە، ئەم گەمارۆدان و قەتیسکردنەی پەروەردە لە یەك بابەتدا هەڵەیەکی کوشندە بوو- زۆر زۆر بەداخەوە - کە بازنەی بەرفراوانی پەروەردەی ئیسلامی وردە وردە بەرتەسك کردەوە تا لە زۆربەی وڵاتاندا گەیشتە ئاستێ کە سودێکی ئەوتۆی نەماو هیچ خواستێکی بەجێنەگەیاند، لێرەوە لەسەر ئەم تەرزە ئەم نەوەیە گەورەبوو، بە راشکاوی بڵێین کە نەوەیەکی زانستیی نیە، ئوممەتی - عەرەبی- و ئیسلامیمان ماوەی سەد ساڵە خۆی رابەرایەتی خۆی دەکات و کۆلۆنیالیزم لە دەرەوەیە، بەڵام مەخابن داگیرکاران دەیانەوێ بە دەستی موسڵمانان خۆیان پلانەکەیان جێبەجێ ببێت، ئەویش لە رێگای ئەو کەسانەوە کە ئەو وەزارەتانە لە زۆربەی دەوڵەتانی ئیسلامیدا دەبەن بەڕێوە

کە ئەمەش مەترسییەکی کوشندەی ترە، لەبەرئەوە وەزارەتەکانی فێرکردن تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە نەوەیەکی داهێنەری سودگەیەنەر پەروەردە بکەن کە لە دنیادا پێشبکەوێ، لە بواری زانستە هونەرییە ورد و ئاسمانییەکان و هیتریشدا جێگەدەستی دیاربێت، ئەو وەزارەتانە نەیانتوانیوە نەوەیەکی پەروەردەکراو لەسەر رەوشتە بەرزەکان و بەها باڵا جوانە ئیسلامییەکان پەروەردە بکەن، ئەمەش لە ئەمڕۆدا بە چاوی خۆمان دەیبینین، لێرەدا رووی گوفتارم بۆ تاکەکان و چەند توێژێکی باش نیە، بۆ ئەو وڵاتانەش نیە کە بایەخ بەو لایەنانە دەدەن. بەڵکو بۆ ئوممەتە بە گشتی.

کاتێك ئیسلام باس لەم مەسەلانە دەکات ئەوا لە یەك کاتدا دوو مەسەلە دەبەستێت بەیەکەوە، زانستی پەروەردە لەگەڵ هەر زانستێکی تردا دەبەستێت پێکەوە، ئەمەش بەو مانایە نیە بڵێین بڵێین فیزیکی ئیسلامی یان کیمیای ئیسلامی، بەڵکو مەبەستی پێکەوەبەستنەکە بۆ دەستەبەرکردنی خێرو چاکەیە لە کۆمەڵگادا، قورئانی پیرۆزیش ئەم ئامانجەی لە گرنگترین ئەرکەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) کە لە هەموو شتێکدا پێشەنگمانە روونکردووەتەوە، ئەوەتا پەروەردگارمان دەفەرمووێ: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ...﴾ الجمعة(٢)، کەواتە پێغەمبەر (ﷺ) ئەرکی چییە، پەیامی چییە، ئامانج و مەبەستەکانی چین؟ چ مەرامێکی لەپێشەوە دەیەوێت بگات بە چ مەبەستێك؟ خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ﴾ الجمعة(٢)، بۆ ئەوەیە تا رۆحیان بەرزبێتەوەو پێشبکەون و کۆمەڵە رۆحێکی خراپەکار نەبن، یان رۆحێکی سازشکار و داتەپیو نەبن وەها کە –زۆر بەداخەوە- لەناو برا عەرەبەکاناندا دەیبینین بەجۆرێکی وەها خۆیان بە کەم دەزانن و سازش بۆ دوژمنانمان دەکەن کە هیچ مرۆڤێك قوبوڵی ناکات، چونکە مرۆڤ خاوەنی کەرامەتە، ئیسلام سەربەرزو شکۆمەندە، موسڵمانانیش سەربەرز و شکۆمەندن، جا کاتێ خۆیان دەگەیەننە ئەو ئاستە ئیتر رۆحیان باڵا ناکات، شکۆمەند نابێت. رۆحی ئێمە لە خواوەیە، خوێ لە رۆحی زاتی خوێ فووی پیرۆزی بە مرۆڤدا کردووەو زیندوو رایگرتووە، ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ الحجر (٢٩)، ئیتر ئەم دانەپاڵە

دانەپاڵی ڕیّزلیّنان بیّت یان هەر دانەپاڵیّکیتر بیّت چونیەکە، چونکە ڕۆح دەدریّتە پاڵ خوا گەورە، تەنانەت هەر مرۆڤیّك كاتیّ لەدایك دەبیّت یان چل ڕۆژ پیّش لەدایکبوونی ئەوا فریشتە وەك ڕیّزلیّنانیّ بۆ مرۆڤ ئەو ڕۆحە دەكات بە بەریدا، کەواتە مرۆڤ كاتیّ مرۆڤە کە ڕۆحی بەرزو باڵاو شکۆمەند بیّت، کاتیّکیش ئەو ڕۆحەی دادەبەزیّت ئیتر لەوە دەردەچیّت مرۆڤ بیّت، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾ الجمعة (٢)، پاشان دەفەرمووێ: ﴿ويزكيهم﴾، بەڕاستی پاککردنەوەو پاکڕاگرتنی دڵ و دەروون پرۆسەیەکی پەروەردەیی زۆر مەزنە، دوای ئەوەش فیّری قورئانیان دەکات: ﴿ويعلمهم الكتاب﴾، پرۆسەی فیّرکردن لەدوای پەروەردەکردن دیّت، واتە پەروەردەکردنی هەناو و ناخ بەتەواوەتی، کە سیّ شت دەگریّتەوە: (ڕۆح، دڵ، دەروون)، ﴿ويعلمهم الكتاب والحكمة﴾، ئەم ڕیّنماییە پەروەردەکردنی ئەقڵە کە ئاراستەی دەکات بۆ خویّندنەوەی قورئانی پیرۆز، بۆ پەڕاوی خوای گەورە، بونەوەریش پەڕاویّکی کراوەی تری خوای گەورەیە، هەروەها دانایی (الحكمە)ش لە دەرهاویشتەکانی ئەقڵە، هەموو ئەمانە لە پرۆسەی فیّرکردندان، دوای ئەوە دەرئەنجامەکە لە چاککردنی ئەم مرۆڤەدایە، دەرهیّنان و ڕزگارکردنیەتی لە گومڕایی و بردنیەتی بەرەو هیدایەتی ڕاست و دروست، خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ ال عمران (١٦٤)، ئەم پیّنج ئەرکە سەرەکییەی سەرەوە پوختەی پرۆسەی پەروەردەو فیّرکردنن لە ئیسلامدا، گرنگیدان بەم چارەسەرە گشتگیرانە مرۆڤ دەپاریّزن و قایمی دەکەن، لە ئەمڕۆشدا گەنجەکانمان دەپاریّزن و بەهیّزیان دەکەن، چونکە ئەگەر پەروەردە نەبیّت کە مرۆڤەکان قایم و پاریّزراو بکات ئایا کیّ لە ئیّمە دەتوانیّت منداڵەکانی بپاریّزێ و بەهیّزیان بکات لە ئاست هەموو ئەو شتانەدا کە چوونەتە ناو ماڵەکەیەوە، هەموو شتیّك لەناو مۆبایلەکاندایە کە لەم شویّنەدا باسناکریّن، هەموو جۆرە شتە کاریگەرەکان بوونیان هەیە، توانابوونی لەسەر پەیوەندیکردن بە هەرکام لە ئافرەتان یان پیاوانەوە کە دەیەویّت، یان دەستخستنی شتانیتریش بە ئاسانی، ئایا

چۆن چۆنی منداڵان و کوڕان و کچانی لاومان بپارێزین لێیان؟ ئەم پاراستن و بەهێزکردنە لە ڕێگای پەروەردەی ئیسلامییەوە دەبێت کە پرۆسەیەکە لە قۆناغی باخچەی ساوایان و ماڵ و قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات و ریشێك دادەکوتێ، ئینجا دەچێتە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆکان، لە هەموو ئەم قۆناغانەدا ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە لە ئەستۆی ماڵ و دایباب و ئەرکی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی باڵایە، ئەگەرنا ئەوا نەوەکمان لە دەست دەچن و هیچ دادمان نادات، تەنانەت لە خوێندنیشدا کەسانێکی لاواز دەبن و توانایان نابێت لەسەر بەجێگەیاندن و بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانە کە خوازراون لێیان، بۆیە ئەم داوا ڕەوایە بانگەوازێکی ڕاستگۆییانەو ڕاستەقینەیە کە هەوڵ و تواناکان و هەوڵەکانی خێزان و وەزارەتەکانی پەروەردەو فێرکردن بخرێنەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە سەرەکییانە، بۆ پاراستن و بەهێزکردنی نەوەکەمان بە باوەڕ و بە پێشەنگیی، هەروەك گەورەمان یوسف پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) کاتێ ئەو ئافرەتە لەناو ماڵەکەدا هاتە لای و دەرگاکانی لێداخست، لە کاتێکدا کە ئافرەتێکی خاوەن پلەو پایەو هاوکات گەورەی یوسفیش بوو، بەڵام یوسف پێغەمبەر ڕاستەوخۆ و بێ هیچ دوودڵییەك فەرمووی: پەنادەگرم بە خوای گەورە لەو کارە (معاذ الله)، ئەوەش لەبەرئەنجامی سروشتی پاك و پەروەردەو خۆقایمکردنییەوە بوو.

لە هەمانکاتدا پێویستە گرنگی بە پەروەردەی چاکەکردن لەگەڵ دایباب و خزمان و دراوسێیان و نیشتمان و ئوممەت و تەواوی مرۆڤایەتی بدرێ، ئەوەی لە ئەمڕۆدا دەیبینین لە ئازاردان و ڕەنجاندنی دڵی دایباب، هەروەها لە جۆرەها جیاوازی خستن لە نێوان موسڵمانان و جیاکردنەوە لەنێوانیاندا، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەو فێرکردن بەشێوەیەکی سەقەت، دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێخستنی ڕێنماییە ئایینیەکان و پرۆگرامە گونجاوەکانی لەگەڵ سروشتی پاکوخاوێن و دروستدا، کە شیاوی هەموو سەردەمێك و هەموو شوێنێکە، چونکە بەرنامەی پەروەردگارە، ئامانجی پەروەردگاریێتی لە پشتە، لە خوای گەورەو پاکو بێگەردەوەیە.

## گۆڕانكاریی داوایەكی شەرعییەو تاكە چارەسەرە

لە لایەن توێژە جۆراو جۆرەكانی كۆمەڵگاوە كۆمەڵە پرسیارێكی زۆر دەوروژێنرێن، لەنێویشیاندا پرسیارێك هەیە كە خۆی دەسەپێنێ بەسەر واقیعی كۆمەڵایەتیدا، ئەویش ئەمەیە: ئایا ئەم ئوممەتە بۆ وای بەسەرهات تا گەیشتە ئەم قۆناغە كە دوژمنان لە هەموولایەكەوە هێرشیان بۆ هێناوەو شەڕیانە لەسەر بەتاڵانبردنی دەستكەوتەكانی؟ ئایا چی هیممەت و غیرەتی لاوازكرد و دایبەزاند تا وایلێهات لە ئەمڕۆدا هەندێ لە تاكەكانی هەڵدەستن بە جێبەجێكردنی پلانی دوژمنانی بەسەر هاووڵاتیان و هاودینەكانی خۆیاندا؟

حاڵەتەكە گەیشتووەتە ئاستێ كە دەوترێ شەڕی ئەمڕۆ شەڕێكی ئاڵتوونییە، مەبەستیش پێی ئەوەیە كە دوژمنان ئێمە تێكدەشكێنن بێئەوەی خۆیان هیچ زیانێك بكەن، بەڵام من دەڵێم ئەم شەڕە هەر تەنها ئەوە نیە بەڵكو شەڕی بردنەوەو قازانجداریشە بۆ ئەوان، چونكە واقیعی تاڵ كە لەبەرچاودایە پێماندەڵێ دوژمنان ئێمە تێكدەشكێنن و خۆیشیان قازانج دەكەن، وڵاتمان داگیردەكەن، ماڵ و سامانمان تاڵان دەكەن، ئێمەش لە پای ئەوەی كە لە جیهانی ئیسلامیدا روودەدات دێین بە چەندین قات خەرجیان لەسەر دەكەین.

**كەواتە هەڵەو كەمتەرخەمی ئەم ئوممەتە لەكوێدایە؟**

ئێمە دەزانین قورئانی پیرۆز هەر هەمان ئەو قورئانەیە كە دابەزێنراوەتە سەر پێشەوامان موحەممەد (ﷺ)، سوننەتی پێغەمبەرێتی هەمان ئەو سوننەتەیە كە رێبازی ژیاری بۆ هاوەڵان دیاریكردووە، رێگای سەروەریی و رابەرایەتی بۆ كێشاون، ئاینەكەشمان نەگۆڕەو هەر لەو رۆژەوە كە پێغەمبەر (ﷺ) لە دامێنی دۆڵی مەككەی پیرۆزدا بە دەنگی بەرز رایگەیاند تا ئەمڕۆ هەر هەمان ئاینەو بەردەوامە، چونكە كاروبارەكانی دنیای بەستوەتەوە بە یاساو رێساكانی خوای باڵادەستەوە، نە گۆڕانی بەسەردا دێت و نە جێگرەوەی دەبێت، گرنگترین رێساكانی

خـوای گـەورە لـەو بـوارەدا ئەوەیـە کـە پرۆسـەی چاکسـازیی لـەم ئوممەتـەدا دەسـتەبەر نابێـت تـا سـێ سیسـتمە سـەرەکییەکە چـاك نەکرێـن، ئەوانیـش: سیسـتمی سیاسـی، سیسـتمی فێرکاریـی و سیسـتمی ئاینـی، ئەزموونەکانیـش بەدرێژایـی مێـژوو ئـەم راسـتییە دووپاتدەکەنـەوە، پرسـی هەوڵەکانـی چاکسـازیی بەتایبەتـی چاکسـازی سیاسـی هـەر لـە بەرەبەیانی مێـژووی مرۆڤایەتییـەوە حەقیقەتێکـی بەرچـاوە، هـەر لـە سـەردەمی ئـادەم پێغەمبـەری باوکمانـەوە (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) کـە شـەیتان بـە دوو مەسـەلە هەوڵـی خەڵەتاندنـی دا: بـە ژیانـی نەمریـی و بەردەوامبوونـی، ئینجـا بـە دەسـتەڵات و بـە سیاسـەت: ﴿فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَى﴾ سورة طه (١٢٠)، (لێـرەدا جیاوازییـەك هەیـە لـە نێـوان -مـلك و ملـك- دا کـە لـە زمانـی عەرەبیـدا ملـك بـە بوونـی ژێـرە لە ژێـر میمەکـەدا بـە واتـای دەستخسـتنی ماڵ و سـامان دێـت، بـەڵام ملك بـە بوونـی بـۆر لەسـەر میمەکـە بـە واتـای دەسـتخسـتنی دەسـتەڵات و ماڵ و سـامان دێـت)، مەعلومـە هەرکەسـێ دەسـتەڵاتی هەبێـت ماڵ و سامانیشـی دەبێـت، بەتایبـەت ئەگـەر کەسـێکی نادادپـەروەر بێـت.

ئەوەبـوو شـەیتان توانـی لـە رێـگای ئـەم دوو دەرگایـەوە بچێتـە نـاو دڵـی ئادەم(سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت)، لەبەرئـەوە دەبینین کە یاسـای تەشـریع لـە هەمـوو ئاینەکانـدا بەتایبەتـی تەشـریعی ئیسـلامی بـۆ چارەسـەرکردن و داخسـتنی ئـەم دوو دەرگایـە هاتـووە، دەرگای هەوڵـی مانـەوەو نەمریـی، ئەویـش لـە رێـگای بیرخسـتنەوەی مـردن و رۆژی دوایـی کـە چاکتـر و بەردەوامتـرە، ئـەم مەسـەلەیە ئەوەنـدە گرنگـە کـە بـاوەڕ بـە رۆژی دوایی لـە ئیسـلامدا کراوەتـە پایەیـەك لـە پایەکانـی بـاوەڕی کامـڵ، لێـرەوە مـرۆڤ ئـەوەی بـۆ مەعلـوم دەبێـت کـە ژیانـی دنیـا تاسـەر نیـەو کاتییـە، مـرۆڤ تـا هەرچەنـدە تەمەنـی درێـژ بێـت تیایـدا هـەر دواجـار بەجێیدێڵـێ: ﴿وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِنْ قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِنْ مِتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ﴾ الانبياء٣٤، چارەسـەری دووەمیـش بـۆ مەسـەلەی دەسـتەڵات و سیاسـەتە، ئـەم مەسـەلەیە لـە سـەردەمانی پێشـودا تـەواوی فەیلەسـوفانی رۆمـان و یۆنانـی ماندووکـردووەو هەسـتیان

بە مەترسییەکەی کردووەو گەڕاون بەدوای چارەسەرکردنیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە گەیشتن بە چارەسەرکردنی، دواجار ئیسلام چارەسەرێکی گشتگیرانەی بۆ سەراپای لایەنەکانی ژیان هێنا، بەڵام بەداخەوە ئێمە وەك پێویست گرنگیمان نەدا بەو چارەسەرە گشتگیرانەیە لە بواری دەستەڵات و سیاسەتداو بەهەندمان نەگرت، ئەوەبوو لەدوای حوکمی جێنشینی راشید و کامڵ و ژیرمەند کە نزیکەی سی ساڵی خایاند فەرمانڕەوایی گۆڕانی بەسەردا هات و بووبە جۆرە فەرمانڕەواییەك کە فەرمانڕەوا قەپ بکات بە کورسییەکەیداو وازی لێنەهێنێ تا گیانی دەردەچێت، پاشان گەیشتە ئەم قۆناغە کە ئێستا تێیدایە، قۆناغی ستەمکاریی و تاکڕەویی لەگەڵ لاوازیدا، چونکە کاتێ فەرمانڕەوا دەبێتە کەسێکی ستەمکار لەسەر گەلەکەی خۆی، هاوکات بە هیچ جۆریش دەستبەرداری ئەو دەستەڵاتەی نابێت، گوایا دەیەوێت بیپارێزێ لە فەوتان و لەناوچوون، ئەوکات بۆئەوەی پارێزگاری بکات لە دەستەڵاتەکەی و خۆی لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی بمێنێتەوە، پەنا دەباتە بەر دوژمنانی ئوممەت دژ بە گەلەکەی خۆی و لەسەر خەڵکانی قەومەکەی خۆی تا یارمەتی بدەن لە پاراستنی دەستەڵاتەکەیدا، لێرەوە دەبێتە خاوەنی دەستەڵاتێکی لەرزۆك و لاواز و دەبێتە ملکەچی دوژمنانی.

هەر کەسێ لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبداتەوەو بەناویاندا بگەڕێ، بەتایبەتی مێژووی گەلانی ئەوروپا، ئەوا ئاشنا دەبێت بە نهێنییەکی مەزن لە نهێنییەکانی هەستانەوەو بوژانەوەو پێشکەوتنیان، چونکە گەلانی ئەوروپا پێشتر چەند سەدەیەك بوو دەیانناڵاند بەدەست جەنگی ئاینییەوە، جەنگی نەتەوەییەوە، چەرمەسەری و مەینەتی و مەرگەساتی زۆر زۆریان بەسەردا هات، ئەم بارودۆخە ناهەموارەیان بەردەوامبوو تا تیشکی رووناکی ژیاری ئیسلامی لە رێگای رزگارکردنی ئەندەلوسەوە لەسەریان هەڵهات، ئەوانیش رووپانکردە کارکردن بە سیستمەکانی چاکسازیی کە ئاینی ئیسلام بۆی بردن، هەستان بە چاککردنی سیستمی سیاسی، سیستمی فێرکاریی، سیستمی ئاینی خۆیان کە تا

ئەوکات کەنیسە رابەرایەتی دەکردو رێگیری دەکردن لە فێربوونی زانست و چوون بەرەو پێشکەوتن، دەرئەنجام لە رێگای ئەو چاکسازییانەوە کە ئەنجامیاندان ژیارێکیان بەرپاکرد کە کەسانی لاوازی ناو ئێمە ئەبلەق و سەرسام بوون پێی و دڵی داگیرکردن و ئەقڵی لە خشتەبردن.

خوای گەورە لەم ئاینەدا چارەسەری گشتگیرو کامڵی بە ئێمە بەخشیوە کە زاتی خۆی وەسفیکردووە بە: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ المائدة٣، ئوممەتی ئیسلامی کردووەتە چاکترین ئوممەت کە رەوانەیکردووە بۆ سودگەیاندن بە مرۆڤ و بۆ هیدایەتدانی، ئەمەش بە فەزڵی بەها بالاکان و رەوشتی بەرزییەوە ئەوەی پێبەخشیوە، نەك بەهۆی نەژاد و رەگەزو نەتەوەوە، ئیسلام هزر و باوەڕەکەیی پاراستووە ئەویش لە رێگای فەرمانکردن بە چاکەو رێگیریکردن لە خراپە، بەجۆرێ کە رێگیری لە فەرمانڕەوای موسڵمان و تاکی موسڵمان دەکات لەوەی کاری ستەمکارییی و ملهوڕی ئەنجامبدەن، هەروەها بیانپارێزێت لە هەر دەردو نەخۆشی و هەر بەڵایەکی تری ناو کۆمەڵگا.

بەدڵنیاییی کە چارەسەری گشتگیرانە بۆ ئەم ئوممەتە لە فەراهەمهێنانی دەسەڵاتێکی شەرعی و ژیرپەسەندو کامڵدایە، واتە ئەوە حوکمە شەرعی و ژیرپەسەندە کە فەرمانڕەوا تیایدا رووەکاتە چاککردنی دنیای گەلەکەی و خزمەت بە ئوممەتەکەی دەکات، کۆشش دەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی جێنشینبوونی لە زەویدا، ئەویش ئامانجی جێبەجێکردنی پەیامی مرۆڤدۆستییە کە خوای گەورە خستوویەتە سەر ئەم زەوییە، تا هەستێ بە بەجێگەیاندنی دوو جۆر ئاوەدانی، ئاوەدانکردنەوەی دڵ و جەستەی مرۆڤ، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی بونەوەر ئەویش بەپێی رێساکانی خوای گەورە، ئەم ئامانجانەش ئەرکێکی گەورەو بەرپرسێتییەکی مەزنە خراوەتە ئەستۆی فەرمانڕەواو بەرپرسان و خەڵکانی دەستەڵاتداری خاوەن بڕیار.

لەڕاستیدا گەربێتو مرۆڤ چاودێرییەکی ناوەکی خودی (خوایی) لەسەری نەبێت، یان چاودێرییەکی دەرەکی لەسەری نەبێت کە چاودێری

بکەن لە هەر سەرکێشییەك ئەوا هەتا هەر ئاستێك کەسێکی چاك و شەرەفمەندو بەڕێز بێت هەر ملهوڕ و ستەمکار و خۆ بەزلزان دەردەچێ، چونکە شەیتان دێ لە قاڵبی دەستەواژەی (لەپێناو گەیشتن بە ئامانج ڕێگا والآیە بۆ گرتنەبەری هەر هۆکارێکی ناشەرعی) ناڕەوای بۆ دەڕازێنێتەوە، تا دەیگەیەنێتە باری لەناوچوون و ملهوڕیی و ستەمکارییی، هەر ئەمەش بوو کە بەسەر گەورەمان یوسف و براکانیدا هات، هەر هەموویان لە ماڵی پێغەمبەرایەتیدا پەروەردە بوون، کەچی شەیتان هات پاساوی بۆ رازاندنەوە تا کردەوە قێزەونەکەیان ئەنجامدا، ئەویش کاتێك بە بیانووی پڕوپوچ خەڵەتاندنی تا هەستن بە یەکێك لەم دوو کارە ناشیرینەیان: یان یوسف بکوژن، یان لە پەلوپۆی بخەن تا لە زەویدا سەرگەردان ببێت و نەزانێت چۆن بگەڕێتەوە بۆ لای باوکی، هەموو ئەمەش بەو مەبەستە تا خۆیان: ﴿يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ﴾ سورة یوسف(٩)، ئەم مەسەلەیەش شتێکی نامۆ و سەیرنیە لەسەردەستی هەر مرۆڤێکدا رووبدات کە دەستەڵاتی بەدەست بێت، لە هەرکاتێکدا ئەگەری هەیە گەندەڵیی دارایی یان کارگێڕیی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی لەسەر دەستیدا رووبدات، لەوانەشە لە ڕێگای پاساوی (لەپێناو گەیشتن بە ئامانج ڕێگا والآیە بۆ گرتنەبەری هەر هۆکارێکی ناشەرعی)، کەواتە مرۆڤ تا هەر ئاستێ کەسێکی بەڕێزو شەرەفمەند بێت مادامێ هێزو توانای لەدەستدایە ئەوا بە هیچ جۆر رەوا نیە فەرامۆشبکرێت، خۆی بە تەنها چیدەکات بیکات، بەڵکو دەبێت کۆنترۆڵ بکرێ و لە ڕێگای ئاین و بەڵگەی شەرعییەوە دەستەڵاتەکەی سنوردار بکرێ، ئەویش هەرکات کەدەرووونی خەڵەتاندی و رۆیشت بەرەو پشتگوێخستن و زیادەڕۆیی، چونکە نابێت تەنها پشت ببەسترێ بە هەست و پاڵنەرە ئیمانییەکەی هەرچەندە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و بنەڕەتیە، ئەم مانایە ئەبوبەکری صدیق (خوا لێی رازی بێت) جوان لێی تێگەیشتبوو، کاتێ لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵبژێردرا ببێتە جێنشینی موسڵمانان، ئەوەبوو لە یەکەم بەیاننامەی سیاسی خۆیدا کە خوێندیەوە بۆ گەل ئەم راستییەی

خستەڕوو، وتی: (ئەی خەڵکینە: من کراومەتە بەرپرسی ئێوەو لە ئێوە چاکتر نیم، ئەگەر منتان بینی کە لەسەر حەق و راستیم ئەوا هاوکاریم بکەن، ئەگەر بینیتان هەڵەم کردو لە راستەڕێ لامدا راستمبکەنەوە)، کەواتە چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی فەرمانڕەوای ملهوڕو تاکڕەو مەسەلەیەکی زەرورییە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش کە خۆی دەسەپێنێ بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیدا دەڵێم: ئەو کارەسات و بەڵایەی کە تووشمان بووە بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی حەکیمانەوەیە لە زۆربەی وڵاتانماندا، بەڵگە نەویستیشە کە حاڵی ئەم ئوممەتە چاك نابێت هەتا چاکسازییەکی گشتگیر لە سیستمی سیاسی و فێرکاریی و ئاینیماندا ئەنجام نەدەین، هیچ گومانیشمان لەوە نیە کە سیستمی ئاینیمان سیستمی ژیانە، سیستمی مانەوەو پاکوبێگەردییە، سیستمی ساڕێژکەری هەموو دەردەکانەو شیاوی هەموو کات و شوێنێکە، بەڵام گرفتی ئێمە لە تێگەیشتنمانە لە ئاینەکەمان، چۆن چۆنی لێی تێبگەین؟ چۆن ڕێنماییەکانی بەپێی یاساو ڕێسا خواییەکان دابەزێنینە سەر واقیع، یەکێکیش لە ڕێساکانی خوای گەورە چاککردنی فەرمانڕەواو کاربەدەستی موسڵمانانە، ئەو کەسەی کە بنەمای (الحل و العقد)ی بەدەستە، ڕێنماییکردنیانە تا لەسەر بەرنامەو ڕێبازی حەکیمانەی شەرع بڕۆن بەڕێوە، ئینجا چاودێری جەماوەری لەسەریان دابنرێ، تا هەڵەو لاروچەوتیان راستبکاتەوە، چونکە خوای گەورە ئەقڵی ئوممەتی کاتێ کە یەکبوونیان تێدایە و کۆدەنگن پاراستووە لە گومڕایی، بەڵگەنەویستیشە کە رای دوو کەس لە رای تاکە کەسێك باشتر و راستترە، جا ئەگەر ببێتە رای کۆمەڵیانە ئەوە ئیتر مەپرسە.

ئومێدمان بە خوای گەورە بێسنورە کە باری ئەم ئوممەتە لەسەر ئاستی هەر سێ سیستمی سیاسی و فێرکاریی و تێگەیشتنی ئاینی کە هەڵقولاوی بنەمای میانەڕەوی ئیسلامین چاکبکات، بێ هیچ زیادەڕۆیی یان نواندنی هیچ جۆرە کەمتەرخەمییەك.

## بنەماکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نزاکەی یونس پێغەمبەردا (سەلامی خوای لەسەر بێت)

ئەمڕۆ لەگەڵ نزایەك لە نزاکانی قورئانی پیرۆزدا ژیان دەبەینەسەر، ئەم نزایە هی یەکێك لە پێغەمبەرە نێردراوەکانی خوای گەورەیە کە زاتی پەروەردگار ویستویەتی ژیننامەکەی بکاتە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئێمە، ئەویش گەورەمان یونس ژو النون پێغەمبەرە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، خوای گەورە رەوانەیکرد بۆ سەر قەومی نەینەوا کە ئەمڕۆ پێیدەوترێ شاری موصل، ئەو شارە مێژووییە کە خوای گەورە یونس پێغەمبەری بۆ رەوانەکرد، ئەویش هەستا بە بانگکردنی قەومەکەی و ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێگەیاند، بەلاّم نەهاتن بەدەمیەوە، پاشان خوای گەورە سزای خۆی ناردە سەریان، خوای گەورە بە حیکمەت و دادپەروەری خۆی ماوە بەلایەنی بەرانبەر دەدات تا بچێتەوە بەخۆیدا، ئەو ماوەیەشی دایە خەڵکی موصل، بەلاّم بەرلەوە ماوەکە تەواو ببێت یونس پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) شارەکەی جێهێشت، دانیشتوانی شارەکە دواتر تەوبەیان کردو گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، پەروەردگاریش دەرووی خێری لێکردنەوەو سزاو نارەحەتیەکەی لەسەر هەڵگرتن، یونس پێغەمبەریش هەروەك پەروەردگاری جیهانیان دەفەرمووێ: ﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ، إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ﴾ الصافات (١٣٩-١٤٠)، وشەی (الإباق) تەنها لە نێوان گەورەو بەندە دا بەکاردەهێنرێ، هەروەك بڵێی خوای گەورە یونس دەشوبهێنێ بە بەندەیەکی هەڵاتوو لە پەروەردگارەکەی، ئایا ئەو چۆن هەڵدێت؟ مرۆڤ لە توانایدایە لە شوێنێکەوە هەڵبێت و بڕوات بۆ شوێنێکیتر، بەلاّم ئەگەر خاوەن موڵك و گەورەکە پەروەردگار بێت ئەوا هەمووی زەوی هی ئەو زاتەیە، ﴿إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ﴾ الصافات (١٤٠)، یونس چووە ناو دەریاوە، سواری کەشتییەك بوو کە پڕبوو لە خەڵك، بە قەدەری خوای گەورە شەپۆلە بەهێزەکانی

دەریا دەهاتن بەیەکدا، ترس و تۆقین رووی لە خەڵکەکە کرد، لەو سەردەمەشدا باوەڕو بیربۆچوون وەها باوبوو کە شەپۆلەکانی دەریا بەو بەهێزییە هەڵناچن مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کەسێکی خراپ سواری کەشتییەکە بوو بێت، ئینجا خەڵکەکە لەسەر پشتی کەشتییەکە کەوتنە راوێژکردن بە یەکتری تا بزان چیبکەن، دواجار رێیان کەوت لە رێگاچارەی قورعەکردن و یانسیب لە نێوان سواربووواندا، قورعەکە بەناوی هەرکەسێکەوە دەرچوو ئەوا دەبێت فڕێبدرێتە ناو دەریاکەوە، قورعەکە سێ جار لەسەر یەك بەناوی گەورەمان یونس پێغەمبەرەوە دەرچوو (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئایا بۆچی هەموو جار هەر قورعەکەیان دووبارە دەکردەوە؟ چونکە ئەو میوانیان بوو و خۆیان خەڵکانی هەمیشەیی سەر کەشتییەکە بوون و تەنها ئەوجارە ئەویان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، دەیانویست لە دەریاکە بچێتە دەرەوە تا باری کەشتییەکە سوك ببێت، بەڵام ویستی خوای گەورە شتێکیتر بوو، سێ جار قورعە دووبارکرایەوە پشکەکە هەر کەوتە سەر یونس پێغەمبەر(سەلامی خوای لەسەر بێت).

دواجار فڕێدرایە ناو دەریاوە، نەهەنگ هەڵیگرت و قوتیدا، بەڵام نەمرد چونکە ئەوە قەدەری خوای گەورە بوو، تواناو ویستی خوای گەورە وەهایە دەتوانێ ئاگر بکاتە ساردی و ببێتە مایەی سەلامەتی، سکی نەهەنگ بکاتە شوێنێکی سەلامەت بۆ مرۆڤ، کە رۆح و ئۆکسجین و هەموو شتێکیتری بۆ پاراستنی مرۆڤەکە تێدایە.

ئەوەی کە تەرازووی خوایی دەیخوازێ ئەوەیە کە موعجیزەکان لە تای تەرازووی توانای خوای گەورەدان، نەك لە تەرازووی یاساو رێساکان و هۆکارەکانی خوای گەورەدا بن، راستە رێساکانی خوای گەورە سەرکەوتوو و زاڵن، رێسای گشتی و گشتگیریشن، کەواتە هەردەبێ هۆکارەکان بگیرێنەبەر، مەعلومە کە ئاگر سوتێنەرە، سکی نەهەنگیش بکوژە، ئەمانەش رێساو یاسای خوای گەورەن، بەڵام ئایا

خـوای گـەورە توانـای هەیـە لەسـەر پێشـێلکردن و تێکشـکاندنی ئـەو ڕێسـایانە، بەڵـێ بەدڵنیایـی کـە لەتوانایدایـە، ئـەی چـۆن ناتوانـێ لـە کاتێکـدا زاتـی خـۆی بەدیهێنەریانـە، ئـەو کەسـەش کـە بـە ئاراسـتەی تـای تـەرازووی موعجیـزەکان و تێکشـکاندنی عـادەت هەنگاو هەڵدەگـری و ئـەو قەناعەتـەی هەیـە ئـەوا بـە لێکدانەوەیەکـی سروشـتی و ئاسـایی لێکدانـەوە بـۆ ئـەم مەسـەلانە دەکات، چونکـە ئـەوە هـەر خـوای پاکوبێگـەرد بـوو کـە بـە موعجیـزەی خـۆی یونـس پێغەمبـەری پاراسـت ئەگەرنا ئـەوا ئەگـەر بەپێـی ئەقڵـی مرۆڤ و ڕێسـا خواییـەکان بوایـە دەبـوا بمردایە.

خـۆی فڕێدایـە نـاو دەریـاوە ﴿فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ﴾ الصافات(١٤٢)، بۆچـی لۆمەکـرا؟ چونکـە خـوای گـەورە فەرمانـی پێدابـوو لەنـاو قەومەکەیـدا بمێنێتـەوە، ئـەو خـوا فەرمانـی پێدابـوو، چونکـە دەبێـت ڕۆڵـی پێشـەنگی بگێـڕێ لەناویانـدا، پێشـەنگ دەبێـت لەگـەڵ سـەرئەنجامی قەومەکەیـدا بێـت، لـە چاوەڕوانـی فەرمانـی خـوای گـەورەدا بێـت هـەروەك گەورەمـان لـوگ پێغەمبـەر (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) وەهـای کـرد، هەربۆیـە خـوای گـەورە لۆمـەی کـرد، پاشـان پـەروەردگار بۆمـان ڕوونەدکاتـەوە کـە: ﴿فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ﴾ الصافات(١٤٣) کـە فەرمـووی: ﴿...لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾، واتـە: جگـە لـە زاتـی تـۆ هیـچ خوایەکـی تـر بوونـی نیـە، پاکوبێگـەردی بـۆ زاتـی خـۆت بەڕاسـتی مـن لـە سـتەمکاران بـووم، دەسـتبەجێ ئـەو نزایـەی گەیشـتە عـەرش و خـوای گـەورە بیسـتی، کـە ئـەو بیسـەرو زانایـە بـە بەندەکانـی، فریشـتەکانیش هەمـان نزایـان بیسـت، ئـەو دەنگـە لاوازەیـان بیسـت کـە لـە ناوسـکی نەهەنگەکـەوە هاتـەدەر، ئـەوکات خـوای باڵادەسـت ڕزگاریکـرد: ﴿فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ، لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ الصافات(١٤٣-١٤٤)، مەبەسـت بـەم ئایەتـە پیـرۆزە ئەوەیـە کـە ناوسـکی نەهەنگەکـە دەبێتـە گـۆڕی کاتـی یونـس، نـەك گـۆڕی ڕاسـتەقینە، جـا ئەگـەر ئـەو تەسـبیحات و نزایـەی

نەبوایە ئـەوا ناوسـکی نەهەنگەکـە دەبـووە گـۆڕی یونـس تـا قیامـەت پاشـان خـوای گـەورە لەوێـوە زینـدووی دەکـردەوە، ئەمـەش بـەو مانایـە نایـەت کـە نەهەنگەکـە لـە ژیانـدا دەمێنێتـەوە، بەڵکـو مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە ناوسـکی ئـەو نەهەنگـەی کردووەتـە گـۆڕی هـەروەك چـۆن ئاژەڵـە دڕنـدەکان مـرۆڤ دەخـۆن، ئینجـا قورئانـی پیـرۆز دوای ئــەوە دەفەرمــووێ: ﴿...فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ الانبياء (٨٧)، ئیتـر پـەروەردگاری جیهانیـان ڕزگاری کـرد. ﴿فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ...﴾ الانبياء(٨٧)، ﴿فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ﴾ الصافات(١٤٥)، کاتێـك پـەروەردگار نزاکـەی گیراکـرد فەرمانیـدا بـە نەهەنگەکـە ئەویـش هەڵیهێنایـەوە کەوتەسـەر وشـکانیی، خـوای گـەورەش درەختێکـی کولەکـەی لەسـەری ڕوانـد، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەو درەختـەی خۆشدەویسـت، زانسـتی نوێیـش سـەلماندویەتی کـە ئەو درەختـە چەندیـن ماددەی بەرگـری و دژە بەکتیریـاو دژە خـۆرەی تێدایـە، چونکـە جەسـتەی یونـس پێغەمبەر(سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) تووشـی بەکتریـا هاتبـوو، لێرەشـدا خـوای گـەورە جارێکیتـر هۆکارەکانـی لەگـەڵ موعجیـزەکان هێنایـەوە کایـە، ئەمـەش ڕوونکردنـەوەو ڕێنمایـی پـەروەردگارە کـە هـەرکات مـرۆڤ نەخۆشـکەوت پێویسـتە دەرمانیـش بەکاربێنـێ.

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەربـارەی ئـەو نـزاو دۆعایـەی کـە گەورەمـان یونـس پێغەمبـەر (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) کـردی دەفەرمـووێ: ((ئـەو دۆعـاو نزایـەی یونـس پێغەمبـەر کـە لـە ناوسـکی نەهەنگەکـەدا کـردی، لـە پـەروەردگاری پاڕایـەوە کـە وتـی هیـچ خوایـەك نیـە جگـە لـە زاتـی تـۆ، پاکوبێگـەردی بـۆ تۆیـەو مـن لـە سـتەمکارانم ئـەوا هـەر کەسـێکی موسـڵمان پێـی بپاڕێتـەوە بـۆ هەرشـتێك بەدڵنیاییـی کـە خـوای گـەورە پاڕانەوەکـەی گیـرا دەکات))، ئـەم فەرموودەیـەی خـوای گـەورە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە دەفەرمـووێ: ﴿وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ﴾ الانبياء(٨٨)، ئەمـەش بەڵێنـی خـوای گەورەیـە بـۆ هـەر موسـڵمانێك کـە

لە حاڵەتی نارەحەتی و تەنگوچەڵەمەدا کە لەم رۆژگارەماندا زۆر زۆرن، زۆر لێی بپارێتەوە، بە نزاو پاڕانەوە گەردنکەچی پەروەردگارەکەی بێت.

ئەم پاڕانەوەیە چوار بنەمای سەرەکی تێدایە بۆ رێکخستنی جۆری پەیوەندییەکان لە نێوان موسڵمانانداا، یەکەمین بنەما کە لەم نزاو پاڕانەوەیە هەڵدەگۆزرێ بریتییە لەوە کە دەبێ پەیوەندییەکان تەنها بۆ خواو لەبەر رەزامەندی خوای پاکوبێگەرد بن، لە هەموو شتێکدا پەنا بە خوای گەورە دەگرین، لەبەر رەزامەندی خوا هاورێیەتیت دەکەم، لەبەر خوا خۆشمدەوێیت، لەبەر خوا رقم لە بێباوەڕ و دووڕووە، لەبەر خوا فلانەشت ناگەم، لەبەر خوا چاکە دەکەم، بەم پێیەش ئەوا هەموو کردەوەکانمان بۆ پەروەردگاری مەزن دەبن، جا ئێستە دەپرسین ئایا ئەم مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بە جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە؟ لەڕاستیدا ئەگەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەم بنەمایە بەرپابوون ئیتر هیچ جۆرە منەت کردنێك، هیچ ئازاردانێ، هیچ دووبارەکرنەوەیەکی تێدا نیە، ئەوکات لە هەموو کاتێکدا بە بۆنەو بێ بۆنە بە کەسێك ناڵێیت سوپاس بۆ خوا بەختەوەرمان کردی و ئەوەو ئەوەمان لەگەڵ کردی و.....تادوایی، یان بێیت لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا باسی ئەوە بکەیت کە یارمەتی فلانەکەست داوە، هەرگیز ئەوە روونادات چونکە ئەوە سیفەت و رەوشتی موسڵمانان نیە، شتێکت لەبەر خوا پێبەخشیوە ئیتر لێیگەڕێ با تەنها لە نێوان خۆت و پەروەردگارکەتدا بمێنێتەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿...وَإِنْ تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ البقرة(٢٧١)، بەڵێ دەکرێ ئەم حاڵەتە لە کارە گشتییەکاندا روودات، بۆ نمونە تۆ شت دەبەخشی بە کۆمەڵە خێرخوازییەکان و لەو حاڵەتەدا رێگاپێدراوە بیدرکێنێ ئەویش بە مەبەستی هاندانی کەسانیتر لەسەر خێرو چاکەکردن، بەلأم لە مەسەلەی پەیوەندی و کاروبارە گشتیی و تایبەتەکاندا ئەوا دەبێت تەنها لەبەر خوای

گـەورە بێـت، نابێـت پەیوەندییـەکان لەسـەر منەتکـردن و ئـازار گـەیاندن بـە دڵ بەرپـا ببـن ﴿..كَالَّذِي يُنْفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ...﴾ البقرة(٢٦٤)، زۆربـەی کێشـەکان بـەم هۆیـەوە روودەدەن، هەروەهـا لـە لایـەنی دەروونیشـەوە لـەم مەسـەلەیەدا بەهەمانشـێوەیە، چونکـە ئەگـەر تـۆ لەبـەر خـوای گـەورە پێـی ببەخشـی ئـەوا بەلاتـەوە گرنـگ نیـە ئـەو کەسـە ببینی، یان پاداشـتت بداتـەوەو باشـەت بڵێ، واتـای ئەمـەش لـە فەرمـوودەی خـوای گـەورەدا لـە سـورەتی الانشـراح دایـە، کـە دەبێتـە هـۆی بەختـەوەریـی و سـنگفراوانی: ﴿وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ﴾ الشرح (٨)، بەمجـۆرە هەمـوو حەزەكانـت بـۆ خـوای گـەورە دەبـن، لەبـەر رەزامەنـدی خـوای عـز وجـل دەبەخشـم و لـەو زاتـە بـەولاوە باكـم بـە كـەس نیـە.

بنـەمای دووەم ئەوەیـە کـە مـرۆڤ بەندەیەکـی هەڵـەکارە، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرمووێ: ((هەمـوو نەوەکانـی ئـادەم هەڵـە دەکـەن، باشـترینی هەڵەکارانیـش ئەوانـەن کـە پەشـیماندەبنەوەو تەوبـە دەکـەن))، ئـەمـە واتـای چییـە؟ لا إلـه إلا أنـت سـبحانك، سـبحانك، واتـە خـوا پاکوبێگـەردە لـە هـەر هەڵـەو تاوانێـك، لـە هـەر کەموکووڕییـەك، لـە هـەر جـۆرە شـتێکیتر، هەمـوو ئەمانـەش لـەم بـوارەدا هـەر لەبـەر خـوای گەورەیـە، لە پاکوبێگەردیـدا بـێ هاوەڵـە، ئـەمـە مانـای ئەوەیـە کـە مـرۆڤ هەڵـە دەكات، کەواتـە دەبێـت پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لەسـەر ئـەم قوبوڵکـردن و بەرگەگرتنـە بەرپـا ببـن، چونکـە ئەوەتـا یونـس کـە یەکێکـە لـە پێغەمبەرانـی خـوای گـەورە ئـەو کردەوەیـە لێـی روویـدا ئـەوکات خـوای گـەورە سەرزەنشـتی کـرد، شـتێکی کـردو سـتەمی لـە خـۆی کـرد، بەڵێ تەوبـەو پەشـیمانی بـۆ پەروەردگارەکـەی نوانـد بـەلام هـەر لۆمـەی کـرا، کەواتـە پاکوبێگـەردی هـەر بـۆ خـوای گەورەیـە.

بنـەمای سـێیەم بریتییـە لـە دانپێدانـان و داوای لێبـوردن کـردن ﴿إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ الانبیاء(٨٧)، بـە داخـەوە کـە بنـەمای پۆزشـهێنانەوەو و پرەنسـیپی ئیقرارکـردن بـە هەڵـەو تـاوان پرەنسـیپێکە زۆرێـك لـە خەڵکـی پـەروەردە نەکـراون لەسـەری، بـۆ نمونـە لـە رێوڕەسـمی

ئاشتەواییدا كاتێ داوا لە كەسێك دەكەم پۆزش بۆ براكەی بێنێتەوە ئەو نایەت ئەوە بكات ئەمەش زۆر روودەدات، -زۆر بەداخەوە- كە خۆرئاواییەكان لەم بوارەدا زۆر لە ئێمە باشترن، چونكە ئەوان هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە مندالّ پەروەردە دەكەن لەسەر لێبوردەیی، لەم ماوە رابردوودا لە گەشتێكدا

**بە داخەوە كە بنەمای پۆزشهێنانەوەو و پرەنسیپی ئیقراركردن بە هەڵەو تاوان پرەنسیپێكە زۆرێك لە خەڵكی پەروەردە نەكراون لەسەری**

بووم بەنێو ولاتێكی ئەوروپی دا ئەوەم لێبینین كە مندالآن لەسەر پرەنسیپی لێبوردەیی پەروەردە دەكەن، ئەگەر مندالّێك هەڵەیەكی بەرانبەر بە هاورێكەی لێدەركەوت داوای لێبوردنی لێدەكات، چونكە پۆزشهێنانەوە هەر جۆرە رق و كینەیەك لە دەروونیدا دەسرێتەوە، بەلآم ئەگەر ئەو كەسەت بەبێ پۆزشهێنانەوە بۆ بەرانبەرەكەی هێشتەوە ئەوا لەخۆی بایی دەبێت.

بنەمای چوارەم و كۆتایی: ئەوەیە بەتەنها تۆ نیت كە هەڵە بەرانبەر بە كەسێك دەكەیت، بەڵكو كەسانیتریش هەر هەڵە دەكەن، ئێمە هەمووومان هەڵە دەكەین، كۆمەڵگاش هەرگیز خالّی نابێت لە هەڵە، چونكە كۆمەڵگای ئێمە كۆمەڵگایەكی فریشتەیی نیە، بەڵكو كۆمەڵگایەكی مرۆییەو هەڵەو تاوان تیایدا روودەدات. جا ئەگەر ئەو چوار بنەمایە رێكخران ئەوا ئەوكات دەتوانین وەك برا پێكەوە بژین، هەر بەو شێوەیە كە خوای گەورە داوامان لێدەكات و دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ الحجرات(١٠).

## ئەو کەسانە کێن کە ترسیان لە داهاتوو نیە و خەمی رابردووش هەڵناگرن

(١١) جـۆری مرۆڤ لـە وانـەی کـە ترسـیان لـە داهاتـوو نیـە و بـۆ ڕابـردووش خـەمبـار نابـن ﴿فَمَن تَبِعَ هُدايَ فَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ البقرة: (٣٨)، واتـە: هەرکـەس شـوێن ڕێنمایـی مـن بکەوێـت، ئـەوە نـە تـرس و بیمیـان لەسـەر دەبێـت، نـە غـەمگین و دڵـتەنـگ دەبـن.

﴿مَن آمَنَ بِاللَّهِ وَاليَومِ الآخِرِ وَعَمِلَ صالِحًا فَلَهُم أَجرُهُم عِندَ رَبِّهِم وَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ البقرة: (٦٢)

واتـە: ئەوانـە هـەر دەسـتەیەکیان بـاوەڕی دامـەزراوی هێنـا بێـت بـە خـواو بـەڕۆژی دوایـی و کارو کـردەوەی چاکـەی ئەنجـام دابێـت، بـا ئەوانـە پاداشـتیان لای پەروەردگاریانـە، نـە تـرس و بیمیـان دەبێـت، نـە غـەم و پـەژارەش ڕوویـان تێـدەکات

﴿مَن أَسلَمَ وَجهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحسِنٌ فَلَهُ أَجرُهُ عِندَ رَبِّهِ وَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ البقرة: (١١٢)

واتـە: هەرکـەس بەڕاسـتی خـۆی بداتـە دەسـت خـواو لەهەمـان کاتـدا چاکـەکارو موسـوڵمان بێـت، ئـەوە پاداشـتی خـۆی لای پـەروەردگاری دەسـت دەکەوێـت و نەترسـیان دەبێـت و نەغـەم و پـەژارە دایـان دەگرێـت

﴿الَّذينَ يُنفِقونَ أَموالَهُم في سَبيلِ اللَّهِ ثُمَّ لا يُتبِعونَ ما أَنفَقوا مَنًّا وَلا أَذًى لَهُم أَجرُهُم عِندَ رَبِّهِم وَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ البقرة: (٢٦٢)

واتـە: ئەوانـەی مـاڵ و داراییـان دەبەخشـن لـە ڕێگـەی خـوادا، دوای ئـەوە بەخشـینە هیـچ جـۆر منەتێـك نانێـن و هیـچ جـۆرە ئازارێـك ناگەیەنـن، (ئەوانـە) تەنهـا پاداشـتیان لای پەروەردگاریانـە، هیـچ تـرس و بیمیـان لەسـەرنیە (لـە کـەم و کووڕیـی پاداشـت و تەنگانـەی قیامـەت)، غـەم و پـەژارەش ڕوویـان تێنـاکات.

﴿الَّذين يُنفِقونَ أَموالَهُم بِاللَّيلِ وَالنَّهارِ سِرًّا وَعَلانِيَةً فَلَهُم أَجرُهُم عِندَ رَبِّهِم وَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ البقرة: (٢٧٤)

واتە: ئەوانەی ماڵ و سامانیان دەبەخشن، بەشەو و بە ڕۆژ، بە نهێنی و بە ئاشکرا، ئا ئەوانە هەر پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، ترس و بیمیان لەسەر نییە و ئەوان (لە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەدا) خەفەتبار نابن.

﴿إِنَّ الَّذينَ آمَنوا وَعَمِلُوا الصّالِحاتِ وَأَقامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكاةَ لَهُم أَجرُهُم عِندَ رَبِّهِم وَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ البقرة: (٢٧٧)

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و نوێژەکانیان بەچاکی بەجێهێناوە و زەکاتیان داوە، تەنها پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، ئەوسا نە ترس و بیمیان لەسەرە، نەغەم و پەژارە دەیان گرێتەوە.

﴿وَلا تَحسَبَنَّ الَّذينَ قُتِلوا في سَبيلِ اللَّهِ أَمواتًا بَل أَحياءٌ عِندَ رَبِّهِم يُرزَقونَ فَرِحينَ بِما آتاهُمُ اللَّهُ مِن فَضلِهِ وَيَستَبشِرونَ بِالَّذينَ لَم يَلحَقوا بِهِم مِن خَلفِهِم أَلّا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ آل عمران: (١٦٩-١٧٠)

واتە: هەرگیز وامەزانن و وادامەنێن ئەوانەی لەپێناوی خوادا شەهیدبوون و کوژران، مردوون، نەخێر وانیە، بەڵکو ئەوانە زیندوون، لای پەروەردگاریان لە ڕزق و ڕۆزیی (هەمەجۆرو تایبەت) بەهرەوەرن. زۆر دڵخۆش و شادمانن بەو بەخشش و زیادە فەزڵەی کە خوا پێیبەخشیوون، مژدەش دەدەن بەوانەی هێشتا بەوان نەگەیشتوون و (شەهید نەبوون) کە بێگومان هیچ ترس و بیمێکیان لەسەر نییە، هیچ غەم و پەژارەیەکتان بۆ پێش نایەت (لە بەجێهێشتنی دنیا).

﴿فَمَن آمَنَ وَأَصلَحَ فَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ الأنعام (٤٨)

واتە: جا ئەوەی ئیمان و باوەڕ بهێنێت و چاکسازی بکات، ئەوە نەترس و بیمیان لەسەرە، نە غەمبار دەبن.

﴿فَمَنِ اتَّقى وَأَصلَحَ فَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ الأعراف (٣٥)

واتـە: جـا ئـەو کەسـەی بـە تەقـواو لـە خـوا تـرس بێـت ئـەوە ترسـیان لەسـەر نیـە و دڵگـران و غەمبـار نابـن.

﴿أَلا إِنَّ أَولِياءَ اللهِ لا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ یونس (٦٢)

واتـە: ئاگاداربـن کـە بەڕاسـتی چـاکان و خۆشەویسـتانی خـوای میهرەبـان نەتـرس و بیـم ڕوویـان تێـدەکات (لـە سـەرە مـەرگ و لـە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا)، نەغـەم و پـەژارە و دڵتەنگـی دایـان دەگرێـت (بەڵکـو فریشـتەکان بەڕووخۆشـیەوە مـژدەی سـەرفرازی و خۆشـنوودیان دەدەنـێ)...

﴿إِنَّ الَّذينَ قالوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ استَقاموا فَلا خَوفٌ عَلَيهِم وَلا هُم يَحزَنونَ﴾ الأحقاف (١٣)

واتـە: بەڕاسـتی ئەوانـەی کـە دەڵێـن: پەروەردگارمـان اللـه یـەو، پاشـان پابەنـدی ئـەو ئیمانـە دەبـن و ڕاسـت وڕەوان پەیـڕەوی دەکـەن و لەسـەری بەردەوامـن، ئەوانەهیـچ جـۆرە تـرس و بیمێکیـان لەسـەر نیـە و دڵتەنـگ نابـن...

خـوای گـەورە بمانگێڕێـت لـەو کەسـانەی هیـچ تـرس و خەمێکیـان نابێـت..

# خوێندنەوە بۆ کتێبی فیقهی پێوان (فقه المیزان)ی دکتۆر عەلی قەرەداغی

## نوسینی: دکتۆر محمد صەڵابی

## بەشی یەکەم

## کلیلی کلیلەکان بۆ تێگەیشتن لە زانستە ئیسلامی و مرۆییەکان

### ١-١ بۆچی لە بواری (فقه المیزان) دەنوسرێت؟

١-٢ بەڕێز دکتۆر عەلی قەرەداغی لە پێشەکی کتێبەکەیدا (فقەالمیزان) باس لەوە دەکات کە چارەکە سەدەیەك سەرقاڵ بووە بە بیرکردنەوە لە نوسین لەسەر ئەم بابەتەو لە مێشکیدا پرسیارێکی بۆ دروست بووە، لەو کاتەوە کە لەیەکێك لەشەوەکاندا قورئانی خوێندوەو گەیشتۆتە ئایەتی ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ کە ئایەتی (٢٥)ی سورەتی (الحدید)ە، هەمان شتیش لە سورتی(الشوری) دووبارە بۆتەوە کە دەفەرموویّت ﴿اللهُ الَّذِي أَنْزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ * وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ﴾.

شێخ قەرەداغی دەڵێت هەستێکی نامۆ و سەرسورهێنەرم بۆ دروستبوو پێستم گرژبوو، لەوکاتەدا کە هۆشیار بوومەوە بۆم دەرکەوت کە دادگەری بەهۆی قورئان و پێوەرێکەوە جێبەجێ دەبێت، ئێمە کتێبەکەمان ناسیوە بەوەی کە قورئانەو لەلایەن خواوە نێردراوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، بەڵام ئایا ئەو پێوەرە چیە کە پێویستە لەگەڵ قورئاندا هەبێت و بەهۆیەوە دادگەری لە گوفتار و تێگەیشتن و کردەوەدا جێبەجێ دەبێت.

قەرەداغی لە ڕێگەی کتێبی تەفسیرەوە گەڕاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئیشکالە زانستیە لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە: ئەو پێوەرە بە بڕوای ئەو لە ڕێگەی ئەو توێژینەوە فراوانەی کە کردوویەتی دادەندرێت بە باشترین پێوەر بۆ تێگەیشتن لە شەریعەت بە شێوەیەکی قووڵ و ڕاست و باش، هەروەها ئەمە هۆکارێکە بۆ

نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان زانایان و هاوڵاتیانی ئوممەتدایە، ئەو وای دەبینێت کە فیقهی میزان پێوەرێکی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە قورئان و فەرموودە، لە ڕێگەی تویژینەوەو چاوگێڕان بەکتێبەکانی زمانەوانی و ئایەتە قورئانیەکان و فەرموودە پیرۆزەکان، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە فیقهی میزان چەند مانایەکی هەیە.

مەبەست لە (فقه المیزان) بریتیە لە زانینی ئەو پێوەرانەی کە بەکاردێن بۆ هەڵسەنگاندنی ئیسلام لە رووی عەقیدەو شەریعەو پرۆگرامی ژیان و مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بابەتێکدا بەپێی پێوەرێکی تایبەتی، هەروەها زانینی پێوەرەکانی هەڵسوکەوت و مامەڵەو ئەحکامە شەرعیەکان و پێوانیان لەدوو تای تەرازوودا بۆ ئەوەی بگەینە فیقهێك و فیکرێکی هاوسەنگ.

**١-٣ پێوەری مەعنەوی:**

دکتۆر قەرەداغی باس لەو پێوەرە مەعنەویە دەکات کە بۆ هەڵسەنگاندنی بەهاو ئەخلاق و ئادابەکان بەکاردێت، هەروەها لە ڕێگەی بەڵگەکانەوە لەوە تێدەگەیت کە ئەم گەردوونە لەسەر بنەمای هاوسەنگیەکی زۆر ورد دارێژراوەو بچوکترین کەم و کوڕی و ناتەواوی تیایدا دەبێتە هۆی وێرانبوون و هاتنی ڕۆژی دوایی.

هەریەك لە زەوی و ئاسمانەکان و ئەستێرەکان و کۆمەڵەی خۆر، هەریەکەیان هاوسەنگیەکی تایبەتی هەیە، هەریەك لە دروستکراوەکان پێوەری تایبەتی خۆی هەیە، بەم هۆیەشەوە گەردوون وەك پێکهاتەیەکی هاوسەنگ و جێگیر دەردەکەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ مَوْزُونٍ﴾ الحجر (١٩) دکتۆر قەرەداغی بۆمان ڕووندەکاتەوە کە فیقهی ئەولەویات بەشێکە لە مەنزومەی فیقهی میزان و هاوکاریمان دەکات لەسەر وەرگرتن و تێگەیشتنی، بەڵام لەلایەکی ترەوە فیقهی میزان جیاوازە لە فیقهی (المقاصد) ئامانجەکان، چونکە دەگەڕێت

بەشوێن دانانی تەرازوو و پێوەر بۆ هەموو بابەتێك و شتێك، بەڵام لە هەمانكاتدا دابڕاو نیە لە فیقهی ئامانجەكان، چونكە ئەمیش پێویستی بە پلەكانی (بەرژەوەندی و خراپە ) هەیە. ئەمیش بۆ ئەوەی كە پێوەرێكی بۆ دابنێت و بۆ هەریەكەیان كێشی خۆی پێبدات لە لیستی كێشە شەرعیەكان.

**١-٤ پێوان و دانایی:**

دكتۆر قەرەداغی ئەوەمان بۆ روونەكاتەوە كە فیقهی پێوان لەناو بازنەی داناییدایەو لەگەڵیدا گونجاوە، چونكە دانایی بریتیە لە دانانی شتێك لەشوێن و كاتی خۆیدا.

لەبەرئەوە پێوان داناییەكی دابەزێندراوە، هەردووكیان بەشێكن لە (تەوفیقاتی خوا) كە دایدەبەزێنێ سەر دڵی پێغەمبەران و بەندە خواناسەكان، بەڵام فیقهی میزان لە رێگەی چەند پێوەرێكی چەسپاوەوە دیاری دەكرێت.

فیقهی میزان كلیلی كلیلەكانە بۆ تێگەیشتن لە شەریعەت، بە یەكێك لە زانستە بنەڕەتی و بنچینەییەكان دادەندرێت نەك زانستێكی لاوەكی بێت، پێوەرێكە بۆ تێگەیشتن و ئیجتیهاد و دەرهێنانی بۆچوونی نوێ، تەواوكەری زانستی (ئوسولی فیقە و ئامانجەكانی شەریعەتە)، چونكە پێوەرێكی زۆر وردە بۆ تێگەیشتنێكی ورد و هەڵێنجانی قووڵ و ئیجتیهادێكی رێك لەهەموو كاروبارە بنەڕەتیەكانی ژیاندا.

> **فیقهی میزان كلیلی كلیلەكانە بۆ تێگەیشتن لە شەریعەت، بە یەكێك لە زانستە بنەڕەتی و بنچینەییەكان دادەندرێت نەك زانستێكی لاوەكی بێت**

دکتۆر قەرەداغی وا دەبینێت کە فیقهی میزان پێویستی بە (زانستێکی باش هەیە لە زانستی زمان و ئوسوڵی فیقە و تەفسیر و فەرمووده‌و زانستەکانی قورئان و فەرمووده....هتد. هەروەها پێویستی بە سروشتێکی پاك و عەقڵێکی ڕۆشن و بیناییەکی وردو ئیرادەیەکی بەهێزو وردبوونەوە هەیە بەبێ سەرسوڕمان، هەروەها پێویستی بە ژیان هەیە لەگەڵ دەقەکان بەبێ دابڕان، هەرکەسێکیش ئەم فیقهە بەتەواوی وەربگرێت پێویستی بەوە هەیە کە بە تازەگەریی و نوێبونەوە رازی بێت، جا ئەمە هەر زانایەك بێت، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ناکرێت ئەو کەسە پێوەرێکی هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچوونی کەسانی تر، بەڵام بۆچوونەکانی خۆی هەڵنەسەنگێندرێن.

**١-٥ پێوان و ئیجتیهاد:**

فیقهی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن ئەگەر باش فێری ببن و وەربگیرێت هۆکارە بۆ نەهێشتنی جیاوازیەکان لە دەقە چەسپاوەکان و لە بابەتە ئیجتیهادیەکانیشدا جیاوازی کەمدەکاتەوە، چونکە لەو کاتەدا پێوەرێك هەیە کە بۆی دەگەڕێنەوە و تێگەیشتێکی هاوبەشی لێوەردەگرن، هەروەك روونمانکردەوە کە موجتەهید ئەگەر بیەوێت بۆچوونەکەی ورد و قووڵ بێت پێویستی بە فیقهێکی پێوانەکردنی تایبەت هەیە لە بواری شەریعەت و ژیاندا.

هەروەها موفتی کاتێك کە فەتوایەك دەدات ئەو موجتەهید نیە، ئەو لەرێگەی فیقهی میزانەوە نەبێت ناتوانێت هەڵسەنگاندن بکات بۆ بۆچوونی زانایان و پێوەرێکی ورد دابنێت. ئەگەر لەلای موجتەهید و موفتی و توێژەر فیقهی پێوانەکردن نەبێت، ئەوکاتە ناتواندرێت لە رێگەی پێوەری عیبادەتەکانەوە بۆچوونەکانی بچەسپێنێت لەسەر پێوەرەکانی وەك عادەت یان بەپێچەوانەوە، هەروەها پێوەری سیاسەت بەهەمانشێوە لەسەر ئەوەکانی تر یان پێوەری دیار لەسەر نادیار، چونکە لەو کاتەدا گرفتێکی گەورە دروست دەبێت و هەڵەش لە فەتواو ئیجتیهادەکەدا روودەدات.

هەروەها وای دەبینێت کە گرنگی فیقهی میزان خەڵك دەپارێزێت لە کەوتنەناو تێکەڵبوون و دوو دڵی بۆ نمونە:

کاتێك کە یەکێك ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە کە دەفەرموویێت ﴿يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ﴾ البقرة (٢٧٦) لەم کاتەدا ناتوانێت لەوە تێبگات کە کەمکردنەوەی سوو و زیادکردنی زەکات، کەمبوونێکی رواڵەتی ماددیە، دەبێت ئەوە تێبگات کە ئەمە پێوەرێکە بۆ خوا خۆی نەك پێوەرێك بێت بۆ خۆشەویستی دنیا و ماددە، هەروەها ناکرێت وەها لەم فەرموودەیە تێبگەین کە ( بۆنی دەمی رۆژووەوان لەلای خوا لەبۆنی میسك خۆشترە) لەمەوە دەبێت تێبگەین کە ئەو پێوەرەی لای خوا هەیە پێوەرێکی تایبەتە، هەروەها کاتێك ئەو ئایەتانە دەخوێنیتەوە کە باس لە عەرەق دەکات لە بەهەشتدا کە نابێتە هۆی سەرخۆشبوون و زیانگەیاندن، لەم کاتەدا خوێنەر ناتوانێت لەو ئایەتانە تێبگات تەنیا کاتێك نەبێت کە دەبێت بزانێت کە پێوەرەکانی رۆژی دوایی جیاوازن لە پێوەرەکانی دنیا.

**١-٦ پێوەرە چەسپاوەکان لە قورئان و فەرموودەدا (پێوەری ماددەو مانا):**

تێگەیشتن لە پێوەرە چەسپاوەکان لە قورئاندا وەك قەرەداغی باسیان دەکات نابێت کەس لێیان بێبەش بێت، دەبێت موجتەهید لەپێناو ئیجتیهادێکی ورد و سەرکەوتوودا پشتی پێببەستێت، موفتی پێویستی پێیەتی بۆ فەتوایەکی باش و سەرکەوتوو، توێژەر دەبێت شارەزایی هەبێت لێی ئەگەر دەیەوێت توێژینەوەکەی سەرکەوتوو بێت، موسڵمانی شەقامیش گەر دەیەوێت بگاتە تێگەیشتنێکی باش و قەناعەتێکی چاك دەبێت لێی شارەزا بێت.

دکتۆر قەرەداغی لە رێگەی ئەم کتێبە تازەیەوە توانیویەتی بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە بگاتە دانانی بۆچوونێکی سەرکەوتووی نوێ لەمبارەیەوە، بە بڕوای ئەو فیقهی پێوانکاریی هەموو بوارەکانی عەقیدەو شەریعەت دەگرێتەوە، ئەوەشی روونکردۆتەوە کە دادگەری

لە پێوەرە مادديەكانەو جێبەجێ نابێت تەنها لە ڕێگەی پێوەرێكی وردەوە نەبێت، هەروەها شتە مەعنەويەكانیش پێويستە پەيوەست بكرێنەوە بە پێوەرێكی مەعنەوييەوە.

پێوەرەكان لە قورئان و فەرموودەدا هەن و پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان بەكاريانهێناون، ئەمەش لە كتێبی فيقهی پێوانكاريدا ڕوونكردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی بەم ئايەتە هێناوەتەوە كە دەفەرمووێت ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ الحديد (٢٥) دكتۆر قەرەداغی دەڵێت: ئەگەر تەرازوو بەكاربێت بۆ كێشانەكردنی خورما و گەنم و جۆ و ..هتد لە شتە مادديەكان، ئايا چۆن نابێت كێشانەيەك هەبێت بۆ ماف و بەرپرسياريێتی و ناسينی خواو ئەوەی كە ناردوويەتی بۆ ڕێنمايی خەڵك؟ خوای گەورە لە قورئاندا باس لە دابەزاندنی كێشانەو تەرازوو دەكات لەگەڵ قورئاندا بۆ جێبەجێ بوونی دادگەريەكی تەواو بۆ ماددەو مانا.

ئەوە شتێكی زاندراوە كە دادگەريی تەنها بەم كێشانە ماددیە جێبەجێ نابێت، بەڵكو پێويستە هەردوو لايەنی ماددی و مەعنەوی بەيەكەوە بن، كێشانەی مەعنەوی بە بۆچوونی دكتۆر قەرەداغی ئەو شتەيە كە بەهۆيەوە ڕاستی لە ناڕاستی، خێر لە شەڕ، ڕێنمايی لە گومڕايی، بێباوەڕی لە ئيمان، چاكە لە خراپەو مافی بەندەو مافی خوا و فەرمانەكان و ڕێگريەكان لە يەكتری جيادەكاتەوە و ئەمەش ويستێكی خواييە.

بۆ ئەم تێگەيشتنە قووڵە بەڵگە دەهێنێتەوە بە سورەتی الرحمان دوای ئەوەی باس لە فێركردنی قورئان و دورستكردنی مرۆڤ و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە دەكات و بەراوردی دەكات بەبەرزكردنەوەی ئاسمان هەر وەك دەفەرمووێت: ﴿الرَّحْمَنُ* عَلَّمَ الْقُرْآنَ*خَلَقَ الْإِنْسَانَ*عَلَّمَهُ الْبَيَانَ *الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ*وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ* وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ* أَلَّا تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ*﴾ ئەم پێوەرانە

لەگەڵ قورئاندا دابەزیون و تیایدا چەسپاون، لە ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەکانی راشدیندا سودیان لێوەرگیراوە و جێبەجێ کراون، هەروەها کێشانەو پێوەرەکان زۆر بە روونی دیارن و ئێمە دەتوانین سودیان لێوەربگرین و بیانچەسپێنین.

**١-٧ پێوەری تایبەت:**

دکتۆر قەرەداغی لەم کتێبەدا زۆر هەوڵیداوە ئەم پێوەرانە و پلەکانیان و کارەکانیان ئاشکرا بکات، پاشان دایبەزێنێتە سەر ئەو پێوەرە تایبەتە کە دەیەوێت، ئەوەش زۆر بە دانایی یان لە رێگەی دەق و روونکردنەوەی پێوەرەکان و دانانی هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدا.

دکتۆر قەرەداغی وا دەبینێت کە فیقهی میزان فیقهێکی هاوسەنگە بەبێ شلگیری و زیادەڕەویی یان کەمکردن و زیادکردن، ئەمیش حاڵەتەکەی وەك حاڵەتی زانستی ئوسوڵ وایە کە پشت دەبەستێك بەبنەماکانی، ئیمامی شافعی هات گرنگیدا بەم زانستەو هێنایە پێشەوەو بنەماکان و بنچینە و رێساکانی کۆکردەوە و دەستیکرد بە ئیشکردن لەسەریان و جێبەجێی کردن، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی وەك زانستێکی گەورە، پاشان ئەوانەی دوای ئەویش هاتن و گەشەیان پێدا، هەروەها زانستی (مقاصد) واتە ئامانجەکانی شەریعەت هەموو بەڵگەو بنەماکانی لە قورئان و فەرمووده و رای زانایاندا هەبوون بەڵام لەدوای ئەوە ئیمامی شایتبی دێت و دەیکاتە زانستێکی سەربەخۆ، هەروەها ئەم کتێبەی دکتۆریش لەم بوارەداو ئەو زیادەکاریە نەوعیەی کە بۆی کردووە کە کەلێنێکی گەورە لە کتێبخانەی ئیسلامی پڕەکاتەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانایان و قوتابیانی زانست، هەروەها مەبەست و ئامانجی ئەم کتێبە، بریتیە لە هاوکاری قوتابیان و توێژەران، بۆ ئەوەی بگەنە راو فیقهێك و بۆچوونێك و حوکم و مامەڵەو بۆچوونێکی هاوسەنگ لە هەموو ئەو بوارانەی کە باسمان کردن.

## خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی فیقهی پێوان
## (فیقە المیزان) دكتۆر عەلی قەرەداغی[١٤]

**ن. دكتۆر محمد سەللابی**

**بەشی دووەم**

### كلیلی كلیلەكان بۆ تێگەیشتن لە زانستە ئیسلامی و مرۆییەكان

ئـەم وتـارەم بـۆ خوێندنـەوەی كتێبـی (فقـه المیـزان)ی دكتـۆر عـەلـی قەرەداغـی تەواوكـەری وتـاری پێشـوومە، كـە بـاس لـە پێوەرەكانـی ئـەم فیقهـە و بنەماكانـی فیقهێكـی هاوسـەنگ دەكات بـۆ گەیشـتن بـە راسـتی و میانڕەویـی، هەروەهـا ڕەنگدانـەوەی فیقهـی میـزان لـە ژیاننامـەی پێغەمبـەر (ﷺ) و خەلیفەكانـی راشـدین (خـوا لێیـان رازی بێـت) دەكات، چونكـە دادپـەروەری تـەواو ناچەسـپێت تەنها لـە ڕێگـەی بوونـی پێوەرەكانـی داد نەبێـت لـە رووی مـاف و ئەركەكانـەوە و زانینـی هەمـوو كارەكان و هەمـوو بەرپرسـیارێتیەكان، ئەمانـە دەبێـت بـە پێـوەری راسـت و دروسـت و گونجـاو لەگەڵیـدا هەڵسـەنگێندرێن، ئەویـش لەژێـر رۆشـنایی شـەریعەتی ئیسـلامی و بنەماكانـی و ئەزموونـەكان و ئوممـەت و ئاینـدەیـدا.

**١- فیقهی پێوان (فقه المیزان)، بنەماكان و ڕەگەزەكانی:**

دكتـۆر قەرەداغـی لـە كتێبەكەیـدا بـاس لـە بنەمـا و ڕەگەزەكانـی فیقهـی پێـوان دەكات، روونیكردۆتـەوە كـە بـۆ هەمـوو حوكمێكی شـەرعی سـەنگی تایبەتـی خـۆی هەیـە، بەهاكەشـی لـە ڕێگـەی ئـەوەوە دەبێـت كـە دەبێـت بخرێتـە تـەرازوی تایبەتیـەوە، لێـرەدا پێـوەر هەیە تایبەتـە بە دنیـا و پێوەریـش هەیـە تایبەتەبـە دوارۆژ.

پێـوەر هەیـە بـۆ جیهانـی فیزیـك، پێوەریـش هەیـە بـۆ جیهانـی میتافیزیـك، پێـوەر هەیـە بـۆ شـەڕ و ئاشـتی، پێـوەر هەیـە بـۆ بانگـەواز، پێوەریـش هەیـە بـۆ حوكمـە شـەرعیەكان كـە بەهۆیـەوە سـەنگی هـەر حوكمێكـی شـەرعی دەناسرێت، پێـوەر هەیـە بـۆ مـاف و ئەركـەكان كـە

١٤ سەرچاوە: علي محيي الدين القرداغي، فقه الميزان، إستانبول، دار النداء، ط١ ٢٠١٨، ٣٣٥ ص.

بەهۆیەوە هەریەك لە ماف و ئەركەكان دەناسریێن.

پێوەر هەیە بۆ هاوسەنگی كردن لە نێوان زانستە مرۆییەكان و زانستە شەرعیەكان، چونكە لەم رێگەیەوە هەر حوكمێك دەناسریێت كە ئایا فەرزی كیفایەیە یان فەرزی عەین یان سوننەتە یان مباح.

پێوەر هەیە بۆ بەرژەوەندی و بۆ گەندەڵی، لەناو ئەم پێوەرانەشدا پێوەری جیاواز هەیە لە رووی بەهێزی و لاوازی و تاك و كۆمەڵ و دەوڵەتەوە.

پێوەرەكانی نەگۆڕ و گۆڕاوەكان، كە بەهۆیەوە سەنگی نەگۆڕەكان و گۆڕاوەكان دەزانریێت، هەروەها هەریەك لە نەگۆڕەكانیش و گۆڕاوەكانیش سەنگی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەك چۆن بۆ پێوانی شتە ماددیەكان و شیكاركردنیان پێوەری خۆی هەیە، پێویستە بۆ شتە مەعنەویەكانیش بنەمای تایبەتی خۆی هەبێت كە جیاواز بێت لەوانەی پێش خۆی.

دكتۆر قەرەداغی لە كتێبەكەیدا باس لە پێوەرەكانی كێشان دەكات، ئەوە روندەكاتەوە كە لە قورئاندا كۆمەڵێك پێوەر هەیە بۆ زانینی ئەوەی كە لە چوارچێوەی بەهاو ئەحكامە شەرعی و چالاكی و بەرپرسیاریێتیەكان كامیان سەنگی زیاترە یان كێشی كەمترە، واتە هەموویان لەیەك ئاستدا نین، ئەگەر سەیری دەقەكان بكەین پێمان دەڵێن كە گەورەترین تاوان بڕیاردانی هاوەڵە بۆ خوا، بەڵام تاوان لەوە بچوكتر هەن كە مایەی لێخۆشبوونی خوان، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا﴾ سورة النساء (٤٨)، لەدوای ئەوەوە حەوت یان نۆ تاوانە گەورەكە دێت، كە شەرع بە لەناوبەر ناویان دەبات، پاشان باس لە تاوانە گەورەكانی تر و بچوكەكان و سوربوون لەسەریان دەكات، پاشان باس لە تاوانە بچوكەكان دەكات بەبێ سوربوون لەسەریان، كە خوای گەورە بە (اللمم) ناویان دەبات، دەفەرموویێت: ﴿الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلا اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَ﴾ سورة النجم (٣٢) هەروەها

دەفەرموویت: ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ﴾ سورة هود (١١٤)، بەم شێوەیە فەرمانەکانی خوا ریز دەکرێن کە لە یەکەمیاندا فەرزکردنی ئیمان هەیە بە شەش ئەرکانەکەیەوە، لەناو ئەم ئەرکانانەشدا ریزبەندیی تر هەیە، باوەڕبوون بەخوای گەورە دەکەوێتە لوتکەوە، پاشان پێنج ئەرکانەکانی ئیسلام کە ریزکراون لە شایەتی دان کە لە پلەی یەکەمدایە پاشان نوێژ و رۆژ و حەج و ریزکراون.

**٢- فیقهی پێوان و ئاستی کردەوەکان:**

دکتۆر قەرەداغی لە کتێبەکەیدا باس لە ئاستی کردەوەکان دەکات، ئەویش بەپێی زانینی پێوەرەکان، ئەوەش روونده‌کاتەوە کە پێوەرەکان و ئاستە مەعنەوییەکان ناکۆتان، پاشان باس لە هەڵسەنگاندن دەکات لەناو دەقەکاندا وەك دەڵێت:"هەڵسەنگاندن لەناو دەقەکاندا پێویستی بە تێگەیشتنی قووڵ هەیە،لە زانیتی ئوصوڵی فیقە و ئامانجەکانی شەریعەت و زمانی عەرەبی و سیاق و چاودێری بنەماکانی تەرجیح و تەوفیق".

لە کتێبەکەیدا توێژینەوەیەکی گرنگ دەکات بۆ هاوسەنگی لە نێوان گەردوون و مرۆڤ و شەریعەت، ئەوەش روونده‌کاتەوە کە ئیسلام هەمووی لەسەر تێگەیشتنی دوالیزمەیی بنیاتنراوە. واتە خوێندنەوەی تاك لایەنە نیە، فیقهی پێوان ئامانجی گەیشتنە بە ئاینێکی هاوسەنگ و فیکر و شارستانیەتی

**دکتۆر قەرەداغی وا دەبینێت کە جێبەجێکردنی فیقهی میزان بەوردی ئەنجامەکەی گەیشتنە بە راستی و میانڕەویی و دادپەروەری، گەردوونیش لەسەر هاوسەنگی بنیاتنراوە**

هاوسەنگ، بۆ ئەم مەبەستەش لە بواری عەقیدە و شەریعەت و دنیا و دوارِۆژ و عیبادەت و عیبادەتەکان و مامەڵەی دارایی و شارستانی نمونە دەهێنێتەوە.

### ٣- فیقهی پێوان و میانڕەویی:

دکتۆر قەرەداغی وا دەبینێت کە جێبەجێکردنی فیقهی میزان بەوردی ئەنجامەکەی گەیشتنە بە راستی و میانڕەویی و دادپەروەری، گەردوونیش لەسەر هاوسەنگی بنیاتنراوە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ مَوْزُونٍ﴾ سورة الحجر (١٩) مرۆڤ لە رووی دروستبوون و پێکهاتە ماددییەکان هاوسەنگە، دەفەرموویێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾ شەریعەت لە خودی خۆیدا هاوسەنگە، چونکە لەلایەن خوایەکی داهێنەری گەورەوە هاتووە، ئەمەش لە ئایەتی ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾ سورة الملك (١٤) دەبینرێت، لێرەدا ئیشکالیەت لە تێگەیشتن و دابەزاندنیدایە بە شێوەیەکی ورد، لەبەرئەوە پێویستە تێگەیشتنێکی هاوسەنگ و فیقهێکی هاوسەنگ هەبێت بۆئەوەی هەڵسوکەوت و مامەڵە شەرعیەکانمان هاوسەنگ بێت.

دکتۆر لەبەشی سێهەمدا باس لە مەشروعیەتی فیقهی پێوان دەکات، ئەوەش روونەکاتەوە کە خوێندنەوەیەکی نەگۆڕە لەم شەریعەتە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی ئایەتی قورئان دەهێنێتەوە، وەك ئایەتی ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ سورة الحديد (٢٥)، ئەوەش روون دەکاتەوە کە ئەو پێوەرەی باسکراوە ئەو پێوەرانە نین کە ماددەی پێ دەپێورێت، چونکە شتە ماددیەکان لەسەر زەوی ناسراون و پێوەرەکانیان دیارە، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی بریتیە لە رێنمایی خوا کە قورئان و رێبازی پێغەمبەرەکیەتی (ﷺ).

لە رێگەی کێشان و پێوانەکان ماف و ئەرك و ئەحکام و عەقیدەکان دەپێوێت، واتە پێوەرەکان بواری ماددی و مەعنەوی دەگرێتەوە، قورئانیش ئەوە روونەکاتەوە کە هەموو شتێك لەسەر پێوەرێکی

تایبەت دانراوە، زەوی و ئاسمانەکان هەریەکەیان پێوەری تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەری وەستاوە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ﴾ سورة الرحمن (٧)، یان دەفەرموویێت: ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ﴾ سورة الحجر (١٩)، تەنانەت پێوەرەکانی رۆژی دوایی جیاوازن لە پێوەرەکانی دنیا، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا﴾ سورة الأنبياء (٤٧).

### ٤- فیقهی پێوان لە ژیاننامەی پێغەمبەردا (ﷺ):

دکتۆر قەرەداغی زیاد لە ٢٣ ئایەت بە نموونە دەهێنێتەوە، بە روونی باسی ئەوە دەکەن کە هەموو شتێك پێوەرێکی خۆی هەیە ئەویش بۆئەوەی ژیان بە رێکی بڕوات، ئەوە زانراوە کە تەنها بە پشت بەستن بە پێوەرە ماددیەکان دادگەریی ناچەسپێت، دادپەروەریی تەواو جێبەجێ نابێت تەنها بە بوونی پێوەرەکانی داد نەبێت لە رووی ماف و ئەرکەکانەوە، چونکە دەبێت هەر کردار و بەرپرسیاریەتێك بزانرێت و هەریەکەیان بە پێوەرێکی راست و گونجاو بزانرێت، ئەوەی روونکردۆتەوە کە هاوەڵە بەڕێزەکان زۆر بەشوێن ئەوەدا گەڕاون کە پێوەری سەنگەکان بزانن، چونکە قورئانی پیرۆز ئەو رێکخستنە باش و بەهێز و بەڕێزەی فێرکردبوون، هاوەڵان پرسیاریان لە باشترین و چاکترین دەکرد، هەروەها پرسیاریان لە دڵسۆزی و خراپی دەکرد، دەگەڕان بەشوێن ئەو کردارە باشەدا کە بیانخاتە بەهەشت، ئەوان لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گوێیان لە وەڵامی تەواو دەبوو لەمبارەیەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پەروەردەیەکی پڕاکتیکیان هەبوو، پێغەمبەری خوا پێشەنگ بوو بۆیان،لەسەر فیقهی پێوان و هاوسەنگی پەروەردەی دەکردن.

دکتۆر لەم کتێبەدا بەدرێژی باس لە ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات، جەخت لەوە دەکات کە ژیان لەسەر کۆمەڵێك پێوەری ورد بنیاتنراوە، لەهەڵسوکەوت و چالاکی و مامەڵەی لەگەڵ خەڵکدا، پێغەمبەر (ﷺ) پێوەرەکانی لە قورئان وەرگرتووە، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خۆشی قورئانێکی زیندووبوو لە نێویدا جوڵاوە.

کۆمەڵێك نمونە دەهێنێتەوە کە پەیوەندن بە خوێندنەوەیەکی گشتگیرەوە، ئەوەش لە یەکەم سورەت و یەکەم ئایەتدا کە دابەزیە سەر پێغەمبەر (ﷺ) بۆئەوەی ببێت بە بەڵگە لەسەر بەهێزی کێش و قورسایی لە دەروونی پێغەمبەردا (ﷺ)و دروستکردنی ئوممەت، چونکە بەبێ بوونی ئەمە وێناناکرێت، کارەکە بە زانست و یەکتاپەرستی دەست پێدەکات، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ﴾ سورة محمد (١٩)، زانست پێش کردەوەیە مەرجێکە بۆ راستی ئیمان و شتی تر، لەمەوە تێدەگەین کە تەرازووی خوێندنەوەی گشتی رەها بۆ پەرتوك و گەردوون و مرۆڤ تایبەت نیە بە قورئان و ئاین، ئەوەش تێدەگەین کە تەرازووی راست ئەوەیە کە لەژێر سێبەری عەقیدە و ئەخلاقدا بێت ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ سورة العلق (١)، هەروەها خوێندنەوەی ئازاد لەژێر سێبەری کەرامەتی مرۆڤ و مافەکاندا ﴿اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ﴾ سورة العلق (٣)، واتە رێزگرتن لە مرۆڤ، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە فەرمانەکانی خوا گرنگی دەدەن بە گەورەیی رەوشتی پێغەمبەر (ﷺ)و گەشەکردن و پەروەردەی لەپێش فەرمانکردن بە بانگەواز، فەرمانی پێدەکات بە شەونوێژ و خوێندنی قورئان ﴿يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ* قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ سورة المزمل (١-٢)، هەروەها فەرمان دەکات بە یادی زۆری خوا و خۆیەکلاکردنەوە بۆ عیبادەتکردنی بە دڵسۆزی ﴿وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا﴾ سورة المزمل (٣)، پاشان فەرمانی پێدەکات بە بانگەواز ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ*قُمْ فَأَنْذِرْ﴾ سورة المدثر (١-٢)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پەروەردەو گەشەپێدانی دەروون، پێش فەرمانکردنە بە بانگەواز و بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی.

لێرەدا سێ سورەت هەن کە تیایاندا خوای گەورە گوتارەکەی روو دەکاتە پێغەمبەر (ﷺ):

**یەکەم:** ئیسلام خاوەنی سیستمێکی فێرکاریی و خوێندنەوەیەکی گشتییە لە سورەتی (العلق)دا.

**دووەم:** بۆ پەروەردەو گەشەی دەروونی پێغەمبەر (ﷺ)و خۆ

ئامادەکردنـی بـۆ هەڵگرتنـی ئـەو ئەمانەتـە گـەورەیـە لـە سـورەتی (المزمـل)دا.

**سـێیەم:** دەسـتکردن بـە بانگـەواز و پێداویسـتیەکانی لـە سـورەتی (المدپـر)دا، ئـەو رێکخسـتنە لـە ئەوپـەڕی هاوسـەنگی و ئاراسـتەکردنی ئوممەتـە بـۆ بانگـەواز.

لێـرەدا دکتـۆر لـە ژیاننامـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆ چۆنیەتـی جێبەجێکردنـی فیقهـی پێـوان چـەندان نمونـە دەهێنێـتەوە، بۆ نمونـە لـە دیلەکانـی شـەڕی بـەدر و راوێژکـردن پێیـان، هەروەها پابەندبوونی بـە پەیـام و بەڵێنـەکان لەگـەڵ پشـتیوانان، هەروەها فیقهـی پێـوان لـەوەی پەیوەنـدی هەبـوو بـە جەنـگ و ئاشـتی، دکتـۆر قەرەداغـی فیقهـی پێوانـی لـەلای پێغەمبـەر (ﷺ) روونکردۆتـەوە لـەو رووداوانـەی کـە پشـتی بـە راوێـژ بەسـتووە و زۆرینـەش قبوڵکـردووە، هـەروەك لـە جەنگـی خەندەقـدا بینیمـان، ئـەوەش رووندەکاتـەوە کـە پێـوەری نوێکردنـەوە پشـت دەبەسـتێت بـە پـلان و کـەڵك وەرگرتـن لـە ئەزموونـی ئەوانـی تـر و راوێـژی بـەردەوام، ژیاننامـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـە نمونـە دەهێنێتـەوە، بـۆ تەئصیلـی چەمکـی فیقهـی پێـوان، زۆر فراوانـی کـردووە ئەویـش لـە ڕێگـەی هەڵسـوکەوتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـۆ خۆئامادەکـردن بـۆ رزگارکردنـی مەککـە، فیقهـی پێوانـی تایبـەت بـە جەنـگ رووندەکاتـەوە لـە رووی نهێنـی و شـاردنەوەو پابەندبوونـی هاوەڵانیـش پێیـەوە .

هەروەها بـاس لـە فیقهـی پێوانـی (شـکۆ) دەکات، وەك ئـەوەی یەکێك لـە سـەرەتای ئیسـلامدا بـە هێزبێـت و بەشـداری لـە شـەڕی گـەورەی بـەدرا کردبێـت، ئـەوە بـوو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە (حاتبـی کـوڕی ئەبـی بەلتەعـە) خۆشبـوو کـە لـە رووداوە گرنگەکـەدا پێچەوانـەی رای پێغەمبـەر (ﷺ) جولایـەوە.

دکتـۆر قەرەداغـی نمونـەی زۆر لـە فیقهـی پێـوان دەهێنێـتەوە، وەك رزگارکردنـی مەککـەو هەڵسـوکەوتی پێغەمبـەر (ﷺ)و سیاسـەتی شـەرعی و بەدەسـتهێنانی بەرژەوەنـدی و دوورخسـتنەوەی خراپـەو گەندەڵیـی.

بە پوختی ئەوەی دەرخستووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێوەرەکانی جێبەجێی کردووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەمان پێدەدات کە پێویستە ئێمە لە ژێر سایەیدا تیۆریزەو تەئصیل بکەین، لەمەوە تێدەگەین کە پێوەری شەڕ جیایە لە پێوەری بانگەواز و مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا، پێوەری سیاسەتی شەرعی جیایە لە ژینگەکانی تر چونکە پێوەری جەنگ بریتیە لە پێوەری توندوتیژی و دڵرەقی و سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکاندا، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی هەموو هۆکارەکان لە رووی لێبوردەیی و سازش کردن، بەمەرجێك ئەو سازشکردنە لەسەر شتە نەگۆڕەکان نەبێت، ئەوەش لە پەیمانی ئاشتی حودەیبییەدا بە نمونەی جۆر بەجۆر رووندەکاتەوە، ئەوەش رووندەکاتەوە کە پێوەری سیاسەتی شەرعی پشت دەبەستێت بە نیەتی باش و هێنانەدی بەرژەوەندی و دوورخستنەوەی خراپە و گەندەڵیی، ئەمەش بەپێی شوێن و کات و کەسەکان و تازەگەری و پێشخستن و داهێنان و توانا و لێهاتن دەگۆڕێ.

### ٥- فیقهی پێوان و جێنشینەکانی راشدەکان:

دکتۆر قەرەداغی لە پرۆژەی کتێبە نوێیەکەیدا باس لە بابەتی فیقهی پێوان دەکات لەلای خەلیفە راشدەکان وەك بە دادوەری کردنی عەقڵ و بەرژەوەندی گشتی، دواى ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە بۆلای خوا.

کاتێ لەدوای پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوبەکر وەك یەکەم خەلیفە دانرا؟ چۆن هەستا بە پێشخستنی پێوەری مافی گشتی بەسەر پێوەری فەرزە فەرعیەکاندا، خەلیفە ئەبوبەکر هەستا بە جێبەجێکردنی فیقهی پێوان لە زەکاتدا، بەهایەکی گەورەی بۆ زەکات دروستکرد لە دەوڵەتدا و تەنها وەك فەرزێك سەیری نەکرد، ئەوەشی روونکردەوە کە زەکاتدان لە پێوەری مافەکانی دەوڵەت و ئوممەت و برایەتی ئیمانیە، دژ بەوانەش وەستا کە رێگربوون لە دانی، ئەم کارەی بەشێك بوو لە فیقهی پێوان، رێگەی نەدا ئامانجەکەیان بێتەدی، توانی کارەکە بگەڕێنێتەوە دۆخی خۆی و مافی گشتی خستنە پێش فەرزە فەرعیەکان.

باس لەوەش دەکات کە ئەبوبەکر لە کۆکردنەوەی قورئاندا راوێژی بە عومەری کوڕی خەتاب کردووە، چونکە پشتگوێخستنی دەبێتە هۆی مەترسیەکی گەورە، ئەمەش لەوە گەورەترە بڵێی کارێکە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە.

ئەبوبەکر و عومەر(خوا لێیان رازی بێت) ئەوەیان بەرهەمهێنا کە پێوەری (مقاصد) ئامانجەکان بۆ جێبەجێکردنی فیقهی میزان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب زۆر گەورەترە لە پێوەرە رووکەشەکان،، لە سەردەمی عوسمانیشدا هەموو خەڵکی لەسەر یەك نوسخە و لەسەر یەك جۆر خوێندنەوەی قورئان پابەندکرابوون، ئەوەی کە عوسمان کردی لە سوتاندنی نوسخەکانی تری قورئان بۆ دوورخستنەوەی ئاژاوەبوو، چونکە وای دەبینی کە گەڕانەوە بۆ نوسخەکەی ئەبوبەکر پێویستە و دەچێتە بواری فیقهێکی میزانی وردەوە.

بەڵگەش بە فیقهی میزان دەهێنێتەوە کە ئەمیری موسڵمانان عەلی کوری ئەبو تالیب لە چۆنیەتی رووبەرووبونەوەی خەواریجەکان کە لەدژی وەستانەوە، چونکە ئەو وای دەبینی کە پارێزگاری کردن لە یەکڕیزی ئوممەت زۆر باشترە لە پەنابردن بۆ کوشتار و خوێنرشتن، لەبەرئەوە هەموو جۆرە شێوازێکی پەیڤین و گفتوگۆی لەگەڵدا بەکارهێنان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر رێچگەی عەقڵ، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری بۆکردن کە دەتوانن لەسەر بۆچوونەکەیان بمێننەوە، بەومەرجەی کە چەك دژی دەوڵەت هەڵنەگرن، بەڵام ئەوانی تر سور بون لەسەر بۆچونەکەیان و وتیان پێویستە شەڕ لەدژیان بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمیری موسڵمانان لە جەنگکردن لەگەڵ خەواریجەکاندا کۆمەڵێك پێوەری دانا کە جیاواز بوو لە شەڕکردن لەگەڵ ناموسڵمانانەدا، ئەو فەرمانی دەرکردبوو کە سەروەت و سامانیان غەنیمەت نیەو ژنەکانیان نابنە کەنیزەك، بریندارەکانیان ناکوژرێن و پێویستە چارەسەر بکرێن.

**٦- كورتەو پوختەی فیقهی پێوان:**

لە گرنگترین هەنگاوە پراكتیكیەكان دكتۆر عەلی لە كتێبی (فقه الميزان) دا باسیان دەكات بریتین لەم خالأنەی خوارەوە:

**هەنگاوی یەكەم:** دەرخستنی پێوەرە چەسپاوەكان لەقورئان و سوننەت و ژیاننامەی پێغەمبەردا

١- پێوەرەكانی جیهانی عەقیدە بە هەموو پێوەرەكانیەوە:

أ- پێوەری جیهانی میتافیزیك و فیزیك.

ب- پێوەری دنیاو رۆژی دوایی.

٢- پێوەری عیبادەتە سەرەكیەكان و دروشمەكان و پێوەركانی عادەت و عیبادەتە ناسەرەكیەكان.

أ- پێوەری بیدعە حەرامەكان و پێوەری بیدعە پێویستەكان لە رووی شەرعەوە.

ب- پێوەری روخسەت و پێوەری عیبادەتەكان.

٣- پێوەرەكانی مامەڵەی دارایی.

٤- پێوەرەكانی خێزان و ئەوەی پەیوەستە پێیەوە لە ژن و ژنخوازی و خەرجی و میرات.

٥- پێوەرەكانی جیهاد و شەڕ و ئاشتی.

٦- پێوەرەكانی سزادان و سنورەكانی شەرع.

٧- پێوەركانی سیاسەتی شەرعی و ئەوەی پەیوەستە پێیەوە.

٨- پێوەركانی شەرع و هەست و سۆز و...هتد.

**هەنگاوی دووەم:** دیاریكردنی پێوەرێك بۆ ئەو مەبەستە یان چالاكیە یان حوكمە:

هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانەی كە پەیوەندیان بە توندوتیژی و دڵڕەقی و كوشتارو ..هتد.. هەیە پێوەری شەڕ و جەنگ و بەرگری بەسەریدا جێبەجێ دەبێت، ئەو ئایەت و فەرموودانەش كە تایبەتن بە نەرم و نیانی و قسەی خۆش لەگەڵ ناموسڵمانان و ..هتد پێوەری ئاشتی و بانگەواز بەسەریدا جێبەجێ دەبێت.

**هەنگاوی سێیەم:** کە ئەمەش دوای تەواوبوونی هەنگاوی دووەم دێت، دوای ئەوەی هاوسەنگی دروست دەبێت لە رووی هێزەوە.

هەروەها باس لە فیقهی ئەولەویات و فیقهی رێکخستن و هاوسەنگی دەکات، ئەوەش روونیدەکاتەوە کە پێوەرەکان زۆرن و جۆراوجۆرن، بەڵام مەرجەعی هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ تەرازوویەکی دوولا کە دەبێت دوو تای هەبێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش گەردوون بەهەموو شتێکیەوە لە ئاژەڵ و رووەك و گەردەکانی ماددەوە لەسەر بنەمای جووت دروستبوون، خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنْفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ سورة يس (٣٦)، گەردوون هەمووی لەسەر بنەمای جووت دروستبووە، ئەوەی یەکە تەنها خودایە، شەریعەتیش بۆ روونکردنەوەی ئەو بەشانەیە لە رێگەی پێوانەیەکی زۆر وردەوە بۆ هێنانەدی دادپەروەریی.

هەروەها بۆ روونکردنەوەی پێکهاتەی ئەو بەشانەیە کە لە نێرو مێ و نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ و ئەرك و بەرپرسیارێتی و خێرو شەڕو خۆشی و ناخۆشی و بەهەشت و ئاگرو سزاو پاداشت و ماددەو مانای رووکەش و ناوەخن و ..هتد پێکدێن. ئەویش لەرێگەی پێوەری زۆر وردەوە، بۆ هێنانەدی دادپەروەری لە نێوان هەموو خەڵکدا و وننەبوونی گەردێکی بچوك لە خێرو شەڕ، خوای گەورە دەفەرموویێت ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ﴾ سورة الزلزلة (٧-٨).

دکتۆر عەلی لەبەشی دووەمی کتێبەکەیدا باس لە دابەزاندنی فیقهی پێوان (میزان) دەکات بۆ سەر واقیع (لایەنی پراکتیکی)، لە تەوەری یەکەمدا باس لە پێوەرەکانی پێشکەوتن و عەقیدەو عیبادەت دەکات، لە تەوەری دووەمدا باس لە پێوەرەکانی ئابووریی و مامەڵە دەکات، لە سێهەمدا باس لە پێوەرەکانی تێگەیشتن لە بەڵگەکان دەکات، ئەمەش ئەو پێوەرانە دەگرێتەوە کە لە تێگەیشتنی قورئان و سوننەتدا بەکاردێن و زۆر گرنگن.

**پوختە:**

ئـەم كتێبـی (فقـه الميـزان)ەی دکتـۆر عـەلـی قەرەداغـی دەتوانێـت ببێتـە مەرجـەعێکـی نـاوازە، هەروەهـا زیادەکاریەکـی جۆرایەتیـە لـە فەرهەنگـی ئوممەتـدا بـۆ ناسـاندنی ماناکانـی قورئـان و سـوننەت لەژێـر سایەی ئامانجـەکان و بنەمـاکان و واقیـع، هەروەهـا ئـەم کتێبـە بەهایەکی کـرداری مەنهەجـی خـۆی هەیـەو دەتوانرێـت پشـتی پێببەسـترێت و شـتەکان لەسـەری بنیـات بنرێـت و لـە رووی ماددی و مەعنەویەوە کەڵکی باشـی لـێ وەربگیرێـت، لەمەشـدا گرنگـی کتێبەکـە زۆرتـر دەردەکەوێـت.

لەلایەکـی تریشـەوە ئەرکـی سەرشـانی قوتابیان و زانایانـە لە رۆژهەڵات و رۆژئـاوا، کـە پشـت بـەم کتێبـە ببەسـتن و دیـدو بۆچوونـی نوێـی لێهەڵبگـوازن بـۆ تێگەیشـتن لـە دەقەکانـی قورئـان و ژیاننامـەی پیـرۆزی پێغەمبـەر و هەڵسـوکەوتە شـەرعیەکان و ئیجتیهـادە خەلیفەکانـی راشـیدین و ئەوانـەش کـە لـەدوای ئەوانـەوە هاتـوون، بـۆ چەسـپاندنی فیقـە و ژیربێـژی زانسـت و بەڵگـە بەهێـزە و متمانـە پێکـراوەکان لـە بەڵگـەی چەسـپاو بـۆی روونکردوونـەوە، مـن بـۆ خـۆم لـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە سـودی زۆرم وەرگـرت، لـە کاتـی خوێندنـەوەدا بـە حـەزو تاسـەوە لـە بەشـێکەوە دەچـووم بـۆ بەشـێکی تـر، داواش لـە قوتابیـان و زانایانـی ئوممـەت دەکـەم ئەوانیـش بیخوێننـەوەو کەڵکـی لـێ وەربگـرن، داواش لـە خـوای گـەورە دەکـەم ئـەم کارە بخاتەسـەر تـای تـەرازووی چاکەی خاوەنەکـەی...

**والحمد لله رب العالمين وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

## پەیامی کۆرۆنا بۆ جیهان..
## بۆچی هاتووم و چیمدەوێ؟
## دەستپێکی پەیامەکەم بۆ سەرتاسەری جیهان

باوەڕم وانیە ئێوە من نەناسن، بەڵام با هەر پێناسەی خۆمتان بۆ بکەم: من ئەو ڤایرۆسەمە کە نەخشەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆتانم گۆڕی، هەستام بە تێکدانی سیستەمی جیهانیی لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی و ئاینییەوە، هێشتا هەر لەباری شایلۆغان و دەستەڵاتی خۆمدام و لە سەرەوە بۆتان دەڕوانم، من خاوەنی سوپایەکی بەهێزم لە ئاسیاو ئەورووپاو ئەمەریکا و چین کە شوێنی لەدایکبوونمە، من ڤایرۆسێکی زیرەك و بچوکم و لە پێشڕەویدام، پێشکەوتنی هۆکارەکانی هاتووچۆ یارمەتی زۆریاندام و بە ئیسراحەتەوە لەسەر پشتی ئەوان دێم و دەچم. توانیم چەندین چەمك بشێوێنم و سەرەوژێریان بکەم، توانیم سیستەمی وەبەربردنی نوێ پێکبێنم، توانیم کەلتورێکی نوێ بێنمە کایەوە.

> من ئەو ڤایرۆسەمە کە نەخشەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆتانم گۆڕی، هەستام بە تێکدانی سیستەمی جیهانیی لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی و ئاینییەوە

من ئەو ڤایرۆسە نەناسراوەم کە پێشتر جارێك بە ناوی (سارس) و جارێکیتر بەناوی (تاعون) دەرکەوتووم، ئەمجارە ئێوە ناوتانناوە بە: (کۆرۆنا، یان کۆفید ١٩).

• من ئەوەم کە هەموو جیهانم بە یەکسانی خستووەتە بەر باری دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقین و شپرزیی، جیاوازی ناکەم لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەرداردا،

لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا.

• من ئەو ڤایرۆسەم کە دژ بە ئابووری ستەمکاریی جیهانیی وەستامەوەو سنورێکم بۆ دانا، بوومە هۆی زیانپێگەیاندنی بڕی شەش تریلیۆن دۆلار بۆی.

• من ئەوەم کە بوومە هۆی داڕوخانی بۆرسەکانی جیهان و هەموویانم کردە ڕەنگی سوری مەترسیدار.

• من ئەوەم کە بوومە هۆی دابەزینی سەروەت و سامانی (٥٠٠) ملیاردێرەکەی جیهان و بەڕادەی نزیکەی (٥٠٠) ملیار دۆلار زیانم پێگەیاندن.

• من ئەوەم کە بوومە هۆی دابەزینی نرخی نەوت بۆ ڕێژەی زیاتر لە ٥٠٪ لە نرخی پێشووی.

• من ئەوەم کە بوومە هۆی وەستانی جووڵەی فڕۆکەوانی و کەشتییەکان بەشێوەیەکی نزیك لە تەواو وەستانیان، کە بووە هۆی دابڕینی جیهان لە یەکتر، بە ناچارکردنی خەڵکی کە بە زۆرەملێ لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە، بوومە هۆی داخستنی هەرچی شوێنی خواردنەوەو رابواردن و ئاهەنگ و سەما و هۆڵی بۆنەکان هەیە، تەنانەت کۆبوونەوەی سەرۆکەکان و وەزیرەکانم راگرتووەو ناچارم کردووم لە ژووری داخراودا و لەڕێگای ئۆن لاینەوە کۆببنەوە.

• دواجار من ئەوەم کە بوومە هۆی مردن و نەخۆشخستنی دەیان هەزار کەس و زۆریی تریش بەڕێوەیە.

ئایا ئێوە دەزانن کە من ئەمانەم بەویست و خواستی خۆم نەکردووە، بەڵکو من یەکێکم لە سەربازەکانی خوای باڵادەست، ئێستە ئەم پەیامە پێیە بۆتان:

١- تا بیرتان بخەمەوە کە زۆربەتان درۆتان کرد لەگەڵ بەڵگەنامەکانی ناڕەزایەتی مافەکانی مرۆڤ، ئا ئەوەتا ئێستە بەوەی کە ئێوە ئەنجامتان دا دنیاتان پڕکردووە لە ستەم و گەندەڵییی، ئێوە نەهاتن ستەمکاران و فەرمانڕەوا ملهوڕەکان بوەستێنن لەو گەندەڵییی و ملهوڕیی و ستەم و کوشتن و چەوساندنەوەو ئازاردانی گەلە چەوساوانە کە ئەنجامیدەدەن، بەڵکو تەنانەت سوتاندنی خەڵکانی بێتاوان لە چەندەها گۆڕەپاندا، خۆتان لە ئاست ئاهوناڵەی ژوورە تاریکەکان کەڕ کرد، لە جیاتی ئەوە هاتن بە

تەنیشت ئەو ستەمکارانەوە وەستان و لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی و ئابووری خۆتان پشتگیریتان لێکردن، ئەمەش بەجۆرێکە ئەو مرۆڤە کە ڕێزدارترین بەدیهێنراوی خوایە چەوسێنرایەوەو ئەشکەنجەدراو کۆت و بەندو زەلیلکرا بە ئاستێکی وەها کە ڕێز و کەرامەت و ئازادییەکەیی لەدەستدا.

٢-ئەوە ئێوەن کە جیاوازی چینایەتیتان قووڵکردەوە، منیش ویستم هەژارانتان بیربخەمەوە کە لە ئەمڕۆدا ژمارەیان لەم جیهانەدا دەگاتە نزیکەی یەك ملیار مرۆڤی نەدار کە بژێوی ڕۆژانەیان نیە، توانای دابینکردنی خۆراکیان نیە و بێ خواردن و بێ پۆشاك و بێ ماڵ و حاڵ سەردەنێنەوە، ڕۆژانە دەناڵێنن بەدەست هەژارییەوە، ئەگەر ئێوە دەیەکی ئەوەی کە بۆ نەهێشتنی منی (کۆرۆنا) خەرجتان کرد بتاندایە بەوان ئەوا ئەوان دەوڵەمەند دەبوون.

٣- ئەوە ئێوەن کە خەمسارد و شلگیربوون لە سەرخستنی ستەملێکراوان، لەجیاتی ئەوە کەوتنە بازرگانیکردن بە کێشە ڕەواکانیان و هاتن پشتگیریتان کرد لە فەرمانڕەوا بکوژەکان، بۆیە ویستم ئەو پەنابەرو ئاوارانەتان بیربخەمەوە کە خاك و وڵاتیان لەدەستچوو و بوونە خۆراکی نەهەنگ و گیاندارانی دەریا، ئەویش بەوەی ئێوە کە لاقرتیتان هات بە ژیانیان، ئەگەر ڕێژەی (٥٪)ی ئەو پارەیەی کە بەهۆی منەوە لەدەستتاند، بۆ ئەوانتان خەرجبکردایە ئەوا دەکەوتنە ژیانێکی ڕێزدارو لە بژێوییەکی کەرامەتداردا دەژیان.

٤- ئێوە ئەوەن کە هەستان بە قایمکردنی شورا پارێزەرەکانتان تا ئاسایشی خۆتان و ماڵ و خێزانەکانتان بپارێزن، من هاتم بۆتان تا بەڵکو دەیەها ملیۆن کەسانی بێباوك و منداڵتان بیربخەمەوە کە نە ماڵ و حاڵیان هەیەو نە کەس لە خەمی فێرکردن و پەروەردەیاندایە، نە کەسیش بە خەمی دابینکردنی ئاسایشی خۆراکیی و تەندروستیانەوەیە، خۆتان بینیتان کە بەهۆی برسێتی و نەخۆشییەوە بە ملیۆنەها کەسیان لێ دەمرێ و تەختی زەوی دەبن، ئەگەر ئێوە هەستانایە بە دابینکردنی بڕی (٣٪) لەو پارەیەی کە بەهۆی منەوە خەرجتان کردووە لە دەستتاندا، ئەوا ئەوانیش بەشی خۆیان خۆراك و فێرکردن و تەندروستییان بە نەسیب دەبوو.

٥- ئێوە ئەوەن کە بازاڕەکانتان قۆرخکردووەو هەلی کارتان لەدەست هەژاراندا نەهێشتووە، با دەیان ملیۆن بێکارتان لە لاوان بیربخەمەوە کە لە دووی کارێك دەگەڕێن تا بژێوی ڕۆژانەیان بەدەستبێنن. کە ئەوانە نە ئەتوانن خێزان پێکبهێنن و نە بژێویەکی ڕێزدارنە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، جا ئەگەر ئێوە ڕێژەی (٢,٥٪ ) ی ئەو پارەیەی کە لە مندا لەدەستتاندا بۆ ئەوانتان خەرجبکردایە ئەوا ئاواتە ڕەواکانی ئەوانیش جێبەجێ دەبوون.

٦- هاتم تا بیرتان بخەمەوە کە ئێوە لە ئاستی ئەو گەندەڵانەدا کە سەروەتی گەلانی ستەملێکراویان حەپەلوشکرد بێدەنگبوون و بەپێچەوانەوە هاتن مامەڵەتان کرد لەگەڵیاندا.

٧- هاتم تا سەرئەنجامی خراپی مەترسی ستەمکردن لە گەلانتان بیربخەمەوە، بە گۆڕین و ساختەکردن لە مێژوو، ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ ڕابەرایەتی جیهان دەکات هات بەپاڵ داگیرکارانەوە وەستاو کە مافی خۆیان نیە ئەوەی بۆی ئیمزاکردن وەك پێدانی قودسی پیرۆز، هاوکات دەیەوێت بە بەکارهێنانی ملیارەها دۆلار حەق بکاتە ناحەق، دەی بڕۆن ئەوە ئێوە ئەوە ملیارەکانتان کە بوونە پوش و پەڵاش و با بردنی.

دواجار وا ئێستە بیرتان دەخەمەوە کە زۆربەتان خوای گەورەی لەبیرکردووە، پشت و پەنای بووەتە مادده بەس، ئەمەش بە ئاستێکی وەهایە کە بوونەتە ماددەپەرست و زانستە پێشکەوتووەکان دەپەرستن و بەدیهێنەرەتان لەبیرچووەتەوە، دەی وا من هاتم تا خوای بەدیهێنەر و بەتواناتان بیربخەمەوە، تا بە دڵێکی زەلیل و نزاو پاڕانەوەی بە کوڵ بگەڕێنەوە بۆ لای خوای بالادەست.. ﴿فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ سورة الأنعام (٤٣)

لە کۆتاییدا دڵنیاتان دەکەم من لەدوای تەواوبوونی ئەو ڕۆڵەی پێم سپێردراوە دەڕۆم، بەڵام با بزانن کە تا ئێوە ئەمە کارتان بێت جارانی ترم لەپێشە کە بەناوی تری نوێوە دەردەکەوم و دیمەوە ناوتان مادامێ ئێوە خۆتان نەگۆڕیوەو نەچوون بەرەو چاکەو چاکەکاریی.

بێزارکەرو ژیان تێکدەرتان کۆڕۆنا

## نوێترین ڕێنمایی جەنابی دکتۆر عەلی محیّدین قەرەداغی دەربارەی ئەم بارودۆخە نەخوازراوە کە بەسەر جیهاندا بەگشتی و جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەتی تێدەپەڕێ

بسم الله الرَّحمن الرَّحيم

﴿فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ سورة الأنعام (٤٣)

موسڵمانانی بەڕێز، مرۆڤدۆستانی بە غیرەت و ویژدان زیندوو لە هەر کوێیەك هەن، سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت.

پێمباش بوو لەم کاتە هەستیارو مەترسیدارەدا بە هۆی ئەو پەتا کوشندەیەوە کە ئەمڕۆ بەسەر جیهاندا بە گشتی و بەسەر جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەتی تێدەپەڕێ، بیری هەموولایەك بخەمەوە کە:

نزاو پاڕانەوەی بە کوڵ و نواندنی بێدەستەڵاتی لە خزمەت خوای باڵادەستدا لە کاتی هاتنی نەخۆشی و دەردو بەڵادا کە لە شەرعدا داواکراوە، بریتی نیە تەنها لە أستغفر الله کردن و و پاڕانەوەو نوێژکردن و قورئانخوێندن، بەڵکو نزاو پاڕانەوەی بە کوڵ بریتییە لە ئەنجامدانی هەرشتێکی تری چاك بەپێی کات و شوێن و زەرورەتی خۆی، بۆیە دەڵێم: کەسی خاوەن سەروەت و سامان کە لە ئەمڕۆدا هەڵدەستێ بە بەخشینی بەشێك لە ماڵە حەڵاڵەکەی ئەوا بەدڵنیایی کاری پاڕانەوەی بە کوڵ ئەنجامدەدات، تەنانەت بە پێشخستنی پێویستی کەسانی نەدار بەسەر پێویستی تایبەتی خۆیدا، بە پەلەکردن لە ئەنجامدانی خێرکردن و پێشبڕکێ تیایدا، کەسی خاوەن پلەوپایەش بە داکۆکیکردن و بەرگریکردن لە مافی زەوتکراوان و یارمەتیدانی ستەملێکراوان و بەرجەستەکردنی دادپەروەرییی، بە هەوڵدان بۆ

رزگارکردنیان لە بەندیخانەکان و گێڕانەوەی مافە ڕەواکانیان ئەوا نزاو پاڕانەوەی بە کوڵ ئەنجامدەدات.

کەسی خاوەن زانستیش کاتێ زانستەکەی دەبەخشێ ئەوا بە بەخشینی زانستەکەی لەپێناوی خوای گەورەدا جۆرێك لە پاڕانەوە ئەنجامدەدات، بە وەڵامدانەوەی پرسیار و فەتوادان، بەوە دبێ زانستخوازان فێربکات، یارمەتیان بدات لەسەر گرتنەبەری ڕێگای کامڵبوون و حەقیقەت...

لەبەرئەوە لە ئەمڕۆدا زیاتر لە هەر کاتێکیتر داوا لە چاکەخوازان و خێرخوازان دەکەم هەرچی لە توانایاندایە بیبەخشن، بە ئاستێکی وەها کە پێداویستی کەسانیتر بخەنە پێش پێداویستی خۆیان، بە زەکاتدان و خێرکردن، بەڵکو بە پێشخستنی کاتی زەکاتدان بۆ ماوەی دوو ساڵ تا یارمەتی هەژاران بدرێ، تا کارەساتی نەخۆشی و هەژاریی و برسێتی لە یەك کاتدا کۆنەبنەوە لەسەریان، تا ترسی بژێوی بەخێوکردنی خێزان و منداڵ لەسەریان بڕەوێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووی ﴿**من نَفَّسَ عن مؤمن كرُبة من كُربات الدنيا نفس الله عنه كُربة من كُرب يوم القيامة، و من يسَّر على مُعسِر يَسَّرَ الله عليه في الدنيا والآخرة**﴾ پێشەوا موسلیم و کەسانیتریش گێڕاوینەتەوە.

واتە: (هەرکەس ناڕەحەتییەك لە ناڕەحەتییەکانی دنیا لەسەر باوەڕدارێك هەڵبگرێ و دووریبخاتەوە لێی، ئەوا خوای گەورە ناڕەحەتییەك لە ناڕەحەتییەکانی ڕۆژی قیامەتی لێ دووردەخاتەوە، هەرکەسیش ئاسانکاری بکات لە دانەوەی قەرزی قەرزارێکدا کە قەرزەکەی بۆ نادرێتەوە ئەوا خوای گەورە لە دنیاو قیامەتدا ئاسانکاری بۆ دەکات). دەسا هیممەت بفەرموون ئەوەی لەتواناتاندایە درێغی لێمەکەن، خوای گەورە لێتان قوبوڵ بکات.

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته.

## پەیامێك لە دڵەوە...

**السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته**
**سڵاوی دڵسۆزیی و خۆشەویستیی**

هەستمکرد ئەرکی سەرشانمە کە لەم بارودرخە هەستیارەدا دڵنیاببم لە ساغ و سەلامەتی هەمووان خۆشەویستی و پێزانین و رێزم بۆیان هەیە، لە حاڵەتی نیشتەنی و تەنیایی و لە جموجووڵمدا بە دڵ و بەکوڵ لە خوای گەورە پاڕامەوە خوای گەورە ئێمەو ئێوەو خانەوادەو و هەموو خۆشەویستان و براکانتان لەشساغ بکات و تەندروستی سەلامەتی بە هەموولایەك ببەخشێ.

خوای گەورە بتانپارێزی لە خراپی ئەم دەردە کوشندەیە و هیتریش، دەرووی خێر لە ئێمەو ئێوەش بکاتەوە، لێی پاڕامەوە ئەم رۆژانەتان بە باشتر لە جاران لێ بگوزەرێنێ، ئەم تاقیکردنەوەیە بکاتە بەخششێکی پەروەردگار بۆ ئوممەتی ئیسلامیمان، بە گەڕانەوەمان بۆ لای خوای بالادەست و بۆ ئیسلامە مەزنەکەی بیکاتە مایەی هێزو شکۆمەندیی بۆی و بیخاتە بەر بەزەیی گەورەیی زاتی خۆی، ئەی پەروەردگاری جیهانیان لێمان وەربگرە. اللهم ئامین

## حیكمەتی ئەمڕۆ:
## ئومێدبەخشیی فەرزەو نائومێدیی قەدەغەیە

كاتێك سەرنج دەدەینە قورئانی پیرۆز دەبینین كە:
١- هیچ بوارێك بۆ نائومێدیی ناهێڵێتەوە، ئەوەش ڕەحمەتی خوای گەورەیەو پاڵپشتیەتی بۆ ڕزگاربوون لە سەختی و ناهەمواریی.
٢- دەیان ئایەتی پیرۆز ئاماژە بە گەشبینیی دەكەن و نائومێدیی قەدەغە دەكەن بەوەی كە هیواو ئومێد فەرزە.
٣-تەواوی پێغەمبەرانی خوای گەورە (سڵاوی خوایان لەسەر بێت) نەیانزانیوە نائومێدیی چییەو نەچوون بەئاقاریدا.

**بۆ نموونە:**

١- كاتێك گەورەمان یەعقوب پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت)دووەمین كوڕی خۆی ونكرد بە كوڕەكانی فەرموو: ﴿يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ﴾ سورة يوسف (٨٧)، فەرمووی: (ڕۆڵەكانم بڕۆنەوە گوێ هەڵخەن بۆ یوسف و براكەی و لە سۆزو میهرەبانی خوا نائومێد مەبن، چونكە بەڕاستی تەنها بێباوەڕان نائومێدن لە ڕەحمەت و دەرووی خێر و لە گوشادیی ئەو پەروەردگارە).

٢- كاتێك پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) و باوەڕداران لە جەنگی ئەحزابدا گەمارۆدران، خوای گەورە لە باسی ئەو حاڵەتەدا فەرمووی: ﴿إِذْ جَاءُوكُمْ مِنْ فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا﴾ سورة الأحزاب (١٠). فەرمووی: (كاتێك بێباوەڕان لە سەرو خوارتان و لە هەموولایەكەوە هاتنەسەرتان، ئێوەش لە شپرزیی و دۆشدامانتان چاوتان ئەبڵەق بووبوو، گیانتان لە ترساندا گەیشتبووە گەرووتان، واتان بەسەردا هات كە گومانی جۆراو جۆرتان بە بەڵێن و

پشتگیرییەکانی خوای گەورە دەبرد).

ئا لەو کاتە هەستیارو مەترسیدارەدا بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) مژدەی رزگارکردنی وڵاتی شام و عیراق و یەمەنی پێدان.

**بەکورتی:**

١- پێویستە لەسەرمان گەشبین بین و دڵنیابین کە دەگەڕێینەوە لەسەر بار و ژیانی ئاسایی خۆمان.

٢- گرنگ ئەوەیە لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتووبین.

٣- ئەم کەنارگیریی و دابڕانە ئەوەمان لێدەخوازێت پێداچوونەوە بەخۆماندا بکەین، بەوەی کە تا لێی دەرباز دەبین گۆڕانکاریمان لە خۆماندا بەرەو باشتر بەسەردا هاتبێت، توانیبێتمان هاوکاری نەداران و هەژارانمان کردبێت.

خوای گەورە هەموولایەك سەرکەتوو بکات..

## كۆرۆنا چەمك و بۆچوونەكانی گۆڕی و
## ئەوەی لە مەحاڵ دەچوو كردییە واقیع

تۆ بڕوا بكەیت یان نا......

كۆرۆنا چەمك و بۆچوونەكانی گۆڕی و ئەوەی لە مەحاڵ دەچوو كردییە واقیع.

لەگەڵم وەرە با پێكەوە بڕوانینە ئەوەی كە بەڕێوەیەو دێتەپێش ئیتر بڕوا بكەیت یا نا ئەوە راستییەكەیە.

گومانی تێدانیە كە قودرەت و توانایەكی حەكیمانە نەخشەی مەشخەڵ و دیاردەكانی ژیان دەكێشێ، لەوانەیە زۆر كەس هەبن لە دیمەنەكەو لە هاوكێشە ئاڵۆزەكانی تێنەگەن، بەدڵنیاییی كە لە ناوجەرگەی تاقیكردنەوەو كارەساتەكان و چەرمەسەرییەكانەوە بەخشش و خۆشنودیی و بەزەیی لەدایك دەبێت، لە مردن ژیان بەرپا دەبێت، لە مەسەلە دژ بەیەكەكانیشدا بەهەمانشێوە ئەو حیكمەتە دەردەكەوێ كە جگە لە ژیرمەندەكان كەسیتر لێی تێناگات، رەحمەتی خوای گەورە لە مامۆستای شەهید سەیید قوتب بێت كە لە نامەیەكیدا بەناوی دڵخۆشییەكانی رۆح دەڵێت: (خۆر هەڵدێت و ئاوا دەبێت، زەویش بەدەوریدا دەسوڕێتەوە، لەو رووداوەوە ژیان لێرەو لەوێ بەرپا دەبێت.. هەموو شتێك زیندووەو لە گەشەدایە، گەشە لە ژمارەو لە جۆردا، گەشە لە چەندێتی و چۆنێتیدا.. جا ئەگەر مردن لەباریدا بوایە شتێكی بهێنایەتە كایە ئەوا درێژەدان بە ژیان دەوەستا!.. بەڵام ئاشكرایە كە مردن لەچاو ژیانی بەخشەر و بەرەوپێشچوو و ئاوەدانییەوە... هێزێكی كەم و بەرتەسكە!). مرۆڤیش پەلەیەتی لەوەی چۆن بێت راڤەی رووداوەكە بكات، كە وەك خراپەیەك دێتە پێشچاوی ئەمەش لەكاتێكدا كە هەموو تاقیكردنەوەیەك بەخشش و خەڵاتێكی گەورەی تێدایە...

كێ بڕوای دەكرد ئەگەر پێش چەند مانگێك بمانوتایە كە سوپاو

سەربازانی دەوڵەتە زلهێزەکان لەجیاتی ئەوە بێن لەدوای گردبوونەوە و ئاڵەنگاری هەر بینراو و نەبینراوێك لە هەڵپەدابن بەدوای یەکدا و داباریێن بەسەر خەلاتی سەرکەوتندا، کەچی وا ئەمڕۆ دەیانبینین لە ترسی مردنێکی تاڵ بە ڤایرۆسێك... بەدوای یەکدا هەڵەداوان لە پرژو بلاوبوونەوەدان.

کێ بڕوای دەکرد سەرۆکی بەهێزترین دەوڵەتی سەربازی و سیاسی و ئابووری لەبەردەم ڤایرۆسێکی نەبینراودا دەستەوسان بێت.

کێ بڕوای دەکرد کە ڕۆژێك دێت کۆچی نایاسایی پێچەوانە دەبێتەوە، ئا ئەوەتا ئیسپانیا کە پێشتر دەینالاند و سکالای دەکرد بەدەست گرفتی کۆچی کۆچبەرانی نایاساییەوە ئەوەتا ئەمڕۆ لە ترسی کۆرۆنا کەشتییە نایاساییەکانی کە کۆچبەرانی ئیسپانیان هەڵگرتووە بەرەو مەغریب ڕەوانە دەکات....

کێ بڕوای دەکرد گەر پێی بوترایە دەرمانی دەردت لە ماڵەکەی خۆتدایە و لە دەرمانخانەدا نیە، چارەسەرەکە بریتیە لە قەڵغانی بەرگری سروشتیی نەك لە شلەیەکی کیمیاوی بکرێتە جەستەی نەخۆش.

کێ بڕوای دەکرد ڕۆژێ دێت کە بانگی نەمر و هەمیشەیی (اللە أکبر أشهد أن لا إلە إلا اللە...) لە ئەوروپادا لەدوای قەدەغەکردنێکی درێژخایەن ئەمڕۆ بەرزدەبێتەوە لەبەرانبەرەوە، مزگەوتەکانی خۆرئاوا هەماهەنگی دەنگ و هاواری زولاڵی مزگەوتەکانی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان دەکەن...

کێ بڕوای دەکرد کەعبەی پیرۆز و مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) دەرگایان دادەخرێ، ئەمە لەکاتێکدا کە دەرگاو بۆشایی هەمووی جیهان والایە بۆ بەرزکردنەوەی ناوی خواو و پێغەمبەرەکەی...

کێ بڕوای دەکرد ڕۆژێ دێت باسی چاکەی ڕێنماییەکانی پێغەمبەری خوا موحەممەد (ﷺ) لەسەر لاپەڕەکانی بەهێزترین و گرنگترین و مەترسیدارترین ڕۆژنامەکانی جیهاندا بکرێت... پەڕاوەکەی خوای گەورە

لە شوێنەكانی وانەوتنەوە لە كۆشكی سپیدا بخوێنرێت...

كێ بڕوای دەكرد رۆژێكی وەك ئەمڕۆ دێت كە وڵاتێكی وەك مەكسیك پێدابگرێ لەسەر دابڕان و رێگیریكردن لە هەر كۆچبەرێك كە بیەوێت لە ئەمەریكاوە بێتەناو مەكسیك ئەمەش لەدوای ئەوە كە پێشتر ئەمەریكا داوای ئەوەی دەكرد كە دیوارێكی لێكجیاكەرەوە بەرزبكاتەوەو هەرجۆرە هەوڵێكی دزەكردنی مرۆڤ لە مەكسیكەوە بۆ ئەمەریكا قەدەغە بكات.

پێش مانگێك كێ بڕوای دەكرد ئەو باڵندانەی كە لە قەفەسدا دادەنران و بەند دەكران وا ئێستە ئازادن، بەپێچەوانەوە ئەو مرۆڤانەی كە رێگیریان لە فڕینی باڵندەكان دەكرد خۆیان توندی ماڵەكان بوون...

كێ بڕوای دەكرد سەرۆك وەزیرانی پێشووی صۆماڵ وڵاتی خۆی جێدەهێڵێ و دەڕوات تا لە بەریتانیا نیشتەجێ ببێ و لەوێ بەهۆی ڤایرۆسەكەوە گیان لەدەستبدات، كەچی لە بەرانبەرەوە ئەو شاندە ئیتاڵییە كە بەسەردانی فەرمی لە صۆماڵ بوو لەدوای تەواوبوونی ماوەی سەردانەكەی داوا دەكات ماوەی سەردانەكەی بۆ درێژبكرێتەوە و لە صۆماڵ بمێنێتەوە.

كێ بڕوای دەكرد شەقامەكانی شارە گەورەكانی ئەورووپا لە هاتووچۆكاران و گەشتیاران چۆڵدەبن، مراوی و رێوی لەجێگایاندا بەو شەقامانەدا دەسوڕێنەوە...

كێ بڕوای دەكرد پزیشكەكان دەمرن و ئەو نەخۆشەی پزیشكەكە چارەسەری بۆ دەكرد دەمێنێ و پزیشكەكە خۆی دەمرێ...

پەندو عیبرەت لە رووداو و مەسەلەكان لە كۆتایی و سەرئەنجامدایە نەك لە وێنەی رواڵەتییاندا، كەواتە پەلەمەكەن و خێرا حوكم مەدەن بەسەر مەسەلەیەكدا پێش كۆتاییهاتنی، بەبیر خۆتان بێننەوە بیلالی حەبەشی كە چەكمە و قاچی بێباوەڕان بەسەریەوە بوون كەچی دواتر بەرزدەبێتەوەو لە سەربانی كەعبەی پیرۆز بانگدەدات، قاچەكانی دەخاتە سەر سەری ئەو كەسەی كە ئازارو ئەشكەنجەی دەدا...

کـێ بـڕوای دەکـرد پێغەمبـەری ڕێـزدار (ﷺ) بـە تەنهاو بێکـەس لـە تاریکیـی شـەودا مەککـەی جێهێشـت دواتـر بـە ڕۆژی ڕۆشـنا بەیـاوەری دە هـەزار هـاوەڵ و جەنـگاوەری ڕزگارکـەرەوە دەگەڕێتـەوە نـاو مەککـە.

**بـاش گومانبـردن بـە خـوای گـەورە بەشێکە لـە جوان بەندایەتیکـردن و پەرسـتنی خـوای گـەورە، چونکـە بەدڵنیایـی کـە لـەدوای هـەر سـەختی و تەنگانەیـەك دەرووی خێـر والآیـە**

بەدڵنیایـی خـوای گـەورە فەرمانـی خۆی هەر جێبەجێ و پایـەدار دەکات، لـە ئایندەدا ئـەم سـەردەممەمان دەگـۆڕێ بـە سـەردەمێکی چاکتـر و جوانتـر، بـاش گومانبـردن بـە خـوای گـەورە بەشـێکە لـە جـوان بەندایەتیکـردن و پەرسـتنی خـوای گـەورە، چونکـە بەدڵنیایـی کـە لـەدوای هـەر سـەختی و تەنگانەیـەك دەرووی خێـر والآیـە.

ئـەی پەروەردگارمـان، ئـەی ئـەو زاتـە کـە دڵـەکان بـەو بارەدا دەخـەیت کـە خـۆت دەتەوێـت، دڵـی ئێمـەش دامەزراوبکـە لەسـەر هـەق و ڕاسـتی و پەنـات پێدەگریـن لـە خراپـی سـەرئەنجام، عاقیبەتمـان بەخێـر بگێـڕە.

## چۆن پێشوازی لە ڕەمەزان بکەین؟

ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، وەڵامەکەی کورتدەکەینەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١-پەیوەندی بکە بە پەروەردگارتەوە ئەویش لەڕێگای ئەو چەند ڕکاتە نوێژەوە کە ڕۆژانە ئەنجامیان دەدەیت، چونکە نوێژ یەکەمین دەروازەیە کە لێیەوە دەچیتە مەیدانی ڕەزامەندی خوای گەورە.

٢- تەوبە بکەو پەشیمانبەرەوەو داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکە، ئەویش لەڕێگای خۆ ڕزگارکردن لە بیرە خراپ و کردەوە قێزەونەکان.

٣-تەوبەو پەشیمانی دووەم لەدایکبوونتە کە ئامانجێکی گەورەی ڕەمەزانە، ئەویش خۆی لە گەرمکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوانەی کە ناکۆکیت لەگەڵیاندا هەبووە خۆی دەنوێنێ، چاکەکردن لەگەڵ ماڵ و خێزان و خانەوادەدا، هەروەها دێژکردنی دەستی یارمەتی و چاکە بۆ هەر کەسێك کە نەدارو خاوەن پێویستی بێت، هەروەها گێڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان.

٤- لەدوای چاکبوونەوە لە نەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و پابەندبوون بە پەرستشەکانەوە، ئیتر سەرەی پڕکردنەوەی دڵ و دەروونە بە کارە زیاتر نزیککەرەوەکان لەخوای گەورە کە ئەمانەن:

أ- أستغفر الله کردن.

ب- سەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ).

ت- بەخشینی ماڵ و سامان لەپێناو خوای گەورەدا.

٥-خوای گەورە ڕۆژووی کەسێك وەرناگرێ کە ئەو ڕۆژووی نەبووبێتە بەربەستێك لەوەی پارچەکانی جەستەی بگێڕێتەوە لە ئەنجامدانی کارە خراپەکان، کەواتە بێدەگی هەڵبژێرەو ئەگەر گوفتارت کرد چاکە بڵێ یان بێدەنگ بە، تا دەتوانی قورئان بخوێنەو فێری زانست ببە، خزمەتی خانەوادەکەشت بکەو دڵسۆزی نیشتمانەکەت بە. ڕێنمایی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی ئەو کارانەی کە لە ڕۆژووگرتندا قەدەغەیان لێکراوە ئەوانەش کە ڕێگاپێدراون تیایدا:

١-ڕێگیری لە ڕۆژووەوان کردووە کە گوتەی خراپ بە زاریدا بێت و قیژە قیژ بکات و جنێوبدات و وەڵامی جنێو بداتەوە، بەڵکو فەرمانی پێکردووە کە ئەگەر کەسێ جنێوی پێدا یان قسەی ناشیرینی بەرانبەری کرد ئەم بڵێ: من بەڕۆژووم.

٢- پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕەمەزاندا سەفەری کردووە، بەپێی بۆ گونجاندن تیایدا بەڕۆژوو بووە، جاری واش هەبووە بەڕۆژوو نەبووە، هاوەڵانی سەرپشك کردووە لەنێوان هەردوو حاڵەتەکەدا.

٣-کاتێکیش نزیککەوتبنەوە لە دوژمن و دەستەویەخە بووبن لەگەڵیاندا فەرمانی پێداون ڕۆژووەکەیان بشکێنن.

٤-لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) نەهاتووە کە ماوەی دووری سەفەر بۆ ڕۆژووەوان بە دوورییەکی دیاریکراو بخەمڵێنێ.

٥-کاتێ هاوەڵان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ سەفەرکردن هەر بەو نیەتی سەفەرکردن و خۆسازدانە ڕۆژوویان دەشکاند، بێئەوەی دەرچوون لە ماڵەکان بەهەند بگرن، ئینجا هەواڵیان دەدا کە ئەوە ڕێنماییی و سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ).

٦- کات بووە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی لەگەڵ هاوسەری لەشگرانی بەسەردا بێت و تا نوێژی بەیانی هەروا بمێنێتەوە، ئینجا خۆی شۆردووە و نوێژی بەیانی کردووە و بەڕۆژوو بووە.

٧-کات بووە لە ڕەمەزاندا بە زمانی بەڕۆژووەوە ماچی هاوسەری بکات.

٨-بە زمانی بەڕۆژووەوە سیواکی کردووە، ئاوی لە دەم و لووتی خۆی راداوە. هەر بە زمانی ڕۆژووەوە ئاوی کردووە بە سەریدا .

٩-یەکێکیر لە سوننەتەکانی (ﷺ) ئەوە بووە ئەگەر ڕۆژووەوانێ لەبیری چووبێت کە بەڕۆژووە خواردن یان خواردنەوەیەکی خواردبێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێنەداوە کە ڕۆژووەکەی بگرێتەوە.

١٠-ڕێگایداوە بە نەخۆش و گەشتکار کە بەڕۆژوو نەبن بەڵام دواتر بیگرنەوە، بۆ ئافرەتی سکپڕ و شیردەریش کە ئەگەر ترسان لە تەندروستی خۆیان بۆیان هەیە هەمان حوکم پیادە بکەن.

## لەدایكبوونی مرۆڤ لە ڕەمەزاندا

لەدێـر زەمانـدا وتـراوە زمانـت ئەسـپی سـواریتە ئەگـەر بیپارێـزی دەتپارێـزی، هەنـدێ لـە فیقهناسـان هاتـوون چەندیـن كتێبیـان لەبـارەی بـەڵا خراپەكانـی زمان و پاراسـتنی بـاوەڕ لەهەڵەكانـی زمان نوسـیوە، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرمـووێ: كەسـێ وتەیـەك كـە جێـگای ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە بێـت لـە زاری دێتـەدەر، لەكاتێكـدا خـۆی ئەوەنـدە بەلایـەوە گرنگ نیـە.. بـەڵام خـوای گـەورە بەهـۆی ئـەو وتەیـەوە چەندینجـار پلـەی بەرزدەكاتـەوە، یـان كـەسێ گوتەیـەك لـە زاری دێتەدەر كـە دەبێتـە مایـەی ناڕەزایـی و تووڕەبوونـی خـوای گـەورە، بـەڵام خـۆی ئەوەنـدە بەلایـەوە گرنگ نیـە.. بێئاگایـە بەهۆیـەوە فڕێدەدرێتـە نـاو دۆزەخـەوە بەماوەیـەك كـە دوورتـرە لـەدووری نێـوان خۆرهـەڵات و خۆرئـاوا، (بوخـاری لـە كتێبـی الرقائـق لە بەشـی زمانپاراسـتن)دا ڕیوایەتـی كـردووە. لـەو وتـە حەرامكراوانـەش:

١- ڕازیبـوون بـەڕای كەسـێ بیەوێـت كارێكـی خـراپ دابهێنـێ، ئـەوا لەبـری ئـەو كارە خراپـە سـزا دەدرێ مادامـێ ئـەو وتەیـەی بووەتـە مایـەی ئەوەی كەسـێ كار بـەو كارە خراپەیـە بـكات. كەواتـە خـۆت بەدووربگـرە لـە شـەرعاندنی هـەر حەرامكراوێـك یـان بانگهێشـتكردن بـۆ لای شـتی گوماناوی یان ڕشـتنی خوێنێكی بـە ناهـەق یـان پێشـێلكردنی پیرۆزییـەك.

٢- یارمەتیدانـی سـتەمكار لـە دژی سـتەملێكراو لـە وەرگرتنـی ماڵـی حـەرام و پیـس و تـاڵ وەك باجـەكان و بەرتیـل وەرگرتـن.

٣- وەك ئـەوەی مـرۆڤ هەرچـی ببیسـتێ بیگێڕێتـەوەو دەماودەمـی پێبـكات بێئـەوەی دڵنیابێـت لـە ڕاسـتی و دروسـتی ئـەو هەواڵـە، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرمـووێ: (ئەگـەر كەسـێ هیـچ گوناهێكـی تـری نەبێـت ئـەوا هـەر ئـەو گوناهـەی بەسـە كـە هەرچـی ببیسـتێ بیگێڕێتـەوە و دەماودەمـی پێبـكات).

لەڕاسـتیدا لەدایكبوونـی مـرۆڤ لەڕەمەزانـدا لەپاراسـتنی زمانیـدا دەدرەوشـێتەوە، كەواتـە كـە قسـەت كـرد چاكـە بڵـێ یـان بێدنگبـە، وشـەیش نـرخ و قورسـایی خـۆی هەیـە، هەرزانفرۆشـی مەكـە تـا خـۆت سـوك نەكەیـت و واز لـە باسـێ بێنـە پەیوەنـدی بەتـۆوە نیـە.

## فیقهی ئاسان
## حوکمی شەرعی ئەنجامدانی نوێژی تەراویح لە ماڵدا

حوکمی شەرعی ئەنجامدانی نوێژی تەراویح ئەوەیە کە سوننەتێکی موئەککەدە، یەکێك لەناوەکانی نوێژی تەراویح: ئەوەیە کەپێی دەوترێت شەونوێژ. بەڵگەش ئەم: فەردوودەیەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە باس لە خێرو چاکەی تەروایح دەکات، دەفەرمووێ: ((هەرکەس شەوانی مانگی رەمەزان شەونوێژ بکات وەها کە باوەڕی پێی هەبێ و پاداشتی زیندوڕاگرتنی لە خوای گەورە بوێت، خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشتری خۆشدەبێت)) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

زانایان وتوویانە: مەبەست ئەنجامدانی نوێژی تەراویحە.

شەرعییەتی:

١- سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ):

لە سوننەتدا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی تەراویحی لە مزگەوتدا کردووە، کەسانێکیش لە هاوەڵان لە خزمەتیدا بە کۆمەڵ تەراویحیان کردووە، ئینجا بۆ رۆژی دواتریش هەر لە مزگەوت بە کۆمەڵ کردوویەتی و خەڵکانێکی زۆرتریش ئامادەی نوێژەکە بوون، پاشان لە شەوی سێیەم یان چوارەمدا خەڵکی کۆبوونەتەوە تا تەراویح بکەن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) نەچووەتە لایان.. پاشتر فەرموویەتی: (ترسام لەوەی نەبادا وەك فەرزێك سەیری بکەن)) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

٢- تەراویح کار و رەویەی هاوەڵە بەڕێزەکانە:

عومەری فاروق (خوا لێی رازی بێت) خەڵکی کۆکردووەتەوەو داوای لە ئوبەی کوڕی کەعب کردووە کە ببێتە پێشنوێژیان و بیست رکات تەراویحیان بۆ بکات، لە هەندی لە ریوایەتەکاندا هاتووە کە: لە هەندێ لە رەمەزانەکاندا بیست رکاتیان بۆ بکات، لە هەندێکی تریاندا یازدە رکات، جا هەرکەس ویستی وابوو کە (١١) رکات بکات ئەوا پاداشتەکەی دەستدەکەوێ، هەرکەسیش ویستی وابوو با (٢٣)

ركات بـكات ئەويـش پاداشـتى خـۆى وەردەگـرێ.

ئەوەى ئێمە مەبەستمانە و لامان گرنگە باسى بكەين ئەمەى خوارەوەيە:

١- مەعلومـە پاداشـتى نوێـژى تەراويـح كـە لـە فەرمـوودە راسـتەكەدا هاتـووە لـە حاڵەتـى ئەنجامدانـى چ لـە مزگـەوت و چ لـە ماڵـەوە ئـەو پاداشـتە هـەر دەسـتەبەر دەبێـت، چونكـە بـە مـەرج نەگيـراوە كـە هەردەبـێ لـە مزگەوتـدا بكـرێ.

٢- هەركەسـيش بيـەوێ نوێـژى تەراويـح لـە ماڵـەوە بـكات ئـەوا هـەر پێغەمبـەرى خۆشەويسـتى (ﷺ) كردووەتـە پێشـەنگى خـۆى و شـوێنپێى ئـەوى (ﷺ) هەڵگرتـووە.

٣- بـاش وايـە نوێـژى تەراويـح لـە ماڵـدا بـە كۆمـەڵ بكـرێ، ئەويـش لەلايـەن ئـەو هاوسـەر و منداڵانـەوە كـە بوونيـان هەيـە، ئـەو كەسـەيان كـە لـە قورئانخوێندنـدا لەوانيتـر شارەزاترە ببێتـە پێشـنوێژيان، هيـچ لاريش نيـە لـەوەدا كـە پـەڕاوى قورئـان دابنـرێ و لەبـەرى بخوێنرێتـەوە.

٤- ئافرەتانيـش بۆيـان هەيـە خۆيـان بـە تەنهـا نوێـژى تەراويـح بـە كۆمـەڵ بكـەن، يەكێـك لەخۆيـان لەنێوانيانـدا بوەسـتێت و پێشـنوێژيان بـۆ بـكات.

٥- هيـچ نەنگييـەك نيـە لـەوەى دوورييەكـى دياريكـراو لەنێـوان دوو ريـزدا بوونـى هەبێـت، يـان لەنێـوان نوێژخوێنێـك و يەكێكيتـردا بوونـى هەبێـت، ئەويـش بـە بيانوويەكـى شـەرعى رێگەپێـدراوەوە.

٦- هيـچ لارييـەك نيـە لـەوەى منداڵێكـى ناباڵغـى پاكوخاوێـن و دەركـدار كـە تەمەنـى ٧ سـاڵى تێپەڕاندبێـت ببێتـە پێشـنوێژ.

٧- مـاوەى كاتـى نوێـژى تەراويـح لـەدواى نوێـژى خەوتنانەوەيـە تـا نوێـژى بەيانـى، دەشـتوانرێ ركاتەكانـى دابەشـبكرێن بەسـەر هەمـووى شـەوەكەدا، بـۆ نمونـە سـەرەتا چـوار ركات بـكات، ئينجا ئەوانيتـر لەگـەڵ وترەكـەدا دوابخـات بۆ سـێيەكى كۆتايـى شـەو يـان پێـش نوێـژى بەيانـى.

٨- نوێـژى تەهەجـود بـەو نوێـژە دەوترێـت و دەسـتەبەر دەبێـت كـە ئـەو كەسـە خەوتبێـت و دواتـر بەخەبـەر هاتبـى و ئەنجاميدابێـت.

لە خواى گەورە داواكارين لێمان وەربگرێ

## پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشترین پێشەنگمانە

ئێمە پێغەمبەری خوامان موحەممەد (ﷺ) لە ناخی دڵمانەوە خۆشدەوێ، ئەویش دوای ئەوەی کە بە ئەقڵمان باوەڕمان پێهێنا، باوەڕێك کە پێغەمبەرێتی و مرۆڤدۆستیی و شەریعەت و بلیمەتییەکەی سەراپای ڕۆحمانی داگیرکردووە، ئێمە ئاوەها موسڵمان بووین و ئاوا خۆمان ڕادەستی ئەو کردووە، وەرن با پێکەوە سەرنج لەو ڕووداو و فەرموودەیە بدەین کە عائیشەی دایکی ئیمانداران (خوا لێی ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) منداڵێکی شیرەخۆری لە کۆشی خۆیدا داناوەو مەلاشوی منداڵەکەی شیرین کردووە، منداڵەکەش میزی کردووە بە کۆشی دا، ئەویش (ﷺ) داوای ئاوی کردووە کە بۆیان هێناوە پژاندوویەتی بە شوێنی میزەکەدا)).

شیرینکردنی مەلاشوی سەر یان خواری منداڵ سوننەتێکی پێغەمبەرایەتییە، بەلام منداڵەکە بە نائیرادی میزی کردووە پیایدا، پێغەمبەریش (ﷺ) بەو حاڵەتە بێتاقەت نەبووە، (ئەمە شەرع و یاساو بەزەیی و مرۆڤدۆستییە). کە پێغەمبەری مامۆستامان بەم کارەی حوکمێکی فیقهی بۆ دارشتووین ئەویش بریتییە لە:

١- ئاو بکرێ بە شوێنی میزەکەدا چونکە بەوە شوێنەکە پاکدەبێتەوە.

٢- بەزەییهاتنەوەی بە منداڵەکەدا، نە سەرزەنشتی باوك و دایکەکەیی کردووەو نە ئەویشی تۆقاندووە لە کاتێکدا کە لە باوەشیدابووە.

ئەی برایان و خوشکانی خۆشەویست و بەڕێز:

تکایە بەبەزەیی و بەبەزەیی و بەبەزەیی بن لەگەڵ یەکتردا، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشترین پێشەنگمانە.

دەی بەزەییتان بەیەکتردا و بە منداڵەکانتاندا بێتەوە.

## ریّگای راستت هەڵبژێرە
## بە سەلامەتی دەگەیتە ڕەزامەندی پەروەردگارت

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ سورة النساء (١١٤).

ئەبو جەعفەر دەڵێ: مەبەستی خوای بالاو شکۆمەند بە فەرموودەی: ﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ﴾ ئەوەیە کە هیچ خێر و چاکەیەك لە چپەکردن و سرتەو بۆڵەو قسە نهێنییەکانی سەرجەم خەڵکیدا بوونی نیە ﴿إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ﴾، چاکەش هەموو کارێکە کە خوای گەورە فەرمانی پێکردبێت، یان کارێك کە سەربکێشی بۆ سارێژکردنی برینێك لەو کارانە کە چاکن، ﴿أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ﴾ ئەمەش بریتییە لە ئاشتەواییکردن لە نێوان دوو کەسی ناکۆك یان دژبەیەکدا، بەو شێوەیە کە خوای گەورە ڕێگایداوە ئاشتەوایی لەنێوانیاندا بکرێ تا بگەڕێنەوە بۆ پێکهاتن و خۆشەویستی و یەکخستنی هەڵوێست و بڕیار لەنێوانیاندا هەر بەوشێوەیە کە خوای گەورە مۆڵەتی پێداوە.

پاشان خوای گەورە بەڵێنیداوە بەو کەسە کە ئەو کارە ئەنجامدەدات ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾، واتە هەرکەس فەرمانبدات بە خێرو چاکە یان ئەنجامدانی کارێکی چاك یان ڕێکخستنی نێوان خەڵکی ئەویش بە ﴿ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ﴾، واتە نیەتی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت ئەوا ﴿فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾، دواتر لەبەرئەنجامی ئەو کارە گەورەیەی پاداشتێکی گەورەی پێدەبەخشین، ئەو پاداشتەش کە خوای گەورە بە ﴿عَظِيمًا﴾ ناویبردووە سنوری دیاریکراوی نیەو جگە لە خۆی کەس ئەو پاداشتە مەزنە نازانێ.

## ڕەمەزان ڕێوڕەسمێکی ئاینییە، مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە نەك چارەسەرێکی سیحر ئامێزی خەڵەتێنەر

هەندێـك لەعەلمانییـەکان بـە کـەم و بەسـوکایەتی دەڕواننـە موسـڵمانان لـەوەی کـە دەسـتدەگرن بـە پەرستشـەکانیانەوە، یەکێکیـان دەمدرێـژی دەکات و دەڵێـت ئایا موگەوتـەکان و ڕۆژوو چ سـودێکی هەیـە، ئایا موسـڵمانان بـۆ بـەڕۆژوو دەبـن لەکاتێکـدا کـە بەڵێنـی خوایـی دەسـتەبەر نابێـت بۆیـان؟

ئەگـەر ئـەم پرسـیارە بـە مەبەسـتی فێربـوون بوایـە ئێمـە هیـچ سـەغڵەت نەدەبـوون پێـی، بـەڵام ئـەوان بـە مەبەسـتی گومان دروسـتکردن دەیخەیەنـەڕوو، وەڵاممـان بۆیـان بەمجۆرەیـە:

پەرستشـەکان لـە دایەنـگاو مەنزومەیەکـی تـەواو تیۆروتەسـەلدا کاری خۆیـان دەکـەن، کـە لـە هۆشـیاریی و ئیرادەیەکـی سـەربەخۆوە خـۆی دەنوێنـێ و ڕەنگدەداتـەوە.

لـە ڕاسـتیدا پێشـکەوتووترین جۆرەکانـی یاسا ناتوانێـت کـەس پابەنـد بـکات بـە جێبەجێکردنییـەوە ئەگـەر بێتـو هێزێکی بەرپەرچـدەرەوە بوونی نەبێـت کـە ڕێگـیری بـکات لـە سـنوربەزاندن و بـازدان بەسـەر یاسـاکان و ئیـرادەی کۆمەڵیانـەدا کە خـۆی لـەو یاسایانەدا دەنوێنـێ.

جـا بەهـۆی وازهێنانـی زۆرێـك لـە وڵاتـە عەرەبـی و ئیسـلامییەکان لـە سـودوەرگرتن لـە ئایـن، ئەویـش بەپێـی ڕشـتەبەندییەکی سـەربەخۆ و بەنـاو ئـازاد کـە ژێردەسـتەو سـەربە دەسـتەڵات نەبێـت ئیتـر نەزانـی موسـڵمانان بـە ڕێنماییـەکان و ناوەڕۆکـی شـەریعەتەکەیان تادێـت زیاتـر دەبێـت، لێـرەوە ڕەمەزانیـش لـە مانگـی فـەڕو بەرەکەتـەوە گـۆڕدراوە و بووتـە بـارو بووتـە مایـەی نەمانـی جووڵـەو چالاکـی...

هەمـوو ئەمـەش بەهـۆی خـۆ نەزانکـردن و نائومێدیـی و دەوڵەتـی پۆلیسـییەوە کـە بووەتـە لەمپـەر لەنێـوان مرۆڤـی موسـڵمان و ئاینەکەیـدا...

من بەردەوام پێدادەگرم لەسەر ئەوە کە:

١- پێویستە ڕێز لە ئازادییە گشتییەکان بگیرێ.

٢- پشتبەستن بە ئازادی بیرکردنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەکافرکردندا.

٣- ئایین لە کەش و هەوای ئازادییەکاندا گەشەدەکات نەك لە حاڵەتی سەرکوتکردندا.

٤- بەکەم نرخاندنی خەڵکی و پەرستشەکانیان یەکەمین پاڵنەری توندڕەویین.

٥- بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی بەوە دەبێت کە ڕووبەرێکی فراوان بە موسڵمانان بدرێ تا لە ئاینەکەیان تێبگەن.

٦- ڕەمەزان مانگێکە لەنێو بەرنامەیەکی ساڵانەی تەواو چڕوپڕدایە، ئەویش بەو مانایەیە کە مرۆڤ بتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بکات و واز لە ملهوڕی هەواو هەوەسەکانی بێنێ و ئیرادەی خودی ڕزگاری ببێ لە هەر جۆرە ترس یان دڵەڕاوکێیەك...

ڕەمەزان کۆشکێکە پێش خۆی کەرەستەکان و مەشق و ڕاهێنان و پابەندییە مرۆیی و کۆمەڵییەکان ئامادەکراون بۆی...

هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) لەپێش هاتنی ڕەمەزان بە شەش مانگی پێشتر خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، ئەویش بە تەوبەکردن و چاکبوون و چاکەکردن و پەرستشکردن.

ڕەمەزانیان وەها نەدەبینی کە چارەسەرێکی سیحرئامێز بێت!

بەڵکو بەشێك بووە لە پرۆژەیەکی بەردەوام و درێژخایەن لە بونیاتنانی تاکی موسڵمان و کۆمەڵگای مەدەنی...

پابەندبوون بە ئەنجامدانی پێنج فەرزی نوێژ و قورئانخوێندنی ڕۆژانەو چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیداو بەرزبوونەوەو پەشیمانبوونەوە.

ئەمانەو هیتریش بۆ ئەوەیە تا هەرکات ڕەمەزان هات ئەوان ڕاهێنرابن و شیاوبن کە بچنەناو مانا جوانەکانی ڕۆژوو، پێشەوا (شەعرانی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الفتح المبين) لەنێو کۆی نهێنییەکانی ئایین

(نهێنییەکانی پایەکانی ئیسلامدا) پوختەکەیی بەمجۆرەیە داناوە دەڵێت:

(ڕۆژوو: بۆ ڕزگاربوونە لە کۆیلەیەتی جیهانیان و جەستەو حەزو ئارەزووەکان).

خوای گەورە ڕۆژووی لەسەر بەندەکانی فەرزکردووە تا حەزو ئارەزووەکان بشکێنرێن، هەر هۆکارێکی کۆیلەیەتی و پەرستنی شتەکان وەلابندرێ، چونکە ئەگەر بەردەوامبن لەسەر خواستت و مەبەستە تایبەت و حەزەکانی خۆیان ئەوا شتەکان کۆیلەیان دەکەن و ژێردەستیان دەخەن، ئەوکات بە تەواوی لە پەروەردگاریان دادەبڕدرێن.

ڕۆژوو هەموو هۆکارەکانی پەرستن بۆ جگە لە خوای گەورە دەبڕێت و نایانهێڵێ، مرۆڤ ڕزگار دەکات لە بوون بە کۆیلەی هەواو هەوەس و حەزو ئارەزووەکانی خۆی، چونکە مەبەست لە بوونی مرۆڤ ئەوەیە ئەو ببێتە خاوەنی شتەکان و ببێتە جێنشین لەسەریان، نەك ئەوان ئەو دەستەمۆ بکەن و ببنە خاوەنی مرۆڤ: چونکە مرۆڤ جێنشینی خوایە لە بونەوەردا، جا ئەگەر هاتوو لە بەجێگەیاندنی خواست و مەبەستەکانی خۆیدا ڕۆچوو و ئەوان بوونە خاوەنی ئەوا حیکمەت لە دروستبوونی هەڵدەگەڕێتەوەو سەرەوژێر دەبێت ئەوکات بکەر دەبێتە کارلێکراو، بەرزو باڵایی دەبێتە نزمی، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قَالَ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَهاً وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ سورة الأعراف (١٤٠)، هەواو هەوەسیش خوایەکە، خەڵکی بەو دەبنە کۆیلەی شتەکان و دەیانپەرستن، کەواتە ڕۆژوو هەرجۆرە هۆکارێکی بەندایەتیکردن و پەرستن بۆ جگە لە خوای گەورە دەبڕێت...

ڕەمەزان بەخشش و ڕێزە بۆ کەسێ کە خۆی لە پەروەردەکردنی خۆی بەخشندەو بەڕێز بێت و لەنێو بەهاکاندا بژی نەك لە وێنەو ڕواڵەتدا...

ئایا ئیتر کەی عەلمانییەکان دەوەستن و وازدێنن لە خۆ بە زۆرزان و تێگەیشتوو و ڕەوانبێژ و زمانلوسی لە زانستێکدا کە هیچی لێنازانن.

## ئیسلام ئاینێكە هەر بە زگماك سروشت پاكە

خـوای گـەورەو باڵادەسـت پێغەمبەرەكـەی خـۆی موحەممـەدی (ﷺ) بەدیـاری بەخشـیوە بـە تـەواوی ئوممەتـان، ئەویـش بـەو سـیفەتە كـە پێغەمبـەری ئاینێكـە هـەر بـە زگمـاك پاكـە و بەرگریـكاری ئازادییـە بەرپرسـەكانە، بـەوەی ئاینەكـەی كـە ئیسـلامە لەسـەر بنـەما سروشـتییە بـە زگمـاك پـاك و گـەورەو دادپـەروەرەكان بەرپـا دەبێـت:

١- ئـەو (ﷺ) فەرمـان دەكات بـە پەیڕەوكردنـی ئـەو سروشـتە پـاك و سـاغ و سـەلامەتەو بـەوەی ئەقڵـە راسـت بینـەكان ئاشـنان پێـی.

٢- بەهەمـان ئاسـت رێگیـری دەكات لـە هـەر شـتێ كـە سروشـتی پـاك و سـاغ و سـەلیم رەتیبكاتـەوە.

٣- ئـەو نیعمەتـە چـاك و سـودمەندانەی بـۆ حەڵاڵكـردوون كـە سروشـتی بـە زگمـاك پاكوخاوێـن تـەبیعەتـی دەچێتـە سـەریان.

٤- بەهەمانشـێوە هەمـوو ئـەو شـتە خراپانـەی لـێ حەرامكـردوون كـە سروشـتی پاكوخاوێن تـەبیعەتـی ناچێتـە سـەریان. كـەواتـە هەرشـتێك كـە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمانـی بـە ئەنجامدانـی كردبێـت و هەرشتێكیشـی قەدەغـە كردبێـت، واتـە ئـەوەی كـە بـە حـەڵاڵ ناساندوویەتی و ئەوەیـش كـە حەرامیكـردووە ئـەوا ئەو شـتە گونجـاوە لەگەڵ سروشـتی پاكوخاوێندا، چونكـە ئەسـڵ لـە شـتەكاندا رێگاپێـدان و حەڵاڵییـە.

٥- پێغەمبـەر (ﷺ) هەرجـۆرە زەحمـەت و بارقورسـییەك لەسـەر خەڵكـی لادەبـات كـە لـە ئاینـە پێشـووەكاندا سـەپێنرابوو بەسـەریاندا.

٦- هەروەهـا هـەر كـۆت و بەندێكیـان لەسـەر هەڵدەگـرێ كە بـە نارەوا سـەپێنراوە بەسـەریاندا، واتـە جیهانـی ئازادییەكانـی لەسـەر كردوونەتەوە جگـە لـەو شـتانە كـە شـەرع حەرامیكـردوون.

بـەم پێیـە ئـەوا هەرگیـز ئیسـلام رۆژێ لـە رۆژان بانگەشـە نـاكات بـۆ كوشـتنی رۆحـەكان بـە نـارەوا، یـان بـۆ خوێنڕشـتنی بێتاوانـەكان، بەڵكـو هەمـوو رێنمایـی و یاسـا شـەرعییەكانی لـە هەمـوو كات و شـوێنێكدا

گونجـاون بـۆ مـرۆڤ، هـاوکات پاکـی و پاکبوونـەوەی پێشکەشـی مـرۆڤ کـردووە، ئەمـەش راسـتییەکە کـە سروشـتە پاکوخاوێـن و ئەقڵـە ساغ و دروسـتەکان پەسـەندییانە.

بـەڵام بەداخـەوە زۆرینـەی موسـڵمانان (هەریەکەیـان بەپێـی تواناو بەپێی پێگـەی خـۆی) خەمـی بانگـەوازی نەخسـتووەتە ئەسـتۆی خـۆی، واتـە بێـت بانگـی خەڵکـی بـکات بـۆ لای خوای گـەورە، بەڵکـو لەجیاتی ئەوە هاتـوون بانگەوازیـان قەتیـس و سـنوردار کـردووە تەنهـا لـەو کەسانەدا کـە هەڵگـری زانسـتی شـەرعین، راسـتییەکەش ئەوەیـە کـە هـەر موسـڵمانێك لـە جێـگای خۆیـەوە بانگخـوازە، ئەویـش لەرێـگای پابەندبوونـی راسـت و دروسـتییەوە بـەو بەرنامە هـەق و راسـتەوە کـە قورئانی پیـرۆز هێناویەتی، سـوننەتی شـکۆمەندیش روونیکردووەتـەوە، لـەو پێناوەشـدا حیکمـەت و دانایـی و ئامـۆژگاری بـاش و شـێوازی گونجـاو بەکاردێنـێ.

بـا بـە راشـکاوانە بڵێیـن کـە موسـڵمانان وەك پێویسـت ئاینەکەیـان پێشـکەش بـە جیهـان و بـە گـەلان نەکـردووە، جـا ئەگـەر بـەوکارە هەسـتن- واتـە شـوێنکەوتەی رەویـەی پێشـینە چاکەخـوازەکان بـن- ئـەوا خەڵکـی دەسـتە دەسـتەو بـە لێشـاو دەهاتـن و دێنەنـاو ئـەم ئاینـە پیرۆزە، ئەوکاتیـش هـەروەك پێشـتر رابەرایەتـی جیهانـی کـردووە، ئێسـتەش هەمـووی خەڵکـی سـەرزەوی بەویسـتی ئازادانـەی خۆیـان دەهاتنـە ژێـر سـایەی ئـەم ئاینـە پیـرۆزە.

ئاینەکەمـان ئاینێکـی روون و ئاشـکراو میانـەڕەوە، نـە زیادەڕۆیـی دەکات و نەشـلگیرە، ئاینەکەمـان ئاینـی سروشـتێکی بـە زگمـاك پاکـە، جـا ئەگـەر هاتـوو لـە ژینگەیەکـی چاکـەکاردا پـەروەردە بـوو ئـەوا لـە نزیکـەوە هەسـت بـەو سروشـتە پاکوخاوێنـەی دەکرێـت، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرمـووێ: ((هـەر منداڵێـك کـە لەدایـك دەبێـت لەسـەر سروشـتێکی پاکوخاوێـن دێتـە دنیـاوە، ئـەوە بـاوك دایکـن کـە دەیکەنـە جولەکـە یـان گاور یـان ئاگرپەرسـت)). بوخـاری بـە فەرمـوودەی ژمارە (١٣١٩) ریوایەتـی کـردووە.

# فەرموودەی نەمامەکەو نەخۆشی کۆرۆنا
# چۆنیّتی پڕکردنەوەی کاتی بیّکاری تەنانەت ئەگەر قیامەتیش بەرپابیّت

## کارکردن هەتا مردن ئەرکیّکی شەرعییە

ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆشایی و بیّکارییەکی گەورەی لە جیهاندا هیّناوەتە کایە، بۆشاییەك لە کاتدا خۆی دەبینیّتەوە، بۆشایی کات شمشیّریّکی دوو سەرەیە، ئەگەر هاتوو بەگەڕخرا و وەبەرهیّنرا بۆ کاری چاکە ئەوا نیعمەتە، ئەگەر لە خراپەکاریی و شتە بەدەکاندا بەکارهیّنرا ئەوا دەبیّتە بەڵا، چونکە کەسی واهەیە لە پەنای ئەم پەتای کۆرۆنایەدا (کۆڤید-١٩) ئەم ماوەیەی بۆ بیرکردنەوە لە چۆنیّتی ئەنجامدانی خراپەکارییەکان و دزی و جەردەیی بەکارهیّناوە، تەنانەت شیّوازی نوێیان داهیّناوە بۆ فیّڵکردن لە خەڵکی و دزی و خەڵەتاندن، لیّکۆڵینەوەکان ئاماژە دەدەن کە تاوانە کلاسیکییەکان لەم ماوەیەدا پاشەکشەیان کردووەو کەمبوونەتەوە، بەڵام تاوانەکانی دەستبڕین و ساختەچیّتی و خەڵەتاندنی ئەلیکترۆنی زۆربوون، بەهەمانشیّوە فیّڵکردن لە فرۆشتنی دەمامك و دەرمانی ساختەدا زیادیکردووە، ئاژانسی پۆلیسی ئەوروپی (یۆرۆ پۆڵ) هۆشداری لەسەر ئەو تاوانبارانە داوە کە دیّن ترس و بیمی خەڵکی لە بەڵای کۆرۆنا دەقۆزنەوە تا ئەو بەرهەمانەیان پیّبفرۆشن کە لە خوار ئاستی پیّویستن و کوالیّتییان نزمە، یان فیّڵیان لیّدەکەن و لەڕیّگای ئینتەرنیّتەوە دەستدەگرن بەسەر پارەو سامانیاندا، ئەو تاوانبارانە هاتوون شیّوازی خەڵەتاندنی خەڵکیان گۆڕیوە، چونکە هەلی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەقۆزنەوە، ڕیّکخراوی ئەوروپی لە ڕاپۆرتی ڕۆژی هەینیدا بە بەرواری ٢٠٢٠/٤/٢٤ز دەڵیّ: پۆلیس دەستیگرتووە بەسەر (٣٤) هەزار دەمامکی ساختەی نەشتەرگەریدا، (کارل نیهامر) کە وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی نەمسایە، وتی: ئیّمە لە

پرۆسەکانی بڕین و تاڵانکردن و دزیکردندا ڕێژەی دابەیزین دەبینین، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێژەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان زیادیان کردووە، هەروەها ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی هۆشداریداوە لە زۆر زیادکردنی پرۆسەی فێڵێکردن لەڕێگای پۆستی ئەلیکترۆنییەوە، ئەمەش بۆ دزینی پارەو سامان و زانیارییە هەستیارەکان لە کەسانی بەکارهێنەرەوە[١٥].

لەبەردەم ئەم بارودۆخەدا ئیسلام کردوویەتە ئەرکی سەرشانمان کە کاتەکانمان لە کاری جیددی و بەرهەمێنەرو بیرکردنەوەی داهێنەر و داهێنانی راستەقینەدا بەگەڕبخەین، هەریەکەمان لە بواری خۆیدا، کەواتە کارکردن فەرزێکی شەرعی بەردەوامەو سەرومڕەو تا رۆژی قیامەت درێژەی هەیە، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵگەیە لەسەر ئەم راستییە، کە دەفەرمووێ: ((ئەگەر قیامەت بەرپابوو و یەکێك لە ئێوەش برالەیەك یان (نەمامێك)ی بەدەستەوە بوو، ئەوا ئەگەر توانی و فریاکەوت با پێش ساتی روودانی قیامەت نەمامەکە بنێژێ بەوەش پاداشتی خۆی وەردەگرێ))[١٦].

ئەم فەرموودە راست و دروستە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێ مەسەلەی ژیاریی کە ژیاری پێشکەوتووی ئاست باڵا لەسەری بەرپا دەبن، ئەوانیش بریتین لە:

قۆستنەوەی هەل و لەدەستنەدانی، هەروەها زەرورەتی ئەنجامدانی کاری سودمەند بۆ دنیاو قیامەت لە کاتی هەموو تەنگژەکان و بارودۆخێکدا، لە باری گرانیی و هەرزانیدا، لە کاتی

١٥ پێگەی Made For (d W Minds).

١٦ بوخاری لە الأدب المفرد دا بە ژمارە (٣٧١) ریوایەتی کردووە، ئەلبانی لە صەحیحی الأدب المفرد دا (٣٧١) دەڵێ راستە، الهیثمي لە مجمع الزوائد (٦٦/٤) دا دەڵێ: پیاوە گێڕەرەوەکانی کەسانی بڕواپێکراون)، هەروەها الأرناؤوط لە تەخریجی زاد المعاد دا (٧٨/٣) بە راستی ناساندووە، پێشەوا ئەحمەد بە ژمارە (١٢٩٠٢) و عەبد کوڕی حەمید لە موسنەدەکەیدا بە ژمارە (١٢١٦) و البزار لە موسنەدەکەیدا بە ژمارە (٧٤٠٨) ریوایەتیان کردووە.

کارەساتەکاندا، لە باری خۆشگوزەرانی و سەختی ژیاندا، چونکە مادامیٚ لەتوانادایە کاربکریٚ ئیتر هیچ پاساویٚك بۆ کارنەکردن قوبوڵ نیەو وەرناگیریٚ، تەنانەت ئەگەر هەلی کارکردن بۆ یەك ساتیش بیٚت هەردەبیٚ ئەو ساتە وەبەربهیٚنریٚ.

لەڕاستیدا کارکردن بە چەمکی قورئانیی هەموو کارو چالاکییە زانستی و ماددی و هزریی و دڵیی و زمانییەکان دەگریٚتەوە، هەموو پارچەکانی جەستە دەگریٚتەوە هەریەکەیان و بەپیٚی توانایی و پسپۆڕی خۆی، کەواتە با زاناکان هەریەکیان و لە بواری پسپۆڕی خۆیدا هزری قووڵی بخاتەگەڕ، کاربکات لەپیٚناو پەرەدان بە کارەکەی، ئینجا بلاوکردنەوەی، ئینجا بەپیٚی ئەزموونی بەدەستهاتوو لە بواری خۆیدا داهیٚنان و نویٚگەری تیٚدا بکات، با کریٚکاریش بەدەست و بە هیٚزی پارچەکانی جەستەی کاربکات و هەرگیز لە هیچ بارودۆخیٚکدا کارەکەی نەوەستیٚنیٚ، چونکە لەڕاستیدا باری نائاسایی ئەو مافە بە مرۆڤ نادات کە کارنەکات.

ئەوەتا پیٚغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) لە سەروبەندو ساتی هاتنی سەختییەکانی قیامەتدا واتە (هاتنی قیامەت و نیشانەکانی) هەر فەرمانمان پیٚدەدات بە ناشتنی نەمامەکە، کەواتە نابیٚت کەسی ئیشکەر و کارا (زاناو کریٚکار) بەهۆی ئەو ترسە کە نەبادا سود لەو کارەی نەبینیٚ یان بەرهەمی نەبیٚت ئیشەکەی پەکبخات، چونکە پیٚغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویٚ: ((ئەگەر یەکیٚك لە ئیٚوە هاودەم لەگەڵ بەرپابوونی قیامەتدا نەمامیٚکی بەدەستەوە بوو بیەویٚت بینیٚژیٚ با بینیٚژیٚ))، ئەمە لە کاتیٚکدا ئەوە مەعلوم و ئاشکرایە کە لەگەڵ هاتنی قیامەتدا ئیتر هەرچی شت لەسەر رووی زەوی هەیە تیٚکدەچیٚت و ویٚران دەبیٚت، ئالیٚرەدا پیٚغەمبەر (ﷺ) فیٚرمان دەکات کە ئەرکی ئیٚمە بەهەمیشەیی ئەوەیە کاربکەین بیٚئەوەی ئاوڕبدەینەوە لە بەرهەمەکەی، ئایا بەرهەم دەگریٚ یان نا؟ چونکە بەروبووم و سەرئەنجامەکان بەدەستی پەروەردگارن،

ئەوەی لە موسڵمان داوادەکرێ کارکردنی هزریی و ئەقڵییە، پاشان گێڕانەوەی تەواوی دەستەڵات بۆ خوای خاوەن دەستەڵات.

مەبەست بە هاتنی قیامەت لێرەدا بەرپابوونی قیامەتە، ئەمەش بۆ زۆر جەختکردنەوەیە لە زۆر سووربوون لەسەر کارکردن لە هەموو بارودۆخێکدا، بە تێڕوانینی منیش فەرموودەکە بە واتا رواڵەتییەکەی وەردەگیرێ، چونکە وەك پەندێك دەهێنرێ کە دەبێت بە هەند بگیرێ و مەبەست پێی ئاوڕنەدانەوەیە لە بەرهەم و سەرئەنجامی کارکردن.

یەکێك لە زانایان بە واتای هاتنی نیشانەکانی قیامەت لێکیداوەتەوە، (مەنناوی) دەڵێ: "مەبەست بە بەرپابوونی قیامەت هاتنی نیشانەکانیەتی"[١٧].

فەرموودەکە هەروەها بە واتای گرنگیدانە بە کشتوکاڵ و چاندن و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگێتی کشتوکاڵ لە ژیانی بونەوەردا، هەروەها بە واتای زەرورەتی پارێزگاریکردن لە جوانی سروشت دێت.

بەڕاستی نابێت مرۆڤی موسڵمان خۆپەرست بێت، نابێت لەوەی کە بەرهەمی دێنێت تەنها بیر لە بەرژەوەندی و سودی خۆی بکاتەوە تیایدا، بەڵکو دەبێت بیر لە کارکردن بکاتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەوەتا عومەری فاروق (خوا لێی رازی بێت) بە خوزەیمەی کوڕی سابیتی وتووە: چی رێگیریت لێدەکات لەوەی درەخت لە زەوییەکەتدا بڕوێنی؟ خوزەیمە وتوویەتی: من پیاوێکی پیرو بەساڵاچووم و سبەی دەمرم، عومەر پێیوتووە: (فەرمانت پێدەکەم کە هەردەبێت بیچێنی و داری تیا بڕوێنی)، عەممارەی کوڕی خوزەیمە دەڵێ: بە چاوی خۆم بینیم کە عومەری کوڕی خەتتاب بەدەستی خۆی لەگەڵ باوکمدا داری لە زەوییەکەدا دەڕواند)[١٨].

١٧ التيسير شرح الجامع الصغير (١/٣٧٢).

١٨ ئەلبانی لە زنجیرەی فەرموودە صەحیحەکاندا بەرگی/١ داویەتە پاڵ الجامع الكبيرى سيوطي، پاشان لە كتێبی كنز العمال (٢/٩٠٩) فەرموودەی ژمارە (٩١٣٦) بینم لە موسنەدەکەی عومەری کوڕی خەتتابدا -خوا

بۆیە دەبێت ئێمەش لە خەمی پارێزگاریکردنی کاتدا بین و مادامێ کارکردن لەتوانادایە ئیتر نابێت بەفیڕۆی بدەین، کارکردنیش بە واتا گشتییەکەی ناتوانرێ ڕێگیری لێبکرێ و بوەستێنرێ، چونکە ئەگەر لە توانادا نەبوو بە پارچەکانی جەستە ئەنجامنەدرێ ئەوا ئەو کەسە دەتوانێ بە دڵی، بە هزر و بە ئەقڵی، بە زمانی ئەنجامیبدات.

دەبێت بە گەشبینییەکی گەورەو بە ئومێدو هیوایەکی مەزنەوە ئیتر تا هەرچەندە هەڕەشەو ئاڵەنگارییەکان زۆربن هەردەبێت بە تێڕوانینێکی ئەرێنی درەوشاوەوە بڕوانینە ئایندە.

دەبێت بە گەشبینییەکی گەورەو بە ئومێدو هیوایەکی مەزنەوە ئیتر تا هەرچەندە هەڕەشەو ئاڵەنگارییەکان زۆربن هەردەبێت بە تێڕوانینێکی ئەرێنی درەوشاوەوە بڕوانینە ئایندە

موسڵمان دەبێت خاوەنی دەستپێشخەرییە ئەرێنییەکان بێت. چونکە کات واتە ژیان، هەرگیز نابێت بەفیڕۆ بدرێ، ئەگەر یەك خولەکیش بێت ئەوا هەر نرخ و بەهای خۆی هەیە، چونکە مرۆڤ دەتوانێ لە کارێکی چاکەو سودمەندا بەگەڕی بخات.

لەوەشدا کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نەمامی بردووە ناوی تۆوی نەبردووە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوە کە دەبێ موسڵمان لە ڕووی

لێی ڕازی بێت- لە عەممارەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی سابیتەوە کە دەڵێ: گوێبیستی عومەری کوڕی خەتتاب بووم دەیوت بە باوکم: (چی ڕێگیریت لێدەکات.....)..

بەرهەمـدان و سـەرئەنجامەکانەوە سـودمەندترین و خێراتریـن کار هەڵبژێـرێ[١٩].

ئـەم فەرموودەیـەم لـەم هەلومەرجـەدا باسـکرد چونکـە زۆربـەی خەڵکـی لـە پەنـای کۆرۆنـادا کارناکـەن، بێـکار و دەسـتەوئەژنۆ لـە ماڵەکانیانـدا دانیشـتوون، هەسـت بـە بۆشـایی کات دەکـەن، جـا مادام واتـای فەرموودەکـە ئـەوە دەگـەیەنێ کـە نابێـت بـەلاّو کارەسـاتەکان هەتـا ئـەو ڕۆژەی کـە قیامـەت دێـت موسـڵمان لەکاربخـەن و بێـکار بێـت، ئـەوا پێویسـتە زانـا بیربکاتـەوەو کاربـکات، دەبێـت پسـپۆڕانیش لـە بوارەکـانی پزیشـکی و زانسـتەکانی نەخۆشـییە تەشەنەسـەندووەکان و دەرمانەکانـەوە لـە پێشـبڕکێدا بـن بـۆ گـەیشـتن بـە پێکوتەیـەك بـۆ چارەسـەری ئـەم پەتایـە، پێغەمبەریـش (ﷺ) لەوبارەیـەوە گەشـبینی پێداویـن کـە دەفەرمـووێ: (هـەر دەردو نەخۆشـییەك بوونـی هەبێـت بەدڵنیایـی کـە دەرمانیشـی هەیـە))[٢٠]، هەروەهـا بـا هـەر مرۆڤێکـی تـر لـە بـواری پسـپۆڕی و زانسـتی خۆیـدا کاربـکات، یـەك خولـەك کات بەفیـڕۆ نـەدات، بـا پـڕۆژەی سـودمەند پێشـکەش بـکات، بـا لـە ژیانیـدا کەسـێکی ئەرێنـی بێـت، ئەسـڵ ئەوەیـە کـە دەبێـت زانـا پسـپۆڕەکانی ئێمـە لـە پرۆسـەی ڕزگارکردنـی جیهـان لـەم پەتـاو نەخۆشـییە دەسـتپێشـخەربن و لەپێـش خەڵکانـی تـرەوە بـن، ئەویـش لەڕێـگای دۆزینـەوەی پێکوتـەی بەرگریـکار و چارەسـەری سـەرکەوتووانەدا.

---

١٩ لەم بابەتەدا سەیری کتێبی عمده القاری‌و لە نوسینی حافزی عەینی (١٥٥/١٢) بکرێ.

٢٠ النسائی لە سونەنی الکبری دا بە ژمارە (٦٨٦٣) ریوایەتی کردووە، ئەحمد بە ژمارە (٣٩٢٢) و ئبین ماجە بە ژمارە (٣٤٣٨) ریوایەتیان کردووەو ئبین ماجە دەڵێ سەنەدەکەی باشە.

## لە یادی رۆژی جیهانیی بۆ ئازادی رۆژنامەگەریی

هەموو ساڵێك جیهان رۆژی (٣ی مایس) بە بۆنەی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە ئاهەنگ دەگێڕێ، ئەم رۆژە رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردەو زانست و رۆشنبیری (یۆنیسكۆ) دیاریكردووە، تا یادی واژۆكردنی جاڕنامەی (ویندهۆك)ی مێژوویی كە لەو رۆژەدا بە فەرمی ناسێنراوە زیندوو رابگرێ، كە ئەویش لە كۆبوونەوەی رۆژنامەوانە ئەفەریقییەكان لە (٣ی مایس) ساڵی ١٩٩١ ئەنجامدرا.

**دەنگی رۆژنامەگەریی قۆرخ نەكرێ لە دەستی عەلمانییەتدا و بكەوێتە سەركوتكردنی ئاین و مرۆڤ و ژیان**

لێدوانی من لەسەر ئەم یادەوەرییە ئەمەیە كە:

١- ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەگەری لە سایەی هەر دەسەڵاتێكدا نەبێت، ئەوا ئەو دەسەڵاتە هیچ بەهایەكی نیە، هاوكات هیچ راستگۆییەكیش بۆ بوونی ئازادیی تیایدا بوونی نیە.

٢- پێوەری هەڵسەنگاندن بە چاك یان خراپ بۆ هەر دەستەڵات و سیستمێك بریتییە لە بوونی ئازادییە گشتییەكان و لەپێش هەمووشیانەوە ئازادی رۆژنامەگەریی..

٣- بەم بۆنەیەوە داوادەكەم كاری رۆژنامەگەریی زیاتر ئازاد بكرێت، رۆژنامەنوسان بپارێزرێن لە هەر مەترسییەك، بە دوور بگیرێن لە بەسیاسیكردن و كڕین و قووتدان یان كردنیان بە پردەباز بۆ

مەرامی دەستەلات.. هەروەها داوادەکەم ئازادی رادەربڕین بدرێ بە هەموو کۆمەڵگا، بە ئیسلامی و عەلمانی بە یەکسانی، دەنگی رۆژنامەگەریی قۆرخ نەکرێ لە دەستی عەلمانییەتدا و بکەوێتە سەرکوتکردنی ئاین و مرۆڤ و ژیان..

جەژن لە رۆنامەگەریی ئازاد و لە رۆژنامەوانانی ئازاد پیرۆز بێت، بە سەلامەتی و تەندروستی باشەوە بژین، خوای گەورە زیندانیانی رای ئازاد و نوسەرانی وشەی رەسەن و رۆژنامەگەریی ئازاد رزگار بکات...

## ڕەمەزان میوانێکی خۆشەویست و دانسقەیە، وا خواحافیزیتان لێدەکات

وا یەکەمین دە ڕۆژی ڕەمەزان تێپەڕی، ئایا ئێمە چیمان تێیاندا پێشکەشکردووە، ڕەحمەتی خوای گەورە لە پێشینانمان بێت کە زۆر جوان لە حەقیقەتی تەمەنی مرۆڤ گەیشتوون، ئەبو نوعەیم لە کتێبی (حلیە الأولیاء)دا دەگێڕێتەوە کە حەسەنی بەصری وتوویەتی: (ئەی ئادەمیزاد ئەوە بزانە تەمەنی تۆ چەند ڕۆژێکە، ئەگەر ڕۆژێکت تێپەڕی ئەوا بەشێکت دەڕوات).

خوای گەورە لە ئەبو درداء ڕازی بێت، هەروەك بەیهەقی لە بەشی بەشەکانی باوەڕدا بە سەنەد لێیەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: ((ئەی ئادەمیزاد چۆنت دەوێ وەها گەشت بە زەویدا بکەو بیپێچەرەوە، تا تۆ نەگەیتە گۆڕەکەت ئەو تەواو نابێ، ئەی ئادەمیزاد تەمەنی تۆ چەند ڕۆژێکە، هەرکات ڕۆژێك تێپەڕی، ئەوا بەشێك لە تۆ دەڕوات، ئەی ئادەمیزاد تۆ تەمەنت دیارییە، هەرکات چرکەیەك یان بەشێك لە چرکەیەکت لێ ڕۆیشت، ئەوا بەشێکت لێدەڕوات). ئەمیری شاعیران ئەحمەد شەوقی وتوویەتی:

لێدانەکانی دڵ بە مرۆڤ دەڵێن\
بزانە کە ژیان چەند خولەك و چرکەیەکە\
کارێکی بەرزبوونەوە بۆ خۆت بکە تا دوای مردن باست بکرێ\
چونکە باسکردن بە باشە بۆ مرۆڤ لەدوای مردن تەمەنێکی ترە...

ئەی برایان و خوشکانی ڕێزدارم:\
ئەوەی لێمان داوادەکرێ ئەمەیە کە:\
هەڵوەستەیەك بکەین و لێپرسینەوەیەك لە خۆمان بکەین\
پێداچوونەوەیەك بکەین و ئەوەی لەدەستمان چووە قەرەبووی بکەینەوە...

دەی خۆتان ڕاستبکەنەوەو پەشیمان ببنەوە، با بە باوەڕێکی کامڵ و کردەوەی چاك و زیاترەوە بڕۆینە ناو دووەم دە ڕۆژی مانگی ڕەمەزان...

بەم نزیکانە ڕەمەزان خواحافیزیتان لێدەکات، نەکەن وەك ئەو کەسە بن کە بە باشی ڕێز لە میوانەکەی ناگرێت.

## ئەی موسڵمان خەریکی کاری خۆتبە..

من بەدواداچوون بۆ ئەو لێدوانانە دەکەم کە لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا مایك پۆمپیۆوە گوازراونەتەوەو رۆژنامەی (بیلد)ی ئەڵمانی بڵاویکردوونەتەوە، لەو لێدوانەیدا دەوڵەتی چینی تۆمەتبارکردووە بەوەی کە هەستاوە بە دروستکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەڵێت کۆمەڵێك بەڵگە لەبەردەستدان دەریدەخەن کە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆڤید-١٩) لە کارگەیەك لە شاری ووهانی چینەوە بەرهەمهێنراوە. دەڵێ:

(ئەمە یەکەمجار نیە جیهان دەکەوێتە بەر ئەم ڤایرۆسانە، ئەمەش لەبەرئەنجامی حاڵەتەکانی شکستخواردن کە لە کارگەیەکی چینی دا روودەدەن)).

جا هەرچەندە پۆمپیۆ لە لێدوانەکانیدا باسی لەوە نەکردووە کە ئەم ڤایرۆسە دروستکراوێکی مرۆیی بێت، بەڵام هاوڕایە لەگەڵ بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری نیشتمانیدا کە بە دووری دەزانێ ئەو ڤایرۆسە لەبەرئەنجامی ئاڵوگۆڕی جینییەوە بێت.

ئەی موسڵمان منیش لە بارودۆخێکی ئاوەهادا بە تۆ دەڵێم:

٤- لامەکەرەوە بەلای شەڕی سیاسییەکاندا، سەرقاڵی ئەو کارەت بە کە ئەرکی سەرشانتەو دەبێت جێبەجێی بکەیت..

٥- هەڵەی ئەوانیتر بکەرە دەرفەتێك بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی خۆت، چارەسەری راست و دروست پێشکەش بکە..

٦- ئەی برایان و خوشکانم لەڕاستیدا من داوام لێکردن کە: ئەو خەرجییەی ئامادەت کردووە عومرەی لە رەمەزاندا پێبکەیت بیدە بە هەژار و نەدار و خاوەن پێداویستییەکان..

٧- داوام لێکردن دەستەبەری یەکتری بن لەنێوان خۆتاندا، بەوەی کە لە سووککردنی ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکیدا پشکتان هەبێت و ئەمەش ئەرکی سەرشانتانە..

٨- ئیسلامەکەتان کردوویەتە ئەرکی سەرشانتان ببنە بەشێك لە چارەسەر نەك بەشێك لە گرفت و کێشەکان..

٩- کێشەو گرفت و فێڵ و تەڵەکەی سیاسی ئەوانە درێژخایەنن و مێژوویەکیان هەیە، دەی بێباوەڕی ئێوە لەوان درێژتر بێت.

١٠- خوای گەورە لەسەر باوەڕەکەتان لێپێچینەوەتان لەگەڵدا دەکات نەك لەسەر بیرکردنەوەو خۆ سەرقاڵکردن بە کێشەو گرفتی سیاسییەکانەوە.

## ئایا ئیبن تەیمییە (بە ڕەحمەت بێت) بە تیرۆریست دادەنرێ؟

گوتەیەك دەربارەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییەو ئەوەی لەبارەیەوە دەوترێ..

هەندێجار تیری گێژەڵوكە ئاسا ئاراستەی ئەو كەسایەتییانە دەكرێ كە لە یادەوەری دەستەجەمعیدا پێگەو پایەیەكی ڕێزدار و بەرزیان هەیە، لەم ماوەیەشدا بە ناڕەوا وەسف و ناساندنێكی تیرۆریستی درا بەسەر ئیبن تەیمییەدا، جا بەوهۆیەوە كە مەكینەی ڕاگەیاندن زۆر بەهێزو دەستەڵاتدارە، ئەوا ئەو چاووڕاوە جۆرێ لە شێواندنی لای جەماوەر و لای هەندێ لە توێژی ڕۆشنبیر و بژاردە لە ئیسلامی و عەلمانی دروستكرد...

دەكرێ هەڵوێستم لەسەر شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە بەكورتی لەم چەند خاڵەدا بخەمەڕوو:

١- كەلەپور بە گشتی تۆمارگای ئەقڵی موسڵمانە، لە كەلەپوری هەموو گەلان و كەسە ناودارەكانیاندا شتانێ دەبینی كە پرشنگدارن و هیتریش دەبینی كە تاریكن..

٢- میتۆدیش ئەوەمان لێدەخوازێ ئەوەی كە لە هەر كەلەپورێكی مەعریفیدا پاكە وەربیگرین و ئەوەیشی كە لێڵە ڕەتیبكەینەوە.

٣- حوكمدان لەسەر هەر بەرهەمێك بە پلەی یەكەم لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە دەبێ، كە جیاكەرەوەی چاك لە خراپە و دادوەری دادپەروەرە، ئینجا سوننەتی ڕاست و دروست لەگەڵیدا، چونكە ئەم دووانە تەرازووی هەڵسەنگاندنن بۆ حوكمدان بەسەر هەر بەرهەمێكی زانستیدا.

٤- پێویستە لەسەرمان جیاوازی بخەین لەنێوان پێگەو پایەی كەسەكەو نێوان پیرۆزی سەرچاوەكە، چونكە ئەو كەسە تا هەر ئاستێك خاوەنی پێگەو پایە بێت و خۆشەویست بێت ئێمە هەر بۆمان هەیە بە ڕای ئەو نەكەین، ئەمەش بە ڕەچاوكردنی تێكنەشكاندن و

کەمنەکردنەوەی ڕێزو کەرامەتی ئەو کەسە، ڕەحمەتی خوای گەورە لەو کەسە بێت کە وتوویەتی: (شێخی ئیسلام خۆشەویستمانە، بەڵام هەق و ڕاستی لە لامان لەو خۆشەویستترە).

٥- ئیبن تەیمییە مەشخەڵێکی زانستی زۆر گەورەیە، بەرەیەکی زانستی کراوەبوو، لەسەر ئەو هەڵوێستە زانستییانەی دووچاری بەڵاو تاقیکردنەوەی سەخت هات، زیندانی کرا، ئاڵەوێدا لایەنی سیاسی و ئیمانیی و کۆمەڵایەتی و باوەڕیی تێکەڵ بەیەك بوون.

٦- نکولی لەوە ناکەین کە ئیبن تەیمییە چەند ئیجتیهادێکی زانستی پێشتری هەیە، هەروەها چەندین ئیجتیهادی هەیە کە تەنها لەودا بوونیان هەیەو پێکانی ڕاستیی نەبووتە یاوەری تیایاندا...

٧- دەبێ جیاکردنەوە بکرێ لە نێوان ئەو هەڵوێستانەدا کە مۆرکی کاتییان پێوە دیارە، وە نێوان ئەو هەڵوێستانەدا کە مۆرکی تاککەسییان پێوە دیارە، کە ئیبن تەیمییە لەمەدا(خوای گەورە ڕەحمی پێبکات) وەك پێویست نەیپێکاون..

٨- ئایا بەرهەمی فیقهیی ئیبن تەیمییە بە سەرچاوەیەکی تیرۆر دادەنرێ؟

وەڵام: بە تەواوی دڵنیاییەوە (نەخێر). چونکە هەر دەقێکی یاسایی یان فیقهیی یان ئابووری کە لە میانەیەکی دیاریکراودا دەرهێنراوە ئەوا دواتر دەبێتە کۆڵێکی قورس بەسەر ئەو دەقەوە کە بەرگەی ناگرێ و نەدەبوو بکرێ.

لێرەوە دەڵێین ڕاو بۆچوونەکەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە (بە ڕەحمەت بێت) بەرپرس نین لە لێکەوتەکانی ئەو مانایانەی کراون لەلایەن ئەو کەسەوە کە لە میانەی خۆیان دەریهێناون و لێکدانەوەیەکی بۆ کردوون کە لە بنەڕەتدا وانییە.

بەڵکو ئێمە سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکەین کە میتۆدەکەی ئیبن تەیمییەی هەڵوەشاندووەو فەتواکانی لە میانەو ڕەوشی خۆیان

ده‌رهێناوه‌و خستوونیه‌ته‌ میانه‌یه‌كی تره‌وه‌، به‌وه‌ش كه‌وتووه‌ته‌ قه‌یران و ته‌نگژه‌وه‌..

**له‌ كۆتاییدا ده‌ڵێین..**

ئیبن ته‌یمییه‌و زانا ناوداره‌كانی تریش خاوه‌نی پێگه‌و پایه‌ی خۆیانن و له‌ ئه‌قڵ و له‌ دڵه‌كاندان، پێویست ده‌كات رێزیان لێبگرین و چاكه‌ی بیرو هزریان باسبكه‌ین، هاوكات ره‌خنه‌ بگرین له‌و هه‌ڵانه‌ كه‌ كه‌وتوونه‌ته‌ ناویان، ئه‌مه‌ش ئه‌ركی كه‌سانی پسپۆڕه‌ نه‌ك هه‌واداران‌ی ده‌مه‌قاڵه‌ی راگه‌یاندن...

**ئیبن ته‌یمییه‌و زانا ناوداره‌كانی تریش خاوه‌نی پێگه‌و پایه‌ی خۆیانن و له‌ ئه‌قڵ و له‌ دڵه‌كاندان، پێویست ده‌كات رێزیان لێبگرین و چاكه‌ی بیرو هزریان باسبكه‌ین**

نهێنییه‌كه‌ ئه‌مه‌یه‌: هه‌ر ئوممه‌تێك كه‌سه‌ باڵاكانی خاوه‌نی یاده‌وه‌ریی مێژوویی نه‌بن تیایدا ئه‌وه‌ ئوممه‌تێكی بێ ئاینده‌یه‌.

به‌ڵێ بۆ وتووێژ و شه‌ن و كه‌وكردن له‌گه‌ڵ هه‌ر مه‌رجه‌عێكی زانستیدا به‌بێ كه‌مكردنه‌وه‌ی پێگه‌ی یان ناوزڕاندن و درۆكردن به‌ناویه‌وه‌...

به‌ڵێ بۆ مامه‌ڵكردن له‌گه‌ڵ كه‌له‌پوردا به‌بێ پیرۆزكردن یان خراپكردنی.. به‌ڵێ بۆ وتووێژێك كه‌ كه‌سانی پسپۆڕ پێی هه‌ستن.

**ئه‌ی موسڵمانان:**

وریابن نه‌كه‌ن به‌كه‌م سه‌یری مه‌رجه‌عه‌كانتان بكه‌ن و سوكیان بكه‌ن، وریابن نه‌كه‌ن ته‌سلیم ببن و بچنه‌ ژێرباری ئه‌وكه‌سانه‌وه‌ كه‌ یاری به‌ ئه‌قڵه‌كان ده‌كه‌ن..

## لێكۆڵینەوەو لێدوان لەسەر بانگەوازەكەی شێخی ئەزهەر و پاپای فاتیكان

### لەپێناو هەڵگرتنی پەتای كۆرۆنا و سەركەوتنی پزیشكان لە دۆزینەوەی چارەسەردا...

لێرەدا ئەم خوێندنەوەو لێدوانە دەدەمە بەڕێزیان و دەڵێم:

لەم بونەوەرەدا هەر رۆژە و بەڵایەك روودەدات، جا وێڕای ئەوە كە مرۆڤ لە دڵۆپە ئاوێك بەدیهێنراوەو جوانیی سروشتپاكی پێبەخشراوە بەڵام هەر كەسانی نەگبەت و خراپەكاران ئەو سروشتە پاكەی تاك و كۆمەڵەگاكان پیس دەكەن...

داواكردن بۆ ئەنجامدانی نوێژو پاڕانەوەی هەنووكەیی كارێكی سودبەخش و زەروریيە، سوپاسی بەڕێزتان دەكەم لەسەر ئەو نیەتە باشەتان، بەڵام ئەم هەڵسوكەوتە بە تەنها بەس نیە، چونكە نوێژی راستەقینە هەر لە سەرەتای دەستپێكردن تا كۆتاییهاتنی دەبێت بەجۆرێ بێت كە لەسەر گوێڕایەڵیی پەروەردگار بونیاتنرابێت.

لەڕاستیدا نوێژ لەسەر باوەڕداران فەرزەو كاتی دیاریكراوی خۆی هەیە.خوا گەورە دەفەرموێ: ﴿اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ﴾ سورة العنكبوت (٤٥)

ئیبن ئەبی شەیبە (٢٩٨/١٣) لە عەبدوللە كوڕی مەسعود (خوا لێی رازی بێت) بەسەنەدێكی باشەوە دەگێڕێتەوە كە وتوویەتی: ((سودی نوێژ تەنها بۆ كەسێكە گوێڕایەڵی بێت ئەگەرنا بێسودە)) پاشان عەبدوللە ئەمەی خوێندووەتەوە: ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە (بەڕەحمەت بێت) دەڵێ:

(ئەنجامدانی كاری گوێڕایەڵیی بریتییە لە وازهێنان لە سەرپێچییەكان، لە بەرانبەریشەوە وازهێنان لە سەرپێچییەكان بریتییە لە بەجێهێنانی گوێڕایەڵییەكان، لەبەرئەوە نوێژ رێگیریی دەكات لە

كاره خـراپ و نـاڕەواكان، چونكـه نوێـژ دوو شـتی لەخۆگرتـووە: یەكێكیـان ڕێگیـری دەكات لـه گوناهـو تاوانـەكان، دووەمیـش زیكـری خـوای گـەورەی تێدایـه) تـەواو بـوو. (مجمـوع الفتـاوى ١٠/٧٥٣)

ئیبـن عاشـور - بـه رەحمـەت بێـت- دەڵێ: (نوێژ بریتییـه له یادكردنەوەی خـوای گـەوره بـه گوفتـار و بـه كـردار، بەجـۆرێ كـه لەتوانایدایـه نوێژخوێـن وەك ئامـۆژگاری لێبـكات كـه خـوای گـەوره بیـری خەڵـكی بخاتـەوە، چونكـه ڕێگیـری لـه بیسـەرەكەی دەكات كارێ ئەنجامبـدات كـه خـوای گـەوره پێـی رازی نیـه، ئەمـەش وەك ئەوەیـه كـه وتـراوە: هاوڕێەكـەت ئاوێنەیەكـه عەیـب و نوقصانییەكانـی خۆتـی تێـدا دەبینیـت..

برایانـی بەڕێـزم شـێخی ئەزهـەر و پاپـای فاتیـكان: مـن پەرۆشـیتان لەسـەر ئەنجامدانـی چاكەكاریـی بـەرز دەنرخێنـم، بـەڵام ڕێگامبـدەن دیـدو بۆچوونـی خـۆم بـه بەڕێزتـان بڵێـم:

نوێـژ و پاڕانـەوەی هەنووكەیـی بێسـوده ئەگـەر بێتـو هاوڕایـی و ڕێككەوتـن لەسـەر مەسـەله گـەورەكان نەكەوێتـه پێشـی و یـاوەری نەبـن، لەوانـەش:

١- تەوبەكردنی تاكەكەسی و ئەنجامدانی ئاشتەوایی كۆمەڵگایی.

٢- باوەڕبـوون بـەو مەسـەلانه كـه ڕێكەوتنیـان لەسـەر كـراوەو باوەڕبـوون بـه دادگەرییـان و ڕەوایەتیـان وەك ئاشـتەوایی لەنێـوان فەرمانـڕەواو فەرمانبـەرداردا.

٣- ڕەتكردنـەوەی سـتەمكردن و وازهێنـان لـه خوێنڕشـتن و تۆڵەسـەندنەوە.

٤- بەرزكردنـەوەی دروشـمی قەدەغـەی دەسـتبردن بـۆ بێتاوانـان، تاوانباركردنـی هەركەسـێك كـه دەسـتدرێژی بكاتـه سـەر كەسـانی سـیڤیل و بـێ زیـان و ئاشـتیخوازان لـه هەمـوو ئاینـەكان.

٥- كۆبوونـەوە لەسـەر هـەق و چاكـەو جوانیـی، یاسا بكرێتـه دادوەری كێشـەكان و لێپێچینـەوەی یاسـایی لـه هەمـوو تاوانـه دەمارگیرییـه قێزەونـەكان بكـرێ.

٦- ڕێگیریکردن لە ملهوڕیی فەرمانڕەواو لە ڕاپێچکردنی ئۆپۆزیسیۆن بۆ زیندانەکان.

٧- تاوانبارکردنی هەر جۆرە دەستدرێژییەك بۆ سەر هەر گەلێك.

٨- فەرمانڕەوای شەرعی ئەو کەسە نیە کودەتا بەسەر گەلی خۆیدا بکات و سوپا بەکاربێنێ بۆ کوشتنی گەلەکەی، بەڵکو فەرمانڕەوای شەرعی ئەو کەسەیە کە بە ئیرادەو دەنگی گەل و سندوقەکانی هەڵبژاردن چووەتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی.

٩- ئەو نوێژە بەکۆمەڵەی بەرزدەبێتەوە بۆ لای خوای گەورە ئەو نوێژەیە کە لەسەر تەوبەو پەشیمانی دەستەجەمعی بەرپا بووبێت، کە ئەویش لە گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیان و لێبوردەیی و لێخۆشبوونی گشتیدا خۆی دەنوێنێ.

ئەزموونە مێژووییەکان فێریان کردووین کە تاعون یان ڤایرۆس تا هەرچەندە گەورە بێت هەر دەڕوات و نامێنێ، ئەوەی دەمێنێتەوە مرۆڤە دەبا ئێمەش بەزەییمان پێیدا بێتەوە

١٠- ئەزموونە مێژووییەکان فێریان کردووین کە تاعون یان ڤایرۆس تا هەرچەندە گەورە بێت هەر دەڕوات و نامێنێ، ئەوەی دەمێنێتەوە مرۆڤە دەبا ئێمەش بەزەییمان پێیدا بێتەوە، کاربکەین لەسەر فێرکردنی و ڕێگری بکەین لە سیاسەتەکانی چۆکپێدادان و برسیکردن و ملکەچکردنی...

برایانی بەڕێزم ئەم خاڵانە دەروازەی چاکبوونی کۆمەڵگاکانن، یارمەتی خوای گەورەش بەردەوامەو وەستانی نیە بۆ کەسێ کە ئاشتەوایی بکات و لێبوردە دبێت و ڕاستییەکان بەراشکاوانە بدرکێنێ.

## ڕۆیشتنی دڵ بەرەو خوا گەورە

برایەك پرسیاری کرد: **ئایا ئەو کردەوە یان زیکرە کامەیە کە دڵ پاکدەکاتەوە؟**

وەڵام: پێویستە لە مەسەلەی ڕۆیشتنی دڵ بەرەو ڕەزامەندی خوای گەورە هەردوو پرۆسەی (خاڵیکردنەوە)، پاشانیش (پڕکردنەوە) بوونیان هەبێت:

خاڵیکردنەوە: بریتییە لە لابردن و خاڵیکردنەوەی دڵ لە هەموو ئەو کردەوە خراپانەی بوونەتە مایەی پیسکردنی دڵ، وەك ڕق و کینەو ئیرەیی و زۆرێکی تریش لە کردەوە خراپەکان، واتا دابڕینی دڵ بەتەواوەتی لە هەرجۆرە کارێکی خراپ کە دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی دڵ لە گوێڕایەڵیی پەروەردگارەکەت.

دوای ئەم پرۆسەی خاڵیکردن و پاککردنەوە پرۆسەی پڕکردنەوەو ڕازاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی دڵ بە خۆشەویستی خوای گەورە دەستپێدەکات، ئینجا خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر بە گوێڕایەڵیی دایك و باوك، پاشانیش خۆشویستنی تەواوی خەڵکی جگە لە کەسێك کە دەستدرێژیی کردبێت..

هەروەها پاراستنی سەلامەتیی پەیوەندیی برایەتیی بەوەی ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشە بۆ براکەشت پێتخۆشبێت هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی. لەدوای هەموو ئەمانە:

١- زیکری خوای گەورەو زۆر صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ).

٢- قورئانخوێندن و تێگەیشتن لە ماناکەی و پابەندبوون بە فەرمان و حوکمە شەرعییەکانی.

٣- پابەندبوون بە پەرستشەکان وەك نوێژ و زەکاتدان و هیتریش.

٤- بەهەندگرتنی گشتگیریی خواپەرستی و پەرستش لە تێگەیشتن و پاکبوونەوەو چاکەکاریی، چونکە خواپەرستی ناوێکی کۆیە بۆ هەرشتێك کە خوای گەورە پێیخۆشە.

کەواتە هەوڵبدە کردەوە چاکەکانت فرەجۆربن تا پەروەردگارت ڕازی بکەیت و چاکەکاربە لەگەڵ خەڵکیشدا.

## نەخۆشییەکانی سەردەم و پەندوەرگرتن لێیان

حکومەتی بەریتانیا ژمارەی زیادبوونی ئەو کەسانەی رایگەیاند کە حەزدەکەن بەشداربن لە بە پایانگەیاندنی بەرنامەی نەهێشتنی خۆکوشتن - کە وەزارەی تەندروستی بەریتانیا بەشێك لە خەرجییەکەی دەکێشێ- چونکە ژمارەی بەشداربووان لە خولی راهێنان لە سەرتاسەری جیهاندا لە سەرەتای دامەزراندنی (هاوپەیمانی زاڵبوون بەسەر خۆکوشتندا لە ساڵی ٢٠١٧) وە گەیشتووەتە یەك ملیۆن کەس.

خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەم بۆ ئەم پرسە بەمجۆرەیە:

لەڕاستیدا جیهانی ئەمڕۆ لە بۆشاییەکی رۆحی و لە قەیرانی دەروونی و زیادکردنی نەخۆشی و گرێ دەروونییەکان و جەنگەکاندا دەژی، ئەمەش لێمان دەخوازێت کە چەند هەنگاوێکی یەك لەدوای یەك لە چەند لایەنێکەوە بگرینەبەر، ئەوانیش ئەمانەن:

١- گەیاندنی پەیامی ئیسلام بە جوانترین شێواز کە لەسەر هەردوو پایەی ژیری و ئازادیی بەرپابووە.

٢- ناساندن و ئاشنابوون بەو پرس و مەسەلە گەورانەی کە ئیسلام وەڵامیداونەتەوە، لەوانەش: ئایا من کێم و ئەو بەهایانە کامانەن کە باوەڕم پێیان هەیە، ئایا بۆچی دروستکراوم، چۆن

> **لەڕاستیدا موسڵمان لەنێو تیمەکانی فریاکەوتندا هەژمار دەکرێ نەك لەنێو ستەمکاران و جنێوفرۆشان، یان دڵخۆشبوون بەو زیانانەی بەوانیتر دەگات**

بژیـم و بـۆ کـوێ دەچـم و چارەنووسـم چییـە؟

٣- پێدانـی روونکردنـەوەی تێروتەسـەل بـە رێبـازی ئیـسلام دەربـارەی لایەنـی رۆحـی یـان پاکژکردنـەوەی دەروون و چاکەکاریـی و ....تادوایـی

لەڕاسـتیدا موسـڵمان لەنێـو تیمەکانـی فریاکەوتنـدا هەژمـار دەکـرێ نـەك لەنێـو سـتەمکاران و جنێوفرۆشـان، یـان دڵخۆشـبوون بـەو زیانانـەی بەوانیتـر دەگات..

دەی بـا نەخۆشـییەکانی سـەردەم بـەس بـن بـۆ وەرگرتنـی پەنـدو ئامـۆژگاری، ئێمـە نەبینـە یارمەتیـدەرو نەبینـە هـاوکاری خەڵکـی کـە هەنگاوبنـێ بـەرەو شـێتیی و خۆکوشـتن.

ئـەی بـاوەڕداران ئێـوە ببنـە بەزەیـی و ببنـە رەحمەتـی بەرفـراوان بـۆ سـەرجەم خەڵکـی...

خەڵکـی فێـری چاکەکاریـی و رێـگای راسـت بکـەن و خۆیشـتان فێرببـن و بـا ئەوانـەش کـە فێردەبـن خەڵکانیتریـش فێربکـەن...

هیـچ هێزێـك نیـە لەسـەرووی هێـزی وشـەی سـۆزو بەزەیـی و چاکـەوە بێـت...

ئێـوەی بـاوەڕدار و موسـڵمان هەڵگـری نیشـانەی خێـر و هیدایەتـن، نـەك هەڵگـری ئـاڵای فیتنەگێڕیـی و ئـازاردان و زیانگەیانـدن کـە ئەوەش لـە موسـڵمانەوە دوورە...

# پەیامێك بۆ ژێرمەندانی سیاسەتی دەرەوەی ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا

مینیاپۆڵیس.. هەڵوێستم لەو رووداوە لەوێ روویدا...

لەڕاستیدا خوێندنەوەو بەدواداچوونم کرد بۆ ئەوەی کە لە مینیاپۆڵیس روویداو روودەدات، گوتەکەی سەرۆکی شارەوانی مینیاپۆڵیس بەڕێز (جاکوب فرای) سەرنجی راکێشام کە وتی: (ئەوە پیاوەی کە جۆرج فلۆیدی کوشت بۆ نەخراوتە بەندیخانە؟). هەروەها وتی: (ئەگەر ئێوە یان من ئەوکارەمان بکردایە ئێستا بەتوندی خرابووینە ناو قەفەسی تاوانەوە).

گومانی تێدانە ئەم واقیعە چەندبارە بوویەوە هاوشێوەکانی لە ئەمەریکا رەنگدانەوەی دووفلیقانەیی پێوەرەکانە، کەموکورتی یاسایی ئەو ستەمە گەورەیە دەردەخات، کە هەندێ دەستەڵات بەکاری دەهێنن و دەستەڵاتە ناڕەواکان ئەنجامیدەدەن، ئەم رووداوو هاوشێوەکانی بەڵگەن لەسەر ئەوە کە یاسا بەتەنها ناتوانێ کێشەی دەمارگیریی رەگەزپەرستیی چارەسەر بکات، ئەمە لە کاتێکدایە ئاینی ئیسلاممان هەر لە بنەڕەتەوە ئەم حاڵەتە قێزەونەی بنەبڕکردووە، کاتێ کە رایگەیاندووە هەموو مرۆڤەکان لە ئادەمن (سڵاوی خوای لێبێت) و ئادەمیش لە خاك دروستبووە، هیچ عەرەبێك باشترو چاکتر نیە لە غەیرە عەرەبێك و هیچ کەسێکی سپی پێستێکیش باشترو چاکتر نیە لە کەسێکی رەش پێست..

هەموو ئەم پرەنسیپانەش لەو رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەدا هاتووە کە بە مەبەستی نەهێشتنی هەرجۆرە جیاکارییەکی رەگەزپەرستیی گرێدراوەو خراوەتە بەر واژۆکردن و ئیقرار پێکردن و بوون بە ئەندام تیایدا، ئەوەش بەپێی بڕیاری ژمارە ٢١٠٦ (د. ٢٠) لە بەرواری ٢١ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ ز دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە.

ئەگەر بڕوانینە هەر هەشت ماددەی بەشی یەکەمی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئەوا دەبینین کە بەندەکانی لەسەر ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزیی تەواوکاری یەکترین، ئەو جیاکارییەی کە پێناسەکراوە بەوەی جیاکارییە یان هەڵاوێردکردنە یان سنوردارکردنە یان جیاکردنەوەیەکە کە بەرپابووە لەسەر بنەمای ڕەگەز یان ڕەنگ یان نەژاد یان بنەچەی نەتەوەیی یان ئاینی، ئەم ڕێکەوتننامەیە نەهێشتنی هەرجۆرە پەکخستن و لەمپەڕێك دژ بە ئیقرارکردن بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان بە ئامانج دەگرێ یان بەدواداچوونیان بۆ دەکات، واتە ئەوانەی کە ڕێگرن لە سودوەرگرتن لێیان یان هەڵسوکەوتکردن پێیانەوە، ئەوەش بەشێوەی یەکسانی لە بوارەکانی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیریی یان هەر بوارێکیتر لە بوارەکانی ژیانی گشتیدا.

جا بەم پێیە ئەوا ئێمەی موسڵمان بەردەوام لە ئاینە مەزنەکەمانەوە هەنگاو هەڵدەگرین کە ڕێزی لە کەرامەتی مرۆڤ گرتووەو مافەکانی مرۆڤ بەهەند دەگرێ، هاوکات بەرگریکارە لە کەسانی لاواز و ژێردەستەو پێداگرە لەسەر گێڕانەوەی ماف بۆ ستەملێکراوان، مەبەستمان بەرلە هەر شتێکیتریش ڕەزامەندی خوای گەورەی پاکوبێگەردە، هەروەها دەخوازین کە دەبێت پابەندبوون هەبێت بە یاسای نێودەوڵەتی و بە مافەکانی مرۆڤەوە، هەروەها بەو بەندانەی کە دەمارگیریی و ڕەگەزپەرەستی، یان دەبنە هۆی بەرهەمێنانی هەرجۆرە ڕقلێبوونەوەیەك و نەویستنی ئەوانیتر بێ جیاوازی خستن لەنێوان ڕەش و سپیدا ڕەتدەکەنەوە هەر بەوجۆرە کە ئیسلام دانییپێداناوە. ((هیچ کات کەسێکی عەرەب لە کەسێکی غەیرە عەرەب باشترو چاکتر نیە، سپی پێستیش لە ڕەشپێست باشتر نیە.. هەمووتان نەوەی ئادەمن و ئادەمیش لە خاکە)). پێغەمبەر (ﷺ)و جێنشینە ڕاشیدەکانی ئەم پرەنسیپەیان پیادەکردووە.

جا بە چوونەسەر ئەو ڕووداوانە کە لەم دواییانەدا لە مینیاپۆڵیس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕوویانداو قسەیان لەسەر بکەین،

ئەوا جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

١- دەربڕینی نارەزایەتی و ریسواکردنی هەرجۆرە جیاکارییەکی رەگەزیی لە هەرشوێنێك بێت، بەرانبەر بە هەر نەتەوەیەك یان گەل یان ئاینێك روودات، چونکە ئاینەکان جیاکاریی رەگەزیی رەتدەکەنەوە، سروشتی پاکی مرۆڤ و ئەقڵی ساغ و سەلیمیش قوبوڵی ناکات...

منیش لەلایەن خۆمەوە میتۆدی خۆمم روونکردووەتەوەو فیقهی هاوسەنگیم لەسەری بونیاتناوە – واتە دیدی ئیجتیهادی خۆم- لەسەرئەوە کە پلەی چاکترین و باشترین لەنێو نەتەوەو گەلاندا لەسەر بنەمای نەژاد و رەگەز نیە بەڵکو لەسەر بەهاو رەوشت بونیاتنراوە، کەواتە نابێت بەڵکو هەر حەرام و قەدەغەیە کەسانی سڤیل و خەڵکانی مەدەنی ئیتر لەژێر هەر هۆکار و پاساوێکدا بێت بتۆقێنرێن یان سەرکوتبکرێن.

٢- لەراستیدا بەرپرسێتی وروژاندنی دەمارگیریی و رەگەزپەرستی و جیاوازی خستن لەنێوان تاکەکان و گەلاندا لە ئەستۆی لێدوانی هەندێ لە گەورە بەرپرسانی ئەمەریکادایە.

٣- بەدڵنیاییی کە گرتنەبەری شێوازی بانێکەو دوو هەواو دوالیزمەیی پێوەرەکان کە سیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر بە ناوچەکەمان و دۆزی رەوای گەلەکەمان گرتوویەتەبەر ناتوانێ سەرکەوتوو بێت، بۆیە پێویستە کاربەدەستان و ئیدارەی ئەمەریکی هەستێ بەراستکردنەوەی رێڕەوی چەوتی خۆی و نەهێڵێ ستەمکردن بەردەوام بێت، نەهێڵێ جیاکاریی رەگەزیی لەمە زیاتر درێژەبکێشێ، چونکە هۆکاری یەکەمی هەرجۆرە کاولکاریی و داڕوخانێك ستەمکردن و لەدەستدانی دادپەروەرییە، خوای گەورە دەفەرمووێ: (هل يهلك إلا القوم الظالمون).

دواجار دەڵێین هەرچەندە پێکهاتەی زۆرینەی گەلی ئەمەریکی و کرۆکی ئەو گەلە لەو کۆچبەرانە پێکهاتووە کە بەدرێژایی سەدەو ساڵان کۆچیان کردووە بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام وێڕای ئەوە هێشتا جیاکاری رەگەزیی هەر بەردەوامە، ئەمەش دەخوازێ و وا پێویست دەکات کە

ئیدارەی ئەمەریکا بەوپەڕی لێبڕان و بەتوندی پابەندبێت بە بەرەنگاربوونەوەی جیاکاریی ڕەگەزیی، ئەویش لەڕێگای ڕێز لە یەکترگرتن و ئاوێتەبوون و دەستەبەربوون و پابەندبوون بە گیانی یەکسانیی لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی ئەمەریکیدا، بەجۆرێ کە بیسەلمێنێ هیچ کەس لە هیچ کەسیتر زیاتر و باشتر نیە، مەگەر بەو خزمەتەی نەبێت کە پێشکەش بە وڵاتەکەیی دەکات... ئێمە داوادەکەین ژێرمەندانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕێڕەوی سیاسی بە ئەقڵانی بکەن، ئەو بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییە نەرێنیانەی ئەمەریکا راستبکەنەوە، ئەویش لەسەر بنەمای دادپەروەریی و بەهاکان نە بەگرتنەبەری شێوازی دووفلیقانەیی و دوالیزمەیی...

**پێویست دەکات کە ئیدارەی ئەمەریکا بەوپەڕی لێبڕان و بەتوندی پابەندبێت بە بەرەنگاربوونەوەی جیاکاریی ڕەگەزیی، ئەویش لەڕێگای ڕێز لە یەکترگرتن و ئاوێتەبوون و دەستەبەربوون و پابەندبوون بە گیانی یەکسانیی لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی ئەمەریکیدا**

چونکە لە پشت هەر پشێوییەکەوە سیاسەتێکی جیاکاریی و ستەمکردن بوونی هەیە.

## پەیامێکی کورت
## حوکمی شەرعی لەسەر کەسێك کە پابەند نابێت بە مەرجە تەندروستییەکان[٢١]

ئەو کەسەی پابەند نابێت پێیانەوە لە رووی شەرعەوە گوناهبارە

١- تامەزرۆی گەڕانەوەم بۆ مزگەوتەکان بە هەمان ئاست و هەستی نەخۆشێك کە تامەزرۆیە شیفای بۆ بێت، بێتاقەتم بۆ نوێژی جومعە و جەماعەت هەروەك چۆن قەدی دارخورماکە بێتاقەت بوو بەدابڕانی لە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)و تاسەی گەیشتنەوەی بەخزمەتی دەکرد.

دڵم پڕ بوو لەخۆشیی و جەستەم زۆر شادو ئاسودە بوو لەکردنەوەی مزگەوتەکان لەزۆربەی وڵاتاندا.

سوپاسی خوای گەورە دەکەم لەسەر ئەو نیعمەتە، هاوکات داواو داخوازیم پابەندبوونی تەواوەتییە بە مەرجە تەندروستییەکان ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی گیانی کەسەکان و ئەوانیتریش....

لێرەدا پێمخۆشە جەختبکەمەوە لەسەر راست و دروستی فەتواکانی پێشترمان بە رێگادان بە ئەنجامنەدانی جومعەو جەماعەت ئەوەش بە پاساوە شەرعییانە کە باسما نکرد ن.

**ئەو کەسەی کە پابەند نابێت پێیانەوە ئەوە لە رووی شەرعەوە گوناهبارە، چونکە پێش هەمووکەس زیان بە خودی خۆی دەگەیەنێ**

٢- حوکمی شەرعی

٢١ ئەم وتارە بۆ ئەوکەسانە بوو کە مرۆڤایەتی بەدەست ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەینالآندوو هەندێ کەس پابەندی رێنمایە تەندروستەیەکان نەدەبوون

لەسەر کەسێك کە پابەند نابێت بە مەرجە تەندروستییەکان:

ئەو کەسەی کە پابەند نابێت پێیانەوە ئەوە لە رووی شەرعەوە گوناهبارە، چونکە پێش هەمووکەس زیان بە خودی خۆی دەگەیەنێ، ئەو ئازاد نیە لە خودی خۆیدا چونکە موڵکی خوای گەورەیەو هاوکات زیانیش بە کەسانیتر دەگەیەنێ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: ((نە زیان بە خۆت بگەیەنەو نە زیان بە کەسانیتریش بگەیەنە))، بەهەمانشێوە زیان بە کۆمەڵگاکەشی دەگەیەنێ، لێکەوتەی ئەمەش رێگریکردنە لە کردنەوەی مزگەوتەکان کە جارێکیتر خوانەکردە رووبدات ئەگەر بێت و موسڵمانان پابەند نەبن بە مەرجە تەندروستییەکان.

کەواتە: پابەندبوون بە مەرجە تەندروستییەکانی تایبەت بەم بەڵا کوشندەیە فەرزێکی شەرعی و زەرورەتێکی تەندروستییە، هاوکات ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە.

٣-حوکمی شەرعی ئەنجامدانی نوێژی جومعەو نوێژە بە کۆمەڵەکانیتر بە دووركەوتنەوە لەیەك:

پێشتر فەتوایەکی تێرو تەسەلمان لەوبارەیەوە دەرکرد، پوختەکەی ئەمەیە: ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ بە دووركەوتنەوەی نوێژخوێنان (٢مەتر) لەیەکتری لە رووی شەرعەوە رێگاپێدراوە، ئەوەش لەبەر بڵاونەبوونەوەی پەتاکەو زیان نەگەیاندنە بە خەڵکی.

هەندێ لە زانایانی پێشینەمان هەمان شتیان وتووە، هەروەها ئەمە حاڵەتێکی کاتییەو بەویستی خوای گەورە بەمنزیکانە کۆتایی دێت، گرنگ ئەوەیە ریزەکان رێکبن و بە جوانی روویان کردبێتە خوای گەورەو کەعبە پیرۆزەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: ((إنما الأعمال بالنيات)).

## خێر و چاکەکانی ڕۆژی عەرەفە
## ڕۆژی بۆنخۆشیی ڕۆح و ئاسودەیی دەروون و خەڵات بەخشینو فەڕ و بەرەکەتە

ڕۆژی عەرەفە، هەروەك چۆن شەوی قەدر چاکترینی شەوەکانی ساڵە، ئەوا ئەم ڕۆژەش چاکترینی ڕۆژەکانی ساڵە.

((حەج عەرەفەیە)) واتە: ئەو ڕۆژەیە کە تا حاجی لەو ڕۆژەدا لە عەرەفە نەوەستێ حەجەکەی کامڵ نابێت.

ڕۆژی عەرەفە یەکێکە لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی زیلحیججە، کردەوەی چاك تیایدا تێکۆشانە لەپێناو خوای گەورەدا.

عەرەفە ئەو ڕۆژەیە کە زۆرترینی خەڵکی تیایدا ڕزگاریان دەبێت لە ئاگری دۆزەخ، موسلیم بە سەنەدی خۆی لە خاتوو عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هیچ ڕۆژێك نیە بەڕادەی ڕۆژی عەرەفە گەورە بێت، چونکە خوای گەورە زۆرترین بەندەی خۆی تیایدا زیاتر لە هەموو ڕۆژەکانی تر لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار دەکات)).

عەرەفە ئەو ڕۆژەیە کە شەیتان تیایدا تووڕە دەبێت و پیش دەخواتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: (((شەیتان هیچ ڕۆژێکی نەبینیوە وەك ڕۆژی عەرەفە بێت، چونکە ئەو تیایدا خۆی زۆر بە بچوکتر و ملشکاوتر و دوورخراوەترو ریسواتر و تووڕەو قین لەدڵتر دەبینێت، دەبینێ کە ڕەحمەت و بەزەیی خوای گەورە تیایدا دادەبەزێ، چونکە ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا خوای گەورە لە گوناهە گەورەکان خۆشدەبێ)) مالیك و بەیهەقی و عەبدولرەزاق و کەسانیتریش ریوایەتی دەکەن.

ڕۆژی عەرەفە یەکێکە لە ڕۆژانی مانگە پیرۆز و ڕێزلێگیراوەکان، یەکێکە لەو ڕۆژە دیاریکراو و زانراوانە کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسیکردووە: ﴿لِّيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ﴾ سورة الحج (٢٨)

ئیبـن عـەببـاس دەڵـێ: دە رۆژە دیاریکراوەکـە بریتییـە لـە دە رۆژی یەکەمـی مانگـی زیلحیججـە

خـوای گـەورە ئـەم فەرموودەیـەی خۆیـی تێـدا ناردووەتـە خـوارەوە: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ۚ فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ سورة المائدة (٣).

خـوای گـەورە لە زیاتـر لـە ئایەتێکدا سوێند بـەم رۆژە دەخـوات، یەکێك لـەوان ئـەم ئایەتەیـە کـە دەفەرمـووێ: ﴿والفجر*وَلَيَالٍ عَشْرٍ* وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ﴾

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرمـووێ: ((لای خـوای گـەورە هیـچ رۆژێك نیە کە لـە رۆژی عەرەفـە چاکتـر بێـت، خـوای گـەورە تیایـدا دادەبەزێتـە ئاسمانی دنیـا، لای ئاسـمانیان شـانازی دەکات بـە خەڵکانـی سـەر زەوییـەوە)).....

صەحیحـی ئیبـن حەببـان. رۆژی عـەرەفـە رۆژووی تێدایـە، کـە پێغەمبـەر (ﷺ) لەبارەیـەوە دەفەرمـووێ: ((ئومێـدەوارم خـوای گـەورە رۆژووی رۆژی عەرەفـە بکاتـە هـۆکاری سـڕینەوەی گوناهـی سـاڵی رابـردوو و سـاڵی ئاینـدە)) موسـلیم لـە صەحیحەکەیـدا ریوایەتـی کـردووە..

پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرمـووێ: ((چاکتریـن نـزاو پاڕانـەوە نـزاو پاڕانـەوەی رۆژی عـەرەفەیـە، باشـترین زیکرێکیـش کـە مـن و پێغەمبەرانی پێش منیش لـەم رۆژەدا کردبێتمـان ئـەم زیکرەیـە: لا إلـه إلا اللـه وحـده لا شـريك لـه، لـه الملك ولـه الحمـد وهـو علـى كل شـیء قديـر)). ترمـزی بـە سـەندێکی بـاش، یـان راسـت ریوایەتـی کـردووە.

### رۆژی عەرەفە رۆژی گەورە روکنی حەجە

بـاش وایـە هـەر لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی دە رۆژی یەکەمـی زیلحیججـەوە زیکـری (اللـە أکبـر) بەرزبکرێتـەوە، ئـەو تەکبیـرەی کـە دیاریکـراوەو دەبێـت پابەندبیـن پێیـەوە لـە بەیانـی رۆژی عەرەفەوە دەست پێـدەکات و تـا چوارەمیـن رۆژی جـەژن بـەردەوام دەبێـت، ئەویـش بریتییـە لـەم زیکـرە: (اللـه أکبـر اللـه أکبـر لا إلـه إلا اللـه واللـه أکبـر اللـه أکبـر ولـله الحمـد)، سـێجار بوترێـت، پاشـان بـەم زیکـرە کۆتایـی پێبهێنـرێ: (اللـه أکبـر کبیـرا والحمـد للـه کپیـرا وسـبحان اللـه وبحمـده بکـره وأصیـلا)

## لەخواترسان و پاریزگاریی زانستت فیرناکات،
## بەلام هانت دەدات لەسەر فیربوونی زانست و کارکردن

هەندێ لە نەزانە بیدعەچییەکان دەڵێن ئەگەر کەسێکی نەزان خوای گەورەی پەرست و ترسی خوای هەبوو ئەوا دەبێتە زانا، بەڵگەش بەم ئایەتە پیرۆزە دەهێننەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَاتّقوا الله وَيُعلّمُكم الله﴾ البقرة ٢٨٢، لەڕاستیدا بەڵگەهێنانەوە بەم ئایەتە کارێکی هەڵەیە ئەویش لە چەند روویەکەوە:

١- رستەی (ويعلمكم الله) بە واوی لێکدەر هاتووە کە جیاوازی لە مانادا دەخوازێ هەروەك سیبویە دەڵێ، هەروەها زمانناس و زانایانی بەیان و ڕەوانبێژیی تریش دەڵێن، ئەم رستەیە (ويعلمكم الله) بەشێك نیە کە لەسەر (واتقوا الله) هاتبێ، نە لامی پێکەوەبەستن، یان نە پیتی فای هۆکاریی هێناوە.

٢- ئایەتەکە بەو مانایە دێت خوای گەورە لەڕێگای ئەو وەحییەوە کە بۆ پێغەمبەرەکەیی رەوانەکردووە (ﷺ) فێری ئەوەتان دەکات کە بەرژەوەندی دنیاو قیامەتتانی تێدایە ، هەروەها چۆنێتی خواپەرستیکردن بۆ خوای بالادەست، پارێزگاریکردن لە ماڵ و سامانتان، کەواتە لە خوابترسن و بەجوانی پابەندبن پێیەوە..

٣- لەڕاستیدا گوتەی ئەو نەزانانە -هەروەك مامۆستا موحەممەد عەبدە دەڵێ- سەبەبکار دەکاتە سەبەب، بەش دەکاتە ئەسڵ، دەرئەنجامەکەش دەکاتە پێشەکیی، چونکە هەبوونی زانست بە زاتی خوای گەورەو بە سیفەتەکانی، هەروەها هەموو ئەو ڕێنماییانەی تر کە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا ناردوونیەتە خوارەوە ئەوەیە کە لە خواترسان دروستدەکەن، لەبەرئەوە پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿فاعلم أنة لا إلة إلا الله﴾ محمد(١٩).

٤- بەدڵنیاییی کە فیقهی میزان لێمان دەخوازێ هەموو ئەو ئایەتانەی لەبارەی یەك بابەتەوە هاتوون کۆبکرێنەوە، پاشان بە تێڕوانینێکی گشتگیرانەی هاوسەنگ سەرنجیان لێبدرێ، جا هەرکات ئەمەمان کرد ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەر شتەو هۆکاری خۆی هەیە، هۆکاری فێربوونیش بریتییە لە پرۆسەی فێرکردن.

٥- جگە لەوەش مەعلومە کە خواناسی و لەخواترسان لە سنگدایە، جگە لە خوای گەورە کەسیتر ئاگادار نیە بەسەریدا، ئیتر چۆن کەسێکی نەزان ئەو ئیدیعایە بۆ خۆی دەکات، کە کەسێکی لەخواترسە، گوایا بەم ئیدیعایە بووەتە زانا!!!

٦- گومانی تێدا نیە کردنەوەی ئەم دەرگایە کارێکی مەترسیدارە چونکە بیدعەچییان و گومڕاکان لێیەوە دەچنە ژوورەوە، لەبەرئەوە پێویستە دابخرێ، ڕێگای فێربوونی زانستە شەرعییەکان کە پێویستە مرۆڤ فێریان ببێ ڕێگایەکی زانراوە، ئەویش بە شارەزابوون بە زمانی عەرەبی دەبێت، بە ئوسوڵی فیقە و بە زانستی تەفسیر و فەرموودە و هیتریش دەبێت، ڕێگای فێربوونی زانستییە مرۆڤایەتی و سروشتی و گەردوونیەکانیش ڕێگایەکی بەهەمانشێوە زانراوە.

خوای گەورە یارمەتیدەرمان بێت.

## بۆ ئەوەی بە بەختەوەریی بژیت
## ئەوە تۆ و چەند چارەسەرێکی تاقیکراوەو سەرکەوتوو...

راستە تۆ شەکەت و ماندوویت، بەڵام بەدڵنیاییی بەدوای چارەسەردا دەگەڕێیت... دەکەویتە ناو گرێی دەروونی بەڵام لەنێو تەمومژدا دەیکەیتەوە...

مەعلومە نارەحەتیی دوای نارەحەتیی دڵت زیاتر و زیاتر ماندوو دەکات، چارەسەر لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدایە: ﴿وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ..﴾ سورة الزخرف(٣٦).

١- دووربە لە لاوازیی و لە هەواو هەوەس ئەوکات دڵنیابە کە رزگارت دەبێ، چونکە هەرکەس شوێن هەواو هەوەس بکەوێ گومڕا دەبێ و سەری لێدەشێوێ...ئەوە تۆیت کە بەدەستی خۆت ژیانی تاڵیی و بەدبەختییت دەهۆنیتەوە.

چارەسەر لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدایە کە دەفەرمووێ: ﴿وَمَن يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّضِلٍّ ۗ أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انتِقَامٍ..﴾ سورة الزمر(٣٧).

٢- نەکەی خۆت بکەیتە پێچکەیەك چۆن بۆی بگونجێ بەو بارەدا دەکەوێ، ڕێگای راست بگرە، ئەوکات دەبینی کە هەر فشارێکی دەروونی لەسەرت لادەچێت و نامێنێ، هەرکەس سەرقاڵی زیکری خوا بێت ئەوا تەواوی پارچەکانی جەستەی بەختەوەر دەبن...

چارەسەر لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدایە: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى..﴾ سورة طه(١٢٤).

٣- ئەگەر روو لە زیکری پەروەردگارت وەرگێڕی ئەوا خۆت دەبینی لەناو بەندیخانەی جەستەدایت، ڕۆحت ئازاردەچێژێ... دەی لەگەڵ پەروەردگارتدا بە ئەوکات ژیانت و ڕۆحت پاکوبێگەرد دەبێ...

نزاو پاڕانەوەت بۆ بەندەی ئاتاج بە بەزەیی پەروەردگاری و هاوکات دەوڵەمەند بە ڕەحی پەروەردگاری عەلی قەرەداغی لەبیر نەچێت.

## بەبۆنەی ساڵی نوێی کۆچییەوە...

لـە خـوای گـەورە دەپاڕێمـەوە بەهەشـتمان بـە نەسـیب بـکات، سـەرکەوتوومان بـکات بـۆ ئەنجامدانـی هـەر گوفتـار و کردەوەیـەك کـە نزیمـان دەکاتـەوە لێـی...

بـە فەزڵـی گەورەیـی خـۆی وامـان لێبـکات بیـر و رەفتارمـان بەرجەستەکردنی پیـرۆز بـن بـۆ واتـای حیکمـەت و بەزەیـی و چاکەکاریـی بـۆ هەمـوو ئەوانـەی بەدەورمانـدان...

ئێـوەی ئازیزیـش، هەمـوو سـاڵێکی نـوێ باوەڕتـان زیاتـر و زیاتـر بـکات، بەزەیـی زاتـی خـۆی لەسـەرمان نوێبکاتـەوە و زانسـتێکمان پێببەخشـێ کـە هاودەمـی رەفتـاری بـاش و گۆڕانکاریـی و پێشـکەوتن بێـت بـەرەو پێشـەوە...

ئـەی پـەروەردگارم، لێـت دەپاڕێمـەوە دەرووی خێـری فراوانـی خـۆت بکـەرەوە لەسـەر سـتەملێکراوان و لانـەواز و ژێردەسـتەکان لـە هەمـوو وڵاتانـدا، ئـەم بەڵایـەش لەسـەر هەمووڵایـەك هەڵبگـرە ئـەی پـەروەردگاری جیهانیـان...

دروود و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەری بەزەیی موحەممەد (ﷺ)..

## بە بۆنەی هاتنی ڕۆژی عاشورا و مانگی موحەڕەمەوە

ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان، داوا لە سەراپای ئوممەتی ئیسلامی بە سەرجەم سەرکردەو گەلانییەوە دەکات شەڕو کوشتار لەنێوانیاندا بوەستێنن، پێداچوونەوەیەك بە خودی خۆیاندا بکەن، داوایان لێدەکات ئەنجومەنێك لە دانایان و ناوبژیوانان پێکبهێنن بۆ کارکردن لەسەر ئاشتەواییەکی گشتگیر تا دەستبەجێ هەستێ بەو ئەرکە.

داوا لە موسڵمانان دەکات هەردوو ڕۆژی نۆ و دەی ئەم مانگە پیرۆزە بەڕۆژووبن، کاری چاکە لەم مانگە پیرۆزەدا ئەنجامبدەن.

وا مانگێکی مەزن هات بەڕووماندا ئەویش مانگی موحەڕەمی خوای گەورەیە، ڕۆژێکی گەورەش تیایدا دەبێتە میوانمان ئەویش ڕۆژی عاشورایە، ڕۆژی سەرکەوتنی باوەڕدارە ژێردەستەو چەوساوەکانە بەسەر ملهوڕە ستەمکارەکاندا.

لەبەرئەوە داوا لە ئوممەتی ئیسلامیمان دەکەین با هەموومان ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرین:

یەکەم: هاتنی ساڵی نوێ دەکەینە هەلێك بۆ بانگهێشتکردنی ئوممەتی ئیسلامیمان بە سەرکردەو بە گەلان و بە زانایان و بیرمەندان و سیاسییەکانیانەوە کە پێداچوونەوە بە دەروونی خود دا بکەین، تا بۆمان دەربکەوێ کە ئێمەی موسڵمانان لە ئێستادا چەندە پەرتەوازەو پچڕپچڕ و دواکەوتوو و لەنێوان یەکدا ناکۆکین، ئەم بارە نەخوازراوەش دەخوازێ پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری بکەین تا بزانین کەموکوڕییەکانمان لەکوێدان؟ چونکە ئەم مانگی موحەڕەمە یەکێکە لەو چوار مانگە کە خوای گەورە شەڕ و کوشتاری حەرامکردووە تیایاندا تەنانەت لەگەڵ غەیرە موسڵمانانیشدا، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلَا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ﴾ سورة التوبة (٣٦). ئیبن عەبباس -خوا لێی ڕازی بێت- لە واتای فەرموودەی ﴿فَلَا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ﴾ واتە لە هەموو مانگەکاندا، پاشان چوار

لەو مانگانەی تایبەت کردووەو بە پیرۆزتر رایگرتوون، پیرۆزیەکەیانی بە مەزن وەسفکردووە، تاوانکردنی تیایاندا بە گەورەتر داناوە، کردەوەی چاك و پاداشتیشی بەهەمانشێوە بە گەورتر داناوە، قەتادە دەڵێ: گومانی تێدانیە کە ستەمکردن لە مانگە پیرۆزەکاندا گوناه و تاوانی لە ستەمکردنی مانگەکانی تر گەورەترە، ستەمیش لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر تاوانێکی گەورەیە، ئاینی ئیسلامیش ئەو چوار مانگەی تایبەت کردووە کە بە رەهایی قەدەغەی شەڕ و کوشتاری کردووە تیایاندا، خودی ئەمە دەبێتە گەورەترین بەڵگە لەسەر رەخساندنی هەل بۆ ئاشتەوایی لەماوەی وەستاندنی شەڕدا، کە بە فەرمانی شەرع بریتین لە مانگەکانی زیلقەعدە و زیلحیججە و موحەڕەم (سێ مانگی یەك بەدوای یەکدا) و مانگی رەجەبیش.

جا ئەگەر وەستاندنی شەڕ لەو چوار مانگەدا فەرز بێت تەنانەت لەنێوان غەیرە موسڵمانانیشدا، ئەوا وەستاندنی لەنێوان موسڵمانان و لەناو نیشتمانی موسڵماناندا فەرزترە، پێشێلکردنیشی گوناهەو تاوانەکەی گەورەترە، بەڵکو بە بەردەوامی فەرزە کە دەبێت برایەتی ئیمانی لەنێوان موسڵماناندا جێبەجێ بکرێ، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ﴾ سورة الحجرات (١٠). چونکە دەقە شەرعییەکان پرسی یەکبوونی موسڵمانانی لە یەك ریزدا وێکچوواندووە بە دیوارێکی رێکوپێك کە خشتەکانی یەکتر قایمدەکەن و بە فەرزێکی شەرعی داناوە، ئەمەش زەرورەتێکی راستەقینەو حاشاهەڵنەگرە تا وەك ئوممەتێکی بەرێزو رێزلێگیراو بمێنینەوە، چونکە ئێمە بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز بەبێ یەکبوون دەبینە ئوممەتێکی شکستخوارد، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ سورة الانفال (٤٦). ئەمەش لێمان دەخوازێ کە ئەنجومەنێك لە دانایان و ناوبژیوانانی دڵسۆز پێکبهێنرێ تا دەستبەجێ دەستبەکاربن بۆ ئاشتەواییکردن لەنێوان موسڵماناندا، هەر ژیرمەندێك بڕوانێتە ئەو ناکۆکییە عەرەبی و کەنداوییە و نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکان کە لە ئێستادا هەن دەبینێ کە بریتین لە ناکۆکی دروستکراو و بۆ بەرژەوەندی لایەنانی جگە لە خۆمانە،

هەندێکیشیان ناکۆکی بێبنەمان و هیچ پێویست نین، لەبەرئەوە تەنها لەبەر ڕەزامەندی زاتی خوای گەورە داواتان لێدەکەین کۆببنەوەو ڕێکبکەون و ئاشتببنەوەو بیر لە بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەنەوە، ئێمە هەر هەموومان بەرپرسین لەبەردەم خوای بالادەستدا کە دەفەرمووێ: ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ﴾ سورة الصافات (٢٤).

دووەم: فرسەتگرتن لەم مانگە پیرۆزە بۆ پەستشکردن و نزیککەوتنەوە لە خوای گەورە بەئەنجامدانی کردەوە چاکەکان و بە بەڕۆژووبوون، موسلیم لە فەرموودەی ژمارە (١٩٨٢) دا بە سەنەدی خۆی دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێ: ((خێری ڕۆژوو لە مانگی موحەڕەمدا لە دوای خێرو پادشتی ڕۆژووی ڕەمەزان ئیتر -لە کاتەکانی تر- گەورەترە)).

سێیەم: لەڕاستیدا ئەم مانگە ڕۆژێکی تێدایە ئەویش ڕۆژی عاشورایە، وەها کە موسلیم ریوایەتێکردووە پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیەوە دەفەرمووێ: ((ڕۆژێکی مەزنە)). هەروەها لە ریوایەتی ئەحمەدیشدا زیادەیەکی سەلمێنراو هەیە کە (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەو ڕۆژەیە کە کەشتییەکەی نوح لەسەر -کێوی- جودی جێگیربوو، نوحیش -سەلامی خوای لەسەر بێت- لەو ڕۆژەدا وەك سوپاسگوزارییەك بۆ پەروەردگاری بەڕۆژوو بووە)). لەبەرئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانیداوە ڕۆژوو بگیرێ تیایدا وەك سوپاسگوزاریی بۆ خوای گەورە لەسەر ڕزگارکردنی دووەم باوکمان کە گەورەمان نوح پێغەمبەرە -سەلامی خوای لەسەر بێت-، هەروەها ڕزگارکردنی یەکێك لە گەورەترینی پێغەمبەرە خاوەن ئیرادە بەهێزەکان (أولوا العزم)، ئەویش گەورەمان موساو گەورەمان هارونی برای و گەلەکەیەتی، تەنانەت ئیبن عەبباس هەروەك لە صەحیحی بوخاریدا بە فەرموودەی ژمارە (١٨٦٧) هاتووە دەڵێ: ڕۆژێکم نەبینیوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگەڕێ بەدوای پاداشتی چاکەی ڕۆژووگرتن تیایدا جگە لەم ڕۆژە کە ڕۆژی عاشورایە.

کتێبەکانی سوننەت و ژیننامە باسیانکردووە کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچیکردو گەیشتە شاری مەدینەی مونەووەرە بینی کە جووەکان ڕۆژی عاشورا بەڕۆژوو دەبن، ئەویش پرسیاری هۆکاری بەڕۆژوو بوونیانی لێکردن؟

وتیـان: ئـەو رۆژەیـە کـە خـوای گـەورە موسـاو ئەوانـەی لەگەڵیـدا بـوون رزگاریکـردن، فیرعـەون و ئەوانـەش کـە لەگەڵیـدا بـوون نوقمـی دەریاکـەی کـردن، موسـاش –سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت- وەك سوپاسـگوزارییەك بـۆ خـوای گـەورە بـەڕۆژوو بـووە تیایـدا، کەواتـە ئێمـەش بـەڕۆژوو دەبیـن تیایـدا، پێغەمبەریـش (ﷺ) فەرمووی پێیـان: ((کەواتـە مـن لـە ئێـوە زیاتـر هەقدارتـر و نزیکتـرم لـە موسـاوە، ئینجا خـۆی بـەڕۆژوو بـوو و فەرمانیـدا بـە بەڕۆژووبـوون تیایـدا))[٢٢].

عائیشـە –خـوا لێـی رازی بێـت- دەڵـێ قوریـش لـە سـەردەمی نەفامیـدا رۆژی عاشـورا بـەڕۆژوو دەبـوون، کاتـێ پێغەمبەریـش (ﷺ) گەیشـتە مەدینـە بـەڕۆژوو دەبـوو لـەو رۆژەدا و فەرمانیـدا بـە بەڕۆژووبـوون تیایـدا، کاتێـك رۆژووی مانگـی رەمـەزان فەرزکـرا رۆژی عاشـورای وازلێهێنـا و لێگـەڕا تـا هەرکـەس بیـەوێ بـەڕۆژوو بێـت تیایـدا یـا بـەڕۆژوو بـێ و هەرکەسـیش نەیەوێـت بـەڕۆژوو نەبێـت یـا نەبـێ))[٢٣].

بەدڵنیایـی کـە رۆژووگرتنـی رۆژی عاشـورا سوپاسـگوزارییە بـۆ خـوای گـەورە، جەختکردنـە لەسـەر ئـەوە کـە ئیسـلام میراتگـر و تـەواوکاری سـەرجەم ئاینـە ئاسـمانییە پێشـووەکانە، پێغەمبـەر موحەممەدیـش (ﷺ) خاتەمـی پێغەمبەرانـەو میراتگریانـە لـە زانسـت و لـە رێنماییکـردن و لـە بانگـەوازدا. خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: ﴿إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وهذا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾ سورة آل عمران (٦٨).

خـوای گـەورە ئـەم ئوممەتەمـان سـەرکەوتوو بـکات بـۆ ئەنجامدانـی هـەر کاریٚکـی چاکـە، کامڵیـی و یەکبـوون و ئاشـتەوایی گشـتگیر و خۆشەویسـتیی و تەبایـی و پێکەوەژیـان بخاتـە ناومـان، هـەر دووبەرەکیـی و ناکۆکییـەك لەنێوانـدا نەهێڵـێ. اللهـم ئامیـن.

---

٢٢ بوخاری لە صەحیحەکەیدا بە فەرموودەی ژمارە (٢٠٠٤) ٣٣٩٧، ئەحمەد لە سەنەدەکەیدا (٥/٤٥)، (ئیبن ماجەش ریوایەتیکردووە، ئەلبانی لە صەحیحی ئیبن ماجەدا بە ژمارە (١٤١٩) دەڵێ فەرموودەیەکی راستە.

٢٣ بوخاری لە صەحیحەکەیدا بە ژمارە ٢٠٠٢، ٣٨٣١، ٤٥٠٤)، موسلیم بە ژمارە (١١٢٣) ریوایەتیان کردووە.

## توندوتیژیی و دادگای نیوزیلەندا

ئەو توندوتیژییەی کە لە (فیقهی میزان) دا لە دژی دەجەنگین بریتییە لەو توندوتیژییە کە هیچ ئاینێکی نیە، چونکە هەر توندوتیژییەك واتە دارمانی باوەڕ، توندوتیژیش ئاینی نیە.

دادگایەك لە وڵاتی نیوزیلەندا بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی سەپاند بەسەر پیاوێکدا کە (٥١) موسڵمانی بێتاوانی لە دوو مزگەوتدا کوشت، ئەم بڕیارە بەشێوەیەکە کە هیچ جۆرە لێبوردن و ئازادکردنێك نەیگرێتەوە، ئەمەش یەکەمین کەسە کە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا بڕیاری سزای لەوجۆرە وەربگرێ. ئەو بکوژە ئوسترالییە بە ناوی (بریتۆن تارانت)ە، تەمەنی (٢٩) ساڵە دانی نا بە کوشتنی(٥١) کەس، هەوڵی کوشتنی (٤٠)کەسیتریشی داوە، تۆمەتەکەش تاوانی تیرۆر بوو. دادوەر هەڵسوکەوتی ئەو پیاوەی بە کاری (نا مرۆڤانە) وەسفکرد، هەروەها وتی کە (هیچ جۆرە بەزەییەکی نەبووە).

یەکەمین کەسیش کە پێشوازی لە بڕیاری دادگاکە کرد کە یەکەمین بڕیاری لەو جۆرەیە لە وڵاتدا، لێدوانی لەسەردا خاتوو (جاسیندا ئاردەن) سەرۆك وەزیرانی نیوزیلەندا بوو، ئەو ئافرەتە مرۆڤدۆستە چاکەخوازە گوتەکانی ئاراستەی رەوەندی موسڵمانی ئەو وڵاتە کردو وتی: شتێکمان نیە بتوانین بەهۆیەوە ئەو ئێش و ئازارەی کە هەستی پێدەکەن بسڕینەوە یان سوکی بکەین لەسەرتان. هیوادارم ئێوە بەدرێژایی ماوەی دادگاییکردنەکە بە دەستە نیوزیلەندییەکان کە ئاگادارن پێی هەمووتان هەستان بەوە کردبێ کە ئێمە هاوسۆزتانین و بەشداری بەرفراوانی گەلە بۆ هاوبەشیکردن لەگەڵ خەم و خەفەتتان. قسەی منیش لەسەر رووداوەکە دووپاتکردنەوەی ئەوەیە کە لە موحازەرەکانم و لە فیقهی میزاندا باسمکردووە کە:

مەرج نیە هەرکەس لەسەر ئاینی ئیسلام نەبێت ئیتر ببێت لەدژی بجەنگێی و جیهاد لە دژی بەرپا بکەیت، ئاگری شەڕ تەنها ئاراستەی ئەوانە دەکرێ کە دەستدرێژکارن ئەویش لە چوارچێوەی یاسایەکی شەرعیدا.

دادپەروەرییی ئەو خاتوونە و لۆژیکی جوانی دڵدانەوەکەی بۆ موسڵمانان زۆر لە هەستی ئەو سیاسیانە لێمانەوە نزیکترە کە لە ناوچە عەرەبی و ئیسلامییەکەماندا گەلانی خۆیان بەبێ هیچ بەزەییەك دەکوژن... خوای گەورە بەزەیی بێتەوە بە شەهیدەکاندا.

## ئەم شەڕە شەڕێکی فرەلایەنە
## دەتۆش تێبگەو نەهێڵی ئیسلام لە سەنگەری تۆوە لاواز ببێت

شەڕی دژ بە ئیسلام لە ئەمڕۆدا لە ناوخۆیدایە، کەرەستەکانی بریتین لە: هێز و توانای فیرعەون و جادووگەرانی، هامان دەیبات بەڕێوە، قارون سەرمایەکەی دابین دەکات، هەروەها بە سوك سەیرکردن و بەکەمزانینی گەلانە.

**ئامرازەکانی لە ئەمڕۆدا بریتین لە:**

١- پیاوە ئاینییەکانی دەستەلات، بەکرێگیراویی دەزگای پۆلیس، سەروەت و سامان و راگەیاندن و پلەو پایەو دەستەلات دوژمنی بەهێز کردووە، ئەمە لە بەرانبەر چەوساندنەوەو زیندانیکردن و ترساندنی زانا خواناسەکان لە زۆربەی زۆری ولاتاندا، جگە لە هەندێکی کەم نەبێت لە ولاتان.

٢- پارتە سیاسیەکان و چەند کۆمەڵێکی ئیسلامیی کە بە سەرپەرشتی دەزگا هەواڵگرییەکان دروستبوون، بە هەموو توانایانەوە لە بەرەی ملهوڕە کودەتاچییەکان و ستەمکارانی تاکڕەودان، دژ بەو بزووتنەوە ئیسلامییانە دەوەستن کە بانگەشە بۆ ئیسلامێکی میانڕەو دەکەن، ئەو بزووتنەوە راستەقینانە کە دەیانەوێت کەسانێ فەرمانڕەوایی گەلان بکەن کە گەل خۆی هەڵیبژاردبن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات تا نەبێتە فەرمانڕەواییەکی فیرعەون ئاسا و بڵێ ﴿أَنَا رَبُّكُم الأَعْلَى﴾ و ﴿مَا أُرِيكُم إلاّ مَا أرَى وَمَا أَهْدِيكُم إلاّ سَبِيلَ الرَّشَادِ﴾ سورة غافر (٢٩).

٣- هەروەها لێدانە لە هەندێك لە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئیسلام بە هەندێکی تریان، تا گومان لە سەراپای ئیسلام دەستەبەر ببێت، هەروەك بینیمان هەندێ لە زانایان لە ولاتی سعودیە کە زیاتر لە سەدەیەکە لەسەر باوەڕی لایەنداریی و پەرگیریی (الولاء والبراء) بەرپابووە، تەنانەت توندڕەویش بووە بەرانبەر بە کۆمەڵە ئیسلامییەکانی وەك ئەشعەری و ماتوریدی و لە بازنەی ئەهلی سوننەو جەماعە دەریکردوون، بەرەو

ئەوە دەچوو لە ئوممەتی ئیسلامی دەریانبکات.

کەچی ئەمڕۆ هەندێك لەو زانایانە پاشەو پاش دەگەڕێنەوەو ڕێخۆشدەکەن بۆ بانگەشەکردن بۆ دروستی ئاشتەواییکردن، بۆ نواندنی نەرمونیانیی و دەست نەرمکردن و خۆشەویستی لەگەڵ ئەو قەومەدا کە موسڵمانانیان لە خاکی خۆیان دەربەدەر کردوون، مزگەوتی ئەقصاو قودس و شوێنە پیرۆزەکانی تری داگیرکردووە، ئەم مەسەلەیە نەخوازراوە وا لە گەنجان دەکات دۆشدابمێنن و گومانیان لە سەراپای پرەنسیپە ئیسلامییە نەگۆڕەکان لا دروست ببێت.

٤- بەهەمانشێوە تێکشکان و نەهێشتنی پێشەنگیی و ڕابەرایەتی چاك و ژیرمەند بە جۆرەها شێواز و بە توانایەکی زەبەلاح، لەوانە بۆ نمونە دارمانی هەندێ لەو کەسانە کە گومانی ئەوەیان پێدەبرا پێشەنگ بن، کەچی وەها دارمان خزێنرانە باوەشی ستەمکارییی و ملهوڕییەوە، ئەمەش بە بێگومان دەبێتە هۆی نەمانی متمانە لای گەنجان، نەك تەنها بەرانبەر بەو کەسە دارماو و شکستخواردووانە، بەڵکو گومان دروستبکرێ کە ئەگەری هەیە ئەو حاڵەتە نەرێنییە هەموو زانا دامەزراوەکانی سەر ڕێگای ڕاستیی بگرێتەوەو حاڵەتەکە وەها نیشانبدرێ کە ئەوانیش هەر شکست دەخۆن و هەمان دارمان دەیانگرێتەوە.

٥- ئامادەکردن و پێگەیاندنی سوپایەك لە ڕاگەیەنکاران و کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕی ئەلیکترۆنی و هونەرمەند لە هەردوو ڕەگەزەکە بۆ پیادەکردنی ڕاگەیاندنێکی گومڕاکار و چەواشەکار و فیلم و زنجیرە درامای ئیلحاد و خراپەکار کە دەبنە مایەی داڕوخانی ڕەوشت و بەها باڵاکان، ئامارەکان بەڵگەن لەسەر ئەوە کە ڕێژەی (٨٠٪) ی قەبارەی ئەو ڕاگەیاندن و زنجیرە دراما و فیلم و تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بە هەموو شێوەکانیەوە تایبەتکراون بۆ گەنجان و منداڵان، بانگەشەی بێباوەڕی و لادانی سێکسیی و بەدڕەوشتیی دەکەن، هەروەها وێنەی جوانی ئیسلام و زانا و مێژوو و پیاوە کاریزماکان و ناسنامەی ئوممەتەکەی ناشیرین دەکەن.

٦- سوك سەیركردن و بەكەمزانینی رەوشت و بەها باڵاكان، ئەوەش بە بەكارهێنانی هەموو هۆكارە هاندەرەكان.

٧- دروستكردنی ئاینێكی نوێ لەژێر ناوێكی جواندا بە ناوی (ئاینی ئیبراهیمیی) كە هیچ پەیوەندییەكی بە ئاینە ئاسمانییە راستەكانەوە نیە، بەڵكو كاردەكات لەسەر وێرانكردنی پایەكانیان، هیچ پەیوەندییەكی بە گەورەمان پێغەمبەر ئیبراهیمەوە نیە -سەلامی خوای لەسەر بێت- كە خوای گەورە وەسفیكردووە بە ﴿كَانَ حَنِيفاً مُسْلِماً وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ سورة آل عمران (٦٧).

قورئانی پیرۆز باس لە ئیبراهیم و یەعقوب -سەلامی خوایان لەسەر بێت- دەكات كە ئەوان رێنماییان داوە تەنها بە پەیڕەوكردنی ئاینی ئیسلام، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ سورة البقرة (١٣٢) كەواتە ئاینی ئیبراهیم ئاینی ئیسلامە ﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ سورة آل عمران (٨٥)

بە دەیان ئامراز و هۆكار و سوپای زەبەلاح لە ناوەوە دەرەوە دەبینرێن تا ئەم ئاینە هەق و راستە (ئیسلام) بڕوخێنرێ، لە رەگەوە دەربهێنرێ، تا هەژموون پەیداكردن بەسەر موسڵمانان و ژێردەستە خستنیان و سەرلەنوێ داگیركردنەوەیان لە هەموو لایەنەكانی باوەڕیی و هزریی و كۆمەڵایەتی و

**”**

**بەڵام -وێڕای هەموو ئەو پیلانانەو قەبارەی زەبەلاحیان- هەرگیز ناتوانن ئەوەی دەیانەوێت بەوجۆرە بۆیان بچێتەسەر، چونكە سەرئەنجام و چارەنووس بۆ خواناسان و پارێزكارانە**

ئابووری و سیاسییەوە بۆیان بێتە بەرهەم.

بەڵام –وێڕای هەموو ئەو پیلانانەو قەبارەی زەبەلاحیان- هەرگیز ناتوانن ئەوەی دەیانەوێت بەوجۆرە بۆیان بچێتەسەر، چونکە سەرئەنجام و چارەنووس بۆ خواناسان و پارێزکارانە، بەڵێنی خوای گەورەش بەڵێنێکی راستەو هەر ئەوە جێبەجێ دەبێت، بەڵکو ئەوەی کە ئێستە روودەدات تاقیکردنەوەو بەڵایەکە بۆ باوەڕداران تا راستگۆ و خواناس و پارێزکاران لە درۆزنان و ساختەچییان و دووڕووەکان جیابکرێنەوە،خوای گەورە لە وەسفی ملهوڕاندا دەفەرمووێ: ﴿الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ ، فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ، فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ، إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ﴾ سورة الفجر(١١-١٣) هەروەها دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنْفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ﴾ سورة الآنفال(٣٦).

ئێمە یەقینمان بە فەرموودەی خوای گەورەیە کە دەفەرمووێ: ﴿وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ سورة الحج(٤٠)، هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَإِنَّ جُنْدَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ﴾ سورة الصافات(١٧٣)، وە دەفەرمووێ: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ سورة النور(٥٥). کەواتە تەنها بەڵێنی خوای گەورە راستە و راست دەردەچێ، بەڵێنی ئەوانیتر هەمووی پووچەو پووچەڵدەکرێتەوە، نارەوا تا هەرکوێ و هەر ئاستێ ملهوڕی بکات، ستەمکاریی ئەسپی خۆی تاوبدات هەر دواجار گوفتاری پەروەردگار جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئەرکی سەرشانی ئێمەیە بەوپەڕی هیممەت بەرزی و بە دڵسۆزانە کاربکەین و دەستبگرین بە رێسا خواییەکانەوە تا شەرەفی سەرکەوتنی ئاینەکەیمان پێببەخشێ و بەندە ئیماندار و چاکەخوازەکانی پارێزراوبن.

## نامەیەك بۆ سەرۆك ماكرۆن/ سەرۆكی فەرەنسا
## بەڕێز سەرۆك ماكرۆن:

**پاش سلاّو...**

تۆ نیگەران مەبە لەسەر ئایندەی ئاینەكەمان، ئیسلام رۆژێك لە رۆژان پشتی بە یارمەتی دەسەلاّت نەبەستووە، شمشێریشی بەڕووی نەیارانیدا بەرزنەكردووەتەوە تا لەو ریّگایەوە ئالاّو دروشمی خۆی بسەپێنێ...

ئیسلام بریتییە لە كۆمەڵە راستییەكی گەردوونی نەمر، چارەسازە بۆ ئەو كێشەو گرفتانە كە دەستەلاّت و فەرمانڕەواكان نەتوانان لە چارەسەركردنیان...

ئیسلام ئاینی خوایە، نە سیستمێكی فەرمانڕەواییە پشت بە خوو و حەزو ئارەزووی دەنگدەران ببەستێ، نە هۆشیاریی و بێداریی جەماوەریش ساختە دەكات...

ئیسلام ئەو ئامادەبووە بەردەوامەیە كە بە پێوەری ژیریی و سەلماندن كاردەكات، ئامانجی پاراستنی مرۆڤە...

لە هەركوێ ئازادی بوونی هەبێت ئیسلام لەوێیەوە دەبینی كە سەرقاڵی كاری خێر و چاكەدایە، بەم پێیە لە هەر كوێ چەوساندنەوە بوونی هەبێت ئەو لەوێ دەڕوێ و گەشە دەكات با ستەمكارانیش پێیان ناخۆشبێت.

ئیسلام ئاینێكە هەمیشە بە بەرزییەوەیە، ئاینێكە بەردەوام لە فرێندایە هەروەك د. حوسەین موئەننەس بەوە ناویبردووە، لەگەڵ هەوادا دەفڕێ و جەماوەر هەناسەی پێدەدات و پێی دەژێیتەوە، با سەرۆكیش نكولی لە ئیسلام و لەو راستییە بكات...

**بەڕێز ماكرۆن:**

ئاینی ئێمە بە قەیراندا تێناپەڕێت، لە داهاتووشدا هەر لە قەیراندا نابێت، چونكە ئیسلام دەستكردی مرۆڤ نیە تا لە

پاشەکشەو کزبوونی، تا لە ڕەواجپێنەدان و بێبازاڕیی بترسین...

ئەو ئیسلامە و تەواو، قسەی تر هەڵناگرێ، ڕاستییەکە دەستەملانی جووڵەی گەردوونە، با فێڵ و پلان و پیلانەکانی ئەوانیتریش کەڵەکەبن لەسەری، با دەهۆڵی ئیسلام فۆبیاش لێدرابێ...ئەو هەر بەردەوام بەوپەڕی ئاسودەیی هەناسە دەدات و لە ژیاندایەو ئاوابوونی نیە...

ئەی سەرۆکی بەڕێز: دڵنیابە ئێمە ترسمان لە ئایندەی ئاینەکەمان نیە، هیچ پێویستیشمان بەوە نیە کەسێك بێت بەرچاوڕوونمان بکات گوایا ئاینەکەمان لە قەیراندایە...

کەواتە پێت دەڵێین: ئایندە هەر بۆ ئیسلامە، بەڵکو ئەوەی ئێمە ترسمان لێی هەیە ئایندەی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە فەرمانڕەواکانیان بە ڕەوای دەزانن ئاین و پیرۆزییەکانی ئەوانیتر بە ئامانج بگرن...

ئێمە ترسمان لە ئایندەی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە فەرمانڕەواکانیان مۆتەکەی دوژمنیان بۆ دروست کردوون... وا ڕایانهێناون کە بەردەوام لە ترسی دوژمندا بن...

ئێمە بە چاوی بەزەیی دەڕوانینە ئەو فەرمانڕەوایە کە هێشتا خودی خۆی لە قەیراندا دەژی، لەنێو تارمایی جەنگە ئاینییەکانی

**ئەوە ئێوەن لە قەیراندان، قەیرانی دارمانی ڕەوشت، دارمانی بەهای مرۆڤایەتی، دارمانی سیاسەت، هەرگیز ئیسلام بەرپرس نیە لە تاوانی ئەو سەرکردە کارتۆنیە ساختانە کە بە سەرپەرشتی و چاودێری ئێوە ئەو قەیرانانەیان دروستکردووە**

چاخەکانی سەدەی ناوەڕاستدا دەژی، لە کاتێکدا ئێستە ئێمە لە سەدەی بیست و یەك داین..

کەواتە راستە قەیرانێکی راستەقینە بوونی هەیەو نکولی لێناکرێ، بەڵام ئەو قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ باری دووفلیقانەیی پێوەرەکانی هەندێ لە سیاسەتمەدارە خۆرئاواییەکان، با ئێوەش باش بزانن ئەو کەسانە کە جڵەوی فەرمانڕەواییان لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەدەستە لەوانەن کە ئێوە دروستتان کردوون، یان کەسێکی کودەتاچی بووەو ئێوە پیرۆزباییتان لێکردووەو لەسەر ئێسقان و کەللەسەری بێتاوانان گەیاندووتانەتە دەستەڵات...

**بەڕێز سەرۆك ماکرۆن:**

ئەوە ئێوەن لە قەیراندان، قەیرانی دارمانی رەوشت، دارمانی بەهای مرۆڤایەتی، دارمانی سیاسەت، هەرگیز ئیسلام بەرپرس نیە لە تاوانی ئەو سەرکردە کارتۆنیە ساختانە کە بە سەرپەرشتی و چاودێری ئێوە ئەو قەیرانانەیان دروستکردووە...

## ناسنامەی من

ئەوان لەنێو سیاسەت و گەمە سیاسییەکاندا بۆم دەگەڕێن، منیش تەنها پابەندی پرەنسیپەکانمو لەگەڵیاندا ڕێدەکەم، چاویان بڕیوەتە نەتەوەگەریی‌و بەنێویدا دەگەڕێن بۆم، منیش تەنها پەیڕەوکارو شوێنکەوتەی بەها باڵاکانو ڕێبازەکانیانم.

لەنێو پارتەکاندا بۆم دەگەڕێن، منیش ژیانم لەنێو گەلاندایەو لەنێو خەمو ئازارەکانیاندا ژیان دەبەمەسەر.

کتێبەکانیان پڕدەکەن لەو نوسینانە کە وا ڕاهاتوون بەبێ دیسپلین و بە ئارەزووی خۆیان خەڵکی لەنێو لاپەڕەکانیاندا لە قاڵب بدەن و بکەونە پۆلێنکردنی خەڵکی، من لەسەرووی هەموو ئەو پۆلێنکردنەی ئەوانەوەم.

من لەگەڵ پەروەردگارمم و تەنها و تەنها لەگەڵ پەیامی نەمری ئەو زاتەدام...

تەنها خوام مەبەستە، پێغەمبەر (ﷺ) پێشەنگمە.

من موسڵمانێکم ئاراستەم بەرەو پەروەردگارمە، موحەممەد (ﷺ) پێشەنگمە، بەشانازییەوە هەڵگری هزرو بیرێکی جیهانیم.

﴿قُلْ هذه سَبِيلِي أَدْعُو إِلَي اللَّهِ عَلَي بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ سورة يوسف (١٠٨)، لەسەر ئەمانە بەڵێن و پەیمانم داوە هەر بەمانەشەوە بە خزمەت پەروەردگارم دەگەم إنشاءالله.

**من لەگەڵ پەروەردگارمم و تەنها و تەنها لەگەڵ پەیامی نەمری ئەو زاتەدام...**

## ویژدان بەخەرجدان

لەنێو هەر گەلێك لە گەلان خێر و چاکە، کەسانی چاك و ئاراستەی چاکی تێدایە، ناکرێ لەسەر بڕگەو هەڵوێستێکی نەرێنی لە گەلێکدا، لەلایەن کەسانی نابەرپرسەوە هەروا بە سەرپێیی حوکم بدرێ بەسەر تەواوی ئەو گەلەو ئەو گەلانەی هاوشێوەی کە بازنەی بیرکردنەوەیان لەیەك دەچێ.

ساتێکی هەستیار بوو کاتێ گەنجێکی نیوزیلەندیی دەستی کردە ملم و لە ئامێزیگرتم، وەك دەربڕینی هاوسۆزی خۆی لەگەڵماندا، ئەوەش دوای ئەو رووداوە تاوانکارییە هات کە برینتۆن تارانتی تیرۆریست دژ بە نوێژخوێنان لە کاتی نوێژی هەینیدا لە دوو مزگەوت لە شاری کرایست تشیرش لە نیوزیلەندا لە رۆژی هەینیدا ئەنجامیدا، گوایا بە پاساوی تۆڵەسەندنەوە بۆ قوربانیانی ئەو هێرشانە کە موسڵمانان و کۆچبەرانی موسڵمان لە ئەورووپا ئەنجامیانداوە.

**دەڵێم:** ناکرێ بەرپرسێتی هەڵوێستی نەرێنی هەندێ لە سیاسیەکان بخرێتە ئەستۆی گەلانی خۆرئاواوە، چونکە ویژدان بەخەرجدان گەورەی هەموو حوکم و بڕیارەکانە... ویژدان کرۆکی ئاینە، خوای گەورە هەڕەشەی لەوانە کردووە کە لە مامەڵەی کڕین و فرشتندا شایەنبازی دەکەن، واتە لە کێشانەو پێوانەدا، ئەم ویژدانە تەنها لە تەرازووی بەرچاودا نیە، بەڵکو بریتییە لە بڕیاردان و حوکمدانی دادپەروەرانە لە کاتی هەڵچوونی سۆز و هەڵوێستەکاندا.

## ئەقڵی کەسی سیاسی تاکڕەو

جۆرەها ئێش و ئازار بەرهەم دێنێت، خۆی لەم دیمەنانەدا دەبینێتەوە:

١- هێرشکردنە سەر پیرۆزییەکان و ئاینی ئەوانیتر، ئەوەش بە مەبەستی دواخستنی هەرجۆرە چاکسازییەکی راستەقینە کە شایستەی هاتنەکایەیە، هاوکات بۆ داپۆشینی شکستەکانی خۆیەتی...

٢- گۆڕینی دیدو ئاراستەی خەڵکی بەرەو ئەو کێشەو گرفتانە کە مۆرکی بڕیار و حوکمی لە قوتوونراویان هەیە، واتە حوکمدانی پێشوەختە بە مەبەستی ساختەکردنی هۆشیاریی بۆ چەسپاندنی نەفامیی و نەزانیی.

٣- خۆ بە ملهوڕو بە گەورەترزان، ئەمە لە کاتێکدا کە کەسی لوتبەرز و خۆ بە ملهوڕزان هیچ بیر و هزرێك پێش ناخات بەڵکو نارەزایی و رقلێبوون قووڵتر دەکات.

لەڕاستیدا ئەو شتە کە کەسی سیاسی لێی نازانێ و لێی بێبەشە سیفەتی خاکیبوون و خۆ بەکەمزانی و بەیەکگەیشتن و لێکحاڵیبوونە لەگەڵ ئەوانیتر، بەدڵنیاییی ئەم ژیانەش بەم سیفەتە جوانانەوە لەو ژیانە باشترە کە مرۆڤ خۆی لە بازنەیەکی دەروونی داخراودا قەتیس بکات، بە ئەقڵیەتێکی بەردەوام ملهوڕی کردن ژیان بباتەسەر.

**لەڕاستیدا ئەو شتە کە کەسی سیاسی لێی نازانێ و لێی بێبەشە سیفەتی خاکیبوون و خۆ بەکەمزانی و بەیەکگەیشتن و لێکحاڵیبوونە لەگەڵ ئەوانیتر**

٤- سیاسەتمەداریی تاکڕەو و توندڕەو بەم کارانەی تەواوی جیهان دەتۆقێنێ:

أ- جەنگ بەرپاکردن ئەوەش لەپێناو دەستخستنی سەروەت و سامان.

ب- بەرهەمهێنانی ئەو

چەكانە كە ئاوەدانی ويّران دەكەن.

ت- ژيّردەستەخستن و بە كۆيلەكردنی گەلان لەڕيّگای ساختەكاريی دەمامكدارەوە.

پ- سەرليّشيّوانی مەعريفی و هەڵتەكاندنی رەوشت لەڕيّگای راگەياندنی بەكريّگيراوەوە، كە دژ بە هەر پيرۆزييەك دەجەنگیّ، ئەوەش بە مەبەستی بچوككردنەوەو روخاندنی شكۆی رای گشتی و دەستەمۆكردنی و پيسكردنی ناخی مرۆڤ..

ئەو سياسەتمەدارە كە بە يەك ئاراستەی بيركردنەوەدا هەنگاودەنیّ، جگە لەم سيّكوچكەی خۆسەپاندنە كە كردوويەتی بە دروشمی خۆی و كاری لەسەر دەكات ئيتر هيّزو توانايەكی تری لا نيە، ئەويش بريتييە لە: (دووڕووبە يان هاوڕابە يان جيابەرەوە)...

ئيّمەی موسڵمانيش ئەوانە دەبين كە ئەو ريّسايەی تيّكدەشكيّنين... بەويستی خوای گەورە هەرگيز ملكەچی ئەم زەبرو زەنگەی نابين...

ئيّمە بەندەی ئەو خوا بەدەستەلاّت و بە تواناييين و هيچ كات نابينە كۆيلەی سياسەتمەدارە خراپەكارەكان..

ئيّمە جگە لەم چەند خاڵەی خوارەوە نەبيّت ئيتر شتيّكيترمان لەو سياسەتمەدارە تاكڕەوە ناويّت، ئەوانيش بريتين لە:

١- ديوارەكانی كەنارگيريی و دابڕان بشكيّنیّ و جيّيانبيّڵیّ.

٢-هەوايەكی ئازادانە هەڵمژیّ كە سادەترين پيّناسەی بريتييە لە (ريّزگرتن لە مافی فرەجۆری بيركردنەوەو تايبەتمەندييەكان).

﴿لِكُلّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلكن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ سورة المائدة (٤٨)

٣- با بزانیّ كە ئيّمە نەهاتووين لەسەر دەستەلاّت و فەرمانڕەوايی كيّبڕكیّ لەگەڵ كەسدا بكەين.

٤- با بزانیّ لەپيّناو كورسيشدا شەڕ ناكەين، چونكە كاتیّ هەندیّ لەسەری دادەنيشن ئيتر رەوشتی ئيفليج و بيركردنەوەی بەرتەسك دەبيّت

و نەخۆشـی تەنیایـی دەروونـی تێکدەشـکێنێ...

بـەڵام لـە بەرانبـەرەوە رێـگا بـە هیـچ فەرمانڕەوایـەك نادەیـن بچێتـە سـەر پشـتی ئیسـلام و ئیسـلام بکاتـە پردێـك و بەسـەریدا بپەڕێتـەوە، یـان لووتـی خـۆی لـە ئایینێـك بـدات کـە لەگـەڵ هەمـوو فێـڵ و تەڵەکەکانـی جیهانـی سیاسـەتدا هـەر بەردەوامـەو رێـدەکات...

ئاینەکەمـان بـە زمانحاڵـی خـۆی دەڵـێ: مـن ئیسـلامم، ئـەوە منـم کـە بەبـێ نرخـی دنیایی شـکۆمەندیتان بـۆ دەگێڕمەوە...

بەدرێژایـی زەمانـە لەگـەڵ منـدا هەڵگـرە ئـاواز و چێـژی رێـز و کەرامـەت دەدۆزنـەوە...

ئایـا ئـەو کەسـەی ئیسـلام رەتدەکاتـەوە وادەزانـێ ئیسـلامی لاوازکـردووە... نەخێـر ئـەوە ئـەوە کـە لـە خەسـارەتمەندییەکی تـەواو دایـە، منـی ئیسـلام خـوا دەمپارێـزێ...

پێغەمبەرمـان موحەممـەد (ﷺ) کاتـێ خواحافیـزی لـە ژیـان کـرد قورئانـی دەخوێنـد، ئـەو قورئانـەی فێـری هـەر کەسـێکی تریـش دەکـرد کـە بـاوەڕی پێـی هەبـوو یـان بـاوەڕی پێـی نەبـوو ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ واتـە ئاینـی خۆتـان بـۆ خۆتـان و منیـش ئاینـی خۆمـم هەیـە)...

خۆزگایە کەسی سیاسیش بیوتایە:

(سیاسەتی خۆم بۆ خۆم و ئێوەش ئاینی خۆتان بۆ خۆتان)...

دەبێـت نەیـەت قامچـی دەسـتی بەرزبکاتـەوە تـا دەمـی ئاینـی پێدابخـات یـان ئایـن بگـۆڕێ بـۆ دەزگایەکـی سـەر بـە دەسـتەڵاتەکەی.. ئێمـە تـا ماویـن پـڕ بـە گەروومـان هـاوار دەکەیـن و دەڵێیـن:

ئێمـە ئاینـی خۆمانمـان هەیـە، سـێرکی سیاسـیی و فێـڵ و تەڵەکەکانیشـی بـۆ ئێـوە...

وازبێنن با خەڵکی ئازاد بن لە ئاینیاندا...

ئیسـلامەکەی ئێمـەش ئـەو هەوایەیـە کـە ژیانمـان بـێ ئـەو تەندروسـت نابێـت و نـاژی، کەواتـە وازمـان لێبێنـن بـا بـۆ خۆمـان بژیـن، ئێـوەش ژیـان و قەیرانەکانـی خۆتـان بـۆ خۆتـان...

## پەیامی ئاشتیخوازیی بۆ قیرغیزیای خۆشەویست

پەیامم بۆ گەل و حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتی قیرغیزیای خۆشەویست سڵاوی خوای گەورە لەسەر هەموو ئەو بەڕێزانە بێت کە باوەڕیان بە ئاشتی هەیە. خوای گەورە ئاشتی بەرقەرار بکات بەسەر هەر کەس و گەلێکدا تامەزرۆی ئاشتییە.

خوای گەورە سۆز و بەزەیی و ڕێز و کەرامەت ببەخشێ بە هەر کەسێ پارێزگاری لە گیان و سەلامەتی بێتاوانان دەکات.

پاشان ئەی گەلی قیرغیزیای چاك و چاکەویست، من چاوم لەسەر ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەیە کە لەلای ئێوە ڕوودەدەن، زۆر دڵگران و ناڕەحەتم پێیان، بۆیە داواتان لێدەکەم بە ژیرمەندیی خۆتان، بە گیانی خۆشەویستی و بە دانوستانی جیددی و ئەقڵیی بگەنە چارەسەرێکی دادپەروەرانە، تا سەربەخۆیی قیرغیزیاو سەروەرییەکەی بپارێزن، ڕێگانەدەن چاوچنۆکان تەماعتان تێبکەن. بە برایانە داواتان لێدەکەم پارێزگاری بکەن لە ئاشتی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتییەکان، هەرگیز چەك بەکارنەهێنن تیایاندا.

> **پاراستنی سەروەت و سامانی گشتی و تایبەت ئەرکی سەرشانی هەمووتانە، پاراستنی خوێن و ناموستان ئەرکی هەمووتانە**

پاراستنی سەروەت و سامانی گشتی و تایبەت ئەرکی سەرشانی هەمووتانە، پاراستنی خوێن و ناموستان ئەرکی هەمووتانە، چونکە ئەم پیرۆزییانە لای خوای گەورە لە هەموو کاتێکدا قەدەغەن، ئەرکی سەرشانی تەواوی خەڵکییە بە گشتی و جەماوەری بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا ئەو پیرۆزییانە بڵند ڕاگرن، هەروەك پیرۆزی

کەعبەو مانگە پیرۆزەکان کە خوێنڕشتن تیایاندا حەرامە، هەروەك لە چەندین فەرموودەی ڕاست و دروستدا هاتووە. ئێوەش خوێن و ماڵ و سامانتان لە یەکتری حەرامە، با ئیتر تاوانی کوشتن و خوێنڕشتن لەولاوە بوەستێ کە ئەنجامدەرەکەی لەژێر هەر ناوێك، لە هەر جێگایەك و بە هەر بیانوویەکەوە دەستدرێژی بکات ئەوا بەر نەفرەتی خوای گەورە دەکەوێ، خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ﴾ سورة المائدة (٣٢).

هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ سورة النساء (٩٣).

داواتان لێدەکەم دەستبگرن بە ئاینی خوای گەورەوە، بە ڕێگای دانوستان کێشەکانتان چارەسەر بکەن، چارەسەرێکی یەکجارەکی و بە شێوازێکی ژیاریی، ئەمەش ئەرك و بەرپرسیێتی هەمووانە، ئەوەش بزانن کە ڕێکنەکەوتنتان دەبێتە هۆی گەورەتر بوونی کێشەکان لە وڵاتاندا، ئەوکاتیش دەرگای گەورەترین فیتنەگێڕی لەسەرتان دەکرێتەوە، کە ڕزگاربوون لێی کارێکی زەحمەت و قورس دەبێت، لەبەرئەوە بە خاتری ناوی مەزنی خوای گەورە داواتان لێدەکەم بە زووترین کات کێشەو گرفتەکانتان چارەسەر بکەن، لەپێناو بەرژەوەندی باڵای وڵاتەکەتان سازش بۆ یەکتری بکەن.

برایان و خوشکانی بەڕێزم لە وڵاتی قیرغیزیا من ئێوە باش دەناسم، چونکە پێشتر لەگەڵ شاندی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان لە کاتی شەڕی ناوخۆی نێوان قیرغیز و ئۆزبیکدا هاتینە لاتان، بە فەزڵی خوای گەورە بە ئاسانی ئاشتەوایی لەنێوانتاندا بەرپابوو، لەبەرئەوە ئێستەش ئامادەم بە خێرایی و دەست و برد بێمە لاتان و بە ئەرکی سەرشانی خۆم هەستم.

خوای گەورە سەرکەوتووتان بکات و باری وڵات و ژیانتان چاکبکات و بتانپارێزی لە هەر خراپەیەك.

## چۆن پێغەمبەرمان (ﷺ) دڵخۆش بکەین؟

ئەی برایان و خوشکانی موسڵمان لە سەرتاسەری جیهاندا:

تا پێغەمبەرمان (ﷺ) بە خۆشویستنمان بۆی دڵخۆش ببێت و زەردەخەنەمان بۆ بکات...رایدەگەیەنین کە:

ئێمە نامانەوێت رووداوی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە بێڕێزییانە بەرانبەر بە سەروەرمان (ﷺ) تەنها ژانێکی کتوپڕ بێت لەسەر دڵ و جەستەمان و بەس، بەجۆرێ کە ریشك و ئەسڵی مەسەلەکەمان لەبیر بباتەوە ئەرکی سەرەکیمان لێ بشێوێنێ، بە تێپەڕبوونی کات بگوزەرێ و لەبیرمان بچێتەوە، ئینجا پەردەی بێئاگایی سەرلەنوێ بدرێت بەسەر بیرو هۆش و یادەوەریماندا...وەك بڵێی شتێك لە ئارادا نەماوە...

دەمانەوێ رووداوەکە هۆکارێ بێت بۆ دروستکردنی داینەمۆی هۆشیاریی...دەمانەوێ ببێتە قوتابخانەیەکی نوێ بۆ فێربوونی ژیاننامەی گەورەترین پێغەمبەر (ﷺ).

دەمانەوێ داهێنان و نوێگەرییەك بێت بۆ گەیاندنی دەنگ و رەنگی راستەقینەی پێغەمبەرمان موحەممەدصلی الله علیه وسلم لە چۆنێتی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ناحەزاندا، لە شێوازی مامەڵەمان لەگەڵ هونەرەکان، لەگەڵ مەعریفەی مرۆیی، بەرچاوڕوون بین لە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ سیاسەت و لە پرسی سامان و داراییدا، لەگەڵ ماڵ و خێزاندا، لە جۆر و میکانیزمی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوانیتردا...

خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵچوونێکی کاتی نییە...

خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) ئەرکێکی شەرعییە و لە رێگای خۆشویستنت بۆی رۆژانە نوێدەبێتەوە، ئەویش بەپێی وزەو تواناو بۆ گونجانت... هەروەها بە دوورکەوتنەوە لەو پەرچەکردارانە دەبنە مایەی ئەوە کە بە خراپە وەڵامی خراپە بدرێتەوە...

چونکە ئێمە ئوممەتی زانست و تێگەیشتنین، بانگەشەکاری نەفامیی و خوێنڕشتن نین...

## دڵت ببەستە بە خۆشویستنی پێغەمبەرەکەتەوە (ﷺ)

بۆئەوەی دڵت دامەزراو بێت لەسەر خۆشویستنی پێغەمبەرەکەت، خۆت پابەند بکە بەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە:

١- کاتێ درود و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدەیت، زمانت لەسەر ئەوە ڕابهێنە کە دەبێ خۆشەویستی ئەو ڕابەرە تێکەڵ بە دڵت ببێت، کردەوەکانیشت ڕاستگۆیی ئەو خۆشویستنت بسەلمێنن.

٢- بەئاگایی و هەستۆکیی ڕەفتارت ڕاستگۆترین بەڵگە بێت لەسەر خۆشەویستیت بۆی، کەواتە با بە شێوەی پراکتیکی پابەندبوونت بە ڕەوشتەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) تیاتدا دەربکەون.

٣- خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) ناسکیی و جوانیی و شارەزایی و ناسینی تایبەت بەخۆی هەیە.

٤- هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان هەر کردەوەیەکی ستەمکاریی و نێوان زاتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوونی نیە.

٥- بە پاچەکەی دەستت بدە لە زەوی، خۆڵەکەی شیبکەرەوە، بیچێنەوە کاربکەو دروستبکەو داهێنان بکە، چونکە داواکردنی حەڵاڵ و حەڵاڵخۆریی فەرزی دوای فەرزە.

٦- فرمێسك ڕژان و بوونی دڵێکی ناسك هەر شایانی کەسێکە کە خۆشویستنی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هەبێت.

٧- گێرەشێوێن و لاقرتیکار و توندڕەوەکان نین لەسەر ڕێبازی خۆشەویستی، تەنانەت با ئیدیعاش بکەن گوایا لە سەر ڕێبازی خۆشەویستانن.

٨- هەرکەس دڵی وابەستە بوو بە پێغەمبەرەکەیەوە (ﷺ)، ئەوا حەوانەوەو دڵئاسودەیی لە جگە لە خوای گەورەدا لە کەسیتردا نابینێ، گوێڕایەڵیی بۆ ئەو زاتە لە خزمەتکردنی ماڵ و خێزانیدا دەبینێتەوە، کاری چاکە لەگەڵ خەڵکیدا ئەنجامدەدات.

٩- ناوت لەگەڵ خۆشەویستانی پێغەمبەردا (ﷺ) تۆماربکە، ئەمە لە کاتێکدا کە سەردانی هەژاران و نەداران و بێوەژنان دەکەیت...

١٠- لەسەر سفرەی خۆشەویستیی پێغەمبەرەکەت موحەممەد (ﷺ)، دڵت بگرەوە لەو زبریی و رەقییە کە تێیدایە، رەفتارت لە خەڵتەو پیس و پۆخڵیی پاکبکەرەوە، ئەویش بە لابردنی ستەم لەسەر کەسانیتر...

**بە پاچەکەی دەستت بدە لە زەوی، خۆڵەکەی شیبکەرەوە، بیچێنەو کاربکەو دروستبکەو داهێنان بکە، چونکە داواکردنی حەڵاڵ و حەڵاڵخۆریی فەرزی دوای فەرزە**

ئەی کەسێ کە هەست بە نامۆیی و تەنیایی خۆت دەکەیت، وەرە بە صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەرەکەت (ﷺ) خۆت بحەوێنەوەو دڵئارامبەو لەخۆشیدا بژی...

پەروەردگارا شەفاعەتی پێغەمبەرەکەتمان پێببەخشە (ﷺ)، ئەویش بە جوان شوێنکەوتن و پەیڕەوکردنی رێبازەکەی...، ئێوەش لە نزاکانتاندا بەندەی ئاتاج بە بەزەیی خوای گەورە و دڵسۆزتان عەلی قەرەداغی بێبەش مەکەن...

## چەند راستییەکی تاقیکراوە و پرەنسیپی هزریی لەبیرکراو

﴿أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ سورة النساء (١٣٩)

قورئانـی پیـرۆز باسـیکردووە کـە دووڕووەکان گومانیـان وابـوو، بـە لایەنداریی و پشتگیرییان لە خاوەن پەڕاوە ئاسمانییەکان و هاوەڵگەران، لـە دوژمنانـی پێغەمبـەر (ﷺ) و ئیسـلام و موسـڵمانان، ئیتـر هێـز و سـەرکەوتن و ماڵ و سامان و پلەوپایـە بەدەسـتدێنن، تـا خـوای گـەورە ئـەم ئایەتانـەی نـاردە خـوارەوە: ﴿بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا * الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ سورة النساء (١٣٨-١٣٩). قورئانـی پیـرۆز چەندینجـار دووپاتیکردووەتـەوە کـە تـەواوی هێـز و شـکۆمەندیی بـۆ خـواو بـۆ پێغەمبەرەکەیەتـی، ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە تـا ئـەم بـاوەڕە بەهێـزە لە دەروونـی باوەڕدارانـدا رەگ دابکوتێ، بۆئـەوەی سـەربەرز و بەهێـز و شـکۆمەندبن، دووربـن لـە سـتەملێکردن و زەلیلبـوون.

کەچـی لە ئەمڕۆدا -بەداخ و حەسرەتێکی زۆرەوە- هەمان هەڵوێستی لاوازیـی لـەلای هەنـدێ لـە موسـڵمانان دووبارە دەبێتـەوە، بەتایبەتـی لەلایـەن فەرمانڕەواکانـەوە، چونکـە وا گومـان دەبـەن کـە هێـز و پـارەو ئابووریـی لای زایۆنیزمـەکان و ئەمەریکایـە، یان لای هاوشـێوەکانیانە، لێرەوە دێـن سـازش لەسـەر پرەنسـیپە نەگۆڕەکانـی ئیسـلام دەکـەن، بەڵکـو لـە پرەنسـیپە نەتەوایەتییەکانیشـیان، هەموویشـی تەنها لەپێناو مانەوەیانە لەسـەر کورسـییەکانیان، وادەزانـن بـەو نزیکییەیـان لـە دەوڵەتـی داگیرکاری مزگەوتـی ئەقصـاو قـودس، بـە ئاسـاییکردنەوەی پەیوەنـدی لەگەڵیـدا، ئیتـر هەرچـی خەزێنـەی نەختینـەی دنیا هەیـە بۆیان دەسـتەبەر دەبێت، بـەڵام لەڕاسـتیدا ئەوانـە هەڵـەن و لـە خەیاڵپـڵاودا دەژیـن، ﴿كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّىٰ إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا﴾ سورة النور (٣٩)

ئەمـەش راسـتییەکی تاقیکراوەیـە، دەبـا -بـۆ نمونـە- بڕوانینـە وڵاتـی میصـر، بزانیـن چەنـدە سـودمەندبووە لـەو رێکەوتننامـەی ئاشـتییە

کە لەگەڵ ئیسرائیلدا لە ساڵی (١٩٧٩ز) واژۆی کرد، دواتریش ئەو دوو لایەنە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٥ز ڕێکەوتننامەیەکیان واژۆکرد، کە میصر ساڵانە بڕی (١,٧) ملیار مەتر سێجا غازی میصری وە بۆ ماوەی بیست ساڵ بدات بە ئیسرائیل، ئەوەش بە نرخێك کە کەمتر بوو لە نرخی ئەو غازە میصر بۆ خۆیی دەکڕی، (واتە ڕێکەوتنەکە لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا بوو)، هەروەها ڕێکەوتنێك لە نێوانیاندا لە بواری کشتوکاڵدا واژۆکرا، بە سودوەرگرتن لە ئیسرائیل لە بواری کشتوکاڵیدا، جا هەروەك شارەزای ئابووری دکتۆر عەبدونەبی عەبدولموتتەلیب دەڵێ: بەشێکی زۆری ئەو داڕوخانەی لە کەرتی کشتوکاڵی میصردا روویدا، بەهۆی ئەو ڕێکەوتننامەیەوە بوو کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەوزەواتی خستە جێگای بەرهەمهێنانی گەنم و گەنمەشامی، بەم پێیەش قاهیرە بووە هاوردەکارێکی سەرەکی بۆ دانەوێڵە ستراتیژییەکان، هەروەها بووە هۆی لەناوبردنی چاندنی لۆکە کە لە وڵاتی میصردا مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەم شارەزایە لێدوانێکی بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە دا، ئەمەش دەقەکەیەتی وتی: (هەرچەندە تا ئێستە بەڵگەی تەواو بەردەست نیە لەسەر ئەوە کە ئیسرائیل ماددەی کیمیاوی شێرپەنجەداری قەڵاچۆکەری مێروو، یان پیتێنەری زیانگەیەنەر بە خاك و بە تەندروستی گشتی، هەناردە کردبێت بۆ میصر، بەڵام هەرکەس بەدواداچوون بکات بۆ زیادبوونی نەخۆشییەکانی سستبوونی گورچیلە و نەخۆشییەکانی جگەر لەم ساڵانەی دواییدا، دەگاتە ئەو دەرئەنجامە کە بەدوور نازانرێ دەستێکی ئیسرائیلی بوونی هەبێت لەو بارە نەرێنیانەدا کە ڕوویانداوە).

لە ئایندەشدا بە چاوی خۆمان دەبینین کە تا چ ئاستێ ئیسرائیل سەروەت و سامان و کان و کانزا و خێر و بێری وڵاتی سودان دەقۆزێتەوە بۆ خۆی، بێئەوەی سودان لەبەرانبەرەوە سودمەند ببێت، چونکە بەرژەوەندی ئیسرائیل چاولەبەری عەرەب نیەو هەرگیز لە توانای عەرەبدا نیە.

لەلایەکی ترەوە نەتەنیاهو رایگەیاند کە ئاشتی بەرانبەر بە ئاشتییە، ئابووریی بەرانبەر بە ئابوورییە، کەواتە پێشبینی ئەوە ناکرێ کە ئیسرائیل یارمەتیدەر بێت، بەڵکو ئەوەی کە دەیکات تەنها دارایی بەرانبەر بە داراییە، بەڵام لەبەرئەوە ئەو لە هاوکێشەکەدا لە رووی ئابووریی و دارایی و زانست و پێشکەوتن و نێودەوڵەتییەوە.. لایەنی بەهێزە، ئەوا گومانی تێدانیە کە دەرئەنجامەکان لە بەرژەوەندی ئەو دەبن، لەبەرانبەریشەوە دەبێ سودانییەکان قوربانیبدەن بە پرەنسیپە نەگۆڕەکان و بە سێ نەخێرەکەیان و بەهەدەر بڕۆن، ئەمە لەبارێکدا کە زیاتر و زیاتر بە زیان و بارە نەرێنییەکان و گرفت و هەژارییەکی زیاتر نەشکێتەوە بەسەریاندا.

# نامەیەك لە پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغییەوە بۆ ژیرمەندانی جیهان

بسم الله الرحمن الرحیم ﴿تَعالَوْا إِلى كَلِمةٍ سَواءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُم﴾ سورة آل عمران(٦٤)، وەرن بەدەم پرەنسیپە مرۆیی و رەوشتییە هاوبەشەکانەوە، وەرن بۆ گفتوگۆ و رەتکردنەوەی دەمارگیریی و رقلێبوونەوەو سوکایەتیکردن بە هەر کەسێکیتر.

بۆ سەرۆکی فەرەنسا ماکرۆن و گەلی شارستانیی ولاّتی فەرەنسا، بۆ سەرۆکانی جیهان، بۆ سیاسەتمەدار و بیرمەندان و راگەیەندکاران، سلاّوێکی جوان و چاك و پڕ لە ئاشتیتان لەسەر بێت...

پێمخۆشە بە ناوی خۆم و بەناوی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسلْمان ئەم (١٠) دە راستییە بخەمە بەرچاوتان:

١- سەرجەم تاوانەکان –لەنێویشیاندا تیرۆر- هیچ ئاینێکیان نیە، رەوا نیەو نابێت بدرێنە پاڵ ئاینە ئاسمانییەکان، چونکە ئاینەکان بۆ ئەوە هاتوون ئاسایش و ئارامیی گشتگیر دەستەبەر بکەن.

٢- نابێت هەڵسوکەوتی کەسانێکی تاوانبار کە لە هەندێ لە خەڵکانی دیندارەوە دەردەچن گشتاندنیان بۆ بکرێ، بدرێن بەسەر هەموو پەیڕەوانی ئەو ئاینەدا، چونکە یەکێك لە رێسا ئاینی و سروشتییەکان ئەوەیە کە ﴿لا تَزِرُ وازِرةٌ وِزرَ أُخْرى﴾ سورة الانعام (١٦٤)، ئەم ئایەتە بەم مانایە پێنج جار لە قورئاندا دووبارە بووەتەوە.

٣- بەڵگەنەویستە ئیسلام پێش چواردە سەدە رایگەیاندووە کە مرۆڤ لە ئاین و لە بیروباوەڕیدا ئازادە، ئەم راستییە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لەوانە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤمِنْ وَمنْ شَاءَ فَلْيَكفُر﴾ سورة الكهف (٢٩)، هەروەها دەفەرمووێ ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ سورة البقرة (٢٥٦)، تەنانەت ئازادیی ناوبردووە بە رووناکیی، خەفەکردن و سەرکوتکردنی ناوبردووە بە تاریکی و کۆت و بەندکردن، خوای گەورە وەسفی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکات بە ﴿وَيَضَعُ عَنْهم إِصْرَهُم

**والأغلالَ التي كَانت عَليْهم﴾** سورة الأعراف (١٥٧) واتە: هەرجۆرە ئەرکێکی زەحمەت و قورسی لەسەرشانیان هەڵگرتووە، هەر کۆت و بەندێ کە بەسەریاندا سەپێنراوە نەیهێشتووە، چونکە ئاینی ئیسلام بەدڵنیاییی ئاینی کەرامەت و رێزە و پارێزەری مافەکانی مرۆڤە، ئیسلام یەکەمینە لە دانانی دەستوری مافەکانی هاوڵاتیبوونی جولەکە و کەسانیتریش لە دانیشتوانی مەدینە، کە ئەویش بەناوی (دەستوری مەدینە)یە.

٤- تکاتان لێدەکەین وەرن لێمان تێبگەن، لە ئاینەکەمان تێبگەن، شارەزاو ئاشنا ببن و جیاوازی بخەن لە نێوان ئەو ئازادییانەدا کە مافی هەمووانە، لەوانەش مافی رەخنەگرتن و ئاراستەکردنی رەخنە، وە نێوان بێڕێزی و سوکایەتیکردن و لاقرتیکردن بە پیرۆزییە ئاینییەکان. کەواتە بڵاوکردنەوەی وێنەی بێڕێزیی خودی سوکایەتیکردن و بێڕێزییە چونکە راستەقینە نین، دەستهەڵبەستن، رەخنەی زانستی نین. ناچنە ریزی ئازادییەکانەوە.

٥- قورئانی پیرۆز پڕە لەو باس و خواسانە کە بێباوەڕان و هاوەڵگەران دەربارەی خوای باڵادەست و پێغەمبەران وتوویانەو کردوویانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر باسەکەیانی هێناوەو لە گفتوگۆیەکی هێمنانەوە ئامانجداردا مشتومڕی لەسەر کردوون، ئەمەش بە ئاستێکە کە فەرمانی بە پێغەمبەر (ﷺ) کردووە بەوانە بڵێ کە راجیاواز و ناکۆکن لەگەڵیدا، پێیان بفەرمووێ: **﴿وإنَّا أوْ إياكم لعلى هُدىً أوفي ضلالٍ مُبين * قُلْ لا تُسألونَ عمَّا أجرمنا ولا نُسأل عمَّا تَعملوُن﴾** سورة سبأ (٢٤-٢٥)، ئا بەمشێوازە مەزنە گفتوگۆی لەگەڵ بێباوەڕاندا کردووە، حوکمی نەداون کە لەسەر ناڕەوان، بەڵکو بانگیکردوون تا بگەنە راستی و حەقیقەت، ئینجا با لایەنی بەرانبەریش بە چاوی تاوانبار سەیری موسڵمانان بکات هەر داوای گفتوگۆیان لێدەکات، وێڕای هەموو ئەو هەڵوێستەی ئەوان هەر لایەنی بەرانبەری وەسف نەکردووە بە شتێك کە رێز و کەرامەتیان زامدار بکات.

٦- گومانی تێدانیە کێشەی ئەمڕۆ لەوەدا نیە کە ئێمە ململانێمان

لەگەڵ بەهاکانی ئازادیی کۆماریدا هەیە، کێشەمان لەگەڵ هاندانی بێڕێزیی و لاقرتیکردن و بەکەم سەیرکردنە دژ بە پیرۆزێکی زۆر زۆر مەزنی موسڵمانان.

٧- لەڕاستیدا کێشە هزرییەکان بە هزرێکی قووڵ و تێگەیشتنێکی ورد و شێوازێکی پێشکەوتوو، بە کرداری ئامانجداری هێمن و لە کەش و هەوایەکی ئارامدا چارەسەر دەبن، بەدڵنیاییی کە بە وروژانی هەستەکان و گوتاریی جەماوەریی چارەسەرنابن، چونکە ئەوەندەی تر گڕ بەردەدەنە سۆز و هەستی مرۆڤەکان ئەوکات خزمەت بە تیرۆری راسترەو دەکەن، هەروەها خزمەت بەو تیرۆرە دەکەن کە بە ناڕەوا و بە بێبنەما دەدرێتە پاڵ ئیسلام.

٨- هەمووان باش دەزانن ئەو ژمارەیە لە موسڵمانان کە بە دەستی قاعیدەو داعش کوژراون و لێیشیان سوتاندوون چەندین ئەوەندە زۆرترن لەو غەیرە موسڵمانانە کە بوونەتە قوربانی، بەڵکو زۆر کەس گومان دەبەن کە چەندین دەزگای هەواڵگریی و بیانی و هەرێمیی بەشدارن لە دروستکردنیاندا، تەواوی دامەزراوە یەکێتییە فەرمی و نا فەرمییەکان لە زانایان و موسڵمانان، لە ناو جیهانی ئیسلامیی و لەناو ئەورووپا و وڵاتانی تریشدا ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕیوە بە تاوانەکانیان، بە جەنگی هزریی و کرداریی بەرەنگاریان بوونەتەوە، کەواتە بۆ دەبێت ئیسلام و سەراپای موسڵمانان تۆمەتبار بکرێن بە تیرۆر؟!!

٩- بەدڵنیاییی پێغەمبەری مەزن موحەممەد (ﷺ) کە هەندێ کەس دەیانەوێت بێڕێزی بەرانبەری بکەن، هەندێکیتریش هانی ئەو بێڕێزییە دەدەن، ئەوا بە هەموو واتایەکی راستگۆیانە ئەو مەزنە پێغەمبەری زانستە، فەرماندانیش بە خوێندنەوەیەکی گشتگیرانە بۆ گەردوون و مرۆڤ و پەڕاوەکان لە یەکەم ئایەتی قورئاندا هاتووە کە دەفەرمووێ ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ﴾ سورة العلق (١)، بەڕاستی ئەو مەزنە پێغەمبەری بەزەییە بۆ جیهانیان، خاوەنی رەوشتێکی مەزنە، تەنانەت بە دانپێدانانی زۆرێك لە کەسە بەویژدانە فەرنسییەکان و هیتریش،

ئەوەتا (مایکل هارت) ناوی (موحەممەد)ی لە سەری سەرەوەی لیستی سەد مەزنەکەی جیهاندا داناوە) ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) کە نزیکەی دوو ملیار کەس لە جیهاندا باوەڕیان پێی هەیە، کەواتە چ بەرژەوەندییەك لە بڵاوکردنەوەی وێنەی بێڕێزیی و سوك سەیرکردن و بێشەرمیدا هەیە؟؟!!! چ بەرژەوەندییەك هەیە لە وروژاندنی سۆز و هەستی گەنجان و خەڵکی گشتی لە جیهاندا دژ بە فەرەنسا؟؟ ئەی بۆ ڕێز لە یاسای ساڵی (١٩٠٥ز)ناگیرێ کە دەڵێ: نابێت سیاسەت دەست بکێشێتە ناو ئاین؟ ئەی بۆچی لەنێو بەهاکانی کۆماری فەرەنسادا گومان لەسەر ڕووداوی هۆڵۆکۆست دروست نابێت؟ لە کاتێکدا کە ئێمە دژ بە سوتاندنی هەر کەسێکین؟ بۆچی بێڕێزیی کردن دژ بە ڕەنگ و بە ڕەگەز تاوانە، بەڵام بێڕێزیی بەرانبەر بە ئاین و هێما کاریزماکانی بە تاوان دانانرێ، یان بۆ ئەو دووفاقییە قەدەغە ناکرێ؟ گومانی تێدانیە کە ڕەواجدان بە ڕقلێبوونەوەو زیندووکردنەوەو فووپێداکردنی دەمارگیری کە دووبەرەکی و لێکدوورکەوتنەوە دەنێتەوە ناچێتە بازنەی ئازادی کەسێتییەوە، چونکە ئاسەواری مەترسیداری لەسەر هەمووان هەیە، کەواتە کاتێك ئازادی دەگاتە سنورێك کە ئازادیی و مافی کەسانیتر پێشێل بکات ئیتر دەبێت لەو سنورەدا بوەستێنرێ، چونکە کەرامەت و هەستەکانی زامدار دەکات و مافی بەرانبەر زەوت دەکات، لە ئیسلامیشدا هەستێك نیە بەرادەی هەستی خۆشویستنی موسڵمانان بۆ پێغەمبەرەکەیان موحەممەد (ﷺ) بەهێز بێت، بەڵکو بەرانبەر بە هەموو پێغەمبەران، موسڵمانان پێغەمبەریان لە خودی خۆیان خۆشتر دەوێت، بەهەمانشێوە موسڵمانان هەموو پێغەمبەرانیان خۆشدەوێ لەسەرووی هەمووشیانەوە ئیبراهیم و موسا و عیسا -سڵاوی خوای گەورەیان لەسەر بێت-، هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا ناکەن، خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِليهِ مِن ربِّه والمؤمنون كُلٌ آمنَ باللهِ وَملائكَتهِ وَكُتُبِهِ وَرُسلِهِ لا نُفَرِّقُ بينَ أحدٍ مِنْ رُسُلِهِ﴾ سورة البقرة (٢٨٥).

١٠- ئێمە داوای گفتوگۆ دەکەین، پاشان داوای گفتوگۆیەکی

بونیاتنەر دەكەین، ئینجا داوای گفتوگۆی ژیرمەندان و دانایان دەكەین، ئەویش بە گوتەی حەكیمانەو دانایانەو و بە باشترین شێوە، ئەمەش تاكە رێگاچارەیە بۆ چارەسەركردنی هەموو كێشە ئاینی و هزریی و مرۆییەكان. ئەگەرنا ئەوا ئەوەی لە بەرانبەر گفتوگۆوەیە، وێرانكاریی و كاولكاریی و ململانێ و دووبەرەكیی دێتەگۆڕێ، شەڕیش خۆی مەڵاسداوە كە دەرئەنجام وادەكات هەر هەمووان زیانمەند و دۆڕاوبن تیایدا، هەموومان لەبەرچاوماندایە كە ئەوروپا لە ماوەی نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا خۆی خستەناو دوو جەنگی جیهانییەوە، دەیان ملیۆن لە مرۆڤەكان بوونە قوربانی، ئەوروپا وێران بوو، هەموویشی بەهۆی ستەم و شۆڤینیزم و نازیزم و ململانێ مادديیەكانەوە. دڵنیابن كە ئیسلام ئاینی بەزەییە بۆ جیهانیان، ئاینی ئارامی و ئاسایشە، هەرگیز رەوا نیە وەسفبكرێ بە شۆڤینیزم و تیرۆر، چونكە ئەوە گوتەیەكی نارەواو دەمهەڵبەستە، هەركەس كەمێك شارەزا بێت بە قورئان دەزانێت كە ئەو تۆمەتە لە رووی زانستییەوە ریسوایەو بێبنەمایە، ئیسلام ئاینی سروشتی پاكە ﴿التي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا﴾ سورة الروم (٣٠). لەبەرئەوە وێڕای ئەو هەموو هەڕەشانە كە بەرۆكیان بەئیسلام گرتووە هەر بەردەوام لە بڵاوبوونەوەدایە.

لە كۆتاییدا پێمخۆشە جەختبكەم لەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە: ئێمەی موسڵمان ناتوانین مەسیحییەت و عەلمانییەت بەوە دابنێین كە هۆكاری پشتەوەی توندڕەویی ئەو دوو ئافرەتە بن كە دوو ئافرەتی موسڵمانیان لەژێر بورجی ئیڤڵ دا زامدار كرد، هاوكات دەیانقیژاند و جنێویان بە عەرەب دەدا، ، بەهەمانشێوەش رەتیدەكەینەوە ئیسلام بەوە دابنرێ كە لە پشتەوەی ئەو تاوانەوە بێت ئەو گەنجە هەرزەكارە دژ بە مامۆستاكەی **Jean-Michel Blanqu** ئەنجامیدا.

هەرچەندە ئەمە پاساو نیە بۆ تیرۆر، بەڵام پێویستە لێكۆڵینەوە لە هۆكارەكانی بكرێ، چونكە زۆرجار دەوڵەتانی ئەندام لە رێكخراوی ئاسایش و هاریكاری لە ئەوروپا نارەزاییان دەربڕیوە بەرانبەر بە هەموو

شـێوەکانی تیـرۆر و رووکارەکانـی، لـە دژی وەسـتاونەتەوە ئەویـش لـە رێـگای دامـەزراوەو و یاسـای نێودەوڵەتـی بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ و لـە بازنـەی رێزگرتـن لـە پابەندبـوون بـە رێکخـراوەی ئاسـایش و هاریـکاری ئەورووپـا، هـەر لـە مانگـی کانونـی یەکەمـی سـاڵی ۲۰۰۱ز وە دەوڵەتـە بەشـداربووەکان دانیـان بەوەدانـاوە کـە ناکـرێ کارەکـە تەنها پشتبەسـتن بێـت بـە پرۆسـەی سـەربازیی و ئاسایشـیی بـۆ سـنورداناں بەپێـی توانا لـە هەڕەشـەکانی تیـرۆر لەسـەر مەودایەکـی دوور، هەربۆیـە بـە پشتبەسـتن بـە پلانـی بوخارسـت بـۆ رێکخـراوی ئاسـایش و هاریـکاری ئەورووپـا لەپێنـاو بەگژداچوونـەوەی تیـرۆردا، هەمـوو دەوڵەتـان جەختیـان لـەوە کـردەوە کـە پێویسـتە چارەسـەر دابنـرێ بـۆ (سـەرجەم فاکتـەرە کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و سیاسـییەکان، لەنێویشـیاندا حـەز و مەیلـی جیابوونـەوەو توندڕەویـی)، کـە زەمینـەی لەبـار خۆشـدەکەن بـۆ رێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان بـۆ مەبەسـتی جەمسـەرگیریی و (بەدەسـتهێنانی پشـتگیریی و هـاوکاری).

جارێکیتـر دووپاتیدەکەینـەوە ئـەو ئاراسـتەو بۆچوونـە نەرێنییـە کـە ئیسـلام دەبەسـتێتەوە بـە قەیرانێـك لـە قەیرانەکانـەوە، بـە وەسـفکردنی ئاینـی ئیسـلام یـان هـەر ئاینێکـی ئاسـمانی تـر بـەوەی کـە تیرۆریسـتە، ئـەوا ئـەم کارە ناشـیرینکردنی ئـەو ئاینەیـە، سیاسـەتێکی خراپـەو دەبێتـە هـۆی پشـتگیریکردن لـە توندڕەوان لەنـاو کۆمەڵـگادا. لەڕاسـتیدا ترسـاندنی خەڵکـی لـە مزگەوتـەکان و بەپەلـە داخسـتنیان کێشـەکە چارەسـەر نـاکات... لێپێچینـەوە لـە پیـاوی موسـڵمان لەسـەر ریـش و لـە ئافرەتـی موسـڵمان لەسـەر بالاپۆشـیی، هەروەهـا لەدەسـتدانی هاوتایـی کۆمەڵایەتـی و بالادەسـتبوونی پێـوەری دوالیزمـەو دووفاقـی نابنـە هـۆی چارەسـەرکردنی کێشـەکە...

ئێمـە لەگەڵتانـدا بـەدوای چارەسـەری کێشـەکاندا دەگەڕێیـن، قسـەی راشـکاو و راسـت و رەوانیشـمان لەسـەر پرەنسـیپەکانی ئاینەکەمـان بونیاتنـراوە، کـە بانگەشـە بـۆ خۆشویسـتنی هـەر چاکەیـەك بـۆ سـەراپای مرۆڤایەتـی دەکات، ئێمـە لـە بەرانبـەر رووداوی هـەر تاوانێکـەوە کـە

رووده‌دات، ئیتر به‌رانبه‌ر موسڵمان بکرێ یان غه‌یره موسڵمان هه‌ر یه‌ك هه‌ڵوێستی نه‌گۆڕمان هه‌یه‌، پێغه‌مبه‌رمان (ﷺ) ژیانی خۆی له‌ خه‌باتی به‌رگریکردن له‌پێناو مافه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی مرۆڤایه‌تی به‌سه‌ربرد.... ئه‌وه‌ی که‌ راستییه‌و ده‌بێ هه‌مووان داکۆکی له‌سه‌ربکه‌ین و له‌پێناویدا بکۆشین ئه‌وه‌یه‌ که‌ ده‌بێ مرۆڤ له‌ هه‌ڵبژاردنی باوه‌ڕی ئاینی خۆیدا ئازاد بێت، هیچ مرۆڤێك ناچارنه‌کرێ له‌سه‌ر گۆڕینی ئاینه‌که‌ی، هه‌ر مرۆڤێکیش بۆی هه‌یه‌ باوه‌ڕی ئاینی خۆی بگۆڕێ بۆ هه‌ر باوه‌ڕێکی تر که‌ خۆی بیه‌وێ. هه‌ڵوێستمان نه‌گۆڕه‌ که‌ هه‌موو ده‌ستدرێژییه‌ دڕنده‌ییه‌کان ره‌تده‌که‌ینه‌وه‌، هه‌ر جۆره‌ کرده‌یه‌کی کوشتن به‌ قێزه‌ون ده‌زانین، ئیتر ئاینی تاوانباره‌که‌ یان قوربانییه‌که‌ هه‌ر ئاینێك ببێ، من داوا له‌ موسڵمانان ده‌که‌م دان به‌خۆیاندا بگرن، ژیرانه‌ هه‌ڵسوکه‌وت له‌گه‌ڵ رووداوه‌کاندا بکه‌ن، تاوانی تاوانباران و ده‌ستدرێژیکردنه‌ سه‌ر ئه‌و دوو ئافره‌ته‌ موسڵمانه‌ نه‌به‌سترێته‌وه‌ به‌ تانه‌دان و له‌که‌دارکردنی هیچ ئاینێك، چونکه‌ ئه‌مه‌ چاره‌سه‌ر نیه‌ به‌ڵکو زیاتر ده‌بێته‌ هۆی دروستبوونی که‌ش و هه‌وای گرژی له‌ نێوان تاکه‌کانی کۆمه‌ڵگای فه‌ره‌نسیدا، ده‌بێته‌ هۆی زیاترکردنی رقلێبوونه‌وه‌ ده‌مارگیریی.

> **ئێمه‌ له‌وپه‌ڕی ئاماده‌باشیداین بۆ قووڵکردنه‌وه‌ی گیانی لێبورده‌یی و ئاشته‌وایی له‌ نێوان موسڵمانانی فه‌ره‌نسا و نێوان ئه‌وانیتردا**

**سه‌رۆك ماکرۆن:** ئه‌و قسانه‌ی ئه‌مڕۆ له‌ که‌ناڵی ئه‌لجه‌زیره‌ کردت، ئه‌گه‌ر له‌ یه‌که‌م گوتارتدا بتکردایه‌ ئه‌وا ره‌نگدانه‌وه‌ی جۆراوجۆری ده‌بوو، ئێمه‌ش هیواخوازین لێت که‌ داوای لێبوردن بکه‌یت و پۆزش بۆ

پێغەمبەرەکەمان و بۆ موسڵمانان بێنیتەوە. ئەمەش هەڵوێستێکی جوامێرانەو ئازایەتییە بۆ بەرێزتان تۆمار دەکرێ.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئێمە لەوپەڕی ئامادەباشیداین بۆ قووڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و ئاشتەوایی لە نێوان موسڵمانانی فەرەنسا و نێوان ئەوانیتردا...خۆشحاڵ دەبین گفتوگۆیەکی بونیاتنەر لە نێوان موسڵمانان و حکومەتی فەرەنسادا دەست پێبکات، بە مەبەستی گەیشتن بە قووڵکردنەوەی ئاشتەوایی خانەوادەیی و کۆمەڵگایی کە بە خۆشی و ئاسودەیی دەگەڕێتەوە سەر گەلی فەرەنسی.

لەڕاستیدا ناکرێ مافە شایستە گەورەکان دوابخرێن، ئێستە ئەرکی سەرشانی ژیرمەندانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و حەکیمانیەتی لە سیاسەتمەداران و رۆشنبیران و راگەیەندکاران و رابەرە ئاینییەکان و کەسانی کارا و چالاك لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بچنەژێر بەرپرسێتی و هەوڵبدەن بۆ دارشتنی پلانی کردەیی و کارا بۆ بوارەکانی پەروەردە، رۆشنبیریی، ئاینیی، سیاسی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و ئاسایشیی، هاوکات سنور دابنێن بۆ هەرجۆرە توندڕەوییەك لە هەر لایەنێکەوە رووبدات...

## دەستەی گەورە زانایان چی دەوێت؟

سەردەمێك پێش ئێستە کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی موسڵمان، لەنێویشیاندا ژمارەیەك لە زانایانی هزری سەلەفی روونکردنەوەیان دا کە کۆمەڵەی (برایانی موسڵمان - الإخوان المسلمين- لە ئەهلی سوننەو جەماعەن و خزمەت بە ئیسلام دەکەن بەڵام بێهەڵە نین).

ئەمڕۆش راگەیەنراوێك دەدرێتە پاڵ دەستەی گەورە زانایان و تیایدا هاتووە کە ئیخوان مسلمین کۆمەڵێکی تیرۆریستین و رێبازەکەیان ناهەقە.

دەڵێم: ناکرێ و نابێت ئەم راگەیەنراوە لە زانایانێکەوە دەرچووبێت کە میراتگرانی پێغەمبەرانن (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، چونکە لەوەوە نزیکە وەك بڵێی لە لایەن دەزگایەکی ئاسایشییەوە یان وەزارەتی ناوخۆوە دەرچووبێت و ناوی دەستەی گەورە زانایانی خرابێتەسەر.

ئەو بەڵێن و ئەرکەم کە لەسەری بە خوای گەورە دەگەم، ئەوەیە ئەرکی زانای راستەقینە بریتییە لە چاکەکاریی و ئاشتەوایی و یەکخستنی ریزەکانی ئوممەت، نەك دروستکردنی ناکۆکیی و دووبەرەکیی لە نێوان موسڵمانانداو پەرتەوازەکردنی ریزەکانیان.

ئەرکی زانای راستەقینە ئەوەیە کە دەبێت پیاوی فریاگوزاریی و کوژاندنەوەی ئاگری فیتنە و دووبەرەکیی بێت. نەك لەوانە بێت کە ئاگری دووبەرەکیی هەڵدەگیرسێنن و ببێتە پزیسکی فیتنەگێڕیی.

ئەرکی زانای راستەقینە وەستانەوەیە بەڕووی ئەو پلان و پیلانگێڕییانە کە دژ بە ئوممەتەکەمان دەکرێ، نەك گەڵاڵەکردن و رێخۆشکردن بۆیان و پشتگیریکردن لێیان.

ئەرکی زانای راستەقینە خۆشویستن و لایەنداریییە بۆ موسڵمانان و کەسانی بانگخواز و چاکەکار و چاکساز، هاوکات پەرگیریکردن و خۆبەریکردن لە ملهوڕان و داگیرکاران و خراپەکاران دژ بە بانگەواز و بەوانەی بێڕێزیی دەکەن بەرانبەر بە پێغەمبەری مەزن موحەممەد (ﷺ)، دژ بەوانەی کە قورئان دەدڕێنن و هەر تاوانبارێکی تری هاوشێوەی ئەمانە.

## گوتەیەك لەسەر دەوڵەتە ڕێزدارەکان..

دەوڵەتە حەکیم و داناکان هەوڵدەدەن هاوڵاتیانیان بە هەموو جیاوازییە ئاینییەکانەوە ئاوێتە بەیەك بکەن، تێکەڵاو ببن بەیەك، نەك بێن ڕێگرییان لێبکەن لە مافەکانی خواپەرستیی و پەرستش و پابەندبوونیان بە هێما ئاینییەکانیان یان تایبەتمەندی خۆیانەوە...

جا هەروەك میدیاکان گواستییانەوە ئافرەتێکی نیوزیلەندی بەناوی (زینا عەلی) کە ئەفسەرێکی پۆلیسە، لەم دواییانەدا چووتەناو دەزگای پۆلیسەوەو بووەتە یەکەمین پۆلیس کە بە شێوەیەکی فەرمی لە کارەکەیدا لەو وڵاتەدا پابەند بێت بە باڵاپۆشییەوە.

گوتەبێژێك بەناوی پۆلیسی ئەو وڵاتەوە ڕایگەیاند کە دەزگاکەمان هەوڵدەدات کار و خزمەت بۆ هەمووان بدۆزێتەوە، ئەوەش بەشێوەیەك کە (هەمووان لەخۆبگری)، هاوکات ببێتە مایەی ڕەنگدانەوەی (سیمای فرەجۆری کە لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکانی ئێمەدا بوونی هەیە).

منیش دەڵێم:

١- هەتا پێکهاتەکانی کۆمەڵگا ئاوێتە بەیەکتر ببن، لەگەڵ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی و فرەجۆریی هەریەکەیان، ئەوا دەستەڵات لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی خۆی و کۆمەڵگاکەیدا سەرکەوتووتر دەبێت و بەرەو پێشتر و باڵاتر دەچێت.

٢- ئەو کۆمەڵگایانە کە ترسییان لە باڵاپۆشییە... ئەوانە پارێزراو نابن لە پەرچەکردار.

٣- ئەو کۆمەڵگایانەی دژن بەفرەجۆری، ئەوا بەدڵنیایی پێشناکەون.

٤- ئەو کۆمەڵگایانە کە پێکهاتەکانی ناچاردەکات بە توانەوە ئەوا پارێزراو نابن لە سەرئەنجامە خراپەکانی ئەو کارەیان...

٥- ئەو کۆمەڵگایانە کە هانی کەنارگیریی و دابڕانی توێژێك و ترساندنیان دەدەن با چاوەڕێی ڕوودانی ئەوە بکەن کە لێی دەترسن.

ئێمەش لە بەدواداچوونمان بۆ لەفزەکانی قورئانی پیرۆز، ئەوە

دەبینین کە خوای گەورە گوتاری زاتی خۆی ئاراستە دەکات بۆ:

١- (گشت خەڵکی - الناس-) کە ئەم وشەیە زیاتر لە دووسەد و چل جار لە قورئاندا دووبارە بووەتەوە.

٢- (مرۆڤ -الإنسان-) شەست و پێنج جار لەقورئاندا هاتووە.

٣- (يا أيها الذين آمنوا) هەشتاو حەوت جار هاتووە.

هەموو ئەمەش بەو مەبەستەیە تا بۆ مرۆڤی روونبکاتەوە کە:

١- فرەجۆریی کەلتور و زمان و داب و نەریتەکان هەر هەموویان (کردەی خوای گەورەن).

٢- کردەش بەو مانایەیە کە هەر ئەو (رەسەن و بنەمایە)، ئەم کردەیە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شتێکی دەرەکی کتوپڕ نیە، یان نەخۆشییەك بێت و تووشی هاتبێت.

٣- ئەوەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەسڵ و رەسەنە بریتییە لە فرەیی و فرەجۆریی، هەریەکەش ئاین و رێباز و بەرنامەی خۆیان هەیە...سوپاس بۆ دەوڵەتی نیوزیلەندا کە هەنگاوی حەکیمانەی ناوەو دەنێ...کە بە چەکی دادپەروەریی و فرەجۆریی و سەروەریی یاسا دژ بە توندڕەوییدەچەنگێ.

## با لەبیری مێژوودا بێت
## لە خزمەتی ئیسرائیلدا تا کۆتا سات و کۆتا دڵۆپ

ئـەوەی سـەرۆك ترامـپ بـۆ ئیسـرائیلی کـرد هیـچ یـەك لـە سـەرۆکەکانی پێش خـۆی نەیانکـردووەو پێینەگەیشـتوون، بەڕاسـتی خزمەتـی گـەورەی بـە ئیسـرائیل کـرد، لەوانـە:

١- بـە نـاوی ئەمەریـکا و هێـز و هەژمـوون و ئاواتەکانییـەوە پـڕۆژەی نەتەنیاهـوی جێبەجـێ کـرد، بـەم کارەی بڕیارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و یاسـا نێودەوڵەتییەکانـی پێشـێل کـرد.

٢- قودسـی کـردە پایتەختـی ئیسـرائیل، هەروەهـا دانـی نـا بـە یەهودییەتـی دەوڵەتـی ئیسـرائیلدا.

٣- مافـی دا بـە ئیسـرائیل کـە هەمـوو خاکـی فەلەسـتینی داگیرکـراو بـە کەنـاری خۆرئـاوا و بـە بەرزاییەکانـی جۆلانیشـەوە زەوت بـکات.

٤- پشـتگیریکردن لـە گرێبەسـتی سـەدە ئەویـش بـە کڕینـی مافـی فەلەسـتینییەکان بـە نرخێکـی هـەرزان بەها.

٥- هەسـتا بـە ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانـی ئیسـرائیل لەگـەڵ هەنـدێ لـە دەوڵەتـە عەرەبییـەکان.

٦- ئیـدارەی ترامـپ بـەردەوام و بەوپـەڕی هێـزەوە بەردەوامـە لـە خزمەتکردنـی پـڕۆژەی زایۆنیـزم، ئەویـش لـە دوایەمیـن سـەردانی جـۆرج پۆمپیـدۆی وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکادا دەرکـەوت.

بـەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەڵێین:

عەیبەکـە لـەو فەرمانڕەوا عەرەبانەدایـە کـە دەسـتیان هەڵگـرت لە کێشـە سـەرەکی و لەپێشـترینەکەیان، لـە ئەقصـای پیـرۆز و قـودس و فەلەسـتین، ئەمـەش لـە بەرانبـەر پارێزگاریکـردن لـە کورسـییەکانیان، خـوای گـەورە دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِنْدَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ سورة النساء(١٣٩).

ئێمەش بە باوەڕێکی قووڵ و پتەوەوە دەڵێین:

خوای گەورە لە بەڵێنەکانیدا دەربارەی مزگەوتی ئەقصا و شوێنە پیرۆزەکانی تریشەوە راستی فەرمووە، بەدڵنیاییی کە هەر بەڵێنی خوای گەورە راست و هەقە، بەڵێنەکانی ئەوانیتر هەمووی تراویلکەی خەڵەتێنەرن، کەچی کەسێکی تینوو بە ئاوی دەزانێ، خوای گەورە تاکە یارمەتیدەر و پشت و پەنایە، بەڵێنی زاتی خۆی هەر دەباتەسەر إنشاءالله.

# نامەیەك بۆ کوڕەکەم

هەستە تەسبیحاتی خوای بە بەزەیی بکە، هەستەو قۆڵی مەردایەتی و لێبڕان هەڵماڵە، چونکە خەڵاتەکانی سەرکەوتن نادرێ بە کەسانی تەمبەڵ و بەوانەی چوارمشقیان داوەو بێباکن...

کوڕەکەم: رۆژێکی نوێ دای لە دەرگای ژیانت، شایەتە لەسەر کردەوەت، نەکەی بە تەمبەڵیی خۆت نائومێد بکەیت...بەڵکو بڵێ: وا رۆژمان لێبوویەوە دەستەڵاتیش هەر بۆ خوایەو سوپاسگوزاریی هەر بۆ ئەوە، جگە لە الله هیچ خوایەکیتر بوونی نیە، تەنهایەو بێهاوەڵە، خۆی خاوەن موڵکەو سوپاس هەر ئاراستەی ئەو زاتە دەکرێ، تەنها پەروەردگارە توانای بەسەر هەمووشتێکدا هەیە، پەروەردگارا داوای چاکترین شتی ئەمڕۆت لێدەکەم، لەدوای ئەمڕۆش هەر چاکترینم پێببەخشە، پەنات پێدەگرم بەدوورم بگری لە خراپەی ئەمڕۆ و دوای ئەمڕۆش، پەروەردگارا پەنات پێدەگرم لە تەمبەڵیی و لە عاقیبەت شەڕی، پەروەردگارا پەنات پێدەگرم لە سزای دۆزەخ و لە سزای ناو گۆڕ.

کوڕەکەم: خۆت بگرەوە لەوشتانە دەبنە مایەی ئازاردانی خۆت، نەکەی خۆت سەرقاڵ بکەیت بە شتانی پڕوپوچەوە...لەسەر شیرینی باوەڕ بژی: ((هەرکەس الله بە پەروەردگاری خۆی بزانێ، ئیسلام بە ئاینی خۆی بزانێ، موحەممەد (ﷺ) بە پێغەمبەری خۆی بزانێ، ئەوا تامی شیرینی باوەڕ دەچێژێ)). ئەوەش تەواوی لەزەتبردنی بەندەیە لە پەرستش و لە گوێڕایەڵیی، بەرگەگرتنی زەحمەتەکانە لەپێناو رازیکردنی خوای بالادەست و پێغەمبەرەکەی، ئەمەش بەوە دەستەبەر دەبێ کە فەزڵی ئەوانە بدەیت بەسەر دنیادا. مرۆڤیش بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە بەدەستیان دێنێ:

١- پارێزگاریکردن لە فەرزەکان.

٢- ئەنجامدانی سوننەت و پەرستشەکان.

ئەوەش بەپێی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرمووێ،

خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: ((هیچـکام لـەو شـتانەی کـە بەندەکـەم بەهۆیانـەوە نزیکدەبێتـەوە لێـم بـەڕادەی ئەنجامدانی فـەرزەکان کە فەرزم کـردوون لەسـەری لـەلام خۆشەویسـت نیە، ئـەو بەردەوام سـوننەتەکانیش جێبەجـێ دەکات تـا منیـش خۆشـمبوێ، هەرکاتیـش خۆشمویسـت، بـە من گوێبیسـتی ئـەوە دەبێـت کـە دەیبیسـتێ، بـە مـن بینـەری ئـەوە دەبێـت کـە دەیبینـێ)).

٣- ((سـێ سـیفەت یـان نیشـانە هـەن، لـە هەرکەسـێکدا هەبـن ئـەوا تامـی شـیرینی بـاوەڕ دەچێژێ، خـواو پێغەمبەرەکەیی لای خۆشەویسـتتربن لـە هـەر شـتێکیتر، هـەر مرۆڤێکـی خۆشویسـت لەبـەر خـوای گـەورە خۆشـیبوێ، هـەروەك چـۆن پێیناخۆشـە فڕێبدرێتـە نـاو ئاگـر، بەهەمـان ئاسـت پێیناخۆشـبێت بگەڕێتـەوە سـەر بێباوەڕیـی)).

مـرۆڤ ئـەم شـیرینییە لـە دڵیـدا بـەدی دەکات، بـە دڵـی چێـژی لێدەبینـێ، هـەروەك چـۆن لـەزەت لـە خـواردن و خواردنـەوە دەبـات، ئەوکاتیـش دەبێتـە خۆراکـی رۆح و دڵـی پێکـەوە.

کوڕەکەم: هەستەو راپەڕێ چونکە بەزەیی خوای گەورە نزیکە:

١- چـاك بـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەتداو چاکـەی لەگـەڵ بکـە، هەرجـۆرە خـەم و خەفەتێکـی دڵـی بشـۆ و بسـڕەرەوە...

٢- گوێڕایەڵیـی و پەرستشـەکانت لـە پێکەنینـی منداڵەکانتـدا بـەدی بکـە...

٣- بـا لەبیرتـدا بێـت کـە ئایـن و رقلێبوونـەوە لـە دڵێکـدا پێکەوەکۆنابنـەوە...

٤- رازیبە بەو بەشە خوای گەورە پێی بەخشیوی.

٥- هـەر ئـەم ساتە دەستبکە بـە وەبیرهێنانـەوەی نیعمەتەکانی خـوا لەسـەرت، چونکـە ئـەوە دەتحەوێنێتـەوە...

کوڕەکـەم: لەبیـرت بێـت کـە تەمـەن سـنوردارە، زیکـری خـوای گـەورەو کـردەوەی چـاك تەمەنـت درێـژ دەکـەن.

ئەبـو هورەیـرە (خـوا لێـی رازی بێـت) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)

فەرمووی: ((هەرکات ئادەمیزاد مرد ئیتر کردەوەکانی دەپچڕێن لێی و تەواو دەبن، مەگەر لە سێ شتدا نەبێت کە بەردەوام بەدوایەوەن: خێرو چاکەیەکی بەردەوامی هەبێ، یان زانستێکی هەبووبێ خەڵکی سودی لێببینن، یان منداڵێکی چاکەکاریی هەبێت دوعای خێری بۆ بکات)) موسلیم ریوایەتی کردووە.

**کوڕەکەم: لەبیرت بێت کە تەمەن سنورداره، زیکری خوای گەورەو کردەوەی چاك تەمەنت درێژ دەکەن**

کوڕەکەم: لەڕاستیدا تۆ بریتیت لە کردەوە و لە مێژووی یادەوەریی، ئەوە بزانە کە کردەوەی ناباش هیچ بەهایەکی نیە، یادەوەری مەزنیش بەبێ ژینامەیەکی چاك بێسودە...

دەی کەواتە کەسێکی تێگەیشتووی چاك و چاکەکاربە، ژینامەت وەك چاکەخوازێ بنوسەرەوە.

لەگەڵ کەسانیتر بەشداربە لەم گوتانەدا، تۆش بەم پەیامی ئەی کوڕەکەم لە پەیامەکانی قەرەداغی بۆ لاوان منت لەبیربێت و دوعای خێرم بۆ بکە.

## ئێوەش بڵێن ئامین...

﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللهِ إِنَّ اللهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ سورة غافر(٤٤). واتە: خۆم و هەموو کارو فەرمان و کێشەیەکم دەسپێرم بە خوای گەورە، بەدڵنیایی خوای گەورە ئاگادارە بە حاڵی بەندەکانی. یەقینی تەواوم هەیە بەو بەڵێنە کە بە گوفتارت: ﴿فَوَقَاهُ اللهُ سَيِّئَاتِ مَا مَكَرُوا﴾ سورة غافر(٤٥). بەڵێنتداوە. واتە: خوای گەورە پاراستی لەو فێڵ و پلانە خراپانە کە گێڕایان لەدژی.

ئەی پەروەردگار.. ئەی خوای گەورە، ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە کەخێر و چاکە تەنها لەوەدایە کە زاتی خۆت بۆت هەڵبژاردووین. ئێمەش، ئەی خوای مەزن، خوای بە بەزەیی، جڵەوی هەموو کاروبارێکی خۆمان بە تۆ سپاردووە، دە تۆش ئەی پەروەردگارمان بمانپارێزە لەهەر ڕووداوێکی خراپ بەرلەوە ڕووبدات.

پەروەردگارمان، بمانکەرە موحتاجترینی خەڵکانی خۆت بە زاتی خۆت، بێنیازمان بکە لە غەیری زاتی خۆت، ئەی خاوەن بەزەیی، بمانکەرە ملکەچترین و زەلیلترینی خەڵکی لە خزمەتتدا، ئەی خاوەن هێز و توانای بێسنور، لەبەر دەرگای ڕەحمەتی خۆتدا بمانکەرە سەربەرزترینی بەندەکانت لای ئەوانیتر. پەروەردگارم...ئێمە بە دەم زیکرەوە ڕۆژمان لێبووەتەوە، سوپاسگوزاری زاتی تۆین، سوپا و ستایش بۆ تۆ تا ئەوکاتەی لێمان ڕازی دەبیت، ئەگەر ڕازیبوویت ئەوا سوپاسگوزاریش دوای ڕازیبوونیشت هەر شایەنی تۆیە...

ئەی خوای مەزن، ئەو ماوەیەی لە تەمەنمان ماوە بەخێر بۆمان بگێڕی، چاکتر بێت لەو تەمەنمان کە تێپەڕیوە، ڕزق و ڕۆزی فراوانمان پێببەخشە، باشترین تەندروستیمان پێببەخشە، چاکترین منداڵ و نەوەمان پێببەخشە، ئێمەو دایبابمان و ئەوانەش خۆشماندەوێن بخەرە بەهەشتی فیردەوسی باڵا، لەخزمەت خۆشەویستمان پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ)دا حەشرمان بکە. درودو صەڵەوات لەسەر سەرورمان موحەممەدو خانەوادەو تەواوی هاوەڵانی...

بەو هیوایەین هەموو کاتمان و کاتی ئێوەش لە گوێڕایەڵی خوای بە بەزەییدا بێت، لە خێر و خۆشی و لە سایەی ڕەزامەندی پەروەردگاردا ببەینەسەر... اللهم امین.

## کۆمەڵە نیشانەیەکی بۆماوەیی هاوبەش لە نێوان هەموو ستەمکاراندا

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿أَتَوَاصَوْا بِهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ طَاغُونَ﴾ ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەموو ملهوڕان - لە کۆن و نوێدا، لە جیهانی عەرەبیی، یان خۆرئاوایی، یان خۆرهەڵاتیدا- لە خوو و نیشانەکانی ملهوڕیی و ستەمکارییدا هاوبەشن، هاوبەشن لە پیرۆزکردنی خود و سوکایەتیکردن بە گەل، هەروەها لە پێشخستنی بەرژەوەندییە تایبەتی خۆیان بەسەر بەرژەوەندی گەلان و بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا، هەروەها هاوبەشن لەسەر خۆکۆیلەکردن بۆ کەسانی خاوەن هێز و نەفام و نەزانەکان، هاوکات خۆسازدان و سڵنەکردنەوە بۆ ئەنجامدانی هەر شتێکی ناباش لەپێناو مانەوەی خۆیاندا، ئیتر ئەو مانەوەیە لە رێگای خۆ زەلیلکردن بێت بۆ ئەوانیتر، یان پێدانی ماڵ و سامان بێت پێیان، تەنانەت ناموسیش، یان لە رێگای بەکارهێنانی هێز و سەرکوتکردن و کوشتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی گەلانیانەوە بێت، هاوکات لەناوبردنی هەر هێزێك کە دژ بە دەستەڵات و فەرمانڕەوایەتییان دەوستێ. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو ملهوڕانە لە کاتێکدا کە دێن شێوازی کوشتن و سەرکوتکردنی گەلانی بێدەستەڵات و ژێردەستەیان دەکەنە هۆکاری مانەوەی خۆیان، لە هەمانکاتدا دێن خۆیان دەبنە زەلیل و خۆیان سوك و ریسوا دەکەن بۆ ئەوانەی کە لەسەرروویانەوەن و کاریگەریان هەیە لەسەر هێز و توانا ماددییەکانیان..

لە سەروبەندی ئەوەی لە ئێستادا لە ئەمەریکا روودەدات کە ناودەبرێ بە وڵاتی دامەزراوەکان و دیموکراسی و بەچاوی خۆمان دەیبینین کە ترامپ چی بەسەردا هێنا لێرەدا؟!ئەم ئایەتە پیرۆزەم بیرکەوتەوە.

هەر لەبەر ئەمەیە کە پەروەردەی ئیسلامیی لەسەر دروستکردنی بەندە دڵسۆزەکان بەرپا دەبێت، لەسەر بەندە خاکی و خۆ بەکەمزانەکان، لەسەر ئەوانە کە ملکەچی پەروەردگاری جیهانیانن، لەسەر ئەوانە کە گەردنکەچن بۆ راستیی ئیتر لە هەرکوێوە بێت..

## پەیامێك بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی..
## رەگەزپەرستیی و جیاكاریی نەژادیی مەترسییەكی گەورەن لەسەر مرۆڤایەتی

رەگەزپەرستیی و جیاكاریی نەژادیی مەترسییەكی گەورەن لەسەر مرۆڤایەتی، هۆی ململانێ و ئاشوبەو ئاڵۆزییەكانن، بەدرێژایی مێژوو هۆكاری زەلیلكردنی مرۆڤ بوون، ئاینە ئاسمانییەكان و یاسا نێودەوڵەتییەكان قەدەغەیان كردوون، ئیسلامیش بە مەبەستی قەدەغەكردنی و دەستەبەركردنی یەكسانیی مرۆیی تا ئەوپەڕی گرنگی پێداوە، لەبەرئەوە بانگهێشتی سەرجەم خەڵكی دەكەم بۆ یەكگرتن و رێكەوتن، با هەموو هەوڵەكان بخرێنەگەڕ بۆ قەڵاچۆكردنی رەگەزپەرستیی و جیاكاریی رەگەزیی لەژێر هەر ناو و هەر پەردەیەكدا بێت.

ئەمەی وتمان پوختەی جووڵەی مێژووی ململانێكان و زۆربەی هەرە زۆری جەنگەكانە كە تەڕ و وشكیان پێكەوە سوتاندووە، بوونەتە هۆی نەگبەتی و دەردیسەری بۆ مرۆڤ، بوونەتە مایەی زەلیلكردن و كۆیلەكردنی، تەنانەت بۆ زەلیلكردن و ژێردەستەخستنی گەلان و بە كۆیلەكردنیان، چونكە هۆكارەكانی وان لەو رەگەزپەرستیەدا، وان لە هەژموونی نەژادێك بەسەر ئەوانیتردا، تەنانەت كۆڵۆنیالیزمی نوێ كە وڵاتانی داگیركردووەو خەڵكەكەیانی ژێردەستە خستووە بەرهەمی سروشتی ئەو رەگەزپەرستییەن.

رەگەزی سپی (بۆ نمونە) خۆی بەوە دەزانێ كە شایستەترینە بۆ دەستەبەركردنی ژیار و پێشكەوتن، تەنانەت یەكێكیان وتوویەتی: ئێمە ئەم وڵاتانە بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانەكەیان داگیر دەكەین.

بە داخ و كەسەرێكی زۆرەوە كە ئەو رەگەزپەرستییە جارێكیتر بە هەموو هێزییەوە بە بیانووی دژایەتیكردنی بڵاوبوونەوەی ئیسلام، (ئیسلامۆ فۆبیا) سەریهەڵدایەوە، گوایا موسڵمانان تیرۆریستن یان

خۆیان جیادەکەنەوەو ئازادییەکانیان پێ قوبوڵ نیە، هەربۆیە دەبێت وڵات پاکبکرێتەوە لێیان.

بەڵام ئێمە هاتین هۆشداریمان بە خۆرئاوادا کە رەگەزپەرست نەبن، هەروەها دووربن لە جێکەوتەکانی، نەك تەنها دژ بە موسڵمانان بەڵکو دژ بە سەرجەم مرۆڤایەتیی، چونکە لەڕاستیدا خۆرئاوا جگە لە هەژموونی نەژادێکی دیاری لە گەلێکی بەهێزدا کەسیتری پەسەند نیە، مەعلوم کە بەرئەنجامی بلاوبوونەوەی ئەو شەڕو شۆڕە ئەگەر بێتو لە شوێنی خۆیدا لەگۆڕ نەنرێ کارەساتی زۆر گەورەتر دەخولقێنێت، هەر ئەو رەگەزپەرستییە بوو کە دوو جەنگی جیهانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەرپاکرد، بوونە هۆی ئەو هەموو کارەسات و مەینەتییانە کە لە کەس شاراوە نیە، ئەوەش بەهۆی: رەگەزپەرستیی و جیاکاریی رەگەزییەوە.

حەز و هەڵپەی دەست بەسەرداگرتنی جیهان و بەسەر دەرامەت و خێرو بێریدا.

حەزی هەژموونی رەها لەناو نەژادی سپیی پێستدا لە ئەوروپا کە بە هەموو نەتەوەکانیەوە بەشداریان کرد لە داگیرکردنی زۆربەی گەلانی تردا، دواتریش گەڕانەوە بۆ ناو خۆیان و بەربوونە گیانی یەکتری، بەو هۆیەوە کە لەناو خودی ئەوروپادا هەندێکیان هەوڵدەدەن هەژموون بەسەر ئەوانیتردا پەیدا بکەن، لە دووەمین جەنگی جیهانیدا ئەوە بینرا.

لە ئەمڕۆشدا مەترسی جێکەوتەی وروژاندنی ئەو رەگەزپەرستییە لە ئەمەریکا دەبینین، وڵاتێك کە دامەزراوەکانی دیموکراسی جێگیربوون تیایدا بۆ زیاتر لە دوو سەد ساڵ، کەچی وێڕای ئەوە وا ئەمڕۆ خەریکە زۆربەی ئەو دامەزراوانە بەهۆی زیندووکردنەوەی رەوتی رەگەزپەرستیی و جیاکاریی نەژادییەوە و وروژاندنیان لە دەست بچن، کە ئەگەر بهاتایە پلانی راستڕەوە توندڕەوەکان بۆ کوشتنی جێگری سەرۆك، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران سەریبگرتایە ئەوا دەبووە هۆی

بەرپابوونی شەڕێکی ناوخۆیی کە تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتاند.

راستگۆیانە دەڵێین کە دروشمی جیاکاریی نەژادی تایبەت نیە تەنها بە سپی پێستەوە، بەڵکو گشتگیرەو هەموو مرۆڤێك، یان گەلێك یان نەژادێك دەگرێتەوە کە خۆی بەوە دازانێ لە رووی نەژاد و هیتریشەوە باشترە لە رەگەزەکەی تر، ئەوەتا ئێمە لە ئەمرۆدا مەینەتی و کارەساتی گەلی رۆهینگی دەبینین کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رەوتی نەژادی هیندۆسی توندڕەو، هەروەها ئەوەی رژێمی هیندۆسی توندڕەو دەیکات کە یاسا دادەڕێژێ بۆ دەرکردنی دەیان ملیۆن موسڵمانی هیندی، کە ئەمەش پراکتیزەکردنێکی مەترسیدارە لەلایەن ئەو رەوتە رەگەزپەرستییە مەترسیدارەوە، تەنانەت هەبوونی حاڵەتی هاوشێوەش کە لە دەوڵەتانی تردا روودەدەن.

لەبەرئەوە ئیسلام چواردە سەدە لەمەوبەر جەنگێکی دژ بەو رەوتە رەگەزپەرستیی و جیاکارییە نەژادییە، دژ بەو دەمارگیرییە نەفامانەیە راگەیاندووە، ئەمەش بە ئاستێکە کە پێغەمبەر (ﷺ) رەتیکردووەتەوە کەسێك کە بانگەشە بۆ دەمارگیریی بکات بە ئوممەتی خۆیی بزانێت، دەفەرمووێ: ((هەرکەس بانگەشە بۆ دەمارگیریی بکات لە ئێمە نیە، هەرکەس لەپێناو دەمارگیریدا بجەنگێ لە

**راستگۆیانە دەڵێین کە دروشمی جیاکاریی نەژادی تایبەت نیە تەنها بە سپی پێستەوە، بەڵکو گشتگیرەو هەموو مرۆڤێك، یان گەلێك یان نەژادێك دەگرێتەوە کە خۆی بەوە دازانێ لە رووی نەژاد و هیتریشەوە باشترە لە رەگەزەکەی تر**

ئێمە نیە، هەرکەس لەسەر دەمارگیریی بمرێ لە ئێمە نیە)) ئەبو داود بە سەندێکی باش بە ژمارە (٥١٢١)، سیوگیش لە الجامع الصغیر دا راستاندنی بۆ کردووە بە ژمارە (٧٦٦٥). لە ریوایەتێکی راست و دروستی تریشدا هاتووە دەفەرمووێ: ((هەرکەس لەژێر پەرچەمێکی کوێرانەدا بجەنگێ کە بانگەشە بۆ دەمارگیریی بکات، یان پشتگیریی لە دەمارگیریی بکات و بکوژرێ ئەوا مردنەکەی مردنێککی نەفامانەیە)) موسلیم لە صەحیحەکەیدا بە ژمارە (١٨٥٠) دەیگێڕێتەوە.

لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز لە سەدان ئایەتدا جەختدەکات لەسەر یەکسانیی لە نێوان تەواوی مرۆڤەکاندا، لەپێناو ئەوەشدا کۆمەڵێ بنەمای گومانبڕ و یەکلاکەرەوەی جێگیرکردووە وەك:

١- بنەمای یەك نەژادی، کە هەمووان لە گەورەمان ئادەم و حەوان.

٢- ئادەمیش لە خاکە.

٣- هەموو مرۆڤەکان یەك بەدیهێنەر بەدیهێناون و بۆ یەك پەروەردگار بەدیهاتوون.

کەواتە چۆن دەبێت نەتەوەیەك یان هۆزێك بە رەنگی یان بە نەژادی یان بە رەگەزی فەزڵی بەسەر ئەوێکیتردا هەبێت؟

لێرەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) لە ژمارەیەك فەرموودەی زۆردا جەختدەکات کە:

١- هیچ کەسێکی عەرەب چاکتر نیە لە کەسێکی غەیرە عەرەب، هیچ کەسێکی غەیرە عەرەبێکیش چاکتر نیە لە کەسێکی عەرەب، سپی پێست چاکتر نیە لە رەشپێست، رەش پێستیش چاکتر نیە لە سپی پێست...خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ سورة الحجرات(١٣).

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿ولقد كرمنا بني آدم﴾ سورة الإسراء(٧٠).

نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەو بەڵێننامانەیدا کە تایبەتن بە

مافەکانی مرۆڤەوە جەخت لەسەر یەکسانیی دەکات، کە نابێت بەهۆی ڕەنگ یان ڕەگەزەوە جیاوازی بخرێ لە نێوان مرۆڤەکاندا.

لەبەرئەوە، وە لەبەردەم ئەو مەترسیانەدا کە بەهۆی دەرکەوتنی ڕەوتی ڕەگەزپەرستییەوە لە دەوڵەتە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکاندا کەوتوونەتەڕوو..

ئەم پەیامە ئاراستەی سەرجەم مرۆڤایەتی دەکەم، هەروەها ئاراستەی تەواوی زانایان و بیرمەندان و سیاسەتمەداران و هەموو پەیڕەوانی ئاینەکان و هیتریش دەکەم، هەروەها ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و یاسایی و هەرێمییەکان دەکەم، کە:

بە یەك ریز بوەستن لەدژی ڕەگەزپەرستیی و جیاکاری نەژادی، ئیتر لە هەرکەس یان هەر نەتەوەو یان هەر گەلێکەوە بێت، هەستن بە زیندەبەچاڵکردن و تاوانبارکردنی، هەستن بە هەڵمەتێکی جیهانیی لەدژی، با ئەم دروشمە بەرزبکرێتەوە:

ڕەگەزپەرستیی و جیاکاریی نەژادی مەترسیە لەسەر مرۆڤایەتی و بەها ڕەوشتییەکان وێران دەکات، جەنگێکی دڕندەیە دژ بە ئاینە ڕاستەکان، دژ بە ژیار و پێشکەوتن، تۆقاندنێکی مەترسیدارە بۆ هەموو کۆمەڵگاکان، فیتنەیەکی وێرانکەرە بۆ پێکەوژیانی ئاشتییانە، گەورەترین ئاستەنگە بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانی، مەترسییە لەسەر بەختەوەریی مرۆڤایەتی.

دەبا هەموو توانا هزری و زانستی و میدیایی بخەینەگەڕ بۆ هۆشیارکردنەوە بەرانبەر مەترسی ئەم فیتنەیە لەسەر ئاستی تەواوی مرۆڤایەتی، با لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ بکرێتە بەرنامەی خوێندن، با ببێتە قسەوباس و ماددەی گوتاربێژان و زانایان لە هەموو ئاینەکاندا، تا ئەم فیتنەیە لەناو ببەین و ئاسەوارە مەترسیدارەکانی لە گۆڕ بنێیین.

# وەڵامێك بۆ ئەسقف ئیرۆنیمۆس سەرۆکی ئەسقوفەکانی یۆنان

ماوەیەکی زۆرە داوادەکەم کە پێویستە ژیرمەندان لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و توێژە هزرییەکان بە یەکبگەن، ڕێکبکەون لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ کە لە ئەمڕۆدا لەپێشترینی مەسەلە هەنووکەییە گرنگەکانن، ئەوانیش ئەمانەن:

١- قەدەغەکردن و تاوانبارکردنی هێرشکردنە سەر هەموو خەڵکانی بێ زیان و ئاشتیخواز لە هەموو ئاینەکاندا.

٢- وەستان بە تەنیشت خەڵکانی ستەملێکراوەوە، سەرخستن و پشتگیریکردن لە هەموو دۆزە ڕەواو دادگەرییەکان..

٣- ڕەتکردنەوەی ڕەفتاری ستەمکاران ئیتر سەربە هەر ئاینێك بن.

٤- پشتگیری پرسی ئازادیخوازی خەڵکی و مافەکانی مرۆڤ.

٥- پشگیریکردن لە ئاشتەوایی خانەوادەیی و کۆمەڵگایی.

٦- ڕەتکردنەوەی توندڕەویی لەژێر هەر دروشم و ئاڵایەکدا بێت...

بەڵام لەڕاستیدا ئەو لێدوانەی ئیرۆنیمۆس، گوتەبێژ بەناوی سەرۆکی ئەسقوفەکانی یۆنان تووشی شۆکی کردم، ئەوەبوو لە کەناڵی (ئۆپن تی ڤی- OPEN TV) یەوە دەربارەی جەنگی سەربەخۆیی یۆنان، وتی: ((ئیسلام ئاین نیە)). (موسڵمانانیش هەمیشە لایەنی شەڕ دەگرن)). هەروەها وتی: (ئیسلام.. ئاین نیە، بەڵکو حزبێکی سیاسییە، داخوازی سیاسی هەیە)). هەروەها وتی: لەڕاستیدا شوێنکەوتووانی ئیسلام (خەڵکانی شەڕانین، خەڵکانی فراوانخوازن، ئەمە تایبەتمەندی ئیسلامە، ڕێنماییەکانی موحەممەدیش هەر داوای ئەمە دەکەن)، ئەمە بەپێی گوتەی ئەو.

منیش دەڵێم:

١- لێدوانی سەرۆکی ئەسقوفەکانی یۆنان ئیرۆنیمۆس، دەربارەی ئیسلام و موسڵمانان، بەڵگەیە لەسەر هەبوونی تارمایی خراپەوتن

و بەکـەم و سـوك سـەیرکردن لەلایـەن کەسـێکەوە کـە دەبـوا ئـەو پێشـەنگێك بوایە بـۆ بەرقەرارکردنـی ئاشـتی، کەچـی دێت ئاگـری فیتنـە لـە نێـوان پەیڕەوانـی ئاینەکانـدا هەڵدەگیرسـێنێ.

٢- ئـەم لێدوانە تاوانێکـی گەورەیە و نابێـت ئـەو گوتانەی کـە هاتوون تیایدا بێدەنگـی لێبکرێ.

٣- مەترسـی ئـەم لێدوانـە نەفامانەیـە لەوەدایـە کـە خەڵکانـێ هەڵدەنـێ بـۆ خوێنڕشـتن و توندوتیژیـی و کاری تیرۆریسـتی، کاردەکات لەسـەر نانـەوەو و بڵاوکردنـەوەی فیتنـە، هاوکات فووودەکات بـە ناکۆکیـی و جیاوازییـەکان و زیندوویـان دەکاتـەوە، کـە لەسـەر سـاختەکاریی و هەڵگێڕانـەوەی راسـتییەکان بونیاتنـراوە..

مـن هەسـت بـە ئێـش و ئازارێکـی زۆر دەکـەم، ترسـم هەیـە لەسـەر سـەرجەم مرۆڤایەتـی، کاتێـك دەبینـم کەسـێك بێـت سـنگ دەرپەڕێنـێ گوایـا رابەرایەتـی ئاینێـك هـەر ئاینێـك بـکات و حـەزی لـە سـتەمکردن و خوێنڕشـتن و نەزانیـی بێـت، کـە ئـەم سـێ دەردە سێگۆشـەی شـومی لەناوچوونـی گەلانـن...

زۆر بـە توندی ناڕەزایەتـی دەردەبڕم لـە دژی ئـەم لێدوانـە هەڵەشـەو بێمانـاو گاڵتەجاڕییـە، لێـرەوە داوا لـە سـەرۆکی ئەسـقوفەکانی یۆنـان دەکـەم ئـەم دوو مەسـەلەیە پەیـڕەو بـکات:

١- بـە راشـکاوی و بـێ پێـچ و پەنـا و بـە شـێوەیەکی راسـت و دروسـت داوای لێبـوردن لـە موسـڵمانان بـکات.

٢- خـۆی بێـت شارەزا ببێـت بـە ئیسلام، منیـش ئامادەم شـارەزای بکەم بـە ئیسـلام و ماناکانـی ئاینـی ئیسـلام و مێـژوو و گیانـی لێبوردەیـی فێربکـەم.

لـە کۆتاییـدا، هەرگیـز بـە هیـچ جـۆر بێزێیمـان بەرانبـەر بـە هـەر ئاینێـك قوبـوڵ نیـە، ناشـتوانرێ گشـتاندن بکـرێ بـۆ ئـەو قسـانەی سـەرۆکی ئەسـقوفەکانی یۆنان و بدرێن بەسـەر هەموو پیاوانـی ئاینـی مەسـیحی دا، چونکـە ژیرمەنـدان هـەن کە ئـەم توندڕەوییـە رەتدەکەنەوە،

هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئارامیی و سەقامگیریی، ڕەواج دەدەن بە بەها ئاینییەکان لە خۆشەویستی و خێر و چاکەو جوانیی...

ئەی گەورەی ئەسقوفەکان، فێرببە بەرلەوە بێیتە گۆ، بۆئەوەی ستەم نەکەیت و پەشیمان نەبیتەوە...

ئەی گەورەی ئەسقوفەکان، بۆ تۆ جوان نیە ببیتە پشکۆیەك لە پشکۆ ئاگرینەکانی فیتنەگێڕیی..

ئەی گەورەی ئەسقوفەکان، ئەوە تەنها کەسە بچوکەکانن گاڵتەجاڕی دەکەن و بێباکن لە سەرئەنجامی ئاژاوەنانەوە...

ئەی گەورە ئەسقوفەکان، (وازبێنە لە خراپەکاریی، چاکە بکە، داوای ئاشتی و سەلامەتی بکە، هەوڵی بۆ بدەو بەدەستیبێنە) (سفر المزامير ٣٤: ١٤) ئەمەش ئەرکی سەرشانتە.

**ئەی گەورەی ئەسقوفەکان، ئەوە تەنها کەسە بچوکەکانن گاڵتەجاڕی دەکەن و بێباکن لە سەرئەنجامی ئاژاوەنانەوە**

## فەرەنسا و موسڵمانان...

داوا لە حکومەتی فەرەنسا دەکەم دەستهەڵبگرێ لە دەستوەردانە تایبەتمەندیی ئیسلام و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا بە هەمانشێوە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاینەکانی تردا دەکات.

مەعلومە کە ئیسلام داوا لە هەموو شوێنکەوتووانی دەکات پابەندبن بەو گرێبەست و بەڵێننامانەوە کە پابەندن پێیانەوە، ئیسلام بەپەرۆشترین و خەمخۆرترینی ئاینەکانە لەسەر دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بە مەرجێ بنەما نەگۆڕەکانی پارێزراوبن، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ سورة البقرة (٢٠٨)، کاتێ ئیسلام فەرمانڕەوایی زۆربەی وڵاتانی جیهانی کردووە، ئاینی خۆی بە زەبری هێز یان بە شمشێر نەسەپاندووە بەسەر هیچ کەسێکدا، لای کەس شاراوە نیە کە یەکەمین دەستور لە جیهاندا مافی غەیرە موسڵمانانی جێگیر و دەستەبەر کردووە هی موسڵمانانە، ئەویش لە پەیماننامەی مەدینەدا کە (٢٧) ماددەی تایبەتکردووە بە مافی جووەکان و بتپەرستانی شاری مەدینە.

زیاد لەوەش ئیسلام پارێزگاری کردووە لە مافی هەموو غەیرە موسڵمانەکان و لە سەروەت و سامانیان، تەنانەت لەو شتانەش کە لە دیدی ئیسلامەوە شتانی حەرام و قەدەغەکراون، ڕێگاینەداوە دەستدرێژی بکرێتە سەریان.

دڵسۆزانە داوا لە سەرۆکی فەرەنسا دەکەم لە کاتێکدا کە زۆبەی کاتی تەرخانکردووە بۆ هەڵکوتانە سەر ئیسلام و دەستوەردانە تایبەتمەندییەکانی و سەغڵەتکردنی موسڵمانان، داوای لێدەکەین پابەند بێت بە مافەکانی مرۆڤ و بە ئازادییەکانی مرۆڤەوە، ئەوانەی کە تەنانەت بەهاکانی کۆماریی گەرەنتی پاراستنیانی داوە، داوا دەکەین پاشگەزبێتەوە لەو هەنگاوانەی کە دەبنە هۆی زیاتر پەرتکردن و لەتکردن و دروستکردنی درز لە نێوان گەلی فەرەنسادا، شتێکی روونە ئەو هەنگاوانە هیچ خزمەت بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەو بە کەرامەتی مرۆڤ ناکەن.

> **هەمـووان بـاش دەزانـن موسـڵمانانی فەرەنسا بەشێکی گرنگن لەپێکهاتەی کۆمەڵـگای فەرەنسـا، لەبـواری هەمـوو چالاکییـە جـۆراو جۆرەکانـدا**

هەمـووان بـاش دەزانـن کـە موسـڵمانانی فەرەنسا بەشێکی گرنـگن لە پێکهاتـەی کۆمەڵگای فەرەنسـا، لـە بـواری هەمـوو چالاکییـە جـۆراو جۆرەکانـدا، ڕۆڵی بەرچاوی خۆیانیان هەیە لە خزمەتکـردن بـە دەوڵـەت و گـەلـی فەرەنسا.

داوا لـە ڕێکخـراوی هاریکاریـی ئیسـلامی و لـە دەوڵەتـە ئیسـلامییەکان و ڕێکخـراوە یاسـایی و مافپارێـزە نێودەوڵەتییـەکان دەکەیـن، داوا لـە حکومەتـی فەرەنسا بکـەن ڕێـز لـە تایبەتمەندیـی ئیسـلام و لـە مافـی موسـڵمانان بگـرن، ئـەوەش لـە سـایەی تێکەڵاویـی و ئاوێتەبوونـی ئەرێنیـدا کـە لەلایـەن هەمووڵایەکـەوە ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە.

لە کۆتاییدا داوا لە موسـڵمانانی فەرەنسـاو رابەران و سـەنتەرەکانیان دەکەین یـەك هەڵوێسـت و یـەك گوفتاربـن لـە نێـوان خۆیانـدا، ئـەوەش بـە مەبەسـتی پارێزگاریکـردن لـە بنەما نەگۆڕەکانیـان و بەرگریکـردن لـە مافەکانیـان لـە ڕێگای ڕێـکاری یاسـاییەوە و هاوکاریکـردن لەگـەڵ ڕێکخـراوە یاسـاییە خۆماڵییـەکان، هەروەها لەگـەڵ هـەر کەسـێکیتردا کـە لەگـەڵ هـەق و دادپەروەرییدایـە.

بەهەمانشـێوە داوایان لێدەکەیـن بەردەوامبـن لـە پابەندبـوون و دەسـتگرتن بـە بەهاکانـی تێکەڵاویـی و ئاوێتەبوونـی ئەرێنـی لەگـەڵ تـەواوی هاووڵاتیانـی فەرەنسـادا، بـۆ پێکـەوەژیانـی ئاشـتییانە، بـۆ ڕێزگرتـن لە مافی ئەوانیتـر، بۆئەوەی چاکـەو ئاشـتەوایی و ئارامیـی و ئاشـتی باڵبکێشـێ بەسـەر هەمووانـدا، تـا هەرکـەس و لایەنێـك بەرپرسـانە سـودمەندبێت لە ئازادییـەکان لـە چوارچێـوەی کۆمەڵگایەکـی خەمخـۆر بەیەکتـر و ئـەمیـن و ئارامـدا.

## نامەیەك بۆ سەرۆكی نوێی ئەمەریكا
## بەڕێز جەنابی سەرۆك (جۆ بایدن Joe Biden) سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا

**سلاوێكی گەرم، پاشان...**

خۆشحاڵم پیرۆزباییتان لێبكەم كە متمانەی گەلی ئەمەریكاتان بەدەستهێنا، هەروەها لەسەر ئەو گوتارەت كە كۆمەڵێ پرەنسیپی گرنگی لەخۆگرتبوو، وەك رەتكردنەوەی رەگەزپەرستیی و جیاكاری نەژادیی، ئومێدەوارم سەركەوتوو بیت لە گێڕانەوەی بەها رەوشتیی و مرۆییەكان بۆ پەیوەندییەكانی نێوان وڵاتان و گەلان.

جەنابی سەرۆك: من - وەك زانایەك لە زانایانی موسڵمان- بە ئەركی سەرشانی خۆمی دەزانم ئەو فەرموودە پیرۆزە كە بەڕێزتان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنتدا دەربارەی میكانیزمی گۆڕینی خراپەكاریی وەك بەڵگەیەك هێناتانەوە، بیری بەڕێزتانی بخەمەوە، لەبەرئەوە داوا لە جەنابتان دەكەم ئەمانەی خوارەوە بە هەند بگیرێن:

١- هەموو هەوڵ و توانایەك بخرێتەگەڕ و پشك و بەشداری گەورەتان هەبێت لە

> **ئەركی سەرشانی سیاسییەكانو زانایانی ئاینی ئەوەیە كۆشش بكەن بۆ نەهێشتنی ستەم، بۆ دەستەبەركردنی ئازادییو خۆشگوزەرانی بۆ هەموو نەدارانو چەوساوەكان**

نەهێشتنی ستەم لەسەر مرۆڤایەتی، بۆ دەستەبەرکردنی دادگەریی و ئازادیی و ڕێز و کەرامەت و مافەکانی مرۆڤ.

چونکە ئەرکی سەرشانی سیاسییەکان و زانایانی ئاینی ئەوەیە کۆشش بکەن بۆ نەهێشتنی ستەم، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو نەداران و چەوساوەکان، ئەوەش وەك ئەرکێك بۆ گۆڕینی خراپە کە هەموو پەیامە ئاسمانییەکان لەو پێناوەدا هاتوون، چـــونکە ئێمەی مرۆڤ لە ئەمڕۆدا زۆر پێویستمان بە هاوپەیمانییەکی مرۆیی هاوشێوەی (پەیمانی فوزول) هەیە کە پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) بەشداریکردووە تیایدا.

٢- بە هاناوەچوونی نەخۆشە هەژارەکان -بەهۆی بەلای کۆرۆنا و هیتریشەوە-، فەرامۆش نەکردن و پشتگوێ نەخستنیان لەوەی بڕۆن بەرەو چارەنووسی سەختیان، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەمووانە پێکوتەو دەرمانی  پێویست بەبێ جیاوازی بۆ هەمووان فەراهەم بکرێ، چونکە لە ئینجیلی متی ٢٥: (٣٥: ٤٠) دا هاتووە دەڵێ: ئەوانەی بەزەییان بە هەژاران و نەخۆشان و نەدارانـدا دێتەوە، لە واقیعدا خزمەت بەو دەکەن -واتە بە پەروەردگار-، (لە سیفری أمثال ٢١: ١٣)ش هاتووە دەڵێ: هەرکەس گوێکانی لە ئاست قیژەو ئاهوناڵەی هەژاران دابخات ئەوا ئەویش دەکەوێتە ئاهوناڵەوەو کەس نایەت بەدەمیەوە) -واتە لەلایەن خوای گەورەوە وەڵامی نادرێتەوە-.

ئیسلامیش جەختدەکات لەسەر هاوکاریی و دەستەبەرکردنی بژێوی یەکتری، لەسەر ڕەچاوکردنی مافی هەژاران و نەداران، ئەوەش لە دەیان ئایەت و فەرمووددا هاتووە، ئەمەش بە ئاستێکە کە هەمووان بەرپرس دەبن ئەگەر بێتو هەژارێك بەهۆی برسێتی لە وڵاتێکدا بمرێ، لە سورەتی (الأنسان ئایەتەکانی: ٨-١٢) دەفەرموون: ﴿وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينا وَيَتِيما وَأَسِيرًا

﴿إِنَّمَا نُطعِمُكُم لِوَجه ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُم جَزَاء وَلَا شُكُورًا ، إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَومًا عَبُوسا قَمطرِيرا ، فَوَقَاهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَلِكَ اليوم وَلَقَّاهُم نَضرة وَسُرُورا ، وَجَزَهُم بِمَا صَبَرُواْ جَنَّة وَحَرِيرا﴾. ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەوانەی کەچاکە دەکەن لەگەڵ هەژاران و بێباوکان و لانەوازان ئەوا خوای گەورە دەیانپارێزێت، بەرەکەت دەخاتە کاریان و دەیانخاتە بەهەشت.

٣- لەلایەن هەموولایەکەوە هەوڵی جیددی بدرێ بۆ نەهێشتنی تۆقاندنی خەڵکانی بێزیان و ئاشتیخواز، ئیتر لەلایەن رژێمە ستەماکارەکان یان داگیرکاران یان گروپە توندڕەوەکانەوە بێت لە ناوەوە دەرەوە، ئەوەش بە قەلاچۆکردنی هەموو هۆکارەکانی، بە بەرەنگاربوونەوەی بە هزری میانڕەو لە ڕێگای بەها ئاینییەکان و ئەو پرەنسیپە هاوبەشانەوە کە جەخت لەوە دەکەن هەمووان یەك نەژادیان هەیە.

٤- ڕێزگرتن لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان، بەکەم سەیرنەکردنی هیچ ئاینێك، نەهێشتنی ترس لە ئیسلام چونکە درێژکراوەی راستەقینەی هەموو ئاینە ئاسمانییەکانە، ئاینی بەزەیی و چاکەکارییە، بەجۆرێ کە قورئانی پیرۆز بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەستپێدەکات، خوای گەورەش پەیامی موحەممەدی (ﷺ) کورتکردووەتەوە لە ئایەتی: ﴿وَمَا أَرسَلنَاكَ إِلَّا رَحمة لِّلعَالَمِينَ﴾ سورة الأنبياء(١٠٧)، یەکەمین ئایەتی قورئانیش فەرماندەکات بە خوێندنەوەیەکی هێمنی ئامانجداری گشتگیر بۆ مرۆڤ و بونەوەر و پەڕاوەکان، ئەوەش دەبێت لەسایەی پەروەردگارێتی و بەزەییدا بێت تا زانست غەرڕا نەبێت و ستەم نەکات، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إقرَأ باسم رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾ سورة العلق(١)، هەروەها فەرمانیداوە بە خوێندنەوە لێکۆڵینەوە ئەویش لەسایەی کەرامەتی مرۆڤدا، خوای بالادەست دەفەرمووێ: ﴿آقرَأ وَرَبُّكَ ٱلأَكرَمُ﴾ سورة العلق(٣) واتە بۆ مرۆڤ.

لەبەرئەوە ئومێدەوارین هەوڵ بەخەرجبدرێ بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەم ئاینە، ئەوەش بەپێی راستییەکانی و بەپێی فیقهی میزان، تا ئاشتەوایی جیهانیی و پێکەوەژیان و ئەمینی و ئارامیی بەرقەرار ببێ.

من پێم سەیرەو جێگای سەرسوڕمانە کە ئیسلام وەسفبکرێ بە تیرۆریست، لە کاتێکدا ناوەکەی لە وشەی ئاشتی –السلم-)وە هەڵگۆزراوە، داوا لە هەموو خەڵکی دەکات بچنەناوی، پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدْخُلُواْ فِي ٱلسِّلْمِ كَآفَّةً وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ سورة البقرة(٢٠٨).

ناوەکەی تریشی بریتییە لە (ئیمان -الإيمان-) کە لە ئەمینیی و ئەمانەوە وەرگیراوە، موسڵمانیش کاتێك نوێژەکەی کۆتایی پێدێنێ سڵاو لەو کەسانە دەکات کە لەلای راست و چەپیەوەن تا ئاشتی و سەلامەتیان بەدوور لە هەر ئازاردانێ پێببەخشێ.

**جەنابی سەرۆك:**

من و زۆرێکی زۆر لە خەڵکی ئومێدمان هەیە و لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە دادگەریی و ئەمن و ئاسایش و ئارامیی سەراپای جیهان بگرێتەوە، سەرکەوتووتان بکات بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەریی و هاوکاریی بونیاتنەر لەگەڵ ئەوانەدا کە چاکەیان بۆ مرۆڤایەتی دەوێ، بۆئەوەی ئاشتی و ئاشتەوایی دادپەروەرانە و خۆشگوزەرانیی سەراپای جیهان بگرێتەوە.

## بۆ خانمە وەزیرەكەی فەرەنسا...

لە ڕێگای هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوە ئەم هەواڵەمان پێگەیشت:

مارلین شیاپا، خانمە وەزیری فەرەنسا كە كاروبارەی هاوڵاتیبوون دەبات بەڕێوە، داوا لە مامۆستایانی وتاربێژی مزگەوتەكانی وڵاتەكەی دەكات كە لەكاتی وتارەكانی ڕۆژانی هەینیدا، مافبدەن بە كەسانی هاوڕەگەز لە هاوسەرگیریدا، ئەوەش بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە كە لە نێوان ئەو و سەرۆكی فەرەنسادا واژۆكراوە.

دەڵێم:

ئەی خاتوو مارلین شاپیا، وەزیری كاروباری هاوڵاتیبوون لە فەرەنسا، بەداخ و پەژارەوە دەڵێم: ئەم بڕیارانە بڕیاری تورەكردن و وروژاندنی هەستی بەرانبەرەكانە، جۆرە هەڵویستێكن كە بە هیچ جۆر خزمەت بە ژیانی ئاشتیخوازیی ناكات لە فەرەنسادا...

پاراستنی فەرەنسا و پارێزگاریلێكردنی بەشێكە لەنێو پەرستشەكانی ئێمەدا، چونكە بەشێكە لە دنیای ئاوەدان كە خوای گەورە فەرمانیداوە بە پاراستن و چاودێریكردنی، جیهانیش لە ئەمڕۆدا بووەتە گوندێكی بچوك، كاریگەریی هەر بڕیارێكی نەرێنی دەڕوات بۆ دوورتر لەوەی خاوەنی بڕیارەكە پێشبینی دەكات..

جگە لەوەش ئێمە هەرجۆرە ئارامیی و ئاشتی و ماف و ئەركێك بەوە دەزانین كە بەشێكە لە ئاین و پشتگیری لێدەكەین..

لەڕاستیدا ڕێزگرتن لە پیرۆزییەكانی كۆمەڵگاو فرە ئاینییەكەی كاری دانایان و ژیرمەندان و ئەو سیاسەتمەدارانەیە كە دەیانەوێت وڵاتێكی ڕزگار و ئازاد بونیات بنێن..

بەڵام ئێمە بەم هەواڵە تووشی شۆك بووین، ئێمە بەردەوام پێداگرین لەسەر ڕێزگرتن لەو یاساو بڕیارانە كە ڕێز لە پیرۆزییەكانی هاوڵاتیان دەگرن...

ئەم هەواڵە كەوتووەتە ناو سێ هەڵەی گەورەوە كە شیاو نیە بەڕێزتان بكەونە ناویان:

**هەڵەی یەکەم: سەرپێچیکردنە لە یاساکان:**

چونکە ئێمە وادەبینین ئەم هەواڵە، یەکەم وێنای پاشگەزبوونەوەو پاشەکشە لە بەهاکانی کۆماری فەرەنسادا دەکات، دووەم دەستوەردانێکی راستەوخۆیە لە کاروباری ئازادی ئاینی و دژە بە یاسای نێودەوڵەتی و شەریعەتی مافەکانی مرۆڤ لەلایەکی ترەوە، سێیەم دژە لەگەڵ چەمکی عەلمانیەتی خۆرئاوادا (کە لە ئەمڕۆدا بەدیاریکراوی فەرەنسا پابەند نیە پێیەوە لەلایەکەوە)..

لەلایەکی ترەوە دژە بە عەلمانیەت و یاساکانی کۆماریی کە ئیقرار بە بێلایەنی دەوڵەت دەکەن بەرانبەر بە ئاینەکان، ئایا عەلمانیەتی فەرەنسا بە مانای خۆماڵیکردنی ئاینەو گۆڕینیەتی بۆ دەزگایەك و کردنیەتی بە موڵکی دەوڵەت؟

**هەڵەی دووەم: دووڕوویی و دووفلیقانەیی پێوەرەکان:**

لەلایەکی ترەوە ئایا ئاینەکانی تریش دەچنەناو ئەم داوایەتان یان تەنها خەڵاتێکەو ئاینی ئیسلامیی و موسڵمانانتان تایبەت کردووە پێیەوە؟

موسڵمانان ئەمەیان قوبوڵ نیە، ئەمەش وامان لێدەکات بپرسین: ئەم دووفلیقانەییە بۆچی و لەپای چی؟

ئێمە لە جێکەوتەکانی ئەم دووفلیقانەییە دەترسین، چونکە دەبێتە بەنزینی ئەو توندڕەوانە تا پاساو بۆ توندڕەویەکەیان بێننەوە، کەواتە بۆچی دەبێ هەلی قۆستنەوەیان لەمجۆرە هەڵوێستە هەڵانەدا بدەینێ؟

**هەڵەی سێیەم: هەڵوێستە لە هاوڕەگەزبازیی:**

مەسەلەی قەدەغەکردنی هاوڕەگەزبازیی تایبەت نیە تەنها بە ئاینی ئیسلامەوە، بەڵکو لە هەموو ئاینەکاندا کارێکی حەرام و قەدەغەیە و تایبەتمەندی خێزانە کە لە ئاینەدا رێزلێگیراوە.

خێزانیش بە واتا کلاسیکییەکەی بریتییە لە (پیاو و ئافرەت و منداڵان کە لە پایە هەرە سەرەکییەکانی خێزانن)، خێزان بە سروشتی خۆی یاساییە، چ جای هەموو ئاینە ئاسمانییەکان بەڵکو هەموو بەڵێننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ پشتگیری لێدەکەن...

لەڕاستیدا هاوڕەگەزبازیی دەستدرێژییە بۆ سەر سروشتی پاك و خۆڕسك و تەبیعەتی پاكی مرۆیی، هەروەها بۆ پیرۆزی خێزان و سۆزە سروشتییە پاكەكانی باوك و دایك و منداڵان.. چونكە خێزانی شەقامگیر و پایەدار و بەردەوام لە سایەی ئەم هاوڕەگەزبازییەدا بوونی نامێنێ.

هاوڕەگەزبازیی لە هەندێ لە ژیارە پێشووەكاندا بڵاوبووەتەوە ژیارەكەی لەناوبردووە، چونكە پێچەوانەی زانستی گردبوونەوەی سروشتی مرۆییە.. دەی كەواتە بۆچی داوا لە موسڵمانان بكرێ كە دانبنێن بە مافی ئەنجامدانیدا...

لەبەرانبەرەوە ئێمە وادەبینین كە دەبێت هەوادارانی هاوڕەگەزبازیی چارەسەر بكرێن و بنێردرێن بۆ مەڵبەندە تەندروستییەكان و نەخۆشخانەكان تا هۆكاری ئەو ڕەفتارە نامۆیەیان بزانرێ...

لە كۆتاییدا ئێمە لە یەكێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان پێشتر و ئێستەشی لەسەر بێت داوامان كردووە دەیكەین بە ڕەتكردنەوەی ئەم بڕیارە خۆسەپێنەرانە لەلایەن دەستەڵاتەوە، داوا لە پیاو و ئافرەتانی موسڵمان لە فەرەنسا دەكەین كە پەنا ببەنەبەر یاسا دامەزراوە مەدەنییەكان و سكاڵا دژ بە هەر یاسایەك تۆمار بكەن كە مافە مرۆییەكان سنوردار دەكات، لە پێش هەمووشیانەوە مافی ئازادی ئاین و باوەڕ، دەبێ بەرلە سەپاندنی هەر بڕیارێك لەسەرمان پێویستە ئاستی ڕەوایەتی و شەرعییەتی ئەو بڕیارە بزانین.

> **لەبەرانبەرەوە ئێمە وادەبینین كە دەبێت هەوادارانی هاوڕەگەزبازیی چارەسەر بكرێن و بنێردرێن بۆ مەڵبەندە تەندروستییەكان و نەخۆشخانەكان تا هۆكاری ئەو ڕەفتارە نامۆیەیان بزانرێ**

## پاککردنەوەی دەروون و فێرکردن لە ئیسلامدا
## دووانەی لێکدانەبڕاون

ئەگەر سەرنجبدەینە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەبینین کە پاککردنەوەی دەروون پایەیەکی هەرە قایم و جێگیرە لە ئیسلامدا، هەر بەمەش جیادەکرێتەوە لە غەیری خۆی، خەڵکانی خۆی لەسەری پەروەردە دەکات تا شایستەی بەهێزبوون بن، تا دادپەروەریی دەستەبەر بکەن و ببنە بەڵگە لەسەر ئەوانیتریش، بەڵکو ببنە شایەتی راستیی لەسەر هەموو گەلانی جیهان.

کەواتە پاککردنەوەی راستەقینە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رۆح، ئەوکات نە زەلیل دەبێت و نە خراپەی لێدەوەشێتەوە، کار لەسەر دڵەکان دەکات تا ساغ و سەلامەت بن و لە نیگەرانی و دڵەڕاوکەو قین لەدڵی و نەخۆشیدا نەژین، کار لەسەر دەروونەکان دەکات تا لۆمەی خۆیان بکەن و هەنگاوبنێن بەرەو دەروونێکی دڵنیاکار و رەزامەند بە بڕیاری پەروەردگاریان، ئەوکات لە دەروونێکی خراپەکار دەربازیان دەبێت و نوقمی حەزو هەواو هەوەس نابن، کار لەسەر ئەقڵەکان دەکات تا گەورە بن و تواناییان هەبێت لەسەر داهێنان و لە خزمەت خەڵکیدا بژین، ئەوکات نە بچوك دەنوێنن کە لە تەگبیری خراپەدا بن یان لەسەر فێڵ و قەدەغەکراوەکان بژین.

بۆ گەیشتن بەم رۆڵە مەزنەی پاککردنەوەی دەروون لە رووی پەروەردەو بەرزبوونەوەی ئەوا پێویستە پرۆسەیەکی فێرکردنی سودمەند و خوێندنەوەیەکی ورد و قووڵ و گشتگیر ببێتە تەواوکاری..

جا لەوپێناوەدا پێمانباشە بۆ پاککردنەوەی دەروون و فێرکردن هەموو ئەو ئایەتانە کە باسیان لێدەکەین پێکەوە کۆبکەینەوە، وەك ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ سورة الجمعة (٢).

لێرەدا و لە چەندین ئایەتی تریشدا خوای گەورە پاككردنەوەی دەروون و دڵ و ئەقڵ و رۆحەكانی لەگەڵ پەیامی فێركردنی ئوممەتی كردووەتە گرنگترینی ئەركەكانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، پاشانیش كردوویەتە ئەركی میراتگرانیەتی لە زانا خواناسەكان.

چونكە ئوممەت بەبێ پاككردنەوەی دەروون نابێتە ئوممەتێكی چاكەخوازی لەخواترس و پارێزكار و خوایی، ئەمانەتپارێزیی تێدا دەستەبەر نابێت كە مەرجی سەركەوتنی راستەقینەیە لە دنیاو لە قیامەتدا، ئوممەت بەبێ فێركردنیش نابێتە ئوممەتێكی كاریگەر كە توانای هەبێت لەسەر راپەڕاندن و داهێنان و نوێبوونەوە، هەردووكیشیان مەرجن بۆ سەركەوتنی تاك و دامەزراوەو گەلان، هەر لەبەر ئەمە بوو كە یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: ﴿اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ ۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ سورة يوسف (٥٥)، لەفزی (پارێزگار-حفیظ) ئاماژەیە بۆ ئەمانەتپارێزیی دڵسۆزیی و پارێزكاریی كە بەبێ ئەمانە ئیتر لەناوچوون و گەندەڵیی و فێڵ و تەڵەكەبازییە، لەفزی (زانا-علیم) یش ئاماژەیە بۆ زانست و ئەزموون و پسپۆڕی.

ئێمەش لە یەكێتی زانایاندا ئومێدی گەورەمان بە خوای بالادەستە كە لیژنەی پاككردنەوەی دەروون و فێركردن هەستێت بە جێبەجێكردنی ئەم مەبەستە مەزنانەو ئەم ئامانجە پیرۆز و رێزدارانە.

هەر زاتی پەروەردگار گەورەو سەرپەرستشكار و یارمەتیدەرمانە.

# (بیست) ڕازی دڵ

## درکاندنی ڕاستیەکان -یەکەم-

نهێنییەکتان بۆ دەدرکێنم ئێوەش باسیبکەن بۆ ئەوانەی خۆشتان دەوێن: گاسنی زەمانە جەستە ماندوو و شەکەت دەکات، بێباریی رۆژ و ساڵەکان کە هەرجارەی بە بارێکدا دەکەون هێزی جەستە خاودەکەنەوە، بەڵام رۆح هەر زیاد و گەشە دەکات و دەدرەوشێتەوەو باڵا دەکات، بەردەوام لە باری لاوێتیدایە، ئەویش تەنها بە یەك شت دەستەبەر دەبێت کە یاد و زیکری خوای باڵادەستە...

وەرن بە زیکری پەروەردگار ئاوازبچڕن تا لە تەمەنێکی پڕ لە فەڕو بەرەکەتدا بژین... ﴿اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ...﴾ سورة الأنفال (٢٤)، چونکە بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە ژیانی رۆح نهێنی ژیانێکی بەختەوەرانەیە...

## درکاندنی ڕاستییەکان -دووەم-

کاتێك رۆح لەناو عیشقی تەنهاو تەنها خوای گەورەدا نوقم دەبێت ئەوکات خاوەنەکەی پەی بە واتای شیرینی باوەڕ دەبات، جەستەش تەزوویەکی ئیمانی پێدا دێت و دەکەوێتە لەرزەو قەوارەی خودی بڵاوە دەکات، رۆحیش لەزەت و خۆشی تامی دیدەنی لەگەڵ دروستکارەکەیی بۆ دەگەڕێتەوە، ئا لەم بارەدا رۆح لە بەندیی ئازاد دەکرێ و خوای گەورەو زیکرکردنی دەبێتە هاودەمی ئەو رۆحەو لەزەتی لێدەبات، لەڕاستیدا کەسانی پەلەکار و خێرا گوزەرکەر بەسەر ئەو مەیدانەدا بە ئاسانی ناگەنە جیهانی پاکێتی، هەرکەسیش لە گوفتاریدا رەوانبێژ بێت بەڵام لە کردەوەدا تەمبەڵ بێت نایگاتیێ، چونکە خوای گەورە کاری کەسێ وەرناگرێ دڵی پەرتەوازە بێت و هیممەتی ساردوسڕ بێت...

ئەم نهێنییەم لێوەربگرە کە تارمایی کردەوە خراپەکانت ئەو مافەت ناداتێ چێژ بەناوی خواوە وەربگری و لێی نزیکبیتەوە...

نهێنییەکە ئەمەیە کە: دەروونت داماڵە لە پیسی و تاوان، خۆت قورتار بکە لە هەواو هەوەست، ئینجا لەبەر دەرگای گەورەکەتدا

بوەستەو بە دڵ و بە کوڵ بڵێ یا اللە، زۆر لێی بپاڕێرەوە بەڵکو دەرگاکەت بۆ بکاتەوە...

مانگی رەمەزانیش ئەگەر باش لە واتاکەی تێبگەیت ئەوا دەبێتە دەروازەی قوبوڵکردنی نزاکانت و رەزامەندی پەروەردگارت بەدەستبێنی، بۆ ئەوەش دەبێ بە جوانی نزاکانت بکەیت...

## درکاندنی راستییەکان -سێیەم-

کاتێك قورئان دەخوێنین لە ئاسمانەوە نوور و رۆشنایی دادەبەزێ، کاتێکیش کە ئێمە هەست بەو نوورە ناکەین ئەوا عەیبەکە لە دەقە قورئانییەکەدا نیە بەڵکو لە خودی خوێنەردایە. کەواتە نهێنییەکە لێرەدایە کە:

قورئان بخوێنەو مەرجەکانی بەگەڕخستن و چالاککردنی دەقەکە بەجێبگەیەنە، ئەوانیش لەم فەرموودەی خوای گەورەدا باسکراون: ﴿الم* ذلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ * الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ * وَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ * أُولَئِكَ عَلَى هُدًى مِنْ رَبِّهِمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ سورة البقرة (١-٥)، چاك بزانە ئەگەر مەرجەکانت جێبەجێ نەکرد ئەوا هیدایەتی قورئان بەدەستناهێنی، کە بریتین لەمانە:

١-باوەڕت بە غەیب هەبێت، بەو واتایە کە زاتی خوای گەورە لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا ئامادەیی هەیە، هەڵسوکەوتەکانت دیسپلیندار بکە کە ماڵن لەسەرت، دەی خۆت سازبدە بۆ رۆژی دادگای خوایی.

٢-نوێژ بکە، نوێژکردنیش تەنها ئەوە نیە بیکەیت و بەس، بەڵکو دڵنیابوونە و بەجێگەیاندنی راستەقینەیەو ئامادەبوونە بە دڵ و بە جەستە، چونکە هەرکەس مەبەستی تەنها نوێژکردن بێت و بەس ئەوە بە نوێژکەر ناژمێردرێ، ئایا تۆ لەو کەسانەی کە بەڕاستی نوێژت کردووە یان لە کوڵ خۆتت کردووەتەوە؟..

٣-ببەخشە لەپێناو خوای گەورەدا، ئایا تۆ لەو کەسانەی کە

دەبەخشن یان کەسێکی دەست نوقاو و رژدیت؟

٤-باوەڕی راستەقینە زمانی بەڕاست ناساندنە، ئایا تۆ بەڕاستی باوەڕت بە ئاینەکەت هەیە یان تەنها چاولێکەریێکی، ئایا تۆ لەوانەی کە هیچ رق و غەرەزێکت بەرانبەر بە شوێنکەوتووانی ئاینەکانی تر هەڵنەگرتووە یان کەسێکی قین لە دڵ و غەرەزنی؟

بەدڵنیایی هەرگیز بزوێنەری قورئانی پیرۆز ناسوڕێتەوە تا تەواوی مەرجەکانی جێبەجێ نەکرابن.. کەواتە نهێنییەکە ئا ئەمەیە، دەی کە زانیت ئیتر پابەندبە پێیانەوە.

## درکاندنی ڕاستییەکان -چوارەم-

خۆشویستن بریتییە لە پابەندیی، هەرکەسیش خوای گەورەی خۆشویست ئەوا پابەند دەبێت بە شەرعەکەیەوە، شەرعیش بریتییە لە کۆمەڵێ هەڵوێست نەك تەنها کۆمەڵێ شتی سۆزداریی...

نهێنییەکە ئەمەیە: باش بزانە ئایندارییی راستەقینە ئەوەیە کە پارچەکانی جەستەت شایەتی لەسەر راستگۆیی باوەڕەکەت بدەن، نە لە جوینەوەو گلماندنی لەناو زمانتدا و نە لە قەبەیی دروشمەکانتدایە، کەواتە بڵێ باوەڕم بە خوا هێناوە ئینجا راستگۆبە و لەسەر رێباز و شەرعی ئاینەکەت بە...

بەڵگەی خۆشەویستیت بۆ ئاینەکەت ئەوەیە پابەندبیت پێیەوە، هەر خۆشویستنێك کردەوەی باش یاوەری نەبێت هیچ نرخێکی نیە...

## درکاندنی ڕاستییەکان -پێنجەم-

ئاسودەیی بیرو دڵ و دەروون لە دنیادا، هەروەها ژیانێکی خۆش یەکێکە لە ئەرکە راستەقینەکانی ئاین کە کۆشش بۆ دەستبەرکردنیان دەکات، مژدەی خوای گەورەش بەوەی کە سەرپەرشتی بەندەکانی دەکات مەرجدارە بە کۆمەڵێ ئەرکەوە، لەوانە:

پەرستن (ناوێکی گشتی و گشتگیرەو هەرشتێك دەگرێتەوە کە خوای

گەورە خۆشیدەوێ و رازییە پێی، لە گوفتارەوە بیگرە تا کردەوە رواڵەتیی و و ناوەکییەکان وەك ترسان لێی و ملکەچی بۆی و پشتبەستن پێی و نوێژو و زەکات و رۆژوو و تەواوی ئەو ئەرکانەی تر کە شەریعەتی ئیسلام پێیان رازییە)... لە پێش هەمووشیانەوە نوێژە کە مرۆڤ خۆی دەڕازێنێتەوە پێی و کاریگەریی تاککەسی و کۆمەڵییەکان تیایدا جیلوە دەدەن و دەدرەوشێنەوە، دەتوانرێ هەموو ئەمانەش وەسفبکرێن بە پارێزکاریی...

نهێنییەکە ئەمەیە: بەدەستهێنانی بەختەوەریی دڵ لە پارێزکاریتدایە بۆ پەروەردگارت، ئەوکات لە پەرستن و پەرستشکردنیشدا بەختەوەر دەبیت...

## -شەشەم- درکاندنی ڕاستییەکان

من بەردەوام پێداگرم لەسەر چاکبوونی کرۆکی پرۆسەی چاکسازیی واتە ماڵ، چونکە هەر کۆمەڵگایەك ماڵەکانی پچڕ پچڕ و پەرتەوازە بن ئەوا ئەو کۆمەڵگایە نابێتە خاوەنی هێز، دەبێت هاودەم لەگەڵ بوونی خۆشەویستیدا گونجاندن و لێکتێگەیشتن و تەبایی بوونی هەبێت، لەڕاستیدا خۆشەویستیی واتە هەبوونی دڵێکی سۆزدار بۆ بەرانبەرەکە، سۆزیش ئەو خۆشەویستییەیە کە گوێڕایەڵی تێیدا بەرجەستە ببێت، ماڵە رەسەن و چاکەکان ئەوانەن کە خۆشەویستی و هزر و لێکتێگەیشتن و جوان خزمەتکردن بەیەکتر لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە...

ئەم نهێنییە وەربگرن کە بەختەوەریی راستەقینە ئەوەیە لەگەڵ خێزانەکەتدا بێت، واتە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانتدا بێت، هەرکەس وا هەستبکات کە لە ماڵەکەی خۆیدا بەختەوەر نیە ئەوە نەگبەتەوە ژیانی تاڵە.. کەواتە با بێت کار لەسەر ئەم سێ پایەیە بکات:

تێگەیشتن و لێکتێگەیشتن.

خۆشەویستیی و پابەندبوون.

متمانەو هاوکاریکردن.

ئەمەش بۆ ئەوەیە تا هەڵەکەی راستبکاتەوەو لە ژیانیدا بەختەوەر بێت.

# دركاندنی ڕاستییەكان -حەوتەم-

هونەری شیّتانه...

هونەر پایەی سەرەكییە لە هەر ژیانەوەو هەستانەوەو بەرەوپیّشچوونیّكی كۆمەڵگاكاندا، هۆكاریّكە بۆ گەلاڵەبوون و دروستبوونی هزر و ڕەوشت و داب و نەریتەكان، ڕەحمەتی خوا لە بیرمەندی جەزائیری مالیك بن نەبی بیّت كە لەبارەی مەرجەكانی ژیانەوەو هەستانەوەوە وتوویەتی: (گرنگیّتی هونەری جوان لە یەكیّك لەم دوو هەڵویّستەدا دەردەكەویّ: یان ئەوەیە كە بانگەوازكارە بۆ چاكەو چاكەكاریی، یان بانگەوازكارە بۆ خراپەو خراپەكاریی، جا ئەگەر ڕەوشت نمونە باڵاكانی هونەری دیاریكرد و جوانییش بووە پەیام و نیگای و ڕەنگپۆشبوو بە جوانیی، ئەوكات دەبیّت ئەویش هۆكارەكان و ویّنە هونەرییەكانی خۆی دیاریبكات تا كاریگەری لەسەر دەروونەكان دروستبكات).

لەڕاستیدا پیّغەمبەر موحەممەد (ﷺ) هەموو ئەو هونەرە باو و بڵاوانەی كە لە سەردەمی خۆیدا بوونیان هەبووە خستووەتەگەڕ، وەك گۆرانی و شیعر و ئەو شتانەی دەروون دەحەویّننەوەو و دەف لیّدان لە ئاهەنگی گواستنەوەی بووكدا، ناوەڕۆكی جوانی ئەمانەی هەڵبژاردووە و ئامادەی هونەرو فۆلكلۆری میللی حەبەشییەكان بووە، كەواتە هونەر بەشیّكە لە پیّكهاتەی مرۆڤ، لەبەرئەوە دەڵیّم:

نهیّنییەكە لەمەدایە كە: چاكیی و خراپیی هونەرەكان بە مەبەستەكانیاندا دەپیّوریّن، جا ئەگەر بۆ شیّتیی و سوكایەتیكردن بە كەرامەت و ڕیّز و گومڕایی و لە خشتەبردن و كات بەفیڕۆدان بن ئەوا حەرامن.

لەبەرئەوە دەستەڵاتە پۆلیسیییەكان سواری ملی هونەرەكان دەبن و دەستەمۆیان دەكەن و زەوقیّكی خراپ و پیسییان لیّ دروست دەكەن، ئەوەش شتیّكی نامۆ نیە كە دەبینین دەوڵەتانیّك هەن پشتگیری و هاوكاری هونەری شیّتانە دەكەن كە سوكایەتی بە خەڵكی دەكەن و

ڕەواج بە سەرکوتکردن دەدەن و تیرۆر و ئەشکەنجەدان دەشەرعێنن...
دە ئێوەش ئەم نهێنییە وەربگرن:
ئەگەر ئوممەتەکەمان خاوەنی بۆچوونی هونەری دروست نەبێت بەجۆرێ کە مۆرکی ڕەوشتیی هەبێت ئەوا ئێمە هەر بەردەوام دادەڕوخێین، کەواتە بەشێك لە پرۆسەی جەنگی چاکسازیی گشتگیرانە ئەوەیە کە بڵێین: ئەمە ئەو هونەرەمانە کە سەر بە ئایینەکەمانەو و دژایەتی ناسنامەمان ناکات...
بە کورتی دەڵێین: هونەری حەڵاڵ ئەوەیە کە سەردەکێشێ بۆ پاکوخاوێنی هەستە حەڵاڵەکانت ئەگەرنا ئەوا هونەرێکی حەرامە...
دەی ئێوەش وریابن نەکەن شێتیی لە هونەردا بەخەرج بدەن چونکە ئەو هونەرە شێتانەیە داردەستی دەستەڵاتە.

## -هەشتەم- درکاندنی ڕاستییەکان

بۆچی زۆر کەس کە بەرۆژوو دەبن ئاسەوار و کاریگەریی ڕۆژووەکەیان لەسەریان دەرناکەوێ؟
پەرستشە ئیسلامییەکان نۆرینگەی پزیشکیی ڕۆح و ڕەفتارن و دڵ و ڕەفتار لە هەر ژەنگگرتن و خراپەیەك پاکدەکەنەوە، بەدووری دەگرن لەو شتە زیانمەندانە کە تووشی مرۆڤی وێڵ و سەرلێشێواو دەبن.
ئەی باشە مرۆڤ چۆن چۆنی واتاو مەبەستەکانی ڕۆژووی دەستبکەوێت و چۆن ڕزگاری ببێت لە هەزرە خراپەکان و لە بێباری دڵ کە هەرجارەو بە بارێکدا دەکەوێ..
وەڵامەکە ئەمەیە: بۆ ئەوەی سود لە هەر پەرستشێك وەربگری پێویستە لەسەرت دڵنیابی کە بە تەواوەتی خۆت رادەستی مەرجە شەرعییەکانی ئەو پەرستشە کردووە.
ئەم ئەرکەش لێت دەخوازێ کە:
١- پابەند بیت بە هەر پەرستشێکەوە ئەویش بەوجۆرە کە لە شەرعدا هاتووە، بەجۆرێ کە بەجێگەیاندن و زیندوڕاگرتنی بە دڵ

بێت نەك بە رواڵەت، ئەمەش یەکەمین هەنگاوی راستەقینەیە بۆ ئەو پەرستشە، چونکە هەرکەس خۆی تەسلیم بە پەرستشی راستەقینە نەکات ئەو پەرستشەش نایگەیەنێتە نێو کرۆك و رۆحی خۆی.

٢- ئەرکی دووەم: نواندنی گەرموگوڕی لە پرۆسەی وەبەرهێنان و سودوەرگرتن لە هەر پەرستشێك لە کاتی خۆیدا، نابێت لە ئەنجامدانیدا شلگیری بکرێ و دەبێت بە باشترین شێوە ئەنجامبدرێ.

ئیبن قەییم (بە رەحمەت بێت) لەمبارەیەوە دەڵێ: (وریابەو هەردەم وریابە لە دوو شت کە سەرئەنجامی خراپیان هەیە:

یەکێکیان: نکولیکردن و رەتکردنەوەی هەق و راستیی هەر بەوەی کە پێچەوانەی هەواو هەوسی تۆیە، چونکە ئەوکات تۆ لەسەر بڕیاری دڵت سزا دەدرێیت، راستەوخۆ ئەو هەق و راستییەی کە رووت تێدەکات رەتیدەکەیتەوە، ئەمەش بە ئاستێکە وات لێدەکات کە هەتا ئەو هەق و راستییە خۆی لە قاڵبی هەواو هەوسی تۆدا خۆی دەرنەخات وەرینەگرێ و پەسەندی ناکەیت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ...﴾ سورة الأنعام (١١٠).

دووەمیان: نواندنی شلگیریی و کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا هەرکات کاتی هات، جا ئەگەر تۆ کەمتەرخەم بیت تیایدا ئەوا خوای گەورەش بێ هیممەت و بێ تەوفیقت دەکات و وات لێدەکات دابنیشی و دەستەوسان بیت لەبەردەم دەستخستنی رەزامەندی و بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی ئەو زاتەدا، ئەمەش وەك سزایەك وایە بۆ تۆ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ رَجَعَكَ اللَّهُ إِلَى طَائِفَةٍ مِنْهُمْ فَاسْتَأْذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُلْ لَنْ تَخْرُجُوا مَعِيَ أَبَدًا وَلَنْ تُقَاتِلُوا مَعِيَ عَدُوًّا إِنَّكُمْ رَضِيتُمْ بِالْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَاقْعُدُوا مَعَ الْخَالِفِينَ﴾ سورة التوبة (٨٣).

جا هەرکەس سەلامەت بوو لەم دوو دەردو بەڵا گەورەیە ئەوا با تامی سەلامەتی نۆش بکات و پیرۆزی بێت). گوتەکانی ئیبن قەییم بەرەحمەت بێت تەواو بوو کە لە کتێبی (بدائع الفوائد) لاپەڕە

١١٢٨ دا هاتووە.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان بە تەواوەتی خۆمان تەسلیمی واتای ڕەمەزان بكەین تا سزا نەدرێین بە ڕێگریلێكردن و بێبەشكردن و بێ هیممەتی و بێ تەوفیقی لە هەستان بە ئەنجامدانی پەرستشەكان، چونكە هەركەس پەرستشكردنی پێناخۆش بێت و بەلایەوە قورس بێت هۆیەكەی ئەوەیە كە لاوازە لە خۆ تەسلیمكردن و نواندنی گەردنكەچیی كە مەبەستی خوای گەورەیە لە پەرستشدا.. ئەوكاتیش ناتوانێت پەرستشەكانی وەك پێویست و وەها كە پەروەردگارمان پێیخۆشە و ڕازی دەبێت ئەنجامبدات، ، ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت كە پەرستشەكە هیچ ئاسەوارێكی ئەرێنی دروستنەكردووە لەسەری، كاریگەریی نۆرینگەی ڕۆحیی لە چارەسەركردندا لەسەری دەرنەكەوتووە.

نهێنییەكە ئەمەیە كە: دەبێ پەرستشەكەت لە گەردنكەچیتەوە دەستپێدەكات كە هاودەم و دەستەملانە لەگەڵ خۆشویستنی خوای گەورە، پاشانیش بە جوان ئەنجامدانی ئەو پەرستشە، ئینجا بە ئامادەبوونت لە ژیاندا لە كاتێكدا كە دەبێ مانای ئەو پەرستشە تیاتدا ڕەنگبداتەوە...

نهێنییەكە ئەمەیە كە: پەرستشكردن بەختەوەرییە، بەختەوەریی ڕاستەقینەش بریتییە لە پەرستشی ڕۆح و بەخەرجدانی ئەوپەڕی ویست و توانا و لێبڕان و كۆششكردن بۆ ئەنجامدانی بە ئاڕاستەی دەستخستنی ڕەزامەندی پەروەردگارمان.

كەواتە هەركەس بەڕۆژوو بێت بەڵام خۆی بە تەواوەتی تەسلیمی پەروەردگارەكەی نەكردبێت، ڕۆژووەكەی بەو شێوەیە ئەنجام نەدابێت كە خوای گەورە دەیەوێت، هاوكات سیفەتی پارێزكاریی لە ڕۆژووەكەیدا دەستەبەر نەبووبێت وەها كە خوای گەورە داوای لێدەكات ئەوا ڕۆژووەكەی هیچ سودێكی نیەو خاوەنەكەی تام و چێژی واتای پەرستش ناچێژێ..

## درکاندنی ڕاستییەکان -نۆیەم-

بانگەوازی ئێمە نە بە گوللەیەو نە بە ئاگر و ئاسنە...

هەرکەس گومانی وابێت کە بانگەواز بۆ لای خوای گەورە گەشت و سەیرانە یان شتێکی گوزەرکەرەو زوو تێدەپەڕێ، واتە هیچ ئەرك و لێکەوتەیەك بەدوای خۆیدا ناهێنێ و پابەندبوون بەسەر ئەو کەسەدا ناسەپێنێ کە پێی هەڵدەستێت ئەوە بەهەڵەدا چووە، چونکە ئەو کەسە تەنها وانەی ژینامەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) و ڕووداو و تاقیکردنەوە گەورەو سەختەکانی بەسە کە لە ئەسڵی گرنگێتی ئەرکەکە تێبگات...

نهێنییەکە لێرەدایە کە: بانگەوازکردن بۆ لای خوای گەورە پرۆسەیەکی زەحمەتە و ئەرك و ماندوبوونە نەك فێڵلێکردن و خەڵەتاندن.. بانگەواز بۆ لای خوای گەورە پابەندییە نەك خۆ بێئاگاکردن و نواندنی بێلایەنیی...

بانگەواز بۆ لای خوای گەورە گوتەیەکی هیدایەتدەرە نەك لێدانێکی کوشندە بێت کە هەستانەوە مەحاڵ بێت...

بانگەواز بۆ لای خوای گەورە بیرۆکەیەکە بۆ بەرزکردنەوەی مرۆڤ نەك گوللەیەکی کوشندە...

شمەك و کاڵای خوای گەورە کە بەهەشتە بەهادار و بەنرخە، بە دڵنیایی کە شمەك و کاڵای خوای گەورە بەهادار و بەنرخە، جارێکی تر دەڵێین شمەك و کاڵای خوای گەورە بەهادار و بەنرخە، دەی ئێوەش بە ژیریتان بەرز رایبگرن، چونکە تیری هزرو بیرۆکەکان سود و کاریگەرییان لە بۆمب و گوللەو ئاگر زیاترە.

بە کارو کردەوەکانتان بەرز رایبگرن..

﴿قُلْ هذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ...﴾ سورة يوسف (١٠٨).

## دركاندنی ڕاستییەكان -دەیەم-

ژیانی تۆ بیرۆكەیەكی سەربەخۆیە، وریابە نەكەی ڕێگابدەی كەسێك لە غەیری خۆت بێت ئەو بیرۆكەیەت بۆ بنوسێت، ئەوكات تۆش وات لێبێت كە بە بیرو هزری كەسانیتر بژیت و خۆت هیچ جۆرە هزرو بیرۆكەیەكی سەربەخۆ بە خۆتت نەبێت..

نهێنییەكە ئەمەیە: لەبیرت بێت كە قورئانی پیرۆز بیرۆكەیەكی مەبەستدارەو بیرت كارا دەكات و بانگهێشتت دەكات بەرپرسێتی خۆت لە ئەستۆ بگری.. دۆزەخییان لە ڕۆژی قیامەتدا دان بەوەدا دەنێن كە ئەقڵیان بەكرێگیراوی كەسانیتر بووە و دەڵێن: ﴿وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ سورة الملك (١٠).

پەروەردگارا بمانگێڕە لەوانەی كە خاوەنی ئەقڵێكی بە بڕشت و كامڵ و كاران..

## دركاندنی ڕاستییەكان -یانزەیەم-

گەڕان لە دووی گەورەیی خوای باڵادەست و پاكو بێگەرد.

الله ئەو پەروەردگارە بەخشندەو میهرەبانەیە كە باوەڕمان پێیەتی، سیفەتە جوانەكانی لەنێو ئاسمان و ناوازەیی دروستكراوەكانیدا جیلوە دەدەن، ئێمە بۆچوونمان بەرانبەر گەورەیی زاتی ئەو هەرجۆر ئەرێنی بێت ئەو زۆر لەوە زیاتر لێمانەوە نزیكە..

هەندێ كەس دەپرسن ئایا چۆن چۆنی بگەینە لای؟

لە كاتێكدا هەر ئەوانە لەناو پەردەكانی دەروونیاندا وێڵ و سەرگەردانن و نایگەنێ، چونكە دەروون گەورەترین پەردەی لێكدابڕانە لەنێوان ئەوان و ئەو زاتەدا...

نهێنییەكە لێرەدایە كە:

١- پێشەوا جونەید (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێ: هەموو ڕێگاكانی گەیشتن بە خوای گەورە لەبەردەم مرۆڤەكاندا داخراون جگە لە كەسێك كە شوێنكەوتەی پێغەمبەر (ﷺ) بێت.

کەواتە ئەگەر دەتەوێت بگەیت بە خوای گەورە دەستبگرە بە سوننەتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ).

٢- لە پرۆسەی ڕێکردنی دڵدا بۆ لای خوای گەورە زۆر صەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) بدە، چاکەکار بە و زانستی زۆر بەدەست بێنە چونکە ئەمانە سییانەیەکن کە نزیکتدەکەنەوە لە خوای گەورە...

٣- ئاشکرایە کە ئێمە فریشتە نین، ئێمە لە باری کەموکوڕیی و ساردبوونەوەو خاو و خلیچکیداین، لەبەرئەوە هەرکات هەڵەیەکت لە خۆتدا بەدیکرد زوو بەزوو تەوبەکەت نوێبکەرەوە.

٤- تەمبەڵ مەبە، مەڵێ چۆن چۆنی بگەمە پێگەو پایەی نزیکیی لە خوای گەورە، کەسێك پرسیاری لە ئیبن قەییم (بە ڕەحمەت بێت) کردووە و وتوویەتی چۆن بگەمە پلەی هاوەڵێتی هەروەك بە ئەبوبەکر و عومەر بەخشراوە، پێشەوا ئیبن قەییم (بە ڕەحمەت بێت) بەوە وەڵامیداوەتەوە کە ئەگەر بێتو لەسەر ڕێبازی ئەوان بیت ئەوا گەیشتن بە پلەی ئەوان زۆر ئاسانە...

٥- مەگەڕێ بە دوای خوای گەورەدا بەڵکو وەرە ڕۆحت بە زیکرکردن و بەخشین بڕازێنەرەوە، لە هەوڵی ڕێکردنت بەرەو نزیککەوتنەوە لە خوای گەورە خۆت لە هەر شتێك داماڵەو یەکلابەرەوە بۆ خوای گەورە، ئەوکات دەبینیت کە خوای گەورە لەگەڵتدایە، دەرووی خێرت لێدەکرێتەوەو فریادڕەسی و نوور و شکۆمەندیی و ڕەزامەندی ئەو بەدەستدێنی...

دواجار دەڵێم ئەگەر سودێکت لەمە بینی ئەوا لەبیرت بێت دۆعای خێر بکە بۆ بەندەی هەژار و دڵسۆزتان عەلی قەرەداغی...

## درکاندنی ڕاستییەکان -دوانزەیەم-

ئایا ئاین بەهۆی ئێمەوە بەهێز دەبێت؟ ئایا بەڕاست ئێمە پاسەوانی ئاینین؟

هەموو بەها بالاکانی ئیسلام بۆ ئەوە هاتوون تا پارێزگاری لە

مرۆڤ بکەن و بەرژەوەندییەکانی بۆ دەستبەر بکەن، دنیای بۆ بونیات بنێن تا ئاوەدانی بکاتەوە، دەربارەی قورئانیش ئەوا دەبینین کەسی وا هەیە کە بە جوانی وەریدەگرێ و تێڕامانی تێدا دەکات، هیتریش دەبینی کە چاولێگەرەو هۆشیاری نیە بەوەی کە تێیدایەو سودی لێوەرناگرێ...

ئێمەش هەرکات راستگۆبین لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا ئەوا خوای گەورە سەرمان دەخات.

﴿إِنْ يَنْصُرْكُمُ اللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمْ وَإِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ سورة آل عمران (١٦٠).

﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ سورة الحج (١٦٠)

کەواتە ئاین بە زۆرەملێ و بە ملهوڕی و ستەمکاریی سەرناخرێ و بەهێز نابێت.

تاکڕەویی و ستەمکاریی کەسانی ژیرمەند دروست ناکات، ئازادییەکانیش چاکەکان ناڕوخێنن، ئاینیش پێویستی بە کەس نیە پاسەوانی لێبکات، بەڵکو ئەوە ئێمەین کە پێویستیمان بە ئاینەو تا پارێزگاری لە خودی خۆمان و مرۆڤایەتیمان بکەین..

کەواتە نهێنییەکە لێرەدایە: تۆ لە ژیانتدا لە هەوڵی سەرخستنی بەهاکاندا بە، رەفتاری جوان وەها کە پەروەردگارت لێت رازی دەبێت بۆ خۆت بونیات بنێ، چونکە ئەوکات لە دنیاکەتدا سەردەکەویت و گەورەو سەرپەرشتکارەکەت بەهێز و شکۆمەندو سەربەرزت دەکات.

## درکاندنی ڕاستییەکان -سیانزەیەم-

ئاینی ئیسلام هەرگیز ستەمی قوبوڵ نیەو بەڕەوای نازانێت، ئیقراری پێناکات و تەسلیمی نابێت، چونکە ئاینی ئیسلام و زەلیلکردنی خەڵك دوو شتی زۆر لێکجیاوازن و پێکەوە نایانکرێ، هەرجۆرە تۆقاندنێ لە ئیسلام و موسڵمانانەوە بەهۆی نەتوانایی و نەزانی و نەشارەزاییمانە بە ئیسلام، رەحمەتی خوای گەورە لە سەعیدی نورسی بێت کە جارێکیان

وتوویەتی: (ئەوروپا وا گومان دەبات ئەم شەریعەتە ستەمکردن بەهێز دەکات و پشتی دەگرێ، حاشا بەخوا هەرگیز وانیە، لەڕاستیدا ئەوە بەهۆی نەزانیی و دەمارگیرییەوەیە کە تیاماندا بڵاوبوونەتەوەو وای لە ئەوروپا کردووە گومانی وا هەڵە ببات گوایا شەریعەت هاوکار و یارمەتیدەری ستەمکردنە)، منیش هەر لەسەر ئەو ڕێبازو بەرنامەو قەناعەتە دەگەم بە خوای گەورەم...

نهێنییەکە لێرەدایە کە هزرمان ژیانمان دروستدەکات، لەبەرئەوە یەکەمین وشە کە هاتەخوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) وشەی (إِقْرَأ) بوو، ئەمە بۆ ئەوەیە تا بەرلەوە بکەوینە ئاخاوتن بێین فێرببین.. تا کردارمان لە گوفتارمان ڕەوانبێژتر و مانادارتر بێت...

هەر ئوممەتێکیش زمانی لە جنێودان و وتنی قسەی ناشیرین بەوانیتر درێژ بێت ئەوە نەخۆشەو دەستەوسانە لەوەی بتوانێ وێنایەکی جوان بە بەها باڵاکان و بە ئاینەکەی بدات...

## دركاندنی ڕاستییەکان -چواردەیەم-

خۆت دەستوری ژیانی خۆت بنوسە...

﴿قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ﴾ تاکە ڕێگاچارە بۆ هەستانەوەو ڕزگاربوون لە دارمان و چەقین لەناو شکستدا بریتییە لە وتووێژی ڕاشکاوانە لەگەڵ خود، لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ خوای گەورەو کارکردن لەپێناو دەستخستنی ڕەزامەندی ئەو زاتەدا و گەڕانەوە بۆ لای خود، جا هەرکات خۆتت بە باشی ناسی و زیاتر تێگەیشتی لە خۆت ئەوا باشتر و زیاتر بۆت دەرەخسێ کە ئامانجە گونجاوەکانت هەڵبژێری. ئەوەی پێشەوا نەوەوی پێی هەستاوە شتێکی نامۆ نیە کە فەرموودەی نۆزدەیەمی لە چل فەرموودەی نەوەوی دا هەڵبژاردووە کە دەفەرموێ: ((لە ئیبن عەبباس عەبدوللە کوڕی عەبباس –خوا لێیان ڕازی بێت- دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: ڕۆژێکیان لە پشت پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بووم، فەرمووی پێم: ئەم چەند وشەیەکت فێردەکەم: سنوری خوای

گەورە بپارێزە خوای دەتپارێزێ، سنوری خوا بپارێزە ئەوکات دەیبینی کە لەپێشەوەیە، هەرکات داوای شتێکت کرد تەنها لە خوای داوابکە، هەرکات داوای یارمەتیت کرد تەنها پەنا بۆ خوای گەورە ببە، ئەوە بزانە کە ئەگەر هەمووی خەڵکی کۆببنەوە تا سودێکت پێبگەیەنن ئەوا تا خوای گەورە بۆی نەنوسیبی ناتوانن ئەو سودت پێبگەیەنن، ئەگەر هەمووی خەڵکی کۆببنەوە و بیانەوێ زیانێکت پێبگەیەنن ئەوا تا خوای گەورە بۆی نەنوسیبی ئەوان ناتوانن ئەو زیانەت پێبگەیەنن، دەی ئیتر با هەموو پێنوسەکان لە نوسین بوەستن و مەرەکەبی سەر هەموو پەڕاوەکان وشکبێتەوە)) پێشەوا ترمزی ریوایەتی کردووەو وتوویەتی فەرموودەیەکی راست و باشە، لە ریوایەتێکی تردا کە لە جگە لە ترمزییەوە ریوایەتکراوە هاتووە دەفەرموێ: ((سنوری خوای گەورە بپارێزە ئەوکات دەیبینی کە لەپێشتەوەیە، لە کاتی خۆشگوزەرانی و خۆشیدا خوای گەورە بناسە ئەوکات ئەویش لە کاتی تەنگانەو ناخۆشیدا ئاگای لەتۆیە، ئەوە بزانە ئەو شتەی بەسەرتدا نەهاتووە هەر لە بنەڕەتدا بۆ تۆ نەبووەو بەسەرتدا نەدەهات، ئەوەیش کە هی تۆ بووەو بەسەرتدا هاتووە هەر لە بنەڕەتدا لە تۆ نەدەترازا، بزانە کە سەرکەوتن لەگەڵ ئارامگرتندایە، دەرووی خێر و گوشادیش لەگەڵ نارەحەتی و ناخۆشیدایە، بزانە کە لەگەڵ هەر تەنگانەو سەغڵەتییەکدا دەرگای خێر و ئاسانکاری بوونی هەیە)).

نهێنییەکە بریتییە لەمە:

هەستە بە دانانی بەرنامەیەکی تێروتەسەل بۆ دیدو تێڕوانین و جێگیریی و سەقامگیر بوونی بڕیارت لە رووی هزری و دەروونی و باوەڕی و پەروەردەییەوە... ئەمەش بەو مانایەیە لەو رشتەبەندییە تێبگەیت کە ژیانت رێکدەخات و کۆنترۆڵی دەکات، کەواتە بۆئەوەی نزیکبیتەوە لە ئامانجەکانت و خۆت زیاتر بناسیت و هەستیت بە دارشتنەوەی هزر و رەفتارت پێویستە ئەم پرسیارانە لە خۆت بکەیت:

ئایا ئەو ئامانجانە کە ئاواتەخوازم لە ژیانمدا بگەم پێیان کامانەن؟

ئایا دەمەوێت پەیوەندیم بە پەروەردگارمەوە چۆن بێت؟
ئایا دەمەوێت پەیوەندیم لەگەڵ دەوروبەرمدا چۆن بێت؟
ئایا من چ شتێك پێشكەش بەم ژیانە دەكەم؟
ئایا دەمەوێت چۆن چۆنی خزمەتی كۆمەڵگا بكەم؟
ئایا پێمباشە چۆن كاتی ڕۆژانەم بەسەربەرم؟
ئایا ئەو كردەوانە كە لام خۆشەویستن كامانەن؟
ئایا لە ئێستەوە تا دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ من لە چ قۆناغێكی ژیاندام؟ ئەی دوای دە ساڵ لەكوێدام؟
ئایا ئەو سیفەتە ئەرێنییانە كامانەن كە حەزدەكەم خەڵكی بمبینن پێیانەوە؟
ئەو كەسانە كێن كە من بە پێشەنگی خۆمیان دەزانم؟
ئەو كتێبانە كە دەمەوێت بیانخوێنمەوە كامانەن؟
دیارترینی ئەو خاڵە بەهێزانە لە مندا بوونیان هەیە كامانەن؟
ئەو پسپۆڕی و شارەزاییانە لە مندا بوونیان هەیە كامانەن؟
ئایا پاڵنەرەكانم بەرانبەر بە ژیان چین؟
ئایا دیارترینی ئەو دەستكەوتانەی لەژیانمدا بەدەستمهێناون چین؟
كام پسپۆڕیەیە كە لە زۆربەی كاتەكاندا جەختی لەسەر دەكەمەوەو چۆن ڕێكی بخەم؟
چ پرۆژەیەكی تایبەت بەتەمەنم هەیە؟
لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ سورة الرعد (١١).

## درکاندنی ڕاستییەکان -پانزەیەم-

پێمبڵێ بزانم دینداریەكەت چ جۆرە؟
﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ سورة يوسف (١٠٨) لە تەفسیری سەعدی دا هاتووە كە: (خوای گەورە بە پێغەمبەرەكەی موحەممەد (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿قُلْ﴾ واتە: بە

خەڵکی بڵێ ﴿هَذِهِ سَبِيلِي﴾ ئەمە ڕێبازی منە کە بانگتان دەکەم بۆ لای، ئەویش ئەو ڕێگایەیە کە خاوەنەکەی دەگەیەنێتە لای خوای گەورە و لای خانووی ڕێزو کەرامەتی، ناوەڕۆکی ئەو ڕێگایە هەبوونی زانستە بە هەق و ڕاستی و کارکردنە پێی و قوربانیدانە لەپێناویدا، هەروەها نواندنی دڵسۆزییە بۆ خوای تاك و تەنها کە هاوەڵی نیە، ﴿أَدْعُو إِلَى اللَّهِ﴾، واتە: خەڵکی هاندەدەم تا بگەن بە پەروەردگاریان، حەزیی ئەو گەیشتنە تیایاندا دروستدەکەم، هاوکاتیش هۆشداریان دەدەمێ لە سەرئەنجامی خراپی خۆ بەدوور گرتن لێی.

وێڕای ئەوە من ﴿عَلَى بَصِيرَةٍ﴾ بەرچاوڕوونم بە دینەکەم، واتە: زانستم پێی هەیەو یەقینێکم هەیە کە جێگای گومانی تێدا نابێتەوەو هیچ دوودڵی و ڕووپامایییەك هەڵناگرێ.

﴿وَ﴾ هەروەها ﴿مَنِ اتَّبَعَنِي﴾ ئەو کەسەی شوێنمدەکەوێ ئەویش هەر بانگەواز بۆ لای خوای گەورە دەکات و بەرچاوڕوونە بە کارەکەی. ﴿وَسُبْحَانَ اللَّهِ﴾ خوای گەورە پاکوبێگەردە لەو شتە ناشیاوانە کە دەدرێنە پاڵ گەورەیی و شکۆمەندی ئەو زاتە، یان دژە لەگەڵ کەماڵی ئەو زاتەدا.

﴿وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ ئەمەش دەبێ لە هەموو کاروبارەکانمدا بێت، بەڵکو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەیپەرستم و ئاینداری ئەنجام دەدەم.

نهێنییەکە ئەمەیە: بۆ ئەوەی بەرچاوڕوون بیت دەبێت جیاوازی بخەیت لەنێوان دوو جۆر ئایندارییدا:

١-**ئاینپەروەری (ڕەسەن):** پەنا بە پەروەردگاری دەگرێ و دەیکاتە قەڵای پارێزەری خۆی.

ئاینپەروەری (ناڕەسەن) خۆی وەها دەبێنێ کە پارێزەر و بەرگریکارە لە خوای گەورە.

٢-**ئاینپەروەری ڕەسەن:** سەرقاڵە بە باوەڕ و بەهاکانی خۆیەوە ئەوکات لە قاڵبی خودپەرستی دێتەدەر و فێری ئاینەکەی دەبێت.

بەڵام ئاینپەروەری ناڕەسەن: خۆی سەرقاڵدەکات بە حوکمدان لەسەر کەسانیتر و هەڵسەنگاندنیان، دێت کەسانیتر کافر دەکات و دەبێتە

مایـەی دوورکەوتنـەوەی خەڵکـی لـە ئاینداریـی.

٣-**ئاینپـەروەری رەسـەن:** خـوای گـەورە دەکاتـە دادوەرو هەمـوو شـتێك دەگێڕێتـەوە بـۆ لای پـەروەردگاری. بـەڵام ئاینپـەروەری نارەسـەن دادوەری دەداتـە دەسـت کۆمـەڵ و رێبـازو و سیاسـەتی خـۆی و دەیخاتـە پێـش ئاینەکـەی.

٤-**ئاینپـەروەری رەسـەن:** هەمـوو کۆششـی بـۆ ئەوەیـە تـا بچێتـە بەهەشـت، بـەڵام ئاینپـەروەری نارەسـەن ئیجتهـاد دەکات تـا حوکمبـدات بەسـەر چارەنووسـی خەڵکیـدا. پلـەو پایـەی بەهەشـت یـان دۆزەخ دابەشـدەکات بەسـەریاندا.

٥-**ئاینپـەروەری رەسـەن:** بانگـەواز دەکات بـە باشـترین شـێوە و بـە دانایـی بـۆ لای پـەروەردگاری و چاکـەش لەگـەڵ خەڵکیـدا دەکات...

بـەڵام ئاینپـەروەری نارەسـەن: بـە خوێنڕشـتن و بە شـێواندنی جەسـتەو سـوکایەتیکردن بـە دروسـتکراوانی خـوا بانگـەواز بـۆ لای پـەروەردگاری دەکات...

خوایە گیـان پارچەکانـی جەسـتەمان بـە گوێڕایەڵیکردنـی خـۆت جـوان بکـە، بمانگێـڕە بەوانـە کـە نیشـتەنی فیردەوسـی بـاڵان لـە ئیمانـدارە راسـتەقینەکان.

## درکاندنی ڕاستییەکان -شانزەیەم-

ئەگـەر دەتەوێـت لـە نـاو شـیرینی بـاوەڕدا بژیـت و تـام و چێـژی بکەیـت دەبێـت لـە رەفتـار و هەسـتەکانتدا خـوای گـەورە هـاودەم و ئامادەیـی هەبێـت، دەبێـت خـوای گـەورەو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) لـە پلـەی یەکەمـدا بـن، لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) بـە فەرمـوودەی صەحیـح هاتـووە کـە فەرموویەتـی: ((سێ سـیفەت –یـان نیشـانە- هـەن لـە هەرکەسـێکدا بوونیـان هەبێـت ئـەوا تامـی شـیرینی بـاوەڕ دەچێـژێ: خـواو پێغەمبـەری خـوای لا خۆشەویسـتتربن لـە هـەر شـتێکیتر، مـرۆڤ هەرکەسـێکی خۆشویسـت تەنهـا لەبـەر خـوای گـەورە خۆشـی بوویـت، پێیناخۆشـبێت

بگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی دوای ئەوە کە خوا رزگاریکردووە لێی هەروەك چۆن پێیناخۆشە فڕێبدرێتە ناو ئاگر)). (بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە).

پێشەوا نەوەوی لە راڤەکردنی صەحیحی موسلیمدا، فەرموودەی (٤٣) دەڵێ: (ئەمە فەرموودەیەکی مەزنە، پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام، زانایان بە رەحمەت بن وتوویانە: واتای شیرینی باوەڕ بریتییە لە:

١- چێژبردن لە پەرستش و گوێڕایەڵی.

٢- ئارامگرتن و بەرگەگرتن لەسەر نارەحەتییەکانی بەدەستهێنانی رەزامەندی خوای بالادەست و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، لەپێشگرتنی ئەو مەبەستەو دانی بەسەر شتە زرق و برقەکانی دنیادا.

٣- مرۆڤ بە کردەی گوێڕایەڵیی پەروەردگارەکەی لا خۆشەویست ببێت، وازبێنێ لە سەرپێچیکردنی، ئینجا خۆشەویستی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیشی (ﷺ) دەستدەکەوێ).

نهێنییەکە لەمەدایە کە دەبێت: خۆشەویستی خوای گەورە بدەیت بەسەر هەر خۆشەویستییەکی تردا.

دەبێت خۆشویستنی پێغەمبەری خوایش بدەیت بەسەر هەر خۆشەویستییەکی تردا.

دەبێت لە پەیوەندییەکانت لەگەڵ دەوروبەرتدا خۆت رزگاربکەیت لە خۆپەرستیی و لە زمانی بەرژەوەندییی، دەبێ ئەمەش بە ئاستێك بێت کە مەبەستی هەژمووندار بریتی بێت لە برایەتیی لەپێناو خوای گەورەدا.

تامەزرۆبوون بۆ خۆشویستنی خوای پاکوبێگەرد و وێناکردنی زەینی لەگەڵبوون و لە خزمەتبوونیدا، لە دڵەوە دەستپێدەکات کە ئەمیش قەناعەت پێشیدەکەوێ ئینجا بە رەفتاری ئەرێنی کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت، هەموو ئەم کۆششکردنە بە ئیرادەیەکی ئیمانیی بەهێز دەبێت کە زاڵدەبێت بەسەر خواست و گومڕاییەکانی دەروون

یـان خەڵەتێنەرەکانـی ژیانـدا یـان تەنانـەت زاڵدەبێـت بەسـەر هەرجـۆرە خۆسـەپاندنێ کـە بیەوێـت ناچـارت بـکات واز لـە باوەڕەکـەت بێنـی.

شـیرینی بـاوەڕ شـتێکە تـۆ خـۆت دروسـتیدەکەیت، کـەس پێتنابەخشـێ... کەواتـە قۆڵـی جوامێـری و مەردایەتـی و جیددیەتـی لێهەڵماڵـە.

خوایـە گیـان تـام و چێـژی بـاوەڕ بـە دڵەکانمـان ببەخشـە... شـیرینی بـاوەڕ بـە زاتـی خۆتمـان پێببەخشـە.

## درکاندنی ڕاستییەکان -حەڤدەیەم-

من کێم و دیدو بۆچوونم لەسەر زانست و مەعریفە چییە؟

مـن لـە بانگەشـەکارانی گێڕانـەوەی چەڵەمـەی کاتژمێـر بـۆدواوە نیـم، واتـە موسـڵمانان بخرێنـە نێـو کۆمەڵـە مەسـەلەیەکەوە کـە کۆتاییـان هاتـووە، هەروەهـا رازی نابـم زانسـت ببێتـە داردەسـت و بچێتـە بنباڵـی هیـچ لایەنێکـەوە...

بەهەمانشـێوە بەرگریـکار نیـم لـە هـزری بـاو و هـزری هـاوردەو هـەر گوتارێکیـش کـە گەردنـی دەق بـە مەبەسـتێکی تایبـەت بقەمچێنێتـەوە...

زانسـت بـەرز و بالایـەو هیـچ شـتێکی ئـەم سـەرزەوییە لەسـەرروویەوە نیـە، بـەڵام لە روانگـەی فیقهـی میـزان و دروسـتبینی قورئـان و هۆشـیاری سـوننەت و خوێندنـەوەی هاوچـەرخ و زەمانـەدا دێـم هاوسـەنگی دەکـەم لەنێـوان دەق و واقیعـدا، لێـرەوە مەعریفـەو فیقـە و هـزر و پـەروەردەو ئـەدەب بەخەرجـدەدەم، ئەویـش لـە دیدێکـدا کـە دەسـتەملانی قورئانـی پیـرۆز بێـت و لـە سـایەی سـوننەتی پێغەمبـەردا (ﷺ) ڕێـی ڕۆشـن بێـت، ئینجـا لـەدوای هەوڵـی بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە دێـم بەرژەوەنـدی خەڵکـی دەکەمـە کارە گرنگتـر و لەپێشـترینەکانم..

نهێنییەکە ئەمەیە:

١- هـەر مەعریفـەو شـارەزاییەك سـودێك پێشـکەش بـە واقیـع نـەکات ئـەوە مەعریفەیەکـی زیـادەو بێبەهایـە...

٢- هـەر مەعریفەیـەك جیـاوازی نەخـات لەنێـوان بـاش و باشـتر و چـاك

و چاکتردا ئەوە ئایندەو دواڕۆژی نیە.

٣- ئەم ئامۆژگارییەم لێوەربگرن و دەستی پێوەبگرن کە لە بنەڕەتدا هی زانایەکی گەورەیە، پێشەوا شاتیبی دەڵێ: (مەرج نیە هەموو زانستێك با هەقیش بێت بوترێ و بڵاوبکرێتەوە، پێشەوا مالیك لەبارەی خۆیەوە وتوویەتی کە چەندین فەرموودەو زانستی لایە نەیدرکاندوون و باسیشی نەکروودن، ئەو قسەو گوفتارێکی پێناخۆشبووە کە کردەوە بەرهەم نەهێنێت، هەروەها هەوڵیداوە کە ئەوانەی پێش خۆیشی هەمان شتیان پێناخۆشبووە. دەی تۆیش سەرنجبدە لەم مانایەو لە مەرجەکانی، چونکە تۆ مەسەلەکەت دەخەیتە پێشچاوی شەریعەت، جا ئەگەر لە تەرازووی هەڵسەنگاندندا راست دەرچوو ئەوکات بزانە ئەنجامەکەی بۆ باری سەردەم و خەڵکەکەی چۆنە، جا ئەگەر باسکردنی نەبووە هۆی روودانی خراپەیەك ئەوا لە زەینی خۆتدا پیشانی ئەقڵەکانی بدە، ئەگەر پەسەندییان کرد ئەوکات دەتوانی باسیبکەیت، ئەگەر لەو مەسەلانە بوو کە گشت خەڵکی پەسەندییانە ئەوا باسیبکە بۆ گشت خەڵکی، بەڵام ئەگەر لای گشت خەڵکی پەسەند نەبوو ئەوکات وەرە باسیبکە بۆ کەسانی تایبەت، وە ئەگەر هاتوو ئەو مەسەلەیەت مەسەلەیەکی رێگاپێنەدراو بوو ئەوا بێدەنگبوون لێی پەیڕەو دەکرێ، ئەویش بەپێی بەرژەوەندی شەرعیی و ئەقڵیی). الموافقات بەرگی ٥/ ل ١٧١.

کەواتە خۆتان فێرببن و کەسانیتریش فێربکەن، ئەو مەسەلەو زانستە پێشبخەن کە فەرزتر و زەرورتر و سودمەندترو چاکترە...

## درکاندنی ڕاستییەکان -هەژدەیەم-

ئامانج وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆرە، هەر بەم قەناعەتەوە دەچمە خزمەتی خوای گەورەم.

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم چوار ڕێیاندایین، بۆیە پێویستە ژیرمەندان و دانایان هاوکاری یەکتربن تا گرفتەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکەن، ئەوەش:

١- بە حیکمەت و دانایی.

٢- بە وتوویژ و مشتومڕکردن بە باشترین شێواز و بە ئەتەکێتی جوان و بەوەی کە سودمەندە.

٣- چارەسەرکردنی هزر بە هزر دەبێ.

٤- دانانی چارەسەری ریشەیی بۆ گرفتەکانی لاوان.

٥- چارەسەری ریشەیی راستەقینە بریتییە لە:

أ- (ئاڵوگۆڕکردنی دەستەڵات بە شێوازی ئاشتییانە)، چاککردنی سیستمی سیاسی ئەویش بە گەڕانەوە بۆ سندوقەکانی دەنگدان و کردنیان بە ناوبژیوانی راستەقینە، بەجۆرێ گەلان ئازادبن لە هەڵبژاردنی ئەو کەسەدا کە دەبێتە فەرمانڕەوایان.

ب- دەبێت یاسا سەروەر بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەبێ شەفافییەت و روونی لە فەرمانڕەوادا ئامادەیی هەبێت و نەترسێت لە لێپێچینەوەو لێپرسینەوە.

ج- دەبێ کەسانێ فەرمانڕەوایی وڵات بکەن کە هەڵگری سیفەتی لێهاتوویی بن لە کارگێڕیدا و چاکبوونی خودی تیایاندا کۆبووبنەوە، واتە کەسانێك بن لە خوای گەورە بترسن.

د- تێوەنەگلابن لە:

١- گەندەڵیی داراییدا،

٢- گەندەڵیی کارگێڕی.

٣- گەندەڵیی کۆمەڵایەتی.

٤- رێگیری بکەن لە گەندڵیی بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەویش لەرێگای:

أ- جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان لەیەکتر.

ب- هەبوونی دەزگایەکی چاودێریی کارا..

ئینجا ماڵ و سامانی گەلان تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەرجبکرێ.

ج- هەبوونی پلانێکی گەشەپێدانی گشتگیر، ئەوکاتیش بەڵای هەژاریی و بێکاریی تەواودەبێ، یان بەلانیکەمەوە سوك دەبێت، بەم پێیەش بەشدار دەبێ لە وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر...

## درکاندنی ڕاستییەکان - نۆزدەیەم- (هەشت هەنگاو)...

وابزانە تۆ لەم کۆتا دە شەوەی ڕەمەزاندا لەگەڵ پێغەمبەری خوای گەورەدایت (ﷺ)...

چاکترین شتێك کە بیکەینە دەسپێکی یەکەمین شەو لە کۆتا دە شەوی ڕەمەزان... ئەوەیە کە بەرنامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێنینەوە بیرمان کە لە دە شەوی مانگی ڕەمەزاندا پەیڕەوی کردووە:

١- (هەرکات پێغەمبەر (ﷺ) بکەوتایەتە دە شەوەکەوە خۆی گورجدەکردەوەو شەوبێداریی دەکرد و هاوسەرەکانیشی هەڵدەساند)). بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە لەفزەکە هی بوخارییە.

لە کۆتا دە شەوەکەدا هاوسەرکانی لە خەو هەڵدەستاند، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە فەردووەدی ڕاست هاتووە کە: (لەو دە شەوەدا سەردانی فاتیمەو عەلی دەکردو تەقەی لە دەرگایان دەداو دەیفەرموو پێیان: (ئادەی هەستن بۆ نوێژەکانتان) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ بە شەو کە نوێژی تەهەجودی تەواودەکرد و دەیویست وەتر بکات عائیشەی لەخەو هەڵدەسان.

لە کتێبی (الموگأ) دا هاتووە کە عومەری کوڕی خەتتاب بەشەودا ئەوندەی بویستایە شەونوێژی دەکرد، تا کاتێ دەگەیشتە نیوەشەو ئیتر خێزان و خانەوادەکەیی هەڵدەساند بۆ نوێژکردن، پێیدەوتن نوێژە نوێژ...

٢- بۆ خۆگورجکردنەوە لەو دە شەوەدا هەندێ کەس بەوە لێکیدەدەنەوە کە کینایەیە بۆ زۆر لێبڕان و جیددییەت و خۆماندووکردن لە پەرستشکردندا و بۆ دابڕان لە هاوسەر تیایاندا، پێشینان و زانا پێشینەکانیش وەها لێکیانداوەتەوە.

٣- لەگەڵ بانگدا زوو ڕۆژووی شکاندووە بەڵام پارشێوی دواخستووە

بۆ دوا کاتەکانی مۆڵەتی خواردن تیایدا...

٤- پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان بانگی ئێوارەو بانگی خەوتناندا خۆی شۆردووە.

٥- خۆ پاکوخاوێنکردن راگرتن و خۆ رازاندنەوەو بۆنخۆشکردن لەو شەوانەدا کە بەدوای شەوی قەدردا گەڕاون.

٦- ئیعتیکاف کردن، چونکە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆتا دە شەوی رەمەزاندا چووەتە باری ئیعتیکاف و تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کردووە بەردەوامبووە، مانای ئیعتیکافیش ئەوەیە کە هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ خەڵکیدا بپچڕێت تا پەیوەندی لە خزمەت پەروەردگاردا بونیات بنرێت.

٧- گەڕان بەدوای شەوی قەدردا، چونکە لای خۆشەویستان شەوی خۆشبەختی و دیدەنیکردنە لەگەڵ گەورەکەیان و نزیکبوونە لێیەوە...

٨- گرتنەبەری هۆکارەکانی لێخۆشبوون وەك بەربانگکردنەوە بۆ رۆژووەوانێك، سووککردنی ئەرکی قورس لەسەرشانی کەسێکی ماندوو و زەحمەتکێش..

ئەی برایانی خۆشەویست و خوشکە بەڕێزەکان:

لە پرۆسەی ئەنجامدانی کردەوە چاکەکاندا میکانیزمی گۆڕانکاری پەیڕەو بکەن و با فرەجۆر بن، خۆتان زۆر ماندوو بکەن لە پەرستشەکانتاندا چونکە ئێستە ئێمە لە سەردەمی بەڵادایین و پاداشت چەندبارەیە، دڵنیابن و بڕواتان وابێت کە خوای گەورە بۆتان قەرەبوو دەکاتەوەو بەزەیی بەو کەسەدا دێتەوە کە قۆڵی مەردانەی پەرستشکردنی هەڵماڵیوە، رێزو پایەی بەرزدەکاتەوە...

هەمیشە ئەم نهێنییەتان لەبیر بێت کە بەختەوەریتان لە پەرستشکردندایە، خوای گەورە من و ئێوەش سەرکەوتوو بکات و بمانخاتە ڕیزی ئەو کەسانە کە لە رزگاربووانی مانگی رەمەزانی پیرۆزن..

## درکاندنی ڕاستییەکان -بیستەم-

جیاوازی لەنێوان ئاینپەروەری ئەرێنی و ئاینپەروەری نەرێنیدا زۆر زۆرە.
ئاینپـەروەری ئەرێنـی کەسـێکی کاراو ژیـرەو بـە ئەقڵـی دەجوڵێتـەوە.
ئاینپەروەری نەرێنی کەسێکە زوو توڕە دەبێت و ژیرمەند نیە.
نهێنییـەك لێرەدایـە کـە: دەبێـت بـاوەڕت بـە خـوای گـەورە لەوپەڕیـدا بێـت و پلـەی ڕەهایـی وەربگرێـت، ئەویـش لەسـەر تێگەیشـتن و ئیـرادەو لێبـڕان بونیاتنـراوە.
بـەڵام کەسـێك کـە باوەڕەکـەی لەسـەر چاولێکـەری و لاساییکردنەوە بونیـات دەنـێ، ئـەو بیروبۆچوونـەی دواتـر بەشـێوەی تەمومژاویـی دەردەکـەوێ و کەسـێکی دوودڵـەو لـە دڵەڕاوکەدایـە...
ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خواتـان (ﷺ) لەبیـر بێـت کـە فەرموویەتـی گومانباشـیی بەرانبـەر بـە خـوای گـەورە بەرهەمـی جـوان پەرسـتن و چـاك پەرستشـکردنە..
لەڕاسـتیدا پەرستشـی چـاك و بـاش نازانـێ توڕەیـی و هەڵچـوون و دڵەڕاوکـە چییـە...
دەی تـۆ ئـەو پـڕۆژە بکـەرو کارا ئەرێنییـە بـە نـەك کەسـێکی زوو تـوڕەو هەڵچوو.

# بەشی سێیەم
# فەتوا

# فەتوایەکی پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرەداغی دەربارەی دراوی ئەلکترۆنی

بسم الله الرَّحمن الرَّحيم

ژمارەی دراوە ئەلکترۆنییەکان هەتا ئێستا گەیشتۆتە نزیکەی ٩٠٠٠ دراو، لەوانەش بت کۆین و وەن کۆین، لە راستیدا ئەو دراوەی کە تا ئێستا زۆر بەناوبانگە بت کۆینە، وەن کۆین ناوبانگێکی ئەوتۆی نیە، تەنها لە کوردستان ئەو رەواجە زۆرەی پێدراوە، هەتا ئێستا هیچ وڵاتێك دانی بە وەن کۆیندا نەناوە، ئەوەی کە هەیە شتی پچڕ پچڕ و متمانە پێکراو نیە، بەلام دەبێت راستییەك بزانین کە ئەمە بەشێکە لە دەرهاویشتەکانی سیستەمی ئابووری سەرمایەداریی، ئەو لەسەر بنەمای قازانج مامەڵە دەکات، لەبەرئەوە گوێ نادا بەوەی دراوەکە دانی پێدانراوە یان نا، ئەوان بە شوێن باجدا دەگەڕێن، مەبەستیان نیە ماهیەتی ئەو شتە چیە.

لە ساڵانی هەشتاکاندا option سەری هەڵدا، واتە تۆ مافی شتێك دەفرۆشی، سەرەتا کە سەریهەڵدا خەڵك زۆر حەزی لێدەکرد، بەلام بەڕای هەموو توێژەرانی بواری ئابووری ئەوە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨ هەتا ئێستا تێیکەوتووە، دەبێت ئێمەش ئەوە بزانین کە نابێت هەر شتێك سیستەمی سەرمایەداری دایهێنا ئێمە وەك عورف سەیری بکەین و مامەڵەی پێوە بکەین، ئێمە وەك موسڵمان بۆچوونی ترمان هەیە کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی ئابووری ئیسلامی، ئابووری ئیسلامی لەگەڵ موڵکایەتی و بووندا مامەڵە دەکات، مامەڵە لەگەڵ شتی خەیاڵیدا ناکات.

لە ئابووری ئیسلامیدا رەگەزەکانی چالاکی ئابووری پشت بە (٥) بنەما دەبەستێت:

١- بەرهەمهێنان.

٢- خەرجكردن.
٣- ئاڵوگۆڕ.
٤- دابەشكردن.
٥- دووباره دابەشكردن.

من دەڵێم دەبێت رەگەزی یەكەم موڵكایەتی بێت لە موڵكایەتیەوە بەرهەم دروست دەبێت لە دوایشدا ئەوەكانی تر.

دەبێت هۆكارێك هەبێت كە تۆ شتێكت هەبێت وەك موڵكی تۆ بناسرێت جا ئەو شتە ماددی بێت یان مەعنەوی، دەبێت ئەو شتەش بوونێكی هەبێت، واتە بەرجەستە بێت بۆئەوەی پێوانە بكرێت، ئەوانەی ئێستا رابەرایەتی ئەو پرۆسەیە دەكەن زۆر ویستیان رای من بزانن، وەفدێكی ئەوانەی وەن كۆین هاتن بۆ قەتەر بە باشی گوێم لێگرتن، بەلام من پەلەم نەكرد لە فەتواكەدا، من ماوەی شەش مانگ توێژینەوەم لەسەر كرد لە ئەنجامی ئەوەشدا (٥) پرسیاری گرنگم بۆ دروست بوو، من ئەو (٥) پرسیارەم ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەكان كرد، وتم ئێوە وەلامی ئەو (٥) پرسیارەم بدەنەوە دوایی هەڵوێستی خۆمتان پێ دەڵێم.

**یەكەم/** پرسیارم ئەوەبوو، ئایا ئەم پارە كە وەردەگیرێت لە بەرامبەر وەن كۆین دەچێتە كوێ؟ بەپێی زانیاری دروست دەچێتە گیرفانی ئەو كۆمپانیایەی كە سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە دەكات و یەك فلس نامێنێتەوە بۆ بەشداربووان.

**دووەم:** ئایا هیچ كۆمپانیایەك هەیە مافی مەعنەوی ئەمانە لەخۆ بگرێت؟

**سێیەم:** ئایا هیچ وڵاتێك هەیە زەمانەتی ئەم وەن كۆین و بت كۆینە بكات، بۆ نموونە دیناری عێراقی عێراق پشتیوانی دەكات، ئەی ئەم وەن كۆینە كێ پشتیوانی دەكات. واتە زەمانەتی نیە.

**چوارەم:** ئایا هیچ كۆمپانیایەكی پشكدار هەیە كە خۆی بكات بە خاوەنی ئەم دراوانە و وەك بەشێك لە خۆی حسابی بۆ بكات، وە هەر

کەسێك پشکێك بکڕێت ببێت بە بەشدار لەو کۆمپانیایە؟

**پێنجەم:** چ زەمانەتێك هەیە بۆ ئەو خەڵکانەی کە بەشداریان کردووە لە کاتێکدا ئەگەلر ئەو دراوە پوچەڵ بکرێتەوە؟

لەگەڵ چەند پرسیارێکی تردا کردنمان بە ئینگلیزی و ناردمان بۆیان، بەڵام ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە وەڵام بدەنەوە وتیان ئەم پرسیارانە زۆر نهێنی تێدایە، ئێمە ناتوانین بە تەلەفون یان ئیمەیلا وەڵام بدەینەوە، ئەوان وتیان ئێمە حەز دەکەین سەردانێکمان بکەیت، بەڵام من ئامانجی ئەوان تێگەیشتم، چونکە تەنها ئەگەر وێنەیەکم بگرن لای خۆیان سودی لێ وەردەگرن بۆ شەرعیەتدان بە دراوەکەیان، من رازی نەبووم بەڵکو داوام لێکردن با ئەوان سەردانم بکەن لە قەتەر یان لە هەر وڵاتێکی تر، بەڵام هەتا ئێستا وەڵامیان نەبووە لە دوای ئەوە دوو چاوپێکەوتنم لەگەڵ جەزیرە ئەنجامدا، یەکەمیان بۆ تەئصیلی دراوی ئەلکترۆنی بوو کە دەبێت چۆن بێت، وتم دەبێت دراوی ئەلکترۆنی لە دوو شت پێکهاتبێت: یەکەم ئەوەی پێی دەڵێن زنجیرەی خواڕیزمی (بلۆك چین) ئەمە شتێکی دروستە نابێت ئەمە حەرام بکرێت، چونکە ئایندەی چارەنووسی دراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە.

بەپێی زنجیرەی دراو دەبێت لە (ئاڵوگۆڕ)ەوە دەست پێبکات بۆ شمەك، پاشان بۆ دراو پاشان بۆ دراوی کاغەز پاشان بۆ دراوی ئەلکترۆنی، ئەم دراوە ئەلکترۆنیانە هیچ بوونێکی بەرجەستەیان نیەو لە خەیاڵدا مامەڵەیان پێوە دەکرێت، وەك ئۆپشنی هەشتاکان وایە، یان وەك مارجن و فۆریکسی ئێستا.

ئەم دراوە مامەڵە پێکردنی لە بانك یان بۆ هەرشتێکی تر حەرامە، با ئەوەی کڕیویەتی بیگەڕێنێتەوەو قازانجەکەشی بخاتە کاری خێرخوازیەوە.

من بەشداریم کرد لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر دراوی ئەلکترۆنی، چوار پێنج پرۆفیسۆری ئەمریکی بواری ئابووری بەشداریان کرد، ئەوان وتیان ئێمە پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆر عەلی دەکەین

و هیچ قسەیەكمان لەسەر قسەكانی ئەو نیە، وتیان ئێمە رامان وایە هەموو ئەو دراوانە خەیاڵین، وەك دراو و خراونەتە سەر بلۆك چین.

**ماماڵەكردن بە هەموو ئەو دراوانەوە روویەكی شەرعیان نیە، چونكە خەڵك سەرقاڵ دەكات و پارەیەكی زۆری وڵات روودەكاتە دەرەوە، واتە پرۆسەیەكە بۆ خواردنی ماڵی خەڵك بە حەرام، كەمینەیەك قازانج دەكات لەسەر حیسابی زیانی زۆرینە**

**چارەسەرم بۆ دانان..**

**یەكەم:** دەوڵەتێك بیكات بە دراوی دووەمی خۆی، ئەم دراوە یان بیخاتە پاڵ نەوت و غاز، دراوەكە بەو شتانە پشتیوانی بكرێت لەسەر بنەمای زنجیرەی خوارِیزمی.

**دووەم:** یان كۆمپانیایەكی خاوەن پشك رابگەیەنن هەركەس بە چەند كۆین بەشداری كرد بۆی ببێ بە بەش لە كۆمپانیاكە.

دەربارەی (كیو نێت)یش ئەوە لەلایەن زانایانی كۆمەڵی فیقهی ئیسلامی حەرام كراوە.

لە كۆتایدا دەڵێم ماماڵەكردن بە هەموو ئەو دراوانەوە روویەكی شەرعیان نیە، چونكە خەڵك سەرقاڵ دەكات و پارەیەكی زۆری وڵات روودەكاتە دەرەوە، واتە پرۆسەیەكە بۆ خواردنی ماڵی خەڵك بە حەرام، كەمینەیەك قازانج دەكات لەسەر حیسابی زیانی زۆرینە.

دكتۆر عەلی قەرەداغی

ئەمینداری گشتی یەكێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان

٢٠١٨-٨-١٩

# فەتوا لەسەر چەند پرس و مەسەلەیەکی تایبەت بە قوربانیکردن

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درود و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەری رەوانەکراو بەبەزەیی بۆ جیهانیان پێشەوامان موحەممەد (ﷺ) و لەسەر خانەوادەو یارانی....

مەسەلەی یەکەم: پێناسەی قوربانیی شەرعیی و ئاژەڵی قوربانیی.

مەسەلەی دووەم: حوکمی شەرعی قوربانیکردن.

مەسەلەی سێیەم: کاتی سەربڕینی قوربانیی.

مەسەلەی چوارەم: قوربانیکەر کەسێکیتر بکاتە بریکاری خۆی.

مەسەلەی پێنجەم: شەرعییەتی پێدانی قوربانیی بە کۆمەڵە خێرخوازییەکان.

مەسەلەی شەشەم: یەك سەر قوربانی بۆ هەموو ئەندامانی یەك خێزان.

مەسەلەی حەوتەم: مەبەستەکانی شەریعەت لە قوربانیکردن.

مەسەلەی هەشتەم: چۆنێتی دابەشکردنی قوربانیی.

مەسەلەی نۆیەم: دانی بەشێك لە قوربانیی بە کەسانی غەیرە موسڵمان.

مەسەلەی دەیەم: لەناوچوونی ئاژەڵی قوربانی لەدوای کڕینی یان دەستنیشانکردنی.

مەسەلەی یازدەیەم: قوربانیکردن لەجیاتی کەسانیتر.

مەسەلەی دوازدەیەم: ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ قوربانیکردن دەگونجێن و تەمەنیان.

مەسەلەی سیازدەیەم: سوننەت و ئادابەکانی قوربانیکردن.

مەسەلەی چواردەیەم: ئەوەی کە پەیوەندە بە رێگریکردن لە قوربانیکەر لە تاشینی مووی و نینۆك کردن.

مەسەلەی پازدەیەم: پرسی گواستنەوەی قوربانیی و گرتنی کۆمەڵە خێرخوازییەکان بە بریکار تیایدا.

مەسەلەی شازدەیەم: قوربانیكردن بە بەرخی ئوسترالی، یان دووگ بڕدراو.

مەسەلەی حەڤدەیەم: تێپەڕبوونی كاتی قوربانیكردن.

مەسەلەی هەژدەیەم: نرخی قوربانییەكە بە نەقدی بدرێ بە هەژاران لە جێی سەربڕینی، ئەوەش لەبەر پێویستییان بە پارەكە بە نەقدی زیاتر لە گۆشتەكەی.

مەسەلەی نۆزدەیەم: تایبەتكردنی قوربانیی بە یەك خێزان.

مەسەلەی بیستەم: رادەستكردنی قوربانییەكە (بە زیندوویی) بە خێزانە هەژارەكان كە خۆیان هەستن بە سەربڕینی.

مەسەلەی بیست و یەكەم: نرخی قوربانییەكە بە پارەی نەقد بدرێ بە كۆمەڵەیەكی خێرخوازیی باوەڕپێكراو.

درێژەباسی ئەم مەسەلەو فەتوایانە لە خوارەوە بخوێنەرەوە:

**فەتوا لەسەر: چەند پرس و مەسەلەیەكی تایبەت بە قوربانیكردن.**

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درود و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەری رەوانەكراو و بە بەبەزەیی بۆ جیهانیان و پێشەوامان موحەممەد و لەسەر خانەوادەو یارانی، پاشان:

**مەسەلەی یەكەم: پێناسەی قوربانیی شەرعیی و ئاژەڵی قوربانیی:**

قوربانیكردن بریتییە لە سەربڕینی ئاژەڵانی وەك مەڕ، بزن، رەشە وڵاغ (گا و مانگا) و وشتر لە جەژنی قورباندا، بە مەبەستی پەرستنی خوای گەورەو نزیككەوتنەوە لێی، هەروەها لە سێ رۆژەكەی تری جەژندا، تەنها یەك سەر مەڕ، یان یەك سەر بزن بۆ یەك كەس دەبێ، بەڵام رەشە وڵاغ یان وشتر تەنها یەك دانەیان بۆ قوربانیی حەوت كەس دەبێ.

مەرجی ئەو ئاژەڵە كە دەكرێتە قوربانیی ئەوەیە كە دەبێت سەلامەت بێت لە نەخۆشییەكی عەیبداركەر كە كاریگەری هەبێت

لەسەر گۆشتەکەی، یان لەسەر شکڵ و شێوەی، رای بەهێز ئەوەیە کە ئەگەر ئەو ئاژەڵە بێ دووگ بێت هیچ زیانی نیە، یان دووگی بڕدرابێت، یان خەسێنرابێت، ئەمەش رای بەهێزە لە گوتەی زانایاندا.

لەبەرئەوە ئاژەڵی کوێر کە کوێرییەکەی دیاربێت بۆ قوربانی نابێ، یان نەخۆشییەکی دیاری هەبێت، نابێت شەل بێت بەجۆرێ شەلییەکەی بەرچاو بێت، نابێت لەڕ بێت کە گۆشتی پێوە نیە، هەروەها نابێت لەبری (کرێی) سەربڕینەکەی هیچ بەشێکی قوربانیی لێبدرێ بە قەسابەکە، نابێت نە گۆشت و نە پێستەکەی بفرۆشرێت.

دەبێت هەموو پارچەکانی جەستەی قوربانییەکە ببەخشرێتەوە تەنانەت پێست و مووەکەشی...

کەواتە پێویستە موسڵمان لەڕووی قەڵەوی و زۆری گۆشتەوە باشترین ئاژەڵ بۆ قوربانیکردن هەڵبژێری، هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەر عەیبێك لەو عەیبانەی پێشەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ﴾ سورة الحج (١٣).

**مەسەلەی دووەم: حوکمی شەرعیی قوربانیکردن:**

لەڕاستیدا ئەو بەڵگانەی کە قورئان و سوننەت پشتگیریان لێدەکەن بریتییە لەوە کە حوکمی شەرعیی قوربانیکردن ڕێوڕەسمێکی پیرۆزی ئاینیی گەورەیە، سوننەتێکی موئەککەدە، ئەم ڕێوڕەسمەش واجب نیە نە لەسەر حاجی و نە لەسەر غەیری حاجی، حەنەفییەکان و ئەوانەش هاوڕایانن وتوویانە قوربانیکردن واجبە. چونکە ئەو فەرمانەی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە بۆ فەرزە و دەبێ جێبەجێ بکرێ، ئەویش ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾، قەتادە و عەتاو و عەکرمە و هیتریش بە قوربانیی راقەیان کردووە، ئەوەش بە پشتبەستن بە فەرمانەکە کە دەڵێن لەڕاستیدا فەرزە. بەڵام کۆی زانایان بەڵگەی بەهێزیان هێناوەتەوە کە واجب نیە ، وتوویانە: ئەوەی کە لە فەرمانەکەدا باس لە فەرزبوونی دەکات رای جیاوازی لەسەرە، ئەوەی کە رای بەهێزە ئەوەیە کە تەنها بۆ داواکردنە، پاشان ئەوە

> **خێری قوربانیکردن لە خێری هەر خێرێکی تری گشتی زیاترە**

بەڵگەکانن کە مەسەلەی فەرزبوونی یان سوننەت بوونی دیاری دەکەن، یان بۆ ڕێنماییی و تەبلیغە یان بۆ ڕێگاپێدانە، هەروەها لەفزی ﴿وَانْحَرْ﴾ دەقێك نیە لە قوربانیدا، بەڵکو لەوانەیە مەبەست پێی سەربڕینی ئاژەڵی دیاریی مەککە (هدی) بێت کە حاجی لە حەجدا سەریدەبڕێ، چونکە سورەتەکە مەککییە.

بەڵگەیەکیتر لەسەر فەرزنەبوونی قوربانیی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموێ: ((هەرکات دە ڕۆژی یەکەم لە مانگی زیلحیججە هاتەپێش و یەکێك لە ئێوە ویستی قوربانی بکات با موو لە سەر و پێستی نەکاتەوە))، بەڵگە دیارییەکە لە فەرموودەکەیدا (ﷺ) وشەی (وأراد) کە بەڵگەیە لەسەر سەرپشککردن بە کردن یان بە نەکردنی.

چەندین فەرموودەی تر هەن کە بەڵگەن لەسەر ڕەوایەتی قوربانیکردن و لەسەر خێر و چاکەکەی، زانایان کۆدەنگن لەسەری هەروەك ئیبن قودامە لە (المغنی) دا باسیکردووە.

بەڵام مەعلومە کە خێری قوربانیکردن لە خێری هەر خێرێکی تری گشتی زیاترە، زانایانێکیش هەن دەڵێن کە خێرکردن بە نەقدی خێرتر و باشترە، ئەمەش لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە، بەڵام ڕای یەکەم بەهێزتر و لەپێشترە.

**مەسەلەی سێیەم: کاتی سەربڕینی قوربانیی:**

کاتی سەربڕینی قوربانیی لە ڕۆژی دەی مانگی زیلحیججەوە لەدوای نوێژی جەژن یان بەڕادەی تەواوبوونی کاتی نوێژەکە دەستپێدەکات

تا کاتی خۆرئاوابوونی رۆژی چوارەمی جەژن واتە (١٠، ١١، ١٢، ١٣) لە مانگی زیلحیججە، هیچ رێگیرییەك نیە لەوەی سەربڕین لەو چوار رۆژەدا هەر لەدوای نوێژی جەژنەوە لەگەڵ رەچاوکردنی کۆتاییهاتنی هاتنی کاتەکەی بە خۆرئاوابوون لە رۆژی ١٣ مانگدا، بەشەو یان بە رۆژدا بێت، باشترین کاتیش لەو ماوەیەدا ئەو کاتەیە کە بەرژەوەندی هەژارانی تێدا دەستەبەر دەبێت.

**مەسەلەی چوارەم: قوربانیکەر کەسێك بکاتە بریکاری خۆی:**

بە کۆدەنگی زانایان رێگادراوە کە کەسی قوربانیکەر دەتوانێ لە سەربڕینی ئەو ئاژەڵەدا کە دەیکاتە قوربانیی کەسێکیتر بکاتە بریکاری خۆی، ئەگەرچی باشتر وایە کەسی قوربانیکەر ئەگەر هاتوو توانای ئەو کارەی هەبوو خودی خۆی هەستێ بە سەربڕینی قوربانییەکەی، دواتریش بە تێروتەسەلی قسەی لێدەکەین.

**مەسەلەی پێنجەم: شەرعییەتی پێدانی قوربانیی بە کۆمەڵە خێرخوازییەکان:**

بەم پێیە ئەو پرۆسەیە کە کۆمەڵە خێرخوازییەکان پێی هەڵدەستن لە کۆکردنەوەی نرخی قوربانییەکان، پاشانیش لەرێگای لقەکانیانەوە هەڵدەستن بە سەربڕینیان لەو وڵاتانەدا کە نەدارن و پێویستییان پێی هەیە ئەوا بە کۆدەنگی زانایان کارێکی رەواو شەرعییە، نابێت رەخنەو نارەزایی لەو کارە بگیرێ یان گومان لەسەری دروست ببێت مادامێ ئەو کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی خێرخوازیی متمانەپێکراوە و بە جوانی هەڵدەستێ بە راپەڕاندنی کارەکە.

**مەسەلەی شەشەم: یەك سەر قوربانیی بۆ هەموو ئەندامانی یەك خێزان:**

یەك سەر قوربانیی بەشی هەموو ئەندامانی یەك خێزان دەکات، چونکە پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەیدا لە عائیشەوە (خوا لێی رازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ): بەرانێکی هێنا تا بیکاتە قوربانیی، ئینجا رایکێشا، پاشان فەرمووی: ((بەناوی خودا، خودای

گەورە ئەم قوربانییە لە موحەممەد و لە خانەوادەی موحەممەد و لە ئوممەتی موحەممەدی قوبوڵ بکە)) پاشان کردییە قوربانی، تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) ((دوو بەرانی شاخداری رەنگ بۆری کردە قوربانی)). لە ریوایەتێکیشدا هاتووە کە: ((لە کاتی سەربڕینی دووەمدا فەرموویەتی: ((لەجیاتی هەرکەسێکی ئوممەتی من کە باوەڕی هێناوەو باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی من کردووە)). بەڵام بۆ کەسێ کە توانای دارایی هەیە باشترە کە قوربانیی زۆرتر بکات.

**مەسەلەی حەوتەم: مەبەستەکانی شەریعەت لە قوربانیکردن:**

قوربانیکردن زۆر مەبەستی شەرعی و حوکمی جۆراوجۆر و سودی گەورەی تێدایە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- دەستەبەرکردنی بەندایەتییە بۆ خوای گەورە لە بواری ماڵ و دارایيدا، بە گەورە راگرتنی رێوڕەسمە پیرۆزەکانیەتی، چونکە قوربانیکردن پەرستشێکی داراییە بۆ خوای گەورە، هۆکارێکە بۆ نزیککەوتنەوە لە خوای گەورە، ئەوەش لەڕێگای خەرجکردنی بەشێك لە ماڵ و سامان بۆ راپەڕاندنی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

٢- سوپاسگوزاریی لەسەر بەخشینی نیعمەتی ماڵ و سامان، لەبەرئەوە قوربانیکردن تەنها لەسەر کەسێك دانراوە کە ماڵ و سامانی هەبێت و توانای قوربانیکردنی هەبێت.

٣- بەجێگەیاندنی مافی برایەتی ئیمانیی و بەشداریکردن لە دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی کە پێویستە بە هۆکاری بەردەست جێبەجێ بکرێ.

٤- دڵخۆشکردنی هەژاران تا هەست بە خۆشی جەژن بکەن و لەگەڵ ئەوانیتردا ئەو خۆشییە بنوێنن.

٥- دڵفراوانیی و نواندنی سەخاوەت بەرانبەر بە خود و ماڵ و خێزان لە جەژندا.

٦- زیندووکردنەوەی سوننەتی گەورەمان پێغەمبەر ئیبراهیمە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، پارێزگاریکردنە لەو سوننەتە لە یادەوەریی

و لە پراكتیزەكردندا، چونكە ئەو لێبڕا كە ئیسماعیلی كوڕی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بكاتە قوربانیی. بەڵام ئەوەبوو خوای گەورە قوربانییەكی گەورەی لەجیاتی ئیسماعیل كردە قوربانیی.

ئەمەش كارێكی پێشەنگییە تا كەسانی گەورەو لاوان و ئافرەتان چاوی لێبكەن، پەروەردەكردنە لەسەر گوێڕایەڵیكردنی خوای باڵادەست لەڕێگای بەخشینی بەنرخترین شتێك كە مرۆڤ هەیەتی.

**مەسەلەی هەشتەم: چۆنێتی دابەشكردنی قوربانیی:**

كەسی قوربانیكەر قوربانییەكەی دابەشدەكات بەسەر هەژاران و خاوەن پێداویستییەكاندا، بەشێكی دەهێڵێتەوە بۆ خۆی و ماڵ و خێزانی، ئەمەش لە بارێكدا كە نیەتی نەزری لێ نەهێنابێ، ئەگەر بیكاتە سێ بەشیش ئەوا هیچ نەنگییەكی تێدا نیە، چونكە لە ئیبن عەبباسەوە (خوا لێیان رازی بێت) لە باسی قوربانیكردنی پێغەمبەر (ﷺ) ریوایەتكراوە كە وتوویەتی: ((سێیەكی دەرخواردی ماڵ و خێزانی خۆی دەدا، سێیەكێكی تری دەدا بە دراوسێ هەژارەكانی، سێیەكێكیشی دەكردە خێر بەسەر ئەوانەدا داوایان دەكرد)).

**مەسەلەی نۆیەم: دانی بەشێك لە قوربانیی بە كەسانی غەیرە موسڵمان:**

دروستە بەشێك لە قوربانی بدرێ بە كەسانی غەیرە موسڵمان لەوانەی كە لە وڵاتماندا دەژین و دۆستمانن، هەروەها بدرێ بە خزمەتكار و شۆفێر و كرێكاران و هاوشێوەیان، چونكە ئەمە دەچێتە خانەی ئەو چاكەكارییەوە كە لە سورەتی الممتحنە دا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ سورة الممتحنة (٨)، لە ئیبن عومەرەوە (خوا لێیان رازی بێت) دەگێڕنەوە كە وتوویەتی مەڕێك لەناو ماڵ و خێزانی پێغەمبەردا (ﷺ) سەربڕدرا، كاتێك هاتەوە فەرمووی: ((ئایا بەشتان بردووە بۆ دراوسێ جووەكەمان؟)) (دووجار دووبارەی كردەوە)، گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم (ﷺ) دەیفەرموو:

((جبریل بەردەوام لەبارەی چاكبوون لەگەڵ دراوسێ ڕاسپاردەی دەدامێ تەنانەت وا گومانم برد كە دروسێ میراتی دراوسێ دەبات)).

**مەسەلەی دەیەم: لەناوچوونی ئاژەڵی قوربانیی لەدوای كڕین یان دەستنیشانكردنی:**

أ- ئەگەر كەسی قوربانیكەر ئاژەڵێكی كڕی پاشان لەپێش هاتنی كاتی قوربانیكردنی ئاژەڵەكە لەناوچوو ئەوا هیچی ناكەوێتە سەر، مەگەر لەبارێكدا نەبێت كە ئاژەڵەكە كرابێتە نەزر و بەهۆی كەسی نەزركەرەوە بە ئازاردانی یان كەمتەرخەمیكردن لە پاراستنی لەناوچووبێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا پێویستە كەسی قوربانیكەر ئاژێڵێكی هاوشێوەی بكڕێ و بیكاتە قوربانیی.

ب- بەڵام ئەگەر هاتوو قوربانییەكەی لەدوای كڕینی عەیبدار بوو ئەوا هیچ نەنگییەكی تێدا نیە كە بیكاتە قوربانیی، چونكە پاساوی شەرعی هەیە.

ج- ئەگەر لەدوای دیاریكردنی ئاژەڵی قوربانییەكە ئەو ئاژەڵە بەچكەی لێبوو ئەوا بەچكەكەش لەگەڵیدا سەردەبڕدرێ.

**مەسەلەی یازدەیەم: قوربانیكردن لەجیاتی كەسانی تر:**

**أ- قوربانیكردن لەجیاتی مردوو:**

١-ئەگەر كەسێ ویستی لەجیاتی كەسێكی مردوو كە وەسیەتی كردبێت قوربانیی بكات ئەوا دروستە بۆی بكرێ با ئەو كەسە هیچ ماڵ و سامانێكیشی لێ بەجێنەمابێت، بەڵام ئەگەر ماڵ و سامانی لێ بەجێمابێت و وەسیەتی قوربانیی كردبێ ئەوا بە كۆدەنگی زانایان دەبێت لە سێیەكی ئەو ماڵەی بەجێیهێشتووە ئەو وەسیەتەی جێبەجێ بكرێ.

٢-بەڵام ئەگەر وەسیەتی نەكردبێت قوربانیی بۆ بكرێ ئەوا زۆرینەی زانایان ڕێگایانداوە قوربانیی بۆ بكرێ، بەتایبەتی بۆ باوك و دایك، هەروا دروستە قوربانیی بكات بۆ خزمان یان مردووە خۆشەویستەكانی خۆی ئەمەش ڕای بەهێز و سەلمێنراوی لەسەرە، بەڵام بۆ خێركردنی

تر لەجیاتی خزمان ئەوە بە کۆدەنگی زانایان کارێکی دروستە.

**ب- قوربانیکردن بۆ زیندوو:**

١- دروستە قوربانیی بۆ کەسێکی زیندووی پەککەوتە و بۆ باوك و دایك و بۆ ماڵ و خێزان بکرێ -هەروەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردووە-، هەروەها هەندێ لە زانایان رێگایانداوە کە قوربانی بکرێ بۆ کەسانیتریش لەوانەی کە توانایان هەیە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) قوربانیکردووە بۆ ماڵ و خێزان و بۆ ئوممەتەکەی.

٢- باش وایە قوربانیکەری دەوڵەمەند هەندێ لە قوربانییەکانی بدات بە هەژاران، یان بە غەیری ئەوان، بۆئەوەی ئەوانیش بێبەش نەبن لەو پاداشتە، بوخاری ریوایەتی کردووە کە: ((پێغەمبەر (ﷺ) قوربانییەکانی دابەشکردووە لەنێوان هاوەڵاندا)). ئەوەش بەوە دەبێ کە دەوڵەمەند هەندێ لەو ئاژەڵانەی کە دەیەوێت بیانکاتە قوربانی بە زیندوویی بیانداتە هەژاران یان بە غەیری ئەوان تا خۆیان هەستن بە سەربڕین و دابەشکردنیان، خۆیشیان بەشێکی هەڵگرن بۆ خۆیان، ئەویتریشی دابەشبکەن بەسەر کەسانێکدا کە پێویستییان بەو گۆشتەیە، بەمشێوەیە ئەوانیش بەشدار دەبن لە بەرپاکردنی سروتەکانی خوای گەورە.

**مەسەلەی دوازدەیەم: ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ قوربانیکردن دەگونجێن و تەمەنیان:**

١- زۆرینەی زانایان لەسەر ئەو رایەن کە قوربانیکردن تەنها لەم ئاژەڵانەدا دەکرێ ئەوانیش بریتین لە: وشتر، رەشەوڵاغ (گا و مانگا)، مەڕ و بزن. هەندێ لە زانایانیش کە یەکێکیان حەسەنی کوڕی صاڵحە رایان وایە کە دەکرێ مانگای کێوی بکرێتە قوربانی بۆ حەوت کەس، ئاسکیش بۆ یەك کەس.

٢- بۆ تەمەنیشیان دەبێت مەڕ تەمەنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت واتە: کاوڕ بێت، دەبێت چتیر کە مێینەی بزنە تەمەنی ساڵێکی تەواو کردبێت و پێینابێتە ساڵی دووەمەوە، دەبێت رەشەوڵاغیش

تەمەنی دوو ساڵی تەواو کردبێت و چووبێتە ساڵی سێیەمەوە، وشتریش پێنج ساڵی تەواو کردبێ و چووبێتە ساڵی شەشەمەوە.

**مەسەلەی سیازدەیەم: سوننەت و ئادابەکانی قوربانیکردن:**

١- بۆ مەسەلەی ئاژەڵی قوربانیی پێویستە چاکترین و قەڵەوترین و باشترین و شاخدار هەڵبژێردرێ، زانایان رایان جیاوازە لەوەی کە ئایا مەڕ لە حەوتیەکی وشتر و ڕەشەوڵاغ باشترە؟ رای بەهێز ئەوەیە کە بەران باشترە لە حەوتیەك، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) قوربانی بە بەران کردووە -هەروەك لەپێشەوە باسکراوە-، دەبێت ئادابی سەربڕینی شەرعیش پەیڕەو بکات.

٢- یەکێك لە سوننەتەکانی قوربانیکردن ئەوەیە دەبێت قوربانیکەر (پیاو بێت یان ئافرەت) دوای ئەوە کە نیەتی هێنا قوربانی بکات ئیتر نابێت لە دە رۆژی یەکەمی مانگی زیلحیججەدا مووی بتاشێ، نابێت نینۆکی بکات تا قوربانییەکەی دەکات، ئیبن قودامە دەڵێ: (هەرکەس نیەتی هێنا کە قوربانی بکات و کەوتە دە رۆژی یەکەمی مانگەوە ئیتر نابێت موو لە سەر و پێستی بکاتەوە).

٣-باش وایە قوربانیکەر قوربانییەکەی دابەشبکات بۆ سێ بەش: سێیەکێکی بۆ خۆی و ماڵ و خێزانەکەی، سێیەکێکی بکاتە دیاری بۆ هەرکەس کە خۆی بیەوێ لە دراوسێیان و هاوڕێیان با ئەوانەش کەسانی دەوڵەمەندبن، سێیەکێکیشی ببەخشێتەوە بەسەر هەژاراندا.

٤- یەکێکیتریش لە ئادابەکانی سەربڕین ئەوەیە ئەگەر لە توانایدا بوو خۆی هەستێ بە سەربڕینی، ئەمەش واجب نیەو ئەنجامنەدانی نابێتە مایەی کەمکردنەوەی پاداشت، با لە کاتی سەربڕیندا بڵێ: (بسم الله، والله أكبر، ئەمە هی زاتی تۆیە، بۆ زاتی تۆیە، خوایە لێم قوبوڵ بکە، یان لە فلانەکەسی قوبوڵ بکە) یان بڵێ: (خودایە ئەمە لەباتی خۆم و لەباتی ئەندامانی خێزانەکەمە).

٥- بە مەرج ناگیرێ کەسی بریکار لە کاتی سەربڕیندا ناوی کەسی بریکاردەری قوربانیکەر بهێنێ، زانایان وتوویانە: واناببینین را جیاوازی

هەبێ لەوەی کە نیەت جێی خۆی دەگرێ، ئەگەر کرا ناوی ئەو کەسەش بهێنرێ کە لەباتی ئەو قوربانییەکە دەکرێ شتێکی باشە).

**مەسەلەی چواردەیەم: ئەوەی کە پەیوەندە بە رێگریکردن لە قوربانیکەر لە تاشینی مووی و نینۆك کردن:**

هەموو ساڵێك ئەم مەسەلەیە دەوروژێنرێ، خەڵکی سەرقاڵدەکرێن پێیەوە، پێمخۆشە لێرەدا روونیبکەمەوە کە چەند مەسەلەیەکی گرنگ هەن ئەوانیش ئەمانەن:

١- بێگومان لەسەر ئەم مەسەلەیە فەرموودیەکی راست و دروست هاتووە کە موسلیم بە سەنەدی خۆی لە ئوم سەلەمەوە (خوا لێی رازی بێت) ریوایەتیکردووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر دە رۆژی یەکەمی -مانگی زیلحیججە- هاتەپێش و یەکیك لە ئێوە ویستی قوربانی بکات با موو لە سەر و پێستی نەکاتەوە))، لە ریوایەتێکیشدا هاتووە کە فەرموویەتی: ((با نە موو لەخۆی بکاتەوە، نە نینۆك بکات)) ئەم فەرموودەیەش راستەو رواڵەتی فەرموودەکە وەرگیراوە کە هەندێ لە زانایان کردوویانەتە بەڵگە لەسەر قەدەغەکردنی، ئیبن قودامە وتوویەتی: (ئەمە گوتەی هەندێ لە زانایانمانە کە ئیبن مونزیر لە ئەحمەد و ئیسحاق و سەعیدی کوڕی موسەییبەوە دەیگێڕێتەوە، قازی و کۆمەڵێکیش لە زانایانمان وتوویانە: ئەو کارە کەراهیەتی -واتە کەراهیەتێکی پاکژکەرە (کراهیە تنزیهیە) و حەرامکراو نیە-، مالیك و شافیعی هەر ئەم قسەیە دەکەن چونکە عائیشە -خوا لێی رازی بێت- وتوویەتی: من خۆم ملوانکەی ئاژەڵی دیاریی مەککەی پێغەمبەرم (ﷺ) (هدی) دەهۆنییەوە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بەدەستی خۆی دەیکردنەوە ملیان، پاشان دەیناردن، تا ئاژەڵەکەی سەردەبڕی هیچ شتێکی لە خۆی حەرام نەدەکرد کە خوای گەورە بۆی حەڵاڵ کردبێ..)) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، ئەبو حەنیفە دەڵێ: (هیچ کەراهەتێکی نیە).

کەواتە ئەم زانایانە -کە زۆرینەن- فەرموودەکەی ئوم سەلەمەیان

(خـوا لێـی رازی بێـت) والێکداوەتـەوە کـە مەسـەلەکە کەراهیەتـی پاکژکـەرەوەی هەیـە یـان رێگاپێـدراوە، چونکـە رێگریکـردن بـا لە رواڵەتیشدا لای کۆمەڵێـك لـە زانایـان بەڵگـە بێـت لەسـەر حەرامکـردن، بـەڵام ئـەم گوتەیـە کۆدەنگـی زانایانـی لەسـەر نیـە، بەڵگەکانیـش بەهەمانشـێوە بـە ئاراسـتەی غەیـری قەدەغەکردنـدا دەیبـەن، لـە گرنگتریـنی ئـەو بەڵگانـە فەرموودەکـەی عائیشـەیە (خـوا لێـی رازی بێـت) کـە فەرموودەیەکـی راسـتەو بوخـاری و موسـلیم ریوایەتیـان کـردووە، ئـەو فەرموودەیـە کـە شـافیعی لەبارەیـەوە وتوویەتـی: (ئـەو مانایـە دەدات بەدەسـتەوە کـە مـرۆڤ ئەگـەر نیەتـی ناردنـی ئاژەڵـی دیاریـی مەککـەی (هـدی) لـە حەجـدا هێنـا ئیتـر هیـچ شـتێکی لەوبارەیـەوە لـێ قەدەغـە ناکرێـت، ئیـرادەی ناردنـی ئاژەڵیـش بـۆ (هـدی) لـە حەجـدا ئیرادەیەکـی بەهێزتـرە لـە ئیـرادەی قوربانیکـردن).

ئێمـەش ئـەم رایەمـان لا بەهێزتـرە، چونکـە ئەسـڵ لـە مەسـەلەکەدا پێدانـی ئەسـتۆپاکییە (بـراوە الژمـە)، قەدەغەکردنیـش بـە بەڵگەیەکـی راشـکاو و دروسـت و راسـت نەبێـت کـە هیـچ ماناگۆڕینـێ هەڵنەگـرێ ناسـەلمێت، خـوای گـەورەش زاناتـرە.

٢- ئـەم راجیاوازییـە تەنهـا لـە بڕینـی مـوو یـان تاشـینی، وە لـە مەسـەلەی نینۆککردندایـە، جگـە لـەو دووانـە ئیتـر هیـچ راجیاوازییـەك لـە شـتەکانی تـردا نیـە کـە رێگربـن لـە قوربانیکردنەکـەی، لەوانـەش سـەرجێگەیی لەگـەڵ هاوسـەردا و هاوشـێوەی دەربـارەی کەسـێك کـە بیەوێـت قوربانـی بـکات.

٣- ئـەم حوکمـە لـەوەی کـە خۆگرتنـەوە لـە مووکـردن سـوننەتە یـان واجبـە، وە فەرامۆشـکردنی حەرامـە یـان مەکروهێکـی پاکژکـەرەوە بێـت یـان رێگاپێـدراو بێـت تایبەتـە تەنهـا بـە کەسـی قوربانیکـەرەوە، ئەندامانی خێزانەکـەی و ئـەو کەسـە کـە قوربانـی لەبـری ئـەو دەکات ناگرێتـەوە، ئەمـەش لـە رۆژی نیەتهێنـان و بڕیـاردان بـەوەی کـە بـە دڵنیایـی قوربانـی دەکات دەسـت پێـدەکات.

**مەسـەلەی پازدەیـەم: گواسـتنەوەی قوربانییـەكان و گرتنـی كۆمەڵـە خێرخوازییـەكان بـە بریـكار:**

یەكێـك لـەو نیعمەتانـەی كـە پـەروەردگار سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە لـە وڵاتـی قەتـەر بەتایبەتـی، وڵاتانـی كەنـداو بـە گشـتی پێیبەخشـیوین نیعمەتـی ئەمـن و ئاسـایش و زۆری رزق و رۆزی و مـاڵ و سـامان و دەوڵەمەندییـە، ئەمـەش بەخششـێكی گەورەیـەو دەخـوازێ لێـی ببەخشـرێ، ئەمـە لەكاتێكـدا كـە گەلانـی هەنـدێ لـە وڵاتـە ئیسـلامییەكانی تـر دەناڵێنـن بەدەسـت برسـێتییەوە، پـارووە نانێكیـان نیـە، هەیانـە دەیانبینـی كـە دەڵێـن وا بـۆ چەنـد مانگێكـە تامـی گۆشـتمان نەچەشـتووە، جا لەسایەی ئـەم بارودۆخـەدا ئـەوا بڕیاردان بـە گواسـتنەوەی قوربانیـی بـۆ ئـەو هـەژارە داماوانـە لـە سـوریا، فەلەسـتین، عیـراق، ئەفەریقیا و بۆرما و كشـمیر و هاوشـێوەیان لە وڵاتانی ئیسـلامیدا دەبێتـە بڕیـاری بەهێـز و گونجـاوە لەگـەڵ مەبەسـتەكانی شـەریعەتدا، ئـەم گوتەیـە نەیار نیـە لەگـەڵ هیـچ دەقێـك لـە دەقەكانـی قورئـان و سـوننەتدا، پێشـتر فەتـوای كۆمەڵێیانـە دەرچـووە بـە گواسـتنەوەی زەكات كـە پایـەی سـێیەمە و هیتریـش، جگـە لـەوەش ئـەوەی كـە قوربانیكـەر كەسـێكیتر -وەك كۆمەڵەیەكـی خێرخـوازی متمانەپێكـراو بكاتـە بریـكار- كۆدەنگـی زانایانـی لەسـەرە- هـەروەك لەمەوپاش بەتێروتەسـەلی قسـەی لێدەكەیـن-.

ئـەو قسـەیەش كـە هەنـدێ لـە زانـا هاوچەرخـەكان دەیورووژێنـن گوایا بـە گواسـتنەوەی قوربانیـی ئیتـر ئـەم ڕێوڕەسـمە پیـرۆزە دەرناكـەوێ ئـەوە گوتەیەكـی نەسـەلمێنراوە، چونكـە سـوپاس بـۆ خـوا ڕێوڕەسـمەكە لـە هەمـوو وڵاتێكـدا ئەنجامـدەدرێ، جا ئەگـەر بـەوە قایـل بوویـن كـە موسـڵمانان یـەك ئوممەتـن، یـەك جەسـتەن، ئـەوا ئەنجامدانـی ئـەو ڕێوڕەسـمە لـەو وڵاتـەدا كـە قوربانییەكـەی بـۆ دەگوێزرێتـەوە جێبەجـێ دەبێـت، هەروەهـا نیـەت و خواپەرسـتیی و پارێزكاریـی بناغـەی سـەرەكین لـە مەسـەلەكەدا، خـوای گـەورە دەفەرمـوێ: ﴿لَن يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَاؤُهَا

﴿وَلَكِن يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنكُمْ﴾ سورة الحج(٣٧)، بەهەمانشێوە مەبەستەكانی قوربانییەكە تێركردنی هەژار و نەدار و داماوانە، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ﴾، پێغەمبەریش (ﷺ) كاتێ خەڵكی بینیەوە كە لە ناڕەحەتیدان قەدەغەی كردووە لە پاشەكەوتكردنی گۆشتی قوربانی، كاتێكیش بینیویەتی كە خەڵكی لە خۆشگوزەرانیدان ڕێگای پێداوە.

بەڵام باشتر وایە ئەو كەسەی توانای هەیە قوربانی بكات با تەنها یەك سەر لە وڵاتی خۆیدا بكاتە قوربانی كە بۆ دەرخستنی ڕێوڕەسمەكەیە. خۆیشی هەستێ بە سەربڕینی، یان ئامادەی سەربڕینی بێت، لە گۆشتەكەشی بخوات، ئینجا ئەویتری بنێرێ بۆ هەژارە داماوەكانی سوریا و فەلەستین و هاوشێوەكانیان.

یەكێك لە فیقهناسان وێنەیەكی نزیك لەو وێنەیەی باسكردووە كە لە ئەمڕۆدا روودەدات، ئەویش مامۆستا موحەممەد كوڕی سولەیمانی كوردییە كە لە پەراوێزەكەیدا لەسەر شەرحی ئیبن حەجەر باسیكردووە، مامۆستا دیمیاگی لە كتێبی إعانة الگالبین دا هێناویەتی، پرسیار لە مامۆستا بەڕەحمەت بێت كراوە كە: (داب و نەریتی خەڵكی وڵاتی جاوە وەهایە كە كەسێك دەكەنە بریكار تا ئاژەڵی حەوتم یان قوربانییان لە مەككە بۆ بكڕێ، لە مەككەش سەرببڕدرێ بۆی.. فەتوات بەچییە؟

لە وەڵامدا وتوویەتی: دروستە بریكار بگیرێ بۆ كڕینی ئاژەڵی قوربانیی و حەوتم، یان قوربانیكردن و سەربڕینیشی، با لە وڵاتی غەیری وڵاتی قوربانیكەر و حەوتمكەردا بێت.... پێشەوایانمان ڕێگایانداوە بریكار لەو كەسانە بگیرێ كە لە سەربڕینی قوربانییەكەو لە كڕینیدا قوربانیان حەڵاڵە...).

**مەسەلەی شازدەیەم: قوربانیكردن بە بەرخی ئوسترالی، یان دووگ بڕدراو:**

بەرخی ئوسترالی ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابوو كە باسمانكردن -هەروەك لە پێشەوە هاتووە- ئەوا هەروەك دروستە قوربانیی بە

غەیری ئەو بکرێ ئەوا دروستە ئەویش بکرێتە قوربانیی، بەتایبەتی ئەگەر نەبوونی دووگ لەبەرئەنجامی سروشتی پێکهاتەی جەستەی خۆیەوە بێت و مرۆڤ دەستی تیایدا نەبێت، هەروەك چۆن دروستە بزن بەبێ دووگ بکرێتە قوربانی. بەڵام ئەگەر هاتوو دووگی هەبووبێت و دواتر بڕدرابێت ئەوا ئەمەش بە گوتەی بەهێزی زانایان هەر زیانێکی نیە، چونکە ئەمە کاریگەری نیە لەسەر گۆشتەکە، هەروەها خەساندن کاریگەری نیە لەسەر گۆشت و دروستە ئەو ئاژەڵە کە گونی نیە وەك ئەوەی گونی هەیە بکرێتە قوربانی.

**مەسەلەی حەڤدەیەم: تێپەڕبوونی کاتی قوربانیکردن:**

ئەگەر کاتی دیاریکراوی قوربانیکردن تێپەڕی کە بریتییە لە هەر چوار رۆژی (١٠، ١١، ١٢، ١٣) لە مانگی زیلحیججە کە لەدوای نوێژی جەژن یان کاتی تەواوبوونی نوێژی جەژنەوە دەست پێدەکات و بە خۆرئاوابوونی رۆژی چوارەم کۆتایی دێت، ئیتر کاتی قوربانیکردن تێدەپەڕێ، لەو حاڵەتەدا بۆی هەیە لەدوای چوار رۆژەی جەژن سەرببڕێ بەڵام ئەوکات دەبێتە خێر بۆی.

**مەسەلەی هەژدەیەم: نرخی قوربانییەکە بە نەقدی بدرێ بە هەژاران لە جێی سەربڕینی، لەبەر پێویستی زۆریان بە پارەکە بە نەقدی زیاتر لە گۆشتەکەی.**

وەڵام: ئەم کارە جێگای قوربانییەکە ناگرێ، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: سەربڕینی قوربانیی ڕێوڕەسمێکی گەورەیە لە ڕێوڕەسمە پیرۆزەکانی ئیسلام، هەبوونی و بە گەورە راگرتنی لە مەبەستەکانی شەریعەتە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ﴾ سورة الحج(٣٢)، ئەوەش کردەوەی پێغەمبەر (ﷺ) و جێنشینە راشیدەکانی و هەموو ئەوانە بووە کە بە چاکە شوێنکەوتەی ئەوان بوون، لەبەرئەوە بە هیچ جۆر ناکرێ ئەو ڕێوڕەسمە پشتگوێ بخرێ، نرخیش جێگای قوربانییەکە ناگرێتەوە.

> **شــەریعەت میزانێکــی بــۆ هەرشــتێك دانــاوە، قوربانیکردنیــش ڕێوڕەسـمێکەو میزانـی خـۆی هەیە، خێــرە گشــتییەکانیش میزانــی خۆیـان هەیـە، زەکات میزانـی خـۆی هەیــە، ناکــرێ تێکــەڵ بکرێــن**

دووەم: کەواتــە پێدانــی نرخــی قوربانییەکــە بــە هــەژاران بــە نەقــدی بــە نیەتــی قوربانیکــردن، ئــەوا هــەروەك باســمانکرد جێــگای قوربانــی ناگرێتــەوە.

بــەڵام ئەگــەر روونبووبــوو کــە پێویســتییان بــە پــارە زیاتــر و زەرورتــر بــوو، ئــەوا ئــەوکات هەنــدێ لــە خێــرو خێراتیــان پێــدەدرێ، تەنانــەت زەکاتیــش خاوەنەکــەی دەیەوێــت چەنــدە بــدات بــا بەپێــی مەرجەکانــی بیــدات پێیــان، لــەم حاڵەتەشــدا پاداشــتی زۆر گــەورە بەویســتی خــوای گــەورە دەســت ئــەو کەســە دەکەوێــت.

چونکــە شــەریعەت میزانێکــی بــۆ هەرشــتێك دانــاوە، قوربانیکردنیــش ڕێوڕەسـمێکەو میزانـی خـۆی هەیـە، خێـرە گشـتییەکانیش میزانـی خۆیـان هەیـە، زەکات میزانـی خـۆی هەیـە، ناکـرێ تێکـەڵ بکرێن.

سـێیەم- زۆرینـەی زانایـان وتوویانـە کـە قوربانیکـردن چاکتـرە لـە خێری گشــتی -لــە رواڵەتــدا- چونکــە قوربانیکــردن هەنــدێ لــە فیقهناســان بــە واجبــی دەزانــن، خــوای گــەورە دەفەرمــوێ: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ سورة الكوثر(٢).

بەشـێوەیەکی گشـتی پاداشـت لای خـوای گەورەیـەو بۆ هەرکـەس زاتی خـۆی بیەوێـت بەپێـی نیـەت و پێویسـتبوون بـە چەنـد قـات پاداشـتی دەداتـەوە، بـەڵام پێویسـتە ڕێوڕەسـمەکان پیـادە بکرێـن، خـوای گـەورەش زاناتـرە.

**مەسەلەی نۆزدەیەم: تایبەتکردنی قوربانیی بە یەك خێزان:**
تایبەتکردنی قوربانیی بە ئەندامانی یەك خێزان لە حاڵەتێکدا دروستە کە خێزانەکە خێزانێکی گەورە بێت، بەڵام ئەگەر خێزانەکە بچوك بێت پێویستە کەسانیتر بەشداربن لەگەڵیاندا، بەتایبەتی لەم سەردەمەماندا کە نەداران زۆرن و ناکرێت یەك سەر قوربانی بۆ تەنها یەك خێزان بێت، ئەوانیتر هیچیان نەگاتە دەست، مەگەر لە بارێکدا نەبێت کە بەرژەوەندییەکی شەرعی متمانەپێکراو بوونی هەبێت.
**مەسەلەی بیستەم: رادەستکردنی قوربانییەکە (بە زیندوویی) بە خێزانە هەژارەکان کە خۆیان هەستن بە سەربڕینی:**
**یەکەم:** قوربانییەکە -هەروەك لەپێشەوە باسکراوە- پێویستی بە نیەتهێنان هەیە، هەروەها لە کاتی خۆیدا سەرببڕدرێ کە لەدوای نوێژی جەژنی قوربانەوە رۆژی دەی زیلحیججە دەست پێدەکات و تا خۆرئاوابوونی رۆژی سیازدەی مانگی زیلحیججە بەردەوامە.
**دووەم:** جا بۆئەوەی قوربانییەکە لەم حاڵەتەدا راست و دروست بێت، ئەوا دەکرێ یەکێك لەم دوو رێگاچارەیە پەیرەو بکرێن:
**رێگاچارەی یەکەم:** کەسی قوربانیکەر خۆی هەستێ بە سەربڕینی قوربانییەکەی لەو کاتەدا کە باسمان کردووە، پاشان رادەستی خێزانێکی گەورەی بکات.
**رێگاچارەی دووەم:** قوربانییەکە بە زیندوویی بدات بە سەرۆکی خێزانەکە و بیکاتە بریکاری خۆی بە سەربڕینی قوربانییەکە لەماوەی سەربڕینی قوربانیی دا (واتە دوای نوێژی جەژن تا رۆژی چوارەم) لەباتی قوربانیکەرەکە، ئینجا هەستێ بە وەرگرتنی چواریەکی بۆ خۆی، یان سێیەکی، ئەویتریشی بدات بەوانەی کە شایستەن.
**مەسەلەی بیست و یەکەم: نرخی قوربانییەکە بە پارەی نەقد بدرێ بە کۆمەڵەیەکی خێرخوازیی متمانەپێکراو.**
**یەکەم:** پێشتر روونمانکردەوە کە پێدانی نرخی قوربانییەکە بە پارەی نەقد لەجیاتی سەربڕینی ئەوا ئەو کارە جێگای قوربانییەکە

ناگریّت، چونکە ئەو ریّورەسمە پیرۆزەی تیّدا دەستەبەر نابیّت کە سەربڕینی قوربانییە بۆ مەبەستی بە گەورە راگرتنی خوای گەورەو تیّرکردنی نەدارانە، لەبەرئەوە وتمان: نابیّت لەجیاتی قوربانییەکە پارەی نرخەکەی بدریّ.

**دووەم:** هەروەها لەپیّشەوە روونمانکردەوە ئەو کەسەی کە نیەتی قوربانیکردنەکەی هیّناوە باشتر وایە خۆی هەستیّ بە سەربڕینی قوربانییەکەی، یان ئامادەی سەربڕینی بیّت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەوە ئاسان نەبوو بەتایبەتی ئەگەر هاتوو سەربڕینی قوربانییەکە لە دەرەوەی وڵاتی قوربانیکەر بوو، کە ئەوەش بە مەبەستی گەیشتنیەتی بە دەستی ژمارەیەکی زۆر لە نەداران.

**سێیەم:** ئەگەر کەسەکە نیەتی قوربانیکردنی بە مەڕ یان کاوڕ یان بزن یان رەشەوڵاغ یان وشتریّك هیّناو نرخی قوربانییەکەی بە پارە دایە دەست یەکیّك لە کۆمەڵە خیّرخوازییە باوەڕپیّکراوەکان، وەك کۆمەڵەی قەتەری خیّرخوازیی لە وڵاتی قەتەر، یان رابیتەی ئیسلامی خیّرخوازی لە عیراق، ئەوا بەو کارەی ئەو کۆمەڵە خیّرخوازییە دەکاتە بریکاری خۆی بۆ هەستان بە کڕینی قوربانییەکەی، پاشان سەربڕینی لەجیاتی کەسی قوربانیکەر، وە دابەشکردنی، برایانمان لە کۆمەڵە خیّرخوازییە ئیسلامییەکان ئەمە دەزانن و لە کاتی سەربڕیندا دەڵیّن ئیّمە بە وەکالەت لەجیاتی خاوەنانی قوربانییەکان ئەم کارە دەکەین.

**چوارەم:** بەڵگەش لەسەر رەوایی و دروستی بریکارگرتن بەشیّوەیەکی گشتی ئەوەیە کە گریّبەستی بریکارگرتن کۆدەنگی زانایانی لەسەرە، بەڵگەی تایبەتیش بریتییە لەم فەرموودەیە کە موسلیم بە سەنەدی خۆی لە جابرەوە (خوا لیّی رازی بیّت) دەیگیّریّتەوە کە وتوویەتی: ((پیّغەمبەر (ﷺ) لە حەجی ماڵئاواییدا شەست و سیّ وشتری سەربڕی، فەرمانیشی بە عەلی -خوا لیّی رازی بیّت- کرد کە ئەوانیتر سەرببڕیّ کە سی و حەوت وشتر بوون)).

هەروەها ئەو فەرموودەیە کە ئەبو داود بە سەنەدی راست

و دروست لە عورووەی باریقییەوە ریوایەتیکردووە کە وتوویەتی: ((پێغەمبەر (ﷺ) دینارێکی پێداوە تا قوربانییەك، یان مەڕێکی پێبکڕێ، ئەویش دوو مەڕی پێکڕیوە، یەکێکیانی فرۆشتووە بە یەك دینار، ئینجا مەڕێك و دینارێکی هێناوەتەوە بۆ خزمەتی، پێغەمبەریش-صلی الله علیه وسلم- دۆعای فەرو بەرەکەتی بۆ کردووە لە کڕین و فرۆشتنیدا، لەوە بەدواوە ئەگەر عوروە خۆڵیشی بکڕیایە ئەوا هەر قازانجی دەکرد تیایدا))، ئەم فەرموودەیە بە راشکاوی ئاماژە دەدات بە دروستی بریکارگرتن لە قوربانیکردندا.

> بەردەوام رێنمایی بە کۆمەڵە خێرخوازییەکان دەدەین کە پابەندبن بە مەرجەکان و دیسپلینە شەرعییە تایبەتەکان بە بریکار، کە دەبێت کڕینی قوربانییەکە بە شێوەی شەرعی بێت

حافز ئیبن حەجەریش لە کتێبی (بلوغ المرام) دا بەشێکی تایبەت کردووە بە دروستی بریکارگرتن لە سەربڕینی دیاریی مەککە (هدی) و لە قوربانیدا، لێرەدا پشتی بەستووە بە فەرمووده پێشووەکەی جابر کە بەڵگەیە لەسەر بریکارگرتن لە سەربڕین و دابەشکردندا.

فیقهناسانی پێشین بەهەمانشێوە قسەیان لەمبارەیەوە کردووە، پێشەوا نەوەوی وتوویەتی: (ئەگەر کەسێکی خستە جێگای خۆی ئەوا دروستەو رای جیاوازیی لەسەر نیە)، زەرکەشی لە پرسی بریکارگرتن بۆ قوربانیکردن وتوویەتی: (دروستە کەسێك بکاتە بریکاری خۆی بۆی سەرببڕێ، نیەتی ئەوی لێبێنێ).

کەواتە بریکار لێرەدا وەك قوربانیکەری بریکاردەر وایەو بۆی نیە

پێستەی قوربانییەکە یان هەر شتێکی هاوشێوەی بە نیەتی کرێ یان هەرشتێکیتر وەربگرێ، بەڵام مافی هەیە پشکی خۆی لە گۆشتەکە وەك کەسانیتری شایستە وەربگرێ.

ئێمەش بەردەوام ڕێنمایی بە کۆمەڵە خێرخوازییەکان دەدەین کە پابەندبن بە مەرجەکان و دیسپلینە شەرعییە تایبەتەکان بە بریکار، کە دەبێت کرینی قوربانییەکە بە شێوەی شەرعی بێت، هەروەها پابەندبن بە مەرجەکانییەوە، بە کاتی سەربڕینی، بە نیەتهێنان بە ناوی خاوەنەکانیانەوە، بە بەش بەشکردنی گۆشتی قوربانییەکان بە تەواوی و دابەشکردنیان بەسەر هەژاران و نەداراندا، بەم کارەشیان ئەوا ئەو ئەرکە شەرعییەی دەکەوێتە ئەستۆیان جێبەجێیان کردووە.

ئەمانە ئەو مەسەلە گرنگانە بوون کە ویستم ڕوونیانبکەمەوە، مەبەستیشم لەمەدا خستنەڕووی فراوانی سنوری شەرعە، هەروەها گرنگێتی مەبەستەکانی شەریعەتە و زەرورەتی پێشکەشکردنیانە لە ڕووی ڕواڵەت و دەقەوە، بەهەمانشێوە ئەوپەڕی گرنگیدانە بە مەسەلە گشتییەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی لق و هۆکارەکان، بەڵام بەهەندگرتنی قورسایی هەریەکەیان بەتەواوەتی (هەریەکەو مافی خۆیی بدەنێ).

ئاواتەخوازم تەواوی ئوممەتی ئیسلامی هەموو ساڵێك لە خێرو خۆشیدا بێت. کۆتا نزاو پاڕانەوەمان سوپاس و ستایش تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیانە

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبة وسلم

بِسمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحيم

# فەتوای فراوان و گشتگیر دەربارەی ئەو حوکمە شەرعییانە کە پەیوەندن بەبڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆفید – ١٩)

پرسیاری زۆر دەکری لەسەر حوکمی شەرعی چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڤایرۆسی نوێ (ڤایرۆسی کۆرۆنا)، کە بەرەو ئەوە دەچێ ببێتە پەتایەکی گواستراوە و بەهۆی خێرا بڵاوبوونەوەی هەڕەشە لە ژیانی زۆرێك لە خەڵکی دەکات.

ئایا حوکمی شەرعی بە داخستنی مزگەوتەکان و وازهێنان لە فەرزی جومعەو نوێژی جەماعەت لە ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە چییە؟

ئایا ئەو دوعاو نزاو کارانە کامانەن کە پێویستە موسڵمان لە کاتی بڵاوبوونەوەی دەردو نەخۆشییەکاندا ئەنجامیان بدات؟

وەڵام بۆ ئەمانە بەمجۆرەیە:

الحمد لله ربِّ العالمين، والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين، وعلى آله وصحبه وبعد:

**یەکەم:** ئەم پەتاو نەخۆشی و ڤایرۆسانە قەدەری خوای گەورەن، لەو بەڵگە گومانبڕانەن کە گەواهی لەسەر قەدەری خوای گەورە دەدەن بە لەناوچوونی هەرکەسێ زاتی خۆی بیەوێت کە بە بچوکترین دروستکراوانی خۆی لەناوی ببات ﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ﴾ سورة المدثر(٣١)، هەروەها یەکێکە لە ڕێساو یاساکانی خوای گەورە کە تووشی کەسانێك لە موسڵمانان و غەیرە موسڵمانانی دەکات، کەسێکی پێ تەمبێ دەکات کە زاتی خۆی بیەوێت، بەڵام ئەو باوەڕدارەی کە تووشی دەبێت و ئارام دەگرێ لەسەری ئەوا پاداشتی کەسێکی شەهیدی هەیە، پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە خاتوو عائیشە -خوا لێی ڕازی بێت- دەربارەی نەخۆشی تاعون پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەوە

سزايەكی خـوای گـەورەيـە دەينێرێـت بـۆ هـەر كـەسـێك كـە خـۆی بيـەوێـت، خـوای گـەورە كردوويەتييـە بەزەيـی و رەحمـەت بـۆ بـاوەڕداران، چونكـە ((هـەر بەندەيـەك تووشـی تاعـون ببێـت، لـە شـوێن و شـاری خـۆيـدا نيشـتەجێ ببێـت و ئارامگـر بێـت لەسـەری، دڵنيـاش بێـت ئـەوەی كـە بەسـەريهاتووە ويسـتی خـوای گـەورەی لەسـەر نەبوايـە تووشـی نەدەبوو، ئـەوا خـوای گـەورە ئـەوەی كـە بەسـەری هێنـاوە پاداشـتی شـەهيدی هەيـە بـۆی))[1].

**دووەم:** ئاينی ئيسلام دوو ئەرك فەرز دەكات لەسەرمان:

أ- بـە تەواوەتـی و بەبـێ دوودڵـی پشـت بـە خـوای گـەورە ببەسـتين، باوەڕمـان وابێـت هەمـوو شـت بـە ويسـت و قـەدەری زاتـی خـۆی روودەدات، شـتێكەو لەژێـر دەسـتەڵاتی خۆيدايـەو بـەس ﴿لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا﴾ سورة التوبة (٥١).

ب- ئەركـی دووەم بريتييـە لـەوە كـە هـۆكارەكان بگرينەبـەر، وەك خۆپارێزيـی و چارەسـەر و (كەرەنتينـە)ی تەندروسـتی، هەروەهـا هـەر ئەركێـك و رێنماييەكـی تريـش كـە لايەنـە تەندروسـتييە پسـپۆڕييەكان دەيـدەن بەسـەرماندا، ئەمـەش هەڵوێسـتی پێشـەوا عومـەری فاروق (خـوا لێـی رازی بێـت) روونەدەكاتـەوە، كاتـی كـە نەچـووە وڵاتـی شـام، ئەويـش دوای ئـەوە كـە زانـی نەخۆشـی و پەتـا بڵاوبووەتـەوە تيايـدا، ئەوەبـوو ئەبـو عوبەيـدەی كـوڕی جـەڕاح پێيـوت: ئايـا لـە قـەدەری خـوای گـەورە رادەكەيـت؟ ئەويـش وتـی: (بەڵـێ لە قەدەرێكـی خـواوە رادەكەيـن بـۆ لای قەدەرێكـی تـری خـوای گـەورە).

ئەمـەش لـە حەقيقەتـدا فيقهـی ميـزان و هاوسـەنگييە، چونكـە (تـا راسـتەكەی) لەسـەر بـاوەڕی بەهێـز بـە خـوای باڵادەسـت بەرپـا دەبێـت، (تـا چەپەكەی)شـی لەسـەر گرتنەبـەری هەمـوو هـۆكارە رەواكان بـەرپا دەبێـت، خـوای گـەورە وەهـا فەرمانـی پێكـردووە.

**سـێيەم:** بەڵگەنەويسـتە كـە نەخۆشـی تاعـون پەتايەكـی زانـراو و

---

١ رواه البخاري في صحيحه برقم: ٥٧٣٤

مەعلومە، پەتایەكە لە خودی خۆی گشتگیرترە، زمانزانان لەسەرووی هەموویانەوە خەلیل كوڕی ئەحمەد دەڵێ: پەتای تاعون، وەك پەتا بریتییە لە هەر پەتاو نەخۆشییەكی گشتگیر، دەوترێ خەڵكی فلانە شوێن تووشی نەخۆشییەكی سەخت بوون، ئەو شوێنەش كە نەخۆشی تێیدا زۆر بلاوە پێیدەوترێ خاكێكی پەتادارە[٢].

**چوارەم:** گومانی تێدا نیە ئەم نەخۆشییانە سزان، خوای بالادەست بە سزا ناوی بردوون، چونكە وشەی (رجز) واتە سزای بەئێش یان تاعون دە جار لە قورئاندا دووبارەبووتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ سَعَوْا فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ﴾ سورة سبأ(٥) واتە ئەو ستەمكارە قیرسیچمەو نكولیكارانە بە هەموو توانایان هەوڵدەدەن ئایەتەكانی خوای گەورە لەباربەرن، دەڵێن گوایا توانایان هەیە ئاستەنگیان بۆ دروستبكەن، گوایا دەتوانن زاڵببن بەسەریاندا، دەیانەوێت بەربگرن لە توانای خوای گەورە، كەواتە تاعون و سزای بەئێشمان بۆ ئا ئەوانە ناردووە. هەندێك لە زانایان وشەی (رجز) یان بەوە لێكداوەتەوە كە بریتییە لە پەتاو نەخۆشییە گشتییە ئازارگەیەنەرەكان لە دنیاو قیامەتدا.

بەلام ئەوە رێساو یاسای خوای گەورەیە كە هەركات هات لەوانەیە گشتی بێت و غەیری ستەمكارانیش بگرێتەوە، دەفەرموێ: ﴿وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنكُمْ خَاصَّةً﴾ سورة الأنفال (٢٥)، هەروەها یەكێكیتر لە رێساكانی خوای گەورە ئەوەیە هەركات ئەو پەتاو نەخۆشییانە بلاوەیان كرد جیاوازی ناخەن لەنێوان ستەمكار و بێباوەڕ و باوەڕداردا، كەواتە دەبێت باوەڕداران لەو حاڵەتەدا تەواوی هۆكارە پێویستەكان كە بەپێی شەرع و پزیشكیی و ژیریی خوازراون بگرنەبەر.

**پێنجەم:** ئاینی ئیسلام لە كاتی دەركەوتنی پەتاو نەخۆشی (ڤایرۆسە كوشندەكان) كۆمەڵێك رێنمایی گرنگی لەسەر موسڵمانان فەرزكردووە، لەوانە:

---

٢ القاموس المحيط. لسان العرب. والمعجم الوسيط مادة (طاعون) و (وباء) ويراجع زاد المعاد لإبن القيم (٣٨/٤).

١- كەرەنتينى تەندروستى: واتە ريّگيريكردن لە دەرچوون لەو شويّنە كە تاعون يان پەتا كوشندەكەى تيّدا بلاّوبووەتەوە، هەروەها ريّگيريكردن لە رۆيشتن بۆ شويّنى ئەو نەخۆشييە، لە صەحيحى موسليمدا هاتووە كە: پيّغەمبەرى خوا (ﷺ) دەفەرمويّ: ((تاعون نيشانەى سزايەكە كە خواى گەورە كەسانيّك لە بەندەكانى تووشدەكات، هەركات بيستتان ئەوا مەچنە ئەو شويّنە كە بلاّوبووتەوە تيايدا، ئەگەر داباری بەسەر ئەو شويّنەشدا ئيّوەى تيّدايە ئەوا ليّى رامەكەن، واتە مەچنە دەرەوە))[٣].

زانا پيّشينەكانمان حيكمەتى ئەم چاوديّرييە (كەرەنتينە تەندروستييەيان باسكردووە، وتوويانە بريتييە لە:

أ- قەدەغەكردنى دەرچوون لەو شويّنە تا نەخۆشييەكە لە شويّنانى تر بلاّونەبيّتەوە، نەبادا ببيّتە مايەى تووشبوون و ئازاردانى كەسانيتر، چونكە زيانگەياندن بە كەسانيتر گوناهەو شەرعى نيە، پيّغەمبەر (ﷺ) دەفەرمويّ: ((لا ضرر ولا ضرار))، واتە نە خۆت تووشى زيان بكەو نە زيان بە كەسيتر بگەيەنە))[٤]. كەواتە رەوا نيە مرۆڤ ببيّتە هۆى زيانگەياندن بە كەسانيتر، نابيّت زيان بگەيەنىّ بە ئاينى و بە جەستەى و بە ئەقلّى و بە ماڵ و سامانى و بە هيچ شتيّكيترى، زيانەكەش ماددى بيّت يان مەعنەوى چوونيەكە،

قەدەغەكردنى دەرچوون لەو شويّنە تا نەخۆشييەكە لە شويّنانى تر بلاّونەبيّتەوە، نەبادا ببيّتە مايەى تووشبوون و ئازاردانى كەسانيتر، چونكە زيانگەياندن بە كەسانيتر گوناهەو شەرعى نيە

٣ رواه مسلم في صحيحه برقم: ٢٢١٨.

٤ رواه أحمد في المسند برقم: ٢٨٦٢.

تەنانـەت زانا پێشـینەکان بـە حەرامیـان زانیـوە کەسـێك ببێتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی پەتـاو نەخۆشـی.

ب- قەدەغـەی چوونەناو ئـەو ناوچەیە کـە تووشی ئـەو نەخۆشییە بـووە، ئـەوەش بـۆ خۆپاراسـتنە لـە خۆخسـتنەناو مەترسـی لەناوچـوون، یـان هـەر شـتێك کـە دەبێتـە هـۆکاری لەناوچـوون و سـەغڵەتبوون، چونکـە پارێزگاریکـردن لـە جەسـتەو تەندروسـتی و ئەقڵ لـە گرنگترینـی مەبەسـتە شـەرعییە زەرورییەکانـی.

ت- هەڵنەمژینی ئەو هەوایە کە ئەو پەتاو (ڤایرۆسە)ی هەڵگرتووە.

ث- نزیکنەکەوتنـەوەو تێکـەوڵاوی نەکردنـی ئـەو نەخۆشـانە لـە ترسـی بڵاوبوونـەوەی پەتاکـە، تەنهـا لـە حاڵەتێکـدا نەبێـت کـە بـۆ چارەسـەرکردن بێـت ئەویـش لەگـەڵ گرتنەبـەری هەمـوو هۆکارەکانـی خۆپارێـزی تەندروسـتی، چونکـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرمـوێ: ((لـە کەسـی گـول هەڵبـێ هـەروەك چـۆن لـە شـێر هەڵدێیـت))[5]. ئەمـەش دژ نیـە لەگـەڵ فەرمـوودەی صەحیحـدا کـە دەفەرمـوێ: ((تەنینـەوە نیـە))[6]. چونکـە مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە: تەنینـەوە بـەو شـێوەیە نیـە کـە خەڵکانـی نەفـام دێـن کارەکـە دەدەنـە پـاڵ غەیـری خـوای گـەورە، ئـەم مەسـەلانەش لـە خۆیانـدا زیادەڕەوییـن لـە خـودی خۆیـان و لـە سروشـتیاندا، چونکـە ئەمەیـان دەچێتـە خانـەی تـەرازووی باوەڕبـوون بـە خـوای گـەورەو هاوەڵدانەنـان بـۆی، بـەڵام راکـردن لـە نەخۆشـییە بڵاوبـووەکان ئـەوە لـە تـەرازووی ئـەو هۆکارانەدایـە کـە خـوای گـەورە بـە قودرەتـی باڵادەسـتی خـۆی دایناون، ئـەم فەرموودەیـەش دووپاتی ئەم مانایەمان بۆ دەکات کە دەفەرمـوێ: ((بـا نەخـۆش نەچێتـە لای کەسـی لەشسـاغ و تەندروسـت))[7].

ج- پێویسـتە خۆپارێزیـی و وریایـی خۆنەخسـتنەبەر هۆکارەکانـی لەناوچـوون بگیرێتەبـەر، هاوکات رادەسـتکردنی مەسـەلەکە بـە فەرمانی <u>خـوای گـەورە و</u> پشتبەسـتنی تەواوەتـی بـەو زاتـە، بەبـێ هیـچ جـۆرە

٥ رواه البخاري في صحيحه برقم: ٥٧٠٧.

٦ رواه البخاري في صحيحه برقم: ١٩٩٣. ومسلم في صحيحه برقم: ٢٢٢٠.

٧ رواه مسلم في صحيحه برقم: ٢٢٢١.

شڵەژان و تێکچوون و دڵەڕاوکەییەك[8]. ئیبن ئەسیر لە کتێبی (الکامل فی التأریخ) دا دەڵێ: (کاتێ موسڵمانان تووشی نەخۆشی تاعونی عەمواس بوون عەمروی کوڕی عاص فەرمانی پێدان و بردنی بۆ کێوەکان، دابەشیکردن بەسەر چەندین گروپدا، نەیهێشت سەردانی یەکتری بکەن، ئەو گروپانە ماوەیەك لە کێوەکاندا مانەوە تا هەموو ئەوانەی تووشی تاعون بووبوون شەهیدبوون، ئینجا ئەوانەی کە سەلامەت بوون گێڕانیەوە بۆ ناو شارەکان) ئەمەش کەرەنتینەی ڕێگاپێدراوە لەم حاڵەتەدا.

ح- یەکێك لە گرنگترینی ڕێنماییەکانی ئیسلام لەم بوارەدا چارەسەرکردنی کەسی نەخۆشە لەلایەن خۆی و لایەنە تەندروستییەکانەوە، پێویستە کۆمەڵگاو دەوڵەت هەموو توانایان بخەنەگەڕ و کۆشش بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییانە، بەتایبەتی ئەو نەخۆشییانە کە بڵاودەبنەوە، هەرکەسیش چارەسەر بۆ خۆی نەکات ئەوا بەپێی بەڵگەی زۆر ڕوون و ئاشکرا کە لە کتێبی (فیقهی مەسەلە تەندروستییە سەردەمییەکان) باسمانکردووە گوناهبارە.

خ- پێویستە هەرکەس هەستی بەوە کرد کە تووشی ئەم نەخۆشییە بووە دانی پێدا بنێت و نەیشارێتەوە، یان لەو شوێنەوە هاتووە کە ئەو نەخۆشییەی تێدابووەو لەبەر حاڵەتێکی زەروری بەجێیهێشتووە.. دەبێ لایەنە بەرپرسەکان ئاگادار بکات بەو حاڵەتەی کە تێیدایە، ئەگەر هاتوو ئەمەی لە خۆیدا شاردەوە ئەوا دوو تاوانی کردووە، تاوانی درۆکردن و شاردنەوەو فێڵکردن، وە تاوانی بوونە هۆی تووشبوونی کەسانیترو بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە، هەرکەس ببێتە هۆی تووشبوونی کەسانیتر ئەوا بەشێك لە گوناهباری و تاوانی دەستدرێژی لەسەر کەسانیتر ئەنجامداوە. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((موسڵمان کەسێکە کە موسڵمانان پارێزراو و سەلامەت بن لە زمان و لە دەستی))[9].

٨ یراجع شرح صحيح مسلم للنووي (١٤/٢١٥-٢٠٧). وزاد المعاد (٤/٤٥٤٣) . وفتح الباري (١٠/١٨٩).
٩ رواه البخاري في صحيحه برقم: ١٠. ومسلم في صحيحه برقم: ٤٠.

موسڵمانی راستەقینە ئەو کەسەیە ئەوەی بۆ خۆی پێیخۆشە بۆ براکەشی پێیخۆشبێت، ئەوەی بۆ خۆی پێیناخۆشە بۆ براکەشی پێیناخۆشبێت.

**شەشەم:** ترس لە تەنینەوەی پەتاو نەخۆشییەکان.

ئیسلام ئاینی سروشتی پاکەو گونجاوە لەگەڵ تەبیعەتی پاکی مرۆڤدا، لەبەرئەوە رێگیری ناکات لە ترسان لەم نەخۆشییانەو هاوشێوەیان مادامێ خاوەنەکەی باوەڕی هەیە کە خوای بالادەست تاکە بەدیهێنەرە. بۆ هەموو شتێك هۆکارێکی دیاریکردووە، کەواتە ترس ئەرکێکەو سروشتییە، زانا حافیز مەنناوی دەڵێ: (لەوانەش ترسمان هەبێ لە کەسی گول کە نەخۆشییە کوشندەکان تووشی جەستەمان بکات)). لە فەرموودەدا هاتووە دەفەرموێ: ((لە کەسی گول رابکە هەروەك چۆن لە ترسی شێر رادەکەیت)). کەواتە پاراستنی رۆح و گیان و جەستە و سودمەندییەکان و پارچەکانی جەستەو ماڵ و سامان و خۆلادان لەو هۆکارانە کە خراپە دەگەیەنن ئەرکێکی شەرعییە.

بەڵگەیەکیتر لەسەر رەوابوونی ترس بەڵکو فەرزبوونی، ئەم فەرموودەیەیە کە ئیبن ماجە لە سونەنەکەیدا ریوایەتی دەکات و دەڵێ: ئەو شاندەی هۆزی سەقیف کە هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) کەسێکی گولیان تێدابوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((تۆ بگەڕێرەوە ئەوا بەیعەتمان لێ وەرگرتیت))[١٠].

بەهەمانشێوە چەندین فەرموودەی ترمان هەیە کە ئەرکی هەبوونی وریایی و خۆپارێزی و پاراستنی خواردن و خواردنەوەکانە لە هەرشتێك کە دەبنە هۆی خراپبوونیان، وەك داپۆشینی قاپ و قاچاغ و دەفرەکانی خواردەمەنی و خواردەمەنییەکان و پاراستنیان، هەروەها ئەرکی شەرعی چارسەرکردن و شۆردنی دەست و دەم و چاو، هەروەها قەدەغەکردنی میزکردن و پاشەڕۆك لە رێگاکان و لەژێر درەختەکانداو

١٠ رواه إبن ماجة في سننه برقم: ٣٥٤٤.

لەو شوێنانەدا کە ئاسەواری خراپیان لەسەر کەسانیتر هەیە. ئەم ئاینە ئاینی پاکوخاوێنی ناوەوە دەرەوەی مرۆڤە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾ سورة المدثر (٤)، ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾ سورة البقرة (٢٢٢) ئیسلام بەم پێیە گرنگیداوە بە دەستنوێژگرتن و خۆشۆردن و پاکوخاوێن راگرتنی ماڵ و شوێنەکان و هیتریش.

پێشەوا موسلیم لە ئەبو زەڕەوە (خوا لێی رازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((کردەوە چاك و خراپەکانی ئوممەتەکەمم پیشاندرا، یەکێ لە کردەوە چاکەکانی ئوممەتم بریتییە لە لابردنی شتانی خراپ لەسەر رێگاکان، لە کردەوە خراپەکانیشی ئەوەم بینی کە بەڵغەم لە مزگەوتدا فرێبدرێ و نەشاردرێتەوە))[11] چەندین کاری چاك و خراپی تری هاوشێوەی ئەمانە.

**حەوتەم:** ئەو شتانەی کە دەکرێ بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە ئەنجام نەدرێن:

گومانی تێدا نیە خوای گەورە پاراستنی ئاین و رۆح و گیان و هیتریشی داناوە بە گرنگترینی مەبەستە شەرعییەکانی و بە گەشەپێدانی ئەو مەبەستانە، کەواتە ئەسڵ ئەوەیە هەردوو مەسەلەکە پێکەوە بەبێ دژایەتی بەیەکەوە رێبکەن، بەڵکو دەبێ تەباو گونجاوبن، بۆیە ئەرکی سەرشانمانە ئەرکەکانی ئاینەکەمان بەجێبگەیەنین، هەروەها دەبێت پارێزگاری بکەین لە داخوازییەکانی

> **خوای گەورە پاراستنی ئاین و رۆح و گیان و هیتریشی داناوە بە گرنگترینی مەبەستە شەرعییەکانی و بە گەشەپێدانی ئەو مەبەستانە**

[11] رواه مسلم في صحيحه برقم: ٥٥٣.

پاراستنی جەستەو ئەقڵمان و ئەوانیتریش. بەڵام لەوانەیە گرفتێك لەم کۆکردنەوەیەدا رووبدات، لێرەدا لوتف و بەزەیی خوای گەورە بە بەندەکانی دێتە پێش، هەروەها بە رەچاوکردنی باری لاوازییان رێگابدات بە وازهێنان لە هەندێ لە پەرستشەکان، یان بۆ ماوەیەك چاوپۆشی بکات لە مەسەلەیەك کە فەرزەو واجبە، مەسەلەی رێگادان بە لە دەم دەرهاتنی وشەی بێباوەڕیی بە رواڵەتی لە کاتی زۆرلێکردن و ئەنجامدانی بە تۆپزیی دێتە پێش، خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿**إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ**﴾ سورة النحل (١٠٦).

لەم ئایەتە پیرۆزەو لە چەندین هەڵوێستی تر لە ژیننامەی پیرۆزی پێغەمبەرەوە ئەوە هەڵێنجراوە کە ترس پاساوێکی پەسەندکراوە لە وازهێنان لە هەندێ لە فەرزو واجبە شەرعییەکان، ئەوەش لە حاڵەتێکدا دەبێت کە مەرجەکانی نەکردنی دەستەبەر ببن. ئەوەی کە لێرەدا پەیوەندە بە بابەتەکەمانەوە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١- وازهێنان لە جومعەو نوێژی جەماعەت لەبەر هەبوونی ترس لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشییەکە لەنێوان نوێژخوێناندا. لەڕاستیدا فیقهناسانمان روونیانکردووەتەوە کە ترس بیانوویەکی پەسەندکراوە بۆ نەکردنی نوێژی جومعەو جەماعەتەکان، ئەمەش سێ بەشە:

أ- مرۆڤ بترسێ لەوەی لەناوبچێت، یان بەشێ لە جەستەی لەناوبدات، یان دەستدرێژی بکرێتە سەری، یا بەلێدانێکی ئازار گەیەنەر لێیبدرێ، یان بڕفێنرێ و بەدیل بگیرێ، یان بکەوێتەبەر هێرشی گیاندارە دڕندەکان، ئەوا لەم حاڵەتانەدا بۆی هەیە وازبێنی لە رۆیشتن بۆ ئەو مزگەوتە کە تیایدا دەکەوێتەبەر ئەم حاڵەتانەی پێشەوە.

ب- مرۆڤ بترسێ لەوەی ئەگەر هاتوو بڕوات بۆ ئەنجامدانی نوێژی جومعەو جەماعەت ماڵ و سامانی لەدەست بدات و بفەوتێ، تەنانەت زانایان رێگایان داوە کە ئەگەر هاتوو کەسێ بترسێ لەوە گیانداری دڕندە ولاغەکەی بخۆن یان هاوشێوەکانی ئەوا بۆی هەیە نوێژی جومعە نەکات.

ج- بترسێ لە خێزان و منداڵەکانی، وەك بڵێی منداڵێك لە ماڵەکەیدا هەبێت کەسێك نەبێت سەرپەرشتی و چاودێری بکات ئەویش بترسێ لەوەی تووشی زیان ببێت، یان بترسێ لەوە کە ئەگەر هاتوو نوێژی جومعە بکات کەسێکی نزیکی بە هۆی ئامادەنەبوونی ئەوەوە کە هەستێ بە فریاکەوتنی بمرێ، یان تەڵقینی بکات بە شایەتومان یان هاوشێوەکانی.

بەڵگەی باوەڕپێکراوی زۆر هەن کە واجببوونی نوێژی جومعەی مەرجدار کردووە بەوەوە کە مرۆڤ نەترسێ لەوەی خودی خۆی تووشی زیان ببێت، یان ماڵ و سامانی یان خانەوادەکەی زیانیان پێبگات، لەوانە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ سورة الحج (٧٨) هەروەها فەرموودەی: ﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ سورة البقرة (١٨٥)

ئیبن قودامە دەڵێ: ئەو کەسەی کە بترسی بۆی هەیە نوێژی جومعەو جەماعەت نەکات و بیانووەکەی پەسەندە، ئەوەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێ: ((هەرکەس گوێی لە بانگدەر بوو و بیانوویەکی نەبێ ڕێگیری بێت لەوەی بچێت بەدەمیەوە، وتیان: چ بیانوویەك؟ فەرمووی: ترس یان نەخۆشی))[١٢].

ترسیش سێ جۆری هەیە: (ترس لەسەر ڕۆح و گیان، ترس لەسەر ماڵ و سامان، ترس لەسەر خێزان و مندال)[١٣].

بەپێی ئەمەی لە پێشەوە ڕوونکرایەوە ئەوا لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشییەکانی وەك (نەخۆشی کۆرۆنا یان کۆفید-١٩)دا ڕێگادراوە بە نەکردنی نوێژی جومعەو جەماعەت چونکە مەترسیدارە، بەڵام

١٢ رواه أبو داودفي سننه، برقم ٥٥١، ولإبن ماجة (٧٩٢) بلفظ: (من سمع المنادي فلم يمنعه من أتباعه عذر- قالوا وما العذر؟ قال: ((خوف أو مرض)) لم تقبل منه الصلاة التي صلّى) وسكت أبو داود، وهذا يعني حسب منهجه أنه حديث صالح. ورواه إبن عدي في الكامل في الضعفاء (٢١٣/٧) والدار قطني (٤٢٠/٦)، وقال الحافظ المنذري في الترغيب والترهيب (٢٠٧/١) ب إسناده صالح، أو حسن أو مايقاربها)، وضعفه النووي في المجموع (١٩١/٤) وصححه في المجموع أيضاً (٤٨٩/٤)، وبعضهم قالوا: الصحيح الوقف على إبن عباس. مثل إبن كثير في إرشاد الفقيه (١٦٧/١) والإشبيلي في الأحكام الصغرى (١٧٢).

١٣ المغني لأبن قدامة (٣٦٦/١) ط، الرياض.

مەرجە کە دەبێ ترسەکە بە کردەیی بوونی هەبێت و حەقیقەتی هەبێت، نەك تەنها گومان و واهیمەیەك بێت: چونکە وازهێنان لە ئەنجامدانی فەرزو واجب لەو حاڵەتەدا نەبێت کە مەترسییەکە بە کرداریی بوونی هەبێت دروست نیە، یان لەسەر داوای کاربەدەستان و کەسانی پسپۆڕ بێت.

بۆ مەسەلەی داخستنی مزگەوتەکان ئەوا بە رای من دروست نیە دابخرێن لە حاڵەتێکدا نەبێت پەتاکە بە حەقیقی بڵاوبووبێتەوەو لەلایەن کاربەدەستانەوە فەرمان لەوبارەیەوە دەرچووبێت، پێوەریش بۆ ئەم مەسەلەیە دەرکردنی فەرمانی حکومی یان تەندروستییە بە داخستنی قوتابخانەو زانکۆکان، ئەوا ئەوکاتیش دەکرێ مزگەوتەکان لەو شار و ناوچانەدا کە دەترسن ئەو پەتایە بڵاوبووبێتەوە تیایاندا دابخرێن، بەڵام بۆ ناوچەکانی تر کە قوتابخانەو زانکۆکان دانەخراون تیایاندا ئەوا فەرزە دەبێت مزگەوت و مزگەوتە گەورەکان بە کراوەیی بمێننەوە.

قەدەغەکردنی ئەنجامدانی عومرەو حەج بەهۆی پەتاکەوە:

- بەپێی زانیاری من- مێژوو تۆماری نەکردووە کە بەهۆی نەخۆشی تاعون یان هاوشێوەکانییەوە فەرزی حەج بە تەواوەتی قەدەغەکرابێت، بەڵام بەهۆی قەرامیتەکانەوە بۆ چەند ساڵێك حەج ئەنجامنەدراوە، چونکە ئەوان لەماوەی فەرمانڕەواییە قێزەونەکەیاندا قەدەغەیان کرد، هەروەك لە هەندێ وڵاتدا بەهۆی تاعون و پەتای تری کوشندەوە هەندێجار حەج نەکراوە. تەنانەت ئیبن کپیر لە کتێبی (البدایە والنهایە)دا باس لە ڕووداوەکانی ساڵی ٣٥٧ کۆچی دەکات کە تاعون لە مەککە بڵاوبووەتەوە، خەڵکێکی زۆر مردوون. تیایدا وشتری حەجاجەکان ژمارەیەکی کەمیان نەبێت ئەوانیتریان لە تینویەتیدا مردوون و نەگەیشتوونەتە مەککەی پیرۆز، تەنانەت زۆربەی ئەوانەش کە گەیشتبوون لەدوای حەج مردوون.

لە ساڵی ٢٠٠٩ز کاتێ ئەنفلۆنزای بەراز (H1 – N1) دەرکەوت، هەندێ

فەتوا کەوتنەڕوو کە ڕێگیرییان لە حەجکردن کرد. بەڵام شانشینی عەرەبی سعودی لە رووی فیقهی و تەندروستییەوە لێکۆڵینەوەی لە مەسەلەکە کرد. دواجار گەیشتە ئەوە کە مەترسییەکە دڵنیاکەر نیەو بەردەست نیە لەبەرئەوە ڕێگیری لێنەکرد. بەڵام ڕێکاری هونەری زانستی توندتری گرتەبەر لە ئەنجامدانیدا، داوای کرد بەساڵاچووان و نەخۆشەکان و هاوشێوەیان نەچن بۆ حەج.

هەروەها لە ساڵی ١٤٤١ کۆچی (شوباتی ٢٠٢٠ز) فەرمان دەرچوو بە ڕێگیریکردن لە عومرە تا کاتێکی نادیار وەك ڕێکارێکی خۆپارێزیی ئەوەش بەهۆی مەترسی پەتای کۆرۆناو بڵاوبوونەوەی.

هەوڵی ڕێگیریی لە ئەنجامدانی فەریزەی حەج لە ساڵی ١٣١٦ کۆچی بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا لەلایەن دەزگای هەواڵگری فەرەنساوە:

لەڕاستیدا وەرزی حەج بە نیسبەت کۆلۆنیاڵە داگیرکارەکانەوە مەسەلەیەکی مەترسیدارە، چونکە لە وەرزی حەجدا تەواوی حاجیان چاویان دەکەوێت بە زانایان و بیرمەندان و بانگخوازانی کۆمکاری ئیسلامیی، لەبەرئەوە دەزگای هەواڵگری فەرەنسا هەوڵیدا ڕێگیریی لە موسڵمانانی ئەو وڵاتانە بکات کە ژێردەستەی بوون و سەر بەو بوون لەوەی بڕۆن بۆ حەج، ئەوەش بە بیانووی ترسی تووشبوون بە نەخۆشی کۆلێرا[١٤]، مامۆستا موحەممەد ڕەشید ڕەزا باسی لە هەڵوێستی وڵاتی میسری کردووەو دەڵێت: (ئەنجومەنی وەزیرانی میسر) کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان بەست بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی ڕێگیریکردن لە حەج کە ئەنجومەنی تەندروستی مرۆیی بە زەروری دەزانێ نەبادا پەتاکە لە وڵاتی حیجازەوە بگوێزرێتەوە بۆ میسر. جا لەبەرئەوە کە ڕێگیریکردن لە حەج ڕێگیرییە لە روکنێکی سەرەکی لە ئایندا ئەوا نەدەبوو وەزیرەکان فەرمانێك واژۆ بکەن تا پرس بە زانایان نەکەن، هەربۆیە (عەتوفە) کە سەرۆك وەزیران بوو داوای کۆبوونەوەی

---

١٤ د. علي الصلابي، تأريخ الدولة العثمانية. ٢٣/٣.

کرد لەگەڵ بەڕێز قازی میسر و بەڕێز شێخی ئەزهەر و موفتی وڵاتی میسر و مامۆستا عەبدوڕەحمانی نەواوی موفتی حەققانی و مامۆستا عەبدولقادر رافیعی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی زانستی، ئەم بەڕێزانە تاوتوێی مەسەلەکەیان لەگەڵ سەرۆك وەزیران کرد، دوای ئەوە کە لە دانیشتنەکە تەواو بوون خۆیان کۆبوونەوە کۆدەنگ بوون لەسەر نوسینی ئەم فەتوایە و ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەمە دەقی فەتواکەیە: (سوپاس بۆ خوای تاك و تەنها، هیچ یەك لە پێشەوایان باسی ئەوەی نەکردووە کە یەکێك لە مەرجەکانی فەرزبوونی حەجکردن نەبوونی نەخۆشییەکی گشتییە لە وڵاتی حیجازدا، چونکە بوونی بەشێك لەو مەرجە ئەوە ناگەیەنێ کە فەرز ئەنجامنەدرێ لەلایەن ئەو کەسەوە کە لە توانایدایە، لەبەرئەوە لەگەڵ بوونی ئەو نەخۆشییەشدا نابێت رێگیری بکرێ لەو کەسە کە دەیەوێت بڕوات بۆ حەج کە هەرکات لە توانایدا بوو بڕوات. مەسەلەی قەدەغەکردن لە رۆیشتن بەرەو ئەو خاکە کە ئەو نەخۆشیەی تێدا بڵاوبووەتەوە کە لە فەرموودەکەدا هاتووە، ئەوا لە حاڵەتێکدا کاری پێدەکرێ کە دژ نەبێت بە مەسەلەیەکی لەو بەهێزتر، وەك بەجێگەیاندنی فەرز، هەروەك لە گوتەی زانایانمانەوە سودی لێدەبینین و تێیدەگەین.

له ٢ زیلقەعدە ساڵی ١٣١٦ کۆچی نوسراوە

خوای گەورەش زاناترە

والحمد لله رب العالمين[١٥]

بەڵام گوتەی بەهێزتر و لەپێشتر ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو پەتاکە بە شێوەیەکی گومانبڕ بڵاوبوویەوە یان حاڵەتێکی حەقیقی زاڵبوو بەسەر گوماندا (لەڕێگای شارەزا پسپۆڕەکانەوە) وە حاجییەکان یان هەندێکیان بەهۆی قەڵەباڵغییەوە تووشی ئەو پەتایە بوون، ئەوا دەکرێ رێگیری لە عومرە یان حەج بەشێوەیەکی کاتی بکرێ ئەویش

١٥ مجلة المنار، العدد ٥١.

بەڕادەی ئەو خراپەیەی کە بەهۆیەوە روودەدات. فیقهناسان کۆدەنگن کە لە کاتی بوونی ترس لە ڕێگا ئەوا ڕێگادراوە بە حەج نەکردن. بەڵکو مەسەلەی تواناییش بەبێ بوونی ئەمن و ئاسایش دەستەبەر نابێت، لەبەرئەوە ئەوا نەخۆشییە بڵاوبووەکان دادەنرێن بە بیانووی ڕێگاپێدراو بە حەج و عومرە نەکردن ئەوەش بەو مەرجە کە ترسەکە بوونی هەبێت و بوونی نەخۆشییەکە زاڵبێت بەسەر باری گوماندا، یان بڵاوبوونەوەی بەهۆی حەج و عومرەوە، ئەمەش کەسانی پسپۆڕ لە پزیشکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن و بڕیاری لەسەر دەدەن، هاوکات لەبارەی ڕێگیریکردنەوە بڕیارێك لە شانشینی عەرەبی سعودیەوە دەربچێت، لە حاڵەتێکیشدا کە حەج و عومرە بە کراوەیی بمێننەوە ئەوا ئەوکات هەڵسەنگاندن لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە دەکرێ کە ئەو پەتایە تیایدا دەرکەوتووە کە ڕێگیری لە حاجی و عومرەکارانی بکات لە بەجێگەیاندنی حەج لە ترسی ئەوە نەبادا پەتاکە بگوازرێتەوە بۆ کۆی حاجییان و عومرەکاران، ئەوەش بەپێی هەڵسەنگاندنی لایەنە پسپۆڕەکان لە هەر وڵاتێکدا.

**هەشتەم:** نزاو پاڕانەوە لە خوای گەورە:

هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری چارەسەری پزیشکی پێویست، واباشە موسڵمان لە کاتی بوونی پەتاو نەخۆشیدا نزاو پاڕانەوەی زۆری هەبێت، وەك ئەم دوعاو نزایانە:

﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ سورة التوبة (٥١). واتە: (ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار بڵێ هەرچی خوای گەورە لەسەرمانی نەنوسیبێت تووشمان نابێت، دەبا باوەڕداران پشت بە خوای گەورە ببەستن).

﴿بسم الله الذي لا يضرُّ مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم﴾. واتە: (بەناوی ئەو خوای گەورەیە کە هەرکات و لە هەر کوێدا هەرکەس ناوی پیرۆزی ببات لە زەوی و لە ئاسمانەکاندا ئەوا بەدوور دەبێت لە زیان و خراپە، تەنها ئەو زاتە بیسەرو زانایە) سێجار

یـان زیاتـر بخوێنـرێ. لـە فەرمـوودەدا هاتـووە هەرکـەس ((سـێجار ئـەم دوعایـە بخوێنـێ ئـەوا تووشـی ناڕەحەتـی بـەڵاو نەخۆشـی نایـەت تـا رۆژی لێدەبێتـەوە، هەرکەسـیش کاتـی کـە رۆژی لێبـووەوە سـێجار بیخوێنـێ ئـەوا تـا ئێـوارەی لێدێتـەوە پارێـزراو دەبێـت لـە بـەڵاو نەخۆشـی)[١٦].

﴿لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين﴾. واتـە: (پەنـا دەگـرم بـە نـاوە پیرۆزەکانـی خـوای گـەورە لـە هـەر شـتێکی زیانگەیەنـەر کـە بەدیهێنـاوە) لـە فەرمـوودەی صەحیحـدا هاتـووە کـە ئەگـەر بیخوێنـی ئـەوا خراپـەی خەڵکـی زیانـت پێناگەیەنـێ)[١٧].

سـێجار خوێندنـی سـورەتی ئیخـلاص و هـەردوو میعوەزەکـە، لـە بەیانـی و ئێـوارەدا، لەبـارەی چاکـی پاداشـتی خوێندنیانـەوە فەرمـوودەی راسـت و دروسـت هاتـوون.

(پـەروەردگارم مـن داوای سـاغو سـەلامەتی دنیـاو قیامەتـت لێدەکـەم، خوایـە گیـان مـن داوای لێخۆشـبوون و سـەلامەتی دیـن و دنیـاو مـاڵ و منـداڵ و سـەروەت و ماڵەکەمـت لێدەکـەم، خوایـە گیـان عەیبەکانـم داپۆشـە، تـرس و بیمـم بڕەوێنـەرەوە، خـوای گـەورە بمپارێـزە لـە پێـش و لـە پاشـەوە، لـە لای راسـتمەوە، لـەلای چەپمـەوە، لەسـەرووممەوە، پەنادەگـرم بەگـەورەیـی خـۆت لـەوەی لـە جێگایەکـەوە بەلایەکـم بـۆ بێـت کـە هەسـتی پێناکـەم یـان رۆچوونـم بەسـەربێنی)[١٨].

﴿لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين﴾[١٩]. واتـە: (پـەروەردگارا جگـە لـە زاتـی تـۆ هیـچ خوایەکـی تـر بوونـی نیـە، پاکوبێگـەردی بـۆ تۆیـەو منیـش لـە گوناهکارانـم). لەبارەیـەوە هاتـووە کـە هـەر موسـڵمانێك بـەم دوعایـە بپاڕێتـەوەو داوای هـەر شـتێك بـکات خـوای گـەورە دوعاکـەی گیـرا دەکات.

---

١٦ رواه أبو داود في سننه برقم: ٥٠٨٨. والترمذي في سننه برقم: ٣٣٨٨. والنسائي في سننه برقم: ٩٨٤٣. وإبن ماجة في سننه برقم: ٣٨٦٩. وأحمد في المسند برقم: ٤٤٦. وصحح كثيرون.

١٧ رواه مسلم في صحيحه، برقم: ٢٧٠٩.

١٨ رواه أبو داود في سننه برقم: ٥٠٧٤. وإبن ماجة في سننه برقم: ٣٨٧١. بسند صحيح.

١٩ رواه البزار في البحر الزخار (٢٥/٤) (٣٦٣/٣). وقال المنذري في الترغيب (٥٩/٢) إسناده صحيح، أو حسن، أو ما يقاربهما.

خوایە گیان پەنات پێدەگرم لە نەمانی نیعمەتەکانت لەسەرم، لە گۆڕینی ساغو سەلامەتیت بۆم، لە هاتنی خەشم و تووڕەییت لەناکاو لەسەرم، لە هەموو تووڕەبوونێکت لێم)[20].

(خوای گەورە پەنات پێدەگرم لە نەخۆشی بەڵەکی و شێتی و گولیی و لە نەخۆشییە خراپ و کوشندەکان)[21].

خوێندنی قورئانی پیرۆز و زیکرکردن و تەسبیحات کردن و سەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەری نازدار و لەسەر خانەوادەو هاوەڵانی.

ئەمەو خوای گەورە زاناترە

موحتاج بە بەزەیی پەروەردگاری

پ. د. عەلی محیّدین قەرەداغی

سەرەتای مانگی رەجەبی خێر و بەرەکەت

ساڵی ١٤٤١ کۆچی٣، ٣/ ٢٠٢٠

٢٠ رواه مسلم في صحيحه برقم: ٢٧٣٩.

٢١ رواه أحمد في المسند برقم: ١٥٢/٩٢. وأبو داود في سننه برقم: ١٥٥٤. والنسائي في سننه برقم: ٥٤٩٣. وقال سنده صحيح.

## دکتۆر عەلی قەرەداغی داوادەکات خوانی بەربانگی ڕۆژووەوان بکرێتە سەبەتەی خۆراك بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان

بسم الله الرّحمن الرّحيم

فەتوا دەربارەی: ڕەوایی (دروستی) گۆڕینی خوانی بەربانگی ڕۆژووەوان بۆ شێوازی دابەشکردنی ژەمەکان یان سەبەتەی خۆراك بەسەر خێزانە نەدارەکاندا، ئەویش بەهۆی لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا (کۆفید-١٩)ەوە.

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درود و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەری بە بەزەیی بۆ جیهانیان پێغەمبەرمان موحەممەد (ﷺ) و لەسەر خانەوادەو گشت هاوەڵانی، پاشان:

بەهۆی ئەم بارودۆخە هەنووکەییەوە کە لەبەرئەنجامی لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆفید-١٩) ەوە جیهانی پێدا تێدەپەڕێ، لەبەر ئاسەوارەکانی کە ڕەنگیانداوەتەوە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و لەسەر باری خەڵکی و لەنێویشیاندا لەسەر پەرستشەکان، هەروەها ئێمەش لەم کاتەدا نزیکدەبینەوە لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان کە خەڵکی چاکەخواز تیایدا بەپەلەن بۆ بەخشینی خێرو خێرات و دابەشکردنی بەسەر هەژاران و نەداراندا، بەتایبەتی پڕۆژەی خوانی بەربانگکردنەوەی ڕۆژووەوان کە لە ئەمساڵدا بەهۆی ئەو زیانانەوە کە لەبەرئەنجامی گردبوونەوەکانەوە ڕوودەدەن ناتوانرێت جێبەجێ بکرێ، لەبەرئەوە جێگرەوە بریتییە لە دابەشکردنی سەبەتەی خۆراك کە خواردەمەنییە پێویست و سەرەکییەکانی تێدابێت.

جا بۆ ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعی ئەم حاڵەتەی پێشهاتووە، دەڵێین:

**یەکەم:** لەڕاستیدا چەندین بەڵگەی متمانە پێکراو لەسەر پلەو پایەی چاکەی خێرکردن لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا بوونیان هەیە کە پاداشتەکەی چەندینجار زیاد دەکات، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا

روونیکردووەتـەوە و دەفەرموێ: ﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ، إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ، إِنَّا نَخَافُ مِنْ رَبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا ، فَوَقَاهُمُ اللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ الْيَوْمِ وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا ، وَجَزَاهُمْ بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا﴾ سورة الإنسان (٨-١٢). تەنانـەت خـوای گـەورە خێرکـردن و بەخشینی کردووەتـە دەرگایـەك بـۆ چوونە بەهەشـت، بەڵکـو بـۆ چوونـە فیردەوسـی بـاڵا ئەگـەر هاتـوو خێـرو بەخشـینەکە بگاتـە پلەی پێشخسـتنی کەسانیتر بەسـەر خـود دا، هـەر وەك لـە سـورەتی (المؤمنـون) دا هاتـووە.

**دووەم:** مەسـەلەی پاداشـتی بەربانگکردنـەوە بـۆ رۆژووەوان بەدڵنیایـی پاداشـتی گـەورەی هەیـە، چونکـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفەرمـوێ: ((هەرکەس بەربانـگ بـۆ رۆژووەوانێـك بـكات ئـەوا پاداشـتی بـەڕادەی پاداشـتی رۆژووەوانەکـەیـە، لـە کاتێکـدا کـە هیـچ لـە پاداشـتی رۆژووەوانەکـە کـەم ناکات)). ترمزی بـە ژمـارە (٨٠٧) ریوایەتـی کـردووە، دەڵـێ: فەرموودەیەکی چـاك و راسـتە، ئیبـن حەببـان لـە صەحیحەکەیـدا بـە ژمـارە (٣٤٢٩) و کەسـانیتریش ریوایەتیـان کـردووە. زانایـان روونیانکردووەتـەوە کـە بەربانگکردنـەوە بـە رۆژووەوان بـەوە دەسـتەبەر دەبێـت کـە خواردنـی پێبـدرێ، خواردنیـش لـە زمـان و لـە قورئـان و سـوننەتدا ناوێکـی کۆکەرەوەو گشـتگیرە، ئـەو خواردنەیـە کە مرۆڤ تەبیعەتی دەیگـرێ و چێژی لێدەبات، ئـەوەش خواردنـی ئامادەکـراو دەگرێتـەوە، کەرەسـتەکانی وەك گەنـم (یـان ئـارد) و برنـج و گۆشـت و هاوشـێوەیان دەگرێتـەوە، بـۆ نمونـە مەبەسـت بـە خـواردن لـە فەرمـوودەی خـوای گـەورەدا: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ﴾ سـەربڕاوەکانیانە، لـە سوننەتیشـدا خـواردن راڤەکـراوە بـە گەنـم هـەروەك لـە فەرموودەکـەی ئەبـی سـەعید دا هاتـووە کـە: ((پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمانیـداوە بـە دانـی سـەرفیترە بـە (صاع)ێـك لـە خـواردن)) واتـە مەنێـك گەنـم، بوخـاری ریوایەتـی کـردووە بـە ژمـارە (١٥٠٦)، موسـلیم بـە ژمـارە (٩٨٥).

راڤەکارانـی ئـەو فەرموودەیـە کـە تایبەتـە بـە بەربانگکردنـەوە بـۆ رۆژووەوان ئەوەیـە فیقهـی ئـەم کارە ئەوەیـە: هەرکـەس یارمەتـی

باوەڕدارێك بدات لەسەر كارێكی چاكە ئەوا یارمەتیدەرەكە پاداشتی بكەری كارەكەی دەستدەكەوێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەوا لەو حاڵەتەدا كە موسڵمانان لە باری كەرەتێنەدابن یان نیشتەجێی ماڵەوەبن، یان قەدەغەی هاتووچۆ بێت، یان هەر ڕێكارێكی تری خۆپارێزی (كە هەمووشیان كاری ڕەوان بەڵكو داخوازی شەرعین بە مەبەستی پاراستنی گیان و خۆلادان بێت لە لەناوچوون) ئەوا هەركەس هەستێت بە ئامادەكردنی سەبەتەی خۆراك، لەوەی كە ڕۆژووەوانێك بەربانگی پێدەكاتەوە لە گەنم (یان ئارد) و گۆشت و برنج و خواردەمەنی تریش، بەڵكو تەنانەت نرخی بەربانگكردنەوەكەی بداتێ، ئەوا بەویستی خوای گەورە ئەو پاداشتەی دەستدەكەوێت كە لە فەرموودەكەدا هاتووە.

چونكە عیبرەت بە نیەت و بە مەبەستەكان وەردەگیرێ، بۆ دەستەبەركردنی ئامانجەكەیە، بەڵكو ئەو ڕۆژووەوانە كە پێویستی هەیەو لەو حاڵەتەدا سەبەتە خۆراكییەكە وەردەگرێ ئەوا سودی بۆ خودی خۆی و بۆ خێزانەكەی زیاترە لەوەی كە خۆی خواردنێكی ئامادەكراو بخوات.

لەبەرئەوە داوا لە چاكەخوازان دەكەم هەماهەنگ و هاوكاربن لە پڕۆژەی بەربانگكردنەوەی ڕۆژووەوانی رابیتەی خێرخوازی و ڕێكخراوە خێرخوازیەكان، ئەویش لەڕێگای سەبەتەی خۆراكەوە، هەروەها لە

**داوا لە چاكەخوازان دەكەم هەماهەنگ و هاوكاربن لە پڕۆژەی بەربانگكردنەوەی ڕۆژووەوانی رابیتەی خێرخوازی و ڕێكخراوە خێرخوازیەكان، ئەویش لەڕێگای سەبەتەی خۆراكەوە**

پڕۆژەكانی تریشیدا، كە بە چاوی خۆمان بینیومانە هەمیشە پێشەنگ بووە لە چاكەكردن و لە گەیاندنی بەخشینەكان بەو خانەوادانە كە پێویستە ئاوڕیان لێبدرێتەوە، هاوكاربن و سەبەتە خۆراكییەكانیان زیاترو زیاتر بكەن بۆ رۆژووەوانە هەژارەكان، چونكە ئەوان لەم ساڵەدا بەهۆی راوەستانی كار و بێكارییەوە لەو بارەدان كە پێویستییان زۆر زۆرە، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ: ((هەركەسێ سەختی و نارەحەتییەكی دنیا لەسەر باوەڕدارێ لاببات، ئەوا خوای گەورە سەختییەك لە سەختییەكانی رۆژی قیامەتی لەسەر لادەبات، هەر كەسێكیش ئاسانكاری بۆ كەسێكی سەغڵەت و قەرزار بكات، ئەوا خوای گەورە لە دنیاو لە قیامەتدا ئاسانكاری بۆ دەكات...... خوای گەورەش هاوكار و پشت و پەنایە بۆ هەر كەسێك كە هاوكار یارمەتیدەری براكەی بێت...)) موسلیم لە صەحیحەكەیدا بە ژمارە (٢٦٩٩) ریوایەتی كردووە.

ئەمەمان خستەڕوو خوای گەورەش زاناترە بەوەی كە راست و دروستە.

كۆتا نزاو پاڕانەوەمان سوپاس و ستایشە بۆ پەروەردگاری جیهانیان

درود و صەڵەوات لەسەر گەورەمان پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) لەسەر خانەوادەو هاوەڵانی

پ. دكتۆر عەلی محیّدین قەرەداغی
سەرۆكی ئەنجومەنی ئەمینداران و
سەرۆكی رابیتەی ئیسلامی كورد
٢١-٤-٢٠٢٠ز
٢١-٨-١٤٤١هـ

## فەتواو و دەستپێشخەری دەربارەی:
## رێگادان بە بەکارهێنانی حەوشە و گۆڕەپانی مزگەوتەکان و بەشێك لە حەرەمی مزگەوت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، ئەوەش وەك زیندووکردنەوەیەك بۆ سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ).

دەربارەی: رێگادان بە بەکارهێنانی حەوشە و گۆڕەپانی مزگەوتەکان و بەشێك لە حەرەمی مزگەوت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، وەك زیندووکردنەوەیەك بۆ سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، کە دەوار (رەشماڵ) لە مزگەوتی پێغەمبەردا (ﷺ) بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و زامداران هەڵدراوە، وەك نیشاندانی لێبوردەیی ئیسلام کە تا ئەوپەڕی گرنگی بە ژیانی مرۆڤ دەدات.

لەڕاستیدا ئیسلام لە بیرو بۆچوون و لە زاراوەکان و سروت و پەرستشەکانیدا جیاوازە لە غەیری خۆی، لە تێگەیشتنیدا لەسەر گشتگیریی بەرپا دەبێت واتە رەچاوی بەرژەوەندی دەکات، لە بیروبۆچوونەکانیدا واقیع بین و ئەرێنییە، تەواوی چالاکییەکانی لەسەر پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو تای تەرازووەکە بەرپا دەبێت، لەبەرئەوە مزگەوت لە ئیسلامدا تەنها جێگایەك نیە بۆ بەجێگەیاندنی سروتەکان کە ئەم دیاردەیە لەلای ئەوانیتر بەدی دەکەین.

چونکە کەنیسەو پەرستگاکان لە ئاینەکانی تردا تایبەتن تەنها بە سروت و دروشمە ئاینییەکانەوە، لەکاتێکدا مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) لە شاری مەدینەی پیرۆز کە لەلایەن پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵە بەڕێزەکانەوە دروستکرا -بە تەنیشت ئەنجامدانی سروتەکانەوە تیایدا- قوتابخانەیەکی پەروەردەیی و پاککەرەوەیەکی دەروونی و کارگەی بەرهەمهێنانی سەرکردەکان بوو، خانەی دادوەریی و فەرمانڕەوایی و دەسەڵات بوو، بینای راوێژکاریی و بەیعەتدان بوو، شوێنی گردبوونەوەو جوڵەو دەرچوونی سوپاکان بوو، هەروەها دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو کە گرفتی هەژارانی تێدا چارەسەر دەکرا، گرێبەستی هاوسەرگیریی

تێدا ئەنجامدەدرا، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) تیایدا پێشوازی لەو شاندانە دەکرد کە دەهاتنە خزمەتی تەنانەت لە غەیری موسڵمانان و هیتریش.

ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە مزگەوتی پیرۆزی پێغەمبەر (ﷺ) لە حەوشە و گۆڕەپانەکانیدا چارەسەری زامدارو نەخۆشەکانی تێداکراوە، تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) دەوارێکی هەڵداوە تیایدا بۆ چارەسەرکردنی سەعد کوڕی مەعاز، پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا بە ژمارە (٤١٢٢)، موسلیم بە ژمارە (١٧٦٩) و هیتریش لە راویەکان بە سەنەدی دایکی باوەڕداران عائیشە (خوا لێی رازی بێت) دەگێڕنەوە کە (لە جەنگی خەندەق دا درا لە گەورە دەماری خوێنبەری باڵی سەعد و بە سەختی زامداربوو... پێغەمبەریش (ﷺ) دەوارێکی لە مزگەوتدا بۆ هەڵدا تا لە نزیکەوە سەردانی بکات و ئاگاداری حاڵەتەکەی بێت...)، لە ریوایەتێکی راستی تری بوخاریدا بە ژمارە (٤٦٣) و موسلیم بە ژمارە (١٧٦٩) بە لەفزی (سەعد لە جەنگی خەندەقدا لە گەورە دەماری خوێنبەری باڵیدا زامدار بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) لە مزگەوت چادرێکی بۆ هەڵدا تا لە نزیکەوە سەردانی بکات و لەناکاودا نەیەتە لایان و ترسیان لێبنیشێ، لە مزگەوتیشدا چادرێکی بەنو غەففار هەبوو، خوێنی سەعد دەڕژاو سەری کردبوو بۆ لایان، ئەوانیش وتیان: ئەی خەڵکانی چادرەکە: ئەوە چییە لەلای ئێوەوە گەیشتووەتە لای ئێمە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە زامەکەی سەعد خوێنی لێدەچۆڕا و بەهۆیەوە گیانی سپارد.

(ئەم فەرمووده صەحیحە کە هەردوو پێشەوا بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە روونیدەکاتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەناو مزگەوتە پیرۆزەکەیدا چادرێکی بۆ چارەسەرکردن هەڵداوە، روایەتی راست و دروستی تریش هەن ئاماژە بەوە دەدەن روفەیدە کە ئافرەتە هاوەڵێکی بەڕێزە چارەسەری نەخۆشیەکەی کردووە، چونکە بوخاری بە سەنەدی صەحیح لە (الأدب المفرد) بە ژمارە (٨٥٩) دا ریوایەتی کردووە کاتێ کە سەعد لە جەنگی خەندەق گەورە دەماری خوێنبەری باڵی زامدار

بوو، کاتێ زامەکەی سەختتر بوو، گواستیانەوە بۆ لای ئافرەتێك بەناوی روفەیدە کە زامدارانی چارەسەر دەکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) کاتێ دەچووە لای دەیفەرموو (ئەمڕۆت چۆن لێگوزەرا؟ کاتێکیش بەیانی دەهات دەیفەرموو: ئەم شەوت چۆن لێگوزەرا؟ ئەویش هەواڵی راستی پێدەدا.

حافز ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی (الإصابە) (٣٠٢/٤) دا دەڵێ: سەنەدەکەی راستە، هەروەها إبن عبد البر لة الإستیعاب دا (١٣٥/٨)، إبن الأثیر لة أسد الغابة (٦٩٢٥)، ئیبن حەجەر لە الإصابە (١٣٥/٨) دەگێڕنەوە روفەیدە کە ناوی تەواوی (کەعیبە کچی عەبد ئەسلەمییە هەروەك ئیبن سەعد لە کتێبی الطبقات دا (٢٩١/٨) دەڵێ: چادرێکی هەبوو زامدارانی تێدا تیمار دەکرد)، چونکە ئیبن سەعد دەڵێ پێغەمبەری (ﷺ) فەرمانیدا لە مزگەوتەکەیدا چادرێك بۆ روفەیدە هەڵبدرێ، ئەویش ئافرەتێك بوو کە زامدارانی تیمار دەکرد و فەرمووی: ((بیخەنە چادرەکەی روفەیدە -واتە سەعد- تا لە نزیکەوە سەردانی بکەم). هەر لەمبارەیەوە سەردانی فتح الباری شەرحی صەحیحی بوخاری، بەشی غەزاکان بکرێ، فەرموودەکەش بە ژمارەی (٤١٢٢)ە.

ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوە کە بەشێك لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) تایبەت کرابوو بۆ چارەسەرکردنی زامدارەکان ئەویش لە رێگای چادرەکەی روفەیدەوە، ئەوەش سەلمێنراوە کە (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەناو چادرەکەی روفەیدە دا

**بەشێك لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) تایبەت کرابوو بۆ چارەسەرکردنی زامدارەکان ئەویش لە رێگای چادرەکەی روفەیدەوە**

داینێن)). سەیری سیرەی ئیبن هیشام (٢٣٩/٢)، گبقات إبن سعد (٢٩١/٨)، صەحیحی موسلیم (١٣٨٩/٢)، تأريخ الگبری (٥٠٦/٢) بکرێ.

ئەمەش ئاماژەو واتایەکی مەزنە لەسەر بەزەیی و ڕەحمەتی ئەم ئاینەو لەسەر مرۆڤدۆستیی و گشتگیریی بۆ تەواوی ژیانی ڕۆحی و جەستەیی، لە دنیاو دوارۆژدا، جا بەوپێیە کە سەراپای زەوی مزگەوتی موسڵمانانە ئەوا مزگەوتیش تەواوی ژیان لەخۆ دەگرێ.

**فەتواو دەستپێشخەری:**

بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی لەپێشەوە ئاماژەیان پێکرا، وە لەبەرئەوە مزگەوتەکان بەهۆی ترس لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ئێستادا ڕۆڵی خۆیان نابینن و بەڕووی نوێژخوێناندا داخراون، ئینجا بە پشتبەستن بە پێویستی وڵات و خەڵك بە شوێنی زیاتر، دەکرێ بکرێنە نەخۆشخانەی کاتیی، چونکە نەخۆشخانەکانی ئێستە بەشی پێویست نین و بەهۆی زۆری نەخۆش و تووشبووانەوە پێویستییە زەرورییەکان دابین ناکەن، ئەمەش بە ئاستێکە کە یانە وەرزشییەکانیش کراونەتە نەخۆشخانەی کاتیی.

لەبەردەم ئەم حاڵەتەداو بە شوێنکەوتنی ئەو کارە کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی هەستاوە، فەتوا دەدەم کە دروستە گۆڕەپان و حەوشەی مزگەوتەکان بکرێنە نەخۆشخانەی کاتیی تا ئەو کاتەی ئەم پەتاو درمە بە ویستی خوای گەورە لەناودەچێ، لەم حاڵەتەشدا هیچ سەغڵەتییەك دروست نابێت لەوەی هەر نەخۆشێك لەناو ئەو حەوشە و گۆڕەپانانەدا شوێنی بۆ دابنرێ، چونکە بەپێی ڕای جەماوەری فیقهناسان حوکمی مزگەوت وەرناگرن، ئەو کاتیش حەرەمی مزگەوت تایبەت بکرێ بە کاروبارەکانی کارگێڕیی و ئەنجامدانی نوێژەکان تیایاندا ئەویش بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەکان.

جا ئەگەر هاتوو پێویستییەکە زۆر زۆرتر بوو ئەوا لاری نیە لەوەی بەشێك لە حەرەمی مزگەوت تایبەت بکرێ و بکرێتە نەخۆشخانەیەکی کاتیی، ئەویش هەروەك چادرەکەی خاتوو ڕوفەیدە لە مزگەوتی

پێغەمبەردا (ﷺ)، ئەوەشمان بینی کە خوێنی پێشەوا سەعد لە چادرەکەی روفەیدەوە گەیشتەناو چادرەکەی بەنو غەففار لەناو خودی مزگەوتەکەدا -هەروەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد-، بەڵام دەبێت کارگێڕی بەپەرۆش بێت لەسەر پاراستنی پێداویستییەکانی مزگەوت بەپێی توانا.

**لەوانەیە بوترێ: دەکرێ یەکێك لە تووشبووان یان یەکێك لەناو تیمی کارمەنداندا موسڵمان نەبێت، ئایا ئەمە چ حوکمێکی هەیە؟**

**وەڵام:** غەیرە موسڵمان بۆی هەیە بچێتە هەموو مزگەوتەکانەوە -جگە لە حەرەمی مەککی- ئەگەر مۆڵەتی موسڵمانانی لەسەر بوو ئەوا لەم حاڵەتەدا هیچ راجیاوازییەکی بەهێز کە شایانی باس بێت بوونی نییەو دروستە، بەڵام رای جیاوازی بەهێز لە چوونیانە بۆ ناو مزگەوتی حەرام یان بەبێ مۆڵەتی موسڵمانان بێت. ئەو بەڵگانەش حاڵەتی پێشەوە بەهێز دەکەن ئەمانەی خوارەوەن:

١- لە چەندین فەرموودەی راستدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مزگەوتەکەیدا پێشوازی لە شاندی هۆزی سەقیف کردووە (کە بێباوەڕ بوون)، ئەبو داود لە سونەنەکەیدا بە سەنەدێکی باش فەرموودەیەکمان بە ژمارە (٣٠٢٦) بۆ دەگێڕێتەوە کە کاتێ شاندەکەی سەقیف هاتوون بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بردوونیەتە مزگەوت تا زیاتر دڵیان رابگرێ و دڵیان نەرم ببێت...)، إبن ملقن لە کتێبی (البدر المنیر ٤/٢٧) دا دەڵێ: (سەنەدی ئەم فەرموودەیە باشەو قوبوڵە)، ئیبن وەزیری یەمانی لە کتێبی (العواصم من القواصم ٢/٢١٣) دا دەڵێ: سەنەدەکەی راستە، ئەبو داود لە کتێبی (المراسیل/ ١٢٤) لە حەسەنی بەصرییەوە دەگێڕێتەوە کە: شاندە نێردراوەکەی سەقیف هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش لە کۆتایی مزگەوتەکەدا بەرزاییەکی بۆ دانان تا لێیەوە بڕواننە نوێژی موسڵمانان و روکوع و سوجودیان ببینن، ئینجا وترا: (ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لە مزگەوتدا

نیشتەجێیان دەكەیت كە ئەوان بێباوەڕن؟! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((زەوی پیس (گڵاو) نابێت)).

سەرگوزەشتەی شاندی نێردراوی سەقیف بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) چیرۆكێكی باو و ناودارەو لە هەموو كتێبەكانی سوننەتدا باسكراوە، لە صەحیحی موسلیمدا بە ژمارە (٣٢٨)، لە سوننەنی ئەبو داود بە ژمارە (١٣٩٣)، ئیبن ماجە بە ژمارە (١٣٤٥) و ئەحمەد بە ژمارە (١٩٠٢٠) و هیتریشدا ئەم رووداوە هاتووە، لەبەرئەوە شەوكانی لە كتێبی (السیل الجرار ١/١٨٠) دەڵێ: ئەم فەرموودە سەلمێنراو و جێگیرە.

٢- پێغەمبەری خوا (ﷺ) شاندی نێردراوی گاورەكانی نەجرانی بردە ناو مزگەوتەكەیەوە، كاتێكیش كاتی نوێژیان هات نوێژیان تێدا كرد، ئیبن قەییم لە كتێبی (أحكام أهل الذمة ١/٣٩٧) چاپی رەمادی بۆ بڵاوكردنەوە دەڵێ: (بە فەرموودەی راست لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتووە كە شاندی گاورەكانی نەجرانی لە مزگەوتەكەیدا نیشتەجێ كردووە، كە كاتی نوێژیان هاتووە نوێژی خۆیانیان تێدا كردووە، ئەوەش لە ساڵی هاتنی شاندەكان بوو بۆ مەدینە)، لە تەفسیری (إبن كثیر ٢/٤٢) چاپی دار الكتب العلمیە دا هاتووە دەڵێ: ئیبن ئیسحاق دەڵێ: موحەممەدی كوڕی جەعفەری كوڕی زوبەیر بۆی گێڕامەوە و وتی: ئەو شاندە هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینە، هاتنە ناو مزگەوتەكەی...كاتێكیش كاتی نوێژكردنیان هات لە مزگەوتەكەی پێغەمبەری خوادا هەستان نوێژی خۆیانیان كرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((وازیان لێبێنن)) روویانكردە خۆرهەڵات.

٣- بوخاری لە صەحیحەكەیدا بە ژمارە (٤٦٩، ٤٦٢، ٤٣٧٢، ٢٤٢٢، ٢٤٢٣)، موسلیم لە صەحیحەكەیدا بە ژمارە (١٧٦٤)، ئەبو داود بە ژمارە (٧٩٢٦)، ئیبن حەببان لە صەحیحەكەیدا بە ژمارە (١٢٣٩) هەمووشیان بە سەنەدی خۆیان دەگێڕنەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كۆمەڵێ ئەسپ سواری رەوانەی نەجد كرد، ئەوانیش كەسێكیان لە بەنی حەنیفە هێنا، پێیان دەوت (ثمامە بن أثال) ئینجا بەستیانەوە بە عەمودێك لە عەمودەكانی مزگەوتەكەوە.

(کەواتە لەڕووی شەرعەوە هیچ سەغڵەتییەك بەدی ناكرێت لە هەبوونی پزیشكێكی غەیرە موسڵمان، یان لە چارەسەركردنی كەسێكی غەیرە موسڵمان لە ناوەو و دەرەوەی مزگەوتەكان-جگە لە حەرەمی مەككی-.

**مەبەستەكانی فەتواو دەستپێشخەرییەكە:**

لەم فەتوایەداو لە جێبەجێكردنیدا چەند مەبەستێكی شەرەفمەند و ئامانجی مەردانەو جوامێرانەی تێدایە، لەوانە:

أ- پڕكردنەوەو بەكارهێنانی ئەو مزگەوتانە، چونكە ژمارەی ئەو نوێژخوێنانەی كە بە سەدان هەزار كەس مەزەندە دەكرێن لە ئێستادا بەهۆی ئەم پەتایەوە ئامادەییان نیە، دەكرێ لەم ڕێگایەوە سودیان لێوەربگیرێ، تا جوڵەو چالاكییان بۆ بگەڕێتەوە، بەتایبەت تیمە پزیشكییەكان و هەموو ئەوانەی كە دەگەنە ناویان بەپێی دیسپلینی تەندروستیی.

ب- بەشداریكردن لە سوككردنی ئازارو و لابردنی ناڕەحەتی لەسەر نەخۆشەكان، ئەویش لەڕێگای هەستكردن بە بەرەكەتی مزگەوت، بە كەمكردنەوەی فشار لەسەر نەخۆشخانە گشتییەكان.

ج- گەیاندنی وێنەیەكی جوان لەناو جیهانی ئیسلامی و لە دەرەوەیدا بەوەی كە مزگەوتی موسڵمانان بەشداره لە هەڵگرتنی چەرمەسەری و ناڕەحەتییە مرۆییەكانی نەخۆشەكان.

د- دەستەبەركردنی ئاسودەیی دەروونی بۆ نەخۆشەكان لە نەخۆشخانەكاندا بەتایبەتی ئەگەر ئاسانكاریان بۆ بكرێ گوێبیستی قورئانی پیرۆز ببن.

لە كۆتاییدا ئەم فەتوایە یان ئەم دەستپێشخەرییە لەنێو بازنەی پرۆسەی بنەمادۆزی و تیۆریزەكردنی شەرعیدا دەمێنێتەوە، بەڵام جێبەجێكردنی وەستاوە لەسەر ڕەزامەندی لایەنە بەرپرسەكانی مزگەوتە گەورەكان و مزگەوتەكانی تر، هەروەها لەسەر ڕەزامەندی لایەنە بەرپرسەكان لە تەندروستی و نەخۆشخانەكان، لەبەرئەوە داوا دەكەم هەماهەنگی تەواو لەنێوانیاندا هەبێت، بە نیشاندان و خستنەڕووی ئەو

هاوکاری و هەماهەنگییە، ئەویش بە باشترین و تەواوترین و وردترین شێوە. هەروەها راسپاردەم بۆ کەمینە ئیسلامییەکان لە جیهاندا ئەوەیە ئەم دەستپێشخەرییە بخەنەڕوو تا لێبوردەیی و کراوەیی ئیسلام بەجوانی دەربکەوێ، چەمکی پەرستن تیایدا دەربکەوێ، ئەوەش وەك هەستکردن بە بەرپرسیێتی و بەشداریکردن لە سوککردنی ناڕەحەتی و چەرمەسەری ئەم پەتایەو ئاسەوارەکانی.

خوای گەورە هەموولایەکمان سەرکەوتوو بکات بۆ ئەنجامدانی کارە چاکەکان، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە ئەم پەتایە لەسەر تەواوی جیهان هەڵبگرێ.

کۆتا نزاو پاڕانەوەمان سوپاس و ستایش هەر بۆ پەروەردگاری جیهانیانە.

درود و صەڵەواتی خوای گەورە لەسەر پێشەوامان موحەممەد و لەسەر خانەوادەو گشت هاوەڵانی.

١١/ ٤ / ٢٠٢٠

## یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان داوا دەکات ئەنجامدانی نوێژی هەینی و نوێژە بە کۆمەڵەکان لە هەر وڵاتێکدا کە پەتای کۆرۆنا بڵاوبووەتەوە تیایدا رابگیرێن

بسم الله الرّحمن الرّحيم

یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان داوا دەکات ئەنجامدانی نوێژی هەینی و نوێژە بە کۆمەڵەکان لە هەر وڵاتێکدا کە پەتای کۆرۆنا بڵاوبووتەوە تیایدا رابگیرێن، ئەوەش بە پشتبەستن بە راپۆرتە پزیشکییە باوەڕپێکراوەکانی دەوڵەت، بەجۆرێ کە ئەو پەتایە بوویێتە سەرچاوەی ترس و بیمێکی راستەقینە، تا ئەو کاتەی زاڵدەبێت بەسەر ئەو پەتا ترسناکەدا. جیهان بە ترس و تۆقینێکی زۆرەوە چاوی لەسەر بڵاوبوونەوەی خێرای ڤایرۆسی (کۆرۆنا: کۆڤید ١٩) یەو بە بایەخێکی زۆرەوە لە خەمیدایە، کە رێکخراوی تەندروستی جیهانیی بە پەتایەکی جیهانیی ناوزەدی کردووە.

جا بەو پێیە کە ئەم ڤایرۆس و پەتا کوشندەیە بە شێوەی تێکەڵبوون و بەتەنیشتەوە بوون و بەریەککەوتنەوە لە کەسانی تووشبووەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسانیتر، ئەوا هەموو جۆرە بەیەکگەیشتن و گردبوونەوەکان دەبنە مەوداو بوار و هۆکار بۆ تەنینەوەی و ئەگەری زۆری هەیە لەو کاتانەدا ببنە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسەکەو تووشبوون بە نەخۆشییەکە رووبدات.

زۆرێك لە موسڵمانان لە سەرتاسەری جیهاندا لەبارەی ئەنجامدانی نوێژی هەینی و نوێژە بە کۆمەڵەکان لە مزگەوتەکاندا لەم بارودۆخەدا پرسیار دەکەن، ئایا ئەو رێوڕەسمانە وەك خۆیان دەمێننەوەو ئەنجامدەدرێن یان نا؟ یان دەکرێ نوێژی بە کۆمەڵ، یان تەنانەت نوێژی جومعەش ئەنجامنەدرێ؟ یان پرسیار لەسەر هەر حوکمێکی شەرعی تر لەمبارەیەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

١- لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدایە کە دەفەرمویٚ: ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ سورة البقرة (١٩٥)، خوای گەورە ڕێگیریی دەکات لەوەی گیان و ڕۆحی کەسەکان بەبێ بوونی زەرورەتێکی زۆر زەروری بکەونەبەر لەناوچوون، بەڵکو فەرماندەدات بە پێچەوانەی ئەو حاڵەتە، ئەویش چاکەکارییە کە خوای گەورە پێیخۆشەو بەندەکانیشی ڕازین پێی.

٢- لەم فەرموودەیەی پێغەمبەردایە (ﷺ) کە ئیبن عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚ: (لا ضرر ولا ضرار)، واتە: (نە زیان بە خۆت بگەیەنەو نە زیان بە خەڵکیش بگەیەنە. ئەمەش ڕێگیرییەکی گشتییە کە مرۆڤ نەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە خۆی و بە کەسیتریش.

٣- هەروەها ئیبن عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس لەم درەختەی خواردووە -واتە سیر- با نەیەتە مزگەوتمان)).

هەموو ئەم بەڵگانەو -چەندینی تریش- ڕێنمایی دەدەن و بەڵگەی ڕوون و ئاشکران کە ئەنجامنەدانی نوێژە بە کۆمەڵەکان و نوێژی هەینی، لەبەردەم ئەگەری واقیعی و جیددی ئەو مەترسیانەدا کە ئاماژەیان پێکرا بە شەرعی ڕەوایەو بەڵکو نابێت ئەنجامبدرێن.

تەنانەت فەرموودە دواییەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگیریی دەکات کە ئەگەر کەسێ بۆنی ناخۆشی لێوە بێت نابێت بچێتە مزگەوت تا بەو بۆنە ناخۆشەیەوە ئازاری نوێژخوێنان نەدات، جا ئەگەر ئەمە بەم ئاستە بێت ئەی ئیتر چۆن دەکرێ ببێتە هۆی تووشبوونیان بە نەخۆشی یان مردنیان، یان ئەو حاڵەتە نەخوازراوانە بەسەر خۆیدا بێنێ؟

چونکە وا پێویست دەکات کە نوێژخوێنان لە کاتی ئەنجامدانی نوێژە بە کۆمەڵەکاندا ڕێك بوەستن و بەتەنیشت یەکەوەبن، ڕوویان لە نزیك یەکەوە بێت و هەناسەشیان تێکەڵ دەبێت، ئەمەش ئەوەمان زیاتر بۆ

دەسەلمێنێ کە لەپێشەوە رای شەرعیمان لەبارەیەوە خستەڕوو.

جگە لەوەش ئەگەری هەیە هەریەك لەو نوێژخوێنانە لە هەر ساتێکدا تووشی کۆکەو پژمین ببێت، ئەو کەسەش لکاوە بەو کەسەی لای راست و لای چەپییەوە، بەم پێیە ئەگەرەکانی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە لەو حاڵەتانەدا حاشا هەڵنگرن.

جا بە پشتبەستن بەو بەڵگە شەرعییانەی لە پێشەوە ئاماژەیان پێدرا، وە بە پەیڕەوکردنی فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ سورة المائدة (٢)

ئەوا یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان داوا لە هەموو موسڵمانانی ئەو وڵاتە دەکات کە ئەو پەتاو ڤایرۆسە بڵاوبووتەوە تیایدا نوێژی هەینی و نوێژە بە کۆمەڵەکان ئەنجامنەدەن، چونکە لەو وڵاتەدا بووەتە سەرچاوەی مەترسییەکی راستەقینە، ئەوەش بە پشتبەستن بە راپۆرتە پزیشکییە باوەڕپێکراوەکانی ئەو دەوڵەتە. وەستانی ئەم نوێژی هەینی و نوێژە بە کۆمەڵانە بەردەوام دەبێت تا کۆنترۆڵی ئەو پەتایە دەکرێ و زاڵدەبێت بەسەر قۆناغی بڵاوبوونەوەو مەترسییەکەیدا، ئەویش بەپێی هەڵسەنگاندنی لایەنە شارەزاو پسپۆڕەکان لەو بوارەدا.

١٩ رەجەب ١٤٤١ هجری ١٤ ئازاری ٢٠٢٠ زایینی

ئەمینداری گشتی/ پ. د. عەلی محیّدین قەرەداغی

سەرۆك/ پ. د. ئەحمەد عەبدولسەلام رەیسونی

# حوکمی شەرعی نوێژی جەژن
# لە حاڵەتی هەبوونی بەڵای کۆرۆنا (کۆڤید -١٩)

بسم الله الرّحمن الرّحيم

پرسیاری زۆر دەکرێ دەربارەی چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی جەژن لەو وڵاتانەدا کە هێشتا مزگەوتەکانی بەهۆی ترس لە بڵاوبوونەوەی بەڵای کۆرۆناوە داخراون و نوێژیان تێدا ئەنجام نادرێ.

وەڵامەکە ئەمەیە:

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە درود و صەڵەوات لەسەر پێغەمبەری خوا و لەسەر خانەوادەو هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی، پاشان:

یەکەم: بەدڵنیاییی کە نوێژی هەردوو جەژنەکە (رەمەزان و قوربان) لای زۆرینەی فیقهناسان سوننەتێکی موئەککەدە، لەنێویشیاندا مالیکی و شافیعییەکان، بەڵام فیقهناسانی حەنەفی پێیانوایە کە واجبە، ئەمەش پلەیەکی باڵاتری هەیە لە سوننەتێك کە کردنی ویستراوەو زۆرباشە (مستحبه)، پلەکەی لە خوار فەرزەوەیە. حەنبەلییەکان وادەبینن فەرزی کیفایەیە، واتە ئەگەر هەندێ کەس هەستن بە ئەنجامدانی ئیتر فەرزەکە لە سەرشانی خەڵکانی تر نامێنێ[٢٢]

نوێژی هەردوو جەژنەکە لە ڕێورەسم و پەرستشە گەورەکانی ئیسلامن، هەمووان پیاوان و ئافرەتان بەشداردەبن، تەنانەت ئەو ئافرەتانەش کە لە حاڵەتی سوڕی مانگانەدان بۆیان هەیە بەشداری بکەن تیایدا[٢٣]..

کاتەکەی: لەدوای هەڵاتنی خۆرە لە ڕۆژی جەژن و بەرزبوونەی بەڕادەی (ڕم)ێك، یان دوو (ڕم)، واتە دوای ١٥ خولەك لە هەڵاتنی خۆر، کاتی تەواوبوونی ماوەکەشی بە ٢٠ خولەکە لەپێش کاتی نوێژی

٢٢ سەیری: بدائع الصنائع (٢٧٤/١-٢٧٥)، هەروەها الهدایه (٦٠/١)، المجموع للنووی (٥٠٣/أ)، المغنی لإبن قدامه (٣٠٤/٢)، الإنصاف (٣١٦/٣)، والموسوعه الفقهیه الکویتیه (٢٤٠/٢٧) بکرێ.

٢٣ سەیری صەحیحی بوخاری فەرموودەی ژمارە (٣٢٤)، هەروەها موسلیم فەرموودەی ژمارە (٣٩٠) بکرێ.

نیوەڕۆ، ئەگەر هاتوو كاتەكەشی تێپەڕی بێت ئەوا دروستە بە كۆمەڵ یان تاك تاك ئەنجامبدرێ.

شوێنەكەی: هەموو شوێنێكی پاكوخاوێن نوێژی تێدا دەكرێ ئیتر مزگەوت بێت یان هەر شوێنێكیتر.

چۆنێتی ئەنجامدانی:

فیقهناسانی حەنەفی و حەنبەلی دەڵێن واجبە كە دەبێ نوێژی جەژن بەكۆمەڵ ئەنجامبدرێ، لای مەزهەبەكانی تریش بە تاك دەكرێ، ركاتی یەكەم بە حەوت الله أكبر (یان كەمتر) دەستپێدەكات و ركاتی دووەمیش بە پێنج یان سێ الله أكبر دەستپێدەكات.

چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی جەژن لە حاڵەتی بوونی بەڵای كۆرۆنا لەو وڵاتانەدا كە هێشتا مزگەوتەكان و شوێنەكانی گردبوونەوە تیایاندا قەدەغەیە:

دەكرێ لە حاڵەتی بوونی ئەم بەڵایەدا نوێژی جەژن لەناو ماڵەكاندا ئەنجامبدرێ، باشتر وایەو راستتر دروستترە كە بە كۆمەڵ بكرێ، ئەوكات لەنێو ئەو نوێژخوێنانەدا كامیان قورئانخوێندنی باشترە ببێتە پێشنوێژ و نوێژی جەژنیان بۆ بكات، لە ركاتی یەكەمدا لەدوای الله أكبر ی دەستپێكردن شەش الله أكبر دەكات، پاشان سورەتی فاتیحەو سورەتێك دەخوێنێ، لە ركاتی دووەمیشدا لە سەرەتاوە پێنج الله أكبر دەكات ئینجا سورەتی فاتیحەو سورەتێك دەخوێنێ، دوای تەواوبوونی نوێژەكە وتارێكی كورت و پڕمانا دەخوێنێتەوە.

لە كتێبی پوختەی (الأُم)ی مەدەنی فیقهناسەوە كە لە پێشەوا شافیعییەوە دەیگوێزێتەوە هاتووە دەڵێ: (نوێژی هەردوو جەژنەكە بە شێوەی تاك لە ماڵەكەیدا دەكات، رێبوار و ئافرەتیش هەروەها.....)، فیقهناسانی مالیكی و حەنبەلیش بەهەمانشێوەیە، كە ئەگەر هاتوو نوێژی جەژنی لەگەڵ ئیمامەكەدا لەدەستچوو ئەوا بۆی هەیە بە كۆمەڵ یان بە تەنها خۆی ئەنجامیبدات، ئیبن قودامە لە كتێبی (المغنی)دا دەڵێ: (ئەو خۆی سەرپشكەو ئازادە دەتوانێ بە تەنیا

بیـکات، دەشـتوانێ بـە کۆمـەڵ نوێژەکـە بـکات).

بـەم پێیـە ئـەوا سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە مەسـەلەکە فراوانیـی و ئاسـانکاریی تێدایـە، کەواتـە قورسـی مەکـەن لەسـەر خۆتـان، بۆیـە لـە حاڵەتـی قەدەغـەی گردبوونـەوەکان و داخسـتنی مزگەوتـەکان باشـتر وایـە نوێژەکـە بـە کۆمـەڵ لـە ماڵـەوە ئەنجامبـدرێ، بـا هەمـووان لـە خـوای گـەورە بپاڕێینـەوە ئـەم بەڵایـە لەسـەرمان هەڵبگـرێ تـا بگەڕێینـەوە نـاو مزگەوتەکانمـان و ڕێوڕەسـم و پەرستشـەکانمان تیایانـدا ئەنجامبدەیـن.

**اللّهم آمين**

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى ئاله وصحبه وسلم

## فەتوایەك دەربارەی زەكاتی پڕۆژەكانی وەبەرهێنان

زۆر پرسیاری جۆراو جۆرم بۆ دێت دەربارەی چۆنیەتی زەكاتدان لە پرۆژەكانی وەبەرهێناندا، سەرەتا لە قۆناغی دەستپێكردنەوە هەتا ئەوكاتەی تەواو دەبێت و قازانج دەكات، لەپێناو وەرگرتنی وەڵامێكی دروست لەمبارەیەوە، هەوڵ دەدەین بە روونی وەڵامیان بدەینەوە.

**وەڵام/**

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد .**

**پرسیاری یەكەم:**

من لەگەڵ كۆمەڵێك لە هاوڕێیانم پاش كۆكردنەوەی ڕێژەیەك لە دارایی لە ساڵی ١٩٩٨، دەستمانكرد بە دروستكردنی نەخۆشخانەیەك، لە ساڵی ٢٠٠٣ كۆتایی پێهات و دەستی بەكار كرد، پاشان كردمان بە چەند پشكێكەوە هەریەكەیان بە پێی بەشداریكردنی ڕێژەی پشكەكانی بەركەوت.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە تەنها دوو جار قازانجمان بە پارەی نەقد وەرگرتوە، بەڵام ساڵەكانی تر قازانجەكەی بەكارهاتووە بۆ فراوانكردنی نەخۆشخانەكەو كڕینی ئامێری نوێ، لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا ئاستی بەهای پشكەكانیش بەرزبووەتەوە، ئەویش بەهۆی فراوانبونی رووبەری نەخۆشخانەكەو زۆربونی ژمارەی ئامێرەكان و بەرزبوونەوەی نرخیان.

**وەڵام/**

١- هەموو ئەو پارانەی كۆكراونەتەوە بۆ دروستكردنی پڕۆژەكە وەك ئەو نەخۆشخانەیە، زەكاتی لێناكەوێت هەتا ئەوكاتەی تەواو دەبێت و قازانج دەكات، چونكە ئەم پڕۆژەیە بۆ فرۆشتن و مامەڵەی بازرگانی نیە، بەم هۆیەوە نابێتە بابەتێكی بازرگانی واتە داراییەكی ئامادە كراو بۆ كڕین و فرۆشتن.

٢- ئەگەر كەسێك بێتەناو ئەم پڕۆژەیەوە بە نیەتی فرۆشتنی

بەشەکەی خۆی نەك مانەوە تیایدا ئەوا ئەوکات زەکات لەم بەشە دەکەوێت ئەگەر ساڵێکی بەسەردا تێبپەڕێت، چونکە لە رووی شەرعیەوە بە نیەتی بازرگانی هاتووە.

٣- ئەگەر ئەو پارەیە بەشێوەی سیولە لەلای بەڕێوبەری پرۆژەکە بمێنێتەوە و ساڵی بەسەردا تێپەڕبێت و لێی خەرج نەکرێت، ئەوکاتە پێویستە زەکاتی لێبدرێت، لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە بەڕێوبەری پرۆژەکە سەیری ئەو دراوە نەقدیە بکات کە لەلای ماوە، چونکە ئەگەر ساڵێکی بەسەردا تێپەر ببێت ئەوا پێویستە زەکاتی لێبدرێت، ئەوکاتە یان لەلایەن کارگێڕە ئیداریەکەوە زەکاتەکە دەدرێت یان لەلایەن خاوەنەکەیەوە. ئەمەش بەردەوام دەبێت هەتا پرۆژەکە تەواو دەبێت، ئەگەر کارگێڕەکەش سەرپشك نەکرابێت ئەوکاتە پێویستە خاوەن پشکەکان ئاگادار بکات کە رێژەی ئەو زەکاتەی پێویستە بیدەن چەندە.

٤- لەدوای تەواوبوونی پرۆژەکە، پێویستە زەکات بدرێت بەپێی ئەو میزانیەیەی کە هەیە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەیری سندوقی دارایی دەکرێت بەپێی رێژەی ئەو پارەیەی کە هەیەتی لە خەزێنەو بانك و هاوشێوەکانی و ئەو قازانجەی کە کردوویەتی، ئەو شتانەی کە ئامادەن بۆ فرۆشتن، هەروەها ئەو قەرزانەش کە هەیە و بۆ پرۆژەکە وەرگیراوە، لێرەدا رێژەی قەرزەکان سالانە دادەشکێنرێن، لەکۆتایشدا رێژەی زەکات لەو پارەیە دەدرێت بە لە ٢,٥٪ بەپێی ساڵی کۆچی بە رێژەی ٢,٥٧٥٪ ئەگەر میزانیەکە بەپێی ساڵی خۆری (شمسی) بوو (کە ئێستا مامەڵەی پێوە دەکرێت)، پاشان رێژەی زەکاتەکە دابشدەکرێت بەسەر پشکەکاندا، بەلام ئەگەر کارگێڕی پرۆژەکە بەم کارە هەڵنەسا، ئەوا پێویستە بەشداربووان داوای ئەو میزانیەیە بکەن و بیبەن بۆ لای زانایەکی پسپۆڕ کە زەکاتەکەیان بۆ دەربکات، ئەگەر ئەمەش نەکرا ئەوکاتە پێویستە بەشداربووەکە زەکاتی ئەو پارەیە بدات کە بەری دەکەوێت بە رێژەی لە ١٠٪.

**پرسیاری دووەم: پێش ماوەیەك بەشێك لە پشکە تایبەتیەکەی**

**خۆم فرۆشتوە بۆ کڕینی شوقەیەك بۆئەوەی تیایدا نیشتەجێببم؟**

**وەڵام/**

ئەگەر هەندێك لە پشکەکانت فرۆشتوە بەڵام لە رابردوودا زەکاتت لێنەداوە، پێویستە بە ڕێژەی لە ٢,٥٪ زەکاتەکەی بدەیت.

پرسیاری سێیەم:ئایا زەکات لەو پارەیە دەدرێت کە بەشێوەی پشك بەشداریمان کردووە لە پڕۆژەی نەخۆشخانەکەدا لە ماوەی ساڵانی رابردوودا؟

ئەگەر ئەو زەکاتە واجب بێت ئایا پێویستە لەسەرەتای دەستپێکردنی پڕۆژەکەوە ساڵی ١٩٩٨ یان پێویستە لەسەرەتای کردنەوەی نەخۆشخانەکەدا (ساڵی ٢٠٠٣) بدرێت؟

**وەڵام:**

بەڵی پێویستە زەکات بدرێت هەروەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسمکرد.

زەکات لە پارەی سیولە دەدرێت لە هەموو ساڵەکاندا بێجگە لەپارەی سیولە زەکات لە پڕۆژەکە نادرێت، هەتا ئەوکاتەی قازانج دەکات لە دوای ئەوەوە زەکاتەکە بەڕێژەی ٢,٥٪ بۆ ساڵی کۆچی و بە ڕێژەی ٢,٥٧٥٪ بۆ ساڵی خۆری دەدرێت.

**پرسیاری چوارەم: ئایا شێوازی زەکاتدانەکە چۆنە؟ ئایا ساڵانە دەدرێت بەپێی بەهای پشکەکە، لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا، یان ئەوکاتە دەدرێت کە پشکەکە بفرۆشیت؟**

**وەڵام:** پێویستە زەکاتەکە بەپێی نرخی پشکەکە ساڵانە بدرێت بەوکەسەی کە بازرگانی بەو پشکانەوە دەکات.

بەڵام ئەو وەبەرهێنەرەی کە دەیەوێت لە پڕۆژەکەدا بمێنێتەوە و سود لە قازانجەکەی وەربگرێت، ئەوا بەپێی سەرجەم دارایی پڕۆژەکە حسابی بۆ دەکرێت و زەکاتی وەردەگیرێت.

**پرسیاری پێنجەم: ئایا زەکات لەو پارەی قازانجە دەدرێت کە دابەش دەکرێت؟**

**وەڵام:** بەڵی ئەگەر زەکاتی پشکەکەت نەدا، ئەوا پێویستە زەکاتی ئەو بەشە قازانجە بدەیت کە بەرت دەکەوێت بەڕێژەی ١٠٪.

**پرسیاری شەشەم: ئایا پێویستە راستەوخۆ زەکات لە پارەی قازانجەکە بدرێت یان دەبێت ساڵێکی بەسەردا تێپەرببێت؟**

**وەڵام:** ئەگەر لە پشکەکە زەکاتت دابێت ئەوا پێویست ناکات جارێکی تر لە قازانجەکەی زەکات بدەیت، بەلام ئەگەر زەکاتی پشکەکەت نەدابوو ئەوا پێویستە زەکاتی قازانجەکەی بەرێژەی لە ١٠٪ بدەیت لەو کاتەی کە ڕاستەوخۆ قازانجەکە وەردەگریت.

**پرسیاری حەوتەم: ئایا زەکات لە فرۆشتنی بەشێك لە پشك وەردەگیرێت؟**

**وەڵام:** بگەڕێرەوە بۆ ڕوونکردنەوەی پێشوو.

**پرسیاری هەشتەم: ئایا زەکات راستەوخۆ لە دوای وەرگرتنی پارەی فرۆشتنی پشکەکان وەردەگیرێت یان دەبێت ساڵێکی بەسەردا تێپەڕ ببێت، بەتایبەتیش ئەگەر ئەم پارەیە یەکسەر بدرێت بە شوقەیەك بۆ نیشتەجێبوون؟**

**وەڵام:** لە پرسیاری شەشەمدا وەڵامدراوەتەوە.

# فەتوا: ئەو پێشمەرگانەی لەپێناو پاراستنی خاکی کوردستاندا دەکوژرێن شەهیدن

فەتوایەکی تایبەت بە بەرگری هێزەکانی پێشمەرگە، ئەوانەی کە دەجەنگن لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئارامی گەل و نیشتیمان و پارێزگاری لە سەرو سامانی هاوڵاتیان دەکەن، بە پشتیوانی خوای گەورە پلەی شەهیدیان هەیە.

لەم ماوەیەدا پرسیار گەلێکی زۆرم ئاراستەکراوە کە هەمووی دەربارەی ئەوەیە، ئایا ئەو پێشمەرگانەی کە دەکوژرێن لەپێناو پارێزگاری کردنی ئارامی و ئاسایشی نیشتیمان و هاوڵاتیان و پارێزگاری لە سەروەت و سامانیان دەکەن، لە حاڵەتی سروشتی یان لە بوونی فەراغێکی ئەمنی هەروەك لە ناوچە جێناکۆکەکاندا روویدا، لەکاتێکدا کە سوپای عێراق و هێزە ئەمنیەکانی عێراق چۆڵیان کرد، ئایا ئەمانە لای خوای گەورە بە شەهید حساب دەکرێن؟

وەڵام:

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على المبعوث رحمة للعالمين، وعلى اله و صحبه ومن تبع هداه الى يوم الدين:

١- دەقە شەرعیەکان لە قورئان و فەرموودەو وتەی زانایان و ئیجماع، هەموویان بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کە پارێزگاری کردن لە ئاین و گیان و سامان و شەرەف و نیشتیمان، بە جیهادی مەشروع دانراوە، هەرکەسێکی موسڵمان لەپێناو ئەوانەدا بکوژرێت شەهیدە، پێغەمبەریش لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت (من قتل دون ماله فهو شهيد) هەرکەسێك لەپێناو پاراستنیماڵیدا بکوژرێت شەهیدە، ئەبو داود و ترمزیش دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی (هەرکەسێك لەسەر پارێزگاری لە ئاینەکەی بکوژرێت شەهیدە، هەرکەسێك لەسەر ماڵەکەی بکوژرێت شەهیدە، هەرکەسێك لەسەر خوێنی بکوژرێ شەهیدە) ترمزی ریوایەتی کردووە بە ژمارە ٤٧٧٢ بە فەرمودەیەکی (حسن) دانراوە.

ئەوەی ئاشكراشە هەركەسێك بیەوێت بە پارێزگاری لە نیشتیمان و گیانی هاوڵاتیان و كەرامەت و شەرەف و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نیشتیمانەكەی ڕەزامەندی خوا بەدەست بهێنێت، پاداشتی جیهاد و تێكۆشانی لەپێناو خوادا هەیە.

لە هەردوو صەحیحی موسلیم و بوخاریدا هاتووە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: جیهاد و تێكۆشانی شەو و ڕۆژێك لەپێناو خوادا، خێری زۆرترە لەوەی مانگێك بەڕۆژو بیت و شەونوێژ بكەیت.

لەمبارەیەوە زانایانی كۆن و هاوچەرخ لەسەر ئەو ڕایەن كە پارێزگاری لە ئاین و گیانی هاوڵاتیان و ماڵ و سەروەت و سامانی هاونیشتیمان و سنورەكانی نیشتیمان لە جیهادی مەشروع و ڕێگەپێدراوە، هەركەسێك بۆ ئەو مەبەستە بكوژرێت شەهیدە (سەیری فەتوای بن باز بكە لە ڕیزی كۆمەڵە فەتواكان بەرگی ١٨، لەسەر پێگەی فەرمی خۆی لە ئینتەرنێت).

٢- لەگەڵ ئەوەشدا كە ئیسلام بانگمان ئەكات بۆ پارێزگاری لە نیشتیمانی گەورەی ئیسلام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری نەكردووە، كە هەر نەتەوەیەك نیشتیمانی خۆی هەبێت، مادام ئەو ئینتیمایە لە چوارچێوەیەكی شەرعیدا بێت، پێغەمبەری خوا لە كاتێكدا كە لە مەدینە بوو خۆشەویستی هەبوو بۆ ئەو شارەی كە تیایدا

**هەركەسێك بیەوێت بە پارێزگاری لە نیشتیمان و گیانی هاوڵاتیان و كەرامەت و شەرەف و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نیشتیمانەكەی ڕەزامەندی خوا بەدەست بهێنێت، پاداشتی جیهاد و تێكۆشانی لەپێناو خوادا هەیە**

لەدایك بوو بوو كە مەككە بوو، بەرامبەر مەككە دەیوت (خۆشترین شاری و خوشم دەوێیت، ئەگەر خەڵكەكەی دەریان نەكردمایە هەرگیز بەجێم نەدەهێشتی) ترمزی گێڕاویەتیەوە فەرموودەی ژمارە ٣٩٢٦، لە فەرموودەیەكی تردا دەڵێت (خوا مەدینەمان لەلا خۆشەویست بكات وەك ئەوەی خۆشەویستیمان بۆ مەكە هەیە و زیاتریش).

ئینتیما بۆ نیشتیمان و خۆشەویستی بۆی بەشێكە لە چاكەكاری و ئیحسان (هل جزاو الاحسان الا الاحسان).

بەڵكو ئەمە ئەو سروشتە خواییەیە كە خوا مرۆڤی لەسەر دروستكردووە، لەبەرئەوە قورئان رێگری نەكردووە لە خۆشەویستی نیشتیمان، بەڵكو رێگری لەوە كردووە كە لە خواو پێغەمبەر و جیهاد لە ڕێی خوا، زۆرترت خۆشبوێت، بۆ ئەم مەبەستە بە (أسم التفچیل) (أحب) ناوی هێناوە.

﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ سورة التوبة(٢٤).

دایك و باوك و منداڵ و ژن و براو عەشیرەت و ماڵ بریتین لە نیشتیمانی خوای گەورە، نەهی كردووە لەوەی خۆشویستنیان لای مرۆڤی باوەڕدار زیاتر بێت لە خۆشەویستیان بۆ خواو پێغەمبەر و جیهاد لەپێناو خوادا.

لەلایەكی ترەوە گرنگترین بنەمایەك كە خوای گەورە بەهۆیەوە شەرعیەتی داوە بە تێكۆشان لەپێناوی خوادا، بریتی بووە لە دەركردنی موسڵمان لە زێدی خۆیان و ستەم لێكردنیان، خوای گەورە لە یەكەمین ئایەتدا كە شەرعیەت بەجیهاد دەدات دەفەرموێت ﴿أذن للذين يقاتلون بأنهم ظلموا وإن الله على نصرهم لقدير﴾

هەروەها نەوەكانی ئیسرائیل لە كاتێكدا كە خوای گەورە جیهادی لەسەر فەرزكردن وتیان ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَىٰ إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا

**تُقَاتِلُوا ۖ قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا ۖ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ﴾** سورة التوبة (٢٤٦).

دەقە شەرعیەکان بە بەڵگەوە باس لەحەرامبوونی خیانەت دەکەن و خیانەت لە نیشتیمان و دەستدریٚژی کردنەسەری بە یەکیٚك لە گەورەترینی تاوانە گەورەکان لەقەڵەم دەدەن، لەبەرئەوە پاریٚزگاری کردن لە نیشتیمان ئینتیمابوون بۆی و پاراستنی و دابینکردنی ئارامی و ئاسایش و دادپەروەری بۆی واجبیٚکی شەرعیە، هەرکەسیٚکیش باوەڕداربیٚت و لەوپیٚناوەدا بکوژریٚت شەهیدە و بە پشتیوانی خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا جیٚگەی بەهەشتە.

لەبەرئەوە من لیٚرەوە داوا لە برایان و ڕۆڵە بەجەرگەکانی پیٚشمەرگە دەکەم، زۆر بەباشی و بەباوەڕیٚکی پتەوەوە پشت بەخوا ببەستن، نیەتی خۆیان بۆ خوا یەکلایی بکەنەوە، وابزانن ئەوان لەبەر خوا ئیٚستا لە سەنگەرەکانی حەقدان بۆ پاریٚزگاری لە خاك و مافەکانی گەلیٚکی موسڵمان بەو نیەتەوە لە سەنگەرەکانیاندا بەرگری بکەن کە لەبەرەکانی جیهاددان و کاریٚك دەکەن بۆ ڕەزامەندی خوایە، هەتا خوای گەورەش ئەم تیٚکۆشانەیان بە جیهاد بۆ بنوسیٚت و کوژراوەکانیان بە شەهید لەقەڵەم بدات و بەبەهەشت پاداشتیان بداتەوە ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بهیٚنن و لە ڕۆژی دواییشدا لەگەڵ پیٚغەمبەران و ڕاستگۆیان و پیاوچاکان حەشربکریٚن **﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقً﴾** سورة النساء (٦٩).

داواش لە پیٚشمەرگە جوامیٚرەکان دەکەم خۆیان لە ستەمکاری و دەستدریٚژی و تاوانکاری بپاریٚزن، چونکە ستەم تاریکییەو لە دنیا و دواڕۆژدا ئەنجامی نیە.

٣-یەکڕیزی و یەکبوون لە هەموو کاتیٚکدا پیٚویستە، بەڵام لە ئیٚستادا یەکڕیزی گەلی کورد بە هەموو پیٚکهاتەکانیەوە فەرزیٚکی شەرعیەو پیٚداویستیەکی سروشتی و نیشتیمانی قۆناغەکەیە، ئەویش لەبەر

هەستیاری ئەم قۆناغە، خوای گەورە دەفەرمویت ﴿ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم﴾ سورة الأنفال (٤٦).

واتە ململانێ و دووبەرەکی لەگەڵ یەکتردا مەکەن، چونکە شکست دەخۆن و هێزو تواناکانتان نامێنێت،

لە ئایەتێکی تردا دەفەرمویت ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَرْصُوصٌ]﴾ سورة الصف (٤).

خوای گەورە ئەوانەی خۆشدەویت کە بەیەکڕیزی دەجەنگن لەپێناویداو لەم یەکڕیزیەدا وەك دیوارێکی بەهێز دەردەکەون.

٤-پێویستە هەموومان پشتیوانی لە پێشمەرگە بکەین بە ماددی و مەعنەوی و سەردان و نزاو پاڕانەوە بۆیان کە خوای گەورە پشتیوانیان بێت و سەرکەوتوویان بکات بەتایبەتی لەم مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەدا.

٥-پێویستە گەلی کورد پشتیوانی لە کەسانی ستەملێکراو بکات لە عێراقدا و لەگەڵیاندا هاوکاربێت، بۆ ئەوەی لە عێراقدا عەدالەت بچەسپێت و ڕێگە لە ستەمکاری بگرێت و هەموو کەس ماف و ئازادی و کەرامەتی پارێزراو بێت.

٦-پێویستە ئێمەش وەك گەلی کوردی موسڵمان ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر فەرمانبەرداری خوای گەورە بین و ڕووی تێبکەین و داوای کۆمەکی و پشتیوانی لێبکەین، لەسەر ئەو نیعمەتانەی کە پێیداوین سوپاسگوزاربین و دووربکەوینەوە لە هەموو جۆرە تاوانێك، چونکە تاوانکاری دەبێتە مایەی لەناوبردنی نیعمەتەکانی، خوای گەورە دەفەمویت: ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾ سورة ابراهيم (٧).

واتە ئەگەر سوپاسگوزاری خوا بکەن، خوا نیعمەتەکانیان بۆ زیاتر دەکات، ئەگەر بێباوەڕبن و سوپاسگوزاری نەکەن ئەوا چاوەڕوانی سزای سەختی خوای گەورە بکەن (ابراهيم).

**والحمد لله رب العالمين وصلى الله على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم**

٢٩-٦-٢٠١٤ز

## دەستەیەكی باڵا لە زانایانی (یەكێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان) فەتوای حەرامكردنی فیدراڵیەت پووچەڵدەكەنەوە

دەستەیەكی باڵا لە یەكێتی جیهانی زانایانی موسڵمان وەڵامی فەتوایەكی كرچوكاڵ دەدەنەوە كە لەلایەن چەند زانایەكی ئاینییەوە دەركراوەو فیدراڵیەت بە حەرام لەقەڵەم دەدەن، لەبەیاننامەیەكدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم فەتوایە بەیاننامەیەكیان دەركردووە كە تیایدا ئەم فەتوایە بە بێبنەما لەقەڵەم دەدەن لەڕووی شەعیەوە، لە هەمانكاتدا بە بەڵگەی شەرعی دەیسەلمێنن كە سیستەمی فیدراڵی لە ئێستادا هاوشێوەی سیستەمی ویلایەت بووە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەكانی راشدیندا، لە ئێستاشدا خزمەت بە پاراستنی یەكڕیزی ئوممەتی ئیسلامی و پاراستنی تایبەتمەندی نەتەوەو گەل و مەزهەبە جیاوازەكان دەكات، ئەمەش دەقی بەیاننامەكەیە:

پێویستە فەتوا لە كاروباری گشتیدا بەكۆمەڵ بێت، لەوانەش حوكمدان دەربارەی كێشەی فیدراڵیەت یان هەرێمەكان.

الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمین وعلى آله وصحبه أجمعین وبعد

بەم دواییانە كێشەو مشتومڕێكی زۆر دروست بووە لەسەر حوكمی سیستەمی فیدراڵی، ئێمە لەمبارەیەوە دەمانەوێت چەند شتێك روونبكەینەوە.

**یەكەم:** لەڕووی مەنهەجیەوە، ئێمە وای دەبینین بابەتی وەك ئەم كێشە گشتیانە كە پەیوەندی هەیە بە سیاسەتی شەرعیەوە و كاریگەریەكی زۆریشی لەسەر رای گشتی هەیە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فەتوای بەكۆمەڵ لەڕێگەی كۆمەڵە فیقهیەكانەوە، یان لەڕێگەی كۆنگرەیەكەوە كە زۆرترین ژمارە لە زانایان و سیاسیەكان و پسپۆڕەكان لەخۆ بگرێت، كە تایبەتمەندبن لەو بوارەدا، بۆئەوەی ئەو كێشەیە لە هەموو ڕوویەكەوە تاوتوێ بكرێت، دووربێت لە حەساسیەت و لەم ڕێگەیەشەوە بگەنە رایەكی هاوسەنگ لە حكومدانەكەدا.

**دووەم:** سیستەمی ولایات و هەرێمەكان لە سەردەمی خەلافەتی راشیدینەوە بوونی هەبووە، لەو كاتەدا هەرێمەكان یان ویلایەتەكان دابەشبووبوون بۆ مەككەی پیرۆز و مەدینەی منەوەرە و میصرو شام و بەسرەو كوفەو فارس و شوێنانی تر، پوختەی ئەم بابەتە دكتۆر (أكرم العمری) و دكتۆر (علی الصلابی) بەروونی لە كتێبەكانیاندا باسیان كردووە، پوختەكەی ئەوەیە كە سیستەمی ولایات لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) دەستی پێكردووە وەك یەمەن و بەحرەین و حەزرەمەوت، پاشان لەسەردەمی راشدیندا چەند ولایەتێكی تر دەركەوتن وەك بەسرەو كوفە، بەڵام مەدینە پایتەختی دەوڵەت بووەو لەوێوە خەلیفە ئیدارەی دەوڵەتی بەڕێوەبردووە، سیاسەتی عومەری كوڕی خەتتابیش بەوجۆرە بووە كە هەریەك لەو هەرێمانە هەڵدەستان بە هەڵبژاردنی والیەك لە خەڵكی ناوچەكەی خۆیان، ئەگەر بەتواناو لێهات و بوایە، بۆ نموونە جەریری كوڕی عبداللە ی بەجەلی كردە والی بۆ خەڵكی (بەجەلە)، سەلمانی فارسی كردە والی مەدائین، نافیعی كوڕی حاریسەی كردە والی مەككە، عوسمانی كوڕی ئەبی عاسی كردە والی تائیف.

دكتۆر (أكرم العمری) دەڵێت زۆربەی والیەكان كە دانرابوون بۆ یەمەن لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ سەردەمی عومەر (خوا لێی رازی بێت) لە خەڵكی یەمەن بوون، بەرپرسیارێتی والیەكان بەمشێوەیە بووە:

١- جێبەجێكردنی كاروبارەكانی ئاین دەبێتە مایەی چەسپاندنی دادپەوەری بۆ هەموولایەك.

٢- پارێزگاری لە بەرژەوەندیەكانی وڵات و هاووڵاتیان و دابینكردنی ئارامی و ئاسایش و دابینكردنی پێداویستیەكانیان.

٣- ئینتیما بۆ دەسەڵاتی خەلافەت.

٤- دەربارەی بواری دارایش لە خێرو زەكات و بەرهەمی ناوخۆی هەرێمەكە ئەولەویەت بۆ دانیشتوانی هەرێمەكە بووە، پاشان ئەوەی كە زیادبووە نێردراوە بۆ ناوەند ئەویش بەپێی رێكەوتن یان داواكاری بووە، ئەمە بە پشتبەستن بە فەرمانێكی پێغەمبەری خواب ووە (ﷺ) كە فەرمانی

بە (مەعازی كوڕی جەبەل) كردووە، كاتێك ناردوویەتی بۆ یەمەن، پێی فەرمووە خێرو سامان لە دەوڵەمەندەكان وەربگرە و پاشان دابەشی بكەرەوە بەسەر هەژاراندا.

٥- بەپێی ئەو كارنامەیەی كە عومەری كوڕی خەتاب دایِنابوو بۆ ویلایەتەكان، بەئاشكرا تیایدا روونە كە هەرێمەكان دەسەڵاتی فراوانیان هەبووە لە سنوری هەرێمەكەی خۆیاندا، رۆڵی خەلیفەش تەنها ئاراستە پێدان و رێنماییكردن و چاودێری و بەدواداچوون بووە، ئەویش بۆ ئاگاداربوون بووە كە تا چ ئاستێك توانیویەتی دادپەوەری بچەسپێنێت و بانگەوازو فێركردن گەشە پێبدات.

**سێیەم:** سیستەمی دەستەڵات لە ئیسلامدا بەشێوەیەك مەركەزی نەبووە كە خەلیفە دەستبگرێت بەسەر هەموو كایەكانی دەستەڵاتدا، بەڵكو بەرپرسی هەرێمەكان دەسەڵاتێكی فراوانیان هەبووە لە دامەزراندنی هەموو كرێكارو فەرمانبەران لە هەرێمەكەی خۆیانداو بۆیان هەبووە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بكەن، ئەویش بەراوێژكردنی لەگەڵ كەسانی پسپۆڕدا، كە ئەوانیش بەرپرسبوون لە كاروباری دارایی و ئابووری، ئەمانەش ملكەچبوون بۆ چاودێری خەلیفە لەبواری بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاسایش و خێرو چاكە بۆ دانیشتوانی هەرێمەكە، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها یەكجار لەگەڵیدا كۆبوونەتەوە ئەویش لەكاتی حەجدا بووە.

مەبەستمان لەم روونكردنەوەیەی سەرەوە بۆ ئەوەبوو، كە باسكردنی یەكڕیزی موسڵمانان بە مانای سەپاندنی ئیدارەیەكی مەركەزی و پشت گوێخستنی ئیدارەی گەل و نەتەوە جیاوازەكان ناگەیەنێت، بەڵكو مەبەست لەو یەكڕیزیەی كە گەلە موسڵمانەكان كۆدەكاتەوە بواری بیرو باوەڕو هەست و دروشمە ئاینیەكان و ئینتیما دەگرێتەوە كە پشت بە خوا لە ئایندەیەكی نزیكدا ئەمە دەبێتە یەكیەكی سیاسی ئارەزوومەندانە، سوپاس بۆ خوا لەم كاتەدا هەیە و دەبێت هەوڵیش بدەین كە ئەمانە لەڕووی سیاسیەوە بەرجەستە ببن.

**چوارەم:** یەكڕیزی و یەكبوونی جیهانی ئیسلامی لە ئێستادا هیواو

ئاواتی هەموو موسڵمانێکە و فەرزێکە دەبێت هەموو لایەکمان بە هەموو توانایەکمانەوە کاری بۆ بکەین، بەڵام ئەمە لەڕووی سیاسییەوە لە ئارادا نیە، چونکە لە ئێستادا ژمارەی دەوڵەتە ئیسلامیەکان زیاتر لە ٥٠ دەوڵەت دەبن.

ئەگەر سەیری بۆچوونی پسپۆڕانی بواری یاسای دەستوریش بکەین کەسیان نەیووتووە کە سیستەمی فیدراڵی یان هەرێمەکان بریتیە لە دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی دەوڵەت. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بەهێزترین دەوڵەت لە جیهاندا ئەمەریکایە کە لەسەر سیستەمی فیدراڵی بونیاتنراوە، ئەم سیستەمە لە زۆر وڵاتانی تری جیهانیش پیادەکراوە، وەك مالیزیا و چەندان وڵاتی تر..

**پێنجەم:** حەرامکردنی سیستمی هەرێمەکان کە پێی دەوترێت (فیدراڵیەت) لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیتیحادیدا کارێکی ئاسان نیە، چونکە هەموو ئەو ئایەت و فەرموودەو فەتوایانەی کە باس لە حەرامکردنی دەکەن لەو روانگەنەوەیە کە دەبێتە مایەی پارچە پارچەکردنی ئوممەت و دەرچوونی گروپێکی یاخی لەژێر دەستەلاتی خەلیفەیەکی دادپەروەرو هەڵگەڕانەوەیانە بۆ دژایەتیکردنی. ئێمە لەم کاتەدا هەموومان لەگەڵ ئەو بۆ چوونەداین ئەگەر وەهابێت، بەڵام دەبێت ئەو راستیە بزانین کە بابەتی (سیستەمی فیدراڵی) لەژێر سایەی دەوڵەتداو رێکخستنی پەیوەندیەکی سیاسی بۆ پێکەوە ژیان و هەڵنەگەڕانەوە لە دەوڵەتی ناوەند بە ستەم و بەبێ هیچ بیانویەك، ئەمە نابێتە مایەی پارچەکردنی ئوممەت و زیانگەیاندن بە یەکڕیزی. چونکە فیدراڵیەت سیستەمێکی ئیداریە بۆ پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزی ئەگەر بە باشی بەکاربێت. لە ئیسلامدا سیستەمی سیاسی کایەیەکی بەرفراوانە بۆ بونیاتنانی ئیدارەیەکی سەرکەوتوو، بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەقێکی ئاشکراو روون لە قورئان و فەرموودەدا.

**بەکورتی ئیشکالیەت لە حەرامکردنی فیدراڵیەتدا خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:**

١- بەكارهێنانی وشەی حەرام لە بابەتێكی ئیجتیهادیدا، لەكاتێكدا كە پیاوچاكانی پێشینەو توێژەران لە زانایان ئەم وشەیەیان بەكارناهێناوە، تەنها لەسەر شتێك نەبێت كە بەئاشكرا دەقێك هاتبێت و حەرامی كردبێت.

٢- باش تێنەگەیشتن لە بابەتی (ناكۆكی و پشێوێ) چونكە بوونی پشێوی لە حەرامكردنی پارچەبوونی ئوممەتەوە نیە، بەڵكو باسكردنی بابەتی سیستەمی هەرێمەكان یان فیدراڵی شێوەیەكی ئیدارەی سیاسییە كە زۆرتر لە سیستەمی ولایات دەچێت لە سەردەمی خەلیفەكانی راشدیندا.

٣- فەتوایەكی گەورە كە تایبەتە بە گەلێك یان تائیفەیەكی گەورە نابێت تەنها زانایەك قسەی تێدابكات، ئەگەر پلەكەی هەرچەندێك بێت، بەڵكو دەبێت ئەم بابەتە بخرێتە بەردەم كۆمەڵەیەكی فیقهی یان كۆنگرەیەكی گەورە، وەك لەپێشەوە باسمانكرد.

٤- فیقهی دابەزاندنی دەق و روونكردنەوەی ئامانجەكەی، هەردووكیان بەروونی بۆمان دەردەخات كە ئەو ئایەت و فەرموودانەی هەندێك مامۆستای بەرێز وەك بەڵگە بۆ حەرامكردنی سیستمی فیدراڵی دەیهێنێتەوە، بەسەر واقیعی عێراقیدا ناچەسپێت، چونكە ئێستا لە عێراقدا كورد كە خاوەنی فیدرالیەتە، تائیفەیەكی دیاریكراویش هەیە كە تووشی پەراوێزخستن و دەركردن و هێرشبردن بۆتەوە، تەنانەت بۆ سەر ناموسیشیان، لەم كاتەدا ئەمانە داوای ئەوە دەكەن كە خۆیان ئیدارەی خۆیان بەرێوەبەرن لەژێر سایەی دەوڵەتێكی عێراقی یەككرتودا، لەلایەكی تریشەوە ئێستا مەترسی هەیە لەسەر گۆڕینی شوناسی وڵاتەكە، بۆ نمونە ئەگەر سەیری بارودۆخی بەغدا بكەین لەپێش و لەدوای روخانی رژێم، یان سەیری بارودۆخی سامەرا بكەین، ئایا ئەگەر ئەمانە داوا بكەن (خۆیان ئیدارەی خۆیان بەرێوەبەرن لەژێر سایەی دەوڵەتێكی عێراقی یەكگرتوودا پارێزگاری لەخۆیان بكەن).

### ئایا ئەمە حەرامە؟

شەشەم: ئێمە داوا دەكەین پشتیوانی بكرێت لە مانگرتووانی گەلی عێراقی لە ناوەڕاستدا و پشتیوانی بكرێت لە داواكاریە دادپەوەریەكانیان

بـۆ دابینكردنـی مافەكانیـان لەژێـر سـایەی عێراقێكـی یەكگرتـوودا، زانایـان چەندینجـار داوایـان لـە خۆپیشـاندەران كردووە بەشـێوەیەكی ئاشـتیانە مامەڵە بكـەن و ئاگایـان لـە پاراسـتنی یەكرِیـزی بێـت، داوا لـە برایانمـان دەكەیـن لـە زانا بەڕێزەكانیـش كـە ئـاگاداری ئـەو بابەتـە گرنگـە بـن، چونكـە زۆر مەترسـیدارەو تـاك لایەنانـە قسـەی لێنەكـەن، چونكـە دەركردنـی فەتوایـەك لـە بابەتێكـی سیاسـەتی شـەرعیدا لـەم قۆناغـەدا دەبێتـە مایـەی پەرتەوازەكردنـی تواناكان و پارچەكردنـی ڕیزەكانـی و دووبەرەكـی دروسـتكردن لـە بۆچوونەكانـدا، لەگەڵ ڕێزمـان بـۆ ئەوانـەی ئـەو فەتوایەیـان دەركـردووەو ڕێـزی پلـەی زانسـتیان و پۆستەكانیشـیان دەگریـن، خـوای گـەورە پشـتیوان و هاوكاریـان بێـت.

تەنها لە خواش چاوەڕێی پاداشتین.

ئەوانەی ئیمزایان لەسەر ئەم بابەتە كردووە:

١- دكتـۆر عەلـی محێدیـن قەرەداغـی/ ئەمینـداری گشـتی یەكێتـی جیهانیـی زانایانـی موسـڵمان.

٢- دكتـۆر محمـود عبـد العزیـز العانـی/ ئەمینـداری گشـتی ئەنجومەنـی زانایانـی عێـراق.

٣- دكتـۆر عبدالسـتار عبدالجبـار/ جێگـری ئەمینـداری گشـتی ئەنجومەنـی زانایانـی عێـراق.

٤- شیخ عبد الحمید ریكانی.

٥- شیخ محمد عمر عبدالعزیز.

٦- شیخ گایس الجمیلی.

٧- دكتۆر محمد عیاش الكبیسی.

٨- دكتۆر أحمد عبدالوهاب.

٩- دكتۆر گە الدلیمی.

١٠- دكتۆر حسام السامرائی.

١١- دكتۆر سامی رشید الجنابی.

١٢- دكتۆر صالح عبدالقادر زنكی.

## فەتوای پیرۆزبایی کردن لە غەیری موسڵمانان بەبۆنەی جەژنەکانیانەوە..

فەتوا دەربارەی زەرورەتی راگیرکردنی پەیوەندیی لایەنی کۆمەڵایەتیی و مرۆیی لە نێوان موسڵمانان و ئەوانیتردا، هەروەها رێگادان بە پیرۆزبایی لێکردنیان بەبۆنەی جەژنە غەیرە ئاینییەکانەوە.

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درودو صەڵەوات و سەلام لەسەر پێغەمبەر کە بە بەزەیی رەوانەکراوە بۆ جیهانیان، گەورەمان پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ)، هەروا لەسەر خانەوادەو هاوەڵانی، پاشان:

گومانی تێدا نیە کە ئاینی ئیسلام لە رێگای پەڕاوە مەزنەکەی (قورئانی پیرۆز) و سوننەتی پێغەمبەرە رێزدارەکەی موحەممەد (ﷺ) و ژیننامە پاك و بێگەردەکەیەوە، جەخت دەکات لەسەر هەڵسوکەوتی دادپەروەرانە، لەسەر چاکەکردن و چاکەکاریی لەگەڵ غەیری موسڵمانان، مادامێ ناجەنگن لەگەڵماندا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ سورة الممتحنة(٨)، پەروەردگارمان بەهەمانشێوە فەرمانمان پێدەکات بە پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە لەگەڵیاندا، چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان بە دایەلۆگ بە باشترین شێوازی لێکتێگەیشتن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ سورة النحل(١٢٥)، هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ سورة العنكبوت(٤٦)، هەروەها ئیسلام جەختدەکات لەسەر راگیرکردنی پەیوەندی لایەنی کۆمەڵایەتیی و مرۆیی لە نێوان موسڵمانان و ئەوانیتردا بەتایبەتی پەیڕەوانی کتێبە ئاسمانییەکان، لەبەرئەوە رێگادراوە بە خواستنی ئافرەت لێیان، بەم پێیەش ئافرەتی خاوەن پەڕاو دەبێتە دایکی منداڵی موسڵمان، دایك و باوکیشی دەبنە باپیرەو داپیرە، براکانی دەبنە خاڵۆی ئەو منداڵانە، لێرەوە پەیوەندی خزمایەتی و ژن و ژنخوازیی دروست دەبێت، هەروەها رێگادراوە بە خواردنی خۆراکیان، ئەوانیش

لە خواردنی ئێمە بخۆن، هەموو ئەمەش بۆ بەهێزکردنی لایەنی کۆمەڵایەتییە، ئیتر چۆن ڕێگری لە موسڵمان دەکرێ ئەو لایەنە بەهێز نەکات؟

لەم بەشەدا مەسەلەی پیرۆزباییکردن بەبۆنەی جەژنەکان دێت کە ناودەبرێ بە کریسمس، واتە سەری ساڵی زایینی، چونکە جەژنەکانی سەری ساڵی زایینی لەوە دەرچوون جەژنی ئاینی مەسیحی بن، بەڵکو چەند ئاهەنگێکی ئاساییین کە عەلمانییەکان و مەسیحییەکان لە خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا ئەنجامیان دەدەن، هەروەها تەنها لە کەنیسەکاندا ناگێڕدرێن، بەڵکو لە شەقام و شوێنە هاوشێوەکانیشدا، جگە لەوەش بەرواری لەدایکبوونی گەورەمان مەسیح (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە سەرەتای ساڵدا نەبووە، چونکە ڕاجیاوازییەك لەسەر بەرواری لەدایکبوونی هەیە، قورئانی پیرۆزیش باسیکردووە کە خاتوو مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) کاتی ژانی منداڵبوونی بۆهات پەنای بردە بەر قەدی دارخورمایەك کە خورمای تەڕی پێوەبوو، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَباً جَنِيّاً فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْناً﴾ سورة مريم(٢٥-٢٦). هەربۆیە هەندێ لە زانایان وەها لێی تێگەیشتوون کە لەدایکبوون لە وەرزی زستاندا نەبووە، تەنانەت مەسیحییەکان خۆشیان ڕاجیاوازن لەو مەسەلەیەدا، مەسیحییە خۆرئاواییەکان دەڵێن: مەسیح لە (٢٥) کانونی یەکەم لەدایکبووە، مەسیحییە خۆرهەڵاتییەکان دەڵێن لە مانگی کانونی دووەم لەدایکبووە، لە ئینجیلی لۆقا إصحاح ٢ ژمارە ٨-٩-١٠-١١ دا بەسەرهاتێك لەبارەی لەدایکبوونی مەسیحەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) هاتووە، ئەو تێگەیشتنەی لێدەکرێ کە کاتی لەدایکبوونی کەوتووەتە کاتێ کە لەوەڕاندن لە کێڵگەکاندا لە سەرەتای زستاندا لە تواناد‌ا بووە، قەشە (بارنز) ئەم ڕایەی پەسەندە، بەهەمانشێوە (ئینسکلۆپیدیای بەریتانی بەرگی ٥ لاپەڕە ٦٤٢-٦٤٣) ئەم ڕایە دووپاتدەکاتەوە بەوەی کە: گەورە زانایانی کەنیسە لە ساڵی ٢٤٠ز دا بۆ دیاریکردنی بەرواری ئاهەنگێڕان بە جەژن ڕۆژی کودەتای خۆریی

زستانیان هەڵبژارد کە ڕۆژی ٢٥ کانونی یەکەمە، دکتۆر (بیك) یش لە ڕاڤەکردنی پەڕاوی پیرۆزدا لاپەڕە ٧٢٧ جەخت لەوە دەکات کە: مەسیح لە مانگی ئاب دا لەدایکبووە، دکتۆر (جۆن ئەفیر) لە کتێبەکەیدا بەناوی فەرهەنگی پەڕاوی پیرۆز لاپەڕە ١١٧ دەڵێ: خورمای تەڕ لە مانگی ئەیلولی یەهودی دا پێدەگات، ئەم بەروارەش ڕێکەوتە لەگەڵ مانگی ئاب و ئەیلول، ئەمە لەلایەکەوە.

لەلایەکی تریشەوە پیرۆزباییکردن نە لە رووی زمانەوانیی و نە لە رووی شەرعییەوە بە مانای رازیبوون نیە لەو کارە کە ئەوکەسە غەیرە موسڵمانە دەیکات، یان چووبیتە سەر باوەڕی ئەو، بەڵکو تەنها بەشدارییەکی کۆمەڵایەتییە، خۆشدوانییەکی مرۆییە بۆ هاوڕێکەت، بۆ دراوسێیەکەت، هۆکارێکیشە بۆ نزیککەوتنەوە پێکەوەژیان.

بە پشتبەستن بەم خوێندنەوەیەی پێشەوە ئەوا ئەو موسڵمانانە کە لەگەڵ غەیرە موسڵمانەکاندا دەژین، بۆیان هەیە لەمجۆرە بۆنانەدا پیرۆزبایی لە دراوسێیان و هاوڕێیان و ناسراوەکانیان لە غەیرە موسڵمانان بکەن، کە مەبەست پێیان زیندووکردنەوەی سروتی ئاینی تایبەت بەوان نیە، ئەم بەشدارییە دەچێتە خانەی ئەو چاکەیەوە کە فەرمانی پێدراوە، چاکەیەکی خوازراوە، بەڵام بە مەرجێك کەسی پیرۆزباییکەر مەبەستی پشتگیریکردن نەبێت لەو گوناهانە کە لەو ئاهەنگانەدا دەکرێن، رازیبوون نەبێت بەو سەرپێچییانە کە ئەنجامیان دەدەن، رازیبوون نەبێت بە بێباوەڕیی و شتە هاوەڵگەرییەکان، بەڵکو نیەتی تەنها بۆ بەهێزکردنی رایەڵەکانی پەیوەندی بێت لە نێوان موسڵمانان و ئەوانەدا، ئەوەش بە مەبەستی خزمەتکردن بە ئیسلام و موسڵمانان لە ناوچەکەدا، چونکە ئەوان زۆربەیجار پیرۆزبایی لە موسڵمانان دەکەن تەنانەت لە جەژنی ئاینییاندا، کەواتە هیچ رێگرییەك نیە لەوەی وەڵامی پیرۆزباییان بدرێتەوە بەو مەبەستە کە پێشتر باسمانکرد، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ﴾ سورة النساء(٨٦). بەڵام نابێت پیاوی موسڵمان یان ئافرەتی

موسڵمان هاوکاربێت لەسەر گوناهکاریی، نابێت بەشداربێت لە شتە حەرامکراوەکاندا یان لەو ئاهەنگانەدا کە کردەی حەرامکراویان تێدایە.

ئەمەش رای ئەنجومەنی ئەوروپییە بۆ فەتواو توێژینەوەکان، کە لە فەتواکەیدا هاتووە: (پیرۆزبایی کردن لەوانیتر لەم بۆنەیەدا رێگاپێدراوە ئەگەر ئەوان -هەروەك کەسی پرسیارکەر باسیکردووە- دەستپێشخەربن لە پیرۆزباییکردن لە موسڵمان بە بۆنەی جەژنە ئیسلامییەکانەوە، چونکە فەرمانمان پێکراوە بە چاکە پاداشتی چاکە بدەینەوە، وەڵامی سڵاویان بە سڵاوی باشتر لەو بدەینەوە، یان وەك خۆی بەلانیکەمەوە، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا﴾ سورة النساء(٨٦)، شتێکی باش نیە رێز و بەخشندەیی موسڵمان لە هی ئەوان کەمتر بێت، رەوشت جوانیی لەوانیتر نزمتر بێت، ئەسڵا ئەوەیە کە دەبێت موسڵمان پشکی لەم ئاکارانەدا زۆرتر بێت، رەوشتی کامڵتر بێت، هەروەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە دەفەرمووێ: ((ئەو باوەڕدارەی خاوەنی باشترین رەوشتە ئەوە باوەڕی کامڵترە))، هەروەها (ﷺ) دەفەرمووێ: ((من بۆ ئەوە رەوانەکراوم رەوشتە بەرزو رێزدارەکان تەواوتر بکەم)). ئەم پرسە زیاتر جەختی لەسەر دەکرێت کاتێ بمانەوێ بانگهێشتیان بکەین بۆ لای ئیسلام و نزیکیان بکەینەوە لێی، موسڵمانیان لا جوان بکەین، ئەمە ئەرکی سەرشانمانە، ئەم ئەرکەش بە هەبوونی ساردوسڕی لە نێوان ئێمەو ئەواندا نایەتەدی، بەڵکو بە سەردانکردن بە چاکە دەستەبەر دەبێت.

رەوشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باڵاترین رەوشت بووە، خۆش مەشرەب بووە، تەنانەت لەگەڵ بێباوەڕانی قورەیشدا، ئەمە لە کاتێکدا کە بەدرێژایی سەردەمی مەککی ئەوان ئازاریان دەدا، گەلەکۆمەیان لەسەر خۆی و لەسەر هاوەڵانی کرد، تەنانەت لەبەرئەوە ئەوان -متمانەی تەواویان بە پێغەمبەر (ﷺ) هەبوو- هاتن شتە نەختینەکانی خۆیان ئەوانەی ترسیان لە بردنیان هەبوو لای ئەو دایاننابوون، ئەم ئەمانەتپارێزییەی (ﷺ) وایلێکرد کاتێ کۆچیکرد بۆ مەدینە پێشەوا عەلی -خوا لێی رازی بێت- لە جێگای

خۆی دانا، فەرمانی پێدا بە گێڕانەی ئەو ئەمانەتانە بۆ خاوەنەكانیان.

كەواتە هیچ رێگرییەك نیە لەوەی تاكی موسڵمان، یان دەوڵەتی موسڵمان یان ناوەندی ئیسلامی گرنگی بەو بۆنەیە بدات، ئیتر بە دەمی بێت یان كارت ناردن یا لە رێگای نامەی ئاساییەوە بێت.

ئەو وشانەش كە لەو جۆرە بۆنانەدا بەكاردەهێنرێن وشەی ئاسایین كە خەڵكی راهاتوون لەسەریان، هیچ جۆرە دانپێدانانێكی تێدا نیە بۆیان، یان رازیبوون بەو كارەیان، بەڵكو كۆمەڵە وشەیەكی خۆشدوانین كە لەناو خەڵكیدا بەكاردەهێنرێن.

هەروەها رێگری نیە لە وەرگرتنی دیاری لێیانەوە، پاداشتدانەوەیان لەسەریان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاری لە غەیری موسڵمانانیش وەرگرتووە، وەك مەقۆقس گەورەی قیبتییەكانی میسر و هیتریش، بە مەرجێ ئەو دیارییانە شتانێك نەبن كە بۆ موسڵمان حەرام بن وەك ئارەق و گۆشتی بەراز).

لە كۆتاییدا برایان و خوشكانمان رادەسپێرین كە پابەندبن بە رەوشت و بە بەها ئیسلامییەكانەوە، وەك بەزەیی و چاكە و چاكەكاریی و دادگەریی لە هەڵسوكەوتكردنیان لە نێوان خۆیان و نێوان غەیری خۆشیان، تا ببنە پێشەگ و نمونەیەكی باش بۆ ئاینەكەیان.

ئەمە بوو ویستمان بیگەیەنین خوای گەورەش زاناترە، كۆتا نزاو پاڕانەوەمان سوپاس و ستایش هەر بۆ پەروەردگاری جیهانیانە.

درود و صەڵەوات لەسەر گەورەمان موحەممەد و لەسەر خانەوادەو هاوەڵانی

دەوحە لە ١١ جەمادی یەكەم ساڵی ١٤٤٢ك

بەرانبەر ٢٦ كانونی یەكەمی ساڵی ٢٠٢٠ز

## ڕوونكردنەوەیەكی گرنگ...
## دەربارەی فەتوای پیرۆزباییكردن لە غەیری موسڵمانان
## بەبۆنەی جەژنەكانیانەوە..

**برایانی بەڕێزم، خوشكانی ڕێزدارم**

فەتواكە بنەمادۆزیی شەرعیی بۆكراوە، تایبەتە بە جەژنە غەیرە ئاینییەكانەوە، هەروەها بە پیرۆزبایی لێكردن، فەتواكە بە وردی بخوێننەوە، تاقە سەرپێچییەك بە حوكمە شەرعییەكانی تێدا نیە، چ جای سەرپێچی باوەڕیی.

چۆن بەبێ زانست لەفزی بێباوەڕیی و پەڕگیریی و خۆبەریكردن دەدەن بەسەردا!؟ چونكە ئەوە لە ئەدەبی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ زانایاندا سەرپێچییەكی ڕوونە، بۆچی دەبێت تۆمەتی بێباوەڕكردن و بیدعە داهێنان و ناپاككردن ئەوەندە بەردەست بێت و خرابێتە قاڵبی ئامادەكراو؟! بەڕاستی ئەمە ئەو تیرۆرە فیكرییەیە كە ڕاستبووەتەوە لەبەردەم ئیجتیهادی هاوسەنگدا...لە كاتێكدا كە فەتواكە تەنها لە پرسی پیرۆزباییكردندایە، نەك ئامادەبوون و بەشداریكردن لە سروتە ئاینییەكاندا.

لێرەدا پێمخۆشە هەندێ مەرج و كۆت و بەند بخەمە سەر فەتواكە تا وێنەكە زیاتر ڕوونبێتەوە، ئەوانیش بریتین لە:

یەكەم: من بە ڕەوای نازانم و ڕێگانادەم موسڵمانان بەبۆنەی جەژنەكانی سەری ساڵی زاینییەوە ئەمجۆرە ئاهەنگانە بگێڕن، فەتواكە تایبەتە بە پیرۆزبایی لێكردنیان و بەس.

دووەم: تێكەڵاویی ناشەرعی لە هەموو حاڵەتەكاندا ڕەوا نیە.

ویستم ئەم ڕوونكردنەوە بگەیەنم، خوای گەورە پشت و پەناو یارمەتیدەر بێت.

## فتوايەك سەبارەت بەخەتەنەكردنى ميّينە

**بەناوى خوداى بەخشندەو ميهرەبان**

دواى سوپاس بۆ خوداى گەورەو درودى پاك بۆ پيّغەمبەرى خۆشەويست و هەمموو ياوەرەكانى

خەتەنەى ميّينە مەسەلەيەكى كۆنەو تازە دەبيّتەوە، وەزانايانى ئيسلام چەند بۆچونيّكيان هەيە، بەلاى منەوە بۆچونى راجح ئەوەيە كەخەتەنەى ميّينە واجب نيە لە ئيسلامدا، وەئەمەش بۆچونى (امام مالك)، وەراى (امام احمدە لە ريوايەتيّكدا، وەهەنديّك بۆچونى زانايانى شافيعيە.

تكايە مراجعەى: الدر المختار (٧٥١/٦) لە مزهبى حنفى، ئەفەرمويّت: (الأصل ان الختان - أي للذكر - سنة كما في الخبر ، وهو من شعائر الاسلام، وخصائصة، وختان المرأة ليس سنة).

واتە خەتەنەى نيّرينە سوننەتەو بەلاّم خەتەنەى ميّينە سوننەتيش نيە.

والقوانين الفقهية (١٢٩/١)، والمجموع للنووى (٣٦٧/١) ، والمغنى لابن قدامە (٦٣/١)، ئەفەرمويّت: (فأما الختان فواجب على الرجال، ومكرمة في حق النساء، وليس بواجب عليهن، وهذا قول كثير من أهل العلم). واتە بەلاى حەنبەليەكانەوە خەتەنەى نيّر واجبە، بەلاّم خەتەنەى ميّينە عادەتيّكى باشەو واجب نيە، وە ئەمەش فەرمودەى زۆربەى اهلى عيلمە.

بەكورتى ئەتوانم بلّيّم خەتەنەى ميّينە عادەتيّكى كۆن بوو لە پيّش ئيسلامدا، كە ئيسلام هات ويستى قۆناغ بەقۆناغ چارەسەرى ئەم كارەش بكات، لەبەرئەوە پيّغەمبەر (درودى خوداى لەسەر بيّت) ئەمرى فەرموو كە ئەگەر خەتەنەى ميّينە كرا بەشيّوەيەكى وانەبيّت كە زەرەرى زۆربيّت، چەند ئامۆژگاريەكى فەرموو بۆ ئەم مەسەلەيە.

وە ئەتوانم بلّيّم هيچ بەلّگە نيە بۆ خەتەنە لە قورئانى پيرۆزدا،

هیچ بەڵگەیەکی سریح و سەحیح و ئاشکرا نیە لە سەر پێویستبوونی خەتەنەی مێینە، بەڵکو هەندێك لە زانا گەورەکانی ئیسلام ئەفەرموون خەتەنەی نێریش سوننەتە نەك واجب، هەرچەندە ئەمەش رای حەنەفیو مالکیو حەسەنی بەسریە، ریوایەتێك لەئیمامی ئەحمەد و ئیمامی حەسەنی بەسری ئەفەرموێت: ئەگەر کافرێك مسوڵمان بوو پێویست ناکات خەتەنە بکرێت، ئە فەرموێت لە زەمانی پێغەمبەردا هەزارەها کەس مسوڵمان بوون، نەبیستراوە کە خەتەنە کرابن.

من لە ئێرەدا قسەکەم بۆ خەتەنەی مێینەیە، ئیمامی ابن المنذر ئەفەرموێت: لە بابەتی خەتەنەکردندا ـ بە تایبەتی خەتەنەی مێینە ـ هیچ حەدیسێکی سەحیح و سریح نیە، هیچ سەنەدێکی وا نیە کە دوای بکەوین.

کەواتە خەتەنەی مێینە شتێکی ئیختیاریە، بەڵام ئەگەر کرا ئەبیت بەشکلێك بێت زەرەری ئافرەتەکەی تیانەبێت.

لەبەرئەوە لەکۆتایدا دەتوانم بڵێم حکومەت ئەتوانێت بە یاسایەك مەنعی خەتەنەی مێینە بکات، ئەگەر بشکرێت دەبێت لە نەخۆشخانەدا بێت لەژێر چاودیری پزیشکدا.